
# شیرین

نووسینی: موئەدەب پوور

وەرگێڕانی: نەسیم غولامی



رۆمان

# شیرین

م. موئەدەب پوور
وەرگێڕانی: نەسیم غولامی

به ناوی خوای تاک و تەنیا


پێناسی کتێب

ناوی کتێب: شیرین

نووسەر: م. موئەدەب پور

وەرگێڕ: نەسیم غولامی

دیزاین: هەریم عوسمان

شوێنی چاپ: چوارچرا

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢١

تیراژ: ١٠٠٠دانە

GOLDEN BOOK

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ( ) ساڵی ( ٢٠٢١) پێدراوە



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

**سەبارەت بە نووسەر**

مورتەزا موئەدەبپووره لە دایکبووی سالی ۱۹۵۸ زایینییە. ناوی تەواوی ئەم نووسەرە سەید مورتەزا موئەدەبپووره کە لە نووسەرانی ڕۆمانی هاوچەرخی فارس زمانەکانی ئێرانە.

ئەم نووسەرە چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆی لە سالی ۱۹۹۹ دەست پێکرد و لە بواری ڕۆماندا هەندێ بەرهەمی لە ژێر ناوی: پەری، یاسەمین، یەلدا، تاریکییەکانی شار، ڕۆکسانا، خوازبێنی یان هەلبژاردن و شیرین، شەمشەمە کوێرەکان، هەیە. سەبارەت بەم نووسەرە زانیارییەکی ئەوتۆ لە بەر دەستدا نییە چوونکە هەتا ئێستا هیچ دیمانەیەکی ئەنجام نەداوە.

سالی ۲۰۰٤ فیلمی سینەمایی «هەلبژاردن» بە نواندنی ماهایا پەتورسیان، مێهران غەفووریان و فەتحعەلی ئۆوەیسی سازکرا و چووە سەر پەردەی سینەما، بەلام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا و بۆ کاربەدەستانی ئەم فیلمە زیانی ئابووری لێکەوتەوە، کە هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ستافی فیلمساز ئەم نووسەرەیان هاندابوو، کە فیلمنامەیەک بنووسی و خۆشی نواندنی تێدا بکات. مورتەزا موئەدەبپوور خۆی لە کتێبی خوازبێنی یان هەلبژاردن بە تێر و تەسەلی ئەم بابەتەی ڕوون کردۆتەوە. ناوبراو زۆر حەزی لە دەرکەوتن نییە و لە هیچ میدیایەکدا وێنەی بلاو نەبۆتەوە.

بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە بریتییە لە: پەری، یاسەمین، یەلدا، تاریکییەکانی شار، ڕۆکسانا، خوازبێنی یان هەلبژاردن و شیرین، شەمشەمە کوێرەکان.

شیرین (ئێستا خەریکن دەیخوێننەوە) و شەمشەمەکوێرەکان (کە لە لایەن هەر ئەم وەرگێرەوە وەرگێردراوەتەوە سەر زمانی کوردی).

## بەشی یەکەم

من ئارمین پەژووهێشم. نزیکەی شەش حەوت ساڵ بەر لە ئێستا لەگەڵ بابەک ستوودەی پوورزام، بۆ درێژەدان بە خوێندن ئێرانمان بە جێهێشت. هەر دووکمان لە ئاپارتمانێکی ژێکەلەدا دەژین. لە رووی ئابوورییەوە بارودۆخی باوکەکانمان باشە. ئەوە ئەوشەو بابەک کۆمەڵێ لە هاورێکانمانی خولک کردووە بۆماڵمان و منیش بە هاتنیان قەڵسم.

بابەک – ئارمین! نوستووی کوندە کوێر؟

– سەرم دێشێ لێم گەڕێ با نیوکاژمێر بخەوم. دوایی دێمە لاتان.

بابەک – دوو هەزار و پێنسەد ساڵە خەوتووی، هەرچی بەیتولماڵمان بوو بردیان. ماڵتە کەمێک هەستە. هەستە عەیبە. میوانەکان بێتاقەت دەبن.

– بابەک بڕوام پێبکە هێز و پێزم تێدا نییە.

بابەک – لای کچەکان وا نەڵێی عەیبە. ئەمانە لە تەلەڤیزیۆنەوە هەواڵەکانی ئێرانیان پێ دەگات. زانیان لە ئێران ژنان حیجاب دەکەن. لە مانای حیجاب تێناگەن. ئەمانە وا دەزانن پیاوانی ئێرانی هەموویان ڕۆستەمن.

– لای ئەمانە قسەی گەوجە گەوج دەکەی؟!

بابەک – گەوجە گەوج؟ کە ئەمانەم وت عاشقی پیاوانی ئێرانی بوون.

Rose – ئارمینە ویریچە کوول.

بابەک – کچەتیوی ڕوودار. کابرا ئاوا لەگەڵ گەورەتر لە خۆی قسە دەکات؟! برۆ دەری هەتا زمانم بە کەوچک داخ نەکردووی!

– بابەک پێت عەیب نییە ئەمانەیان فێر دەکەی؟!

بابەک – بە گیانی تۆ من ئەمەم فێر نەکردووە.

- ئەی کێ فێری کردووە بە من بڵێ ورچە کووڵ؟

بابەک – چووزانم؟ تۆ دەزانی ئەم سەگبابانە زۆر زیرەکن. ئەوە خۆی چووە لە فەرهەنگۆکی دیهخودا گەڕاوە و پێکەوەی لکاندووە. وەڵا خۆ لێشت دەوەشێتەوە.

- دەرد.

بابەک – ئێستا هەستە با بڕۆین عەیبە.

- ئێوە بڕۆن. من نیو کاتژمێر سەرخەو دەشکێنم دواتر دێم.

بابەک – هەستە با بڕۆین. ئەگەر نەیەی وا دەزانن ئێرانییەکان خەوخۆشن. ئەمە بابەتێکی نیشتمانییە. مەسەلە ئابڕووی پیاوانی ئێرانییە.

ڕۆز بە ئینگلیزی وتی:- هەستە ئارمین. چ کاتی خەوە؟!

بابەک – خەوی چی؟ ئێمەی پیاوی خۆ قەت ناخەوین. دادە ڕۆز. ئێمە لە شەو و ڕۆژێکدا نیو کاتژمێر دەخەوین و بیست و سێ کاتژمێر و چارەکێک بەردەوام چالاکی دەکەین.

ڕۆز – دەی خۆ ئەمە بوو بە بیست و سێ کاتژمێر چل و پێنج خوولەک. ئەی چارەکەکەی دیکە چ دەکەن؟

بابەک – ئەو چارەکەشی هەتا دەچینە سەر ئیشەکەمان سەر خەو دەشکێنین.

ڕۆز پێکەنی و وتی:

- دەی ئارمین بۆ خەوتووە؟

بابەک – ئەری کچی تۆ بۆ ئەوەندە پرسیار دەکەی؟ خۆ ناکری هەموو نهێنییەکانمان لای ئێوە بڵێین. ئارمین لەو پیاوە مەترسیدارانەیە. بۆیە داوامان لە ئێران کردووە کە ئێزنی پێبدا کەمی زیاتر بخەوێت. دەزانی چییە ئەمە بێتوو لە خەو هەستێ مەغلووبە دەنێتەوە. خوو و خدەی لە زووراری سۆهرابی ناو شانامە دەچێت.

ڕۆز – زوورار ناو شانامە چییە؟

بابەک – شششش. ناوی مەبە. مەترسیدارە. ناوی سۆهرابە نە زورار. دەڵێن سۆهراب چل و هەشت ژنی هێناوە. هەر لە سەر ئەم بابەتە باوکی کوشتی.

ڕۆز – چل و هەشت ژن؟ درۆ مەکە.

بابەک – باوەڕم پێ ناکەی؟ بچۆ لە کتێبەکانی مێژوودا بیخوێنەوە. هەر هەموو مارەبڕینەکانی چاپ کراوە.

ڕۆز – ئێستا لەبەر ئەوەی چل و هەشت ژنی هێناوە باوکی کوشتی؟

بە فارسی بە بابەکم وت:

– کوڕە کەم درۆی بۆ بکە، ئێستا باوەڕ دەکا دەچی بۆ هەموو کەسی دەگێڕێتەوە.

بابەک – دەی منیش هەر ئەوەم دەوێ. بانگەشە لەوە باشتر نابێت.

– دەی درۆیان بۆ بکە. ئەوەندەیان ڕوتی خراپ ئەویش هی کوپیبیان پێ داوین ڕزاوین. جا تۆش بەمە بڵێ ئێمە ڕۆڵەی سوهراب و ڕوستەمین.

بابەک – ئەم بیانییانە درووشمێکیان هەیە کە دەڵێن ئەگەر سەد تمەنت هەیە، نەوەد تمەنی بدە بە ڕیکلام کردن و دە تمەنیشی دانێ بۆ کار.

– جا تۆ سەد تمەنیشت ڕیکلام کرد.

ڕۆز هەر وا بە سەرسوورمانەوە سەیری دەکردین و وتی:

– من سەبارەت بە گەرم و گوڕیی پیاوی ئێرانی زۆر شتم بیستبوو. بەلام ئەمەیان هەر زۆر بەهێز و بەتینە.

بابەک – سوپاس دادە ڕۆز گیان. بەم قسانەی کردم لە نێوان خۆماندا بمێنێتەوە. لای کەس باسی مەکە. با نەمانکەن بە چاوەوە.

ئینجا ڕوویکردە من و بە فارسی وتی:

– دە ئەری هەستە دەی. خولەکێکی تر ڕیکلام لە سەد تمەنیش تێدەپەڕی و بە کەناڵی ڕیکلامەکەمان قەرزداریش دەبین. بزانن بەو سەرمایەی داماننناوە هیچمان بۆ نامێنێتەوە حەیامان دەچی. هەستە دەی.

پێکەنینم هات. هەستام و هەر سێکمان چووینە هۆڵ. چەند دانە لە قوتابییەکانی کۆلێژ لە هۆڵەکە بوون، بابەک بۆ نانی شێو بانگهێشتی کردبوون. کە ئێمەیان بینی هۆتافیان کێشا.

بابەک – باشە دەی جەو نەتانگری میشکی سەرمان چوو. هەمووان بلێن ماشەلا

لە ئیران.ماشەلا لە ئیران.

هەموو تێکرا وتیان:

- ماشیلا لە ئیران ماشیلا لە ئیران.

بابەک – لالانە ماشیلا چییە. ماشەلا.

- بابەک وازیان لێبێنە.

بابەک – با فێر بن. شەش حەوت ساڵە زمانم کول بووە ئەوەندەم پێیان وتووە. خۆ ناتوانن بڵێن ماشەلا. باش دەی لە کول بنەوە. وەرن یاری کلاوێن بکەین.

- ورچە پێت عەیب نییە کلاوێن دەکەی؟

بابەک – ئەی چ بکەین؟ یاری حەمەگورگی بکەین؟

- بۆ دەبێ هەر یاری بکەین؟ با پێکەوە دانیشین قسە بکەین.

بابەک – ئەمانە دانیشی قسەیان لەگەڵ بکەی سەری قسە دەبەنەوە بۆ هاوسەرگیری. یەکیان دەڵی دەی خۆ کارەکان جێبەجێ بوو. بە تەمای چیبکەی؟ ئەویان دەڵی بە هیوا نیت بۆ هەمیشە لێرە بمێنیتەوە؟ ئەوی دیکەیان دەڵی چ بریارێکت بۆ داهاتووت داوە؟ جا لە رووشیان هەڵنایە بە کابرا بڵێن وەرە بمانخوازە.

- سەد جار پێم وتووی هاوسەرگیریی ئێمە لەگەڵ کچێکی بیانی کێشەیە.

بابەک – وایە. هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی بیانی کێشە ساز دەکا. بەلام من پێمخۆشە لەگەڵ چەند دانە کچی بیانی هاوسەرگیری بکەم. ئاوا کێشە ساز نابێ. دەی ئەوەندە فارسی قسە مەکە عەیبە. با پێیان ناخۆش نەبێت.

سۆفی بە ئینگلیزی وتی:

- بەدفەرانە بە زمانی خۆتان قسەی چی بۆ یەکتر دەکەن؟

بابەک – وەرە ئارمین. هەر بە دەمیانەوە پێدەکەنی دەست پێ دەکەن.

- دەسکی تەورەکە لە خۆت بێ تەواومان کرد.

- زوو کەن. وەرن با شیعری فارسیتان فێر بکەم.

ژاکلین – شیعری فارسی قورسە. ئێمە ناتوانین بیلێینەوە. ئێوە پێمان پێدەکەن.
بابەک – برا چارلی چاپلینەکەی ئێوە خۆی دەکوشت بۆ ئەوەی ئێوە پێبکەنێنێت.
- بابەک دەنگتان دەچێتە دەرەوە. دراوسێکان دەیبیستن.
بابەک – برا بێلە با سەرقالیان بکەم.
- جۆرێکی دیکە سەرقالیان بکە. بێدەنگ سەریان قاڵ بکە.
بابەک – وەرن با پانتۆمیمتان بۆ بکەن.
- عەمرت نەمێنێ بابەک.
بابەک – باش دەی. هەقایەتتان بۆ دەگێرمەوە. هەقایەتی پیاوانی ئێرانی. پیاوانی ئێرانی کورتە بالان. نیوەی بەژنیان لە بن عەرزە. ئاوا بە چکۆلەیی مەیانبینن.
- من و تۆ خۆ بالابەرزین. کێ کورتە بالایە؟ باسی کێ دەکەی؟
بابەک – باس خۆمان ناکەم. هەقایەتی کچە سپیکەلانە و حەوت بستەبالایان بۆ دەکەم.
لیزا – بریا ئێوە هەر لێرە دەمانەوە و هاوسەرگیریتان دەکرد و نەدەچوونەوە بۆ ئێران.
بابەک – ئەی هاوار. دیسان کەلکەلەی کراوە.
پێکەنینم هات و بە بابەکم وت:
- خۆ یەک و دووان نین. ئەگەر بمانەوێ هاوسەرگیریان لەگەڵ بکەین هەر دەتوانین لەگەڵ دووانیان هاوسەرگیری بکەین.
بابەک – وایە. دەبێ دادپەروەرانە ئیش بکەین.
ئینجا رووی کردە کچەکان و وتی:
- گوێ بگرن. Attention
مازاد. ئارمینێکمان هەیە ئەنتیکەیە. هی سێسەد ساڵ بەر لە ئێستایە. بالابەرز، خۆشدیمەن، چاو و برۆ جوان. تەواوی ئەندامانی لەشی تەندروست و فابریکە.
گرەنتیشی هەیە. لار و وێریش نییە. لانیکەم نرخەکەی سێ پاوەندە. یەک سێ

پاوەند. دوو سێ پاوەند ...

کچەکان پێکەنین و منیش وتم:

- گووت خوارد. سێ پاوەند؟

بــابەک - ئەی چەنــد پاوەنــد؟ سێــسەد هەزار پاوەنــد؟ پــوورزا شــیرینەکەم نرخەکەشم زۆر وتووی. چاوێک لەو ئەخلاقەت بکەن بە پاوەندێکیش نایانهەوێ. قسە مەکە بێڵە با کارەکەم بکەم. رەنگە بە سێ و چوار پاوەند بتفرۆشم.

Hurryup کەمتەرخەمی بکەن پەشیمان دەبنەوە.

رۆز - من بە دە پاوەند دەیکڕمەوە.

بابەک - خۆی بە پازدە پاوەند بۆ خۆمان هاتووە.

لەم کاتەدا لە ئایفۆنیان دا و بـابەک وەڵامـی داوە و دەرگـاکە کـراوە و ئینجـا بە منی وت:

- هەستە ڕاکە سێلاو هات؟

- کێیە؟

بابەک - مریەم و مەهتاب و باوک و دایکین!

- بە ڕاسـتتە؟ بەم نیوەشـەوە بۆچی هـاتوون؟ کـچە هەناسـە ساردەکان. هێشتا پووری ئێرانیـان نەناسیوە. ئینجـا ڕوویکـردە کچەکـان و بە نیوە فارسـی و نیوە ئینگلیزی وتی:

خاتوونەکـان Danger! مەترسـی came! لەگەڵ ئەوەی بـێ akeand هەمـوو شتێک our دەدرێنێت!

پێکەنینم هات. کچەکان کاس و وڕ هەر وا سەیری بابەکیان دەکرد.

- مەیانترسێنە داماوانە.

مەهتاب و مریەم پوورزامن، کە هەر لەو شـارەدا لەگەڵ دایک و باوکیاندا ژیانیان بە سەر دەبرد. مەهتاب لە مریەم گەورەترە و خۆشی دەویـستم. کچێکی ژیکەڵە و جوان بـوو. مـاڵی پوورم دەوڵەمەنـدن. مریەمیش لە خەون و خەیاڵیدا بـابەکی بە مێردی خۆی دەزانی.

ئیتر پاش دوو خولەک، دایان لە دەرگای ئاپارتمان و خۆم دەرگاکەم کردەوە.

- سلاو پووری، سلاو کاک فەرزاد.

پوورم – سلاو رۆلە چۆنی؟ دەزانی بیرمان ناکەی؟! خۆ زانکۆ کاتی پشووە و بیانووتان نەماوە.

- بەخ بەخ، وادیارە ناوەخت هاتین.

بابەک – سلاو پوورە خانم، سلاوتان لێبێت.

پوورم – سلاو و دەرد، ئەمە چ بەزمێکە؟!

بابەک – هەرزانفرۆشیمان دەکرد، سلاو کاک فەرزاد، سلاو مەهتاب خان، سلاو مریەم خان.

پوورم – بە راستتە یان درۆ دەکەی؟

بابەک زۆر بە جیدی وتی:

- بە گیان ئارمین درۆ ناکەم، بەلام سەری نەگرت، کەرەسە و موبیلیاتی ناو ماڵمان دەفرۆشت، دەیویست هەمووی بە دە پاوەند بکری، (مەبەستی هەموو شتی من بووم).

مریەم – گووی خوارد.

بابەک – هەڵبەت شتەکەش هەر ئەوەندەی دەکرد، زۆر هەرزانیش نەیاندەویست.

بە لاچاو سەیرم کرد.

پوورم – ئەم شیرینی و میوەیە چییە لە سەر مێزەکەیە؟!

بابەک – خۆ پووری گیان خۆ بە دەمی وشکەوە سەودا و حاجیلە ناکرێت، ئەمانەمان داناوە لە کاتی سات و سەودادا دەممان شیرین بێت.

پوورم – خۆت کەری، میوانیتان داناوە و دەڵێی هەرزانفرۆشییە.

بابەک – بە سەرت ئەگەر درۆم کردبێ دایکم رۆلە رۆم بۆ بکا. کەمێ بەر لەوەی ئێوە بێن لە سەر نرخ چەنەمان لێدەدا! باوەڕ ناکەی لە ئارمین بپرسە، خۆ دەزانن خووی چۆنە.

پوورم – راست دەکا رۆلە گیان؟

خەریک بووین لە سەر نرخ چەنەمان لێدەدا.

- ڕاست دەکا پووری گیان.

پێکەنینم دەهات. پوورم ئیتر لە سەری نەچوو. بەلام مەهتاب و مریەم بە لاچاوەوە سەیری کچەکانیان دەکرد. بەلام کاک فەرزاد خوشی لییان هاتبوو، بە چاوی کریارەوە سەیری دەکردن.

بابەک – دەی خانمەکان. بە هوی ڕووداوی سرووشتییەوە هەرزانفرۆشییەکی وەدوا کەوت. شەو خوش.

ئینجا گەڕاوە و بە حالەتیکی بەستەزمانانەوە ڕوویکردە پوورم و وتی:

- فەقیرانە ئەو شتەیان زور پی باش بوو، بەلام پارەیان نەبوو.

مریەم – دەیانویست چیبکرن؟ کەمیکی گران کە و ئینجا پییان بدە.

بابەک – نا ئەوەی دەیانویست زوری بایەخی نەبوو. گرانتر بیانکرییا دەبوو بە فیل و گزە خوا هەلناگریت.

دیسان بە لاچاوەوە سەیرم کرد.

بابەک – باشە دەی کچەکان هەستن. ئیمە بە تەمای فروشتن نین. فەرموون برۆنەوە.

میردی پوورم – دەی لییان گەڕی فەقیرانە با دانیشن.

پوورم – تو کار بە سەر ئەوانەوە نەبی.

بابەک چاویکی لە کاک فەرزاد قرتاند و وتی:

- کاک فەرزاد ئیستا بۆ هەرزانفرۆشی کاتیکی باش نییە. ئیشالا جاریکی دیکە بۆ هەرزانفرۆشی بانگهیشتتان دەکەین کە شتیکتان پیویست بوو بین بکرن.

کچەکانی بەرەو دەرگای ئاپارتمان بەریکرد، کاتیک چوونە دەرەوە بابەک سەری برد دەرەوە و گویم لیبوو بە کچەکانی دەوت فیفیتان لە بیر نەچیت. کچەکان پیکەنین و ڕۆشتن.

ئینجا گەڕاوە بۆ ناو ئاپارتمان و بە حالەتیکی هەژارانەوە وتی:

- فەقیرانە بری دەستکورتن. دەی یاخودا بەخیر بین. ئەوە چۆن بوو هاتن؟

پوورم – من باش دەزانم هەموو فیتی تۆیە. ئارمینی برازام شتی وا نازانی.

شیرین

یاخودا پووری بمری دایمە خەریکی دەرس و دەورە. بابەک هەموو ئەمانە لە گۆری تۆ هەڵدەستێت.

بابەک – ئەم پوورمردووە؟ ببوورە دایک مردووە گێژ و پەخمەیە و خەریکی خوێندنە، دەی دەبێ شتومەکەکانی بفرۆشی یان نا؟

مێردی پوورم – ژنی خۆم دڵت پیسە. ئەمانە بڵێی خۆشیان نەتوانن شت هەرزانفرۆش بکەن؟!

بابەک – نا برا. ئەمجار تەلەفۆن بۆ کۆنەفرۆشییەک دەکەین بێ هەموو شتێ کۆ بکاتەوە و بیبات.

مەهتاب – ئارمین چۆنی؟

- سوپاس باشم. تۆ چۆنی؟

مەهتاب - باشم. سوپاس.

پوورم هەستا و چوو بۆ چێشتخانە و وتی:

- بچم چایەک بێنم و بڕێکیش دەست بە وڵاتدا بێنم.

بابەک – پووری نایهەوێ. ئەزیەت مەکێشن. خۆم چا دێنم. چێشتخانە خاوێنە.

بەڵام پوورم چووبووە چێشتخانە. بابەک گوێی گرت و پوورم زریکەی لێ هەستا.

- خوا چاک بۆ نەکردووانە. هەرزانفرۆشیش دادەنێن و نانیش بە مشتەری دەدەن.

بابەک – پووری چەندە لێی دەکۆڵنەوە. ماشەڵا خۆشت کەم دەستبڵاو نیت، هەر خەریکی تەخشان و پەخشانی. ئەم داماوانە برسیان بوو، وتم کەمێک نان بخۆن. خێرە. بۆنی ئەو چێشتە دەهات بە سەریاندا. گوناحە.

پووریشم پێکەنینی هات.

مریەم – خوا ڕەحم بەو کچە بکا وا دەبێتە هی تۆ.

بابەک – دەی ئەمانەش وا بۆ هەرزانفرۆشی هاتبوون بۆ ئەوە هاتبوون کە من و ئارمین لە ناو خۆیاندا بەش بکەن ئێوە نەتانهێشت.

دیسان هەموو پێکەنینەوە و مریەم بە لاچاوەوە سەیری بابەکی کرد. پوورم بە سینییە چاوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و وتی:

- چاو زەق ئاخر جارت بێ هەرزانفرۆشی دادەنێی. دەتکوژم.

بابەک – بە چاوان پووری گیان. ئەمجار ویستمان شتێک بفرۆشین شتەی هەڵدەگرین دەیبەینە دووکان.

دیسان هەمووان پێکەنین. پوورم کاتی دانیشت و چاکەی خواردەوە و بە منی وت:

- دەی رۆڵە. ئێستا بە سلامەتی زانکۆت تەواو بوو بە تەمای چی بکەی؟ ئێستا ئیتر لە زانکۆ دەرچووی و بروانامەی زانکۆشت هەیە. لە رووی ئابووریشەوە باشی. جوانچاک و گەنجی. کاتی ژنهێنانتە. ئەوەندە خۆت دەسەسەر مەکە. بە پووری خۆت بڵێ بە تەمای چیت؟

بابەک کە بە زۆر پێشی بە پێکەنینی خۆی گرتبوو وتی:

- تا هەتا ئێستا کۆمپانیا فرەنەتەوەیی و بیانییەکان لە هەرزانفرۆشی ئێمەدا بەشدارییان کردووە، ئێستا کۆمپانیا گەورە ئێرانییەکانیش هاتوون.

ئەمەی وت لە ترسی پوورم خۆی کرد بە چێشتخانەدا. مریەمیش هەستا و بە دوایدا رۆشت.

مێردی پوورم – من ئەم دەغەڵەم خۆش دەوێ. خوێن شیرینە.

پوورم – ئەوە بەدفەڕێکە. دەترسم ئەم کورە بە لارێدا ببات.

بابەک لە چێشتخانەوە وتی:

- ئەو خۆی لە ڕێ دەرچووە. گەندەڵ و ناپاکی سەر ئەم گۆی زەوییە ئارمینە. ئاوا سەیری مەکەن بە خوا بەستەزمان نییە. گورگێکە لە جلی مەڕدا.

پوورم – کورە راست دەکات؟

- پووری من لە ژوورەکەم خەوتبووم. خۆ وازم لێ ناهێنێت.

پوورم – دەزانم رۆڵە. ئەو چاوانەت پاکی لێدەباری. تۆش لە باوکت دەچی. ئەویش بە گەنجێتی هەر وا نەجیم و کوڕی چاک بوو.

نەفرین

بابەک بە ئەسپایی لە چیشتخانەوە وتی:

- ئەری، بە گەنجیتی کوری چاک بوو. ئیستا چاک نییە. ئەمانە بە گەنجیتی کوری چاکن. دواتر کە پیر دەبن خراپ دەبن.

کاک فەرزاد پیکەنی. پوورم خۆی وا پیشان دا کە هیچی نەبیستووە. بە گشتی کاتژمیری قسەی بۆ کردم، ئامۆژگاری کردم و ئینجا رۆشتنەوە مالی خۆیان.

هەر کە رۆشتن. بابەک هەناسەیەکی هەلکیشا و وتی:

- ئۆخەی. راگەیاندنی حالەتی سپی یان ئاسایی. تۆپۆلۆف گەراوە بۆ مالەکەی خۆی.

- خەتاتە. ئەوەندەیان لەگەل مەلی.

بابەک – جا کابرا دەویری قسە لەگەل پووری تو بکات. لەشکری دەرەقەتی نایە. من نازانم خۆی و کچەکانی چییان لە ئیمە دەوی. ئەری تو مەهتابت خوش دەوی؟

- رقیشم لیی نییە. من جاری بە تەمای ژن هینان نیم.

بابەک – جا بۆ من دیلم لەگەلی هاوسەرگیری بکەی؟ ئیوە پیکەوە خزمن. دواتر مندالەکەتان دەبیتە مەنگولیزم. دەبیتە شتیکی وەکوو پوورت. لە کۆنەوە وتوویانە دایک ببینە و کچ بخوازە. پوورت بە پووتی هەنگوینەوە ناخوری. کاک فەرزاد لە ئاستی دەلیی مشکە. کچەکەشی لە خۆی دەچی.

- نا مەهتاب کچی چاکە. بینیت ئەوشەو هەر قسەی نەکرد.

بابەک – پیویست ناکا مەهتاب قسە بکا. دایکی تەنیا خۆی باشی پیکردین. پیویست ناکا یارمەتی کەس بدات. کەم بینی ئەوانیش دین بە هاوارییەوە. تو حەقت بە سەرەوە نەبیت. جاری هەستە بچۆ ئەوانە خاوین بکەوە. کاتی خەو قسەت بۆ دەکەم. فەقیرانە ئەو کچانە هەر کە چاویان بە پوورت کەوت وەکوو داری بی دەلەرزین. قیافەی سەد و پەنجا کیلۆ کیشیەتی. نا!؟ هەر فوویەکی کردبا من و تو و ئەو کچانە با دەمانی برد. ئەمە بلیی نەوەی رۆستەم نەبیت؟

- دەچم قاپ و قاچاغەکان دەشۆم. تۆش گسکیک لەوانە بدە.

بابەک - قاپەکان مەشۆ. جوان چەورییەکەی لی ناکەیتەوە. تو گسک لیدە خۆم

دەیانشوم. تو پشیلەشۆریان دەکەیت.
کاروباری ناو ماڵ تەواو بوو، هەر دووکمان چووینە گەرماو و خومان شت و جلەکانمان گۆری و هاتینە ناو هوڵەکە.
بابەک هەستا و دوو چای هێنا و لە سەر مێزەکەی دانا و خوشی دانیشت و لیی پرسیم:
- سەرت چۆنە. هەر دیشی؟
- ئای کەمێک.
بابەک – دەرمانی دەردت لای منە. خۆم ئێستا بە رەچەتەیەک چاکت دەکەمەوە.
- چۆن؟
بابەک – تۆ گوێ بۆ من بگرە و هیچ مەڵێ ئیتر. خۆم کچێکی باش و خانم و نەجیم و ژیکەڵەت بۆ دەدۆزمەوە.
- ئەوە بۆ لە کۆڵم نابیتەوە؟ دوو جار بەدبەختت کردم. دەتهەوێ ئەم جاریش هەر بەدبەختم بکەی؟
بابەک – من تۆم بەدبەخت کرد؟! من؟!
- فەرگوڵ و فەرنووش دەڵیم. لە دوو کتێبەکەی پێشوودا. بیرت چوتەوە؟
بابەک – دە فشەی وام لەگەڵ مەکە.
- ئیتر ناتوانی لە خشتەم ببەیت. هەمیشە خۆت باش و چاکی منی داماو دەبی قور بەسەر بم.
بابەک - باشە دەی. بچینەوە سەر باسەکەی خۆمان.
- بچینەوە سەر باسەکەی خۆمان؟ ئەو دوو جارە هیچم پێ نەوتی هێشتا وازم لێناهێنی؟
بابەک – بە خوا کەری کوڕە. هەتیو عەیبە. خوێنەرەکان دوایی قسەمان پێ دەکەن. دەی شتی بوو و تەواو بوو. ئەم جار هەوڵ دەدەم لە کتێبەکەدا داو و دامەرزاو بی! ئێستاش هەستە بچۆ بخەوە. نیوە شەوە.
- تۆ بچۆ بخەوە من خەوم نایە.

بابەک – ئەو حەبانەی پزیشک پێی داوی نەتخوارد؟

- با خواردم. دەڵێم با پێی فێر نەبم. هاتوو ڕۆژی حەبەکان نەبوو.

بابەک – کاتی دەخەوی چت لێدێ؟

- هیچم لێ نایە. تۆ بچۆ بخەوە. هەتا ئێستا سەد جارم پێ وتووی.

بابەک – دەی جاری دیکەش بیڵێوە.

- کە چاو لێک دەنێم هەست دەکەم یەکێ بانگم دەکات! لە خەو ڕادەپەڕم دەبینم هیچ نییە. ئیتر هیچم وەبیر نایەتەوە.

بابەک – دەی ئەو پزیشکە ئەری ناوی چی بوو؟ ئەها دکتور هەریس. مەگەر پێی نەوتی ئەگەر حەبەکان کاری نەکرد دیسان بچیتەوە بۆ لای؟

- خۆ هیچ سوودێکی نییە. پزیشکەکانی دیکەش هەر ئەمەیان وت. دواتریش کە چوومەوە لایان هەر ئەو حەبانەیان پێدام.

بابەک – ڕەنگە حەبەکان باش نین؟

- ئیتر خۆ لەمانە چاکترمان نییە. فێل دەخەوێنێت.

بابەک – دیسان بەیانی دەچینەوە. پێی دەڵێم کاکی دکتور حەبمان بۆ کەرگەدەنگ دەوێ. ئەمانە بۆ فێل دەبن.

- بڕۆ بخەوە. گەوجە گەوج مەکە.

بابەک – ئەمشەو دەمەوێ بێمە ژوورەکەی تۆ بخەوم بزانم چۆن دەخەوی.

- خۆ دەخەوم. بەڵام دەمەو بەیانی.

بابەک – خۆ تۆ پێشتر وا نەبووی.

- ساڵ و نیوێکە وام لێ هاتووە. سەرەتاکان جاری دوو جار لە خەو ڕادەپەڕیم. بەڵام لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا دە جار وام لێهاتووە.

بابەک – جاری با بچین بخەوین بۆ بەیانی خوا گەورەیە. هەمووی لەبەر ئەعسابە. زەختی دەرسە. پاش کەمێک باشتر دەبی. چەندەم پێ وتی کەم بخوێنە. دەبا بیست نەگری و ١٧ بگری؟ خۆ بڕوانامەکەمان وەرگرت. بەڵام من ساغ و سەلیم و تۆ دەردەدار دەرچووی. چاکە جارجار هەرزانفرۆشییەکت بۆ دادەنێم. دەنا هەتا ئێستا بیوویتە کتێبێکی ٤٠ لاپەڕەیی.

دەمەو بەیانی بابەک لە خەوی ڕاپەڕاندم. وڕ بووم. کە چاوم کردەوە بابەکم لە ژوورەکەم بینی کە ڕاوەستابوو، ڕایدەتەکاندم.

- چ بووە؟

بابەک - هیچ پێموایە خەونی ناخۆشت بینیوە؟

هەستام و دانیشتم و پاش کەمێک پرسیم:

- لە خەوەکەمدا چم دەکرد؟

بابەک - لە بیرت نییە خەونی چت بینیوە؟

- نا. لە مێژە خەون نابینم.

بابەک - چاکە خەونیش نابینی و ئاواش دەگوڕێنی. خەونت بینیبایە چت دەکرد؟ نەکا جندۆکەت هەیە! بیسمیلا ڕەحمان و ڕەحیم.

- بۆ چم دەکرد؟

بابەک - چووزانم. هەر دەتوت نایەم، تو کیی؟ لەم قسانە. چەند جاریش گوڕاندت.

- هیچ یەک لەمانەم وەبیر نایە. ئەی ئەو کاتەی وا خەوتم؟

بابەک - چوار پێنج جار لە خەو ڕاچەنیت. خەوت نەزراوە بخەوە. بەیانی تەلەفۆنی بۆ دکتور دەکەم دەچین بۆ لای. بخەوە.

- خەوم نایە.

بابەک - باشە. هەر وا درێژ بە.

- زۆر وەڕەزم بابەک. کاتی لە خەو هەڵدەستم هیچم وەبیر نایەتەوە. بەلام وێرانم. دەڵێی لە خەودا کێو هەڵدەکۆلم. لە خەوتن دەترسم.

بابەک - بخەوە. من لە ژوور سەرتم هەتا خەوت لێ دەکەوێ.

کاتژمێر هەشت و نیو بوو لە خەو هەستام. بابەک لە سەر مۆبلەکە خەوی لێ کەوتبوو. هەستام و بەرچاییم ساز کرد و ئینجا بابەکم لە خەو هەستاند.

هەر دووکمان چووین بۆ گەرماو و پاش نیوکاتژمێر بابەک تەلەفۆنی بۆ دکتور هەریس کرد و داوای لێکرد بۆ کاتژمێرێکی دیکە کاتی بۆ دابنێت.

پاش نیوکاتژمێر لە ماڵ دەرکەوتین و بە ئوتومبێل چووین بۆ نۆرینگەی پزیشک.

بابەک – بە پوورت نەڵێی دەچینە دکتور و خەوت ناجورە! ئیتر وازم لێ ناهێنێت. دەڵێ تۆ دوعای برازاکەمەت کردووە! وێنەی سیتی ئیسکەنەکەت هیناوە؟

- ئەری ئەو جارەش بینیان.

بابەک – ئەگەر چووین بۆ لای دکتور هەریس پێت عەیب نەبێ هەرچی لە خەودا دەبینی بیڵێ.

- خۆ هیچ نابینم تا بیڵێم.

بابەک – دوور لە تۆ دوور لە تۆ پێموایە تووشی دەردەکە هاتووی؟

- چۆن؟

بابەک – نازانم.

- دەرد ترسام.

بابەک – مەترسە کورە. هیچ نییە. باوک هاورێیەکی بوو ئەویش لەم ماوەدا وای لێهاتبوو. نازانم چووە لای چ دکتورێک. بە دوو دانە رەچەتە چاکی کردەوە. ٦ مانگیش ما.

مرۆیەکم لێکرد.

پاش کەمێک گەیشتین و لە سووچێکدا ئۆتۆمبێلەکەمان راگرت و پێکەوە چووینە ناو نۆرینگەی دکتور. کچێکی قژکاڵ سکرتێری پزیشک بوو. کە چووینە ژوورەوە بابەک پێی وت:

- سلاو خاتوو سکرتێر. شوکر باشن؟ دایکت چۆنە؟ باوکت چۆنە؟ خوشکەکانی خۆم چۆنن؟ براکانم خۆ شوکر بە دەماغن؟

نیوەی بە ئینگلیزی و نیوەی بە فارسی. سکرتێرەکە لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی هەر وا سەیری بابەکی دەکرد.

- بابەک خۆت کەر مەکە. ئەمانە چووزانن خوشکی خۆم و براکانم چییە؟

بابەک – ئاوا هەست دەکەن وشەی نوێ هاتوتە ناو زمانەکەیان.

ئینجا روویکردەوە سکرتێرەکە و وتی:

- ببوورە خاتوو سکرتێر ئێمەتان وەبیر نایە؟ ماوەیەک بەر لە ئێستا هێنامە ئێرە. بەینێکە گێژە. دکتور بە رەچەتەیەک شێتی کرد. ئێستا هێناومەتەوە بۆ لای

دکتۆر، کە رەچەتەیەکی ترمان پێ بدا کە قوفل و زنجیری بکەین و بیبەین بۆ شێتخانە.

سکرتێرەکە کە لە بەر پێکەنین ژانی کردبوو و وتی:

- خاترجەم بن. دکتۆر بە دەرمانەکانی هاوڕێکەتان چارەسەر دەکات.

بابەک – وا مەفەرموون. دەمی دایمە بە کەنێنتان خۆی سەد دەرمانە. با لێتان نەشارمەوە. جارەکەی پێشوو کە هاتینە ئێرە هەلبەت خۆشم کەمێک مێشکم تەواو نییە! کە ئێوەم بینی وامزانی ئاو بە ئاوردا دەکەن. من هەست دەکەم ئێوە نەخۆشەکانی دکتۆر چارەسەر دەکەن، بەلام بە ناوی دکتۆرەوە تەواو دەبێت.

- بابەک.

بابەک – ببوورە دکتۆر لە دادگان؟ ئێمە پێشتر تەلەفونمان کردووە، کاتژمێرمان بینی و هاتینە خزمەتتان؟

- دادگای چی؟ کاتژمێرمان بینی چییە؟ گەوجی گەوجییانەت لە چییە؟

بابەک – ئەوە زمانبازی دەکەم کە زووتر بمانترێنە ژوورەوە.

- لێرە هەر خۆمان نەخۆشین کەسی دیکەی لێ نییە.

بابەک – ئێ جەنابی دکتۆر نەخۆشی دیکەی نییە؟ لەم شارە هەر تۆ شێتی؟

خانمی سکرتێر هەر وا سەیری دەکردین و پێدەکەنی.

- لاچۆ بزانم. من ئارمین پژووهێشم. بۆ سەردانی دکتۆر نۆرینگەم گرتووە.

سکرتێر – بەلێ تکا دەکەم. دکتۆر چاوەڕێتانە. فەرموون.

ڕوومکردە بابەک و وتم:

- نیو کاتژمێرە قسە دەکەی، قسەیەکی باشت نەکرد.

بابەک – ئەمانەش ماندوو دەبن. وتم کەمێ بیاندوێنم با ماندوویێتیان دەرچێ.

خانمی سکرتێر کە خۆشی لە بابەک هاتبوو بە پێکەنینەوە پێی وت:

- خۆتان کارتان بە جەنابی دکتۆر نییە؟

بابەک – نا دادە گیان. من حەب و شرووب و ئەمانەم تێپەڕاندووە! من دەبێ بچم بۆ ئەمیناوا[1].

[1]- ناوی گەڕەکێکە لە تاران کە نەخۆشخانەی دەروونیی رازی لەوێیە.

دەستیم گرت و چووینە ژووری دکتور.

کە چـووینە ژوورەوە پـاش سـڵاو و هەواڵپرسـین، دکتـور کـاتی کە پرسـی دەرمانەکان کاریگەری لە سەرم نەبووە، زۆری بە لاوە سەیر بوو. پاش کەمێک بیری کردەوە و ئینجا وتی: ئەمە بەهێزترین دەرمانێکە کە پێم داوی. پێی وتم دەبێ لەگەڵ چەند پزیشک کۆبوونەوەی راوێژکاری ساز بکا و رەنگە پێویستت بە هیپنۆتیزم بێت. ئینجا کۆمەڵێ پشکنین و تیشکی بۆ نووسیم. بابەک لەگەڵ ئەوەی ناوی هیپنۆتیزمی بیست رووی تێکردم و وتی:

- ئەی هاوار، ئەوە خراپە، ئەگەر هیپنۆتیزمت بکا خراپ دەقەومێت.

- بۆچی؟

بابەک – ئاخە مرۆڤ ئەگەر هیپنۆتیزمی بکەن هەموو شتێک دەڵێ. تۆش هەموو ئەو کارە قۆڕانەی کە لەم ساڵەدا کردووتە دەیڵێی و دکتۆر دەزانێ لە وڵاتەکەیدا چت کردووە، ئابڕوومان لای دکتور دەچێت. قوڕ بە سەرمان. Di sasroos و t !ragedy

- داماو من هیچم نەکردووە و خاترجەمم. تۆ هیپنۆتیزمت بکەن لە ڕێوە لە سێدارەت دەدەن.

بابەک – ئەگەر لەبەر خوێندن و نەجیمی و ئەدەب پیاو تیرباران بکەن، کێشە نییە، با لە سێدارەم بدەن.

- ئەری گیان باوکت، لە دۆسییەی تۆ رەشتر هەر نییە.

دکتور – ئەوە پرس و راوێژ دەکەن؟

بابەک – ببوورە کاکی دکتور، کابرا لە کاتی هیپنۆتیزمدا دانپێدانانی هەبێت، ئەم دانپێدانانە لە دادگادا تۆمار دەکرێت؟

- بابەک عەمرت نەمێنێت.

دکتۆر پێکەنی و پاشان لە رەچەتەدا کۆمەڵێ پشکنین و تیشکهەلگرتنەوەی بۆ نووسیم، لەوێ هاتینە دەرەوە و چووین بۆ تاقیگە و لەوێوە چووین بۆ تیشک. کاروبارەکانمان کۆتایی هات و گەڕاینەوە بۆماڵەوە. نزیکەی نیوەڕۆ بوو.

بابەک – من نانی فراوێن ساز کەم؟

- ئەری.

تەلەفۆنی هەلگرت و داوای پیتزای کرد.

- ئەوە چ دەکەی؟ نۆرەی من دەبێ خواردنێکی ئێرانی ساز بکەم. نۆرەی تۆ لە دەری خواردن داوا دەکەی.

بابەک - بە قوربانت بم. تۆ کابانی و لە هەر پەنجەیەکت سەد هونەر دەباری. من لەو ژنە پیس و پۆخلانەم. هەتا نیوەڕۆ مێردەکەی دێتەوە دەست لە هیچ نادا و دوو پیتزا دەخاتە بەر دەمی.

- هەستە هیچ نەبێ چایەک بێنە.

بابەک - بە چاوان. خۆت تێک مەدە. سەری ساڵە بێوەختە. چێشت لێنانێک ئەوە نامێنی ژیانی هاوسەرێتیمانی بۆ تێک بدەین.

پێکەنینم هات. پاش کەمێ پیتزاکەیان هێنا و دوای خواردنەکەی پێم وت:

- من دەمەوێ کەمێک بخەوم. زۆر ماندووم. خۆ شەوانەش خەوم نییە.

بابەک - دا ئەو ددانانەتم پیشان بدە.

- بۆ چی؟

بابەک - نەکا خەریکی دەبییە دراکوولا؟ دراکوولاش بە ڕۆژدا دەخەوت و بە شەو بێدار دەبوو.

- گوو مەخۆ. هەتا پاش نیوەڕۆ هەڵمەستێنە.

بابەک - بەڵام ئەگەر بوویتە دراکوولا نەچی قەپاڵم لێبگری هەتیو. قەپاڵم لێبگری دەبمە بووکی دراکوولا.

- دڵنیا بە ئەگەر بوومە دراکوولا قەپاڵت لێ ناگرم. خۆ قات و قڕی بووک نییە؟!

بابەک - بەڵام قەپاڵم لێبگری دەبمە چ بووکێک. نە چێشت دەزانم لێبنێم. نە ناو ماڵ دەزانم خاوێن بکەمەوە. هەر لە پاڵ خۆت دادەنیشم هەتا شەو ئینجا دەخەوین. دەبمە ئەو بووکە هیچ نەزانانە. بەڵام خۆ خەسووشم نییە ئێرادم لێبگرێت.

ooo

## بەشی دوو

پاش نیوەڕۆ بابەک لە خەوی هەستاندم. بابەک لە ژوور سەرم دانیشتبوو و دەستی بە سەرمدا دەهێنا و دەیوت:

- هەستە. پشیلەکەم. هەستە خوێنمژەکەم[*]. ئێوارەیە. هەستە بچین چەند دانە قەپاڵ بگرین بری شان و پیلمان گۆشت بگرێت. هەستە لە برسیدا قرم هات.

- تۆ کەی دەبیتە بەشەر بابەک؟

بابەک – خوێنمژ خۆ نابێتە بەشەر. هەستە وەڕەزم.

- کاتژمێر چەندە؟

بابەک – چووزانم. خۆ بە تەما نیت دیسان بخەویتەوە. لەم هەندەرانە ئێواران دڵم دەگیرێت. دایکم منی داوە بە تۆ لەم کاولبووە دامنیشێنی؟ دڵم رزا لەم ویرانبووە. نە سەفەرێک، نە گەڕانێک! مردم ئەوەندەم چیشت بۆ لینای! مردم ئەوەندە کارم کرد. لەم ژیانە وەڕەز بووم.

هەر دووکمان پێکەنین و هەستاین و خەریک بووین کارەکانمان دەکرد کە بچینە دەرەوە. دەنگی ئایفون هات. خۆم ئایفونەکەم هەڵگرت. مەهتاب بوو.

بابەک – وەرن! ئەوەندە خەوتین دەرگای لەحنەتمان لێ ئاوالا بوو. مەغولەکان هێرشیان کرد. بەشکەم چەنگیزخان خۆی نەهاتبێت. ئەوانی تر شتێکیان لەگەڵ دێت. خۆی سەفاکی خوێنڕێژە. ئەگەر بۆ ئەوە هاتووە پێکەوە بچینە دەرەوە، بیانوویەک بێنەوە نەچین. من خۆشم لییان نایە. ئەگەر لەگەڵیشیان دەچی خۆت بچۆ. من نایەم. بە تەمایە بمانباتە لای پووری کە ئامۆژگاریمان بکات.

---

[*] - ئاماژە بە فیلمی خوێنمژ

نەرمین

پاش خولەکێک مەهتاب لە پشت دەرگای ئاپارتمان بوو. دەرگاکەم کردەوە و هاتە ژوورەوە و پاش سڵاو و چاک و خۆشی، دانیشت.

مەهتاب – دەتانەویست برۆن؟

- بۆچی؟

مەهتاب – هاتووم بە دواتاندا بچینە ماڵی ئێمە. دایکم خولکی کردوون.

- بە چ بۆنەیەکەوە؟

مەهتاب – هیچ هەر وا. دەمەوی پێکەوە دانیشین.

- دەی بۆ بە پەلەن؟ داینێن بۆ وەختێکی دیکە. دوێشەو یەکترمان بینی.

مەهتاب – نا. نا. دایکم وتوویەتی دەبێ هەر بێن.

بابەک – دەی ئارمین گیان هەستە بچۆ. کەمێک خەم بە با بدە.

مەهتاب – کاک بابەک، ئێوەش خولک کراون. بەتایبەت مریەم وتوویەتی دەبێ بێن بۆ نانی شێو.

بابەک – من بۆ بێم؟ لە ماڵی خۆتان هەرزانفرۆشیتان هەیە؟!

مەهتاب پێکەنی.

بابەک – ئێوە برۆن. من زۆرم کار هەیە دوا کەوتووە دەبێ جێبەجێیان بکەم. دەمهەوی کەمێکیش دەرسەکان دەور بکەمەوە.

مەهتاب – دەرسی چی؟ مەگەر زانکۆتان تەواو نەکردووە؟

بابەک – با! بەلام دەبێ بەردەوام پێیدا بێمەوە کە لە بیرم نەچێ. ئێوە برۆن. خاڵۆزا و پوورزان ئیتر. من بێم میوانییەکەتان تێک دەدەم. لە بەیانییەوە لە خەو هەستاوم هەموو گیانم دێشێ. بیری باوکم کردووە دڵم گیراوە. ئەمشەو بێمە هەر کوێ هەمووان بێزار دەکەم. وا چاکە هەر لە ماڵ بمێنمەوە و ئەم خەم و خەفەتانە لە کۆڵ بنێم. ئێوە برۆن. خەمی منتان نەبێت. من کەمێ بگریم دڵم ئەهۆن دەبێتەوە. ئەورۆ لە بەیانییەوە خەمم هەیە. دەڵێن یاخوا خەمبار روو نەکا لە کەس روو بکاتە ئاویەر دەیکاتە قەقنەس.

ئەمانەی بە قەیافەیەکی غەمگین و خەمۆکەوە دەوت ئەگەر ئەمزانییا درۆ دەکا

ئاورم بۆ تێبەر دەبوو.

مەهتاب باوەڕی کرد. وتی:

- ئێوە نابێ ئێستا تەنها بن. لەم کاتانەدا کابرا دەبێ دەوروبەری قەرەباڵغ بێ، ئاوا ورەی باشتر دەبێت.

بابەک – نا زۆر سوپاس. ئارمین دەزانێ من چۆنم. ئەم کاتانە کەمێک دادەنیشم و دەگریم. دڵم ئاوا نەبێ ئەهۆن نابێتەوە. ئەی هاوار لە غەریبی و دوورەوڵاتی.

- مەهتاب گیان ناکرێ میوانیی ئەوشەو تێک بدەن؟ خۆ دەبینی بابەک وەزع و حاڵی باش نییە. خۆ ناکرێ بە تەنیا بە جێی بێڵم.

مەهتاب – نا. نا شتی وا نابێ. من کۆمەڵێ لە هاوڕێکانیشمم بانگهێشت کردووە. مریەمیش کۆمەڵێ لە هاوڕێ ئێرانی و بیانییەکانی خولک کردووە. هەر هەموو کچەکانی خزم و کەس ئەوە بەرێوەن.

لە ناکاو گوێی بابەک تێژ بوو، چاوی دەرپەڕی. باش زانیم پێیخۆشە ئێستا بێت.

بابەک – خۆ ئەگەر ئێوە بڕۆن ئەم دار و دیوارە دەمخۆن. دەترسم بەو خەمەی پێمە شتێکم بە سەر بێ جا وەرە قوڕی کوێ بکە بە سەرتا. نە لە هەندەران دڵم شادە و نە لە نیشتمانی خۆم دڵم دەکرێتەوە. ئارمینی هەناسە ساردیش لە تاوم دڵی دەتۆقێنێت. دەترسم لە ماڵەوە بمێنمەوە. ئەم کورە دڵی بۆم دادەخورپێ و میوانییەکەی لێ تاڵ دەبێت. هەستن با پێکەوە بڕۆین.

مەهتاب – دەی هەستن با بڕۆین.

بابەک – قسەکەت لە خراپیش ناچێت. دەی ئەوە لە ماڵەوەش دانیشتم کەچی بێ؟ خراپتر تووشی نەخۆشی خەمباری دەبم. لەبەر ئەم ئارمینە فەقیرە لەگەڵتان دێم.

ئینجا ئاخێکی هەڵکێشا و چوو بۆ ژوورەکەی و بە ئەسپایی وتی:

- دڵم عەمری نەمێنێ وا کۆگای خەمە.

مەهتاب کە بێتاقەت ببوو وتی:

- بابەک ئەوڕۆ چی لێهاتووە؟ هەتا ئێستا ئاوا خەمبار نەمبینیبوو؟

پێکەنینم هات.

- هیچ نییە. بنیادەمە ئیتر. هەندێ جار تێک دەچێت.

پاش دوو خولەک بابەک جلوبەرگی لە بەر کرد و بۆنی لە خۆی دا و هاتە دەرەوە.

- من هێشتا هیچم نەکردووە.

بابەک - دە خێرا کە عەیبە. میوانییەکەیان لێ خراپ مەکە. من خولەکێک لەم ماڵە بمێنمەوە شێت دەبم.

مەهتاب - هەتا ئارمین ساز دەبێ من بچم بڕێ چیپس بکڕم و بێم. ئێوە کارەکانتان جێبەجێ بوو وەرنە خوارەوە. من لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا چاوەڕێتانم.

کاتێ مەهتاب ڕۆی، بابەک وتی:

- وا دیارە لەوە ناچێ تەنیا بچینە ئەوێ و هەر سەیری ڕووخساری مەکیاژکراوی پوورت بکەین. بچۆ جلەکانت لەبەر بکە.

یاخودا هەر شەو بێ و

پوورت لە خەو نەبێتەوە

تۆ جلەکانت لە بەر بکە نانی شێومان لە دەس دەر مەکە

بە پێکەنینەوە جلەکانم لە بەر کرد و چوومە خوارەوە. مەهتاب هێشتا نەگەڕابۆوە. بابەک دوو جگەرەی داگیرساند و یەکیانی دا بە من و وتی:

- نەکا ئەمشەو قەرار و بڕێ بێ! پوورت ئەم میوانییەی بۆچی داوە؟

- پێموا نییە. ئەگەر وا با مەهتاب پێشتر قسەی لەگەڵم دەکرد. پێموایە ڕۆژی لە دایکبوونی یەکیانە ... مەهتاب کە نییە. ڕەنگە مریەم بێت.

بابەک - نا برا، ڕۆژی لە دایکبوونی مریەم ماوەیەک لەمەوبەر بوو، کە لە بیرم چوو و کۆڵێکیش تانە و توانجی لێدام.

- دەی ئەوشەو چ خەبەرە؟

بابەک - جەژنی لە دایکبوونی پوورت نییە؟ لە دایکبووی چ مانگێکە؟ قرژانگە؟ هەزارپایە؟ هەڵەپەزەیە؟ چ مانگێکە؟

- ئەگەر باوکم بزانێ چۆن باسی خوشکەکەی دەکەی دەتکوژێ.

بابەک - بەلام ئەگەر دایکت بزانێ چۆن باسی دشەکەی دەکەم، خەلاتم دەکات.

لەم کاتەدا مەهتاب هاتە ژوورەوە. بڕیار بوو بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو بچین، هەر دووکمان سوار بووین و وەڕێکەوتین.

مەهتاب – چ باش بوو کاک بابەک ئێوەش هاتن.

بابەک – سوپاس، خۆشم دڵخۆشم. ڕاستەکەی کەمێک بیری پووری گیانم کردووە. خوا چاک بۆ پوورت بکا کە سەرچاوەی خێر و چاکەیە. ئەگەر ئەو نەبایە هەتا بەیانی لە ماڵەوە دیقم دەکرد!

- بابەک، لە ناو کەلووە گەردوونییەکان، کەلووی قەلمان نییە؟!

بابەک - کەلووی قەلمان خۆ نییە، بەلام پێموایە کەلووی کەلەشێری ناوەختمان هەیە!؟

پاش دە خولەک گەیشتین و دابەزین و هەر سێکمان چووینە ماڵەوە. ماڵی پوورم، ماڵێکی ڤیلایی گەورە بوو بە ئەستێر و سۆنا و هەموو جیازاتەوە. هۆڵێکی گەورەی بوو کە پڕ لە میوان بوو. کچ و کوڕ، ئێرانی و بیانی. کۆمەڵێ لە خزم و کەسەکانیش لەوێ کۆ ببوونەوە.

هەر لە دەرگای هۆڵەکەوە سلاو و چاک و خۆشیمان کرد. هاتم بچمە لای پوورم بابەک تیژ چووە پێشەوە و سلاوی لە پوورم کرد و کاتێ پوورم دەستی هێنایە پێشەوە کە دەست و مشتاخی لەگەڵ بداتەوە، بابەکە ڕێوی وەکوو فیلم و شت دەستی پوورمی ماچ کرد! بەم کارەی بابەک، پوورم گەشاوە!

منیش چوومە پێشەوە و پوورمم ماچ کرد و دانیشتین. پاش کەمێک، هەواڵپرسینەکان کۆتایی هات، بە ئەسپایی بە بابەکم وت:

- شتێکی سەیری؟

بابەک – کەرە، ئەمشەو واکسینە کرام، ئەمشەو هەر کارێک بکەم پوورت کاری پێم نییە!

بە لاچاوەوە سەیرم کرد، مەهتاب و مریەم هاتنە پێشەوە و مریەم سلاوی لێکردین و وتی:

- هەستن با بچینە ئەو لا کچ و کوڕەکان چاوەڕێن لەگەڵتان ئاشنا بن.

بابەک – دادە مریەم با جارێک دە خولەک لێرە دانیشین. زۆرم بیری پووری

کردووە. با کەمێ بیانبینم!

سەیری پوورمم دەکرد. لای هاوڕێکانی بە قسەکەی بابەک کەیفخۆش بوو!

پوورم – بڕۆن ڕۆڵە. ئێوە گەنجن بچنە لای گەنجەکان. ئێمە پیر و بەلاساچوو قسەمان نییە.

بابەک – پووری گیان وا مەفەرموو! قسەی وا نەکەی! دوێنێشەو وا لە ماڵ ئێمە ڕۆشتنەوە، دەر و دراوسێکان ئێوەیان بینی! ماڵی بەڕێز نەفیسی دەڵێم ئاخر زۆر فزوولن. کاتێ پێم وت ئێوە پووری ئارمینن، پێی سەیر بوو! دەیکوت درۆ دەکەی! وایزانیبوو خووشکی شیریی ئارمینی! سوێندم بۆ خوارد جا باوەڕی کرد! شتێکیشی وت بەلام لە ڕووم هەڵنایە بیڵێم!

پوورم کە دە ساڵ لاوتر بۆوە بە ناز و پێکەنینەوە وتی:

- ئەیەڕۆ! بۆ چی وت بابەک گیان؟!

بابەک سەیری دەوروبەری خۆی کرد و ئینجا بە ئەسپایی وتی:

- وایزانیبوو کاک فەرزاد باوکتانە! سەگباب دەیویست لە زمانمی دەربێنێ کە ناو و ژمارەکەت بزانێت!

پوورم – ئەیەڕۆ! خوا بیکوژێ. بتکوتبا ئەوە مێردمە!

بابەک – نەموت. ئەمانەی وت ڕووم پێنەدا و ڕۆشتم! پووری گیان وتیشی تەمەنت چەندە؟!

پوورم – سۆزمانی چی داوە لە تەمەنی من؟

هەموو پێکەنین و سرتە سرتە و پچە پچ دەستی پێکرد و پوورم بە پێکەنینەوە پێی وتین:

- هەستن، هەستن بچنە ئەولاتر خۆش بن. مریەم گیان کەمێ میوە و خۆشاو و شیرینی بێنە بۆ ئەم کوڕە گەرووی وشک بوو لێرەدا!

هەر دووکمان هەستاین و لەگەڵ مریەم و مەهتاب وەڕێکەوتین، چووینە ئەو لای هۆڵەکە و بابەک بە منی وت:

- ئیتر خاترجەم بە. کچەکەشی نەخوازی مێشکت ناخوا.

- بابەک تۆ ئەم قسانە لە کیرفانتەوە دێنی؟

بابەک – حەقت بە سەر ئەمانەوە نەبێ. تۆ هەر گوێ بگرە و فێر بە!
کە گەیشتین ئەو لای هۆڵەکە هەمووان هەستان بۆ ئەوەی لەگەڵمان ئاشنا بن، بە گشتی پێکەوە دانیشتین، یەکێک لە کچەکان ناوی نادرە بوو وتی:
- باسی ئێوەمان بیستووە؟
بابەک – ببوورە چۆنیان باسی ئێمەیان کردووە؟
نادرە – باسی چاکە.
بابەک – شوکر بۆ خوا هەموو شتێکیان نەوتووە!
شارزاد – چیتان بۆ ڕۆژی لە دایکبوونی مریەم کڕیوە؟
بابەک لە پڕ پەشۆکا بەڵام خۆی گورج کردەوە و وتی:
- دوێنێ تەواوی دووکانەکانمان تەقاندەوە، بەڵام هەرچی بیرم کردەوە شتێکی وای نەبوو کە شیاوی مریەم بێت! ئیتر ئەوە بوو وتم لە بری دیاریی ڕۆژی لەدایکبوون، بانگهێشتی دەرەوەی بکەم، هەڵبەت هەر واش دەستبەتاڵ نەهاتووین! چەند دێڕ شێعرم لەگەڵ خۆم هێناوە! ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن با بیخوێنمەوە.
هەمووان چەپڵەیان بۆ لێداوە. سەرم وشک بوو ئەم شێعرانەی لە کوێ هێناوە؟! بە ناو گیرفانەکانیدا گەڕا. بەڵام هەرچی گەڕا نەیدۆزییەوە. قەیافەی نارەحەتی گرتە خۆی و کلینیکسێکی هەلگرت و عارەقەی نێوچاوانی پێ سڕی و بە هێمنییەوە وتی:
- دوێشەو هەتا کاتژمێر سێ، سێ و نیوی شەو دانیشتم شێعرم بۆ دادە مریەم هۆنییەوە! نازانم لە کوێ دامناوە. عەمرم نەمێنێ وا هۆش و بیرم نییە!
ئینجا لە منی پرسی:
- ئارمین دەفتەرێکی بچووکی ژێکەڵە، بە بەرگێکی زەرد کە گوڵێکی سووری پێوە نووسا بوو تۆ نەتبینی؟ لە سەر مێزی ژوورەکەم دامنا بوو.
ئینجا سەیری مەهتابی کرد:
- دادە مەهتاب، لە ئۆتۆمبێلەکەی ئێوە هیچ بە جێ نەماوە؟!
مەهتاب – نا، پێموا نییە.
بابەک – چا ماڵتە لە ژوورەکەم دامنا بوو کە هیچی لێ نەیە!

دیسان عارەقەی نێوچاوانی سڕی و سەیریم کرد. دەمزانی خەریکە درۆ دەکات!
دیسان پێی وتم:
- ئارمین ئەگەر تۆ هەڵتگرتووە تکات لێدەکەم پێمی بدەوە. فشەیەکی جوانم نەکرد. ئەعسابم تێکچوو!
- نا بابەک! من هەڵمنەگرتووە. ڕەنگە لە ماڵ بە جێت هێشتووە.
مـریەم - دەی خـۆت بێتـاقەت مەکە. هەر ئەوەی کە بانگهێـشتی منـت قبـووڵ کردووە خۆی دیارییەکە. کاتێ چووین نانی شێو بخۆین بچۆ بۆم بێنە و بۆم بخوێنەوە.
بابەک - دەزانی چی زۆرم ئەزیەت پێوە کێشاوە، داخەکەم.
کچەکان بە بینینی قیافەی بێتاقەتی بابەک سەریان لەقاند و بڕوایان پێکردبوو.
شارزاد - چ هەست ناسکن کاک بابەک! دیارییەکی جوانە! نانی شێو بە شێعر!
ڕۆیا - مریەم خۆزگەم بە خۆت! بریا ئەمە دیاریی من بوایە!
بابەک هات شتێ بڵێ کە بە دزییەوە لە قاچیم کوتا!
مەرجان - کاک ئارمین تۆ چ دیارییەکت بۆ مریەم هێناوە؟
نەمدەزانی چی بڵێم.
بابەک - من و ئارمین پێکەوە ئەم دیارییەمان هێناوە! دوێشەو لە دێڕێکدا گیرم کردبوو ئەم ئارمینە داماوە سەرروا و قافییەکەی بۆ ڕێک کردم!
لە قسە دانەماویی بابەک پێکەنینم هات. بابەک گەڕاوە و چاوێکی لێم قرتاند. لەم کاتەدا مریەم و مەهتاب هەستان میوانداری بکەن. هەر کەسەو لەگەڵ پەناکەی دەستی کرد بە قسەکردن و بابەک بە منی وت:
- چاک فریات کەوتم! کەمێکی مابوو بیقەومێنی! ئێستا دەبێ نانی شێو بە زۆری بیبەمە دەرەوە.
- باشە ئەم درۆیەت چۆن بۆ هات؟
بابەک - کچ شتێ خەیاڵی پێخۆشە! ئەگەر دوو کیلۆ زێڕم بۆ کڕیبایە ئەوەندە کەیفی ساز نەدەبوو کە شێعرم بۆ هۆنیەوەتە!
- دەتویست چی بە ڕۆیا بڵێی؟

بابەک – خۆ نەتهێشت بیڵێم! دەمویست پێی بڵێم ڕۆژی لەدایکبوونی چ کاتێکە کە بە شێعر و گوڵی سوورەوە بچمە خزمەتی!
لە پاڵمان کچێکی بیانی دانیشتبوو، پاش کەمێک بە بابەکی وت:
- پاپیک، من ناوم ژانتەیە. دەمویست پێت بڵێم شێعرەکانت هیچت لە بیر نییە بۆمانی بڵێی؟ زۆرم پێ خۆش بوو. ئەمە دیارییەکی خەیالی و پڕ بیرەوەرییە.
بابەک بە ئینگلیزی وتی:
- با لە بیرمە، بەڵام تەنیا دێڕێکم لە بیرە.
بابەک دەستی کرد بە فارسی وتن:
- گەر کچێ بمرێ لە سەر گۆڕەکەی گوڵی شین دەبێ ئەگەر کچانی دنیا بمرن دنیا بە گوڵستان دەبێت.
لە بەر پێکەنین قرتام.
ژانت – دەکرێ وەریبگێڕنەوە؟
بابەک بە فارسی وتی:
- بۆ نابێ؟ جا جەنابتان فەرمانم پێبدەن چیرۆکی لەیلی و مەجنوون و خەسرەو و شیرین و کەلیلە و دیمنە و هەرچی کتێبی شێعرە هەمووت بۆ وەردەگێڕمەوە.
ئینجا دەستم کرد بە وەرگێڕاندن بە ئینگلیزی وتی:
- ئەوە و تۆخمی ئافرەت گوڵە. زۆر ناسک و هەستیارن. گوڵی بۆنخۆشن، مرۆڤ دەخاتەوە بیری گوڵە وەحشییەکانی جەنگەڵ! هەڵسوکەوتیان دەڵێی پەپوولەیە! قسەکردنیان گمەی پەلەوەرانە! فرمێسکەکانیان باران و شەونمە! ڕوانینیان ئاسکی بێ پەنایە! پێکەنینیان سروەی بەهارە!
ئەوانی تری بە فارسی وت:
- بۆڵەکانیان دەڵێی تەقینەوەی مینی دژەکەسە! کاتێ دەگوڕێنن و شتێ بەرەو لات دەکەنە برینگە دەڵێی دەستپێکی جەنگی جیهانیی دووهەمە!
- خوا بتگرێ دێڕێک ئەم هەمووە مانایەی هەبوو؟
بابەک – شێعرەکانم ناوەڕۆکیان هەیە!
- ئەگەر بزانن مانای ڕاستەقینەی شێعرەکەت چییە لەت و کوتت دەکەن!

دووڕوو!

بابەک – برا فشە دەکەم. خوا بەو ڕۆژە نەکا کە ئەم سەرچاوە سرووشتییە لە ناو بچی. تۆ دژی گوڵ و گیا و سرووشتی؟ هەموو خەریکن رووکە و گوڵ و گیا لە ناو دەبەن، ئێستا من دەمەوی دنیا پڕ کەم لە گوڵستان لەت و کوتم دەکەن؟

ئاورمان داوە بینیمان ژانت چاوی پڕ بووە فرمێسک!

ژانت – زۆر جوان بوو پاپیک! زۆر پڕهەست بوو!

بابەک – بە قوربانی ئەم هەست ناسکەت بم، پاپیک نا، بابەک، پاپیک ناو سەگە!

ژانت – ئەی خوایە گیان! زۆر زۆر ببوورن ناوی ئێرانی زۆر قورسە!

بابەک – دەی ناوم غەزەنفەر با بە چی بانگت دەکرد؟ حەتمەن دەبوومە گورگ و چەقەڵ و گوراز!

ژانت – ببوورە ناوتان غازان فێرە؟!

بابەک – نا نا نا نا، بە قوربانت بم هەر بە سەگ بانگم بکە باشترە. بە قاز و قووڵینگ بانگم مەکە.

ژانت – ببوورە. ئێستا دەگەڕێنەوە.

بابەک – ئۆخەیش! چاک بوو ڕۆشت کەمێکی مابوو بمنێرێتە ناو لیستی پەلەوەر و هێلکەکەران!

مریەم کە لە دوورەوە ئاگای لێمان بوو هاتە پێشەوە و بە بابەکی وت:

– قسەی چیت بۆ ژانت کرد؟ زۆر گەرمی قسە ببوون!

بابەک – بە گیان باوکم هیچم نەوت! ژانت خەریک بوو لە نێوان پەلەوەر و ویشکاوییەکان پۆلێنبەندیمی دەکرد! هەڵبەت خۆم پێم باشتر بوو هەر سەگ بم! لانیکەم لە ناوەکەم نزیکترە!

مریەم – ئەوە دەڵێی چی؟

– برا، ژانت بە بابەکی دەوت پاپیک!

مریەم – دەی ئەوە پێکەنینی دەویست؟ هەر دووکتان خەریک بوون ژانتان دەکرد؟

ئەمەی وت و ڕۆشت.

بابەک – ئەم پوورزایەت چەند حەسوودە!؟
- بابەک قوڕ کرا بە سەرتدا! ژانت خەریکە لەگەڵ کچێکی تر دێ بۆ لات.
بابەک – دیارە ئەمە پسپۆڕی خشۆک و ئاژەڵانی بەر لە مێژووە! هاتووە بۆ لێکۆڵینەوە!
ژانت – پاپیک هاوڕێکەم بناسە. ناوی ساندرایە.
هەستاین و پێکەوە ئاشنا بووین و دانیشتین.
ژانت – ساندراش شێعر دەهۆنێتەوە. شێعرەکانیشی زۆر جوانە.
بابەک – بە ڕاست؟ زۆر چاکە! شێوازی هۆنینەوەیان چییە! قەسیدەیە؟ غەزەلە؟ چوارینەیە؟
- ئەمانە لەمانەیان نییە؟ نەدەکرا بڵێی ڕۆژی لە دایکبوونی مریەمم لە بیر چووە و نەجاتمانت بدایە؟
بابەک – چووزانم ئەمانە پێنسەد دانە ژن و پیاوی شاعیریان خولک کردووە! تووشی ئەم ژانتە هاتم!
ساندرا - ژانت شێعرەکەتی بۆم خوێندەوە. زۆرم جوان بوو. من مۆسیقا دەخوێنم، بەڵام شێعریش دەهۆنمەوە. هەندێ جار لە سەر بنەمای شێعرەکەم شێوەکاریش دەکەم. مانگی جارێکیش هەندێ لە هاوڕێیان کۆ دەبینەوە شێعرەکانمان بۆ یەکتر دەخوێنینەوە. ئەگەر پێتان خۆش بوو ئێوەش وەرن.
بابەک – دێم! هەر جێیەک ئێوە بڵێن دێم! بەڵام با لە ئێستاوە بڵێم من هەر شێعر دەزانم بڵێم، هیچی دیکە نازانم. ئێوە هەزاران هونەر دەزانن! بەڵام من هیچ نازانم!
هەر دووکیان پێکەنین.
ساندرا – مەبەستتان لەم قسەی کردتان چییە؟
بابەک – یانی لە چاوی بەد بە دوور بن، یانی بەردی سارد و گەرم نەیەتە بەر پێتان.
ساندرا لە کاتێکدا پێدەکەنی وتی:
- واتە ئێوە ئاواتی سەرکەوتن بۆ من دەخوازن؟
بابەک – من ئاواتی سەرکەوتنم بۆ هەموو کیژە جوانەکان هەیە!

- گەر کچێک بمرێ ...

بابەک - کوڕە بێدەنگ بە! ئەوە لەگەڵ ئەم خاتوونانە قسە دەکەم.

لەم کاتەدا کچ و کوڕەکانی دیکە هاتنە لامان و لە دەور من و بابەک کۆ بوونەوە.

بێژەن - باسی چی دەکەن؟

بابەک - شێعر، ڕۆح، هەست!

- بە فارسی قسە مەکەن پێیان ناخۆش دەبێ.

بابەک - ڕاست دەکا، هەموو بە زمانی بیانی قسە دەکەین.

ژانت - پاپیک چۆن بوو یەکەم شێعرت نووسی؟

بابەک - هیچ وەلا! بەیانییەک لە خەو هەستام هەستم کرد شێعرم بۆ دێ!

من و بێژەن پێکەنین!

بابەک - دەرد! ئابرووومتان برد!

ساندرا - دیارە شێعرەکانتان ڕێکوپێک پاراستووە؟

بابەک - بووم! کتێبێکی شێعرم بوو هەزار دێڕی شێعر بوو. دام بە هاوڕێیەک بیخوێنێتەوە ئیتر پێی نەدامەوە.

- بابەک ئەو درۆیانە چییە دەیکەی؟ تۆ کەی هەزار دێڕی شێعرت بووە؟

بابەک - بە خوا درۆ ناکەم! کتێبێکی حافزم بوو دام بە سەعیدی هاوڕێم. کاتێ چووەوە بۆ ئێران بۆی نەهێنامەوە!

بێژەن دیسان پێکەنی.

ڕۆیا - کاک بابەک خوێن شیرینە. کتێبی شێعری خۆتت هەیە؟

بابەک - هەمە بەلام نە هەزار دێڕ.

ڕۆیا - دەبێ ڕۆژێ هەمووم بۆ بخوێنیتەوە.

بابەک - بە سەرچاو! هەمووت هەم بۆ دەخوێنمەوە و هەمیش بۆتی شی دەکەمەوە. هەم کار و بکەر و ئاوەڵناو و بەرئاوەڵناوت بۆ جیا دەکەمەوە. شیکاری و شرۆڤەی دەکەم.

بە گوێیدا سرتاندم:

- مریەم بزانی، بە شیعرەکانتەوە ئاورت تێبەر دەدا.
بابەک – بەڵێ، هەڵبەت شیکاری باشترە شرۆڤە سەختە.
ساندرا – لەگەڵ لافۆنتێن چۆنن؟
بابەک – زۆر تێکەڵی نیم.
کوتام بە کەلەکەیدا و وتم:
- شێتە! لافۆنتێن شاعیرێکی بیانییە.
بابەک – من زیاتر شیعری ئێرانیم پێ خۆشترە! شێوازەکانمان لێک جیاوازن!
شارزاد – ماڵتە ئەوەندەمان باسی شێعر بیستووە وەڕەز بووین.
مەرجان – ئەری با سەری قسە بگۆڕین.
بابەک – پێتان خۆشە باسی چیتان بۆ بکەم؟ پێتان خۆشە سەبارەت بە وتارەکانم بۆتان بدوێم؟
- زمانت بشکێ بابەک شتێکی تر بڵێ با ئەمانە لە کۆڵت ببنەوە.
ڕۆیا – باسی خۆتان بکەن.
بابەک – باسی خۆم هەویرێکە ئاو زۆر دەبات.
مریەم و مەهتاب لە دوورەوە دیار بوون.
مریەم – نانی شێو ئامادەیە. فەرموون.
هەموو بەرەو مێزی نانخۆری چوون. مریەم هاتە لای بابەک و وتی:
- چاک بەزمەکەت خۆش کردبوو.
بابەک – بە گیانی شیرینی تۆ باسی ئەدەبیاتمان دەکرد. زیاتر سەبارەت بە لافۆنتێن و فێردەوسی بوو. با بچین نان بخۆین ئێستا سارد دەبێتەوە.
بە ئەسپایی بە گوێیدا سرتاندم:
- نیوکاتژمێری تر هەستە دەچینەوە ماڵ خۆمان، من ماندووم، دەترسم لەو کۆتاییانەدا بیقەومێنی.
بابەک – بڕۆین؟ من تازە ناویان فێر بووم.
پاش خولەکێک خزمەتکار چاو و قاوەی هێنا. هەموان هەڵیانگرت و لەگەڵ ئەوەی دەستمان کرد بە خواردن، مەرجان وتی:

دەزانم باوەڕم پێناکەن، بەڵام چەند شەو لەمەوبەر ل

- دەبی شتێکتان پێ بڵێم. یەکیان توانایەکی سەیری هەیە. ک

شوێنێکدا لەگەڵ چەند هاوڕێم کۆ بووینەوە. هەر هەموو ڕابردووی ئەو کەسە دەڵێ! ئیتر

کەسێک دەبینێ چاو دەبڕێتە چاوی، چراکانمان کووژاندەوە و لە دەور مێزێک کۆ

دەستی کرد بە ڕۆح هێنانەوە. ئەم هاوڕێیەم چووە حاڵەتی خەڵسەوە، لە ترسا

بیووینەوە. پاش نیوکاتژمێر، خەریک بوو دڵم بتۆقێ!

بابەک – بمرم بۆ ئەم حاڵەتی خەڵسەت.

مەرجان – پاش کەمێ دەنگە دەنگی هات!

بابەک – ئەوە دەنگی کێ بوو؟ یانی دەنگی چی بوو؟

مەرجان – نازانم، بەڵام پاش کەمێ ڕۆحەکە دەرکەوت.

بابەک – ڕۆحێکی بێئەدەب بووە؟ بۆنیشی دەهات؟

هەموو پێکەنین. بێژەن چاوی پڕ بوو فرمێسک.

مەرجان – بابەک مەیکە بە فشە، زۆر ترسناک بوو.

بابەک – کوێرابیم دایێ ئەگەر بە فشەم بێ، دەی چی کرد؟

مەرجان – هیچی نەکرد، قەڵەم و کاغەزێکم لە سەر مێزەکە دانابوو. ک چراکانمان کووژاندەوە، بینیمان لە سەر کاغەزەکە خاڵێکی دانابوو و ڕۆشتبوو.

شارزاد – هەمووی درۆ و خورافەیە. ئەگەر ڕۆح هاتبوو بۆچی هیچی لە سەر کاغەزەکە نەنووسیبوو؟

بابەک – ئەو جۆرەی دادە مەرجان پێناسەی دەکا واتە دەنگ و بۆ و ئەم شتانە، ڕۆحە مەعیدەی ژانی کردووە و نەیتوانیوە شتی تر بنووسێ!

دیسان هەموویان پێکەنینەوە.

نادرە – برا باسی ئەمانە مەکەن کابرا دەترسێ!

سەعید – هەمووی درۆ و ساختەچێتییە.

بابەک – درۆ نییە! من خۆم شتێکم بینیوە بیڵێم باوەڕ ناکەن!

هەموویان وتیان بیڵێ باوەڕ دەکەین.

بابەک – جارێکیان لە بیرمە لە ئێران بووین. چووینە ڤیلاکەمان لە باکوور. لە

بیرمە شەو بوو. نوسرەتولای باوکم ڕۆی فەلاسکی ئاوەکولەکەی ڕژاندە ناو باغەکە. دایکم وتی نوسرەت ئاوەکول دەڕژێنیتە سەر عەرز بیسمیلایەک بڵێ.
ڕۆیا – دایکت باوکتی بە نوسرەت بانگ دەکرد؟!
بابەک – کاتی شەڕیان دەبوو پێی دەوت ستوودە. کاتێک پێکەوە ئاشت دەبوون دەیوت نوسرەت. کاتی زۆر نێوانیان خۆش بوو پێی دەوت 'نووسە'.
دیسان هەموو پێکەنینەوە.
مەرجان – دەماڵتانە ... بێڵن با بیگێڕێتەوە!
بابەک – ئەری، ئەوشەوە باوکم بە قسەکەی دایکم پێکەنی. شەو خەوتین. پاش نیوکاتژمێر باوکم گوراندی. چوومە لای. زۆر ترسا بووم. باوکم دەیکوت لە خەودا نقوورچکم لێ دەگرن. ئەوشەوە هەتا بەیانی دوو سێ جار نقوورچکیان لە باوکم گرت و باوکم بە قیژەوە لە خەو ڕادەپەڕی! وەی لەو شەوە! هەتا بەیانی تۆقاین. ڕۆژ بووەوە، خوا ڕەحمی پێکردین. بەیانی باوکم لە خەو هەستا. زانیمان لەو مێرووله عەجەمانە لە ناو شۆرتەکەیدا بوو. باوکم هەر جاری کە تلی دەدا لە ناو پێخەفەکەیدا ئەو قەپاڵێکی لە باوکم دەگرت!
دیسان هەموویان دایان لە پرمەی پێکەنین.
مەرجان – خوا بتگری بابەک! زۆر ترسام.
بابەک – باوکم مێرووله قەپاڵی لێ دەگرت بۆچی دەترسن؟
سەعید – ئەم شتانە زۆر جار خەڵک خۆیان سازی دەکەن. خەڵکی قەدیم دەیانگێڕاوە ئینجا شاخ و باڵیان پێ دەدا و بۆ خەڵکی دیکەیان دەگێڕایەوە.
مەرجان – نا، ڕۆح هەیە و ئەوەش هەیە وا نامەوێ ناوی بێنم.
شارزاد – مەبەستت جندۆکەیە؟
نادرە – قسەی ترتان نییە بیکەن؟ دڵم داخورپاوە!
ژانت – نا ئیدی، بەسە، ترسم لێ نیشتووە، باسی شتێکی تر بکەن.
بابەک – گوێ بگرن با شتێکتان بۆ بگێڕمەوە پێبکەنن. باوکم ئەمەی بۆ گێڕاوینەتەوە کە ئەمە بۆ باپیری ڕووی داوە. دەیگێڕاوە کە گوایا برای باپیری جەڵتە لێیداوە و مردووە. بردوویانە کە بینێژن. کاتی جەنازەکەیان شت هێنایان

بینێژن زندوو دەبێتەوە! هەرکە مردووەکە زیندوو دەبێتەوە و هەڵدەستێ و دانیشێ هەموو ئەوانەی کە هاتبوونە بۆ مەراسیمی ناشتنەکەی لە ترسا را دەکەن و دەڕۆن! کابرای گۆڕکەن کە ئەمە دەبینێ دەدا بە سەر مردووەکەدا کە بۆچی زیندوو بۆتەوە! ئینجا دەگوڕێنێ دەڵێ: "مەترسن، بگەڕێنەوە، بە پێمەڕە لێمدا کوشتم!

دیسان هەمووان پێکەنین.

ساندرا – ئەو کات ئەو کابرایان دادگایی و نەخستە زیندان؟

بابەک – کوڕە نا خەڵاتیشیان کرد.

نادرە – من باش دەزانم، هەرچی ڕۆح و جندۆکە و مردووە دێنە خەومان.

شارزاد – دوێشەو کاناڵی ١٢ فیلمێکی پیشان دەدا زۆر ترسناک بوو. لە کوێرە شارێک هەر هەموو مردووەکان لە گۆڕەکانیان هاتنە دەرەوە و بە ناو شاردا دەگەڕان.

ڕۆیا – بۆ هاتبوونە ناو شار؟

شارزاد – هەر شتێک دەهاتە بەر دەستیان ئەنجن ئەنجنیان دەکرد و دەیانخوارد.

بابەک – چوونکە ئەم بیانییانە خێر و خێرات بۆ مردووەکانیان ناکەن. دەی ئەو مردووانەش ناچارن خۆیان زگی خۆیان تێر بکەن. جا من مردم هەموو شەوێکی هەینییانە حەڵوا و خورما و نانم بۆ خێر بکەن دەنا برسیم دەبێ و دێمە ماڵەکانتان و یەکی قەپاڵێکتان لێ دەگرم!

ئەو شەوە بە قسە خۆشەکانی بابەک شەوێکی خۆشمان ڕابوارد.

شەو مەهتاب ویستی بمانباتەوە نەمانهێشت و هەر دووکمان پێکەوە لە ماڵ هاتینە دەرەوە و بەدەم پیاسە کردنەوە بەرەو ماڵی خۆمان وەڕێکەوتین. لەگەڵ ئەوەی دەڕۆشتین بابەک وتی:

- شەوێکی خۆشبوو! سبەی یارمەتیم بدە چەند دانە دێری شێعر بۆ ئەو پووردزا ناشیرینەت بنووسم با لە کۆڵم بێتەوە.

- گوو مەخۆ! مریەم ناشیرین نییە بگرە زۆریش جوانە!

بابەک – کەس بە ماستی خۆی نالێ ترشە!

- بە ڕاستە بابەک؟ یانی مریەمت بە دڵ نییە؟

بابەک – ئەگەر بە دەست تۆ بێ پوورزاکەتم بە سەردا ساغ دەکەیتەوە، نا؟

- گوو مەخۆ! مریەم دە دانە خوازبێنی هەیە! دەی پێت چۆنە؟

- وەڵا جا چووزانم؟ کچێکی جوانە. هەم جوانە هەم شیرینە. ناسراویشە. لە زۆر ڕووەوە لێی دڵنیام. ڕاستییەکەی خۆشمدەوێ، دەنا وانەبا جوابم دەکرد. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئەو کچەی من دەمەوێ بیهێنم دەبێ تاقیم کردبێتەوە. دەبێ ئەوپەڕی ڕێزم لێ بگرێ.

- چی دەڵێی؟ چ ڕێزێکت لێ بگرێ؟

بابەک – دەبێ پشتیوانم بێ، دەبێ ئەوەندەی خۆش بووێم کە ئامادە بێ فیداکاریم بۆ بکات.

- ئەوە هەر پوورم بۆتی دەکات.

بابەک – ئەزقەزا بە تەمام بێم نەنکت مارە بکەم ژنێکی چاکە.

- وەرە با تاکسییەک بگرین. سبەی دەبێ بچم وێنە و پشکنینت بۆ بکەم و بتبەمە دکتۆر.

بابەک – وەرە با پێکەوە بڕۆین، منیش دێم.

- بە گیانی تۆ شەوی لێ دێ من ماتەممە. سەر دەنێمە سەر سەرین ئەم بەرنامانە دەست پێدەکات.

بابەک – نەکا جندۆکە و شتت هەبێ؟

- فشە ناکەم بابەک. حاڵم هیچ باش نییە.

بابەک – بە گیان بابەک هیچ نییە. هەموو لەبەر دەرس و دەورە. کەمێک تێپەڕێ حاڵ و وەزعت باش دەبێت.

- وەڵا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبێ. وەرە تاکسی هات. ڕایبگرە.

## بەشی سێیەم

سبەی بەیانی، وەڵامی پشکنین و تیشکەکانمان وەرگرتەوە و چووینە لای پزیشک. دکتۆر چاوەڕێ بوو. ڕاست چووینە لای. پاش ئەوەی پشکنین و تیشکەکانی سەیر کرد وتی:

- وەک پێشتریش وتم تۆ هیچ کێشەیەکت نییە.

بابەک - کاکە دکتۆر، هەتا ئێستا سێ پزیشک ئەمەیان وتووە، هەتا ئێستا بۆ ئەم ئارمینە سێ جار هەموو جۆرە پشکنینێکمان ئەنجام داوە. هەموویان دەڵێن ساغە و هیچی نییە. ئەی ئێستا ساغ و سەلامەتە ئەی بۆچی شەوانە خەوی خراپ دەبینێت؟

دکتۆر هەریس - ئەوەندەی من بزانم خەوی زۆر خراپیش نابینێ وایە؟

- من هەر خەو نابینم! بەڵام لەگەڵ ئەوەی دەخەوم، دەڵێی یەکێ بانگم دەکا! بەو دەنگە ڕادەچڵەکم! سەیر لەوەدایە دوای ئەوە هیچم وەبیر نایە!

دکتۆر هەریس - من دوێنشەو لەگەڵ کۆمەڵێ لە پسپۆڕانی دیکە دانیشتنم بوو. لەگەڵ هەموویان بە ئەنجامێک گەیشتم. بە ڕای ئێمە باشترین کار هیپنۆتیزمە. لەوانەیە لە ناوشیارگەتاندا پرسێک هەبێ کە خۆشتان لێی بێئاگا بن. بەڵام هەر ئەوە نارەحتتان دەکات.

- بەڵام من دەڵێم هیچ کێشەیەکی بنەماڵەییم نییە.

دکتۆر هەریس - خۆ تەنیا کێشەی بنەماڵەیی نییە کە ئەم کێشانە ساز دەکات. بینینی فیلمێکی ناجۆر لە منداڵیدا! یان تەنانەت بینینی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەتوانی لە زەینتاندا وێنەیەکی خراپی بەجێهێشتبێ. لەوانەیە شتێکی واش نەبێت. لەم

کاتانەدا هیپنۆتیزم دەتوانی یارمەتیدەرێکی باش بێت.
- کێشەم نییە. ئامادەم.
دکتۆر هەریس – زۆر باشە. تکایە لە سەر کاناپە درێژ بینەوە. پێڵاوەکانتان داکەنن.
هەستام و لە سەر کاناپەیەک کە لە سووچێکی ژوورەکە بوو ڕاکشام.
دکتۆر تیشکی چراکەی کەم کردەوە و بە زنجیرێک کە شتێکی پێوە لکێنرابوو هات و لە سەر کورسییەک کە بەرامبەرم بوو دانیشت و لە حاڵێکدا کە زنجیرەکەی ڕادەتەکاند قسەی لەگەڵ کردم پێی وتم: ئەو شتەی کە بە زنجیرەوە لکێنرا بوو و بە هۆی تیشکی ڕووناکییەکەوە، بریقەی دەداوە، سەیری بکەم. لە قسەکانی پێشتری تێگەیشتم کە دەیکوت:
- تۆ ئێستا ئارامی و تەواو هەست بە ئاسوودەیی دەکەی. ئێرە هیچ شتێکی لێ نییە کە ئارامیی تۆ تێک بدات. چاوەکانت ئێستا کەمە کەمە قورس دەبێت. خەوت دێت. وەکوو تافی منداڵیت. تۆ ئێستا لەبەر پەردەی سینەما دانیشتووی و سەیری پەردەیەکی سپی و خاڵی دەکەی. هەر هەموو بیر و هۆشت دەبێ چڕ بکەیتەوە. هیچ شتێک نییە کە پێشت پێ بگرێت. بیری تۆ ئازادە. جەستەت خەریکە سووک دەبێت. تۆ لە زەمەن دەرباز دەبیت. زیاتر خەوت دێت. ماندووی پێویستە بخەوی. هیچ ئیرادەیەکت نییە. لەشت لە ژێر ڕکێفی خۆتدا نییە. پێڵووەکانت قورستر بووە. ئێتر هێزی ڕاکێشانیش کارت لە سەر ناکات. باشتر وایە بخەوی. کات بۆ تۆ دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، هەستێکی باشت هەیە. پێت خۆشە هەڵفڕی، ئێتر ناتوانی چاوەکانت بکەیتەوە ...
ئێتر هەستم بە هیچ نەکرد. لە ناکاو هەستم کرد کە ئێتر خۆم نیم.
کاتێ دکتۆر هەڵیساندم، دەتکوت سێسەد ساڵە خەوتووم! هەستێکی خۆشم هەبوو. ئێتر ماندوویێتی و شەکەتی لە لەشمدا نەبوو.
کاتێک پێڵاوەکام لە پێ دەکرد و لە سەر کورسی بەرامبەر بە مێزی دکتۆر دانیشتم، هەستم کرد نیوەی نارەحەتییەکەم تەواو بووە. بابەک بەرامبەرم لە سەر

کورسییەک دانیشتبوو. پێم خۆشبوو دکتۆر قسە بکا کە بزانم کێشەکەم چییە.

پاش کەمێک دکتۆر وتی:

- وەک خۆشتان ئاماژەتان پێدا لە ڕابردوودا کێشەیەکان نەبووە. ئێستا چ هەستێکتان هەیە؟

- زۆر باشم جەنابی دکتۆر. وەزعم باشتر بووە.

بابەک - کەواتە کێشەی ئارمین چییە؟

دکتۆر هیچی نەوت. جگەرەکەی بە چەرخ داگیرساند و وتی:

- دووکەڵ بێتاقەتت ناکا؟

پێم وت نا. چەند دانە مژی لە جگەرەکەی دا و چووە فکر و خەیاڵەوە.

پاش کەمی بیرکردنەوە وتی:

- زانستی مرۆڤ تەواو نییە. هەندێ پرسیار هەیە کە زانست وەڵامیانی پێ نادرێتەوە! ڕۆح و دەروون و هەستی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزە! مەخابن زانستی ئێمە لە دەروونناسیدا زۆر کەمە. لەم بوارەدا هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانداین. سەبارەت بە ئێوە دەبێ بڵێم وەک خۆت وتت هیچ کێشەیەکی ڕۆحی و دەروونیت نییە.

- دەی بۆ شەوانە ئازارم دەچێژم؟

دکتۆر - هۆکارەکەی لەوانەیە زۆر شت بێت. ماندوویتی، دووری لە وڵات، دووری لە بنەماڵە و زۆر شتی تر، بەڵام بە بۆچوون و تێڕامانی من کێشەی ئێوە لای دکتۆر نییە. ڕەنگە ئێمە بتوانین بە دەرمانی بەهێز ماوەیەک چارەسەرتان بکەین، بەڵام ئەمە تەنیا ئازارشکێنە. چارەسەری تۆ لە شوێنێکی تر یان شتێکی ترە. ڕەنگە دەستی نەوازشی دایک و یان وشەیەکی پڕ لە سۆزی باوک، کاری سەد چارەسەر ئەنجام دەدا. ئێوە ڕۆژهەڵاتین و خاوەن هەستی ڕۆژهەڵاتی.

من پێشنیارت پێ دەدەم ماوەی چەند مانگ بچۆوە بۆ نیشتمانی خۆت. بچۆ ماڵی خۆتان. بچۆ بۆ لای خانەوادەکەت. من پێموایە ئەمە باشترین چارەسەرە. دیسان جەخت دەکەمەوە ئێوە نەخۆش نین، بە دڵنیاییەوە ئەمەتان پێ دەڵێم.

زۆر بێتاقەت بووم. وەبیر ئەوە کەوتمەوە کە دیسان دەبێ شەو بە هەزار بەدبەختی هەتا بەیانی بێدار بم و لەشم بلەرزێ. بە پزیشکم وت:

- تۆ هەر ئەوانە بۆ من دەگێڕیتەوە؟ تۆ نازانم من چ ئازارێک دەچێژم! ئێوە نازانن لەگەڵ تاریکداهاتنی هەوا خەم و خەفەت ناخم دەتەنێت. من مرۆڤێکی ترسنۆک نیم دکتۆر. بەڵام ماوەیەکە لە شەو دەترسم! تەنانەت لە ژوورەکەی خۆشم وەحشەتم هەیە. ئەگەر ئەمە چەند ڕۆژ بخایەنێ لەوانەیە لێو و شێت بم.ئاوا بڕوا پاش کەمێکی تر نە تاقەتی دواندنی کەسم دەمێنێ نە تاقەتی بینینی کەس! دوێشەو دای لە سەرم هەموو حەبەکانت یەکجێ بخۆم با لانیکەم شەوێ وەک بنیادەم بخەوم.

دکتۆر - ئەمە زۆر خراپ و مەترسیدارە! تۆ گەنجێکی خوێندەواری. دەبێ دان بە خۆتدا بگری.

- بەرگەی ئەم دۆخە ناگرم. بەهەر حاڵ سوپاستان دەکەم. ئێوە هەوڵی خۆتانتان دا. سوپاس دکتۆر.

لە سەر جێگاکەم هەستام و دکتۆر وتی:

- من باش دەزانم کە لە وڵاتی ئێوەدا کەسانێک هەن کە دۆعا و تەلیسم و ئەم شتانە ساز دەکەن و دەیدەن بە خەڵک ڕاستە؟

- ئەریوەڵا کاکە دکتۆر گیان. دۆعانووسن.

دکتۆر - وەک من دەزانم هێشتا هەندێک کەس ئەم کارە دەکەن و زۆر کەسیش باوەڕیان پێیە. هەڵبەت هەندێکیشیان شێوازی کۆن بە کار دەبەن و هەندێکیان بە شێوازی نوێ. وەکوو فاڵی قاوە و ئەم شتانە. هەڵبەت نە تەنیا لە وڵاتی ئێوە لە زۆر وڵاتی دنیادا ئەم کارە دەکرێ، بە شێوازی جۆراوجۆر. هەر لەم وڵاتەی ئێمەشدا هەیە. دەمەوێ بزانم ئێوە باوەڕتان بەو شتانە هەیە؟

- نا جەنابی دکتۆر.

دکتۆر - خۆشحاڵم، بەڵام پێتان بڵێم هەندێ کەس بە ڕاستی هێزی میتافیزیایان هەیە! هێزی زەینیی سەیر! من یەکیان دەناسم، ساختەچی نییە. ناتوانم بۆتانی

ڕوون بکەمەوە کە چۆن ئەم کارانە دەکات. بەلام سەبارەت بە کاریکی زانیارییم هەیە.

لە سەر کاغەزێک ناو و ئادرەسێکی نووسی و لە سەر میزەکەی دانا و لە منی نزیک کردەوە و وتی:

- هیوادارم ئێوە باشترین بڕیار بدەن، ئەگەر توانیتان بەردەوام پەیوەندیم پێوە بگرن من با لە جەرەیاندا بم. ڕووی کردە لای پەنجەرەکە و مژێکی لە جگرەکەی دا.

بە نابەدڵییەوە کاغەزەکەم هەلگرت و بە مالئاواییەک لە ژووری دکتور هاتینە دەرەوە.

کاتێک کە سواری ئۆتومبیل بووین لە بابەکم پرسی:

- کاتێ منی هیپنۆتیزم دەکرد چم دەکرد؟ چیم دەوت؟

بابەک – چووزانم.

- بۆ تۆ لەوێ نەبووی؟

بابەک – بەلام کە دکتور وتی هەتا سێ دەژمێرم و تۆ دەخەوی منیش خەوتم. کە تۆی بانگکرد منیش هەستام.

- های بە زیاد نەبێ! ئەوە تۆم برد لەگەلم بێت.

بابەک – ئەی چیبکەم برا، خەوم لێکەوت! دوێشەو خۆ نەتهێشت بخەوم، هەتا خۆت خەوت لێکەوت. دە خوولەک تێنەدەپەڕی دەتقیژاند و ڕادەچلەکیت. منیش هەر لە ژوور سەرت بووم.

- وەلا وایە. تۆش بە هۆی منەوە خەوت نییە.

بابەک – بە قوربانی خۆت بێ. من ئامادەم هەزار شەوی تر لە بان سەرت بم بۆ ئەوەی تۆ خۆش بێت.

- دەی ئێستا من چی بکەم؟ بچین بۆ لا ئەو فالگیرە یان نا؟

بابەک – وەلا جا چووزانم؟ خۆ من باوەڕم بە شتی وا نییە، بەلام دکتور هەریس کەسێک نییە لە خۆوە پێشنیارێک بدات. دیارە ئەو کەسە کارەکەی باشە.

دەزانی چییە فالکەت بۆ دەگرێتەوە کەمێک باسی ڕابردووت دەکا و ئینجا پێت دەڵی کەی بەختت دەکرێتەوە و پاشان دەڵی دەستێک بە دەموچاوتدا بێنە! کاتێک کە هەستای دەڵی بیبوورە شایەنیشی نییە منداڵی بەخسیرم هەیە.

- بە جەهەنەم. چش لە هەموو شتێک. با خەوی شەوانەم خۆشبی بە هەموو شتێک ڕازیم. وەک نووقمبوویەک کە پەلاماری هەموو شتێک دەدات.

بابەک - ئێستا بڕۆین یان پاشنیوەڕۆ؟

- ئێستا نیوەڕۆیە. پاشنیوەڕۆ دەچین.

ئۆتۆمبێلەکەی هەڵکرد و وەڕێکەوتین. کە گەیشتینە بەر دەرگای ماڵی خۆمان، مریەمم بینی کە بە ئۆتۆمبێلێکی جوانەوە ڕاوەستاوە و چاوەڕێمانە. دابەزین و سلاو و چاک و خۆشیمان کرد و من و مریەم چووینە سەرەوە و بابەک ئۆتۆمبێلەکەی برد بۆ پارکینگ. کاتێک چووینە ئاپارتمان، مریەم چوو چا بێنێ و هەتا بابەک هاتە سەر وتی:

- ئارمین چووبوونە کوێ؟

- بۆچی؟

مریەم - قەدەرێکە لە خوارەوە چاوەڕێتانم بەم بەیانییە زووە چووبوونە کوێ؟

- لە شوێنێک ئیشمان بوو؟ تۆ بۆ هاتی بۆ ئێرە؟ چی بووە؟ هاتووی بابەک ببینی؟

پێکەنی و وتی:

- ئەری.

- زۆرت خۆش دەوێ؟

مریەم - نازانم. ڕاستییەکەی هاتووم لە تۆ بپرسم. دەمەوێ بزانم کەسێکی دیکەی خۆش ناوێ؟

- ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە کەسێکی خۆش دەوێ دەڵێم نا.

مریەم - یانی من لە خۆوە خۆشم دەوێ؟

- هیچ دۆستایەتی و عەشق و خۆشەویستییەک ناتوانی بێجێ بێت. بەلام

سەبارەت بە بابەک دەبێ بڵێم بیر و ڕای ئەو لە بارەی عەشق و خۆشەویستی تایبەتە! بەتایبەت بۆ هاوسەرگیری ... تماشا مریەم با ئاوا بۆتی شیبکەمەوە. بابەک تا کچێک تاقی نەکاتەوە عاشقی نابێت. بابەک کوڕێکی جوانچاک و خۆشدیمەن، خوێندەوارە و باری ئابووریشی باشە. دەست لە سەر هەر کچێک دانێ نای پێ نالێ. ئەمانە تۆ باشتر دەیزانی بۆیە چەتوونە هەر وا کچێک بۆ هاوسەرگیری دەستنیشان بکات. ئێستا تۆ باش بیری خۆتی لێ بکەوە بزانە چیم پێ وتی!

لەم کاتەدا بابەک هاتە ژوورەوە و وتی:

- ئەوشەو بلیتێکی بەختتاقیکردنەوەم کڕیبایە دەمبردەوە.

مریەم – بۆچی؟

بابەک – هیچ. کابرا لە دەرگاوە بێتە ژوورەوە کچێکی قەشەنگ و جوانی وەکوو تۆ ببینێ دیارە ئەوە بەخت یاریەتی. دایکت چۆنە؟ دادە مەهتاب و کاک فەرزاد؟ هەموویان باشن؟

مریەم – هەموو باشن لێتان دەپرسن.

بابەک – یاخوا من بمرم وا دایکت ڕۆماتیزمەی هەیە. دایکێکی زۆر دڵسۆز و میهرەبانە. قولاپەی پای چۆنە؟ دوێشەو وتم ئەوە بۆ ئاوا هەڵماسیوە!

- بابەک خۆ پوورم لێرە نییە بۆ ئاوا زمانلووسی دەکەی؟

بابەک – با لێرەش نەبێ! خۆ سۆزەکەی هەر لە دڵمدایە. ئەرێ بە ڕاست دادە مەهتابت بۆ نەهێنا؟

مریەم – مەهتاب لە ئارمین قەڵسە. ئارمین کەمێک ئەزیەتی کردووە.

بابەک – ئارمین گووی خوارد. لە گۆڕی بابی بەم کە دەبێتە خاڵت.

ئینجا ڕوویکردە من و وتی:

- هۆ هەتیو چت داوە لە کچی خەڵک؟

من و مریەم پێکەنین.

بابەک – تۆ بە مەهتاب بڵێ خۆی بێتاقەت نەکات. من خۆم ئەم هەتیوە تەمبێ دەکەم. ئارمین لەوەتەی قوتابخانەکەی گۆڕیوە، لەگەڵ کۆمەڵێ قوتابی هەرچی و

پەرچی بۆتە هاوڕێ، کەمێ ئەخلاقی خراپ بووە. لەم ماوەدا فێری جوێنیش بووە. ئەوشەو بیبەر دەکەمە دەمی. بزانم قسەی ناشیرینت بە دادە مەهتاب کردووە بە کەوچک زمانت داغ بکەم.

- من دوێنشەو لەگەڵ دادە مەهتاب قسەم نەکردووە کە قسەی ناشیرین بکەم.

مـریەم – ئەزقەزا ئەویـش هەر لەوە نـاڕەحەتە. دەڵـێ دوێـنشـەو ئـارمین هـیچ نەیدواندم.

بابەک – ئاوا. هەتیوەی خوێڕی بەڕەڵا، دوێنشەو بۆ دادە مەهتابت نەدواندووە کە ئێستا ئاوا بێتاقەتە؟ ئێستا تەلەفۆنەکە هەڵدەگری چوار قسەی بۆ دەکەی با دادە مەهتاب لە دڵی دەربێت.

مریەم – دوێنشەو دەوروبەرتان قەرەباڵغ بوو بۆ خۆتان سەرقاڵ بوون.

بابەک – کەواتە ئۆپەراسیۆنی هاتنت بۆ تۆڵەکردنەوەی دوێنشەوە؟ ئارمین بچۆ سەنگەر؟ دژومن هاتۆتە ناو نیشتمانمانەوە! فەرماندەی شەڕ پوورتە.

مریەم – من بە ڕاست قسە دەکەم، پێتوایە باوەڕم بەو دەفتەری شێعر و بەرگی زەرد و گوڵی سوورەم کرد؟

بابەک – بە ڕاست باوەڕت نەکرد؟

مریەم – من وەکوو ئەوان ساویلکە نەبووم باوەڕت پێ بکەم.

بابەک – ئافەرم.

مریەم – هاتم قسەت لەگەڵ بکەم بە جیدیمە.

بابەک – دەی قسە دەکەین خۆ براکوژیمان نییە؟ شەڕ ناکەین. تۆ سێ دانە چا بێنە پێکەوە دادەنیشین قسە دەکەین. ئەوە خاڵۆزاکەشت لێرەیە. دەبێتە داوەرمان. قەپاڵ لە یەکتر گرتنمان نییە. سەر و گوێلاک هێنانە خوارەوەمان نییە! جوێنیشمان نییە.

مریەم سەیرێکی کرد و چووە ناو چێشتخانە. بابەک بە ئەسپایی بە منی وت:

- قوڕ کرا بە سەرماندا.

- تۆپەکەی پڕە. وریا بە. تۆ قسەی لەگەڵ بکە.

پاش خولەکێک مریەم بە سێ کووپ چاوە هاتە ناو هۆڵەکە و چاکەی لە سەر مێز دانا و خۆشی لە سەر مێز دانیشت. سەیریانم دەکرد. هەر دووکیان بێدەنگ بوون و چوونە فکرەوە.

بابەک چاکەی خواردەوە وتی:

- دادە مریەم، من هەتا ئێستا خۆشەویستیی خۆمم بۆ تۆ دەربڕیوە؟

مریەم – نا.

بابەک – کارێکم کردووە کە تۆ پێت وابووە خۆشم دەوێی؟

مریەم بە سەر وەڵامی نای داوە.

بابەک – دەی ئەمە لەمە. بەڵام بابەتەکەی تر. من و تۆ خزمین. خزمایەتییەکمان هەیە. هەر لەبەر ئەوەش ڕاحەت قسەتان لەگەڵ دەکەم. من یان ژن ناهێنم یان ژنێک دێنم کە پێم باش بێت. دەزانم تۆ جوانی، باڵا ڕێک و پێک و بەژن بەرزی، دەزانم خوێندەواری و باری ئابووریشتان باشە. خوازبێنیشت زۆرە. هەموو ئەمانە دەزانم. بەڵام پێوەری من بۆ هاوسەرگیری ئەمانە نییە. تەواو!

ئەمانەی وت و جگرەیەکی داگیرساند و سەیری مریەمی کرد.

مریەم هەستا و جانتاکەی هەڵگرت و ڕۆشت.

کاتێک دڵنیا بووم لە ماڵ چۆتە دەرەوە بە بابەکم وت:

- عەمرت نەمێنێ بۆ قسە کردنت. نە بەو زمانلووسییەت و نە بەو قسە تاڵییەت.

جگەرەیەکی داگیرساند و دای بە من و وتی:

- زۆر خراپ قسەم لەگەڵ کرد؟

- ئەرێوەڵا.

بابەک – خۆشم بەزەییم پێدا هات. زمانم بە برین چی وا ناتوانم ڕایبگرم.

- گوو مەخۆ.

بابەک – خۆشم دەوێ. بەڵام ئەمە بۆچوونی منە. من ئاوا ژن ناهێنم.

- هەستە نانی نیوەڕۆ ساز کە. خەریکە قرم دێ، نۆرەی تۆیە ئەوڕۆ.

بابەک – کاتێکی خراپیشی بۆ قسە کردن هەڵبژارد. من هەتا نەزانم کێشەی تۆ و

خەوەکەت چییە بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەمەوە.

- زۆر بۆم بە پەرۆشی؟

بابەک – من و تۆ لە منداڵییەوە پێکەوەین. یان تۆ لە ماڵی ئێمە بووی یام من دەهاتمە ماڵی ئێوە. ئەگەر براشم ببووایە هێندەی تۆ خۆشم نەدەویست. مریەم لە خۆوە گیری داوە! هەڵبەت ناحەقیشی نییە فەقیرە. نازانی تۆ لە چ وەزع و دۆخێک دای. دەی نان دەخۆی؟

- دەی نانی نیوەڕۆ من سازی دەکەم چش.

هەستام و ماچێکم کرد و چووم بۆ چێشتخانە.

بابەک – منداڵ ئاوا کەر دەکەن ئیتر.

لای پاشنیوەڕۆ لەگەڵ بابەک چووینە لای ئەو فاڵگیرەی وا دکتۆر هەریس ئادرەسەکەی پێدام. لە ناو ڕێگەدا بابەک قسەی قۆڕی دەکرد و دەیکوت:

- وریابە ئارمین، ئەگەر داوای پارەی زۆری کرد نەیدەی. با بڕێک چەنەی لەگەڵ لێبدەم.

پێم وا نییە کەسێکی وا بێ. دکتۆر لە خۆوە کەس ناناسێنێت.

بابەک – دە ژیانە ئیتر زۆریش پیاوی چاک بوو هەر دەبێ داوای پارە بکات. کاری ئەوەیە. ئەمانە کابرا دەبەنە ناو ژوورێکی نیوە تاریک. لە ناوەڕاستی ژوورەکە وێنەی جۆراوجۆریان داوە لە دیواری ژوورەکە. دیارە ئەو جادووگەرەش جلوبەرگی سەیری سەیری لەبەر کردووە. بالووکەیەکیش لە بن باغەڵیەتی. قاوەیەکت پێ دەدا و دەست دەکا بە گەوجی گەوجی. لاوی چاک بەختت کراوەتەوە. بەڵام تووشی گرێکوێرەیەک هاتووی، ئەو گرێ کوێرە نایکرێتەوە. دوژمنت هەیە! گۆشتکوتێک لە ناو فاڵەکەتدایە. لە پوورت دەچی! چاکەتی ناوێ. بەڵام زەمیشت ناکات. جووتێک چاو دەبینم سڵی لێبکە. وازی لێبێنە با بڕوات. هاوڕێیەکت هەیە، دوژمنتە دوژمنێکی ڕووڕەشە. بیرێک کەوتۆتە مێشکتەوە، بە تەمای بیکەی. مەیکە. ئەوەی تر بکە. سەگبابێک دەیهەوێ یارمەتیت بدا درۆ دەکات.

ئەری ئادرەسەکەی کوێ بوو؟

- دەبێ لەم چوارڕێیانەدا بای دەی.

بابەک – دەی لەمە تێپەڕین بچین بۆ لای ئەوەی تر.

- چەندە قسە دەکەی بابەک. دەور لێدەوە با بڕۆینەوە.

بابەک – چاکە ئەوەی دەچینە لای ئێرانی نییە. دەنا میزی کوڕی پێنەگەیشتوو و چلکی نینۆکی مردوو و ئاوی تانەشۆری پێت دەدا بۆ ئەوەی جادووەکەت پووچەڵ ببێتەوە.

- بێئەدەب.

بابەک – بێئەدەب چی؟ ئەوانە باشترین دەرمانە. هەر کام لەم فالگیرانە ئەم دەرمانانە پێشنیار دەکەن. وەک شتێ لەو ئیشەی خۆیاندا پسپۆڕن. وەکوو پزیشکی کۆنن هەر کەس دەچوو عیمالەیەکیان دەکرد دواتر دیمکراویکیان پێدەدا. بەڵام پزیشکی ئێستا پسپۆڕن، پشکنینت بۆ دەکەن و ئانتی بیوتیکت پێ دەدەن و لەم شتانە!

- ئەو دەرمانانەی وا ئەو دەینووسێ لێرە نییە.

بابەک – کێشە نییە دەی، هەمیشە خەڵک دەرمانی دەگمەنیان دەوێ، نامە دەنووسن بۆ یەکێ لە خزمەکانیان لە ئێران کە لەوێوە بۆیان بنێرن. تۆش نامە بنووسە بۆ ئێران لەمانەت بۆ بێنن! ئەگەرچی سوودیشی نییە ئەم دەرمانانە تا دەگەنە ئێرە ماوەیەکیان پێدەچێت. ئەگەر ئەم فالگیرە هات دەرمانت بۆ بنووسێ لێی بپرسە ئەگەر لێکچووی ئەوە بوو دەتوانی بە کاری بێنی؟ مەبەستم ئەوەیە میزی کوڕی پێنەگەیشتوو نەبوو دەی نەبوو. لە بری ئەو میزی کوڕی پێگەیشتوو بە کار دەبەین. خۆشم ئەوە لە خزمەتدام. ئەم دەرمانە خۆم پێتی دەدەم. چاکەکەی لەوەدایە خۆمان ڕاستەوخۆ بەرهەمی دێنین.

- عەمرت نەمێنێ بە خۆت و دەرمانتەوە.

بابەک – خەتای منە وا ئاوا مشوورت دەخۆم هەوڵمە دەرمانت بۆ بدۆزمەوە زوو چارەسەر بی. بە جەهەنم. لە بیرت نەچێ ئەگەر بە نیاز بی حاڵت باشتر بێ

دەبێ دەرمانەکانت لە کاتی خۆیدا بخۆی دەنا سوودی نییە.

- ڕایگرە ئەوەتا شەقامەکەی.

بابەک – سەیری تابلۆکەی بکە.

- پێموایە لێرەیە. نەکا دکتۆرەکە ئادرەسەکەی هەڵە دابێ؟ بەڵام لە سەر دەرگاکەشی نووسراوە.

بابەک – لێرە کۆشکە. ڕەنگە لێرە کار دەکات.

- ئەگەر لێرە کار دەکا ناویان لە سەر دیوارەکە نەدەنووسی.

بابەک – سەیری ماڵەکە بکە. حەوشەکەی بە قەت زەوی تۆپێن دەبێ! نەکا دکتۆر لە خشتەمانی بردبێت؟

دابەزین. ئەو ئادرەسەی وا دکتۆر دابووی هەر ئەوە بوو، بەڵام لەگەڵ عەقل یەکی نەدەگرتەوە. لەو شوێنەی وا ئێمە ڕاوەستابووین نزیکەی دووسەد مەتر لە بینای سەرەکی دوور بوو. شوێنەکە چیمەن و گوڵ و گوڵزار بوو. بیناکە لە کۆشک دەچوو. وەکوو کۆشکی ناو فیلمەکان.

من کەمێک دوودڵ بووم، بابەک لە ئایفۆنەکەی دا. ژنێک وەڵامی داوە و ئێمەش ناوی خۆمانمان وت. لە بەر دەرگاکە کامێرایەک دانرابوو کە ئێمەی لە هەر دوو لاوە دەبینی.

کە ناوی دکتۆرمان هێنا دەرگای کردەوە. وتی خاتوون چاوەڕێتانە و ئینجا وتی ئەگەر بە ئۆتۆمبێل هاتوون بۆمان هەیە بە ئۆتۆمبێلەکە بێینە ژوورەوە. دەرگای ماڵەکە یانی کۆشکەکە کارەبایی بوو. وەکوو هی ناو فیلم.

ئێمەش سواری ئۆتۆمبێل بووین و چووینە ناو بیناکە و لە بەر بیناکە ئۆتۆمبێلەکەمان ڕاگرت و پیاوێک بە جلوبەرگی خزمەتکارەکانەوە لە پلیکانەوە هاتە خوارەوە و سڵاوی کرد و سوویچەکەی لە بابەک وەرگرت و ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ خۆی برد. بابەک بە دەنگی بەرز وتی:

- کورە لەگەڵ کچ و شت پێی نەچێتە دەرەوە. ئاجان[٢] بتگری ئیتر من کارم نییە.

- بابەک بێدەنگ بە. تۆخودا ئیتر لێرە خۆت کۆنترۆڵ بکە.

---

[٢]- پۆلیس

بابەک - شوفێرمە. هەندێ جار ئۆتۆمبێلەکەم لەگەڵ خۆی دەبا دەوریکیشی پێ لێدەدا. لە لای هاوڕێ و هاوسەر فیزی پێ لێدەدا. گەنجە. هیچی لەگەڵ ناکرێ.

- بابەک بێدەنگ بە.

لە پلیکانەکان هاتینە خوارەوە خزمەتکارێکی کچ، کە ئەویش جلوبەرگی تایبەتی لە بەر بوو هات و سلاوێکی کرد. بابەک لەگەڵ ئەوەی چاوی پێکەوت وتی:

- سلاو لە جوانییەکەت. چۆنن؟ بەخ بەخ بەخ! چ سەنگینی و مەندییەک؟! ببوورن ئێوە خاوەنی ئێرەن؟

خزمەتکار - نەخێر من لێرە کار دەکەم.

بابەک - ببوورن من پێم وابوو ئەم ماڵ و حاڵە هی ئێوەیە. دیسانیش ببوورن ئێوە مووچە وەردەگرن؟

کچە کاس و وڕ ببوو هەر وا سەیری دەکردین.

بابەک - ئەگەر ئیشکی باشترتان بۆ دەست بکەوێ دەیکەن؟ مووچەکەشی چاکە. رەنگە دووقاتی ئێرەتان پێ بدەن.

خزمەتکار - دەبێ بزانم ئیشەکە چییە؟

دەستی بابەکم گرت و کێشام و لەگەڵ یەکتر چووینە ناو هۆڵێکی گەورە. دار و دیواری پڕ بوو لە وێنەی کۆن و گران. تەرکی هۆڵەکە بە بەردی زۆر جوان ڕازێنرابووە کە بریقەی دەداوە. دەوراندەور گوڵدانی گەورەیان دانا بوو کە هەموو جۆرەکانی درەختی قەشەنگیان تێدا چاندبوو.

خزمەتکارەکە وتی:

- تکایە بێنە ژوورەوە.

لەگەڵی چووینە ناو هۆڵێکی گەورە. چەند دانە ڕێڕەومان تێپەڕاند و چووینە ناو هۆڵێکی زۆر زۆر گەورە.

چەند دانە مۆبلی شاهانە لە ناو هۆڵەکەدا چنرابوو. چەند دانە فەرشی جوانیش لە ناو هۆڵەکەدا ڕاخرابوو.

بابەک - پێموایە گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمی لوویی شانزەهەم.

- پێموا نییە ئەم کەرەسانە لە ناو کۆشکی لوویی شانزەهەمیشدا هەبێت.

بابەک – دەی لوویی حەڤدەهەم.

- ئەویش شتی وای نەبووە. ئەمانە هەر کامیان نرخەکەیان پەنجا شەست ملوێنە.

بابەک – دەی لووی هەژدەهەم. چووزانم وەرە لوویەکاندا هاوبەشانە لێک دەدەین. پێموایە لێدراوی هاوبەشیان بە سەر ۳دا شیاوی دابەشکردن بێت.

مارگاریت و مامۆستا و سووچی هۆڵەکەی پیشان دا و وتی:

- خاتوون لە لای پەنجەرەکەیە.

بابەک – ببوورن مارگاریت خاتوون. ئێرە ئەوەندە گەورەیە کە چاومان هەتا ئەولای هۆڵەکە هەتەر ناکات. ناکرێ چەند دانە وێزگە لەگەڵمان بێن؟ لە سەر کۆڵانەکە خانم بە جێیهێشتین ئێتر خۆمان ڕێگا نازانین و ڕێگاکەمان لێ ون بووە.

مارگاریت دیسان پێکەنییەوە و ڕۆشت. سەیری دار و دیوارمان دەکرد و بابەک دەستی گرتم و وتی:

- چەچەکەت بێنە با ون نەبی. وەرە با تاکسییەک بگرین و بچینە خزمەت خانم.

- لەو فالگیرانەیە وا بالووکەیەک لە لای لوتیەتی! ئەرێ؟!

بابەک – چووزانم. باری ئابووری ئەوەندە باشە نەبێتەوە. وەرە با بچینە پێشەوە با وا نەزانێ نەدیو بدین! بە خوا هۆڵێکی گەورەیە! تماشا دەنگمان دەنگ دەداتەوە. میاو، میاو، میاو.

بابەک دەنگی پشیلەی دەردەهێنا.

- بابەک عەیبە! ئابڕوومانت برد!

بابەک – ئەمانە پشیلەیان هەیە. وەکوو کارتۆنی پشیلەی وجاغزادەکان! لە بیرتە؟ لای ئەو خاتوونە قسەی زل زل بکە با وانەزانێ نەخوێندەواری! بڵێ شەمەندەفەری لۆکۆمۆتیڤ!

لە ناکاو لەو سەری هۆڵەکەوە دەنگی خانمێک هات کە بانگی پشیلەکەی دەکرد!

کەتی! کەتی! وەرە ئێرە.

بابەک – میاو، میاو، میاو.

- ئازەر وەرە ئێرە.

بابەک - ناوی پوورتیان لەم پشیلە ناوە. دەڵی ئازەر وەرە.

پێکەنینم هات. بەرەو لای دەنگەکە ڕۆشتین. لە لای پەنجەرەی خوار هۆڵەی خاتوونێک لە سەر مۆبلێکی گەورە دانیشتبوو. پشتی مۆبلەکە ئەوەندە گەورە بوو کە ئەو خاتوونەی تێدا نەدەبینرا. مێزێک لە بەردەمی بوو کە دەستێک چا خۆری زیوین لە سەری بوو. چووینە پێشەوە و سڵاومان کرد.

بە ڕووخۆشییەوە وەڵامی داوە فەرمووی لێکردین کە دابنیشین.

خاتوونێکی تەمەن شەست و شەست و پێنج ساڵان بوو. بە جلوبەرگێکی ڕازاوە و جوان و ملوانکەیەکی زۆر گرانیش بە ملیەوە.

خۆمان ناساند و دانیشتین کە ئەو خانمە دەستی کردەوە بە بانگکردنی پشیلەکەی.

- کەتی، کەتی، ئازەر وەرە ئێرە.

بابەک – ببوورە خاتوون لە خۆڕاوە پش پش مەکەن.

خاتوون – پش پش؟

بابەک – دەڵێم ئەو پشیلە خۆ هیچی لی حاڵی نییە. چ بڵێی پش پش و چ بڵێی کەتی کەتی.

خاتوون – کەتی، کەتی.

بابەک – خۆ عەرزم کردن ئەگەر پشیلەکە لێرە نییە لە خۆڕا بانگی مەکەن.

خاتوو – بەڵام ئێستا دەنگی هات.

بابەک – ئەوە من بووم دەمکوت میاو، میاو، میاو.

ئەو ژنە سەیری بابەکی دەکرد و واقی وڕما بوو.

بابەک – دەزانی چۆنە؟ ئێوە لێرە دانیشبوون و لە دوورەوە دیار نەبوون میاو میاوێکم کرد بزانم ئێوە لە کوێن ئیتر دەنگی ئێوەمان بیست و هاتینە خزمەتتان.

ئەو ژنە تازە زانی جەرەیان چییە. دەستی کرد بە پێکەنین. ئەوەندە پێکەنی کە فرمێسک لە چاوی هات. کە پێکەنینەکانی تەواو بوو وتی:

- من لیدی ...سم. دکتۆر هەریس سەبارەت بە ئێوە قسەی لەگەڵ کردووم.

وەک ڕێزلێنان هەستاینە سەر پا و دیسان دانیشتینەوە. سەری لەقاند و وتی:

- سوپاس لەبەر دوو شت. یەکەم لەبەر ئەو ڕێزەی کە لێتان گرتم. دووهەم بە هۆی ئەوەی منتان کەناند. لە مێژ بوو ئاوا پێنەکەنیبووم.
سوپاسمان کرد و لیدی ... زەنگۆڵەیەکی زەردی زرِاند کە خزمەتکارێکی تر هات و چایەکی بۆمان تێکرد و ڕۆشت.
بابەک –لیدی داوای لێبووردنت لێدەکەین ئێمە تۆمان جۆرێکی دیکە هاتە بەرچاو دەنا پێشتر وادەی دیدارمان دادەنا.
لیدی – کێشە نییە. ئێوە ڕۆژهەلاتین و زۆر گیرۆدەی تەدارکاتی وشکن. ئەگەر خەلکی ئێرە بایەن ڕێگەم پێتان نەدەدا.
هەڵبەت خۆزگە بەو خوو و خدەتان دەخوازم. ڕۆژهەلاتی خوێنگەرم و زووهەڵچوون. زۆر ڕاحەت پەیوەندی ساز دەکەن. ئێوە چا بە چییەوە دەخۆن؟
بابەک – وەڵا بە کووپ دەیخۆین. ئاوامان پێخۆشترە.
دیسان پێکەنییەوە و ماوەی دوو خولەک هەر وا پێکەنی و ئینجا وتی:
- ئێوە پێکەنیتان کرد بە میوانی دەمم؟ مەبەستم ئەوەیە بە شیر دەیخۆن یان بە لیمۆ؟
بابەک – دەبێ لێم ببوورن. لە مەبەستەکەتان نەگەیشتم.
- ببوورن ئێوە لێرە لەگەڵ خزمەتکارەکانتان دەژین؟
لیدی – ئەرێ بە قوربان. تاک و تەنها. لە مێژە تەنیام.
بابەک – لیدی ... تۆ هاوسەرگیریت کردووە؟
لیدی دیسان پێکەنییەوە و وتی:
- خۆزگەم بە خۆتان ڕۆژهەلاتییەکان! چەند بە ئاسانی پەیوەندی ساز دەکەن!
بابەک – ببوورە وادیارە فزوولیم کرد.
لیدی – ئەگەر ڕۆژاواییەک با زۆر نارەحەت دەبووم، بەلام ئێستا نا. بە قوربان شووم کرد بەلام هەڵوەشاوە.
بابەک – دیارە مێردەکەتان لەو پیاوە پاتۆلیپسانە بووە! لەگەڵ ئەم کارەکەرانەدا نێوانی بووە. پیاوان کە نینۆکیان ببێ و پشتیان پێ بخورێنن ئەوە ئیتر دەچنە لای ژنێکی تر.

- بابەک ئەوە دەڵێی چی؟
لیدی دیسان پێکەنییەوە. بە جۆرێک کە کەوتە کۆکە. ئینجا وتی:
- زاراوەیەکی جوانە. نێنۆکیان ببێ پشتیانی پێ بخورێنن.
- من داوای لێبووردنتان لێ دەکەم لیدی ...
لیدی – هەڵبەت ئێوە دەتوانن بە کارۆلین بانگم بکەم. پێشم خۆشە هەر ئاوا لەگەڵم سادە و ساکار بن. لە تەدراکاتی درۆییانە و فەرمی بێزار بووم.
- هاورێکەم زۆر قسە لە رووە بە مانای وشە رۆژهەڵاتییە.
کارۆلین – هاورێکەت دلگەرمی کردم. خۆشحاڵم کە ئێوەم ناسی. خۆ وتم من تەنیام وەکوو زیندانییەک لە ناو زیندانێکدا.
بابەک – کارۆلین دەی بۆ بە دزییەوە لەم ماڵە ناچیتە دەرەوە؟ لێرە پان بوویەتە بۆچی؟
کارۆلین دیسان پێکەنییەوە و وتی:
- پان بوویەتە چییە؟
بابەک – یانی دانیشتووی؟
کارۆلین – نموونەیەکی جوانت هێناوە. زۆری مانا هەبوو. هەڵبەت ئەمە بە هۆی شارستانییەت و فەرهەنگی رۆژهەڵاتییەکانە. بەڵام ئازیز من کەسێکی ناودارم بۆم نییە هەرکات پێم خۆشبوو لە کۆشک بێمە دەرەوە.
بابەک – زۆر سادەیە. لای هەمووان بڵێن لە ژوورەکەتاندا خەریکی کارن و نابێ کەس بێتە سەردانتان. ئینجا بە جلێکی سادەوە لە پشت دەرگاکەوە بچنە دەرەوە. بچن دۆست و هاورێ بدۆزنەوە و چووزانم بچنە پارک. برۆ بۆ بازارکردن لەگەڵ بەقاڵ و دوکاندار قسە بکە و چەنە لێبدە و شەریان لەگەڵ بکە. زۆر خۆشە ئاوا کەیفساز دەبێت.
کارۆلین – هەتا ئێستا بیرم لەم بابەتە نەکردبۆوە. رەنگە رۆژێ تاقی بکەمەوە. دەی باسی خۆتان بکەن. خوێندنتان تەواو بکەن؟
- بەڵێ تەواومان کردووە.
کارۆلین – بە نیاز نین برۆنەوە بۆ ئێران؟

بابەک – بچینەوە بۆ ئێران دیسان بەزمەکان دەست پێدەکاتەوە!
کارۆلین – ئێرەتان پێ خۆش نییە؟
بابەک – با. بەڵام کەش و هەواکەی لە کەش و هەوای پارێزگای گیلانی خۆمان دەچێ. هەر باران دەبارێ. کابرا دایمە تەڕ و نمە. ئێمەی ئێرانی دوو ڕۆژ تیشکی خۆر لێمان نەکەوێ سیس دەبین.
کارۆلین – هەتاو! سیمبۆلی پاکی! ڕەنگە لەبەر ئەوەیە ئێوەی ڕۆژهەڵاتی ئەهریمەن کەمتر چۆتە ناختانەوە. دەی تۆ قسە بکە ئارمین. دروستم وت؟
سەرم لەقاند.
کارۆلین – کاتێ هاورێیەکی ئاوات هەیە بۆ کارت کەوتۆتە لای پزیشکی ئەعساب و دەروون؟ پێموا خزمن ئەرێ؟
دیسان سەرم لەقاند.
بابەک – کارۆلین ئەمە لەو ڕۆژهەڵاتییانەیە وا ئەهریمەن چۆتە دەروونییەوە.
کارۆلین دیسان پێکەنییەوە و وتی:
– منیش وەکوو دکتۆر هەریس پێموایە کێشەی ئارمین دووری لە نیشتمانە.
بابەک – منیش هەر وای لێ دەزانم. ئەگەر پای بگاتە ئێران دەرمانێکی پێ دەدەن کە ئەگەر بە کاری بێنێ دەستبەجێ چاک دەبێتەوە.
بە لاچاوێکەوە سەیرم کرد.
کارۆلین – لە ئێران کەسێکی خۆش ویستووە؟
– بەڵێ، دایکم و باوکم.
کارۆلین – جیا لەوانە مەبەستم خۆشەویستە.
– نازانم.
کارۆلین – عەشق زۆرێک لە کێشەکانی ئێمە چارەسەر دەکات! لە ژیانتدا کچێکت خۆش ویستووە؟
– نا جارێ.
کارۆلین دەستی هەر دووکمانی گرت و وتی:
– دەبێ هەردووکتان بێدەنگ بن. دەبێ بیرمان چڕ بکەینەوە.

من و بابەک بێدەنگ بووین و سەیری کارۆلینمان دەکرد. چاوەکانی نووقاند و دەستی منی خستە ناو دەستی.

پێموا نزیکەی دە خولەک هەر وا لەو حاڵەتەدا بووین. ئینجا چاوەکانی کردەوە، بە قووڵی سەیرێکی کردم و دەستمی بەر دا و زەنگۆڵەکەی زرِاند.

پاش خولەکێک خزمەتکارێک هات و کارۆلین داوای لێکرد چامان بۆ بێنێت. پاش ئەوەی خزمەتکارەکە هات و چاکەی لە سەر مێزەکە دانا، کارۆلین پێی وت برِوا و خۆی چای بۆ تێکردین.

کووپەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە تامکردنی چاکەی.

چەند خولەک هەر وا تێپەرِی. لەم ماوەدا من و بابەک هیچمان نەوت. هەر دووکمان چاوەرِێ بووین کە کارۆلین دەست بکا بە قسە کردن و دەستی پێکرد.

- دەزانی چییە کورەکان ئەو کارەی من دەیکەم کارێکی زانستییە. جۆرێک دزەکردنە! دزەکردنی وزەیەک بۆ ناو وزەیەکی تر. هیچ سیحر و جادوویەک لە ئارادا نییە. من بە هێزی زەینم، دزە دەکەمە ناو ناوشیارگەی مرۆڤ. ئەو شوێنەی کە خۆشی ئاگای لێ نییە. ئێستا ئارمین ئەو کارەم لەگەڵ تۆ کرد. دەتهەوێ بزانی چ هەستێکم بوو؟

- زۆر. زۆرم پێخۆشە.

کەمێک چاکەی خواردەوە و ئینجا وتی:

- کاتێک هاتمە ناو مێشکت شەپۆلێکی زۆری هەستی تۆم بۆ دەرکەوت. هەستێکی باش. تۆ ئەگەر کچێکت خۆش بووێ بێگومان ئەو کچە زۆر بەختەوەر دەبێ، لە بەر ئەوەی دەتوانی سۆزێکی زۆری دەربرِی. بەڵام سەبارەت بە کێشەکەت دەبێ بڵێم هیچ کێشەیەکت نییە. من هیچ شتێکی وام بەدی نەکرد کە هۆکاری تێکچوونی هاوسەنگیی زەینت بێت.

پاش ئەم قسە سەری بەرەو لای پەنجەرەکە وەرگێرا و خەریکی سەیرکردنی باغی دەرەوە بوو. نەمدەزانی چی بڵێم. سەرم داخست. راستییەکەی زۆر بێتاقەت بووم. پاش کەمێک بابەک وتی:

- کارۆلین ئێوەش لەم کاتەدا کەمتر توانیت بێیتە ناو زەینی ئارمین؟

کارۆلین – ڕۆح کات و زەمەنی بۆ نییە. ئەوەی هێزی تێلی پاتی بێ لە چرکەساتێکدا دەتوانێ لەگەڵ کەسێک کە لەوپەڕی دنیایە پەیوەندی ساز بکات. ڕەنگە ئەمە سادەترین شێواز لەم جیهانەدا بێت؟

دیسان بێدەنگ بووینەوە. وەحشەت ناخمی تەنی. چاوم نووقاند هەتا ئەوەی کارۆلین بانگی کردم:

- ئارمین لە کەنگێوە ئاوای؟

- نزیکەی ساڵ و نیوێکە ئاوام.

کارۆلین – ئێستا لە شەو دەترسی یان نا؟

سەرم لەقاند.

کارۆلین – جوان گوێ بگرە بزانم. من لە ناو زەینی تۆدا شتێکم بۆ دەرکەوت! پەربەستێک، کلیل، شتێک، هێمایەک، ڕێنومایەک.

من و بابەک سەیری یەکترمان کرد.

کارۆلین – تماشا ئارمین. لەم ماوەدا کە وەک خۆت دەڵێی ساڵ و نیوێک یان زیاتر، شتێکت وەک دیاری وەرنەگرتووە؟ شتێکت نەدۆزیوەتەوە؟

ماوەیەک بیرم کردەوە. هیچم وەبیر نەهاتەوە.

کارۆلین – مەبەستم لە دیاری شتی ئاسایی نییە.

- تێناگەم.

کارۆلین کەمێک بیری کردەوە و وتی:

- مەبەستم شتێکی کۆنە. ڕەنگە چێوێک بە کەندەکاریی کۆنەوە. یان ملوانکەیەکی کۆن! شتێک کە زۆر کۆن بێت؟ شتێک کە ڕەواڵەتی زۆر ئاسایی بێ، بەڵام فرە گرنگ بێت.

بابەک – ئارمین! یەکشەممە بازاڕ! پیرەمێردەکە!

- ئەوە؟

بابەک – ئەری ئەری؟ شتێکت لێکڕی؟ دەتویست پارەتی بدەیت؟

- لەتە چەرمێک بوو.

کارۆلین – ئێستا لە کوێیە؟

- نازانم؟ ڕەنگە لە ناو شتەکانمدا بێت؟ شتێکی گرنگ نەبوو. پیرەمێردێکی چەرچی بوو کە شتی کۆنی دەفرۆشت. ویستم پارەتی بدەم، بەلام لێی قبوول نەکردم. ئیتر لە ناو کەرەسەکانیدا لەتە چەرمێکم بینی. هەلمگرت و پاردەکەم پێدا. ئێستاش لە بیرم نییە کە لە کوێ دامناوە.

کارۆلین – ڕەنگە ئەو کلیلەی وتم هەر ئەوە بێت.

- تێناگەم. ئەوە چ پەیوەندییەکی بە نارەحەتی و بێخەوبی منەوە هەیە؟

کارۆلین – گوێ بگرە نارمین. زۆر شت هەیە کە ئێمە گرێ دەداتەوە بە ڕابردوومان. بۆ وێنە وێنەیەکی یادگاری، ئەلبوومێکی خێزانی! بیرئانینی دوستێک! تەنانەت بیرەوەرییەک. ئەمانەی وا وتم پردی نێوان ئێمە و ڕابردوومانە. لەگەل هەر جارێک کە دەیانبینین بیرەوەرییەکانمان وەبیر دێتەوە. ئەگەر ئەوشەو هاتی بخەوی ئەو چەرمە بگرە بە دەستەوە و بخەوە. باش دەزانم کە لەوانەیە پێت خورافە بێ، بەلام ئەم کارە بکە. ڕەنگە ئەوەی من لە زەینی تۆدا هەستم پێکرد هەر ئەم لەتە چەرمە بێت! ڕەنگە. هەر ئێستا بڕۆوە ماڵ خۆتان و بیدۆزەرەوە.

- بەلام ئەمەم پێ سەیرە. تۆ بڵێی کێ منی جادوو کردبێ؟

کارۆلین – نا قسە لە سەر ئەوە نییە. دیسان پێت دەڵێمەوە ڕەنگە کێشەی تۆ لەتە چەرمەکە بێت و ڕەنگە کلیلی چارەسەری تۆ بێت. ئێستا بڕۆن. ئەمە تاکە کارێک بوو کە توانیم بۆتان بکەم. بەلام ئاگادارم بکەنەوە. دیسانیش وەرنەوە بۆ لام. هەر کات پێتان خۆش بوو.

## بەشی چواردەم

لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا کە دەهاتینەوە بۆ ماڵەوە بابەک وتی:

- سەد جار پێم وتی هەموو شتێک لە هەموو کەس وەرمەگرە. باشە ئەو لەتە چەرمە چی بوو وەرتگرت؟

- ویستم یارمەتی ئەو پیرەمێردە بدەم. تۆ باوەڕ بەو قسانەی کارۆلین دەکەی؟

بابەک – من ناڵێم جادووتیان کردووە. بەڵام ئەم شتانە لێرە زۆرە. ئەمانە خۆیان خورافاتین. ئەو فیلمە ترسناکانەت نەدیوە وا سازی دەکەن؟

- چووزانم! ئیتر مێشکم کار ناکات. نانی شێومان نییە ڕایبگرە لە شوێنێکدا نان بخۆین. لە برسان خەریکە قڕم دێت.

بابەک – قڕت بێ یاخودا! جندۆکە چووەتە ناختەوە خەریکە دەمری جاری بیر لە سکت دەکەیتەوە. بیر لە قوربەسەری ئەمشەومان بکەرەوە. مردم ئەوەندە لە ژوور سەرت بووم و لای لایەم بۆ کردی. سەگباب خۆ خەویشی لێناکەوێت. من دەڵێم لە بری ئەو لەتە چەرمە مەمکە مژەیەکت بۆ بکڕم شەوانە بیخەیتە دەمت، بەشکەم بخەوی و من بحەسێمەوە؟!

- ئەمشەو بەر لە خەو حەوت هەشت دانە لەم حەبانە دەخۆم جێبەجێ دەبێت.

بابەک – چ شەوێکمان لە پێشە. دەڵێی فیلمی ترسناکە. تەم و مژاوی. منیش ترسم لێنیشت. سەیر بکە. جندۆکە و ڕۆح و شەیتان و پەری چ ترافیکێکیان ساز کردووە. هەموویان لە پشت چرای سوور گیریان کردووە. بە گیانت هەموو چاوەڕێی کاتی خەوتنن کە بێنە ماڵی ئێمە.

- وەک شتێک تۆش ترساوی؟!

بابەک – کێ؟ من بترسم؟ شەیتان لە من دەترسێ. هەفتەی دوو ڕۆژ خولی ڕاهێنانم بۆ داناوە و دەرسی بەدفەری فێر دەکەم. دوێنێ ڕۆحێکی بەڕەڵام لە سەر پۆل دەرکرد. پۆلی خوێندنی شێواندبوو. بە ناو ئەو پۆلەدا هاتووچۆی دەکرد. دوێنێ ڕۆحێکی پیس دەرەجەی ١٨ لێم گرت. دوێنێ شەیتان دەرسەکانی باش نەخوێندبوو سزام دا. ئەی چۆن؟! چوارشەممەی هەفتەی پێشوو، لە سەر پۆل، دراکوولایەک قەپالی لێمگرت، ئەوەندەم لێدا، شەممەی هەفتەکەی پێشوو فرانکشتاین لە سەر پۆل شتی دەخوارد هەر بە چەپۆک فڕێم دا دەرەوە وتم سبەی باوکت یان دایکت بێنە. چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئەوەندەم لە مردوویەک دا بۆ خۆی مرد! ئەو مردووە لە سەر کاشیی سەر پۆل هاروهاجی دەکرد. هەر دوێنێ جندۆکەیەکم لە قوتابخانە دەرکرد.

- بۆ دەرت کرد؟

بابەک – ڕۆحێکی ئەزیەت دەکرد. وتم بچۆ دەرەوە، بە دەم شیرێکی لێدا.

- پۆلەکەت زۆر نائارامە.

بابەک – ئەیچی. هەرچی قوتابی بێئەدەبە کردوویانە بە قوتابی من.

- دەی بۆ دەترسی ئەمانە بێنە ماڵمان؟

بابەک – ئاخە هیچمان نییە بۆیانی دانێین. خواردنی تەواومان نییە. دەزانی چییە عەیبە. مامۆستایانم چاوەڕوانییان لێمە. ئەگەر پوورت بێتە سەر پۆل دەیکەمە چاودێری پۆل.

- بابەک!

بابەک – چییە؟

- کەم کەرەکەر بکە. لێرە ڕاببگرە و بچۆ دوو دانە هەمبەرگر بکڕە بیبەینە ماڵەوە.

بابەک – نا ئێرە باش نییە. کووچەکەی تاریکە دەترسم.

دوو دانە هەمبەرگرمان کڕی و چووینەوە ماڵەوە.

پاش خواردنی نانی شێو کەمێک سەیری تەلەڤیزیۆنمان کرد. ڕاستییەکەی

هەرچی لە کاتژمێری خەوتن نزیک دەبوومەوە. دەترسام. نازانم چۆن بڵێم هەستێکی سەیرم بوو. ڕەنگە ترس نەبووبێ، بەڵام هەرچییەک بێ زۆر خراپ بوو. کاتژمێر نزیکەی یازدە و نیو بوو کە بابەک وتی:

- ئەو چەرمەت دۆزییەوە؟

- نا.

بابەک - بۆچی؟

- چوونکە باوەڕم بەمانە نییە.

بابەک - خۆ زەرەری نییە. هەستە با پێکەوە بگەڕێن و بیدۆزینەوە. ڕەنگە ئەمە چارەی دەردەکەت بێت. خۆ لە میزی کوڕی پێنگەیشتوو باشترە.

هەر دووکمان چووین لە ناو کەشاوەکاندا بۆی گەڕاین. لە ناو کەشاوەکدا بوو. بابەک هەڵیگرت و سەیرێکی کرد و وتی:

- بۆ کۆنبوونی کۆنە، ئیتر بزانین ماوەکەی بە سەر چووە یان نا.

لێم وەرگرت سەیرم کرد. لەتە چەرمێک بوو کە بە جۆرە پەتێکی سەیر کاری لە سەر کرابوو. هەتا ئێستا ئاوا بە وردییەوە سەیرم نەکردبوو. یانی سەرنجم نەدا بوو. زۆر ورد و زەریف کاری لە سەر کرابوو.

بابەک - بەخ بەخ! ئەوەندە کۆنە بریقە دەداتەوە. کارۆلین نەیوت بەر لە شام بیخۆی یان دوای شام؟ جاری بیلیسەوە با ئیشتات بکرێتەوە.

- لایە هەر عەیبیشە.

بابەک - دە تۆ تا لای دە پزیشک چووی و پەنجا جۆر حەبت خواردووە تازە ئەمەش بخۆ. بچۆ بۆ توالێت با مەلۆتکەت بکەم و مەمکە مژە بخەمە دەمت. دەی برۆ کوڕی چاک.

لای لایە ڕۆڵە لای لایە

چەند و پیرت بۆ خولامەوە

لە بەر سێبەرت نەحەسامەوە.

- دێیتە ژوورەکەی من بخەوی؟

بابەک – بەڵام بەو مەرجەی ئەگەر ڕۆح و تارمایی شت و هاتن پێیان نەڵێی ئێمە خزمین.

چوومە گەرماو و جلوبەرگێکم لەبەر کرد و چوومە ناو پێخەفەکەم. بابەک لەن چەرمەکەی هێنا و دای بە دەستمەوە و وتی:

- بخەوە. هەتا بەیانی لە ژوور سەرت دەبم تۆ بخەوە. بیر لە هیچ مەکەرەوە. من لێرەم.

- بابەک!

بابەک – گیانی بابەک؟

- ئەگەر دیسان ڕاچڵەکیم زوو گڵۆپەکان هەڵ بکە.

بابەک – با گڵۆپەکان هەر ڕۆشن بن. ئیشالا ئەمشەو بە ئاسوودەییەوە دەخەوی.

بابەک چووە سەر مۆبلەکە دانیشت و من چەرمەکەم لە ناو دەستمدا گوشی و چاوەکانم نووقاند. کە لە پڕ بابەک بە حاڵەتێکی سەیرەوە وتی:

- شەیتان بە لەحنەت. ئەوە چییە لەوێدا؟

لە سەر قەرەوێلەکەم ڕاچڵەکیم و سەیری ئەو شوێنەم کرد وا بابەک پیشانی دا. سەیرم کرد. هیچم نەبینی. سووچی ژوورەکەی پیشانم دا. بەڵام من هیچم نەبینی.

- چی؟

بابەک – ئەو مێشوولە ئەورۆ پیف پافیشم لیدا. ماڵتە هێشتا زیندووە.

- عەمرت نەمێنی، ترسام، وامزانی ڕۆح هاتە ناو ژوورەکە.

بابەک – ئەو مێشوولە لە ڕۆحیش خراپترە هەتا بەیانی کەولمان دەکات.

- ئەری بیلە با بخەوم.

بابەک – من دیلم ئەم مێشوولەیە ناهێلی. هەتا بەیانی لە بن گوێمان دەوێزێنێ. مێشوولەی هەندەرانە، ویزە ویزە ناکا وایز وایز دەکات.

هەتا چوومە ناو پێخەفەکەم دیسان قیژاندی و وتی:

- تماشا ئەوەیان؟

- میشوولەیە؟

بابەک – نا برا. ڕۆحێک هاتە ناو ژوورەکە. جندۆکەیەک هاتە چێشتخانە. دەرگای ساردینگکەی کردەوە.

- دەرد. شەوخۆش.

بابەک – شەوخۆش.

سەرم خستە سەر سەرین. پاش دە چرکە خەوم لێکەوت. ئیتر نە دەنگم دەبیست نە ڕادەچڵەکیم. پاش ماوەیەکی زۆر خەو بوو بە میوانی چاوم. بەڵام خەوێکی سەیر.

- ئاخری هاتی؟

- ئێوە کێن؟

- لە مێژە چاوەڕێتم.

- چاوەڕێی من؟ ئێرە کوێیە؟ ئێوە کێن؟

- ئێرە کۆشکی منە.

- کۆشک؟

- دان بە خۆتدا بگرە. مەترسە.

- من ناترسم. باش دەزانم کە خەریکە خەون دەبینم.

- خەو؟ بەڵێ هەر هەموو ئەم گەردوونە خەونە.

- دەکرێ پێم بڵێن ئێوە کێن؟

- قسەی هیچ. چۆن قسەی وا دەکەی؟ زۆرم پێ سەیرە.

- قسە کردنی ئێوەم پێ سەیرە، وەکوو فیلمی ڕۆمیۆ و ژوولێت قسە دەکەی.

- وەکوو چی؟

- ئێوە نەتانکوت کێن.

- من شیرینم.

- شیرین؟

شیرین – بەڵێ. من شیرینم. هاوسەری خەسرەو پەرویز خاتوونی ئێران.

پێکەنینم هات.

شیرین – پێدەکەنی؟ لە بیرمە لە لای ئێمە کەسێک بیوێرابایە لە ئاست ئێمە سەر هەڵبڕێ و سەیرمان بکا، مەرگ خەڵاتی بوو.

- ببوورە خانم، ئەوە چ دەفەرموون؟ زۆرم پێ سەیرە! پاش چەند مانگ بێخەوی سەرم لە سەر سەرین داناوە و ئێوە هاتوون دەڵێن من شیرینم و خاتوونی ئێران. هەڵبەت دەشزانم ئەوە خەون دەبینم، بەلام وەک شتێ زۆر ڕاستە.

شیرین – ڕاست دەکەی. نابێ لە یەکەم چاوپێکەوتندا ئاوا ڕەفتارت لەگەڵ بکەم. وەرە و لە لام دانیشە. دەبێ کەمە کەمە تۆ لەگەڵ ڕابردووی خۆم ئاشنا بکەم.

هاتە پێشەوە و دەستی گرتم و منی لەگەڵ خۆی بردە ئەو لای هۆڵەکە. لەگەڵ ئەوەی بە ڕێگاوە دەڕۆشتم سەیرم دەکرد. واتە ئەم شیرینە شیرینی ژنی خەسرەو پەروێزە؟

خەونم نەدەبینی، خەونم نەدەبینی، بینیم، چیم بینی.

بەلام بە ڕاستی کچێکی جوان بوو. ئەوەندە جوان بوو کە چاو لە بەری هەڵنەدەهات. چاوەکانی وەها سەرنجڕاکێش بوو دڵی وەجۆش دەهێنا. پێستی وەها ناسک و جوان بوو کە دەتکوت پەڕەی گوڵە.

قژە لوولە درێژەکەی هەتا سەر کەلەکەی دەهات. تاجێک لە سەر سەری بوو، لەگەڵ هەر جووڵەیەکی دەدرەوشاوە جلێکی هەریری لەبەر بوو و کۆڵوانەیەکی قەشەنگیش لە کۆڵی بوو.

وەکوو ئەو فیلمە مێژووییانەی کە لە ڕۆمای کۆن و ئیمپراتۆری و شازادەکان پیشان دەدات.

بەژنێکی بەرزی هەبوو و ئەندامێکی ڕێکوپێک. هەڵسووکەوتی قورس و مەند بوو، وەکوو شاژنەکان بوو! دەستی گرتم حاڵەتێکی سەیرم هەبوو سەرم بە گێژەوە هات.

گەیشتینە کاناپەیەکی مەخمەری کە زۆر جوان و گەورە بوو. منی لە سەر دانەیەک دانیشاند و خۆشی لەو لای دانیشت و سەیری کردم و وتی:

- جوانچاک و خۆشدیمەنی. ناوت ئارمینە. وایە؟

- بەڵی ناوم ئارمینە. ئێوە چوورزانن؟

شیرین – دەزانی چیت بە دەستەوەیە؟

سەیریکم کرد، لەتە چەرمێک بوو کە هێشتا لە ناو دەستمدا بوو.

- ئەمە لەتە چەرمە ...

شیرین – من نهێنیی ئەوە دەزانم. ئەمە پێلاوی من بوو.

- پێلاوی ئێوە بووە؟

شیرین – ئەری. سەردەمانێ وەک یادگاری لای فەرهاد بوو.

- فەرهاد؟ قشە دەکەی؟

شیرین – گاڵتەجاری و قشە بە ناوچانمەوە دەبینی؟

- نا بەڵام ...

دەستی گرت بە دەموچاویەوە دەستی کرد بە گریان. گریانێکی تاڵ.

- شیرین خانم، تۆخودا ببوورن. نەمدەویست بێرێزیتان پێ بکەم.

لەگەڵ ئەوەی نـاوی خـودام هێنـا لە سـەر جێگـاکەی هەسـتا و لەگەڵ ئەوەی فرمێسکەکانی وەکوو مرواری بە گۆنایەوە قەتیس مابوو، لە ژێر لێوەوە هەندێ شتی وت و ئینجا ڕووی تێکردم و وتی:

- چەند بە ئاسانی ناوی خودای تاقانە دێنیتە سەر زمانت. ئەوە ناترسی؟

- ببوورن مەبەستم ئەوە بوو کە ئێوە باوەڕ بکەن کە نیازێکی خراپم نەبوو.

شیرین – ئەگەر لە دەسـەڵات و گەورەیی ئەو ئاگادار بووایەی ئاوا ڕووداریت نەدەکرد؟

- ببوورن.

شیرین – من لێت ببوورم؟

- نازانم چی بڵێم. دەمویست سوێند بخۆم کە نیازێکی بەدم نەبووە.

شـیرین – دروسـتیی نیـاز و مەبەسـت بە سـوێند نییە. ئێستا دانیشە بـا کەمـێ قسەت بۆ بکەم.

دیسان بە جووتە دانیشتین. کەمێک ڕاوەستا و ئینجا وتی:
- باش دەزانم کە ئەم ئامۆژگارییەت بە لاوە ئەستەمە، بەڵام باش بزانە کە من سەردەمانێک خاتوونی ئێران و هاوسەری خەسرەو پەرویز شای ئێران بووم.
وەک شتێک قسەکەی ڕاست بوو. پاش کەمێک بیرم کردەوە و زانیم ڕەفتارم زۆر خراپ بووە. هەستام و وتی:
- هێور بە. هەست بە نامۆیی مەکە. ئێستا لەو سەردەمە زۆر تێپەڕیوە. دانیشە.
دانیشتم و وتم:
- دەزانی چییە؟ زۆرم بە لاوە دژوارە کە باوەڕ بکەم. هەڵبەت لەوانەیە هەر کات لە خەو ڕاپەڕم بزانم کە هەر هەموو ئەمانە خەونە.
شیرین – تاقیکردنەوەیەکی سادەیە. تاقی بکەرەوە.
چەند جار چاوم نووقاند و کردەوە. وەک شتێک دەیگوت:
شیرین – بۆت دەرکەوت کە هەستان لەم خەوە لە تواناتدا نییە؟
- من گێژ و وڕ بووم. ئەگەر ئێوە شیرینن ئەی بۆ هەتا ئێستا گەنجن و پیر نەبوون؟ واتە لە ڕاستیدا دەبا ئێسک و پرووسکتان نەبایە. زانیم قسەکەم جوان نەبوو. زوو وتم: ببوورن لە دەمم دەرپەڕی.
سەیرێکی کردم و وتی:
- ئەگەر دەموچاوم چرچ نەبووە و پیر نەبووم و تان و پۆم نەخستووە لەبەر ئەوەیە کە گرفتاری کرداری خۆمم.
- ببوورن ئەوە دەنگی چییە؟
بزەیەکی لێدا و وتی:
- ئەم ئاوازەت بە لاوە ئاشنا نییە؟
- چووزانم؟ دەنگی چەکووچە. ڕەنگە لەم نزیکانەدا بیناسازی بکرێت.
شیرین – ئەمە دەنگی فەرهادە. فەرهاد لە سینگی کێو دەدا و هەڵیدەدرێت.
- فەرهاد؟ بۆ فەرهاد هێشتا زیندووە؟
شیرین – کاممان لە مێژوودا سڕیواینەتەوە؟ مەگەر ناوی من و فەرهاد هەرمان

نییە؟

- با هەر ئەوەیە وا ئێوە دەیلێن. بەڵام من چۆن باوەڕ بەمانە بکەم؟

شیرین هەستا و چووە ئەو لای هۆڵەکە و ڕاوەستا و گوێی گرت. دەنگی قوولینگەکە نەدەبڕاوە. پاش کەمێک وتی:

- ئاواز و دەنگی قوولینگەکەی فەرهاد دوایی نایە. ئەم هەوایە هەم ئەشکەنجەی منە و هەم هاوڕێی تەنهاییەکانمانە. کاتی بیستنی ئەم دەنگە دەزانم کە ئەوە فەرهاد هێشتا بیری لای منە.

کە ئاوڕم داوە بینیم خەریکە دەگری. چوومە پێشەوە وتم:

- مەگرین. حەیفە ئەو چاوە جوانانە پێیان دەگری.

پێکەنی و وتی:

- کەواتە هێشتا جوانم.

- زۆر! ببوورن خانمی گەورە. بەڵام ئێوە بە ڕاستی جوانن. من هەر هەموو تەمەنم کچێکی جوان و قەشەنگی وەک ئێوەم نەبینیوە.

شیرین – ڕۆژانێک ئەم قسانە منی شاد دەکرد.

ئێستا بڕۆ. ئەم دیدارە بە خواستی من بوو. بەڵام جارێکی دیکە دەبێ تۆی بێیتە ئێرە. بڕۆ بە هێمنییەوە بخەوە. سەرچاوم.

کاتژمێر ٩ بەیانی بە دەنگی بابەک لە خەو ڕاپەڕیم.

بابەک – کوڕە هەستە زۆران لەگەڵ خەو دەگری؟

- سڵاو کاتژمێر چەندە؟

بابەک – کاتژمێر ٩ کەمێک تێپەڕیوە. هەستمکرد ئەمشەو چاک خەوتی. هەستە بۆم بگێڕەوە. چی بوو؟ خۆش خەوتی؟

هەستم بە سووکی و ئاسوودەیی کرد. بە پێکەنینەوە وتم:

- ئەری. ڕاحەت و خۆش.

بابەک – یانی کارۆلین قسەکەی ڕاست بوو؟

- ئەری وادیارە قسەکەی ڕاستی بوو.

بابەک – تەلقین، وازانین، باشترین دەرمانی تۆ تەلقین بوو کارۆلین باشی بۆ چوو. ئافەرم بۆ ئەم ژنە.

– لە خەودا چم دەکرد؟

بابەک – راحەت خەوتی.

– بە راست بابەک. من خەوتم و تۆ هیچ دەنگێکت گوێ لێ نەبوو.

بابەک – بێئەدەب بووی! کابرا لە خەویشدا لێ بەربی بەیانی هەڵناسێ لە هەمووان پرسێ دوێشەو لێی بەر بووە یان نا. دەنگی شەوانە کابرا دەبێ فەرامۆشی بکا و نەیداتەوە بە چاو کەسدا.

– ئەرێ دە گوو مەخۆ. مەباستم دەنگێکی ئاسایی نییە. دەنگی سەیر دەڵێم.

بابەک – ئیتر ئەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە فەرقی هەیە. ئەوانەی وا زلن دەنگی زلیان لێ دەردەچێ. بە هەر حاڵ کابرا بە خۆی نییە.

– ئەرێ دە گوو مەخۆ بێئەدەب.

بابەک – بە هەر حاڵ دوێشەو هیچ دەنگێک نەبوو. نە چکۆلە نە مامناوەند نە گەورە. دەنگی شەوانەش رادەی هەیە. هەستە بەرچایی سازە. گرنگ ئەوەیە تۆ ئێستا حاڵت باشە.

هەستام و چوومە گەرماو و لە سەر مێزی بەرچایی دانیشتم. بابەک چایەکی بۆ تێکردم و وتی:

– بە گیانی تۆ زۆر دڵخۆشم. دەبێ چەپکە گوڵێک بکڕین و بچینە لای کارۆلین. دەبێ دەستخۆشی لێ بکەم دەستی خۆش بێت.

– دەزانی دوێشەو هەتا خەوم لێکەوت چی بوو؟

بابەک – بە تەمای دیسان بچیتەوە ناو پۆلێنبەندیی دەنگی گوماناوی شەوانە! برا بە خوا دوێشەو هیچ دەنگێکم نەبیست. ئەگەریش بیستبێتم نایدمەوە بە چاوتدا و لای کەسیش نایدرێکێنم. تۆخوا بێڵە با بەرچاییەکەم بخۆم.

– گوو مەخۆ. دەمەوێ بڵێم دوێشەو هەر کە سەرم خستە سەرین پاش چەند مانگ خەوم بینی.

بابەک – بە راستتە؟ خەوی چیت بینی؟

- خەونی شیرینم بینی. دەزانی کام شیرین دەڵێم؟

بابەک – هەموویان دەناسم. کچ لە کۆڵانەکەمان بوو کە من نەیناسم؟ شیرین، کچی دادە ئەییەرە، هاوڕێی پووری دەڵێم. لە سەر کۆڵانەکەمان بوو. دەرگای ماڵەکەیان شین بوو. قەیافەی خراپ نەبوو. حەتمین خەونی ئەوت بینیوە.

بگەڕێینەوە بۆ ئێران دەچینە خوازبێنی. کچێکی نەجیمە.

- شیرینی ژنی خەسرەو پەرویز دەڵێم.

لە کاتێکدا کە چاکە لە گەرووی گیری کرد وتی:

- کەوتوویەتە شوێن ژنی خەڵک؟ برا ئەو مێردی هەیە. ملهوڕێکیش وەکوو فەرهاد سەرەی گرتووە. لێت دەدەن باوکت دەردێنن. خەسرەو پەرویز دەزانی کێیە؟ فەرهادیش خۆ دەناسی. شیرین بۆ تۆ نابێت. تەمەنیشی زۆرە. هەزار و بڕێ ساڵە.

ئینجا خۆی پێکەنی و وتی:

- دەی بۆنی دەمی چۆن بوو؟ وتی وەرە خوازبێنیم؟ بتکوتبا تۆ لە پێشدا خۆت لەگەڵ فەرهاد و خەسرەو پەرویز یەک لایی بکەوە، دواتر ئەو دەم بیری لێدەکەینەوە. هەزار و چوارسەد ساڵ تەمەنیەتی واز ناهێنی، بڵێی بە گەنجیتی چ هاروهاجێک بووە. عەیبە. لای دایک و باوکت چی بڵێم؟ بڵێم کەوتۆتە دوای پیرەژنێک؟ چەند پیسی تۆ؟ لە پیرەژنیش نابووری.

- کەری کەرییەکەت تەواو بوو؟

بابەک – نا کەمێکی ماوە. دەمویست لێت بپرسم پیرەژنە ئێستا چییە؟

- پیرەژن؟ هەتیو ئەوەندە جوان بوو چاو لەبەری هەڵنەدەهات.

بابەک – دەی.

- بالابەرز، چاو و برۆ کەوانی.

بابەک – دەی دەی.

- چاو جوان، پرچ درێژ.

بابەک – دەی، دەی، باسی بکە.

- دەنگی زۆر خۆش بوو. کە قسەی دەکرد دەتکوت لای لایەت بۆ دەکات.

بابەک – ژمارە تەلەفۆنەکەم دەیە وا دیارە ئەمە بۆ تۆ نابێ؟ یەکێکی ترت بۆ دەدۆزمەوە.

- دەکرێ برێ جیدی بیت؟

بابەک – دەی جیدیم.

- پێی وتم یەکەم دیدارمان بە خواستی ئەو بوو، بەلام جارەکەی دیکە دەبێ خۆم بچمە لای.

بابەک – ئەوە دەلێی چی؟ ژوانەکەتان لە کوێیە؟ لە بناری کێوی بێستوون یان لە بەر دەم کۆشکی خەسرەو پەرویز؟

- مەیکە بە فشە.

بابەک – برا تۆ شتی وا سەیر دەلێی. خەوێکت دیوە لە بیری خۆتی بەرەوە و واز لە ئێمەش بێنە.

- منیش لە پێشدا وامدەزانی خەوە. بەلام خەو نەبوو.

بابەک – بە ڕاست شیرین هاتووە بە دواتدا.

- چووزانم خۆشم پێم سەیرە.

بابەک – دەی چی وت؟ هاتی قامکە کەلەی بگری. دەلێن قامکە کەلەی مردوو گرتن لە خەودا باشە بە ئاواتەکانت دەگەیت.

- شتێکی وای نەکوت. ناوی پێکەنی، ناوی هەرەشەی لێم کرد. ناوی دەگریا. هەر ئەوەندە.

بابەک – ئەوەی کە هەرەشەی لێکردی ناماقوولی کرد. ئەوەی کە ئەو گریا تۆ ناماقوولیت کرد. شتێکت وتووە کچی کابرات خستووەتە گریان.

- من هیچم نەوت، کە ناوی فەرهادم هێنا گریا.

بابەک – قوڕ بە سەرت. کابرا کچی کە دەیبینی ناوی دۆستەکەی پێشووی لە لا دێنی؟

- هەر فشە بکە. وەڵا بە ڕاستمە. ئەوەی من بینیم خەون نەبوو.

بابەک – ئەی چی بوو؟

- چووزانم.

بابەک – باشە دەی سەری بنەوە. بەرچاییەکەت بخۆ ئیشمان هەیە.

- پێم ناخورێ.

بابەک – هەی ماڵە. هەتا ئێستا خەوی نەبوو. ئێستا کاکم نانیشی بۆ ناخورێ. شیرین چ جامبازێکە. ئەوە لە فەرهاد، ئەوە لە خەسرەو ئەمەش لە تۆ. هێشتا هیچ نەبووە هەواییتی کردووە.

- چت داوە تۆ؟

بابەک – چۆن چم داوە.

- پیلانت چیت بە دەستەوەیە؟

بابەک – بە جیدیمە. یەکەم ئەوەی کە دەمەوێ تەلەفۆنێک بۆ ئێران بکەم بۆ ماڵی خۆمان. جیا لەوەش دەمەوێ لەگەڵ کوڕ و کچەکانی خۆمان ئەمشەو بچینە دەرەوە.

– بۆ کوێ؟

بابەک - قەبران! دە شوێنێک هەر دەدۆزینەوە ئیتر. جارێ بێڵە با تەلەفۆنێک بۆ ئێران بکەم.

هەستا و ژمارەی ماڵ خۆیانی گرت. پێموا باوکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. هەتا هێلی تەلەفۆنەکە لکێنرا دەنگی وەکوو نەخۆش و شت لێکرد و دەستی کرد بە قسە کردن.

بابەک – سڵاو باوکە گیان. بە ساقەی ئەو دەنگەو بم. ئەرێ من نۆکەرەکەت. ئێوە چۆنن؟

- خراپ نیم. یانی هەم. بەڵام ئیتر زیندووم و نەمردووم.

نەمدەزانی باوکی دەڵی چی بەڵام بابەک خۆی لە گێلی دابوو.

- باوکە گیان دایکم چۆنە؟

- ئەوەندە غەریبیتان دەکەم.

- دەنگم وای لێهاتووە ئیتر. ئەوەندە بە دەنگی بەرز دەرسەکانم دەخوێنم دەنگم نووساوە. ئەوەندە دەرس دەخوێنم هەر بۆ خۆمی دەڵێمەوە.

- بەڵێ. تەواو بووە. بڕوانامەکەمان ماوەیەکی دیکە پێ دەدەن. بەلام لەوانەیە نەمناسیتەوە. بوومەتە ڕێوییە ڕووتە.

- نە خواردنمان باشە نە خواردنەوەمان. بەلام ئێستا سێ مانگە لە ماڵەوە دانیشتووین و دەرگامان لە سەر خۆمان داخستووە. باوەڕکە لە مێژە ڕەنگی کووچەم نەبینیوە.

بە ئەسپایی وتم:

- تەح چەند درۆزنی عەمرت نەمێنێت.

بابەک – ئارمینیش باشە. ماوەیەک کەوتبووە شوێن هاوڕێی هەرچی و پەرچی و کاری قۆڕ. بە هەزار قوربەسەری هێنامە سەر ڕێ و هەر چۆنێک بوو دەرسەکانیم پێ تەواو کرد: هەر چۆنێک بوو لە تاقیکردنەوەکاندا دەرچوو.

- وا مەڵێ ئێستا دەچی بۆ باوکمی دەگێڕیتەوە.

بابەک – نا باوکە گیان پارەمان ناوێ؟ خۆ ئێمە هاتوچۆمان نییە. دۆست و دۆستبازیشمان نییە. لە ماڵەوە دانیشتووین و هەر خۆراک و خواردنە کە ئەویش هی گران ناکڕین و گۆشت و مریشک کەمتر دەخۆین ئاگامان لە خەرج و بەرجمان هەیە. بە قوربانت بم وا ئاوا پەروەردەمت کرد. هەڵبەت پوورم و مێردی پوورم، زۆر پارە بۆ ئارمین دەنێرن بەلام نامهەوێ.

- نا باوکە گیان هەرچیم هەیە هی تۆ و دایکمە. یانی زیاتر هی ئێوەیە. من هەرزەکار و کەر بووم، بەلام تۆ منت پەروەردە کرد. دایکم هەندێ جار ناز نازیمی دەکرد، بەلام باشم لە بیرمە تۆ ئیرادت لێدەگرت. ئێستا دەزانم چەند بیرتێژ بووی. هەڵبەت ئەمانە لای دایکم باس نەکەیت. لێم قەڵس دەبێت. لێکیش دوورین لێم دەڵمەند دەبێت.

- بە چاوان قسەی تۆم وەکوو گوارە لە گوێ کردووە. هەرکە کچێک بە لامدا

تێدەپەڕێ و دەیهەوێ بە دۆستی بیگرم وەبیر ئامۆژگارییەکانتان دەکەومەوە و ڕووی سەگی پێنادەم.

- زۆر سوپاس، بە چاوان. بڕوانامەکانمان ئامادە بێ دێینەوە بۆ ئێران. خاترجەم بێ. سلاوی لە خزمەتاندایە.

- بەڵێ، بەڵێ. تاقە خۆشگوزەرانیمان ماڵی پوورییە. هەندێ جار دەچینە ئەوێ. کاک فەرزاد و پووری هەر کە من دەبینن پێم دەڵێن تەح ڕەحمەت لەو شیرەی وا بە باوکت دراوە کە کوڕێکی وەکوو تۆی پەروەردە کردووە.

- زۆر مەمنون. بیبوورە دایکم لەوێیە؟ زۆر سوپاس. خوات لەگەڵ باوکە گیان. ئاگات لە خۆت بێت.

- سلاو دایە گیان. یاخوا قەزات بێ بۆ من. خۆت چۆنی؟

- منیش باشم. کەمێ کز بووم دەنا باشم.

- نا ئیتر هەندێ شت دەخۆم. ئیشالا زوو بێمەوە دەستاوە خۆشەکەی تۆ بخۆم.

- نا جارێ نایەمەوە. جارێ چاوەڕێم بڕوانامەکەم وەربگرم. ئینجا بچمە سەر کار دیارییەکتان بۆ بکڕم.

- زۆر سوپاس. نا برا. ئەرکی سەرشانمە. بۆ ئێوەی نەکڕم ئەی بۆ کێی بکڕم؟ خۆ بابم ئەزیەتت ناکا؟ ئەگەر بێزارن با بانگهێشتنامەیەکتان بۆ بنووسم بێنە لای خۆم.

- نا دایە هەرچیم هەیە هی دۆعا خێرەکانی تۆیە.

- دایە گیان خۆ من بێوەفا نیم سۆز و خۆشەویستیی ئێوەم لە بیر بچێت. ئەوە پەروەردەی تـۆیە کە گەیـشتوومەتە ئێـرە. بە خـوا ئێـوە وەکـوو دە کەلە پیـاو چاودێریتان کردم و منتان پەروەردە کرد، کە لێرە پێم دەڵێن هەزار ڕەحمەت لەو شیرەی وا خواردووتە! دەڵێن شیری دایک ئەگەر پاک و ڕەسەن بێ منداڵی ئاوای لێ دروست دەبێت. باوکم هەندێ جار ناز نازیمی بار دەهێنا، بەڵام تۆ ئیرادت لێدەگرت هەر ئەوە سەری خستم. ئەمانە لای باوکم باس نەکەی لێک دوورین لێم قەلس دەبێ و بە لەحنەتم دەکا و ئاخم دەکات.

- نا دایە گیان تەواوە هەڵبەت ئێرە کرێ ماڵ زۆرە و گۆشتی مریشک زۆر گرانە.

- نا نا، نا بۆمان مەنێرن. ئێمە دەست پێوەدەگرین و کەم دەخۆین و کز دەنیشین.

- نا دایە گیان. من لە کچ و ژن و ئەم قسە و باسانە بێزارم. ئەگەر ویستم ژن بێنم دەبێ خۆت بچی ژنم بۆ بدۆزیتەوە.

- نا! بە قوربانی تۆ بێ پارەی تەلەفۆن زۆر دەبێت. دڵم نایە تەلەفۆنەکە دابخەم پێم خۆشە زیاتر گوێم لە دەنگت بێت. تۆخوا مەگری با خەم نەخۆم.

- باشە بە چاوان. ئاگاتان لە خۆتان بێ زوو دێمەوە.

- بەڵێ. ئارمینیش باشە لێرە نییە چۆتە سینەما.

- نا من لە ماڵەوە ئاسوودەترم. دەترسم بچمە سینەما ئەخلاق و رەوشتم خراپ بێت.

- بە چاوان. بە چاوان. جاری خواتان لەگەڵ.

تەلەفۆنکەی داخست. لەگەڵ ئەوەی ڕاوەستابووم و سەیرم دەکرد.

بابەک – چییە؟ بۆ سەیرم دەکەی؟

- ئەو قسە قۆڕانە چ بوو دەتکرد؟

بابەک – خۆ وا نەڵێم پارەی زۆرمان بۆ نانێرن.

- من کەی کەوتوومەتە شوێن هەرچی و پەرچی و بەیدی و بەیدی؟

بابەک – تۆ نازانی چەندەیان پێ خۆش بوو ئەگەر وام وت؟!

بابەک – بۆ لای ئەوان من ڕەش دەکەی؟

بابەک – دەی تۆش تەلەفۆنت کرد هەر ئەوانە بڵێ وا من وتم! یانی پێچەوانەی قسەکانی من بکە.

- هەتیو ئەمانە خۆ پارەی تەواو دەنێرن؟ بۆ دیسان داوا دەکەی؟

بابەک – لەمەو بە دوا پارەمان زۆر پێویستە. ئەگەر بڕیارە ببینە خزم و کەسی دادە شیرینی ساسانی ئەم پارانە بەشمان ناکات. هەر بەشی شیویکیان دەکات.

- ئەرێ داڕاوەستە تۆ کەی کچ دەبینی وەبیر ئامۆژگارییەکانی باوکت دەکەوی؟

بابەک – بە گیانی تۆ درۆم نەکرد. باوکم هەمیشە ئامۆژگاری دەکردم و دەیکوت کوڕی شیرینم، کچان لە ڕەواڵەت جوان و شیرینن. دل دەڵی بچۆ بۆ لایان، بە دۆستی بیانگرە قەی چ دەکات؟ خۆ هەنگوین نیت بتخۆن. مەترسە! تماشا ئەو کچە چەند جوانە! لێی دێ لە خشتەت ببا؟ تماشا چەند ناسک و بێدەنگە!

- درێژەی پێ بدە.

بابەک – هەتا ئێرەم لە بیرە. هەڵبەت هەندێ شتی تریشی وت. زۆرم لە بیر نییە. هەتا ئێرەیم لە بەر کرد. هەر ئەوەندە دەرسەکانم لە بەر بێ تەواوە. نمرەی دەرچوون وەردەگرم! ئەوانی تر یەکی ڕستەیەک بوو. ئەگەریش پرسیاری لێ بێ ٢ نمرەی لێ دێت. هەر هەڤدە و هەژدەیەکی لێ وەربگرم تەواوە. لە کۆتاییەکانی کتێب ئەوەندە پرسیار ناهێنن وایە؟

پێکەنینم دەهات. پرسیم:

- دەی ئێستا کەمێک بیر بکەرەوە بەشکەم ئەوانی دیکەشت وەبیر بێتەوە.

بابەک – ئەرێ، بەڵام فۆسفۆڕی مێشکم خەسار دەبێت.

- دەی خۆ خوێندنمان کۆتایی هاتووە. بیر بکەرەوە بزانە ئەوانی ترت وەبیر نایەتەوە؟

بابەک – هیچ برا. لەگەڵ ئەوەی ئەمانەی دەکوت لە کۆتاییدا وتی: بەڵام فریو نەخۆی و توخنیان نەکەویت.

- بە خوا جوان ئامۆژگارییەکانی باوکت قۆستەوە. چاک منداڵیان پەروەردە کردووە و پێشکەشی کۆمەڵگایان کردووە؟

بابەک – قسە مەکە. هەتا دوو هەفتەی تر مووچەکەم دووقات دەبێ! هەستە مێزەکە کۆ بکەرەوە با من چەند دانە تەلەفۆن بۆ کوڕ و کچەکان بکەم. بەرنامەی ئەوشەو جێبەجێ بکەم. ئەمشەو تۆ لە ماڵەوە بخەوە. من بە نیازم لەگەڵ کوڕەکان بچمە دەرەوە. ئێوارە گەڕوو نەگری بڵێی لەگەڵت دێم.

- دە چاوت دەرێ بچۆ ناو گەندەڵییەوە.

بابەک – تۆش لە ماڵ دانیشە. من ڕۆشتم تۆ بچۆ کارتۆنی پڵنگی پەمەیی سەیر بکە. دەست لە کارەبا و چرای چێشتلێنان مەدە. دەرگا لە کەس مەکەوە هەتا من لە گەندەڵی دێمەوە.

- بە زیاد نەبێ ئەو ڕفیقایەتییەی دەیکەی؟ بە تەنیا دەچی؟ من بە جێت ناهێڵم.

بابەک – عەمرت نەمێنێت. پەشیمان بوویتەوە؟

- دێم ئاگام لە تۆ دەبێ کە نوقمی ئەو گەندەڵییە نەبێت.

بابەک – مەترسە، ئاومان نییە دەنا مەلەوانی چاکم. هێڵێکی ڕزگاریشم هەیە. بەخێلی بە خودا. پەرداخە ئاوێکیشمان پێ ڕەوا نابینی؟

- هەستە تەلەفۆن بۆ کورەکان بکە با درەنگ نەبێت!

بابەک – مەترسە. زلکاوی گوناحمان لێ وەرناگرن. ملیۆنان ساڵە کە هەیە و هەتا دنیا بینایە دەمێنێت. هەتا شەیتان مابێ بەزمی تاوانیش هەیە.

- تۆ ڕۆژی دوایی چۆن وەڵامی ئەمانە دەدەیتەوە؟

بابەک – من وەڵام و پرسیارم نییە. دیارە شوێنەکەم کوێیە. بە بێ ڕاوەستان و چاوەڕوانی و ڕاست دەچمە دۆزەخ. سبەی نەڵێی هیچم نەدەزانی و ساویلکە بووم و لە خشتەیان بردم.

- باشە ناڵێم. هەستە تەلەفۆن بکە.

بابەک – دەمەوێ بزانم. لەگەڵ چەند دانە هاوڕێ چوونە دەرەوە و پێکەنین و گەڕان کوێی گوناحە؟ خۆ ئێمە هەر قسەی حەق دەکەین و بێزەر و زەرەرین.

- دەزانم، هەستە تەلەفۆن بکە.

هەر دووکمان پێکەنین و بابەک چوو تەلەفۆن بکا و منیش چووم قاپ و کەوچکی بەرچایی بشۆم.

## بەشی پێنجەم

بڕیار وا بوو لەگەڵ کۆمەڵێ لە هاوڕێیان لە پێشدا بچینە پاتیتاژ و ئینجا بچینە دەرەوە نانی شێو بخۆین.

کاروبارەکانمان تەواو کرد و کوڕەکان هاتن بە دوامانـدا و بە دوو ئۆتۆمبێل ڕۆشتین. بەڵام کاتێ لە بەر کلووپ ڕاوەستاین. بۆمان دەرکەوت بە هۆی خاوێنکردنەوە داخراوە.

هەر لەوێ ڕاوەستاین و بەرنامەکەمان گۆڕی. هەر کەس پێشنیارێکی دا و بابەک وتی:

- کوڕەکان وەرن با بڕۆین بۆ پیکادلی.

- من نایەمە ئەوێ. هەرچی و پەرچی لێیە.

ڕامین – تۆ چت لەوان داوە؟ خۆمان بە خۆشی ڕایدەبوێرین.

کەیوان – ڕاست دەکا ئێمە کارمان بەوان نییە.

- باشە بڕۆن. من نایەم.

کەیوان – شەوەکەمان لێ مەشێوێنە.

بابەک – وەرە با بڕۆین. خۆ هەمووشیان هەرچی و پەرچی نین. هەندێکیان هەر هەرچین پەرچی نین.

ڕازی بووم. لەگەڵیان سواری ئۆتۆمبێل بووم کە لە دواوە یەکێ بانگمانی کرد. ڕۆیا و ژانت و ساندرامان بینی کە لە پیادەڕەوەکەوە دەستیان بۆ ڕادەتەکاندین. ڕاوەستاین سڵاو و چاک و خۆشییەکمان لەگەڵ کردن.

پاش چەند خولەک هەمووان پێکەوە ئاشنا بوون.

ڕۆیا - ئەوە دەچنە کوێ؟

بابەک – وەڵا نازانین. هاتین بۆ پاتیتاژ بەڵام داخراوە.

ڕۆیا – ئەگەر شوێنێکی تایبەت ناچن و پێشتان خۆش بوو لەگەڵ ئێمە وەرن.

بابەک – بۆ کوێ؟

ڕۆیا – کۆبوونەوەیەکی پرس و بۆچوون.

بابەک – من خۆشم لە ڕاوێژ و پرس و گفتوگۆ نایە. دەست خۆش بێت. من پێم خۆشە بچمە شوێنێ قسەی تێدا نەبێت.

ڕۆیا پێکەنی و بۆ ساندرا و ژانتی وەرگێڕاوە ژانت وتی:

- پاپیک وەرە من دەزانم تۆ ئەوێت پێ خۆش دەبێت.

بابەک کەمێک نەرم بووەوە.

ساندرا – ئەگەر ئێوە بێن زۆر خۆش دەبێت.

بابەک کەمێ بیری کردەوە و ئینجا وتی:

- کوڕەکان ئێوەش دێن؟

کەیوان – نا برا. ئێمە تاقەتی قسە و گفتوگۆمان نییە. بۆ جارێکی تر بەرنامە دادەنێین.

بابەک – قەیناکە من و ئارمین بچین؟

ڕامین – نا برا، بڕۆن خۆش بن. دواتر یەکتر دەبینین.

ماڵئاواییمان لەوان کرد و سواری ئۆتۆمبێل بووین.

ژانت – ئێوە لە ئێران دیارە باری ئابووریتان باشە. ئۆتۆمبێلەکەتان زۆر جوانە.

بابەک – ئێتر بمژە و مەمرەیەک هەیە. خوای نەیبڕێ.

ڕۆیا – ئۆتۆمبێلەکە هی باوکتە؟

بابەک – نا ئەمە هی ئارمینە. بەڵام ئۆتۆمبێلەکەی منیش هەر لەمەیە، بەڵام ڕەنگەکەی جیاوازە.

ڕۆییا – دوو دانە ئۆتۆمبێل وەکوو یەک؟

بابەک – دایک و باوکمان هەر شتێکمان بۆ دەکڕن هاوشێوەیە. دەڵێن با هی هەر

دووکیان لە یەکتر بچن کە دواتر لە سەر و گوێلاکی یەکتر نەدەین.

ژانت – ئێوە بە فارسی قسە دەکەن ئێمە لێتان تێناگین.

بابەک – داوای لێبووردن دەکەم. ئیتر بە فارسی قسە ناکەین. ئاخە نازانم سەر و گوێلاک بە ئینگلیزی دەبێتە چی؟

ئینجا هەمووی وەرگێڕاوە.

ساندرا – ئێوە چەند سەیرن. ئەو دەرسەیشی کە دەیخوێنن هەر یەکە!

بابەک – بواری خوێندنی هیچ دەرپێیەکیش کە لە ئێرانەوە بۆمان دەنێرن وەکوو یەکە. تازە بە تەمان دوو کچی دووانە بۆ هەر دووکمان بخوازن بۆ ئەوەی ژنەکانیشمان لە یەکتر بچن. ئەرێ بە ڕاست ئەو دانیشتنە دانیشتنی چییە؟

ژانت – بانگکردنی ڕۆح.

بابەک – بانگکردنی ڕۆح ؟ خۆ ئێوە وتتان کۆبوونەوە و گفتوگۆیە.

ڕۆیا – پێمان خۆش نەبوو لای کوڕەکانی هاوڕێتان بیڵێین.

بابەک – خەیر هەتا هەموو ڕۆحی زیندوو و مردووەکانمان نەهێننە پێش چاومان وازمان لێ ناهێنن.

ڕۆیا – بابەک زۆر خۆشە.

بابەک – برا ئێوە چتان داوە لە مردووەکان؟ ئێستا ڕۆحی کێ دەهێننەوە؟

ساندرا – ڕۆحی کەسێکی تایبەت نییە.

بابەک – ئاوا بڵێ گرنگ نییە کێ بێ هەر دەتانهەوێ بیجووڵێنن.

ڕۆیا – ئارمین ئەوە تۆ بۆ قسە ناکەی؟

- چی بڵێم؟ بابەک خۆ مۆڵەتی قسە کردن بە کەس نادات.

بابەک – ئارمین ساویلکە و گەوجە. درۆ و دەلەسە نازانێ. بۆیە هەمیشە لە خشتە دەچێت. هەر بۆیە من دەبێ ئاگام لێ بێت. کوڕێکی بەستەزمانە. ئەمە پەنجا دانە کتێبی دەرسی بۆ دانە بڵێ بۆ بەیانی دەبێ موو بە موویم بۆ بڵەیتەوە. بۆ بەیانی وەرە لێی بپرسەوە وشە بە وشەی دەڵێتەوە.

ڕۆیا – لێی نایە. کوڕێکی نەجیمە. بەڵام بێعەقڵ نییە.

ژانت – ئێوە لە دەم و چاو و باڵاشدا لە یەکتر دەچن. باوکتان لە یەکتر دەچن یان دایکەکانتان؟

- دایکمان.

ڕۆیا – دەی دیارە دایکەکانتان جوانە ژنن.

- زۆر سوپاس.

ڕۆیا – بچنەوە بۆ ئێران لە هەواوە گیراونەتەوە.

بابەک – خۆ چۆلەکە نین.

ڕۆیا – هەر وا بووە. کچی جوان شوو بە پیاوی ناشیرین دەکا و کوڕی جوانیش کچی ناشیرین بە تووشی دەبێت.

بابەک – ڕاست دەکا ڕۆیا. من مامێکم هەیە زۆر جوانچاک و باڵابەرز و ڕێکوپێش. چوو ژنێکی هێنا لەگەڵ ئەو خۆر و مانگە شەڕی دەکرد. مانگی لەگەڵی بوو، بەڵام دوایی تەڵاقی دا و چوو کچێکی ناشیرین و کورتەباڵای قەڵەوی هێنا. کاتێ لێمان دەپرسی ئەم ژنە ناحەزە چییە هێناویەتی دەیکوت ئەوەندە کوتیان پیاوی جوان ژنی ناشیرین بە قسمەتی دەبێ و کچی ناشیرینیش پیاوی جوان دێتە خوازبێنی وامدەزانی هەڵفریوێنراوم. هەستام چووم ژنە جوانەکەم تەڵاق دا و ژنێکی ناشیرینم هێنا.

ژانت – لە ژیانی ڕازییە؟ مەبەستم ئەوەیە ئاسوودەیە؟

بابەک – ئەرێ ڕازییە.

ڕۆیا – چۆن دەبێ پیاوی جوان ژنی ناشیرین بێنێ و ئاسوودە بێ؟

بابەک – ئاخە شەش مانگ پاش ئەو دیقی کرد و مرد. بۆیە دەڵێم ئاسوودەیە.

هەمووان پێکەنین.

ژانت – کاتێ مامت ژنی یەکەمی تەڵاق دا دایک و باوکی چییان پێ وت؟

بابەک - دایکی کە دەبێتە نەنکم لە مێژە مردووە، بەڵام باوکی واتە باپیرم ئەو کات هیچی پێ نەوت. یانی هیچی نەزانی.

ڕۆیا – چۆن یانی هیچی نەزانی؟

بابەک – ئاخە ئەو کات باپیرم تەمەنی سەد و دوو سالان بوو و هیچی نەدەبینی. وایدەزانی ژنی یەکەمیش هەر ژنی دووهەمە.

ساندرا – بۆ ئەوەندە پیرە؟ بۆ لە چ تەمەنێکدا ژنی هێناوە؟

بابەک – زۆر درەنگ ژنی هێنا. داماو بە گەنجێتی زۆر جوانچاک بووە سێ چوار ژنی تەلاق داوە، هەتا کچی دڵخوازی خۆی دۆزیبیەوە و ئینجا منداڵی خستۆتەوە.

ڕۆیا – کچی دڵخوازی خۆی جوان بوو یان نا؟

بابەک – خراپ نەبوو. تەنیا کەمێک پێش سەری کەچەڵ بوو و قاچێکیشی لە قاچێکی دیکەی کورتتر بوو. بەلام تا بڵێی ژنی چاک بوو. باپیرم زۆری خۆش دەویست.

ڕۆیا – فشەمان پێ دەکەی؟

ژانت – فشەمان پێ دەکات.

ژانت – دیارە دوای مردنی نەنکت باپیرت لە عەزرەتدا مردووە؟

بابەک – نا باپیرم خۆمان کوشتمان. دەنا بیست ساڵی دیکەش دەما.

بابەک جۆرێ قسەی کرد کە هەر سێ کچەکە تێکرا وتیان:

– خۆتان کوشتتان؟

بابەک بە لە سەرخۆییەوە وتی:

– نە بەو جۆرەی ئێوە بیری لێ دەکەنەوە.

کچەکان هەناسەیەکیان هەڵکێشا.

ڕۆیا – ئەی مەبەستت چ بوو وتت خۆمان کوشتمان؟

بابەک – ڕۆژێکیان دەنگی گۆرانییەکەم زۆر کردبوو. تووڕە بوو و هەستا شەڕی لەگەڵم کرد و دڵی ڕاوەستا و گەیاندمانە نەخۆشخانە لەوێ مرد.

ژانت – جەڵتەی لێی دا؟

بابەک – نا کەمێک عەسەبی بوو. لە نەخۆشخانە وتیان هیچ نییە. دکتۆرەکان بۆ بەیانی هەڵیانساند. حاڵی باش ببوو.

ساندرا – لە نەخۆشخانە پێی ڕانەگەیشتن؟

بابەک – نا خۆ فەقیرانە پێشی ڕاگەیشتن.

ڕۆیا – شێتمانت کرد بابەک. پێمان نالێی چۆن مرد؟

بابەک ئەدای باپیری دەرهێنا و چۆن هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و سەیریکی ئەوی کردووە و ئینجا چاوەکان نووقاندووە و مردووە.

ڕۆیا – مەبەستم ئەوەیە هۆکاری مردنەکەی چ بوو؟

بابەک – ئەها. ژێر باڵیم گرت کە لە پلیکانەکانی نەخۆشخانە بیهێنمە خوارەوە ک گۆچانەکەی لە قاچم گیری کرد هاتم گۆچانەکەی بگرم خۆیم بەردا ئیتر ل پلیکانەکانەوە بە تەپڵی سەر درا بە عەرزدا و مرد.

کچەکان واق وڕماوانە سەیریان دەکرد.

ڕۆیا – نارەحەت نەبووی؟

بابەک – با. زۆر نارەحەت بووم. چوونکە سەرەخۆشییەکەی کەوتە کاتی تاقیکردنەوەکانم. ئەوەندە قەرەباڵغ بوو خۆ فریای دەرس و دەور نەکەوتم.

– چ کوڕیکی دڵڕەق و بێهەستی!

بابەک – ئەوە دەڵێی چی؟ خوالێخۆشبوو سەد و دوو ساڵ تەمەنی بوو. خەریک بوو ددانی دەهات. من نەبوایەم سەد و پەنجا شەست ساڵ عومری دەکرد. گوێ زەوی چەندە ئۆکسیژنی هەیە؟! ئەگەر هەتا ئیستا بمابووایە ئۆکسیژن بەشی ئێمەی نەدەکرد. خۆ من خزمەتم بە کۆمەڵگا کرد.

دیسان هەموویان پێکەنین.

ژانت – پاپیک، لێرە ڕایگرە. لە بەر دەرگای ئەو ماڵە.

بابەک – تۆ گیان مردووەکانت بە پاپیک بانگم مەکە.

ژانت – وتنی ناوت زۆر قورسە.

بابەک – بەقوربان شتێکی زۆر قورس نییە. لە پێشدا بڵێ با

ژانت – با

بابەک – بەک

ژانت – پیک، پاپیک.

بابەک – ئافەرەم ئێوەت دروست وت.

- ئەوە چ جۆر فێرکردنە؟

بابەک – فێرکردن قۆناغ بە قۆناغە. نابێ زەحمەت لە فێرخواز بکرێت.

ژانت – ئێوە ڕاوەستن با من بڕۆم بزانم دێڵن ئێوە بێنە ژوورەوە.

بابەک – پێیان بڵێ من سالانێکە مێدیۆمم. ڕۆح بانگ دەکەم بە هەر ئەندازەیەک ئێوە بیڵێن. ڕۆحی پیس، ڕۆحی شەیتانی، ڕۆحی نەجیم، ڕۆحی ... .

ژانت ڕۆشت و پاش چەند خولەک گەڕاوە و وتی:

- کورەکان بە داخەوە ناهێڵن کەس لەگەل خۆمان ببەینە دانیشتنەکەوە.

بابەک – دەی چ باشتر.

ڕۆیا – چ ناخۆش بوو. پێم خۆش بوو ئێوەش بهاتبان.

بابەک – خەم مەخۆ. وا چاکترە. ئەوە چییە؟ کابرا بچی ئەزیەتی مردووەکان بکات؟

- تکایە ئێوە بچن با بەرنامەکەتان تێک نەچێت.

ساندرا – نا من ئێوە بە جێ ناهێلم.

بابەک – بە خوا کچی چاکی.

ڕۆیا – منیش ناچم لەگەل ئێوە دێم.

- باپیک و ئارمین ئێمە لە خزمەتی ئێوەداین. کوێتان پێخۆشە دێین.

بابەک – کورە ئێمە لە خزمەتی ئێوەداین. بەلام ئەگەر ئێوە ڕازی بن، بۆ نانی شێو شتێک دەکڕین دەچینە مال ئێمە.

ساندرا – زۆر باشە.

وەڕێکەوتین و لە سەر ڕێگەدا شتێکمان کڕی و بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆمان ڕۆشتینەوە مال و بابەک ئۆتۆمبێلەکەی بردە پارکینگ و هەموومان چووینە سەرەوە. کاتێک کە گەیشتینە ئاپارتمان بابەک بە منی وت:

- ئەگەر لە دەرگایان دا نەیکەیتەوە.

- بۆچی؟

بابەک – خودا مەرگ بە دەست تووە. جوان نییە ئیمە چوار میوانمان هەیە لە پڕ دەرگا بکرێتەوە چەند کەسی دیکەش بێنە ژوورەوە.

- دەی جا چییە، میوان میوانە ئیتر.

بابەک – پەخمە! یانی ئەمشەو نابێ کەس بێت. ئەمشەو دیارە پوورت خۆی پێ ناگیرێ و لە ناکاو خۆی و کاکەی مێردی و دادەکانی کچی هەڵتەک هەڵتەک خلار دەبنەوە بۆ ئێرە.

- دەی با بێن ئەوانیش پارووە نانی بخۆن.

بابەک – دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکا هەتیو. پوورت ئەمجار بێ حەیام دەبات. تۆ حەقت بە سەر هیچەوە نەبێ و دەرگا مەکەرەوە.

ڕۆیا – ئەوە لەوێ سرتە و خورتەی چیتانە؟

- هیچ برا ئەگەر هەر کەس دای لە دەرگا ...

بابەک هاتە ناو قسەکەم و وتی:

- ئارمین گیان بە قوربانت بم تۆ کتێبەکە هەڵگرە و بچۆ ژوورەکەت کتێبەکەت بخوێنەوە. برۆ یا خوا قەزات لە خاڵۆژنت کەوێ.

ڕۆیا پێکەنی و وتی:

- زۆر کوڕێکی ساف و ڕاستگۆیە.

نانی شێو پیزا بوو. بەشمان کرد و لە دەور مێزەکە دانیشتین و دەستمان کرد بە خواردن و باسی هەموو شتێکمان کرد کە لە ناکاو ڕۆیا وتی:

- بـۆچی هـاتنە ئێـرە؟ خـۆ ئێـوە دەرسـخوێن بـوون؟ دەی هەر لە ئێـران بمابایەتنەوە.

بابەک – خەتای ئارمین بوو. ئەو حەزی لە ئەورووپا بوو. من زۆرم پێ خۆش نەبوو.

ڕۆیا – زۆر بزۆزی بابەک. چەند ساڵە لێرەن؟

بابەک – شەش، حەوت ساڵە. تۆ چەند ساڵە لێرەی؟

ڕۆیا - حەوت، هەشت ساڵە لێرەم.

بابەک - تەمەنت چەندە ڕۆیا؟

ڕۆیا - بیست و یەک ساڵ.

بابەک - یانی لە تەمەنی سێزدە ساڵانەوە لێرەی؟

ڕۆیا - ئەرێ.

بابەک - تەنها؟

- چۆن شتی وا دەبێ؟ کچێکی تەمەن دوازدە ساڵان، تەنها!

بابەک - بۆچی هاتی؟

ڕۆیا - بەسەرهاتەکەی دوور و درێژە. بمهەوێ بیگێڕمەوە کاتژمێرێک دەبات.

بابەک - بیگێڕەوە خۆ ئێمە ئیشی ترمان نییە.

ژانت - ئەرێ ڕۆیا بیگێڕەوە. دەبێ زۆر سەرنجڕاکێش بێت.

ڕۆیا - ئەرێ زۆر سەرنجڕاکێشە.

بابەک - ئەگەر پێی زیز دەبی مەیگێڕەوە.

ڕۆیا - نا جارێ نانی شێوەکەمان دەخۆین. ڕەنگە دواتر بۆتان بگێڕمەوە.

بە پێکەنین و گەنجەفەوە نانی شێومان خوارد و ڕۆیا چوو چایەکی دەم کرد و هێنا. کاتێ خوانی نانی شێو کۆ کرایەوە و ژانت قاپ و کەوچکەکانی شت، هەموومان چووینە هۆڵەکە دانیشتین.

بێ ئەوەی بیڵێین چاوەڕێ بووین ڕۆیا بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە. ڕۆیا خۆی هەستی بەمە کرد و وتی:

- باوکم کارمەند بوو. کارمەندێکی سادە. ژیانێکی خۆشمان نەبوو. هەڵبەت لە ڕووی مادییەوە. بەڵام هەتا بڵێی سۆز و خۆشەویستیمان بۆ یەکتر هەبوو.

خوشک و برایەک بووین کە لەگەڵ دایک و باوکمان لە ناو ماڵێکی کرێدا دەژیاین. هەڵبەت لە دوو ژووری نهۆمی سەرەوە. ماڵەکەمان لە ناوەڕاستی شار لە ناو کۆڵانێکی لەمپەر بوو. بە کورتی بۆتان دەگێڕمەوە با ماندوو نەبن.

باوکم کاتژمێر ٥:٤٥ دەهاتەوە بۆ ماڵەوە کە هەتا ئەو کات من و براکەم بە هەر

جۆرێک بێ بە پێداگری و یارمەتی دایکم، دەرسەکانمان دەخوێند. دایکم دەیگوت دەرسەکانتان بخوێنن و تەواوی بکەن با هەتا باوکتان هاتەوە کتێب و دەفتەر بە ولاتدا بلاو نەبووبێتەوە.

قسەکەشی ڕاست بوو. لە ناو ژوورێکی دە دوازدە مەتری خۆی چی و کتێب و دەفتەری چی. خۆشمان پێمان خۆش بوو زوو دەرسەکانمان تەواو بکەین کە باوکم هاتەوە دەرسمان نەبێ و لە لای دابنیشین.

ئەوانەتان بۆیە بۆ دەگێڕمەوە کە بزانن ژیانێکی سادە و ساکار و پڕ لە سۆز و خۆشەویستیمان هەبوو. بە گشتی باوکم کە دەهاتەوە خۆشی و شایی دەهاتە ناوماڵ.

لە حەسار دەموچاوی دەشت و ئینجا دەهاتە سەرەوە. دایکم بە خاولییەک چاوەڕێی بوو کە باوکم دەهاتە ژوورەوە بە بزەیەکەوە سلاویان لە یەکتر دەکرد.

دایکم پێی دەوت سلاو ماندوو نەبی باوکم وەلامی دەداوە: سلاو خۆشتان ماندوو نەبن. چی دەکەن منداڵەکان چۆنن؟

دایکم دەیگوت ئێمە باشین. ئیدارە چۆن بوو؟ ئەوڕۆ کارت زۆر بوو؟

باوکم لەگەڵ ئەوەی بە خاولی دەموچاوی دەسڕی و وشکی دەکردەوە دەیگوت: وەک هەمیشە. ئێوە چ خەبەر؟ باوە حاجی چۆنە؟ دایە حاجی چۆنە؟

من و براکەم کە شەش ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو ئەمانەمان لە پشت پەنجەرەکەوە دەبینی. هیچکات ئەو دوو بزە کە سەد قسەی خۆش و عاشقانەی لە خۆ گرتبوو لە بیرم ناچێت.

باوە حاجی و دایە حاجی دایک و باوکی دایکم بوون کە لەو لای ماڵی خۆمانەوە دەژیان و دایکم ڕۆژی جارێ دەچوو بۆ سەردانیان.

باوکم خەسوو و خەزووری خۆی وەک دایک و باوکی خۆی سەیر دەکرد. سەرەڕای ئەوەی باری ئابووریمان باش نەبوو، باوکم بەو دەستەنگییە و هەژارییەوە هەم چاوێکی لەوان بوو و هەمیش ئاگای لە دایکی خۆی بوو کە دوو کولان ئەو لای ماڵی خۆمان بوو. دوو ژووری بە کرێ گرتبوو و تێیدا ژیانیان

دەکرد.

باوکم تاقانە بوو، باوکی بە منداڵی مردبوو، بەڵام دایکم برایەکی هەبوو ناوی خاڵۆ ئەحمەد بوو. لە مێژ بوو تۆرا بوو و سەر خۆی هەڵگرتبوو. بەڵام ڕۆژێ دەگەڕێتەوە ئەویش ئەو گەڕانەوە. بە ئۆتۆمبێلێکی باش و سەروەت و سامانێکی زۆرەوە.

ئەوانەی دەیانناسی دەیانگوت لە گەڕەکی دەوڵەمەندەکانی شار واتە سەرووی شار ماڵێکی گەورەی کڕیوە. بە هەر حاڵ دۆخی ئابووری زۆر باش بیوو. ئەوەشی کە هاتبووە بۆ فیزدان بوو. ئینجا ڕۆشت و ئیتر نەمانبینییەوە. جا بزانە بیانووەکەی چ بووە؟ جارێکیان باوە حاجی بە هەڵکەوت لە ناو شەقام دەیبینێ و پێی دەڵێ ئەوە بۆ سەرێک تا لای دایکت ناچیتەوە. وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ حاجی گیان سەرقاڵم، منداڵی گەڕەکەکەشتان بێ‌ئەدەبن. ئەو جارە ئۆتۆمبیلەکەیان ڕووشاند.

بیانوویەکی جوان نییە؟

ئیتر باوکم هەم بە دایکی خۆی ڕادەگا و هەمیش بەمان. پاشنیوەڕوانە هەڵدەستا دەچووە ماڵی دایکی و ئینجا سەری دایک و باوکی دایکمی دەدا و چایەکی لەگەڵیان دەخواردەوە و ئینجا دەهاتەوە.

دایکم لە خوو و خدەی تێگەیشتبوو. هەتا دەهاتەوە بۆ ماڵەوە دەبا نانی شێو ساز بوایە. نانی شێومان پێکەوە لە سەر خوانێک دەخوارد.

نازانم کێ بە چاومانیەوە کرد.

باوکم خوای لە بیر چووەوە و دایکیشم بوو بە کافر.

لە ماوەیەکی کورتدا هەموو شتێک گۆڕدرا. ماڵمان، ژیانمان، ئەخلاقمان، سۆز و خۆشەویستیمان، عەشق و هەموو شتێکمان.

هەموو شتێک لەوەوە دەستی پێکرد دایکم داوای تەلەڤیزیۆنی لە باوکم کرد. پێموا لە ماڵی یەکێ لە دراوسێکانمان بیستبوو. ئەوانیش تازە کڕیبوویان.

ڕۆژێکیان باوکم لە سەر کار هاتەوە. دایکم لای باوکم سەری قسەی کردەوە.

باوکم وتی لە ئیدارە قەرز وەردەگری و بۆی دەکڕێت.
دایکم وتی دووکانێک هەیە بە قیستی دەیدا. هەر ئەوەندە.
لە ماوەی چەند ڕۆژدا ماڵە کرێکەمان پڕ بوو لە تەلەڤیزیۆن و ساردینگ و گسکی کارەبایی و مەکینەی بەرگدووری و مۆبل و مێزی نانخۆری.
ئیتر شوێنێک بۆ ڕاگرتنی عەشق نەما و بۆ جێکردنەوەی شمەکەکان عەشق لە ماڵ باری کرد و لە پشت شووشەی پەنجەرە ڕاوەستا. بڕیاردرا شوێنێکی گەورەتر بە کرێ بگرین.
پاش مانگێک ماڵمان پێچاوەوە و چووین بۆ ئاپارتمانێکی گەورەتر و کەمێک ژوور شار. ئیتر لە سەر خوانێک لە ناوەڕاست ژوورەکەدا نانمان نەدەخوارد و لە بری ئەوە لە سەر مێزی نانخۆری کۆ دەبووینەوە. ئیتر لە سەر زەوییەکی شێدار دانەدەنیشتین کە هەر کات پێمانخۆش بێ بچینە باوەشی باوکم. هەر کاممان لە سەر مۆبلێک دادەنیشتین و ئەگەر یەکمان بچووبایەنە لای باوکم دایکم هاواری دەکرد مۆبلەکە ئامان نەشکێت.
ئیتر دایکم بە دەستی خۆی جلوبەرگەکانی نەدەشت و هەڵینەدەگلۆفی.
ئیتر باوکم بەیانیان زوو لە خەو ڕانەدەپەڕی کە بچێ نوێژ بکا و ئینجا بچێ نانی تازە لە نانەواخانە وەربگرێ، نانی بەستوو لە ناو بەفرگرەکە بوو.
ئیتر سەماوەرەکەمان قوڵتە قوڵتی نەدەکرد، کە ئێمە لە دەور یەکتر کۆ بکاتەوە چا لە ناو فەلاسکەکەدا بوو. ئیتر باوکم لە ناو تەستێرەکە دەست و دەم و چاوی نەدەشت کە دایکیشم خاولی بۆ بێنێت. لە ناو ماڵەوەدا دەستشۆریمان هەبوو و خاولییەکەش بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو.
چراتۆری و کۆنەکەی دایکم چووە ئەمبار و لە بری ئەو چرای چێشتلێنانی فرن و پیریکس هاتە ناو چێشتخانە. ئیتر دایکم وەکوو جاران نەدەچووە بازاڕ چوونکە خورد و خۆراکی بەشی هەفتەیەکمان لە ساردینگدا هەبوو. چێشتەکانمان و تام و چێژیان گۆڕا.
گۆشتی بەستەبەندی و سەوزەی پاککراوی دەکڕی.

به دوو کاتژمێر چێشتی ساز دەکرد و کاتەکانی دیکەی ڕۆژ بێکار بوو.
دەرس و دەوری من و براکەم کاتژمێر دوازدەی شەو هێشتا کۆتایی نەهاتبوو. تەلەڤیزیۆن کارتۆنی پیشان دەدا. باوکم لە سەر کار دەهاتەوە و دەفتەر و کتێبەکان لە ناوەڕاست ژوورەکەدا پرش و بڵاو بوو.
باوکم ئیتر نەیدەپەرژا بچێتە ماڵی باوکی خۆی و سەردانی دایکم بکات. پاش ئەوەی ماڵمان گواستەوە سۆز و خۆشەویستی لەگەڵمان نەهاتە ئەو ماڵە نوێیە. دایکم و باوکم کەمە کەمە ناکۆکی و شەڕ کەوتە نێوانیان.
باوکم پاش ماوەیەک دەستی لە کار کێشایەوە و لەگەڵ چەند کەسی دیکە کۆمپانیایەکیان دانا. دۆخی ئابووریمان وردە وردە خۆش بوو. وباوکم قەرزەکانی دایەوە و ئۆتۆمبێلێک و ئینجا ماڵێک و ڤێلایەک و چەند دانە پارچە زەوی و هەندی شتی تری کڕی.
دایکم فێری شۆفێری بوو و باوکم زێڕ و زیو و ئۆتۆمبیلێکی بۆ کڕی. ئیتر کەمتر یەکترمان دەبینی. باوکم هەتا درەنگانێکی شەو لە کۆمپانیا دەماوە و دایکم لەگەڵ هاوڕێکانی یان دەچووە خول و ڕاهێنان، یان دەچووە مەلەوانگە یان دەچووە ئارایشتگا و ئەم شتانە. کاتێکیش کە دەهاتینەوە ماڵەوە هەر کەسەو دەچووە ژووری خۆی.
پاش تێپەڕینی چەند ساڵ هەر کەس ئێمەی دەبینی باوەڕی نەدەکرد کە ئێمە هەر خانەوادەی چەند ساڵ بەر لە ئێستاین. نازانم ئیشی باوک چ بوو، کە پارەیەکی زۆر کۆ دەکردەوە. خەریکی کاری ساختەکاری بوو. پاش ماوەیەک ئاشکرا بوو کە باوکم ژنێکی دیکەشی هێناوە. زۆری نەخایاند کە براکەم دایکمی لە سەر جادەدا لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا بینیبوو، منیش پاش کەمێک براکەمم لەگەڵ کۆمەڵێ هەرچی و پەرچی بینی.
ساڵێک دوای ئەوە باوکم و دایکم لێک جیا بوونەوە و من باوک و باوەژنم لە شوێنێکدا دەژیاین و براکەم و دایکم هەر لەو ماڵەدا بوون. شەش مانگ دوای ئەوە زانیمان براکەم مادەی هۆشبەر دەکێشێت.

ڕۆژێکیان هەواڵیان پێ داین کە براکەم بە هۆی مادەی هۆشبەرە هۆشی لە سەر خۆی نەبووە و ئۆتۆمبێلێک لێی داوە و کوشتوویەتی.

دایکم شوویەکی تری کرد و منیش بووم بە بارگرانیی سەر دایک و باوەژنم. بە بیانووی خوێندن منیان ناردە ئێرە و شوێنێکیان بۆم گرت.

کە ئێستا بیری لێدەکەمەوە نازانم خەتای دایکم بوو یان باوکم یان ئەو تەلەڤیزیۆنە. پاش ئەو هەمووە ساڵە کە بیری لێدەکەمەوە دەڵێم لە ناو ئەو دوو ژوورە چکۆڵەدا عەشق و سۆز و وەفا و میهرەبانیمان بە جێهێشت.

ئێستاش کە تەلەفۆن بۆ دایک و باوکم دەکەم و دەڵێم دەمەوێ سەردانی ئێران بکەم هەر کامیان بۆ ئەوەی مزاحیمیان نەبم کۆڵێ پارەم بۆ دەنێرن بۆ ئەوەی نەچمەوە.

ئەمەش بەسەرهاتی ژیانی من.

کە قسەکەی تەواو کرد فرمێسک لە چاوی قەتیس بوو.

کەس هیچی نەوت و جەوێکی قورس باڵی بە سەر دانیشتنەکەماندا کێشا، ژانت لە حاڵێکدا کە فرمێسکەکانی دەسڕی هەستا و وتی:

- باپیک ئەگەر پێم بڵێی قاوە لە کوێیە قاوەیەکی خۆشتان بۆ ساز دەکەم.

بابەک – لە ناو قەفەسە شووشەکەدایە، بەڵام شپرزەی نەکەی.

ژانت – من زۆر ڕێکوپێکم. خۆت ئێستا دەزانی.

بابەک – شاڵڵا هەر نەزانم. ئەمە پیس تەماحی لە من کردووە.

لە پڕ لە چێشتخانە دەنگی کەوتن و شکانی شتێک هات و ئینجا ژانت وتی:

- ئۆهـ باپیک.

بابەک – قوزەڵقورت و باپیک! ئەوە ڕێکوپێکیی خۆتمان پیشان دەدەیت؟ چ بوو؟

ژانت بە کووپێکی شکاوەوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و کووپەکەی بە بابەک پیشان دا.

بابەک – وەی کزە لە جەرگمەوە هات. دەک دەست و ئەستۆت شکێ.

ژانت – sorry Bapik.

هات بگەڕێتەوە و بچێتە چێشتخانە. قاچی لە دەرگاکە گیری کرد و کەوت بە سەر پەیکەرێکی بچووک و پەیکەرەکە شکا.

ژانت - oh! my god

بابەک – دەک خوا زەلیلت بکا باشە. برۆ دانیشە قاوەمان ناوێ. جیازی دایکمت هەمووی شکاند. ڕۆیا پێدەکەنی و وتی:

- ژانت کاتێک کە زیزە دەست و پای لێ ون دەبێ. ئەوە بۆ من نارەحەتە.

- بابەک – تۆخودا ژانت خۆت بێتاقەت مەکە. دایک و باوکی ڕۆیا کاری خراپیان کردووە ئیتر شتی ئێمە مەشکێنە.

ژانت لە چێشتخانەوە وتی:

- قاوەکەم بۆ نادۆزرێتەوە.

بابەک – لای شەکرەکەیە ئیتر.

ژانت – دەی شەکرەکە لە کوێیە؟

بابەک – لای قوتووی چاکەیە.

ژانت - دەی قوتووی چاکە لە کوێیە؟

بابەک – لای قەندەکەیە.

ژانت – دەی قەنددانەکە لە کوێیە؟

بابەک – کوڕە ئەوەتا لە بەر دەستە کوێر بی.

ژانت لە کاتێکدا کە پێدەکەنی وتی:

لە بەر چاوە کوێرەکانتە ماڵتە کەرە و پەنیر و ماست و کەمێ سەوزە و شیر و چەند دانە شووشەی لێیە.

بابەک – دادە شپرزە ئەوە چوویەتە ناو ساردینگەکە؟

ژانت – ئەی خوا سەرم لێ شێواوە. خۆشم نازانم بۆچی سەیری ساردینگەکە دەکەم.

بابەک – وەرە دانیشە قاوەمان ناوێ ئەو هەر ئەو قاپی میوەیە بێنە حەیامان بێ بەسمانە.

ژانت – قاپی میوە؟

بابەک – دەستی پێکردەوە. میوە لە کوێیە؟ من دەڵێم لای پەنیرە ئەمجار دەڵێ پەنیر لە کوێیە؟ دەڵێم لای شیرەکەیە دەڵێ سەرم لە ناو دەستشۆرییەکەیە.

ساندرا لە کاتێکدا پێدەکەنی هەستا و ڕۆشت وتی:

- من یارمەتی دەدەم.

بابەک سەیرێکی ڕۆیای کرد و وتی:

- بیری ئێران ناکەی؟ بە نیاز نیت سەردانێکی دایک و باوکت بکەی؟

ڕۆیا – بچمەوە بۆ لای کێ؟ خۆ لەوێ هیچی لێ نییە تا دڵمی پێ خۆش بکەم. دایک و باوکم نایانهەوێ من مزاحیمیان بم. ئێرە خۆشە، ماڵ و ئۆتۆمبێل هەموو شتێک هەیە.

بابەک – لێرە دۆست و دەزگیران هیچت هەیە؟

ڕۆیا – دەزگیران؟ ئەگەر مەبەستت دۆستە من حەزم لەمانە نییە. هاوڕێی کچ و کوڕم هەیە، بەڵام وەکوو ئێوە.

بابەک – ئەمە سەیرە.

ڕۆیا – ئەرێ باوەڕکردنی ئەستەمە. هەر ئەم بەرەڵایی و بێڕەوشتییە بنەماڵەکەمی لێک ترازاند. کە هاتیشمە ئێرە خۆمم هەر لەو کچۆڵە کەم تەمەنە لە ناو دوو ژووری کرێدا ڕاگرت کە دەروەست بە داب و نەریتە.

بابەک سەیری کرد و ڕۆیا بە توورەییەوە وتی:

- چییە پێت سەیرە کچێک لێرە بە ئەدەبەوە ماوەتەوە؟

بابەک – ئەرێ پێم سەیرە.

ڕۆیا – گرنگ نییە. چۆنت پێخۆشە بیر بکەرەوە.

بتابەک – دەچییە زانکۆ؟

ڕۆیا – ئەرێ خولی شەشی بواری بیناسازیم.

بابەک – دایک و باوکت هەتا ئێستا نەهاتوونەتە ئێرە بۆ سەردانت کە بزانن چی دەکەی و چی ناکەی؟

ڕۆیا لەقاندنی سەری وەڵامی ئای داوە.

بابەک - لە ماوەی ئەو چەند ساڵە سەردانی ئێرانت نەکردووە؟

ڕۆیا - پێم خۆش نییە بگەڕمەوە بۆ لایان.

بابەک - بە نیاز نیت شوو بکەی؟

ڕۆیا - ئەگەر ئەو پیاوەی من دەمەهەوێ ببێ ئەی بۆ شوو ناکەم. هەڵبەت دوو دانە ئێرانی خوازبێنیان لێکردم بەڵام هیچیانم بە دڵ نەبوو. پیاوی ئێرە بە کار نایەن سارد و سڕن.

بابەک - کوڕە نا پیاوی ئێرە بە کار نایەن.

- بۆچی؟

بابەک - ئاخە پیاوی ئێرە نە لە ژن دەدەن نە جوێنیان پێ دەدەن نە دەیانچزێنن و نە لە ماڵ دەریان دەکەن. گەرم و گوڕ نین سارد و سڕن.

- تۆ ئەمانەت پێ گەرم و گوڕییە؟

بابەک - ژیانی ژن و مێردی بەمانەوە خۆشە. مێرد کە هاتەوە بۆ ماڵ دەبێ هەر لە خۆوە بڕ و بیانوو بگرێت. دەبێ بە ناوچاو گرژییەوە بە ژنەکەی بڵێ ژنەکە ئەوڕۆ ماڵت گسک دا؟ ئەگەر ژنە وتی ئەرێ دەبێ بڵێ ژنەکە بۆ ئەوەندە گسکی دەدەی فەرشەکە کۆنی دەکەی؟

ئەگەر ژنە وتی نا گسکم نەداوە، دەبێ بە سەریدا بگوڕێنێ و بڵێ پیس و پۆخڵ هەستەوە بڕۆوە ماڵی باوکت. ئینجا قایشکەی دەربێنێ هەتا هێزی تێدایە لێی بدات.

پاش نیوکاتژمێر کە تێر تێری کوتا وازی لێ بێنێ با بۆ خۆی لە سووچێکدا تێر تێر بگری. ئینجا بە دەنگی بەرز بگوڕێنێ و بڵێ چا ساز نەبوو؟ ژنەکەی چای بۆ بێنێ. ئینجا لێی بپرسێ زایفە چیمان بۆ خواردن هەیە؟ ژنەش بڵێ برینج و گۆشتی برژاو. ئینجا دیسان بە قایش هەستێ لێی بداتەوە بڵێ کێ وتی ئەوشەو برینج و گۆشتی برژاو ساز بکەی؟ پاش نیو کاتژمێر کە بۆ خۆی تێر گریا بڵێ ژنەکە هەستە سفرەی شێو ڕابخە ئەویش هەستێ سفرە ڕابخا و لە کاتی چێشت تێکردندا لە ژنەکەی بپرسێ ئەوڕۆ دایکت هات بۆ لات؟ ئەگەر وتی ئەرێ دەبڵێ

بلـی ئەوە چییە دایکت هەر کـات سـەری لـی دەشـێوی دێتە ئێرە؟ خـۆ ئێرە کاروانسەرا نییە خۆ من کفرم نەکرد تۆم هێناوە. ئەگەر وتی نا دەبی بڵی ئەوە بۆ دایـک و باوکـت لێت ناپرسـن. ئـایەن لەو زاوایەیـان بپرسن. دیـسان هەسـتی بە قایشەکەی لیی بدات.

- بۆ سادیسمی هەیە؟ بەزەییم بە قایشەکەدا دێ خراپ دەبی و دەبی هەفتەی جاری قایش بکری ئەمە گەرمی و گوڕیی ژیانی هاوسەرێتییە؟

بـابەک – ژیـانەکە کە نـازانم، بەلام لەشـیان گەرم دادێ و بەردەوام خەریکـی چالاکین.

ڕۆیا لە بەر پێکەنین قرتابوو و وتی:

- ئەوە پیاوە.

- ئەمە پاک شێتە. تۆ لەمـانە تێنـاگەی. پیاوی بیـانی بی بوخـارن. لەبەر ئەوەی کاتی دێنە ماڵەوە و بزانن چێشت ساز نییە دەڵی (قەینـاکە گوڵەکەم، هەر دووکمـان دەچینە دەرەوە لەوێ شتێک دەخۆین.) کاتێ بزانی مال پیسە دەڵی گرنگ نییە دەی ئازیز، خۆت زیز مەکە ئێستا تەلەفون بۆ ئاژانسێکی مالخـاوێنکردنەوە دەکەین بێن ماڵەوەمان بۆ پاک و خاوێن بکاتەوە.

کاتێ بزانێ خەسووی هاتبووە مالیان دەڵی دایکت چۆن بوو؟ بریا بۆ نانی شێو ڕاتـدەگرت. کـاتێ بزانـێ ژنەکەی لە سـەر شـەقام لەگەل پیاوێـک کە هـاوپۆلی سـەردەمی قوتابخـانە بـووە و قسەی لەگەل دەکـا دەڵـی تۆخـوداکەی. ڕووداوێکـی خۆش بوو.

بـرا پیـاو دەبـی پیـاو بـی. کە کۆکی دەبی ئەو مـالە بلەرێنەوە. کە پژمـی دەبـی شووشەکان بشکێن. کە هنگی کرد دەبی کارەبا بپچری.

- بە ڕاست ئایدیای سەیرت هەیە ئەم سیستەمە هی چ کاتێکە؟

بـابەک – نـازانم بەلام وابـزانم نیانـدرتالەکان ئـاوا ڕفتاریـان لەگەل ژنەکانیـان دەکرد. سەیر لەوەدایە کە دەڵێن هەمیشە سەرکەوتوو بوون.

لەم کاتەدا ساندرا و ژانت بە سینییەک قاوەوە هاتنە ناو هوڵەکە.

ساندرا – باپیک دیسان قسەی چی دەکا وا ڕۆیا قرتاوە؟
بابەک – تیژیکی خۆم بۆ شی دەکردەوە.
ساندرا – چیت وت وا ئەم کچە ژانی کردووە لەبەر پێکەنین.
بابەک – بەڵێ شتێکی پێکەنینییە. خوا بیکا بە قسمەتت تا لەم پیاوانەت بە تووش بێت، دوو جار بەو قایشانە لێت بدا دەزانی ئەم تیژە چەندە زانسیتییە.
ژانت – باپیک ببوورە کوپەکەتم شکاند، یادگاری بوو؟
بابەک – ئەرێ. بەلام بە قوربانی خۆت بێت. یادگاریی جیازی دایە گیانم بوو لە مێردە چوارەمەکەی.
ژانت – بە ڕاست! دایکت چوار جار شووی کردووە. چ سەیرە. چوار پیاوی تاقی کردووەتەوە؟!
بابەک – نا برا چوار جار شووی کردووە، بەلام یەک پیاوی تاقی کردووەتەوە. ئەویش هەتا ئێستا باوکم بوو هەر لە ئێستاوە چوار جار لێک دابڕاون و ئاشت بوونەتەوە. تاقیکردنەوەی پیاوێک بۆ حەوت پشت و نەژدادی تەواوە.
ساندرا بە سەرسووڕمانەوە وتی:
- بۆچی دایک و باوکت وایان کردووە؟
بابەک – دایکم نەیدەکرد. باوکم دەیکرد، ئیتر خولق و خووی وایە. پێی خۆشبوو چەندجار دایکم بە جلی بووکێنییەوە ببینێت. پەیتا پەیتا تەلاقی دەدا و مارەی دەکردەوە.
- بابەک فشە دەکا. باوکی زۆر پیاوی چاکە.
ژانت – ئێوە بەم ئێرانییە چ دەڵێ؟ ئێمە بە کەسێکی وەکوو بابەک دەڵێین بزۆز.
بابەک ئێمە بەم ئێرانییە دەڵێین خوا بە گژداچووی کەفتەیی‌گرتوو.
ژانت – ئەوە زۆر سەختە.
بابەک – کاریگەریی وتەکەی زیاترە! بیڵێرەوە فێر دەبی.
ژانت – کوا بە گیژداچیو؟ یانی چی؟
بابەک – کودا نا خودا گیژداچیو نا گژداچوو.

- وازی لێ بێنە بابەک ماڵتە.

ژانت – ئەوی تر چی بوو؟ داچیوی کوتەیکرتاو.

بابەک – ئەگەر باوک و دایک پێکەوە بسازن شتی چاکە. هیچکات شەڕیان نابێت. باوک ناسازی کار دەکاتە لێدان. باوکم نەسازە.

ژانت – ئەوی تر چی بوو؟

بابەک – کەفتەیی گرتوو ئەوە بۆ ئێوە نابێ. ئەمە هی بواری پزیشکییە جۆرە نەخۆشییەکە. چارەسەریشی نییە و بە شەویکیش فێری نابێت.

- بابەک خوا بتگری ئەم گەوجی گەوجییانە چییە بەم بیانییانەی دەڵێی؟

بابەک – خۆیان دەکوڵنەوە. چا ئێستا دەپرسی خوا بتگری یانی چی؟

ساندرا – بۆچی ئەوەندە لە زمانەکەتاندا دۆعا و نزا لە یەکتر دەکەن؟

بابەک – دەی وەکوو ئێوە کورسیی کارەبایی و ژووری گاز و گیۆتینمان نییە. هەر کەس غەدرمان لێ بکا و پارەمان بماشێنێ هەر لە کەڕەی بەیانییەوە هەتا نیوەشەو دادەنیشین دۆعای خراپی لێدەکەین و لەگەڵیشی هەنسک دەدەین.

ژانت – فشە مەکە ئێوەش دادگا و زیندانتان هەیە.

بابەک – هەمانە بەڵام بڕیارە کۆی بکەینەوە. بۆ وێنە چەند ساڵ لەمەوبەر دادگای بنەماڵەمان هەبوو دواتر کۆ کرانەوە و ئێستا لەوساوە هەر کات مێرد ژن تەڵاق دەدا، ژنە دادەنیشێ هەتا ئێوارە دۆعا و نزای لێ دەکات. من خۆم جارێکیان بینیم مێردێک ژنەکەی دۆعای لێکرد و ئەو پیاوەش پاش هەفتەیەک بوو بە قالۆنچە. ئەویش لەو قالۆنچە زلانە.

بە دەستی ئەندازەی دە سانتیمەتری پیشان دا.

ساندرا – من باوەڕ ناکەم.

بابەک – دەی چاوت دەری باوەڕ مەکە. ئەگەر هاتوو بوویتە ژنم ئەگەر خراپەت لەگەڵم کرد دادەنیشم ئەوەندەت دۆعا لێ دەکەم با بۆ خۆت ببیتە مارمێلک.

- بابەک ئەم کەری کەرییانەت لە چییە؟

کچەکان کە زانیان بابەک بە ڕاستی نییە دایان لە پرمەی پێکەنین.

ڕۆیا – ئەرێ کاتژمێر دوانزەیە چ زوو کات تێپەڕی. بابەک ئەوەندە خوێن شیرینە. کابرا پێی خۆشە لای دانیشێ و نەڕوات. ماڵتە کات دەڵێی هەڵدێ.

ساندرا – کوڕێکی قۆشمە و شیرینە. داخەکەم شەو زوو تێپەڕی.

ژانت – من زۆر باپیک و ئارمینم خۆش دەوێ. ئەم دووانە تایبەتن.

ساندرا – کوڕەکان ئێمە دەبێ بڕۆین. ئیشالا جارێکی تر زیاتر لەگەڵ یەکتر دەبین.

هەر سێکیان هەستان و سوپاس ئەو نانی شێو و میوانداریيەيان کرد و پاش ماڵئاوایی چوونە بەر دەرگا. ڕۆیا ژمارە تەلەفۆنی ئێمەی لە بابەک وەرگرت و وتی:

– تەلەفۆنت بۆ دەکەم بابەک، بەلام تۆخودا ئەگەر نەتویست قسەم لەگل بکەی پێم بڵێ باش.

بابەک – باش پێت دەڵێم.

کاتێ کچەکان ڕۆشتن من و بابەک ژوورەکانمان کۆ کردەوە و چووین بخەوین. بابەک وتی:

– ئەوە چییە بە دەستتەوە؟

– هەر ئەو چەرمەیە ئیتر.

بابەک – بە ڕاست باوەڕت بەو خەوەت کرد؟

– خەون نەبوو.

بابەک – ئەی چی؟

– چووزانم. ئەرێ تۆ چت داوە لە خەونی من؟ دە بڕۆ ژوورەکەی خۆت بخەوە.

بابەک – ئا دە بڵێ بارگرانم ناوێ. هەوێت بە سەرم هێناوە؟ با چاوم بە شیرین بکەوێ قژ بە سەرییەوە ناهێڵم. خۆ هێشتا هیچ نەبووە ژوورت لە من جیا کردەوە. شتێکی بێسۆز و سپڵەی. هەر ئەو پیسەڵە بۆ تۆ چاکە. تۆ شایەنی ژنێکی نەجیم و چاک نیت. هەر کچی ناشیرین و پیس و پۆخڵ و قەیرە بۆ تۆ چاکە. نیوەشەو نەیەی لە دەرگاکەم بدەی بکەویتە کلکە سووتێ. شەوخۆش. ئیشالا شیرینیش

نەیەتە خەوت و تەنیا بمبینیتەوە و گیانت دەرچی. پاتۆلپیس و شەوالپلیت. ئەمانەی بە دەنگی زیق و ژنانەوە دەکوت. لە بەر پێکەنین قرتام.

بابەک – لە شۆخی دەرچی ئەگەر دیسان شیرینت بینییەوە لە خانەوادە و کەس و کاری بپرسە و پێشی بڵێ کچی ئازبەیان نییە.

- ئەگەر بوویان بە تەمای بیخوازی؟

بابەک – نا دەمەوێ پەیامیان بۆ بنێرم کە هەر لەو سەردەمەدا شوو بکا چوونکە ئێستا قات و قڕیی مێردە. لە خۆڕا هەزار و چوارسەد پێنسەد ساڵ وەکوو شیرین دانەنیشی کە بەشکەم لەم سەردەمەدا یەکێ بێتە خوازبێنی. شەوخۆش شێتە گیان. ئیشاڵا ئەمشەو لە جیاتی شیرین فەرهاد و خەسرەو بێنە خەونت جا باش باش بتکوتن.

ئەمەی وت چووە ژوورەکەی.

نەمدەزانی چ بکەم. لە لایەک شەرمم لە خۆم دەهات کە باوەڕم بەم خورافانەیە، لە لایەک بە خۆمم دەوت نەکا ئەمانە بە ڕاست دەرچی.

چەرمەکەم خستە ناو کەشەوەکە و چوومە ناو پێخەفەکەم و بەتانییەکەم دا بە سەرمدا و خەوتم. تازە چاوم گەرم دەبوو کە دەنگی ئاوازێکی سەیرم بیست. دەنگێکی ئاسمانی. دەنگی سازێکی مۆسیقایی کە هەتا ئێستا نەمبیستبوو! زۆر جوان بوو. دەتکوت لە سەردەمێکەوە هاتبووە ئەم سەردەمە! لە خەو ڕاپەڕیم. دەنگەکە نەما. ئیتر خۆمم پێ نەگیرا، هەستام و چەرمەکەم لە ناو کەشەوەکە دەرهێنا و چوومە ناو پێخەف و چاوەکانم نووقاند.

## بەشی شەشەم

- چاوەکانت بکەرەوە ئارمین.

چاوەکانم کراوە.

شیرین – ئاسوودە بە. هێشتاش باوەڕم پێ ناکەی؟ ڕاستە؟

- سلاو شازادە.

- ببوورن من نازانم بە چی بانگتان بکەم. پێتان بڵێم شاژنی ئێران؟

بە دەنگی بەرز پێکەنی و وتی:

- شاژنی ئێران؟

- خاتوونی ئێران؟

شیرین – ئەم قسانە لێرەدا کار ناکات. ئێستا نە شایەتی و نە ئێرانیتی هیچیان بۆ من نەماوەتەوە. ناوی خۆمم پێ خۆشترە. شیرین جوانە، نا؟

- جوان و هەرمانە! وەکوو خۆتان.

سەیرێکی کردم و وتی:

- لەگەڵم وەرە.

لەگەڵ یەکتر چووینە سەر کاناپەیەک. کاتێ لەگەڵی بە ڕێگاوە دەڕۆشتم و هەڵسوکەوتیم دەبینی هەستێکی سەیر کەوتە دڵمەوە.

- شیرین خانم.

شیرین – ئاواتت لێم هەیە؟

سەرم داخست و دەستی گرتم و لە سەر کاناپەی دانیشاندم و وتی:

- پێم بڵێ شیرین. خۆم وا فەرمانم پێداوی.

- باشە شیرین. ئەوە چ دەنگێک بوو من بیستم؟ دەنگی ئاوازێک بوو. زۆر جوان بوو ئاوازێکی ئاسمانی.

شیرین – ئاوازی باغی شیرین بوو. ئەوە باربۆد لە جوانی مندا هۆنییەوە. هەر لەبەر ئەوەش فیرنۆد کۆلی زێری لە خەسرەو وەک پاداشت وەرگرت.

- جوان بوو، بەلام ئەوە چۆن بوو من ئەم دەنگەم بیست؟

شیرین – چوونکە تۆ دیسان باوەڕت پێنەکردم. بۆیە وام کرد بۆ ئەوەی باوەڕم پێ بکەی؟

ئاخێکی هەلکێشا و لە لام دانیشت و وتی:

- بریا ژیانم هەتا هەتایی بووایە و چارەنووسم هەرمان بووایە.

شیرین – باسی خۆتم بۆ بکە ئەگەرچی لە چارەنووست ئاگادارم.

- یانی تۆ لە ژیانی من ئاگاداری؟

شیرین – ئەوەندەی پەیوەندی بە منەوە هەیە.

پێکەنینێکی خۆشی هات و وتی:

- مەگەر لە بێداریدا کرداری ناشیرینت هەیە؟

- نا، نا هەر وا پرسیم.

شیرین – تۆ کەنجێکی ڕەوشتبەرزی. ئارەزووومە هەمیشە خۆش و گەشاوە بیت.

- من تازە لە زانکۆ دەرچووم. لەوانەیە پاش کەمێک بگەڕێمەوە بۆ ولاتی ئێران.

شیرین – ئێران. ناوێکی جوانە.

- ئێرانت زۆر خۆش دەویست؟

شیرین – ئەرێ ئەی تۆ؟

- منیش خۆشم دەوێ جیا لەوەش بنەمالەکەشم لەوێن.

چاوی بڕییە چاوم و پێکەنی. هاتم بلێم فەرهاد ناحەقی نەبووە شێت بووە کە وەبیر قسەکەی بابەک کەوتمەوە و وتم:

- تۆ زۆر جوانی شیرین. بەتایبەت ئەو کاتەی پێدەکەنی.

شیرین – تۆش وای. ڕوو ڕاست و خۆشدیمەن. هەرکات تۆ دەدوێنم پەژارە لێم

دەرەویتەوە.

- زۆر سوپاس، لیرە تەنهای؟

شیرین – لیرە زۆر بیتاقەت و پەریشانم.

- ئەری تۆ بۆچی لیرەی؟ بۆ دەبی ئەمە بۆ من روو بدا و تۆ ببیتە خەونمەوە؟ ئەمانەم پی سەیرە. هیشتا باوەر بە هیچیان ناکەم.

شیرین – دەبی ئەفسانەی من ببیستی بۆ ئەوی لە هەموو شتی ئاگادار بی. گوی رادیرە با بۆت بلیم. ئەمە ئەشکەنجەیەکە کە بە هۆی کردارە ناشیرینەکانمانەوە لە کارنامەی ژیانمدا تۆمار کراوە! وەکوو قژالکە هەتا دەمەو کازیوە ئازار دەچیژم و ناتوانم دەرباز بم!

- بۆ تۆ چیت کردووە؟

شیرین – پەیمانم شکاند.

- پەیمانی چی؟ تۆبەکەتت شکاند؟

شیرین – پەیمانی خۆم لەگەل فەرهاد شکاند! زایەلەی تیشەکەی فەرهاد گوناحی من دەگیریتەوە. خزام! چەند جار پیم هەلخلیسکا. لە فەرمانی خوا لامدا و پەیمانم شکاند.

- دلی فەرهادت شکاند.

بزەیەکی تال هات.

- باشە بۆچی واتکرد؟ لیت نایە ئاوا دلرەق بی. ئەری بە راست ئەمە تاقە تاوانەکەتە؟ واتە کاری خراپی ترت نەکردووە؟

شیرین – هەندی جار گیرۆدەی ئەهریمەن دەبووم.

- دەی چاکە بەخت یارت بووە و نەچوویەتە دۆزەخ و ئیستا لە ئاگردا نیت.

دیسان پیکەنینی هات و وتی:

- ناوی خوای تاقانە سووکناییم پیدەبەخشیت.

لەگەل ئەوەی ناوی خوای هینا لە سەر جیگاکەی هەستا و لە بەر خۆیەوە هەندی شتی وت و ئینجا روویکردە من و پرسی:

- کاتێ کە ناوی ئەو دەبیستی شوکرانەبژێری ناکەی؟

- با هەمیشە بۆ هەر کاری داوای هاوکاری لە خوا دەکەم.

شیرین – ئافەرم بژی. ئەگەر ناوی خوا لە دڵ و دەروونتدا جێگیر بێ ئەوە هەرچی خراپە و نگریسییە لێت دەرەوێتەوە و سەربەرز و سەرفراز دەبیت.

- دەی کێشەی تۆ چییە؟ شوێنێکی باش و کۆشکێک بەم گەورەیی و فەرهانییەی هەیە. ئەری بە ڕاست پشتی ئەم دەرگایە چ خەبەرە؟

شیرین – لەگەڵم وەرە با ئەم کۆشکەت پێ پیشان بدەم. وەرە لەگەڵما.

چووە ئەو لای هۆڵەکە و دەرگایەکی گەورە کە نزیکەی چوار پێنج مەتر بەرز بوو کردییەوە و چووینە ناو ڕێڕەوێکی گەورەوە.

- ئەوە چۆن ئەم بەردانەیان ئاوا ساف و لووس ساز کردووە؟ سەیرە نا؟ ئەو کات نە دەزگای فرێز بووە و نە هیچ. بە دەست ئەم کارەیان کردووە؟ کابرا خۆی تێدا دەبینی؟ ئێرە تەختی جەمشیدە؟

شیرین – ئەگەر باس لە پریسپۆلیس دەکەی ئەوە سووتاوە.

- ئەری دەزانم.

شیرین – مەگەر هیچ ئاسەوارێکی لە سەردەمی تۆ لێ نەماوەتەوە؟

- با کۆمەڵێکی لێ ماوەتەوە؟ ئەم کۆشکەیان چۆن ساز کردووە؟ نە ئامرازی نە مەکینەیەک؟ ئەم کۆڵەکانە؟

شیرین – ئەمە کۆشکی یەکێ لە گەورەترین شاکان بووە. دەبێ وا بێت. خەسرەو شای شاکان بوو.

- ڕاستە بەڵام چۆنیان چی کردووە؟

شیرین – ئێرانی خاوەن زانستێکی زۆر بوون.

- بە ڕاستی وایە. بریا کامێرایەکم هەبایە چەند دانە وێنەم لەمانە بگرتایە.

شیرین – تۆ ناتوانی هەر جارەو شتێک لێرە ببەیت. تۆ بۆیە لێرەی لەبەر ئەوەی من ڕزگار بکەی. هۆی هاتنی تۆ بۆ ئێرە لەبەر ئەوەیە. ئەم بەر و ئەوبەری ئەم هۆڵە چەندین نگابان وەستاون بۆ ئەوەی من بە خاترجەمییەوە بخەوم. سەیرە نا؟

- ئەری زۆریش سەیرە. هەڵبەت جەنابت شاژنی ئێران بوون.

شیرین – ئەو ڕۆژگارانە بە سەر چوون. وەرە.

چووینە ناو هۆڵێکی گەورە بە کۆڵەکەی ئەستوور و جوان. دەمتوانی وێنەی خۆم لە ناو دەرگا و دیوارەکاندا ببینم.

- شیرین لێرە جگە لە من و تۆ کەسی تری تێدا نییە؟

شیرین – ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە کەسێکی دیکەی وەکوو من و تۆی تێدایە یان نا، دەبێ بڵێم نا.

- واتە جیا لە ئێمە، دیکە کەسێکی دیکە لێرەیە؟

شیرین – ئیتر پرسیار مەکە چوونکە بۆم نییە وەڵامی دیکەت بدەمەوە.

- ئەم هۆڵە پێشتر بووە؟

شیرین – ئێرە تەلارێکە کە هەمووان چاوەڕێ بوون هەتا خەسرەو بێت.

چەند خولەکی کێشا و دەرگایەک گەورەمان کردەوە و چووینە ناو ڕێڕەوێکی دیکەوە. ئەم لا و ئەو لای ڕێڕەوەکە پڕ بوو لە پەیکەر.

- ئەم پەیکەرانە چییە شیرین؟

شیرین – کوتەڵی پاڵەوانان و کەلەپیاوان و شەرڤانانە.

- خەسرەو چ جۆر کەسێک بوو؟

شیرین کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- ڕووجوان، ژیر و قارەمان.

- عاشقت بوو؟

شیرین – بەڵێ. دڵی پێمەوە بوو. کە لەم دەرگا بچینە دەرەوە زۆر شتی سەیر و سەمەر دەبینی.

دەرگایەکی گەورەی دیکەمان کردەوە و چووینە ناو هۆڵێکی گەورەوە، کە ئەم لا و ئەو لاکەی پڕ بوو لە ڕێڕەو. لە مەودای چەند مەتر ڕێڕەوێک بەدی دەکرا. دار و دیواری پڕ بوو لە قەڵغان و زری و کڵاوخوودی جەنگی و تەور و تیر و ڕمب و بە گشتی هەموو شتێک. هەمووشی زێڕ بوون.

- شیرین ئەمانە زێڕن؟

شیرین – ئەری، ئەوەش باش بزانە هیچی لە ڕۆژی پەسلاندا سوودی نییە.

- ئەری، بەلام لەم دنیادا زۆر بە کەلکە.

لە ناوەڕاستی هۆلەکەدا شتێکی لێبوو هاوشێوەی کوانوو بوو. پرسیم ئەمە چییە؟

شیرین – ئەمە سەردەمانێک ئاتەشکەدە بوو. دەبوایە نەمانهێشتبایە ئەم ئاگرە بکوژێتەوە. داخەکەم لە مێژە گڕ و تینی نییە.

- ئێوە ئاگرپەرست بوون؟

شیرین – نا. ئێمە خواپەرست بووین. ئاگر هێمای پاکی و  بڕوا بوو. لە بیرمە لە جەژنەکاندا، قارەمانان و کەڵەپیاوان بە جلی گرانبەهاوە دەهاتنە ئێرە و دەورەی ئاگرەکەیان دەدا و نوێژیان دەکرد. پاش ئەوە هەڵدەپەڕین و شاییان دەکرد. شەراوی پاکمان دەخواردەوە و شاد دەبووین. من هەم لە سەر ڕێبازی خۆم بووم و هەمیش لە سەر ڕێبازی خەسرەو.

- ئەمە زنجیرە چییە؟ زێڕە؟

شیرین – ئەم زنجیرە بە فەرمانی نەوشیروان چێکراوە و لێرە هەڵواسرا.

- کەواتە زنجیری دادپەروەریی نەوشیروان حەقیقەتی هەیە. من چۆن باوەر بەمانە بکەم؟

شیرین – لەگەڵم وەرە.

لە ڕێڕەوێکی گەورە تێپەڕین و لە بەر دەرگایەکی پان و درێژ ڕاوەستاین.

شیرین – هەرکامیان بە شوێنێکەوە پەیوەست بوون، کە هاوسەرەکانی خەسرەو لەوێ دەژیاین و تەنیا خەسرەو بۆی بوو بچێتە ئەوێ. ئەگەر نەناسیاوێک بچوایەتە ئەوێ بێگومان مەرگ چارەنووسی بوو.

- ئەوێ کوێیە کە بە نیازین بچین؟

شیرین – بارەگای خەسرەو. ئەو شوێنەی شاکان لە بەر دەمی کڕنۆشیان دەبرد. ئەگەر بە چاوی دل ببینی، هەر بەردێکی ئەم کۆشکە نهێنییەکی گەورەی لە

دڵی خۆیدا حەشار داوە. وەرە.

دەرگاکەمان کردەوە و چووینە ژوورەوە کە بە جەسارەتەوە دەتوانم بڵێم ئەندازەکەی درێژاییەکەی نزیکەی سەد مەتر بوو. وەکوو زەویی تۆپێن بوو. پڕ لە کۆڵەکەی جوان و سەقفی بەرز. سەر سەقفەکە شێوەکاری لە سەر ئەنجام درابوو. وێنەی جوان و قەشەنگ.

هەندێکیان ڕێوڕەسمی ئایینی بوون. هەندێکیان دیمەنەکانی جەنگ بوون. ئیتر زۆر جوان بوو.

فیکەیەکم لێدا و وتم:

- شوێنێکی جوانە؟

شیرین – ئەگەر لە سەردەمی خەسرەو پەروێزدا ئەم کارەت بکردایە سەرت پەڕێنرا بوو.

- هەر وا بە ئاسانی؟ تەنیا لەبەر فیکە لێدانێک؟

شیرین – ئەری.

- خەسرەو پەرویز چەند شێلگیر بووە؟!

شیرین – هاتنە ئێرە ڕێوڕەسمی خۆی هەبوو زۆر سەخت. سەرەرای ئەوەی خەسرەو پەرویز لە سەر تەخت نەبوو.

- ئەوە لەو سەری هۆڵەیە چییە؟

شیرین – کورسیی شاهانەی خەسرەوە.

- چیی خەسرەو؟

شیرین – تەختی خەسرەو.

چووینە پێشەوە. ئەوی ئەوەندە جوان بوو کە نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە سەردەمانێک ئێرەیان ساز کردووە. هەموو شتە جوانەکان لە زێڕ و زیو بوو.

پێموایە پێنج خولەکمان پێچوو هەتا گەیشتینە لای کورسییەکەی خەسرەو. بە ڕاستی جوان بوو. هەر هەمووی بە زێڕ و زیو چێکرا بوو.

سەرسام مام. هەناسەم لە سینگمدا قەتیس ببوو.

پاش چەند خولەک لە ژوور تەختەکە چاوم بە شتێک کەوت کە وەک شتێ بە لامەوە سەیر بوو.

- شیرین ئەوە چییە لە سەر ئەو کورسییە؟

شیرین چاوی پڕ بوو لە ئاو و وتی:

- ئەوە ناناسی؟ وەی بۆ تۆ؟

- نەکا ئەوە ئالای کاویانی بێت؟

شیرین – بەڵێ ئالای کاویانییە.

- ئەوەی وا لە هێرشی عەرەبەکاندا لە ناو چوو.

شیرین – هەر ئەو ئالایە لە ناو نەچوو. ئەم کۆشکە، ئەم تەلارە، ئەم تەختە، من، خەسرەو، فەرهاد! هەموو شتێ لە ناو چوو. وا دیارە تۆ هیچ لە ڕابردووانی خۆت نازانی؟

- سەیرە. شیرین ئەوانەی من دەیانبینم حەقیقەتی هەیە؟ واتە ئەمە هەمان ئالای کاویانییە کە گەورە شاکان لێی دەتۆقان؟

شیرین – وایە. تۆ زۆر بەختەوەری کە بەرچاوت کراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەوانە ببینی کە ئاواتی هەمووانە. هیچت لە بیر نەچێت.

- شیرین دەکرێ دەستیان لێ بدەم؟

شیرین – ئایا شیاویی ئەوەت تێدا هەیە؟

سەرم داخست و ئەویش وتی:

- وتی وەرە زۆر لێرە ماوینەتەوە. وەرە.

بە ناچارییەوە لەگەڵ شیرین گەڕامەوە و بەو ڕێگەی وا هاتین گەڕاینەوە.

کاتێ کە گەیشتینە ئەو ڕێڕەوانەی کە ژووری ژنەکانی خەسرەوی تێدا بوو، پرسیم:

- کۆتایی هەر کام لەم ڕێڕەوانە ژوورێکە؟

پێکەنی و وتی:

- ئەوە دەڵێی چی کورە؟ هەر کام لەوانە خۆی کۆشکێکە. لە ناو هەر کام

لەمانەدا دەیان کارەکەر ئامادەی کارکردن بۆ ژنەکانی ئەو بوون.
- خەسرەو پەرویز چ کۆشک و تەلاریکی بووە؟!
شیرین – ئەمە تەنیا یەکێک لە کۆشکەکانی بووە.
- ڕاست دەکەن خۆشگوزەران بووە؟
شیرین – لەگەڵم وەرە.
- ناکرێ بچین یەکێک لەم کۆشک و کاخانە ببینین؟ پێم خۆشە بزانم ماڵی ژنەکانی چۆن بووە.
شیرین – ئیزنی ئەوەمان نییە. تۆ تەنیا دەتوانی کۆشکەکەی من ببینی بەڵام ئیستا نا.
- ئیستا دەچینە کوێ؟
شیرین – دەمەوێ بتبەمە بیستانەکەی خۆم. ئەو بیستانەی کە خەسرەو بۆ منی ساز کردبوو.
- باغێک تەنیا بۆ تۆ؟
شیرین – وەرە درەنگە.
دەستی گرتم و لەوێ چووینە دەرەوە و پاش تێپەڕین لە چەند ڕێڕەو چووینە ناو هەیوانێکی زۆر گەورە کە لەوێوە باغێکی گەورە بەدی دەکرا.
لە جوانی و قەشەنگیی ئەو باغە زمانم گیرا. ئەو درەختانەی لەوێ بینیم هەتا ئیستا نەمبینیبوو، هەموو شوێنێ سەوز و خۆش بوو.
ئەستێرێک بوو کە لایەک دەڕژایە ناو گوڵخانە و لە لایەک دەڕژایە ناو چیمەنەکە. لە لایەک دەڕژایە ناو درەختەکانەوە. ئەوەندە گەورە و جوان بوو کە دڵم نەدەهات چاوی لێ بدزمەوە.
بۆ چوونە ناو باغەکە دەبا لە هەیوانەوە چەند پلە بچووبایەتە خوارەوە.
چووین و لە سەر سەکۆیەک دانیشتین.
- ئەم باغە خەسرەو تەنیا بۆ تۆی ساز کردووە؟
شیرین – نەرێ. منی یەکجار خۆش دەویست.

- واتە ژنەکانی دیکەی بۆیان نەبوو بێنە ئێرە؟
شیرین – کە من لە سەیران بووم ئەوان مافی ئەوەیان نەبوو.
- زۆر جوانە ئێرە. ئەم گوڵ و درەختانە هەندێکیانم نەبینیوە. بەڵام چۆنە ئەم درەخت و گوڵانە وەک خۆیان سەوز ماون؟
پێکەنی و وتی:
- ئەمە ساناترین هێمای توانای ئەوە. ئێستا ئامادەی ئەفسانەی من ببیستی؟
- مـــن چیرۆکـــی تـــۆ و فەرهـــاد و خەســـرەو دەزانـــم. لە کتێبـــی نیزامـــی خوێندوومەتەوە.
شـــیرین – دەزانـــم. بەڵام لە نووســـراودا هەمـــوو شـــتێک ئاشـــکرا نییە. دەبـــێ ڕاستییەکەیت پێ بڵێم. بە دڵ گوێ بۆ وتەکانم بگرە.
- شیرین بەر لەوەی دەست پێبکەی پرسیارێکم لێت هەیە.
شیرین – بیڵێ.
- ئەو دوو جارەی تۆم بینیوە هەم لە ناو کۆشک و هەمیش لەم باغەدا هەموو شوێنێ ڕۆشن و ڕووناکە. بەڵام نە چرام بینی و نە هیچ. ڕووناکییەکەی لە کوێوە دێ؟
شیرین – بۆم نییە وەڵامت بدەمەوە. بەڵام ئەمە بچووکترین نیشانەی عەقڵ و زیرەکیی ئەوە.
- ئەمانە بۆ بابەک بگێڕمەوە هیچ باوەڕ ناکا بگرە بە شێتیشم دادەنێت.
شیرین – بابەک؟
- ئەرێ، پوورزامە. ناوی بابەکە.
شیرین – منداڵی هەیە؟
- نا! خۆ ژنی نەهێناوە.
شیرین – چەند بەهاری تێپەڕاندووە؟
- هاوتەمەنی خۆمە.
شیرین – چۆنە ئەم ناوەیان لێناوە؟

- بۆ مانای ناوەکەی چییە؟

شیرین – گەنجی کە زوو ژن بێنێ و ئەو ژنە منداڵی بۆ بخاتەوە ئەوە پێی دەڵێن بابەک.

- مانای تری نییە؟

شیرین – واتە پتەو و ڕاستگۆ. ئایا دەروونی وایە.

- ئەری لە دۆستایەتیدا نموونەی نییە.

شیرین – دروود و سڵاوی منی پێ بگەیێنە. ئێستا ئامادەی بیستنی؟

- فەرموون ئامادەم.

کەمێک سەیری باغەکەی کرد و ئینجا چاوی لە چاوم بری و پاش کەمێک وتی:

- بەسەرهاتی خۆم دەگێڕمەوە کە کەنیشکێکی "کچێک" تەمەن چواردە ساڵان بووم.

ئەو وڵاتەی من تێیدا دەژیام بەشێک بوو لە ئێران، بەڵام بۆ ڕزگاربوونی خۆیان باجیان بە ئێران دەدا.

ڕۆژگارێکی بەفەڕ و شکۆمەندم هەبوو و جیهان بە لامەوە دڵخواز و خۆش بوو.

باوکم شا بوو و بە دادپەروەرییەوە دەسەڵاتداری دەکرد.

لە کۆشکێکی گەورەدا دەژیاین.

هەر لە منداڵییەوە لە خزم و کەسم دەبیست کە کچێکی ژیکەڵە و دەڵالم. لە تەمەنی چواردەساڵاندا سەرتۆپی کچانی هاوتەمەنم بووم، زایەڵەی دەنگم ئەوەندە خۆش بوو کە پێیان دەوتم شیرین.

کاسە خوێنێکی بێهاوتا بووم.

ئەو گەنجانەی وا باوکیان نۆکەری باوکم بوون هەوڵیان دەدا سەرنجی من بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن، بۆ ئەوەی من شوویان پێ بکەم. لە ناویاندا گەنجێک بوو کە زۆر کەمدۆ بوو.

کاتێک کە لە شایی و هەڵپەڕینەکاندا دەورەیان دەدام، ئەو لە سووچێکدا ڕاوەستا بوو و سەیری دەکردم.

زۆر خۆشدیمەن و جوانچاک و جوانخاس بوو. دەمناسی ناوی ئابتین[٤] بوو. سەر بە پاڵەوانان و کەلەپیاوان و کوڕی ئازەرشەسب بوو، کە ڕێزێکی تایبەتی لای باوکم هەبوو. پێم خۆشبوو بێت و قسەم لەگەڵ بکا، بەڵام شەرم و حەیاکەی زیاتر لەوە بوو کە وا بکات. منیش لەبەر ئەوەی شازادە بووم، نەمدەتوانی بچمە لای یان بانگهێشتی لای خۆمی بکەم.

لە ئاستێکی بەرزدا بووم و نەمدەتوانی ئەم نهێنییە لای کەس بدرکێنم.

لە پێشدا تەنیا بیرم لێدەکردەوە، بەڵام دواتر بێ ئەو هەڵم نەدەکرد و زۆر هۆگری بووم.

لە ناخەوە دەسووتام و نەشمدەتوانی هۆگریی خۆمی بۆ دەرببڕم. بەڵام چارم ناچار بوو. ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانێم لەگەڵ خۆم کرد کە سۆز و هۆگریی ئەو لە دڵم دەربێنم. بەڵام مەخابن هەرچی زیاتر بیرم لێ دەکردەوە زیاتر خۆشم دەویست.

پاش ماوەیەک وام لێهات کە ڕەنگم بزرکا و دایەنەکەم منی بە نەخۆش لە قەڵەم دا.

خەو و خۆراکم نەبوو و نەخۆشی و بیماریش ئەوە لە لایەک.

ئەم هەواڵە گەیشتە گوێی باوکم و پزیشکی نارده لام.

ئەوان نەیانتوانی هۆی نەخۆشییەکەم بدۆزنەوە. ئەوان بە باوکمیان وت چارەسەری کچەکەت ڕاو و ڕاوکردنە.

کۆشکنشینان ئەم هەواڵەیان پێگەیشت و وایان بە لاوە باشتر بوو کە چەند ڕۆژێک بمنێرنە ڕاوگە و لەوێ بحەسێمەوە.

ئەمە زیاتر خەفەتباری کردم چوونکە دەبا بەرگە و تابشتی دووریی ئەویشم بگرتایە.

بەرەبەیانان دەچووینە ڕاوگە. باوکم جیا لە نۆکەر و بەردەستەکانی نگابانیشی لەگەڵم ناردبوو.



---

[٤]- ئەم ناوە لە بنەڕەتدا ئاتبین بووە و گۆڕاوە و بۆتە ئابتین. وەرگێر

بێتاقەت و وەڕەز لە کۆشک هاتمە دەرەوە. حەزم لە سەیران و گەڕان نەبوو. لەگەڵ نزیکەکانم سواری عارەبانەی شایی بووم و وەڕێکەوتین. ئەم لا و ئەولامان سەرباز بوو. هەموو بێدەنگ بوون و کەس قسەی نەدەکرد.

بەم شێوە چەند فرسەنگمان تێپەڕاند و ئیتر خۆمم پێ نەگیرا و تابشتم نەهێنا و هاوارم کرد ڕاوەستن.

لە عارەبانەکە دابەزیم. شوێنێکی دڵڕفێن بوو. هەر گوڵ و سەوزە بوو. هاژەی ئاوی چۆمەکە گوێی نەوازش دەدا. ڕووی تێکرد.

لە پاڵ ئاوەکە دانیشتم و گوێم بۆ هاژەی ئاو ڕاگرت.

لە بیر و خەیاڵی خۆمدا بووم کە دەنگێکی بەرز ڕاپچڵەکاندم. شێرێکم بینی کە چاوی تێبڕیبووم.

زریکاندم و بوورامەوە.

کە وەهۆش خۆم هاتمەوە خزمەتکارەکانم بینی کە دەورەیان دابووم و دەگریان، بەلام کە چاوم کردەوە هەموو دڵخۆش بوون. نەمزانی ڕووداوەکە چۆن ڕووی دا. کەمێکم ئاو خواردەوە و پاش ئەوە زانیم شێرێک ویستوویەتی من بخوا و یەکێ لە خزمەتکارە پاڵەوانەکان پەلاماری داوە و تۆپاندوویەتی.

وتم ئەو مەزنە کێ بوو و ناوی چییە؟ چوونکە لە ناکاو خۆشم لە قارەمانبوونەکەی هات. پێم خۆشبوو هەرچی زووە ئەو شێربەزێنە ببینم.

سەیری گەنجەکانم کرد، ئابتینم بینی کە هەموو گیانی خوێناوی بوو. کزە لە جەرگمەوە هات. ئەم قارەمانە منی لە دەست ئەو شێرە ترسناکە دەرباز کرد. خۆشەویستەکەم ئابتین گیان بوو. بریا کوێرابیم داهاتبایە ئابتینم خوێناوی نەدەبینی.

هەستام و چوومە لای. ئەسرینم لە چاو هاتنە خوار. بە خۆمم وت بریا هیچی لێ نەهاتبایە.

کاتێک کە لێی نزیک بوومەوە بە هەموو بێتوانایی خۆیەوە هەستا و سڵاوی لێکردم و وتی:

- دڵخۆشم کە خاتوونەکەم ساغ و تەندروستە.

وتم: ئافەرینت لێ بێ. تۆ بە ڕاستی سەرداری ئێمەی. زۆر ئازارت پێ گەیشت؟

ولامـــی داوە: ئەگەر دەروون تەندروســـت بـــێ لەش کێـــشە نیـــیە. لە پێنـــاو خاتوونەکەمدا ئامادەی هەموو جۆرە گیانبازییەکم.

دەروونـم ئۆخەی پێدا هـات و لە ڕووی خۆشەویستییەوە سـەیریکم کـرد و بە ئاماژەیەک فەرمانی چارەسەرکردنیم دا.

لەو کاتەدا لەشە ماندووەکەیان لە سەر ئارەبانەیەک دانا و هەموومان دانیشین و بەرەو شار وەڕێکەوتین، لەگەڵ گەیشتنمان بە کۆشک پزیشکەکانم نارد بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن.

بـاوکم هـات و لە قارەمـانیی ئـابتین ئاگادار بـووە و بـانگی کـرد. پـاش مـاوەیەک زامی ئابتین سارێژ بوویەوە. ئیتر من بوومە چاوەکانی ئەو و ئەویش بـوو بە دڵ و دەروونی من.

بەڵام هەتا ئەو کاتە هیچمان باسمان لە سۆز و هۆگریمان بۆ یەکتر نەدەکرد. نەمـدەزانی خۆشەویستیی خـۆمی چـۆن پـێ بڵـێم؟ کەسـێک کە لە شـێر ناترسـێ نەیدەتوانی خۆشەویستیی خۆی بۆ من بدرکێنێت.

هەمـوو ڕۆژێ بـۆ سـوپاس و دەستخۆشـی دەهـاتە لام و بـێ هـیچ قـسەیەک دەگەڕاوە.

چێژی دیداری ئەو زوو کۆتایی دەهات و هەموو ڕۆژێ پاش کەمێک لە ئامێزی خەمی خۆیدا دەیهێڵامەوە. زۆر شەرمێون و کەمدۆ بوو.

بە خۆمم دەموت ئابتین لە پێناو ئەم عەشقەدا هەنگاوێکی بەرزی ناوە. بۆ نـابێ منیش خۆشەویستیی خۆمی بۆ بدرکێنم؟

ڕۆژەکەی دیکە کە هاتە لام ڕووم لێ وەرگێرا و سەیرم نەکرد.

زۆر بە لایەوە سـەیر بـوو. پـاڵەوانە شێرەکە کە لە گەرمەی شـەڕ و ململانێـدا نەدەترسا، لە ئاست تووڕەیی و سارد و سڕیی من دڵی لەرزی.

وا خۆمم دەنواند کە نایبینم. ماوەیەک لە بەر دەرگاکە ڕاوەستا بۆ ئەوەی ڕووی

پێ بدەم و بە ساردییەوە وتم ئەورۆ قارەمانەکەمان چۆنە؟

سەری داخست و وتی سوپاس.

وتم وەرە پێشترەوە و دانیشە.

ئەم کارەی لە چوونە ناو دەمی ئەژدیها پێ سەختتر بوو. بە ترسەوە هاتە پێشەوە، بەلام نەیدەتوانی دانیشێت. بە ئاماژەیەک تەلارەکەم چۆل کرد و پاش ئەوە پێم وت:

تۆ چۆن دەرەقەتی ئەو شێرە هاتی؟ خۆ تۆ ناتوانی قسەی دلّت بدرکێنی. خۆ دلێری بە دەرەقەتی شێر و پلنگ هاتن نییە. ئیتر لەمەو بە دوا مەیە لام. پێم خۆش نییە گەنجێکی بێدەنگ و کەمدۆ لێرە بێت. ئێستاش هەستە برۆ. هەرکات لە خۆت رادی و توانیت قسە بکەی جا وەرە شوێنی گەورە گەورەکان. چ شەو و چ چێشتەنگاو. بیستوومە عاشقان نیوە شەو دەخزێنە ناو پێخەفی دلدارەکانیان و دەیاندوێنن. ئێستاش بە سلامەت.

سەری داخست و هەستا و رۆشت.

کە وەخۆم هاتم بینیم خەم و پەژارە و خەفەت دل و دەروونی تەنیم. ئەو یارە چەند ئاسان لە دەستم دەرچوو. ئەگەر لە مەبەستم تێنەگەیشتبێ چ بکەم؟

بەم شێوە قسەم لەگەل کرد کە بەشکەم رووداربێ و بە دەربرین هەست و سۆزی خۆی من لە خەم دەرباز بکات. نەکا لە خۆمم رەواندبێتەوە؟

بەم شێوە کراسی رۆژگارم رەش کردەوە و بە خەم و وەرەزییەوە سەرم خستە سەر سەرین. کارەکەرەکانم لە ژوورەکەم کردە دەرەوە، لە سووچێکدا کەوتمە فکر و خەیالەوە. بۆ لە بریارەکەمدا پەلەم کرد؟ دەبا کەمێک دانم بە خۆمدا بگرتایە. نەکا پەیوەندییەکەمان پسابێت؟

نیوەشەو جگە لە قژالکە گوێم لە دەنگی هیچ نەبوو. لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم دەکرد. تریفەی مانگ ولاتی رووناک کردبۆوە و دیمەنێکی جوانی خولقاندبوو.

ئیتر تاقەتم نەما و جوێنم بە خۆم دا. لە قسە ناخۆشەکەم بێزار بووم.

چۆکم دادا و لە خوای ئافرینەر پارامەوە کە خۆشەویستیی من بخاتە دڵییەوە.
کەمێکی پێنەچوو کە دەنگێکی نەرم هاتە بەر گوێم.
هەستام و سەیری بەرهەیوانم کرد. بە قەڵبەی کۆشکەوە تەنافێکم بینی.
ئایا ئەمە خۆشەویستەکەمە کە بە تەنافەوە بە سەر دیواری کۆشکەکەوە سەر دەکەوێ بۆ ئەوەی بێتە دیدارم؟ چوومە سووچێکی ژوورەکەم و وا خۆم نواند کە ئەوم نەبینیوە. بەڵام لە دڵەوە دوعام دەکرد کە بێوەی بێ و بە سەر ئەو قەڵایەدا هیچی لێ نەیەت. پاش کەمێ بە گۆشەی چاو ئەوم لە بەر هەیوانەکە بینی. لەگەڵ ئەوەی ڕاوەستابوو سەیری دەکردم، دەتکوت چاوەڕێمە فەرمانی پێ بدەم کە بێتە ژوورەوە.
لە سیمایدا ترس و دڵەڕاوکێم بەدی دەکرد.
کارێکی گەورە بوو. ئەگەر پێیان بزانیبایە سزاکەی مەرگ بوو.
بیرم کردەوە کە ئەگەر پەلە نەکەم ڕەنگە بگەڕێتەوە. چوومە لای و لەگەڵ ئەوەی چاوم پێکەوت ئاخێکم هەڵکێشا و بەرەو لای هەڵاتم و سەرسامانە سەیرم کرد.
زۆر پێی عەیب بوو و هەندێ جار دەیویست بگەڕێتەوە.
و باسکە بەهێزەکەیم توند گرت.
"ئابتین ئەوە چ دەکەی؟ چی بووە ئاوا هاتووی بۆ ئێرە؟ دەزانی ئەگەر نگابان و پاسەوانەکان پێت بزانن بە چ چارەنووسێکت دەبەن؟ وەرە ژوورەوە. نەکا بتبینن."
هێنامە ناو ژووری نووستنەکەم. سیمای ئاسەواری ترسی پێوە دیار نەبوو.
بە ئەسپایی وتی:
هاتووم بۆ دیداری خاتوونەکەم. ئەگەر ڕووداریم نواندووە ئێستا لێرە دەڕۆم.
لەو نارەحەتبوونەی دڵخۆش بووم و لێشی پەرێشان بووم.
فەرمانم دا دانیشێ و دانیشت و ئارام بوویەوە. سەیری سیما پیاوانەکەیم کرد. سۆزم دووهێندە بۆی زیادی کرد. پێم خۆشبوو کە لە نهێنییەکەم تێگەیشتووە.
بە ئەسپایی وتی:

- من قۆچی قوربانیی خاتوونی خۆمم. ئەگەر فەرمانم پێ بدا لە پێناوی گیانم بەخت دەکەم.

وتم: لەو تاقیکردنەوە سەربەرز دەرچووی. ئێستا پێم بڵێ بۆ هاتوویەتە ئێرە؟ سەری داخست و وتی: سۆز و خۆشەویستیم بۆ خاتوونەکەم منی هێناوەتە ئێرە. زۆر لە مێژە شەیدا و هۆگری جەنابتانم و دڵم ئامەزرۆی دیداری تۆیە. قسەکانی ئەوڕۆی خاتوونەکەم هۆکاری هاتنم بۆ ئێرە بوو.

ئینجا چاوی پڕ بوو لە ئەسرین و وتی:

شیرین خاتوونە جوانەکەم تکایە عەشقی من قبوول بکەن. گەر تۆ نەبی دەمرم. دەزانم بەرزتر لەوەی کە لەگەڵ من بی، بەڵام باش بزانە ئەم خزمەتکارەت تۆ نەبێ هیچ نابیستێ و هیچ نابینێ. گیانی من تاکە دیاری تۆیە کە بە خۆشییەوە پێشکەشتی دەکەم.

خانمەکەم حەیرانی تۆم، من ئەسیری چاوەکانتم، تکایە ئاوارەی باوەشی غەمم مەکە. خۆشم دەوێی شیرینەکەم.

ئەمەی وت و چاوەکانی نووقاند.

جۆش و خرۆشێک دڵی خۆش کردم. بێ ئەوەی هۆشم بە خۆمەوە بێ وتم ئەگەر من تۆم نەوێ چ دەکەی؟ لە ناکاو خنجێرەکەی دەرهێنا و ویستی خۆی بکوژێ. خێرا دەستیم گرت و لە ئامێزم گرت و دەستی ئاوەڵا کرد و منی لە باوەش کرد.

ئاسمان پێکەنی. گوڵ پشکووت. مەلی خۆشبەختی لە سەر شانم هەڵنیشت.

شیرین دەستی کرد بە گریان و بە هەر دوو دەستی دەموچاوی گرت و دەگریا.

دڵم پڕ بوو. پێم وت:

- شیرین تکایە ئارام بە. ئەو ڕۆژانە تێپەڕیوە.

سەری هەڵبڕی. فرمێسکەکانی لە سەر گۆنای دەخزانە خوارەوە. نەمتوانی فرمێسکەکانی ببینم. جوانی ئەم کچە وەها کاری کردە سەرم کە هۆشم بە خۆمەوە نەبوو. بە ئەسپایی وتی:

- وایە. بەڵام ئەو دنیای تر وەکوو ئێرە نییە. هەمیشە ڕووداوە کۆنەکان دێنە بەرچاوت.

- مەبەستت ئەوەیە کە بەردەوام ڕووداوەکان بۆت دووپات دەبێتەوە.

شیرین - بەڵێ وایە.

- کەواتە بۆ تۆ ئەمە زۆر سەختە.

شیرین لە کاتێکدا کە فرمێسکەکانی دەسڕی وتی:

- زۆر ناخۆشە.

- دەی دوایی بوو بە چی؟

شیرین - ڕۆژەکەی دیکە خۆشەویستی و هۆگریی خۆمم لای دایکم باس کرد. زۆر کەیفخۆش بوو و باوکمی ئاگادار کردەوە. دوای ئەوە من و ئابتینیان لێک مارە کرد. باوکم زۆری خۆش دەویست چوونکە منی لەو شێرە ڕزگار کردبوو.

لە شەوێکی مانگەشەویدا لە ئاهەنگێکدا کە گەورە گەورەکانیش بەشدار بوون و باسی دەزگیرانداریی من و ئابتینیان کرد و پاش ئەوە فەرمانیان پێدا کە بە ئازادییەوە بێنە دیدارم.

شیرین بێدەنگ بوو و لێم پرسی:

- ئەو کات و کچ و کوڕ نەیاندەتوانی بە ئازادییەوە هاوسەری یەکتر بکەن؟ دەبا گەورەکان ڕێگەیان پێبدایە؟

شیرین - وا نەبوو.

- ئەی بۆچی تۆ و ئابتین پاش ئەوەی پێکەوە بوونە دەزگیران بۆتان نەبوو لەگەڵ یەکتر بن؟

شیرین - پێش ئەوەش بۆ بینینی یەکتر ئازاد بووین. بەڵام من شازادە بووم و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێ داب و نەریتی هەبوو کە گەنجان دەبوایە ئەمەیان ڕەچاو بکردایە.

- ئەی ئەوانی دیکە؟ کچ و کوڕەکانی دیکە دەڵێم؟

شیرین - ئەوانیش لە هاوسەری و یەکتربینین ئازاد بوون.

- گەنجەکانمان داوێنیان پاک بوون.

شیرین - لە ئاهەنگ و شاییەکاندا دەست و لە ناو دەست هەڵدەپەڕین و پێکەنینەکانیان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد.

– ئەوکات پیاوسالاری بوو یان ژنسالاری؟

شیرین - ئەم وشانە چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە کە لە ماڵەوە پیاو دەسەلاتدار بوو یان ژن؟

شیرین پێکەنی و وتی:

- ئەوکات ژن پێگە و ڕێزێکی تایبەتی هەبوو. بە جۆرێک ئەگەر لە ئەفسانەی من ئاگادار بی، پاش مەرگی باوکم کە شا بوو من بوومە جێگرەوەی. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە من براشم هەبوو.

- واتە ئەو کات ژن ژێرچەپۆکی پیاو نەبوو؟

شیرین دیسان پێکەنییەوە و وتی:

- بۆ دەبێ پیاو وا بکات؟

- چووزانم.

شیرین – ئەمە شێوازی ژیانی ئێمەی ئێرانی نەبوو. ئەم شێوازی ژیانە دواتر هاتە ناو عەقڵییەتی خەڵکەوە. دیسان پێکەنییەوە و وتی:

- تۆش وا بیر دەکەیتەوە؟

- نا برا! لای من ژن و پیاو یەکسانن.

شیرین – ئاگاداربە مێهر بە ژن ئافرێنرا. ئەگەر ژن نەبێ پیاو دەبێ چی بێ؟! ژنان نیوەی جوان و دڵڕفێنی پیاوانن. ئەم دووانە هەرگیز لێک جیا ناکرێنەوە. ئەوان بێ یەکتر هیچن.

ژیان ئاوا دروست بووە. باش دەزانم کە تۆ ئاگاداری پیاو بە ئافرەتەوە جوانە و ئەگەر ژن نەبێ پیاو چۆن نەوەی لێ دەبێتەوە؟!

- ڕاست وایە. بەڵام ئێستا زۆرێک لە ژنان و پیاوان پێکەوە ناسازان و لێک جیا دەبنەوە.

شیرین – چوونکە هاوتای ڕاستەقینەی خۆیان نادۆزنەوە.

کەمێک بیرم کردەوە و وتم:

- وایە وەڵا. زۆربەی ئەم هاوسەرگیرییانە بە جیابوونەوە و دابڕان کۆتایی پێ دێت، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ژن و مێرد لێک تێناگەن. ناحەقیشیان نییە. دوو جار یەکتر دەبینن دەستبەجێ لێکیان مارە دەکەن. بەڵام بۆچی پیاو لە ژن بەهێزترە؟

شیرین – وا نییە.

- با وایە. پیاو لە ئافرەت بەهێزترە.

شیرین – ئەوان تەواوکەری یەکترن. ئەگەر پیاو لە توانا و جەستەدا بەهێزە دەی ژنیش ناسک و زەریفە. ژن کانییە و پیاو بەردە و بە نەرمی و نیانیی خۆی ئەم بەردە نەرم دەکاتەوە.

- دەی بۆ دەڵێن ژن کەمعەقڵە؟

شیرین پێکەنی و وتی:

- ئەمە قسەی خۆتە؟

- نا برا، منیش وام بیستووە.

شیرین – پیاوانی هەرچی و پەرچی بۆ شاردنەوەی کەمایەسیی خۆیان ئەم قسەیان ساز کردووە. دەزانی پیاوان لە ژنان دڵپیسترن؟ پیاو خۆیان بۆیان هەیە هاوکات چەندین ژنیان هەبێ، بەڵام ناتوانن قبووڵی ئەوە بکەن کە ژنەکەیان جگە لە خۆیان پیاوێکی تری خۆش بوێت. بەڵام ژن وا نییە.

- وەڵا ڕاست وایە. من پیاوانێک دەناسم کە چەند دانە ژنیان هەیە و ژنەکان بە جۆرێک پێکەوە هەڵدەکەن و دەژین. ئەرێ بە ڕاست بۆچی جەوهەری ژن و پیاو ئاوا لێک جیاوازە؟

شیرین – چوونکە هەموو شتێکیان پێچەوانەی خۆیان مانای هەیە، شەو و ڕۆژ و ڕەشی و سپێتی. بیهێنە بەر چاوت جیهانی بێبەری لە ژن. جیهانێکی هیچ و پووچە نا؟

- ڕێک وایە.

لە ناکاو شیرین بە دەنگی بەرز پێکەنی. پێکەنینێک کە دەروونمی لێوڕێژ لە عەشقی خۆی کرد. نووقمی جوانییەکەی بووم و ئەویش وتی:

- ئارمین! بێ ئەوەی خۆت بزانی وەکوو ڕابردووانت قسە دەکەی.

پێکەنیم و وتم:

- چیبکەم. تۆ ئەوەندە ئاوا قسەت کرد منیش فێر بووم.

دەستی گرتم و لە سەر جێگاکەم هەستام و لەگەڵ ئەوەی پیاسەمان دەکرد وتی:

- چەرخی جیهان ڕووی لە پێشە و ڕووی لە دوا نییە. ئەوانەی خۆیان گیرۆدەی بیر و باوەڕی ڕابردووان کردووە هەرگیز لە ئەنگیزەی ئافراندن تێنەگەیشتوون.

کەمێک چاوی نووقاند و لە ژێر لچەوە شتێکی وت و ئینجا ڕووی تێکردم و وتی:

- ئافرێنەری پاک مرۆڤی مەزن ئافراندووە. ئەو زیاتر بیرمەندانی خۆش دەوێ. ئەوان پێش دەکەون.

- واتە نابێ گیرۆدەی ڕابردوو بین؟

شیرین – ئافرێنراو گیرۆدە نییە، ئەوە بیر و باوەڕەکەیەتی کە گیرۆدەی کردووە. ڕزگاریی ئەو لە بیر و باوەڕیدایە. هزری مرۆڤ ئەو بەرەو پێگەیەکی بەرز و بەڕێز ڕێنوێنی دەکات.

- واتە مرۆڤی ژیر و زیرەک دەچێتە بەهەشت؟

شیرین – لەوە زیاتر بۆم نییە بدوێم.

- بۆت نییە زیاتر لەوە قسە بکەی؟

پێکەنی و سەری لەقاند. کەمێک بیرم کردەوە و ئینجا وتم:

- ئەی ئەوانەی هەست و نەستێکی دروست و شیاویان نییە پاش مەرگ چییان لێ دێت؟

شیرین – گەردوون ئاژەڵیشی دەوێ. جەستەی ئەوان لەگەڵ دەروونی ئەم چەشنە کەسانە دەردەکەوێت.

- واتە ڕۆحی کەسانی نەزان دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دنیا و دەچێتە ناو

جەستەی ئاژەڵەکانەوە؟

شیرین تەنیا سەیری دەکردم. هاتم پرسیارێکی لێبکەم کە پەنجەی لە سەر لێوم دانا. کەمێک پیاسەمان کرد و پرسیم:

- بۆچی هەندێ لە وڵاتان خەڵکەکەی ئاوا بێبەخت و چەوساوەن؟

شیرین – ئەوەی زەین و هزری بە کار نەهێنێ ڕەنج چاوەڕێی دەکات.

هەرکە هاتم قسەیەک بکەم ترسم بە سیمایەوە بەدی کرد.

- چی بوو شیرین؟

شیرین – کاتی ماڵئاواییە. برۆ بخەوە.

- بۆچی؟ من  پێم خۆشە زیاتر لای تۆ بم!

شیرین – تۆ ناچاری.

چاوی نووقاند و ئینجا بە دڵەڕاوکێوە وتی:

- خوات لەگەڵ ئارمین. درەنگە. بە سلامەت.

پاش کەمێک چاوم کردەوە.

لە ژوورەکەی خۆم بووم.

کەمێک سەیری ئەم لا و ئەو لام کرد. هیچی لێ نەبوو.

چاوم نووقاندەوە کە بەشکەم شیرین ببینمەوە. بەڵام نەمبینییەوە. گەڕامەوە و لای دەرگای ژوورەکەم سەیرمکرد. بابەک لە لای دەرگاکە ڕاوەستا بوو و بە سەرسامییەوە سەیری دەکردم.

- تۆ نەتبینی؟

بابەک – کێ؟

- شیرین دەڵێم.

بابەک – وەڵا ماوەیەک لەمەوبەر لە قاوەخانەیەکدا یەک دوو وێنەی شێوەکاریم بینی. گێڕەوەرێک دوو سێ دانە تابلۆی هەبوو و لە ناو قاوەخانەدا هەقایەتی شیرین و فەرهاد و خەسرەو و شیرین و ڕۆستەم و سۆهرابی دەگێڕایەوە. جارێکیان لەوێ وێنەکەیانم بینی.

فەقیرە چاکیشی دەگێڕایەوە. ئەو ڕۆژە چوومە قاوەخانە ئەو خەریک بوو هەقایەتی شیرین و فەرهاد دەگێڕایەوە. من بۆ یەکەم جار لەوێ وێنەی ئەوم بینی. جا ئەزقەزا گێرەوەرەکە وێنەکەشی جوان نەکێشابوو.

- دە بڕۆ گوو مەخۆ.

بابەک لەگەڵ ئەوەی تاوەکەی بە دەستەوە بوو وتی:

- بۆچی شیرین لەگەڵت هاتبووە ئێرە؟

تاقەتی قسە کردنم نەبوو.

بابەک – بەهەر حاڵ لە دوو هێلکە زیاترمان نییە. بەشکەم بەرچایی خواردبێت. ماڵتە تۆ میوان خوڵک دەکەی پێشتر دەنگ بکە.

- بابەک قشە مەکە. پێکەوە قسەمان دەکرد. لە ناکاو نەمزانی چۆن بوو ئیتر نەمبینییەوە.

بابەک – دەی ڕەنگە چووبێتە توالێت. چوو دەست و دەموچاوی بشوات. هەستە بچۆ بانگی بکە بەرچایی ئامادەیە.

بەتانییەکەم فڕێ دا بۆی و لە ناو هۆڵەکەوە بە دەنگی بەرز وتی:

- دادە شیرین شوو بەم ئارمینە نەکەی. لەو پیاوانەیە وا لە ژن دەسرەوێنێت.

پێکەنینم هات و چوومە ناو هۆڵەکە و بابەک لەگەڵ ئەوەی منی بینی وتی:

- تۆخودا لای ئەم کچە حەیامان مەبە. ئەمە لە ڕەچەڵەکی شا و شازادەکانە. دایک و باوکی ڕەسەنن. دایک و باوکی پێمان دەڵێن ئەم ناجسن و ناڕەسەنانە کێن؟

بە پێکەنینەوە چوومە لای توالێتەکە کە لە ناکاو گوراندی:

- هۆ بۆ کوێ؟ کەسێک لە ناو توالێتە تۆ دەنگی مەنگی جیکی بکە. ئینجا بە دەنگی بەرز وتی:

- شیرین خانم ئاسوودە بە و بە خاترجەمییەوە کارەکەت بکە. ئێمە لێرە مەبالێکی تریشمان هەیە.

## بەشی حەوتەم

لە سەر مێزی بەرچایی نانی بەیانیمان دەخوارد، دەفتەرچەیەکی بچووکی زێڕینم لە سەر مێزەک بینی لە بابەکم پرسی:

- ئەمە چییە؟

بابەک - هەر ئەو دەفتەرەی وا لە ناویدا شێعرم بۆ مریەم هۆنیبۆوە و ونم کردبوو.

- گووت خوارد. خۆشت باوەڕت بە درۆکانت کردووە.

بابەک – خۆ درۆم نەکرد.

- دەی چۆن من هەتا ئێستا نەمبینیوە؟

بابەک – خۆ کتێب چاپکردن هەر وا قشە نییە. لە مێژ بوو دابووم بۆ چاپکردن. شێعرەکانم بۆ چاپ نەدەبوو ئیتر مۆڵەتیان پێ نەدا. ئێستا پێداچوونەوەی پێدا کراوە. بەشکەم ئەمجار مۆڵەتی چاپی پێ بدەن.

- ئەرێ دە بیبرەوە.

دەفتەرەکەم هەڵگرت. سپی بوو.

- ئەی کوا شێعرەکانی؟

بابەک – ئەمشەو دەهۆنرێتەوە.

- دەچی بۆ منەتکێشی؟

بابەک – دە چی بکەم. دوێنشەو پووری خانمت هاتە خەوم بەو ددانانەی خەریک بوو ئەنجن ئەنجنی دەکردم. ئێمە نەچینە لایان خۆیان دێنە لامان. دەبێ ئەمشەو دانیشی لەگەڵم چەند دێرە شێعر بهۆنیتەوە. منیش لەم دەفتەرەدا بینووسم.

- به من چی؟
بابەک – بە نیاز نیت ببینە خزم؟
- من جارێک لەگەڵت خزمم ئەگەر حەیام بێ بەسمە.
ئەمەم وت دەفتەرچەکەم فڕێ دایە سەر مێزەکە.
بابەک – دەک دەستت هەڵوەرێ وا دڵمت شکاند. بێهەست من لە دوێنشەوەوە خوێن و عارەقم تێکەڵ بووە تا توانیم ئەم دیوانە شیعرە ئامادە بکەم. تۆش ئاوا بێڕێزی پێ دەکەی؟ قوڕ بە سەرت بۆ هەست و نەستت.
دەفتەرچەکەی هەڵگرت و کردییەوە و وتی:
- وەیش وەیش ئەم بەستەزمانەت فڕێ دایە سەر مێزەکە هەموو وشەکانی ڕژایە دەرەوە. ئیتر سپی بووە.
- گوو مەخۆ. دەمەوێ خەونەکەی دوێنشەوت بۆ بگێڕمەوە.
بابەک – خەوەکەت ژێر ١٨ساڵانە؟
- چی؟
بابەک - دیمەنی سانسۆڕداری هەیە؟
- تۆ قسەت لەگەڵ نایە. خەونەکەمت بۆ ناگێڕمەوە.
- نا تۆخوا بیڵێ. تکا دەکەم فایلە سەرەکییەکەم بۆ بگێڕەوە.
پێکەنینم هات.
- خەون بە شیرینەوە بینی. بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە ...
بابەک هاتە ناو قسەکەم و وتی:
- ڕاوەستە ڕاوەستە بزانم! با بچم بڕێک تووی ترووکاندن بێنم. جا بیڵێ.
- ئەرێ دە گوو مەخۆ. نایڵێم.
بابەک – گووم خوارد بیڵێ.
پێکەنینم پێی هات و وتم:
- بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە یەکەم ئەوەی کە منی بردە ناو کۆشکەکەی خەسرەو پەروێز و ئەوێی پێ نیشان دام، ژووری ژنەکانی خەسرەو پەروێز و

هۆلی دیداری شاکان، لەگەڵ خەسرەو پەرویز و نگابان و ئاگردان و پەیکەرەکان و ...

دیسان هاتە ناو قسەکەم و بە ورووژانێکەوە وتی:

- لە نووستنگەی ژنەکانی خەسرەو پەرویزەوە دەست پێ بکە.

- دەمت داخە بەشەری پاتۆڵ پیس.

بابەک - ماڵتە من دەڵێم یەک یەک بچۆ پێشەوە.

دیسان پێکەنینم هات.

بابەک - ئەری دە بێلێ ئاوی دەمم هات.

- هیچ برا. دەیکوت دڵی بە کوڕێکەوە بووە بە ناوی ئابتین. هەر دووکیان دڵیان بە یەکەوە بووە، بەڵام بە یەکتریان نەوتووە. لە ئەنجامدا شەوێکیان ئابتین بە تەنافێکەوە دەچێتە ژوورەکەی شیرین. لەوێ سۆز و خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتر دەردەبڕن. بۆ بەیانییەکەی ڕووداوەکە بۆ دایکی دەگێڕێتەوە و دایکیشی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە و ئەوانیش ڕازی دەبن و لێکیان مارە دەکەن.

بابەک - ئارمین گیان ببوورە دیسان هاتمە ناو قسەکەت. من زیاتر پێم خۆشە هی شەوی پێشترەکەی زیاتر بگێڕیتەوە کە لەگەڵ ئابتین لە ژوورێکدا بوون.

- هیچ خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتر دەربڕی.

بابەک - هەر دەربڕینی خۆشەویستی؟

- عەمرت نەمێنی چەند حیزەپیاوی؟

بابەک - تکایە توورە مەبە. جوان بە وردی و تێر و تەسەلەوە بۆم بگێرەوە، ئەو شەوە چۆن خۆشەویستیی خۆیانیان بۆ یەکتر دەربڕی. لە کوێ خۆیان شاردەوە و چییان بینی؟

- بە قورئان بشمری هیچت بۆ ناگێڕمەوە.

بابەک - خۆزگەم بە خۆت. خواش بۆ هەندێکی گرتووە. کابرا لە خەون بینینیشدا شانسی هەیە. تۆ خەونی چ دەبینی و من خەونی چ دەبینم؟ تۆ خەون بە کچی پازدە و شازدە ساڵانەوە دەبینی و منیش خەون دەبینم. ئەری دوێشەو

خەونی چیم بینی؟ ئەها خەونم بینی لە ئێرانم لە ماڵە کۆنەکانین.

- دەی لە بیرمە بیڵێ.

بابەک – ئەوکات زۆر منداڵ بووم. دراسێکەمان دوو کوڕیان بوو، هەمیشە لێیان دەدام. یەکیان ناوی شەمعوون بوو، ئەوی تریان ناوی یەعقووب بوو. دوێشەو خەوم بینی یەکێک لەو دوو برا لەگەڵ باوکیان واتە سمایل هاتن و دەیانویست هەر چوارمان بچینە سەفەری شیمال. هەرکامیان ڕیشیان تا بەر ناوکیان دەهات. چا فەرقی خەونی و تۆ بینیوتە چۆنە!

دوێشەویش خەونم بینی فیدل کاسترۆ بەو قەیافە و ڕیش درێژ و نەتاشراوەی خولکمی کرد. چوومە کووبا جگەرەی بەرگمان دەکێشا. ئەمجارەیان ستالین بەو سمێڵە فشەیەوە هاتە ژوورەوە و پێی وتم وەرە لای فیدل کاسترۆ و جار جار سەردانێکیان بکە.

لە بەر پێکەنین قرتام.

ئەمانەی بە ڕاست بوو خەفەتیشی دەخوارد.

بابەک – پێبکەنە کا ئارمین. جا وەڵا دەبێ هەر پێم پێبکەنی. نازانم بۆچی خەونەکانم هەمووی پیاونەیە.

- خوا پشیلەی دەناسی بۆیە باڵی پێنەداوە. تۆ بە بێداری هەموو هەرزەکارییەک دەکەی بەس نییە! جا بە خەویش هەرزەکاری بکەی دە ماڵمان وێران دەبێت.

بابەک – وەڵا خۆ درۆش ناکەی. تۆ ئاگری بێمەترسیت. لە خەودا دەتبەنە ناو کچان.

- خوا پشیلەی ناسیوە بۆیە باڵی پێ نەداوە.

بابک - پشیلە خۆتی کا ئارمین. بەرچاییەکەت بخۆ ئیشمان زۆرە.

- ئیشی چیمان هەیە؟

بابەک – برا یارمەتیم بدە دوو دانە شێعری گەوجی گەوجی بهۆنمەوە، با لەم دەفتەرچەدا بینووسم و بیدەمە دەست ئەو قەیرەکچەی پوورزات و کێشەکە بخەین بە لایەکدا.

- هەر ئەو شیعری گەر کچێک بمریٓ ی بۆ بنووسە.

بابەک – با بیرێکی لێ بکەمەوە بزانم چۆنە.

کەمێک بیری کردەوە و ئینجا وتی:

وەرە هۆ شەتلی ڕەیحانە هەر تەنیا خۆت

لێم ببوورە درۆم لەگەڵ کردی بە گیانی خۆت

بە گیانی دایکت پووری ئارمین

ئەگەر داروین بیسەلمێنێ مرۆڤ لە نەوەی مەیموونە

ئەوە بە بینینی پوورت باوەڕ دەکەم.

- با مریەم ببینم.

بابەک – بڕۆ هەمووی بگێڕەوە زمان ڕانەوەستاو.

- با ئەم شیعرە بۆ پوورم بخوێنمەوە. ئەودەم پێت دەڵێ تیۆریی داروین ڕاستە یان نا.

بابەک - دەی دیارە هەڵەیە. لە سەداسەد هەڵەیە. سەبارەت بە پوورت دەبێ بڵێم کە مرۆڤ لە نەوەی ورچی جەمسەرییە.

لەم کاتەدا لە ئایفۆنی دەرگا درا.

بابەک – وەی ناوم هێناو هات. پێموایە پوورتە ئارمین. ئەرێ ئارمین ورچی جەمسەری چی دەخوات؟ بەشکەم گۆشتی مرۆڤ نەبێ. ئەگەر پوورت نەمخوا بە خوا هەرچی لە ناو ساردینگ بوو و شووشە هەنگوینێکی باشیشی پێ دەدەم.

ئایفۆنەکەم هەڵگرت. ڕۆیا بوو. دەرگاکەم کردەوە.

بابەک – ئەگەر پوورتە پێی بڵێ نەیەتە سەر. لێرە شۆفاژ هەڵگیرساوە نەکا گەرمازۆ بێت. پێی بڵێن ئەوڕۆ Bri rish sir ways بچۆ بۆ جەمسەر. پێی دەکات.

- دارزە هەتیو. کابرا ئاوا باسی گەوەری خۆی دەکات؟

بابەک – یاخودا بە نازی دایک و باوکت گەورە بیت. دایکت پێی نەوتووی لەگەڵ هەرچی و پەرچی مەگەڕە.

- ئەزقەزا هەمیشە بۆ ئەمە ئامۆژگاری دەکردم.

بابەک – ئەی بۆچی بووینەتە هاوژوور؟

- فریوی جوانخاسی و پاکوخاوێنییەتم خوارد. ئەوەش بڵێم پوورم نییە.

بابەک – ئەی ئەوە رۆحتە خەریکە لە کونە لووت دێتە دەرەوە؟ دە پێم بڵێ دەی.

- دادە رۆیایە.

چووم دەرگاکەم کردەوە و راوەستام هەتا رۆیا هاتە سەر. پاش خولەکێک ئاسانسۆرەکە گەیشتە نهۆمی سەرەوە و رۆیا لێی هاتە دەرەوە. جلێکی جوانی لە بەردا بوو و بە پێکەنینەوە سڵاوی کرد. وەڵامی سڵاویم داوە و خولکم کردە ژوورەوە. کاتێ هاتە ژوورەوە پرسی:

- بابەک لە کوێیە؟

هەر هاتم بڵێم لێرەیە کە لە ناکاو دەنگی بابەکم لە ژووری خەوتنەوە بیست کە وەکوو نەخۆش خەریک بوو دەیناڵاند. رۆیا پرسی:

- ئەوە دەنگی کێیە؟

نەمزانی وەڵامی چ بدەمەوە کە بابەک بەو دەنگ و حاڵەتی نەخۆشییەوە وتی:

- ئارمین ئەوە کێ بوو لە دەرگای دا؟

وا دەنگی درێژ دەکردەوە کە دەتکوت هەفتەیەکە لە ناو پێخەفە. پێم وت:

- دادە رۆیا تکایە فەرموون بۆ ژوورەوە.

هەر بەو حاڵەتی نەخۆشییەوە وتی:

- بە خێر بێن. چاو و دڵم روون بۆوە. ئەوە من لە جێکەوتووم و ناتوانم لە سەر جێگاکەم هەستم.

رۆیا کە نارەحەت بوو چووە ژوورەکەی بابەک و وتی:

- چیبووە بابەک؟

منیش بە دوایدا چوومە ژوورەکە. کە چاوم بە بابەک کەوت پەشۆکام. رەنگی وەکوو گەچ سپی هەڵگەرابوو. رەنگی بزرکابوو.

رۆیا بە بینینی بابەک پەشۆکا و چووە لای و بە نارەحەتییەوە پرسی:

- چی بووە بابەک؟ ئەوە چیتە؟ لە کەیەکەوە ئاوایە؟ بردت بۆ دکتور؟

نەمدەزانی چ بڵێم. بە ئەسپایی وتم:

- وەڵا نازانم. ناوەڵا نەمبردە دکتور.

خۆشم ترسابووم. ڕۆیا زۆر بێتاقەت بوو. پێی وتم:

- دەبوایە بتبردایەتە دکتور. حاڵی هیچ باش نییە.

بابەک – کوڕە هیچم نییە. کەمێ سەرما لێی داوم. لەشم داکوتراوە. دەزانی چی دادە ڕۆیا کەس نییە کەمێک سووپمان بۆ دروست بکا، یان ئاوپرتەقاڵمان بۆ بگرێتەوە و بیکا بە گەروومدا. بۆیە وا داهێزراوم. لە دوێنشەوەوە زمانم بە مەلاشوومەوە نووساوە. گەرووم زۆر وشکە.

ڕۆیا – ئێستا سووپت بۆ لێدەنم.

ئەمەی وت و چوو بۆ چێشتخانە. کاتێ بە لامدا تێپەڕی فرمێسک بە چاویەوە قەتیس ببوو.

گەڕامەوە سەیری بابەکم کرد. کە چۆن دەتوانی ئاوا ساختەچی بێ، چوومە پێشەوە و وتم:

- ئەوە چیت داوە لە دەموچاوت؟

بە پێکەنینەوە وتی:

- نشاستە!

- ئەی ژێر چاوت بۆ ئاوا شین و ڕەش بۆتەوە؟

بابەک – زۆر ڕەش و شین بۆتەوە؟

- ئای.

بابەک – واکسم لێداوە.

- تۆ ئەوەی بەشەری شەیتانی؟ دێوی؟ چیت؟ بۆ ئاوا دەکەی کچی کابرات خستە گریان.

بابەک – تو قورئان بە ڕاستتە؟

- هەستە عەیبە.

بابەک – بە گیانت خەریکە دلم دەری بۆ خەمخۆر و پەرستاریک. ئەودەم وا لە ئێران بووم دایکم زۆر نازنازی کردووم. ئەوە بۆ چەند سال دەچی دایکم نازی نەکێشاوم و پەرستاری لی نەکردووم.

کەمیک بیری کردەوە و ئینجا وتی:

- هەلبەت چەند سالیشە نەخۆش نەکەوتووم. دەمویست بزانم ئەگەر نەخۆش بکەوم ڕۆیا چم بۆ دەکات؟!

- خوا بتباتەوە بۆ ئەو بیر و باوەڕە فاشیسیتییەت.

لەم کاتەدا ڕۆیا بە پەرداخیک ئاوپرتەقالیک هات و لیی پرسیم:

- لە مالەوە مریشکتان هەیە؟

تا هاتم وەلامی بدەمەوە بابەک بە ئاخ و نالینەوە وتی:

- ئەری ڕۆیا گیان، دوو دانە مریشکی عەشقمان هەیە. لە ناو قەفەزی بالکۆندایە.

ڕۆیا پیکەنی و لەگەل ئەوەی ئاوپرتەقالەکەی دەبرد بۆ لای بابەک وتی:

- ئەو مریشکە دەلێم وا دەخوری.

بابەک دیسان بە نالەوە وتی:

- وەلا جاریکیان یەکیمان سەر بڕی و کردمان بە کەباب. گۆشتەکەشی ناخۆش نەبوو.

من و ڕۆیا پیکەنین. خۆشی پیکەنینی هات، بەلام زوو خۆی خستە کۆکە کۆک کە ئەیەهوو نەخۆشە. من شوێنی ئەو دوو مەلی خۆشەویستییەم پی پیشان دا و ڕۆیا بە بابەکی وت:

- بەم وەزعەتەوە زۆر قسە مەکە. سیخەی سینگت دیت. جاری ئاوپرتەقال بخۆوە هەتا من سووپیکی چاکت بۆ ساز دەکەم. ئینجا دەچین بۆ دکتور.

بابەک – ڕۆیا گیان پیم ناخوری.

ئینجا بە نالە و نرکەوە وتی:

- ئارمین دەتوانی لولەیەکم بۆ بینی؟

هەم لیی تووڕە بووم و هەمیش پیکەنینم پیی دەهات. چوومە چیشتخانە

لولەیەکی ساردیخواردنەوەم بۆ هێنا و خستمە ناو پەرداخی ئاوپرتەقاڵەکەی.

درۆزنەی ساختەچی بەتانییەکەی هەتا ژێر چەنەی هێنابوو. پێی وتم:

- ئارمین دەکری لوولەکە بنێتە ناو دەمم؟! بە خوا دەستم هێزی تێدا نییە.

بە تووڕەییەوە لوولەکەم وەرگرت و خستمە ناو دەمی.

ڕۆیا چووە چێشتخانە، هەتا ڕۆیا هاتەوە، بابەک هەستا لوولەکەی لە ناو پەرداخەکە هێنا دەرەوە و یەکتەکان ئاوپرتەقاڵەکەی هەڵقوڕاند و دیسان لوولەکەی تێخستەوە و بەتانییەکەی دا بە مل خۆیدا.

لە ناو قەرەوێڵەکەیدا بە چاوە بزۆزەکانی لێی دەڕوانیم و پێشم پێدەکەنی.

- ڕۆیای داماو تووشی چ گورگێ هاتووە.

لە ناو بەتانییەکەدا ئەم گۆرانییەی دەوتەوە:

دایە مەمدە بە گورگە.

گورگە ددانی تیژە

ئینجا سەری خستە ژێر بەتانییەکەی و وتی:

- برۆ دەری نەخۆشم مزاحیمم مەبە. مەگەر دکتۆر ڕۆیا نەیوت زۆر دەخایێنی هەتا چاک دەبیتەوە؟ بۆ ڕێز لە پزیشکان و تەبیبان ناگری؟ بە خوا شتێکی بەخیلی.

دیسان لە ناو قەرەوێڵەکەی هاتە دەرەوە و بە کلینیکسێک دەموچاوی خاوێن کردەوە. و دیسان چووەوە ناو پێخەفەکەی و بەتانییەکەی دا بە مل خۆیدا و وتی:

- ئۆخەیش ئەو ئاوپرتەقاڵەم خواردەوە تەواو باش بووم.

بە گشتی ئەو ڕۆژە ڕۆیا سێ چوار پەرداخ ئاوپرتەقاڵی بە بابەک دا و بابەک هەمووی خواردەوە. بۆ نیوەڕۆش شلەیەکی خۆشی لێنا و هەر سێکمان دانیشتین خواردمان.

پاش نانی نیوەڕۆ هەرچی ڕۆیا پێداگری کرد کە بابەک بیبا بە نۆرینگە بابەک نەیهێشت و ڕۆیاش وتی:

- دەی بچۆ کەمێ بخەوە و پشوو بدە. ئەوە من دەڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان.

دیسان دیمەوە بۆ لات.

دیسان بابەک بە ناڵینەوە وتی:

- حاڵم باشتر بووە. دەترسم بڕۆی و دیسان تەب و یاو بمگرێت.

ڕۆیا پێکەنی و وتی:

- شەو دیمەوە  ئەرخایەن بە.

بابەک – نەچی فەرامۆشم بکەی. ئەوە زیاتر نەخۆش دەکەوم و دەبمە ئێسک و پرووسک.

- ئەوە چ نەخۆشییەکە نوتقت ئاوا گەرمە؟

بابەک – ئەمە ئاسەوارەکانی ئەم جۆرە نەخۆشییەیە. تۆ هیچ مەڵێ. دکتور خۆی دەبێ لێکی بداتەوە.

ڕۆیـا پێکەنـی و ماڵئـاوایی کـرد و ڕۆشـت. پـاش دوو خـولەک بـابەک لە نـاو پێخەفەکەی هاتە دەرەوە و دەستیکرد بە گۆرانی وتن:

نووری ڕووخسارت وەدەر خە دەردی بێدەرمانە شەو

زولمەتی زولفت لە سەر ڕووتە لە ڕۆژ میوانە شەو

ئینجا ڕووی کردە من و وتی:

- ئەرێ شتێ تۆ شیرین دێتە خەوت چۆنت میوانداریت دەکات؟ بە دەمـی وشـک دەچی و بە دەمی وشک دێیتەوە؟

- من وەکوو تۆ درۆزن نیم.

بابەک – دە ئەوە بۆیە لە بەغیلیدا کوێراییت داهاتووە. بە دەمی وشک دەچیتە لا شیرین و بە دەمی وشک دێیتەوە شا من پەیتا پەیتا ئاوپرتەقاڵ و شلەی مریشکم پێ دەدەن.

ئینجـا تەلەفۆنی بـۆ گوڵفرۆشـی کـرد و داوای چەپکە گوڵـخونچەی کـرد، دواتـر هەستا چووە گەرماو و دەستیکرد بە گۆرانی چڕین.

شەو لە دەرگایان دا. ڕۆیا بوو دەرگاکەم کردەوە و هاتە سەر.

بابەک چووبووە گەرمـاو و ڕیشی تاشیبوو، بە جلوبەرگێکی جوان و خـاوێنەوە

هاتە لام و وتی:

- خانمی پزیشک هات؟

- بەڵێ.

بابەک – خاتوو دکتۆر هات. لای ئەو بە ئەدەب بێت. دەنا دەڵێم دەرزییەکت لێبدا. لاچۆ لە خۆڕاوە لێرە ڕامەوەستە. ئەمە دکتۆرە پسپۆرە یان دکتۆری نیمچە پسپۆرە. هەر بەتایبەتی بۆتە دکتۆر بۆ ئەوەی من چارەسەر بکات. بچۆ دامرکە.

لەم کاتەدا ڕۆیا بابەکی بە تەندروستییەوە بینی و وتی:

- چۆن نەخۆشییەکەت چارەسەر بوو؟

بابەک – حەکیمێکی حاڵزانی وەکوو تۆ لە ژوور سەرمە بۆیە. وەرنە ژوورەوە.

لەگەڵ ئەوەی ڕۆیا دەهاتە ناو ماڵەکەوە و بابەک دەرگاکەی دادەخست وتی:

- نەخۆشییەکە نەخۆشییەکی دەروونی - ڕۆحی بوو. نەخۆشەکە تووشی نەخۆشی خەمۆکی هاتبوو کە بە خۆشحاڵییەوە ئێوە بە زانایی و لێهاتوویی خۆتان نەخۆشییەکەتان لێکداوە. ئەم نەخۆشە واتە بەندە تا ئەو ڕۆژەی ماوە قەرزداری ئێوەیە.

ڕۆیا دانیشت و بابەک چوو ئەو گوڵەی سفارشی دابوو بۆی هێنا و وتی:

- ئەم گوڵە خونچانە کە هێمای سۆزی نەخۆش بۆ پزیشکەکەیەتی پێشکەشت بێت.

ڕۆیا – زۆر جوانە. سوپاس بابەک. ڕەنگەکەی چەند جوانە!

بابەک – داوای گوڵخونچە سوورم کرد، هەستا چووە گوڵخونچەی سپی هێناوە.

ڕۆیا – خۆ ئەمانە سوورن.

بابەک – خۆم یەک یەک لاسکەکەیانم لە ناو دڵمدا چەقاند ئیتر بوو بە سوور.

ڕۆیا بە پێکەنینەوە سەری داخست و خەریکی سەیرکردنی گوڵەکان بوو.

من هەر وا سەیری بابەکم دەکرد کە دەیوت:

- ئەری هەتیو تۆ بۆ لێرە ڕاوەستاوی. هەستە دەی بچۆ چەند دانە چامان بۆ بێنە.

بە گشتی دوو کاتژمێر دانیشتین و قسەمان کرد. هەستم دەکرد بابەک ڕۆیای خۆش دەویست. ڕوانینی، قسەکردنی، هەموو ئەمانە ئەوەی پیشان دەدا.

شەو ڕۆیا وتی:

- کورەکان پێتان چۆنە بۆ نانی شێو بچینە دەرەوە. خۆشم بەرنامەیەکم بۆ جێبەجێ کردووون، باشە؟

- ئێوە بڕۆن. من لە ماڵەوە دەمێنمەوە.

بابەک – نابێ. نانی شێوخواردن لە دەرەوە بەشێکە لە چارەسەری من. دەبێ چارەسەر بە تەواوەتی بکرێت. ڕەنگ لە هیرۆڤیەر ڤیتامینێکم پێ گەیشت.

- با مزاحیمتان نەبم.

ڕۆیا – قسەی وا مەکە. دەبێ پێکەوە بڕۆین.

بابەک – هەستە بزانم. هەستە بڕۆ ئیشەکانت تەواو بکە. ئەوە لە ماڵەوە مانەوە و لەگەڵ دادە شیرین مشتومڕ کردن چاکترە.

ڕۆیا – دادە شیرین؟

بابەک – بەڵێ دادە شیرین. ئەم پوورزایەم ماوەیەک وازی لە نەغد هێناوە نوساوە بە قەرز و قوڵەوە.

ڕۆیا – حاڵی نابم.

بابەک – هیچ برا. ماوەیەکە خەریکین ئامادەکاری بۆ خوازبێنی دەکەین.

ڕۆیا – خوازبێنی؟ خۆ زۆر باشە. خوازبێنی کێ؟ من دەیناسم؟

بابەک – بەڵێ زۆر ناسراوە.

ڕۆیا – بە ڕاست؟ کێیە؟

بابەک – دادە شیرین ساسانی. ژنی خوالێخۆشبوو خەسرەو پەرویزی ساسانی.

- بابەک!!

بابەک – هەڵبەت جارێ لای کەس نەماندرکاندووە. دەزانی چییە ڕۆیاگیان ئەگەر ئەو ملهۆرە فەرهاد بەمە بزانێ ئەوە تەشییەکەمان دەبێتەوە بە خوری. بەردتاشیشە. زۆر بەهێزە. شیرینیشی خۆشدەوێ. دوو سێ جار پەیام و هەواڵی

ناردووه کە بینە خوازبێنی. بێشوو بزانێ کەوڵمان دەکا.
ڕۆیا وڕ و واق ورماوانە سەیری بابەکی دەکرد. ئینجا وتی:
- لێتان تێناگەم. شیرین؟ هەر ئەو شیرین و فەرهادەکەی خۆمان؟
بابەک - شیرین و فەرهاد نا! شیرینی ژنی خەسرەو پەروێز.
ڕۆیا لە کاتێکدا کە پێدەکەنی وتی:
- ئەوە هی هەزار و چوارسەد و ئەوەندە ساڵە.
بابەک - ئاخە شیرین ماوەیەکە بۆتە بێوەژن. لەم سەردەمەشدا ژن بە تەنیا ژیانی بۆ هەڵناسووڕێ. ئەویش بەم مووچە بمژە و مەمرەی خانەنشینییە. ماوەیەکە ڕەشی داگرتووە و بە نیازی شووکردنە. هەڵبەت جارێ تەنیا هاموشۆی یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی بزانن لێک تێدەگەن یان نا.
ڕۆیا لە کاتێکدا کە پێدەکەنی پێی وتم:
- ئارمین ئەوە بابەک چی دەڵێ؟ ئەمەش لە فشەکانیەتی؟
- وەڵا جا چووزانم؟ لە خۆی بپرسن.
بابەک - درۆم لە لا نییە بە گیانی دایکم. ماوەیەکە هەموو شەوێک بە تەنیا دەچێتە لای شیرین. سەد جارم پێ کوتووە مەچۆ. کوڕە لە جێگایەکدا تووشی گون ڕەشی خۆت دێی. دەچێتە ئەم گوێی و لەو گوێی دیکەیەوە دەچێتە دەرەوە.
ڕۆیا گێژ و وێژ هەر وا سەیری دەکردین و ئینجا وتی:
- وا دیارە بابەتەکە جیدییە.
دیسان پێکەنییەوە و وتی:
- بە گێڵم دەزانن؟
بابەک - ئەرێ ئارمین مەگەر تۆ هەموو شەوێ شیرین نایەتە خەونت؟
سەرم لەقاند و پێکەنیم.
ڕۆیا - واتە هەموو شەوێ شیرینی ژنی خەسرەو پەروێز دێتە خەونت؟
بابەک - ژنی خوالێخۆشبووی خەسرەو پەروێز. مێردەکەی لە ڕووداوێکدا کوژرا. واتە کوشتیان.

ڕۆیا – کوشتیان؟!
بابەک – ئەی نەتزانیوە ئەوە لە هەموو ڕۆژنامەکان نووسراوە.
ڕۆیا – شێتمتان کرد.
- دادە ڕۆیا. من ماوەیەکە شەوانە شیرین دێتە خەونم.
بابەک – درۆ دەکا بەدفەڕ. ئەمە دەچێتە خەونی شیرینەوە. دەچێتە کۆشکی شیرین. ئەمە کرمەکە دەرژێنێت.
پێکەنینم هات و بابەک وتی:
- تا ئێستا چەند جار چوویتە ئەوێ؟ بزانە ئەو جارێ هاتوتە لای تۆ؟ دیارە ئێمەی پێ هیچ نییە. پێی دەشکێتەوە بێتە ماڵمان. پێی بڵێ پوورزاکەم وتوویەتی هاموشۆ شتێ چاکە. ئەگەر نەیەتە ماڵمان شەرت بێ منیش نەیەمە ماڵتان.
ڕۆیا هەر وا سەیری دەکرد و لە سەر مۆبلەکە دانیشت و سەیری دەکردین و بابەک وتی:
- هەستە با بڕۆین ڕۆیا. بە دەم ڕێوە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە. بیری لێ مەکەرەوە. من هەست ناکەم ئەمە سەر بگرێت.
لەگەڵ ئەوەی ڕۆیا لە سەر جێگاکەی هەستا و هەر سێکمان بەرەو لای دەرگاکە ڕۆشتین. بابەک زۆر بە جیدی درێژەی بە قسەکانی دا:
- دەزانی چییە مەودای تەمەنیان فرەیە. جیا لەوەش ئەو ژنە مێردێکی دیکەشی هەیە خوا دەزانێ چەند دانە منداڵی هەیە. باشە دەی ئەمانە بە لایەک. ئەمە ئارمین پڕوهێشە و ئەو شیرین ساسانییە. بۆ مارەبڕینێکی سادەش دەبێ حەوت هەشت دانە شای وڵاتانی دیکەش دەبێ خوڵک بکەین؟ جا شا هیچ ئەی باڵوێزەکانیان. دەزانی چەندە خەرج لە خۆ دەگرێت؟!
جا ئەگەریش پێکەوە هەڵبکەن یان نا. خۆ من کارم نییە. ئەوە دایک و باوکی تۆ و ئەوە لە دایک و باوکی شیرین. خۆ خۆشیان منداڵ نین. کچە تەمەنی هەزار و چوارسەد پێنسە ساڵە. وتم هەتا ساڵێ دوو ساڵ ڕاوەستن منداڵ مەخەنەوە با ئەگەر زانیتان ناتوانن پێکەوە بن با منداڵێکی بەستەزمان لە نێوانەدا داماو نەبێت.

ڕۆیا کە مەنگ و گێژ ببوو وتی:

- نا خۆ قسەکەشی لە خراپ ناچێ.

ئینجا زانی چییە و وتی:

- باشە ئەمانە چییە؟

بابەک – هاتینە سەر قسەی من. من دەڵێم لەم وڵاتەدا چی زۆرە کچی چاک. هەر چاوێک بە دەوروبەری خۆتدا بگێڕە. کچە پوورەکەت هەیە. خزمێکی ترمان هەیە. ناشنایەکی ترمان لە ئێرانە. کچێکی موحتەشەم و نەجیم و ئافرەتی چاک. دەست لە سەر کامیان دانی قوڕاوت دەخۆنەوە. بەڵام ئەمە قاچی لە سەر شیرین چەقاندووە. ئەم هەتیوە لاساریشە. شیرین پڕی دەکاتەوە.

لە ماڵەوە هاتینە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێل بووین.

بابەک کاتێ کوتایی بە گەوجی گەوجییەکانی هێنا دەستیکرد بە گێڕانەوە بۆ ڕۆیا.

ڕۆیا بڕوای بەوە نەدەکرد بە جۆرێک کە هەتا ئەو کاتەی گەیشتینە ڕیستۆرانت. هەموویان لەم بارەوە پرسیاریان لێم کرد.

کاتێک چووینە ڕیستۆرانت و دانیشتین بابەک وتی:

- چ خۆشە هاتمە ئێرە خۆ لە ماڵەوە دڵم توقی.

ڕۆیا – لە بەر ئەوەی ئێوە کەمتر لە ماڵ دێنە دەرەوە. بۆیە نەخۆشیش کەوتبووی.

بابەک – ئەری. وەڵا وایە. کابرا لە ماڵدا تووشی خەمۆکی دەبێت.

- بەڵام ئێمە مانان لە ماڵەوە نامێنینەوە! هەموو شەوێک لەگەڵ کچ و کوڕەکان دەچینە دەرەوە. هەفتەی شەوێک لە ماڵەوەین.

بابەک – دەکرێ ئەوەندەی لێ نەڵێی؟

ڕۆیا – ئەری خۆ ئەو فەقیرە هیچ قسەی نەکرد.

بابەک – قسە ناکا قسە ناکا لە پڕ قسەیەک دەکا تێکی دەدات. هەتیو ئێمە کەی لە ماڵ دێینە دەرەوە.

- ئێمە ناچین. تۆ دەچی. منیش بە زۆری دەبەی.

بابەک – مار بە زمانتەوە بدا باشە. من بە زۆری تۆ لەگەل خۆم دەبەم؟

ڕۆیا پێکەنی و وتی:

- چاک لەقاوی یەکتر دەدەن.

بابەک – وەرە! ئاسوودە بووی؟ تماشا ئارمین گیان. تۆ کوری چاکی. تۆ دەچیتە هەر شوێنێ بێدەنگ و کپ دادەنیشی. ناکرێ برێ قسە بکەی؟ لای ڕۆیا حەیامت برد. ئێستا وا دەزانێ لاڵی.

من و ڕۆیا پێکەنین لە پڕ ڕۆیا چاوی بە دەرگای ریستورانت کەوت و خێرا دەفتەرچەی مێنۆی خواردنەکانی هەلگرت و نای بە دەموچاویەوە و پێی وتین:

- کوڕەکان ئاوڕ مەدەنەوە.

- بۆچی؟

ڕۆیا – ڕاوەستن پێتان دەڵێم.

بابەک – وەک بزانم بۆنی تایفەی پوورت دێ ئارمین.

ڕۆیا – هەڵەت نەکرد. مریەم و کچێکی دیکە و کوڕێکی بیانی لەگەڵیانە. ئەوە هاتنە ناو ریستورانتەکە.

- مریەمی خۆمان ...؟ چ خۆشە.

هاتم هەستم بابەک توند دەستی گرتم و لە سەر جێگاکەم دامینیشاند و وتی:

- دەرد و چ خۆشە .... دانیشە بزانم بەم خزم و کەسە پڕ ترافیکەتەوە. دەچینە هەر کوێ قووت دەبنەوە لە بەر لووتمان.

- دەیجا چییە؟

ڕۆیا – ئارمین گیان باش نییە ئێمە پێکەوە لێرە ببینن.

بابەک – وتت لەگەڵ کوڕێک بوو؟

ڕۆیا – ئەرێ لەگەڵ کوڕێک و کچێک.

بابەک – ڕۆیا تۆ هەستە بچۆ توالێت من ئەمانە جۆرێک دەکەمە دەرەوە. پاش چارەکە بیست خولەکێکی دیکە وەرە سەر کۆلانی هەر ئەم ریستورانتە. دێین بە

دواتدا.

ڕۆیا بە ئەسپایی لە سەر کورسییەکەی هەستا چوو بۆ توالێت. بابەک پێی وتم:

- دەی ئارمین جۆری خۆت بنوێنە کە وەک شتێک هەر ئێستا ئەوانت بینیوە.

- ئێستا عەیب نییە؟

بابەک – نا پەخمە گیان. ئێستا بەڵگەی تاوانمان پێ نییە. ناردمە توالێت. ئێستا بەڵگەی تاوانە لە شوێنێکی پارێزراوە.

ئاوڕم داوە بۆ ئەو شوێنەی کە مریەم و هاوڕێکانی دانیشتبوون و لە کاتێکدا کە بە دەست ئاماژەم پێکردن، وتم:

- مریەم. مریەم.

بابەک توند دەستی گرتم و وتی:

- هۆو. ئەوە چ دەکەی؟ بووکێنی پوورتە ئاوا کەیفسازی؟ پیمەکەنە. ئەوە لایناخێر دڵپیسی دەکەی؟ خۆت گرژ بنوێنە.

- باشە بۆچی؟

بابەک – کابرا کچە پووری لەگەڵ کوڕێکی نەناسیاو ببینێ شاد نابێت.

- براگیان ئەو کوڕە لەگەڵ ئەو کچەیە.

بابەک – باشە ئێمە ئێرانین. حەقمان بە سەر ئەمانەوە نییە. سەرپێچی سەرپێچییە. گرژ بە بزانم.

- چۆن؟

بابەک – بڕۆت تێک دە. خۆت مۆڕ کە.

- ئاوا باشە؟

بابەک – خۆت لە من مۆڕ دەکەی؟

- ئەی چیبکەم؟

بابەک – وتم چاوت مۆڕ کە. نەچی لەوی چاک و خۆشییان لەگەڵ بکەی.

- هەستە با بڕۆن عەیبە. پێمان دەزانن.

بابەک – بە ئارامی لە سەر جێگاکەت هەستە وەکوو ئەو فیلمە ئێرانییانە. بە

قاچت کورسییەکە لابە.

- بابەک عەیبە.

بابەک دەمت داخە. سینگت قوت کەوە. سەرت هەڵبینە. وەک کەڵەشێری لاری برۆ بە ڕێگاوە.

- لە کوڕە بدەم؟

بابەک – نا هەر خۆتی لێ گرژ بکە. ئێمە دەمانەوێ دوژمن لەم ڕیستورانتە بکەینە دەرەوە.

هەر دووکمان چووینە لای مێزی مریەم و هاوڕێکەی. بەو ڕووگرژی و نێوچاو تاڵییەوە هەرکە ئێمە چووینە ئەوێ لە ترسان لە سەر جێگاکەیان هەستان. زۆرم پێکەنین هات و بابەک وتی:

- دادە مریەم ئەو کوڕە کێیە؟

مریەم پەشۆکا و وتی:

- دۆستی مینایە.

بابەک – مینا کێیە؟

مریەم – مینا ئەمەیە. هاوڕێمە.

بابەک لەگەڵ ئەوەی دەموچاوی تێک نابوو و سەیری مینای کرد و وتی:

- ئێوە مینان؟

کچە بە ترسەوە وتی بەڵێ.

ناوچاوی بابەک کراوە و حاڵی کچەی پرسی و دەستیکرد بە چاک و خۆشی کردن.

بابەک – چۆنن باشن؟ چاوم ڕوون بۆوە. دایک و باوکت چۆنن؟ چۆنە تا ئێستا ئێوەم نەبینیوە؟ هەر لەم شارەدان؟ خوا بۆ دایک و باوکتت بیلی کە کچێکی ئاوا جوان و ژیکەڵەی پێشکەشی کۆمەڵگا کردووە.

لە کەڵەکەیم دا. خۆی کۆ کردەوە. مریەم فەرمووی کردین کە دانیشین. هەر پێنجمان دانیشتین. ئەو کوڕە فەقیرە هەر وا سەیری من و بابەکی دەکرد و بابەک

بە مریەمی وت:

- بریا کوێر دەبووم ئەم ڕۆژەم نەدەبینی.

مریەم بە بێتاقەتییەوە وتی:

- بۆچی چی بووە بابەک؟

بابەک – بریا ئەوڕۆ لە ناو پێخەفەکەم نەدەهاتمە دەرەوە.

ئینجا دای لە قاچ خۆی و ئینجا وتی:

- داخی ئەو هەموو شیعرەی وا بۆ تۆم هۆنیبووە. شتێکی بێوەفا و دڵڕەقی. بریا دەمردم و ملم بۆ ئەم گەوادییە دانەدەواند.

مریەم – ئەوە بۆ ئاوا قسە دەکەی؟ مەبەستت چییە؟

بابەک – ئیتر حاشای لێ مەکە. چ ئاوات و خۆزگەیەکم بۆ تۆ هەبوو. ئەی هاوار و دار و دیوار وەرن فریام کەون. کابرا باوەڕ بە کێ بکات؟

مریەم – بابەک ئەوە دەڵێی چی؟

بابەک – هیچ مەڵێ. خۆتت ئاشکرا کرد. ئافەرم.

مینا بە ئەسپایی لێی پرسیم:

- ببوورە ئەمە خاڵۆزای مریەمە؟

- نا. من خاڵۆزای مریەمم.

مینا بە سەرسامییەوە وتی:

- دەی بۆ ئاوا قەڵسە؟

- وەڵا جا چووزانم.

بابەک ئەم قسانەی بیست و وتی:

- ئەوە چی داوە لە خاڵۆزا و پوورزا. بۆ کابرا هەر دەبێ بۆ خزم دڵپیسی بکات؟ من لە وڵاتی غەریبیدا هەر کچە ئێرانییەک ببینم کە دەستی لە ناو دەستی بیانییەکە دڵپیسی دەکەم و دڵم دەتۆقێت. تەنانەت بۆ تۆش. من نیگەرانتانم. ئەم کوڕە ناشیرینە چییە هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکەی؟ واز لەم پیسەڵە بێنە. ئیشاڵا لەم ڕۆژانەدا خۆم یەکێکی چاکت بۆ دەدۆزمەوە.

دیسان بە ئەسپایی دام لە کەلەکەی.

مریەم – بابەک با دڵت لەو کرمۆڵییە بێنمە دەرەوە، پێتان بڵێم ئەمە ناوی مایکلە. دەزگیرانی مینایە. ئەوەش بڵێم باوکی لە هاوڕێ نزیکەکانی دایکمە.

بابەک – ئا کەواتە پوورێش خەریکە؟

ئینجا بە بێتاقەتییەوە وتی:

- هەستە ئارمین هەستە ئەمانە لە بناغەوە خەریکن. هەستە ئەمانە هەر ناپاکن.

هەر دووکمان و چووینە لای دەرگاکە و مریەم جانتاکەی هەڵگرت و بە دوامانـدا هـات. بـابەک منـی دەکێـشا و بە دوای خۆیـدا پەلکێـشمی کـرد و مـریەم بـانگی دەکردین.

- ئارمین! بابەک!

بەڵام بـابەک ڕانەوەسـتا و لە ڕیـستورانت هـاتینە دەرەوە و مـریەم بە دوامانـدا هات. زۆر تووڕە بوو. کاتێک بینی ئیمە خەریکین دەڕۆین ئەویش زۆر نـاڕەحەت بوو، ڕۆشت و لەو بەری شـەقام سـواری ئۆتـۆمبیلەکەی بـوو و تیژ ڕۆی. بـابەک لەگەل ئەوەی پشتی لە مریەم بوو و لێی پرسیم:

- ڕۆی؟

- ئەری. ئێستا دەچی بۆ پوورمی دەگێڕێتەوە. ئەویش ئەنجن ئەنجنم دەکات.

بابەک – بە قوربانی پوورت بی. مەترسە دەی.

- شانۆکەت تەواو بوو؟ دایدەمەوە؟

بابەک – چی پەردەی شانۆ؟

- نا. سینگم دەڵێم. بیهێنمە خوارەوە؟

بابەک دای لە پرمەی پێکەنین و وتی:

- چ سـامێکت هەیە؟ شـێر لە ئاسـت دەبەزی. مـن لەو قیـافە تـووڕەت ترسـام. کەوانەکەی ڕۆستەم بهێنە خوارەوە.

- تماشا لەبەر تۆ چ دەکەم؟

بابەک – خۆ چارەکێکت پێنەچوو؟

- کوڕە با.

بابەک - کوڕە نا. داماوی ڕۆیا لە ترسا لە توالێت نەهاتە دەرەوە.

کە ئەمەی وت ڕۆیام بینی لە دوورەوە خەریک بوو پێدەکەنی و دەهاتە لامان.

ڕۆیا کە هات بابەک وتی:

- پێت خۆشبوو؟

ڕۆیا - زۆر چاک بوو.

- ئێستا من حاجیوە و پوورم.

بابەک - ڕاست دەکا. پووری نەهەنگە. کە تووڕە بێ کەس دەرەقەتی نایە.

- دەی هاتوو بەیانی هات چی بکەین؟

بابەک - دوو حاڵەتی هەیە. یان مریەم بە پوورت دەڵێ یان ناڵێ. من دەڵێم ئەگەر پێی بڵێ کێشەکە خۆی چارەسەر دەبێت. لەوانەیە پوورت نەیەتە سەرمان. هەر لێمان دەتۆرێ و تەلەفۆن دەکا بۆ ئێران بنج و بنەوانەکەی بۆ باوکە گیانت دەگێڕێتەوە.

- قوڕ بە سەرم ئەگەر بگاتەوە بە ئێران.

بابەک - دەبێ شانازی بکەی کە لێرە فیلم دەردەکەی. هەر بگەیتە ئێران دەتبەنە سەر شانۆ و ناوبانگ دەردەکەی.

- دەرد و قوزەڵقورت.

بابەک - وەرە با بڕۆین نانی شێو بخۆین. دواتر بیری لێ دەکەینەوە.

هەر سێکمان ڕۆشتین لە ڕێستۆرانتێکی دیکە نانمان خوارد. هەتا خواردنەکەیان هێنا بابەک وتی:

- زۆر دەترسام ئەو کوڕە کارتەکار بێ و باش باشم تێهەڵدات.

ڕۆیا - نا ئێوە دوو کەس بوون نەیدەتوانی.

بابەک - وەڵا جا چووزانم؟ جارێک حەوت هەشت کەس بووین، لە شەقامدا لەگەڵ دوو کەس شەڕمان بوو. ئێمەش لە پێشدا وامان دەزانی. نەبووی ئەو دووانە ئەوەندەیان لەو هەشت کەسەمان دا خۆ خەریک بووین بمرین.

ڕۆیا – دوو کەس بۆ هەشت کەس؟ ئەی چۆن تێهەڵدانتان خوارد؟
بابەک – چونکە ئەم هەشت کەسەمان دارتێلایەکمان پێ بوو ئەوان هیچیان پێ نەبوو.
هەر سێکمان ئەوەندە پێکەنین کە ترس لە شەڕی پوورممان لە بیر چووە.
- ئەم شۆخی و گەنجەفە خۆت سازت نەکرد کا حەمە بابەک.
بابەک – نا، لە شانۆی ڕەشنوێنیدا سەعدی ئەفشار ئەمانەی دەوت. هونەرمەندی چاک بوو.
ڕۆیـا – مـن حەزم لە شـانۆی ڕەشـنوێنییە. بە داخەوە کەمـم بینیـوە. بەر لە شۆڕشـی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران کە ئێمە نەبووین بیبینـین، دواتـریش خـۆ نەیانهێشت بەڕێوە ببرێ. تەنیا یەک دووانمان لە ڤیدیۆدا بینیوە.
بابەک – ئەمشەو خۆم دانەیەکت بۆ نمایش دەکەم.
ڕۆیـا – بە ڕاسـتتە؟ سوپاسـت دەکەم. ئەگەر مـریەم منـی لەگەڵ ئێـوە بـدیبایە دەقەوما.
- بۆچی؟
ڕۆیا – دەی دەچوو بۆ دایکی دەگێڕایەوە.
بـابەک – جـا پـووریش دەچـوو دەیخستە سـەر ئەنتەرنێت. مـاوەیەکە تـۆڕێکی هەواڵدەریی داناوە.
- واش نییە.
ڕۆیا – با بە داخەوە وایە ئارمین. نەک هەر پووری تۆ هەموو ئەو ئێرانیانەی کە لێرەن خوو و خدەیان گۆڕاوە. چاوەڕێن یەک بیقەومێنێ و دانیشن زەمی بکەن.
- بیبوورن خۆ شت ناشاردرێتەوە.
بابەک – دیسان وتیەوە.
ڕۆیا – نا خۆ ئارمین ڕاست دەکات. باشتر وابوو مریەم بیزانیبایە من لەگەڵ ئێوە هاتوومەتە دەرەوە. خۆ ئێمە کارێکی خراپمان نەکردووە. من لە خۆوە ترسام.
-ئێمە ئێرانییەکان کاتێ د ێ ینە ئێرە هەر جلەکانمان دەگۆڕین.

- بۆ ئەوەی چاکسازی لە فەرهەنگ و کلتوور بکری پێویستمان بە کاتە. دەبی ئەوەی نوێ خۆی بگۆڕێت. گۆڕینی ڕفتار و بیرکردنەوە، بۆ ئەوەی پێشوو ئەستەمە.

بابەک – من هەر تێناگەم پووری خانمت بە کۆمە کۆم بۆ هاتوتە ئەورووپا؟ هاتووە خۆی بگۆڕی؟ بتکوتبا لە ماڵی خۆت دانیشە و ژیانی خۆت بکە.

- تماشا خۆشت خەریکی هەر ئەو کارە دەکەی.

بابەک – باشە من کاری واش بکەم فێر کراوم و خۆ خۆم فێر نەبووم. باشم لە بیرە تەمەنم پێنج شەش ساڵان بوو. ڕۆژێکیان کچە پوورەکەم هاتە ماڵمان. حەوت هەشت ساڵ لە من گەورەتر بوو. نازانم چۆن بوو لە ماڵی ئێمە چوو بۆ گەرماو. منداڵ بووم و چووم لە کونی دەرگای گەرماوەوە سەیری ناو گەرماوەکەم کرد. لە ناکاو شریخەم لێ هەستا. دایکم بوو لێی دابووم.

یەکەم شتێک کە پێی وتم دەزانی چی بوو؟ وتی باوکت بزانی دەتکوژێ.

لەو هەرەتی منداڵییەدا هەتا شەو کە باوکم هاتەوە بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کە لای باوکم چی بڵێم کە نەمکوژێ. دەزانی چییە کاتێ منداڵێکی پێنج شەش ساڵان هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ واتای چییە؟ بۆ منداڵێک لەو تەمەنەدا واتە مەرگ. واتە دەبا چاوەڕێ بام کە بە هاتنی باوکم منیش بمرم. ئەویش بە چ تاوانی بە تاوانی کونجکۆڵییەکی منداڵانە. پێم خۆشبوو بزانم جیاوازیی لەشی کچ و کوڕ لە چیدایە! کە دواتریش نەمزانی.

یان ئەو ڕۆژەی کە بە تۆپ شووشەی ژووورەکەم شکاند. دیسان دایکم وتی ئەگەر باوکت بزانی لە ماڵەوە دەتکاتە دەرەوە. باشم لە بیرە پاش گریانێکی زۆر دایکم شووشەبڕی ئاگادار کردەوە و بەر لە هاتنی باوکم شووشەکەمان چاک کردەوە.

جارێکی دیکەش لە یادمە دایکم لەگەڵ پوورم پێکەوە دانیشتبوون و زەم و بەدگویی دشەکانیان دەکرد. قسەی وایان پێدەکردن. هەر لەو تەمەنی منداڵییەمدا پوورم لێ بووە بە دێو و درنج. پاش کەمێک کاتێ پوورم هاتە ماڵمان کە ویستی

ماچم بکا پالم پێوە نا و رام کردە حەوشە.

دەی کاک ئارمین ئەمانە هەمووی خەتای من بووە؟ یان پەروەردەی خراپی ئەوان؟ لەم چەند بابەتەدا فێریان کردم بترسم، درۆ بکەم، دووروو بم، ساختەچی بم، فێر بووم وەک گەمەیەک زەمی و غەیبەت بکەم. چوونکە لە پاش ئەو هەموو قسانەی کە دایکم بە پوورمی کرد وتم ئێستا ئەگەر پوورم بێتە ماڵمان بە شەق دەری دەکا کەچی کاتێ هاتە ماڵمان دایکم بەرەپیری چوو و لە باوەشی کرد. یان هەر لە قوتابخانەدا کاتێک بەڕێوەبەر و مامۆستا و جێگری بەڕێوەبەر لە سەر ئەوە خۆیان مات دابوو کە لەقاومان بدەن.

پێنج خولەک دەرنگ بهاتباینە قوتاباخانە جێگری بەڕێوەبەر دەیکوت لە کوێ بووی؟ چووبوویتە پارک؟

خێرا ناو گیرفانەکانمان دەگەڕا.

ئەگەر بە هەر هۆکارێک دەرسەکانمان بە باشی ئەنجام نەدابایە سزا دەدراین. مامۆستایەک نەبوو عەقلی ئەوەی پێ بشکێ کە دوێشەو دایکم و باوکم پێکەوە شەڕیان کردووە. ڕەنگە شتێک ڕووی دابێ کە نەمانتوانیوە دەرسەکانمان بنووسین.

ئەنجامەکەی بوو بە چی؟

فێری درۆ بووین کە هەر جارەو درۆیەک هەڵببەستین. مامۆستا دوێشەو باوکم کۆلنجی بوو خەریک بوو دەمرد، مامۆستا دایکم منداڵی دەبوو، مامۆستا پوورم مرد لە سەرەخۆشییەکەی بووین. ... هەتیو درۆ مەکە هەفتەیەک لەمەوبەر پوورت مرد.

ئااا دە مامۆستا بببوورە ئەوە پوورەکەی دیکەم بوو.

دەی کاکە ئارمین ئێستا چ دەفەرمووی؟ ئەگەر هەر ئەو ڕۆژە لە بری ئەوەی دایکم هەڕەشەی لێدانی باوکمم لێ بکا بچووبایە لە سووچێکدا و ئەوەندەی بۆی جێبەجێ بوو باسی جیاوازیی ژن و پیاوی بکردایە، من فێر نەدەبووم لە هەمبەر خواستێکی سرووشتی دەبێ توندوتیژی بنوێنم.

ڕەنگە وەڵامێکی سادە وەڵامدەری ئەو کونجکۆڵییەم بایە. هەڵبەت ئەگەر وەڵامەکە تێر و تەسەل بووایە چ باشتر.
هەر خۆت ئارمین بۆ دۆزینەوەی چەند دانە وەڵام چەندە کوێرەوەریت کێشا؟ دەی وەڵامی پرسیارەکانت لە کوێ وەدەست هێنا؟ دایک و باوکت؟ مامۆستاکەت؟ لە کێ؟
هەر ئێستا کچ و کوڕانی تەمەن سێزدە ساڵ، کە بە جیدی ئەم پرسیارانەیان بۆ ساز دەبێ، لە کوێ دەبێ وەڵام وەربگرن؟
نا براکەی من، ئەم شێوازی تێفکرین و پەروەردە کردنەیە کە وای کردووە، کەسانی وەکوو من و پوورت و ملیۆنان کەسی تر کاتی بێکاری تەلەفۆن هەڵبگرن و تەلەفۆن بۆ یەکتر بکەن دەست بکەن بە زەمکردن.
لە بری ئەوەی کاتی بێکاری کتێبێک بخوێننەوە، خەریکی غەیبەت و ڕیوەتن. بۆیە لە وڵاتی ئێمەدا کتێبخوێنمان زۆر کەمە. جا ئەوە زیانە بچووکەکەیەتی.
لەم کاتەدا گارسۆن بە چەرخە دەستییەکەی خواردنەکانی هێنا. مریشکێکی ساغ و ستەیک و مەیگوو. مریشکەکەی هەر وا بە ساغی لە سەر سینییەک دانا و ئەم لا و ئەو لاکەی بە سەوزە ڕازاندەوە و بابەک بە فارسی بە گارسۆنەکەی وت:
- براکەی من ئەم مریشکە بەستەزمانە هەر وا بە ڕووت و قووتی بەم ناوەدا مەگێڕە. کابرا تامەزرۆ دەبێ، وەڵا شوورەییە. بە گشتی بە پێکەنین و گەنجەفەوە نانی شێومان خوارد.
پاش شێو ڕۆیا وتی:
- جا گوێ بگرن بزانن دەڵێم چی. ئەمشەو سووپرایزێکم بۆتان هەیە.
بابەک – ئەمجار دەمانبەی بۆ شوێنێک کە مریەم و پووری و مەهتاب و کاک فەرزادی لێیە.
ڕۆیا پێکەنی و وتی:
- نا، ئێزنم لە مامۆستاکەم وەرگرتووە ئەمشەو لەگەڵ خۆم هەر دووکتان لەگەڵ خۆم ببەمە ماڵیان.

بابەک – دەتهەوێ شەو دانیشین دەرس بخوێنین؟

ڕۆیا بە پێکەنینەوە وتی:

- مامۆستاکەم بانگهێشتی ڕۆح دەکات.

بابەک – دەبێ لەگەڵ ڕۆحەکان دەرسەکانمان بخوێنین. من نایەم. من لەگەڵ زیندووەکان دەرس ناخوێنم نەخوازەلا لەگەڵ مردووەکان. ئارمین هەلگرە و بیبە. ئەوەندەی حەز لە خوێندنە نەبێتەوە. بە خوا لە ناو مردووەکاندا دەبێتە زیرەکترین قوتابییەکان.

ئینجا سەیرێکی کردم و وتی:

ڕۆیا – چییە؟ نەکا دەترسێی؟

بابەک – من دەترسم؟ بە گیان ئەم ئارمینە وا دنیا و دینمە ئەگەر پام بگاتە ئەوێ مردوویەک بە زیندوویەتی ناهێلم.

ڕۆیا – دەی هەستە با بڕۆین.

بابەک – ئەرێ شتێ مردووەکانتان ماقوولن؟ گوێڕایەڵی مامۆستاکانیانن؟ نەکەن ڕۆحە بزۆزەکان بانگهێشت بکەن؟ خۆ دەمیپس نین؟ ڕۆحی کچیشیان تێدایە؟

ڕۆیا – نا هەموویان ماقوولن. هەستن دەی.

بابەک – خۆ مامۆستاکەتان بێئەدەب نییە؟

هەر سێکمان وەڕێکەوتین. پاش چارەکێک گەیشتینە بەر دەرگای هەر ئەو ماڵەی وا ئەوشەوە لەگەڵ ڕۆیا و هاوڕێکانی چووبووین. دابەزین و لە دەرگامان دا و چووینە ژوورەوە.

شوێنەکە بە ڕووناکییەکی کز ڕۆشن کرابۆوە. وەکوو ئەو ماڵانەی کە لەو فیلمە ترسناکانەدایە. پاش خولەکێک ژنێکی تەمەن شەست ساڵە هاتە پێشەوە و لەگەڵ ڕۆیا سڵاو و چاک و خۆشی کرد. ڕۆیا ئێمەی پێ ناساند و پێکەوە ئاشنا بووین و پیرەژنەکە بە ڕۆیای وت ئەمشەو مامۆستا نایەت.

بابەک بە فارسی لە ڕۆیای پرسی کە ئەم پیرژەنە کێیە و ڕۆیا وتی قوتابی مامۆستایە. وتی هەر کات مامۆستا نەبێ ئەو لە بری دەبێتە میدیۆم و بانگهێشتی

ڕۆح دەکات.

بابەک گەڕاوە بە منی وت:

- ئارمین وریا بە ڕکابەری لەگەڵ ئەم پیرەژنە نەکەی چوونکە ئەمە قوتابیی یەکەمی پۆلە.

ئینجا بە ڕۆیای وت:

- ئەم پیرژەنە قوتابیی مامۆستایە، دیارە مامۆستا دەبی تەمەنی دووسەد ساڵ بێت.

لەم کاتەدا ساندرا و ژانتیش هاتن و ژانت بە خۆشحاڵییەوە وتی:

- چ باش. زۆر خۆشحاڵم کە ئێوە دیسان لێرە دەبینمەوە.

بابەک – ئێمەش خۆشحاڵین ژانت گیان. خاترجەم بە بۆ کەرەی بەیانی دایک و باوکم دەنێرم لەم پۆلەدا ناونووسم بکەن. دەڵێم لە قوتابخانەی شەوانە ناونووسم بکەن.

ژانت بە سەرسوورمانەوە وتی:

- پۆل؟

بابەک – ئەری. پۆل و مامۆستا لە کوێیە؟ ئەوە بۆچی نایە؟ خەریکە بۆ نووسینی دوو دانە دەرس جەرگم دەخوا.

ئینجا ڕوویکردە ڕۆیا و وتی:

- یاخوا کچەکە بەردی سارد و گەرم نەیەتە بەرپات بۆ ئەوەی منت لەگەڵ وانە و دەرس ئاشت کردەوە.

لەگەڵ ئەوەی قسە و شۆخی دەکرد و هەموومانی خستە پێکەنین، چووین لە سەر مۆبلەکان دانیشتین. هۆڵێکی زۆر گەورە بوو. هەموو شوێنێک حاڵەتی کۆنی هەبوو. من و بابەک لە سەر کاناپەیەک لە پاڵ یەکتر دانیشتین. بە ئارامی لە بن گوێی وتم:

- ئەری ئەوە بابەک بۆ ئاوا دەکەی؟

بە سرتەوە وتی:

- ئەی چی بکەم ئارمین گیان؟ ئامەزرۆی فێربوونی زانستم.

- ئەمانە خۆ هیچمان فێر ناکەن.

بابەک – چاوی دەرووونت بکەرەوە. دەوروبەرت پڕ لە لاپەڕەی زانست و هونەر و فەرهەنگە. برا تۆ دەرس خوێن نیت. هەسە بڕۆ بە قسەوە مەمگرە. با بیرم لە سەر وانەکانم بێت.

ئینجا بە ئەسپایی و بە بزۆزییەوە بە ساندرا و ژانت و ڕۆیای وت:

- دەڵێم بەشکم مامۆستا نەخۆش بێ و خۆمان پێکەوە دانیشین قسە بکەین.

هەموو دایان لە پرمەی پێکەنین.

بابەک – خوا گیان بە قوربانی بم. دەڵێی ئێوە حەزتان لە خوێندن نییە. سوپاس بۆ خودا هەرچی قوتابی تەمەڵ و دەرس نەخوێنە لێرە کۆ بۆتەوە.

- بابەک بێدەنگی لێ بێنە.

بابەک – ئەرێ دە وازم لێ بێنە. هەتا مامۆستا نەهاتووە با بڕێ خۆش بین.

لەم کاتەدا لەو سەری هۆڵەکەوە، ئەم پیرەژنە لەگەڵ کارەکەرێک کە سینی پێ بوو، لە ناو سینییەکەدا چەند دانە کووپی بچووکی لە سەر بوو هات. بابەک وتی:

- چاودێری پۆل هات.

ئەو خاتوونە پیرە داوای لێکردین کە هەموومان بچین و لە سەر ئەو مێزە خڕەی کە لەو لای هۆڵەکە بوو دانیشین.

هەموومان ڕۆشتین و لە دەور مێزەکە دانیشتین. ئەو پیرەژنە زۆر ئیسک قورس و ڕەزاگران بوو. کاتی هەمووان دانیشتین وتی:

- زۆر چاکە. ئایا هەمووتان ئامادەن پەیوەندی لەگەڵ دنیای مردووەکان ساز بکەن؟

هەموومان سەرمان لەقاند. ئینجا خاتوونە پیرەکە ئاماژەی بە خزمەتکارەکە کرد، کە کووپەکان لە بەردەممان دابنێت. ئەویش کووپێکی قاوەی خستە بەردەممان و بابەک دەستبەجێ وتی:

- ئەلفاتیحا.

هەموو ئاوڕیان داوە و سەیریان کردین کە منیش دانەیەکم لە کەلەکەی کوتا و ئەویش وتی:

- پرسە و سەرەخۆشییە؟!

بابەک – دە چی بکەم دەڵێی پرسەیە. قاوە و مردوو و ...

- بابەک ئەم پیرەژنە شۆخی بە مێشکیدا ناچێت. وریابە برێکیش بێئەخلاقە. هەر ئەوەندەیە توورە بێ هیچی تێدا ناهێڵێتەوە.

هەموو دەستیان کرد بە ویردە ویردکردنی شتێک کە بابەک بە ئەسپایی پێی وتم:

- تماشا ئەمانە دۆعا دەکەن. تۆش هەر لە گۆترە دەمت بجووڵێنەوە. با بزانن ئێمەش لە ئێران مەراسیمی ئاوامان هەیە. مۆرەیەکم لێکرد. کاتێ کە دۆعاکردنەکان کۆتاییان هات، هەمووان بە بێ قسەکردن دەستیان کرد بە قاوەخواردنەوە. بە دەم خواردنەوەی قاوەوە ئاگام لێ بوو کە کچەکان سرتە و پێکەنینیان بوو.

کە ئاورم داوە بینیم بابەک لەگەڵ ئەوەی کە قاوە دەخواتەوە خەریکە بە ئاماژەی سەر ئەدا بۆ ئەو کچان دەردێنێ و دەیانخاتە پێکەنین.

لە کەلەکەیم کوتا و بە دەنگی بەرز وتی:

- خوا عافووی بکات.

ڕۆیا بە ئەسپایی بە فارسی وتی:

- خوا کێ عافوو کا؟

بابەک – هەر ئەوەی وا بە تەماین ڕۆحی بێنینەوە.

ڕۆیا سەری داخست بۆ ئەوەی کەس پێکەنینەکەی نەبینێت. پیرەژنەکە دەیزانی بابەک خەریکی چییە وتی:

- کوڕی خۆم پرسیارێکی تایبەتت هەیە؟

بابەک پێکەنی، پیرەژنەکە کە بە هۆی پێکەنینی بابەکەوە قەڵس بوو وتی:

- بۆ پێدەکەنی؟

- چوونکە تۆ بە من دەڵێی کوڕی خۆم. ئەو تەمەنەی تۆ لێی نایە کوڕی

هاوتەمەنی منی هەبێت.

پیرەژنەکە نێوچاوی کردەوە و بە بزەیەکەوە وتی:

- بۆ لێم نایە؟

بابەک – تۆ خۆت بکوژی هەر چل ساڵ تەمەنتە. لەبەر ئەوەی ئێوە بیانین و لە تەمەنی کەمدا هاوسەرگیری ناکەن. بۆیە لێتان نایە منداڵی هاوتەمەنی منتان هەبێ.

بە فارسی وتم:

- چل ساڵ؟ درۆ فەقیرە هەموو کەس پێی دەوێرێ.

ئینجا ڕوویکردە پیرەژنەکە و وتی:

- هاوڕێکەم دەڵێ ئێوە نزیکەی چل و حەوت هەشت ساڵ تەمەنتانە.

پیرەژنەکە وتی:

- هەڵبەت تەمەنم لەوە زیاترە.

بابەک - خوا لە گەورەکانتان هەڵنەگرێ. دیارە لە تەمەنی کەمدا بە شوویان داوی. هەتا ئێستا چەند دانە منداڵت خستۆتەوە؟

بابەک بە زمانی ئینگلیزی هەندێ وشەی بە کارهێنا کە ڕەنگە خەڵکی ئەورووپاش لەم وشانەیان کەمتر بیستبێت. ئەو پیرەژنە کە ئەم وشە کۆنەی بیست تێر پێکەنی و ئینجا وتی:

- هەستم نەدەکرد ئاوا لە زمانی ئێمە بزانی!

بابەک – دەزانی چۆنە باوکم لۆردێکی ئینگلیزی بووە.

ئەو پیرەژنە بە سەرسووڕمانەوە وتی:

- بە ڕاستتە؟

بابەک – ئەی چۆن؟ ناویشی ئابراهام ستوودە بووە. هەتا ئێستا نەتانبیستووە؟

پیرەژنەکە – ناوەڵا بە داخەوە. پێموایە دوو سێ جار بیستوومە.

بە سرتە پێم وت:

- بابەک ئەم کەری کەرییەکانەت لە چییە؟ ناو باوکت نوسرەتوڵایە.

بابەک – مەگەر باوکم لە موبایلەکەمدا ناوی ئیبراهیم نییە؟

- با.

بابەک – دەیباشە ئیبراهیم بە ئینگلیزی دەبێتە ئابراهام.

- پاشناوت چییە؟

بابەک – ستوودە و ئیستوودە فەرقیان هەیە؟ باشە بە تۆچی؟

ئینجا ڕوویکردە پیرەژنەکە و پرسی:

- ببوورە، ئێوە ناوی منتان لە کوێ بیستووە؟

خاتوونە پیرەژنەکە – ئەگەر هەڵەم نەکردبێ چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژنامەیەکەدا پێموایە باوکی ئێوە بەڕێز ئابراهام ئیستوود لە کۆڕی لۆردەکان بووە.

بابەک بە فارسی:

- خۆ ئەو باوکە فەقیرەم دەیکوت سەردەمی مەشرووتە باپیرم زۆری خەبات کردووە و ئازادیخواز بووە. بەستەزمان خۆ بەلگەشی نەبوو بۆیە باوەڕمان پێنەکردووە.

خاتوونە پیرەکە – ئێستا بەڕێز ئابراهام لە کوێیە؟

بابەک – وەڵا لە ئێرانن؟

خاتوونە پیرەکە – لەوێ خەریکی چیین؟

بابەک – خەریکی کڕینی کڵاوە.

من و ڕۆیا پێکەنین و بابەک وتی:

- واتە کارگەی کڵاوسازی هەیە. کڵاو بۆ خەڵک دروست دەکا بە مارکی ئینگلیزی.

ئینجا لەبەر ئەوەی قسەکەی بگۆڕێ وتی:

- ئەرێ ئێوە مێردتان هەیە؟

خاتوونە پیرەکە لە ناکاو نارەحەت بوو و بە حەسرتەوە وتی:

- بە داخەوە مێردەکەم چەند ساڵ بەر لە ئێستا بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆوە تێدا چوو.

بابەک – خوا لێی ببووری. ئێوە ئێستا چەندساڵە تەنیاین؟

- بابەک واز لەم پیرەژنەش ناهێنی؟

بابەک – هیچ مەڵی تازە لێی تێگەیشتووم و هێناومەتە قسە.

ئینجا ڕوویکردە پیرەژنەکە و وتی:

- هاوڕێکەم دەڵێ ئێوە هەر بە گەنجێتی جوانەمەرگ بوون.

پیرەژنەکە کە لەم زاراوە تێنەگەیشت وتی:

- یانی چی؟

بابەک – واتە ئێوە گەنجێتیتان نەکرد. ژن دەبێ مێردی هەبێ، ئێوە بۆ باوکی من باشن. باوکم چەند ساڵە بۆ ژنێکی وەکوو تۆ دەگەڕێت.

خاتوونە پیرەکە – باوکت سەڵتە؟

بابەک – ناوەڵا جاری لەگەڵ دایکم دەژی.

خاتوونە پیرەکە – دەی ئەگەر خێزاندارە چۆن بۆ ژنێکی دیکە دەگەڕێت؟

من و ڕۆیا لەبەر پێکەنین قرتاین و بابەک وتی:

- وەڵا خۆشی لە دایکم نایە.

خاتوونە پیرەکە – دەی بە نیازە لە دایکت جیا ببێتەوە؟

بابەک – وەڵا لەوە دەچێ بەڵام نایدرکێنێت.

خاتوونە پیرەکە – بۆچی؟

بابەک – ئاخە دایکم سەر و گوێلاکی دێنێتە خواری.

خاتوون پیرەکە – چیت وت؟

بابەک – واتە دەیکوژێ.

خاتوونە پیرەکە – دەی ئەمە ژنی هەیە چۆن بە نیازە ژنێکی دیکەش بێنێ؟

بابەک – برا ئێمەی پیاوی ئێرانی دەتوانین هەتا چوار ژن بێنین، بەو مەرجەی دادپەروەری لە نێوایاندا ساز بکەین.

خاتوونە پیرەژەکە – هیچ لێت تێناگەم.

بابەک – تۆ حەقت بە سەر ئەمانەوە نەبێ. وێنەت لە خۆتان هەیە بێنێرم بۆ

باوکم؟

- بابەک دە لە کۆڵ بەوە.

بابەک – قسە مەکە باسی ڕۆح و بانگکردنی ڕۆحی لە بیر چووە.

- ئێمە هاتووین ڕۆح بانگ بکەین.

بابەک – ئەم هەموو مرۆڤە زیندووە لە دەوروتەوەن چییان بۆت کردووە گەوجە!

پیرەژنەکە – وێنەی نوێم نییە.

بابەک – دەی قەیناکە. هی دوو سێ ساڵ بەر لە ئێستاش بێ باشە. بەڵام زوو پێم بدە با بینێرم بۆ ئێران.

پیرەژنەکە کەمێک تێراما و وتی:

- دەبێ بیری لێ بکەمەوە. ئەگەر بڕیارم دا پێت دەڵێمەوە.

بابەک – هیچ پەلە مەکە. کاتت هەیە. جوان بیری خۆتی لێ بکەرەوە. مێرد پێڵاو نییە ئەگەر تەنگ بوو بیگۆڕی.

ئەو پیرەژنە کە لەم نموونە قسانەی بابەک پێکەنینی دەهات وتی:

- کچ و کوڕەکانی خۆم من ئێستا بیرم شەمزاوە. ناتوانم فوکووس بکەم.

ئینجا هەستا و ڕۆشت. بە بابەکم وت:

- پیرەژنە داماوەت هەوایی کرد.

بابەک – دەمەوێ لە بری دیاری ئەمە بەرمەوە بۆ تاران.

ساندرا – بە ڕاست باوکت ژنی نییە.

بابەک – ئێمەی پیاو قەت پیر نابین هەتا ئەو ڕۆژی گۆچانیش بە دەستەوە دەگرین نیازی هاوسەرگیریمان هەیە. ترسی بڕی مارەیی نەبوایە ئێستا هەموومان چوار ژنیمان تاقی کردبۆوە.

ڕۆیا – تۆش وای؟

بابەک – من لە هەموویان خراپترم. بەینەوە سەر بەزمەکەی خۆمان. چاودێری پۆلم کردەوە دەرەوە. فەقیرە ناوی مێردم هێنا تێکچوو.

- شەیتان لای تۆ پەروەردە بوو.

بابەک – ئەیچی شەیتان قوتابییە باشەکەمە! ئەوە ساڵێکە لای خۆم دەرس دەخوێنێت.

ئەو شەوە ئێمە ئەو پیرەژنەمان نەدی.

بابەک بە شۆخی و گەنجەفە هەموومانی دەخستە پێکەنین. زۆرمان خۆش ڕابوارد. کاتی ڕۆشتن بابەک وا ڕایکرد کە پیرەژنەکە بە خۆی نەزانی.

کاتێ سواری ئۆتۆمبێل بووین و دەمانویست ڕۆیا بگەیێنینەوە ماڵی خۆیان ڕۆیا بە بابەکی وت:

- بابەک تۆ چ ئینسانێکی دەچیتە هەر کوێ خەڵک پێدەکەنێنی. ئەم ماوەیە لەگەڵت بووم تۆم بە خەفەتبارییەوە نەبینیوە. کابرا لەگەڵ تۆ هەست بە خەم و خەفەت ناکات. هەست دەکا هەموو مرۆڤەکانی خۆش دەوێ. هەست دەکا هەموو مرۆڤەکان خۆشیان دەوێ. هەست دەکا دەتوانێ بەرگەی هەموو نەهامەتییەکان بگرێ و بە سەریاندا زاڵ بێ. کەسایەتییەکی سەیرت هەیە بابەک.

بابەک لەگەڵ ئەوەی شۆفێری دەکرد وتی:

- خوا مرۆڤەکانی شاد خولقاندووە. لە هیچ کوێ نەهاتووە کە بڵێ مرۆڤ دەبێ خەم و خەفەت بخوات. خۆ گریاندنی خەڵک شتێکی زۆر دژوار نییە. مافیان زەوت بکە، بێڕێزییان پێ بکە، ئازادییان لێ بستێنەوە، غەدریان لێ بکە ئەوە دەگرین. بەڵام ئەگەر بتوانی کەسێک شاد و کەیفخۆش بکەی ئەوە بنیادەمی.

- تەنانەت ئەگەر بڕیاریش بێ سەر بخەیتە سەر پیرەژنێک و بە درۆ پێی بڵێی دەتهەوێ وێنەکەی بنێری بۆ باوکت بۆ هاوسەرگیری؟

بابەک - ئەگەر باس لە ئەمشەو دەکەی من کارێکی خراپم نەکرد.

ئەو قسانەی وا بۆ ئەو پیرەژنەم کرد زۆری دڵخۆش کرد. ورەی بەرز کردەوە. بنیادەم ئەو کاتە دەمرێ کە هیوا و متمانەی نەمێنێت. ئەم پیرەژنە خەریک بوو ورەی دەڕووخا. دەزانی بۆ ئەم ژنە ڕووی کردووەتە هیپنۆتیزم و ڕۆح هێنانەوە؟ لەبەر ئەوەی بتوانی لەگەڵ مێردەکەی قسە بکات. چوونکە لە ئەستی ناوشیارگەیدا

بـۆ هاوبەشـەکەی دەگەڕێـت. دەی لە نـاو زیندووەکانـدا نەبـوو پەنـا دەبـاتە بەر مردووەکـان. بەڵێنـت پـێ دەدەم ئەم ژنە بـۆ بەیـانی تەواو ورە و خـوو و خدەی دەگۆڕێـت. جـل و بەرگەکەیـت بینـی قەترانـی ڕەش. هەر بینیـت ئیتـر جلوبەرگی ڕەشەکەت لە بەریدا نەبینی. ئەمشەو بیر لە قسەکانم دەکاتەوە. ئیمە پیمانوت چل و حەوت هەشت ساڵتە. ئەوە ورەی بەرز دەبێت. ئیتر دڵی بە ژیان خۆش دەبێت. ئەگەر پیمان بکوتبایە هەفتا ساڵی لی دێ و دەبێ بچی تۆبە بکا و بیر لە مەرگ بکاتەوە شتێکی باشە؟ ئەگەر وام نەگوتبایە ئەوە دڵیکمان لە خومان ڕیش و بیزار دەکرد.

جیا لەوەش خۆ هەر ئاوا شوو ناکەن. وادەزانن هەر وا شـوو بە باوکم دەکات. تـۆ وادەزانـی هـا ئەوە بەیـانی پاسـپۆرتی بـرد بـۆ باڵوێزخـانەی ئێران کە بتوانێ سەردانی ئێران بکات؟

ڕۆیـا – وەڵا بـابەک قسەکەی جوانە. کاتێـک بـابەک ئەو قسانەی کـرد گەشـاوە. هەتا ئەمشەو من پێکەنینم بەم ژنەوە نەبینیبوو. بەڵام بابەک کارێکی وایکرد کە بۆ یەکەم جار خەندە بێتە میوانی لێوی.

بـابەک – کـابرا هەتـا ئەو کـاتەی پێدەکەنی غەم و خەفەت کـاری لە سـەر ناکـات. مرۆڤ ئەو کات دەڕووخێ وا پێکەنینی لە بیر دەچێتەوە. برا واز لە ئارمین بێنە. ئـارمین خـۆی لە خۆیدا خەمـۆکە. دەڵێی پیرەمێردی هەزار سـاڵەیە، بەم گەنجییە هەسـتاوە دڵی چووە لە کچێکی تەمەن هەزار و چوارسـەد سـاڵە. چی زۆرە کچی ژیکەڵە و قەشەنگ. ئەمە دڵی هەر لای نەنکیەتی. هەر دڵی دەچی لە پیرەژن. گوو بە دڵت. لە خەویشدا بیر لە پیرەژن دەکاتەوە.

هاتم وەڵامی بدەمەوە، لە ناکاو ژنێک هـاتە ناوەڕاستی شـەقامەکە. بـابەک قسـەی بۆ من دەکرد. بیری لای شـۆفیری نەبـوو و مـن قیژاندم و لە ناکـاو بـای داوە و لە ژنە تێپەڕین.

– پاتاڵ کەمێکی مـابوو ئەو ژنە وەبەر بدەی. مـاڵە دەسـت بە فەرمـانیش زمـانی ڕاناوەستێ. کەمێکی مابوو ئەو پیرژەنە داماو بکەیت.

بابەک لە قەراغێکدا ڕایگرت و وتی:

- تماشا هەرکە پیرەژنێکی بینی هەموو شتێکی بیر چووەوە. دا ڕاوەستە تۆ بە چیدا زانیت ئەوە پیرەژنە؟

دابەزیم. ئەو ئافرەتە چووبووە ئەو بەری شەقامەکە و لە سەر پیادەڕەوەکە بوو. بەرەو لای چووم. بابەک هاواری کرد:

- بۆ کوێ؟ کوڕە واز لەوە بێنە. ئەوە بۆ تۆ نابێت. بۆ کوێ دەچی؟

هیچ گوێم پێنەدا و چوومە لای ئەو پیرەژنە. بابەک و ڕۆیاش بە دوامدا هاتن و بابەک قۆڵی گرتم و وتی:

- چی دەکەی؟

- دەمەوێ بزانم بۆ بووراوەتەوە.

بابەک – برا ئەمە مەستە. لێی گەڕە ئێستا قەرزداریشی دەبین. سبەی پیرەژنێکت بۆ دەدۆزمەوە کە جوان مابێتەوە.

- هاریکاری کردنی خەڵک! شادکردنی خەڵک! پێکەناندنی خەڵک! لە بیرت چوو؟!

بابەک – ئەوانە درووشم بوو باوەڕ بە شتی وا مەکە.

گەیشتینە لای ئەو پیرەژنە. لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد. بۆنێکی ناخۆش لە دەمی دەهات و بابەک بەر لووتی گرت و وتی:

- یەع. خوا بتکوژێ ژنەکە. دوو پێکت کەمتر بخواردایەتەوە. ئەوەندەی کحولی خواردووەتەوە ئاگرێکی لێدەی گڕپە دەکات. دایە گیان کەمێکمان شەراوت بۆ هێناوی بیخۆرەوە.

- بابەک سەر مەخە سەری.

بابەک – کوڕە خۆ بە خۆی نازانی. ئەوەندە مەستە ئێستا وادەزانی ئێمە پشیلەین بە دەوریەوە. کوڕە هەستە با پریشەکەی ئاگری جەحەنممان لێ نەکەوێت.

- بابەک ئەوە دەگری.

بابەک – من وتم شادی و پێکەنین باشە، بەلام بۆ کەسێک کە لە دۆخی

ئاساییدایە! نەک ئەمە. هەستن با بڕۆین. ئەمە دایمە مەستە.

- دەقەیەک ڕاوەستە.

بابەک – برا من بنیادەمی ئاسایی دەتوانم بخەمە پێکەنین نەک مەست. وەرە با بڕۆین ئێستا پۆلیسێکمان لێ دەردەکەوێ وا دەزانێ هاتووین گیرفانی ببڕین.

- ئەرێ دا جارێ گوو مەخۆ. دەیهەوێ قسە بکات.

سەرم لێ نزیک کردەوە خەریک بوو بە فارسی قسەی دەکرد. وتم:

- بابەک ئەمە ئێرانییە. بە فارسی قسە دەکات.

بابەک – نزرگەکانی فارسییە؟! خۆ ئەمە هەر نزرگرە دەکات.

- قسە نەکەی دەزانین چی دەڵێ.

هەر سێکمان دانیشیتین و گوێمان پێدا.

بابەک – خۆ هەر نزرگرەیەتی.

- دایە گیان چۆنی باشتری؟

بابەک – ئەمە پوورمە؟ دایکت کەی هاتە ئێرە؟

- بابەک قسەی قۆڕ مەکە. خۆ دەزانی ئێرانییە.

بابەک – وەڵا خۆ ڕاستیش دەکەی دا با قسەی لەگەڵ بکەم.

ئینجا سەری بردە پێشەوە و وتی:

- دایکی ئارمین. پووری خۆم ئەو عارەقەی وا خواردوودەتەوە ناوی چییە بە گوێمدا بیڵێ. دیارە لەو مارکە چاکانەیە.

- بابەک دەمت داخە.

بابەک – دادە دادە چاوەکانت بکەرەوە. ئێمە هاونیشتمانین. دەمانهەوێ یارمەتیت بدەین.

ئەو خاتوونە لەگەڵ ئەوەی چاوەکانی نووقاندبوو وتی:

چـاوی (نزرگـرە) خـۆت و هاونیـشتانیت (نزگـرە) دەرێ. هەر ئەم (نزگـرە) هاونیشتمانییە (نزگرە) ماڵمی وێران کرد.

بابەک – ئەم فارسی قسە کردنە ڕەسەن و پاراوەت بخۆم. لە مێژ بوو کەس

ئاوا دۆستانە نەیدواندبووم.

هەموومان پێکەنینمان هات.

بابەک – دایە گیان دەزانم بینینی هاونیشتمانییەک لە هەندەران چەند خۆشە. تکایە دوو قسەی تریشم بە سۆزەوە بۆ بکە.

- لاچۆ ... هەرچیم بە سەر دێ لەبەر تۆی ... هاونیشتمانییە ...

بابەک – بە قوربانی ئەو فارسی قسە کردنەت بم. رۆحم شەکاوە. لەبەر ئەو نزرگرانەت بمرم. هەموو وتەکانی بە نزرگرە و بۆنی سەگی تۆپیوی عارەقی سەگی رازێنراوەتەوە.

- بابەک پێت عەیب نییە ئاوا ئەزیەتی ئەم پیرەژنە دەکەی؟

بابەک – من ئەمە ئەزیەتی دەکەم؟ ئەمە خەریکە جوێنمان پێ دەدا؟ حەوت قسەی کرد هەر حەوتی جوێن بوو.

- دایە گیان بۆ ئاوا لە خۆت دەکەی؟ ئەمە لە ئێوە ناکاڵێتەوە.

- خۆ ئێرە ... ئێران نییە ... خەڵک دایمە ... سەریان لە سەر ژیانی یەکتر بێت.

بابەک – دایکە گیان ئەوە لە کۆتایی قسەکەتدا بۆ نزرگرەت نەهات؟

پیرەژنەکە نزگرەی کرد.

بابەک – ئافەرم گوێڕایەڵیشە.

پێکەنینم هات.

- دایە ئێستا چیت بۆ بکەم؟ چی لە دەستمان دێت؟

- ... خۆ من ... داوای فزوولیم لە ئێوە نەکردووە ...

بابەک – نزگرە بچۆ هێلەکەی تر.

- بە رای ئێوە چی بکەین؟

بابەک – ئێوە لێرە بن من دەچم شووشەیەک عارەق دێنم و دێمەوە. ئەمە هێشتا تەواو مەست نییە. شووشەیەکی تر بخواتەوە بۆ خۆی لێرە خەوی لێ دەکەوێ هەتا بەیانی و ئینجا هەڵدەستێ و دەڕواتە سەر ماڵ و حاڵی خۆی.

- کوو مەخۆ.

بابەک – کورە هەستە با بڕۆین.

- ناکرێ هەر وا لێرە وازی لێ بێنین.

بابەک – کارێکی تر دەتوانین بکەین. هەڵبەت ئەگەر لە قسەم لا نەدەن.

- بیڵێ دەی.

بابەک – بچم دوو شووشە عارەق بکڕم و لەگەڵی بیخۆین و هەتا بەیانی ئێمەش لەگەڵی بیخۆینەوە با تەنیا نەبێت. بۆ بەیانی هەموومان دەچینەوە سەر ئیشی خۆمان.

ڕۆیا پێکەنی.

- ئەمرت نەمێنێ بۆ ڕا و تەگبیرت.

بابەک – برا هەستە با بڕۆین. ئەم ژنە بەم عارەق خواردنە فێرە. تۆ چت داوە؟

- من بەم وەزع و حاڵە بە جێی ناهێڵم.

ئەمەم وت و لە پاڵ ئەو ژنە لە سەر عەرزەکە دانیشتم.

بابەک – شتێکی پاتۆلپیس و پاتۆل پلیتی. تۆ بۆ ئەوەندە پیرەژن پەرستی؟ ئاخە چی لەم پیرەژنە بکەین؟ قسەی بۆ دەکەین جوێنمان پێدەدا.

لەم کاتەدا ئەو خاتوونە بە ئەسپایی سەری هەڵبڕی و بە لاچاوەوە سەیرێکی کردم و وتی:

- تۆش ... شێتی ... داماو

بابەک – نزرگرەت لێ نەدا ئیملاکەی هەلە مەکە.

هەر سێکمان پێکەنین.

بابەک – ئارمین گیان تەواوی کە. هەستە با بچینە سەر کار و ژیانمان.

سەیرم کرد.

بابەک – من نازانم پوورم ئەو تۆنکە شیرەی وا پێیداوی ئەوەندە بە ناقابیلی و قەڵسییەوە پێداوی بۆیە ئاوا لاساری.

- لاسار نیم. ئەم ئافرەتە هەر چییەک بێ هاونیشتمانیمانە.

کە ئەمەم وت پیرەژن لە ژێر لێوەوە وتی:

- عەمری خۆت ... هاونیشتمانیت ...
بابەک نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا و وتی:
- زەخت لە خۆت مەکە ئێمە دوایی قسەکەت دەزانین چییە!
ئینجا پێی وتم:
- پوورزا گیان چی بکەین؟
- دەبێ هەڵیگرین و سواری ئۆتۆمبێلی بکەین و بیبەینەوە ماڵەوە.
بابەک - کوڕە بیبەینەوە ماڵی خۆمان هەتا بەیانی مردووەکانمان بە دەستییەوە کەوڵ دەبن. خۆ ئەمە جوێنمان پێ دەدا نەخوازەڵا بیشیبینەوە ماڵەوە.
- قەیناکە دەی. چی دەڵێ با بیڵێ.
بابەک - کوڕە بیبەینەوە ماڵەوە شیرین دڵپیسیت لێ دەکا دوو پیرەژن لە ماڵێکدا ناحەوێنەوە. شیرین هەر هیچ نەبێ هەزار و وردەیەک لەم گەورەترە و ڕێزی واجبترە.
هەر بابەک ئەمەی وت پیرەژنەکە وتی:
- عەمری ... شیرینیش ... نەمێنێ ...
بابەک - تماشا کاکە ئارمین؟ هێشتا نەهاتووە خەریکە هەوێساری دەکات.
ئینجا بە پیرەژنەکەی وت:
- ئەرێ ئەمە کەی مەستییە؟ خۆ لە من وشیارترە.
ئینجا ڕووی کردە من و وتی:
- دەی چ بکەین؟
- بیبەین.
بابەک - خوا باوکت بگرێ وا دایکمی هێنا و کەسێکی لاساری وەکوو تۆی دروست کرد.

## بەشی هەشتەم

بە هەر جۆرێک بوو ئەو پیرەژنەمان سواری ئۆتۆمبێل کرد و ئەویش پاڵی دا بە کورسی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەوە و خەوت.

ئێمەش سوار بووین و وەڕێکەوت.

بابەک – کا ئارمین هەستی نیشتمانپەروەریت ڕازی بوو؟

- ئەرێ دەستت خۆش بێت.

دیسانیش پیرەژنەکە لە ژێر لچەوە وتی:

- عەمری ... هاونیشتمانیت ...

پاشماوەی قسەکەی بابەک بۆی تەواو کرد:

- نەمینی کە ئەم هاونیشتمانییە قوڕی کردووە بە سەرماندا دروستم وت دایە گیان؟

پیرەژنەکە - ... (نزگرە) ئەرێ.

بابەک – دایە تۆ هەر نزگرە بکە خۆم ڕستەکەت بۆ ڕاست دەکەمەوە.

پێکەنین.

پیرەژنەکە – ئەوە خەریکن (نزگرە) دەمبەنە کوێ (نزگرە)؟

بابەک – دووکانی عارەقفرۆشی لێرەش هەیە کە خاوەنەکەی ناوی مۆبارسۆنە. ئەوە دەچینە ئەوێ.

پیرەژنەکە - باشە (نزگرە).

- بابەک شوورەییە.

بابەک – ئاخە شوێنێکی ترم بکوتبایە خۆ نەدەهات.

دیسان پێکەنین. بابەک بە ئەسپایی لە ژێر لێوەوە وتی:

- هاونیشتمانییەک لەمە ساز بکەم کە لە کتێبی چیرۆکدا بینووسن.

ئەمەی وت ئەو پیرەژنە چاوەکانی کردەوە و لەبەر خۆیەوە وتی:

- عەمری ... هاونیشتمانیت ...

بابەک – بەم نیوەشەوە مردووەکانمان لە قەبردا مەلەرزێنە. دە بخەوە ئیتر. مەستم نەبینیوە ئەوەندە قسە بکات. لانیکەم لەو دوو کتێبەی دیکە دادە پەری و بەڕێز هیدایەت بە ئەدەب بوون. ئەمە چ دەمپیسە. گوێشی هەڵخستووە. چی دەڵێم دەیبیستێت.

پێکەنین.

- لە بابەتی کتێب مەچۆ دەرەوە.

پاش چەند خولەک گەیشتینەوە ماڵی خۆمان و بە ئۆتۆمبیلەوە چووینە ناو پارکینگ و بە هەر چەشنێک بوو ئەو پیرەژنەمان بردە ناو ئاسانسۆرەکە و وتی:

- ئێرە خۆ ... عارەقفرۆشیی ... هامبارسۆن نییە ... هامبارسۆن ... دووکانەکەی لە ... تەجریش بوو ... بە هۆی خەفەت ... و پەژارەوە مرد ...

بابەک – بە ڕاستتە هامبارسۆن مرد؟ قوڕ کرا بە سەرماندا.

ئینجا بە حاڵەتی دڵپڕەوە وتی:

- ڕۆڵەڕۆ دایە ڕۆ خۆ ماڵی باوانمان ڕووخا. هامبارسۆن ڕۆشتی و هەتیومانت کرد. دایە گیان خەمی ئاخرت بێت. ئەمشەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی گەورەی مەستەکان دەکەم کە کۆڵەکەکەتان ڕووخا.

ئێمە لەبەر پێکەنین خەریک بوو پیرەژنەکە بخەن.

دوگمەی ئاسانسۆرەکەمان لێدا و وەڕێکەوتین و چووینە نهۆمەکەی خۆمان و هاتینە بەر دەرگای ئاپارتمانەکەمان کە ئەو پیرەژنە بە بابەکی وت:

- هامبارسۆنت ... دەناسی ...

بابەک – ناسین؟ کورە چرای ناو ماڵەکەمان بوو.

ئافەرم بۆ کورەکەی وا نەهێشت باوکی وجاغ کوێر بێت. دووکانەکەی

بردووەتەوە ناو ماڵی خۆیان. ئێستا خەڵک دەچنە ماڵەکەی.

بە پێکەنینەوە چووینە ناو ئاپارتمانەکە و پیرەژنەکەمان لە سەر سۆبەکە دانیشاند. بە لاچاوێکەوە سەیری کردم و وتی:

- خۆ ئێوە (نزگرە) چوار کەس بوون (نزگرە) کوا ئەوەی دیکەتان (نزگرە)؟

بابەک – دە دەقە لەمەوبەر یەکێ لە دەستتان خۆی کوشت.

هەموومان پێکەنین.

خاتوونە پیرەکە – خوای عافووی بکا ... چۆنە کچێک ... بوو؟

بابەک گوێی هەڵخست و سەیرێکی دەورووبەری کرد و پێی وتم:

- نەکا ڕاست دەکا؟ دەڵێ کچێکمان لەگەڵ بووە؟ نەکا لە نیوەی ڕێگادا هەپەلووش کرابێت؟

- بابەک!

بابەک – چووزانم. ئەمە شک دەخاتە دڵی کابراوە.

خاتوونە پیرەکە وتی:

- ئێرە ... بۆ ئاوا ... کپ و بێدەنگە ... بڵێ شتێک ... لێدەن.

بابەک – ئەهاااا! ئەمە وا دەزای هێناومانە بۆ گازینۆی مۆلین ڕۆژ!

- بابەک وازی لێ بێنە.

بابەک – دەترسم بۆ بەرەبەیانی بڵێ هەستن عەرەبی سەما بکەین.

هەموومان پێکەنین و بابەک بە ڕۆیای وت:

- ڕۆیا گیان تۆ بچۆرەوە ئێستا وادەزانێ تۆ سامییە جەماڵی.

- بابەک ئەگەر دەکرێ دەقەیەک دەمت داخەی.

بابەک – باشە دەی چی لێ بکەین؟

- جێگای بۆ ڕادەخەین با هەر لێرە بخەوێ هەتا بەیانی بزانین چیمان بەسەر دێت.

بابەک – شلەیەک شتێکی بۆ ساز بکەین با بیخوات. خۆ ئەوەندە کزە بە خوا ناگاتە بەیانی. لە ناو ساردینگ لەم شلە ئامادانەمان هەیە. ئەوە من دەچم بۆی

ساز دەکەم.

- ها تۆش هەستی نیشتمانیت بزوا.

کە ئەمەم وت پیرەژنەکە لە ژێرلێوەوە وتی:

- عەمری ... تۆ و ... هاونیشیتمانەکەت ...

بابەک – ئەرێ دە ئارمین وشەی هاونیشتمانی بە کار مەهێنە دیوتە چەندە پێی قەڵسە؟

هەموومان دیسان پێکەنین. پیرەژنەکە سەری کەمێک لە سەر مۆبلەکە هەڵێنا و بە چاوی نیوە قووچاوەوە بە بابەکی وت:

- ئەوە تۆ بووی ... دەتویست بە ... عەرەبی ... بڕەقسی ...

بابەک – نا من ڕەقسی عەرەبی نازانم. ئارمین ڕەقسی عەرەبی باش دەزانی.

هەر سێکمان پێکەنین. ڕۆیا لەبەر پێکەنین قرتا.

بابەک – ئەی گیان ئەوڕۆ هەتا بەیانی ناخەوین و بۆی دەڕەقسین.

- بابەک ماڵە کاتژمێر سێی نیوەشەوە.

بابەک – هەر دەرەقەت من دێی. خۆ من نامەوێ عەرەبی بڕەقسم. ئەگەر پیاوی ئەم هاونیشتمانییەت دامرکێنە کە وا دەزانێ ئێرە کازینۆی شکۆفەرە.

هەر کە ناوی هاونیشتمانییان هێنا پیرەژنەکە لە ژێر لێوەوە وتی:

- عەمری ... تۆ و ... هاونیشیتمانەکەت ...

هەر سێکمان پێکەنین.

بابەک – نازانم ئەم شتە با ناوی نەهێنم چ پەندێکی بە سەر ئەم ئافرەتە هێناوە کە بە بیستنی هەڵدەتۆزێ.

- ئەگەر نانی بۆ دێنی بیهێنە ئێتر.

بابەک – ئەوە ڕۆشتم. دادە ڕۆیا ئێوە بچنەوە بۆ ماڵی خۆتان. کافە داخراوە. برا ئێمەش ماڵ و حاڵمان هەیە.

ڕۆیـا پێـی خـۆش نەبـوو بە جێمـان بێڵـێ. بە نـابەدڵییەوە مـالاوایی لێکـردین و ڕۆشت. بابەکیش چووە چێشتخانە خواردن بێنێت.

منیش چووم پێخەفەکەم هێنا و لە سووچێکدا ڕامخست. پاش کەمێک بابەک بە قاپێک شلەوە هات و بە زۆری دامان بە دەرخواردی ئەو خاتوونە و بردمانە سەر جێگاکەی و خەواندمان. من و بابەکیش ڕۆشتینە ژوورەکانی خۆمان.

ئەو لەتە چەرمەم لە ناو کەشەوی کومێدەکەم دەرهێنا و لە ناو دەستم تووند گوشیم و چوومە ناو پێخەفەکەم. ئیتر کاتی خەو بوو جا یان کاتی خەو یان وادەی دیدار.

چاوەکانم نووقاند و بزەیەک نیشتە سەر لێوم.

بە دەنگی ژاوە ژاوێکی زۆر چاوەکانم کردەوە. باوەڕم نەدەکرد. لە سەر گردێک ڕاوەستام. ژێر قاچم دەشتێکی زۆر پان و بەرین پڕ بوو لە ڕمب و شمشێر و تەور کە کەوتبوونە گیانی یەکتر.

زەوی لە خوێن گەوزابوو. لە لێککەوتنی شمشێر و هاواری برینـدارەکان و گورەی سەربازەکان گوێ کەڕ دەبوو. وەکوو دڕندە کەوتبوونە گیانی یەکتر و یەکتریان ئەنجن ئەنجن دەکرد.

نەمدەتوانی باوەڕ بەو شتەی بکەم کە دەیبینم.

کۆمەڵێکیان لە ناوەڕاستدا بە ئەسپەوە بە فڕکان فڕکان سەربازەکانیان بۆ شەڕ هان دەدا. کۆمەڵێکیشیان لەو لاوە بە لێدانی تەپڵی گەورە مارشیان لێدەدا. هەر خەڵک بوو دەکوژرا، بۆنی خوێن بوو وڵاتی تەنیبوو. یەکێ قاچی پەڕێنرا بوو، یەکێ سەری پێوە نەمابوو، یەکێ زکی هەڵدڕا بوو. زۆر ناجۆر بوو. ئەسپە بەستەزمانە لەتوکوتکراوەکان لە ناو گۆڕەپانەکەدا کەوتبوون. بەزەییان بە ئەسپەکانیشدا نەهاتبوو. چاوەکانم نووقاند و بە هەر دوو دەستم گوێم گرت و یەک بە خۆم گوڕاندم:

- شیرین.

زایەڵەی خۆشی دەنگی شیرین هاتە بەر گوێم:

- دەروونم ژاکاندی؟

- شیرین؟

شیرین – ئارامبە. ئەمانە هیچ زیانێک بە تۆ ناگەیەنێت.
- ئەمانە کێن؟ بۆچی وەکوو ئاژەڵی دڕندە یەکتریان ئەنجن ئەنجن کرد؟ ئێمە بۆچی هاتووینەتە ئێرە؟
شیرین – مەگەر ئارەزوومەندی دیداری خەسرەو نەبووی؟
- بۆ خەسرەو لێرەیە؟
بە دەست ئاماژەی بە شوێنێکی بەرز کرد. گردێک بوو کە هەر چوار دەوری سەرباز گەمارۆیان دابوو. کەسێک لە سەر کورسییەکی جوان دانیشتبوو، کۆمەڵێکیش بە جلوبەرگی جۆراوجۆری جەنگییەوە راوەستا بوون، چەترێکی گەورەش لە ژوور سەری بوو.
شیرین – ئەوە خەسرەو پەرویز شای ئێرانە.
- ئەمانە بۆ ئاوا دەکەن؟ ئەوانەی تر کێن؟
شیرین – ئەوەی دیکە بارامە. بارام چووبین.
- لە سەر دەسەڵات و پاشایەتی خەریکە سەر و گوێلایکی یەکتر دەشکێنن؟
شیرین – ئەوان هیچیان لێ نایە. زیانەکەی یەخەی سەربازان و خەلکی بێتاوان دەگرێ، تۆ لەوانە بنوارە. هەندێکیان تەنیا بۆ تێرکردنی سکیان بێباکانە دەجەنگن. کۆمەڵێکیان بیر و باوەڕەکەیان راکێشی ئەم زەلکاوەیانی کردووە.
- ئەمانە چۆن وەڵامی خودا دەدەنەوە؟ وەڵامی کوژرانی ئەم هەموو بنیادەمە چۆن دەدەنەوە؟
شیرین کە ناوی خودای بیست، کەمێک چاوەکانی نووقاند و لە بەر خۆیەوە هەندێ شتی وت. لەگەڵ ئەوەی سەیری جەنگەکەی دەکرد وتی:
- ئەوانە هەر ئاواش بە تاوانی کردەکانیان خەریکە سزا دەدرێن.
- شیرین لێرەم دوور بخەرەوە.
سەیری کردم و وتی:
- پەرێشان بووی؟
- نا کێشە نییە، ئەزقەزا چاک بوو ئەم دیمەنەم بینی. ئێستا با بڕۆین، ئێتر

تاقەتی بینینی ئەم درندایەتییانەم نییە.

شیرین – دەستت بخەنە ناو دەستم و چاوەکانت بقووچێنە.

دەستیم گرت و چاوەکانمم نووقاند. پاش کەمێک پێی وتم:

- چاوەکانت بکەرەوە. ئەو دیمەنە نەما.

چاوەکانمم کردەوە. لە ناو باغێکی گەورە و قەشەنگدا بووین، هەوا ئەوەندە خۆش بوو کە پێیم خۆشبوو لە سووچێکدا دابنیشم و پشوو بدەم. گمەی پەلەوەرەکان مەستی کردم. گمەیان دەتکوت دەنگی سازێکی مۆسیقایە. بۆنێکی خۆش دەهاتە بەر لووتم بۆنێکی خۆش. بەهەر حال مەستی ئەو شوێنە بووم. لە لایەک دەنگی هاژەی تاڤگە و لە لایەک دەنگی گمەی پەلەوەرەکان و لە لایەک دەنگی مۆسیقایەکی گوێلاوێن و خۆش. سەرسامی ئەو شوێنە خۆشە بووم. لەگەل ئەوەی سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد لە شیرینم پرسی:

- شیرین!! ئەری بەهەشتە؟

پێکەنی و وتی:

- بەهەشت شوێنێکی ترە.

- ئەی بەهەشت کوێیە؟ ئێرە فرە خۆشە.

شیرین – ئێرە پاداشتی تۆیە.

- پاداشتی من؟ بۆچی من چیم کردووە؟

شیرین – چۆن ئەوە وەبیرت نایەتەوە؟

- چی؟

شیرین – ئەو پیرەژنەی وا دوێشەو یارمەتیت دا.

- هەر ئەو پیرەژنەی وا مەست بوو؟ خۆ ئەو عارەقخۆر بوو.

شیرین – تۆ سەرەرای عارەقخۆر بوونەکەی یارمەتیت دا! تۆ بۆت نییە قەزاوەت بکەی.

- نا خۆ قسەی جەنابتان جوانە. کاتێک کە یارمەتیم دەدا بیرم لەوە نەکردەوە.

شیرین – ئێرەت لە بیر نەچێت.

گریانم هات، چاوم پڕ بوو لە ئاو. دانەویمەوە و زەویم ماچ کرد و بە گریانەوە بە شیرینم وت:

- واتە بۆ کارێکی ئاوا بچووک پاداشتێکی ئاوا گەورەم وەرگرت؟!

بزەیەکی هات و وتی:

- کە دڵێکت شاد کرد میری مەزن لێت ڕازی دەبێت.

- بە قوربانی میری مەزن بم. من هیچم بۆ ناوترێت.

شیرین دیسان چاوەکانی نووقاندەوە و لە بەر خۆیەوە هەندێ شتی وت و ئینجا پێی وتم:

- لەگەڵم وەرە.

دەستی گرتم و بە ناو کۆڕێ درەخت و داردا، کە هەتا کاتە نەمبینیبوو گێڕا، منی بردە لای ڕووبارێکی لاوێن و لە سەر تاشەبەردێک دایشنیشاندم و وتی:

- بەڵام لە بیرت نەچێ ئەم نهێنییە لای کەس نەدرکێنی.

- واتە لای کەس نەیڵێم.

شیرین – ئەگەر بیڵێی باوەڕت پێناکەن. کەواتە چاک وایە باسی نەکەی.

- شیرین ئەم پەلەوەرانە چین وا ئاوا جوان دەگمێن؟

شیرین – دەستەکانت ئاوەڵا کە.

- واتە دەستم بکەمەوە؟

شیرین – ئەرێ.

کە دەستم کردەوە چەند دانە پەلەوەر نیشتنە سەر دەستم. ئەوەندە جوان بوون، زمانم لە وەسفکردنیان کولە. پاش کەمێک هەڵفڕین و ڕۆشتن. هەتا چاوم هەتەری دەکرد سەیری هەڵفڕینیانم کرد.

- شیرین، ئەمانە هەموو خەونە؟

پێم پێکەنی، وەخۆ هاتم و وتم:

- تۆ ئەورۆ زۆر جوان بووی!

دیسان پێم پێکەنی.

- بریا دەمتوانی هەمیشە لە لات بووایەم.

کە ئەمەم وت بزە لە سەر لێوی کاڵ بووە و ڕووی لێ وەرگێڕام.

خۆم لە قسەکەم پەشیمان بوومەوە و پاش کەمێک شیرین وتی:

- لەگەڵ بیستنی بەسەرهاتی من هەی؟

- ئەری. بۆم بڵێ. ئەو شتانەم ئەوەندە بە لاوە سەیر و سەمەرە بوو، کە هەموو شتێکم پاک لە بیر چووە.

شیرین – لە چاو توانا و ئەندیشەی ئەو دیدەی تۆ هیچ نییە.

- شیرین دەمەوێ چەند پرسیارت لێبکەم. تۆخودا وەڵامم بدەرەوە.

کە ئەمەم وت لە سەر جێگاکەی هەستا و لە بەر خۆیەوە هەندێ شتی وت و سەیری کردم و وتی:

- چیتر بەم ناوە سوێندم مەدە.

- ببوورە هۆشم نەبوو. ڕاهاتووین. بۆ ئاخواردنەوەیەکیش سەد جار سوێند دەخۆین.

شیرین – مرۆڤەکان ئەو کاتە فێری سوێندخواردن دەبن وا باوەڕیان بە خوا کاڵ دەبێتەوە.

- وەڵا ڕاست وایە. ئێمە بۆیە سوێند دەخۆین کە خەڵک باوەڕ بە درۆکانمان بکەن.

شیرین – هەموویشیان وا نین.

- ئێمە واین. هێشتا ئەمە یەکێ لە سوێندەکانمانە. سوێندی وا وامان هەیە بەرد لە ئاسمان دەبارێنێت.

شیرین – لە سەری مەچۆ. پرسیارەکەت بکە. ئەگەر ئیزنم لە سەر بێ وەڵامی دەدەمەوە.

- مردن چۆنە؟ ئەوە چۆنە مرۆڤ دەمرێ؟ دواتر دەچێ بۆ کوێ؟ واتە ڕۆح دەچێ بۆ کوێ؟ ڕاستە کە ڕۆح دەگەڕێتەوە؟ بۆ وێنە تۆ لە کوێی؟ باشە ئێمە بۆ لە دایک دەبین؟

شیرین

پێکەنی و وتی:

- وەڵامی هەر کام لەم پرسیارانە درێژە بە قووڵیی مێژووی ئافراندنی. منیش بۆم نییە وەڵامت بدەمەوە.

- کارێکی خراپم کرد ئەم پرسیارەم کرد؟ واتە تاوانم لێ وەشاوە؟

شیرین – پرسیار ڕێخۆشکەری زانستە.

- دەی وەڵامم بدەرەوە.

شیرین بزەیەکی هات و وتی:

- زانستی جیهانەکەت، لە زانستی جیهانەکەی تر زۆر کەمترە.

- بۆچی دەبێ ئێمە فێری زانست بین؟ بۆچی دەبێ دەرس بخوێنین و بەردەوام لە فێربووندا بین؟

شیرین – بۆ ئەوەی لە ئافراندنێکی دیکەدا ئەرکێک لە ئەستۆ بگری.

- نازانم. واتە ئێمە بمرین لەو دنیا زیندوو دەبینەوە و دەچینە سەر ئیش؟! واتە دەبینە کارمەندی دنیاکەی دیکە؟

شیرین – بۆم نییە وەڵام بدەمەوە.

- باشە دەی. مردن چۆنە پێم بڵێ؟

شیرین – خەونێکی خۆش.

- ڕۆحی مرۆڤ چی لێدێ؟ ئەم شوێنەی کە ئێمە تێیداین کوێیە؟ تۆ ئێستا لە کوێ دەژی؟

شیرین – لەو دیو زەمەن؟

- لێت تێناگەم چ دەڵێی.

شیرین – سوێندێکی قورست خوارد. هەر بۆیە ئەوەندەی پێم دەکری دەتوانم وشیارت بکەمەوە. ئیتر لەوە زیاتر ئیزنم لە سەر نییە. باش بزانە ڕۆحی ئێمە لە جەستەماندایە. پاش ئەو ڕزگاربوونەی کە پێی دەڵێن مەرگ ڕۆح لە جەستە دادەبڕێت.

- دەی دەچیتە کوێ؟

شیرین – پاش ڕزگاربوون دەتوانی ببیتە دڵۆپە ئاوێک. دەتوانی چەندەت پێخۆشە بژی. دەتوانی لە کاتی بێداریدا هەتاو ببینی. دەتوانی بگەڕێتەوە بۆ شەو و تێیدا بمێنیتەوە. دەتوانی شاد بی و بچی بۆ شاری شادییەکان. دەتوانی ئاوێتەی ڕەنگی گوڵەکان بیت. دەتوانی ببیتە خاک و لەشی خۆت بدۆزیتەوە. دەتوانی کاتەکان بگۆڕی و تێیدا پێش بکەوی. دەتوانی خولقاندنی گەردوون ببینی. دەتوانی بە کۆتاییهاتنی پێبکەنی. دەتوانی خۆت بکەیتە هەزار بەش و بخزێیتە ناو هزری هەزاران کەسەوە. دەتوانی لە خۆت ڕزگار بی و ببیتە کەسێکی تر. وەک چۆن من جار هەیە شیرینم و جار هەیە فەرهادم. دەتوانی هەم مەرگ بی و هەمیش لە دایکبوونێکی تر. دەتوانی لە ناو بچی و خۆشاوی بوون بخۆیتەوە. دەتوانی ببیتە خۆر و لە سەر پرشەنگە سەرکەشەکانی هەڵپەڕی و سواری تیشکی خۆر بی و بگەڕێتەوە. دەتوانی ببیتە خۆر. دەتوانی ببیتە وشەیەکی جوان. دەتوانی ببیتە زایەڵەی پێکەنینێک. دەتوانی ببیتە مانگەشەو و تریفەکانت بپرژێنی بە سەر زەویدا. دەتوانی ببیتە کلووە بەفرێک. دەتوانی کاڵ ببیتەوە و ئاوێتەی شوشە بیت. دەتوانی بروخێی. دەتوانی ببیتە تیشکێکی و لە پەنجەرەوە خۆت دەرباز بکەیت. دەتوانی ئاوێتەی ئەهۆرامەزدا بی و لەگەڵ ڕەنگی ئەو لە دایک ببیت. دەتوانی لە بناری چیایەک ببیتە لووتکە. دەتوانی بچیتە سەر گردێک و ژیانی تێدا بە سەر بەیت. دەتوانی ببیتە دارێک و لە سایەیدا بحەسێیتەوە. دەتوانی خۆت لە خەم دەرباز بکەی بۆ ئەوەی شادمان بیت. دەتوانی بچیتە ناو ناخی چاوە نووقاوەکانەوە و بخزێیتە ناخیانەوە. هەر ئەو وا کارەی من لەگەڵ تۆم کرد.

ولامی خۆتت وەرگرت؟

– دۆزیمەوە. واتە هەندێ شتم بۆ دەرکەوت.

دیسان شیرین پێکەنییەوە و وتی:

– ئەگەر ماوەیەک لەگەڵم بی قسە کردنت دەگۆڕێ و پەروەردە دەبی.

– ئێستا پاشماوەی بەسەرهاتی خۆتم بۆ ناگێڕیتەوە؟

شیرین – با. دەیڵێم. هەتا ئەوی بۆم گێڕایەوە کە من و ئابتینیان لێک مارە کرد.

ماوەیەک خۆشمان بوو، بەڵام گەردوون گیان غەدری لێکردین. خەسرەو پەرویز هاتە وڵاتی ئێمە. ئەو لەگەڵ باوکی تووشی ناکۆکی هاتبوو لەگەڵ کۆمەڵی لە هاوڕێکانی هاتبووە وڵاتی ئێمە. یەکەمجار لە ڕاوگە بینیم. کاتێ ڕاو بوو. لەگەڵ ئابتین چووینە شوێنێ کە ئەوانمان بینی. پاش ئاگاداربوون لە ڕەچەڵەکیان ئابتین بەرەو کۆشک ڕێنوێنی کرد. لەو کاتەدا بوو کە خەسرەو هۆگرم بوو.

ماوەیەک لە خزمەتیدا بووین، هەتا لە بارودۆخی وڵاتەکەی ئاگادار بوو و گەڕاوە بۆ وڵاتەکەی و خۆشەویستیی منیشی لەگەڵ خۆی برد.

پاش ئەوەی سواری کەژاوە شایانەکەی بوو گەڕاوە بۆ وڵاتی خۆی، لە نامەیەکدا خوازیاری هاوسەرگیریی من و خۆی بوو. بە دزیشەوە هەڕەشەی لە باوکم کردبوو کە ئەگەر منی پێنەدا جەنگێکی گەورە دەکەوێتەوە. گەورەکان کۆ بوونەوە ڕێگەچارەیەکیان دۆزییەوە کە باوکم بە دڵی نەبوو.

پاش لێکدانەوە و پرس و ڕا، باوکم خوازیاری جەنگ بوو. بەم هەواڵە ئاگادار بوومەوە لە لایەک گڕی خۆشەویستی ئابتین ناخی سووتاندبووم و لە لایەکی تریشەوە پەرۆشیی جەنگ دەیهەژاندم. لێم ڕوون بوو کە ئەگەر باوکم هێز بەرەو خەسرەو پەرویز بجووڵێنێ، جەنگێکی ماڵوێرانکەرە دەست پێدەکا و چەندین مرۆڤی بێتاوان دەکوژرێت. لەم بیر و خەیاڵانەدا بووم کە وەزیری مەزن هاتە دیدارم. کەمێک نەوازشی کردم. وەزیر بارتەقای باوکێک خۆشی دەویستم. ئینجا ڕەنگی تێکچوو و بە هێمنییەوە وتووێژی لەگەڵ کردم و وتی شیرین نەهامەتییەکی گەورەمان بە سەر هاتووە. خەسرەو پەرویز زۆر بەدفەرە. ئەگەر جەنگێک لە نێوانماندا بکەوێتەوە ئەوە زۆر کەسی بێتاوان تێدا دەچن و خوا بە گژماندا دەچێت.

شیرین دیسان بە هێنانە سەر زمانی وشەی خودا هەندێ شتی لە بەر خۆیەوە وت، دیسان درێژەی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی دا:

- ئایا تۆ پێتخۆشە هەتا دنیا دنیایە بە خراپە ناوت ببەن؟

پێم وت ئەی پیری زانا خۆشم گیرۆدەی ئەم ئەندێشەم. تۆ لە عەشق و دڵداریی

من و ئابتین باش دەزانی. من چۆن واز لەو بێنم؟

کەمێک بیری کردەوە و پاش کەمێک وتی:

- باش ئاگادارم. ئەگەر دەست لە خۆشەویستیی ئابتین هەڵنەگری، ئەوە دەستت بە خوێنی هەزاران ئینسان سوور دەبێت.

نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، سەرم داخست و ئەویش ڕۆشت و منی لە بەر ئەوژمی بیر و خەیاڵ بەجێهێشت. ئەو شەوە زۆر گریام، بۆ بەرەبەیانی سوزی ئابتینم لە دڵم کراندەوە. پاش چەند ڕۆژ پرس و ڕام بە سەرۆک وەزیران کرد و لە بەرەیانییەکی تاڵ و دڵتەزێنداماڵئاواییم لە وڵاتی خۆم کرد. سواری ئەسپێکی تیژڕەو بووم و بەرەو کۆشکی خەسرەو وەڕێکەوتم. کە گەیشتە ئێرەی بەسەرهاتەکە شیرین دەستیکرد بە گریان. ڕاوەستام هەتا کەمێک ئارام بوویەوە و وتم:

- واتە تۆ بۆ ئەوەی جەنگ و ئاژاوە نەکەویتەوە وازت لە ئابتین هێنا؟

شیرین – وایە.

- دەی دواتر بوو بە چی؟ ئابتین چی لێهات؟

شیرین – باسەکەی زۆرە. لە دوای من قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد و پاش کەمێک مرد. دواتر زانیم لە تاوی من خۆی گوناحبار کرد.

- خۆی کوشت؟

شیرین – ئەری.

کەمێک هەر دووکمان بێدەنگ بووین و من وتم:

- ئەمە عەشقی ڕاستەقینەیە، منیش لە جێی ئابتین بووایەم و دەزگیرانێکی قەشەنگی وەکوو تۆم هەبایە و لە دەستم چووبا بێگومان هەر ئەم کارەم دەکرد.

شیرین-کەمێک سەیری کردم و وتی:

- ئەوە بە ڕاستتە؟

- ئەری بە ڕاستمە.

کەمێکمان بە بێدەنگی تێپەڕاند و ئینجا وتی:

- که گەیشتمە لای خەسرەو پەرویز ئەو لە شەڕی بارامدا شکستی خواردبوو، بەرەو وڵاتی ڕۆما ڕایکردبوو و بە سوپایەکی مەزنەوە بەرەو ئێران هاتبوو. ئینجا بارامی بەزاند و بوو بە شای ئێران.

بە داخەوە ڕێگەیەکی چەوتم هەڵبژارد. پاش سەرکەوتنی خەسرەو، لێم ئاشکرا بوو کە لەگەڵ کچی وڵاتی ڕۆما هاوسەرگیری کردووە، منیش ئیتر لە ڕوو هەڵنەهات بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم و هەروەها ئابتینیش لە ژیاندا نەمابوو، کە ئەمە زیاتر ڕۆحی دەپرووشاندم. ماوەیەکم دوور لە کۆشکی خەسرەو تێپەڕاند. پێگەیەکی پەست و نزمم هەبوو، منێک کە لە کۆشک و تەلاردا دەژیام ئێستا دەبا لە ناو کۆشکێک بایەم کە چوار دەوری نگابان بوو.

- خەسرەو دەیزانی تۆ هاتووی؟

شیرین – دەیزانی لە کوێم. جار نە جارێ بە نهێنییەوە دەهاتە لام.

- دەی بۆچی هاوسەرگیری لەگەڵت نەکرد؟

شیرین – لە کچی شای ڕۆما دەترسا. نەشیدەتوانی وازم لێبێنێت. ئامانجێکی چەپەڵی لە مێشکدا بوو. ئەو منی بۆ دۆستایەتی دەویست.

لە ئایینی مندا شتی وا ڕێگەپێدراو نەبوو. بۆیە هەر کات دەهاتە لام لە خۆمم دوور دەکردەوە. لێم توورە بوو، وا خۆی نواند کە چیتر خۆشی ناوێم. ئیتر دوای ئەوە من حاجیوە و عەشقی ئابتین. من و خەم و پەژارەی ڕابردوویەکی دوور.

- دەی فەرهاد کەی هاتە ناو ژیانتەوە؟

ئاخێکی هەڵکێشا و چاوی پڕ بوو لە ئەسرین و وتی:

- یەکەم جار لە قەڵاکەی خۆمدا بینیم. بەردتاش بوو. بیناسازێکی بێوێنە بوو دەموچاوێکی جوان و پیاوانەی هەبوو. بەژن بڵیند. هاوشێوەی ئابتین بوو. منیش دایمە خەمبار. بە بینینی شەیدای بووم. لە ڕووخساریدا ئابتینم بەدی دەکرد. بۆ کارێکی بچووک چەندین جار دەهاتە لام و دەیدواندم. تا دەهاتە زیاتر عەشقی دەکەوتە دڵمەوە.

فەرهاد لە ڕەچەڵەکی شاکان و وجاغزادەکان نەبوو. زۆر سادە و ساکار قسەی

دەکرد. من دانم بە خۆمدا گرت و هەتا ئەوەی کە ئیتر نەهاتە دیدارم و پیشەکەی لە قەلادا کۆتایی هات. زۆری نەخایاند کە خزمەتکارەکانم منیان لە رووداوێکی سەیر ئاگادار کردەوە.

فەرهاد لە ناو دلی ئەو کێوە کەللە رەقانەدا دەستی دابووە کارێک. رووبارێکی هەتا ناو قەلاکەی من درووست کردبوو. نەمدەزانی تا ئەو رادە خۆشمی دەوێت. کەم کەم هەلکەندنی جۆبارەکە کۆتایی هات. بانگمکردە لای خۆم و هۆی ئەم کارەم لێ پرسی.

راشکاوانە سۆزی خۆی بۆ من دەربڕی. نەمزانی چی وەلام بدەمەوە. پێم وت ئەی ئەگەر فەرهاد ئیشی دروستکردنی کۆشک تەواو بکا چ بکەم؟

فەرهاد لە کاری خۆیدا سوور بوو و جار نە جاری سینگی کێوی هەلدەکۆلی.

خەسرەو هات و وتی: تۆ چۆن پەیوەندیت لەگەل فەرهاد هەیە؟ لە کاتێکدا کرێکارێکی سادەیە و تۆش لە بنەمالەی گەورەکانی؟

بە باشی تێیگەیاندم کە پەیوەندیی من و فەرهاد نەشیاوە. من نەدەبا وام کردبایە.

– تۆ بە فەرهادت وتبوو خۆشت دەوێ؟ پێکەوە بڕیاری هاوسەرگیریتان دابوو؟

شیرین – بە زمان نا. بەلام بە کردار وام دەنواند. جار جار مۆلەتی دیدارم پێدەدا و لەگەلی قسەم دەکرد و ئەو لە عەشق و خۆشەویستیدا بێباک دەبوو، پێی وابوو دەتوانی سۆزی خۆی دەرببڕێت. منیش بەم وتانە دلم خۆش دەبوو.

– تۆ دەبوایە نەتهێشتبایە ئەو ئاوا بیر بکاتەوە.

شیرین – وایە.

– دەی دواتر چی بوو؟

شیرین – پاش ئەوە خەسرەو بڕیاری ساختەچێتی دا.

– بۆچی نەیکوشت؟

شیرین – بۆ شایەکی وەکوو خەسرەو وەها کارێک نەشیاو بوو، کە بەو ڕێز و شکۆوە ململانی لەگەل فەرهاد بکات.

- لە چیرۆکەکەدا خوێندوومەتەوە کە بەڵێنی پارە و سامانی بە فەرهاد داوە، بەڵام فەرهاد قبووڵی نەکردووە.

شیرین – ئەری. سەرەڕای ئەوەی خەسرەو بەڵێنی زێر و زیوی پێدا، بەڵام فەرهاد نەیویست و منی پێ باشتر بوو.

- ئەمەش دەزانم کە کاتێک لە کڕینەوەی فەرهاد بێهیوا دەبێ، فێڵێک دەنێتەوە و خەبەر بە فەرهاد دەدا کە تۆ مردووی. بەڵام نازانم تۆ تاوانت چ بوو؟

شیرین – ئەو کاتەی کە هەواڵی مەرگی منیان بە فەرهاد دا، بە ڕاکە ڕاکە هات بۆ دیدارم و ڕاستییەکەی لە نگابانەکان پرسی. ئەوانیش منیان ئاگادار کردەوە. زانیم ئەمە فریو و درۆیەکە خەسرەو هەڵیبەستووە. منیش لەو درۆهەڵبەستنەدا یارمەتیمدا و بە نگابانەکانم وت بە فەرهاد بڵێن شیرین مردووە.

هەر لەم کاتەدا کە شیرین ئەم قسەی کرد. ناڵەیەکی دڵهەژێن ئەو شوێنەی گرتەوە. ناڵەی پیاوێک بوو. ناڵەیەک کە لە دڵەوە هەڵدەقوڵی.

شیرین دەستی بە دەموچاویەوە گرت و دەستی کرد بە گریان. ئەو ناڵەیە نەدەبڕایەوە. بە ڕاستی ناڵەی گوێ ڕووشێن کە باسی دەکەن ئەمە بوو. لە ناکاو هەموو جێیەک لەرییەوە. ترسابووم. هەمو شتێک دەجووڵایەوە و دەلەرزی. شیرین سووژدەی برد و لە کاتێکدا کە دەگریا و سەر عەرزی ماچ دەکرد، بە دەنگی بەرز دەیکوت دادپەروەری تاقانە بۆ ئەو کارە چەپەڵەی کە کردم لێم ببوورە. لێم ببوورە کە دیلی ئەهریمەن بووم.

ئینجا هەر وا کە دانیشتبوو دەستیکرد بە گریان و بە ئەسپایی لە ژێر لێوەوە وتی فەرهاد، گەردنم ئازا کە من غەدرم لێکردی.

کە ئەمەی وت ناڵەی فەرهاد کۆتایی هات و پاش کەمێک زەویلەرزەش کۆتایی هات.

نەمدەزانی چی ڕوویداوە. دەستم گرت بە شتێکەوە و سەیری شیرینم کرد. پاش کەمێک شیرین لە سەر جێگاکەی هەستا و لە کاتێکدا کە هێشتا دەگریا وتی:

- دڵی فەرهاد لەرزی.

- واته هەر کات دلی فەرهاد بلەرزێ هەموو شوێنێ دەلەرزێت؟!

شیرین هەر وا سەیری دەکردم.

- ئای ئێمە چ بێخەبەرین. بۆ دڵشکاندنێک لێرە چ دەکەن و ئێمەش لەو دنیا چەندە ئاسان هەموو تاوانێک دەکەین!!

هەر دووکمان بێدەنگ بووین.

پاش چەند خولەک کە چوومە فکرەوە شیرین دەستی گرتم و بە میهرەبانییەوە لێی پرسیم:

- بیر لە چی دەکەیتەوە ئارمین؟

- بیر لە بەدبەختییەکانی خۆم دەکەمەوە. تۆ نازانی ئێمە لەو دنیا چ دەکەین.

شیرین - کاتێک گەوهەرێکم وەکوو دەستخۆشانە پێدا، قبووڵی نەکرد. سەرسام بووم. پێڵاوەکەم لە تەختەکەم گیری کرد و کەمێکی لێ دڕا. فەرهاد دانەوییەوە و بۆی هەڵگرتمەوە. ماچی کرد و لە سەر چاوی دانا و وتی:

- من حەقی خۆمم وەرگرت. بەم کارە سۆزی کەوتە دڵمەوە. پێم وت فەرهاد بیرم لێ مەکەرەوە من کەسێکی وەکوو خەسرەو نگابانمە. بێباکانە بزەیەکی هات و وتی: لە خۆشەویستیدا من لە گەورەی خەرسرەویش ناترسم نەخوازەلا لە خەسرەو کە پیاوێکە وەکوو خۆم.

پێم وت دەرهەقەتی خەسرەو نایەی.

وتی خەسرەو ناتوانێ بمبەزێنێت. تووڕەیی ئەو عەشقی من کەم ناکاتەوە.

لە دڵی خۆمدا ستایشی ئەو نەترسییەیم کرد: وتی تۆش منت خۆش دەوێ؟

بە بزەوە وەڵامم داوە. داوام لێکرد هەستێتە سەر پا و لە لای خۆم دامنیشاند و ئەحواڵیم پرسی.

جگە لە خۆشەویستی نەبێ هیچی دیکە نەدەهاتە سەر زمانی.

- شیرین ئەوە هەر ئەو لەتە چەرمەیە کە فەرهاد پێدای؟

شیرین - ئەری.

- سەیرە. پاش ئەم هەموو ساڵە چۆن گەیشتۆتە دەستم!

شیرین کەمێک سەیری کردم و ئینجا وتی:

- پاش ئەوە فەرهاد هەموو ڕۆژێ دەهاتە دیدارم و پێکەوە ماوەیەک یەکترمان دەدواند. پاش ئەوە ئەم نهێنییە درکێنرا و خەسرەو پێی زانین.

- ئەوانی تری دەزانم واتە لە کتێبی نیزامی خوێندوومەتەوە. بەڵام ئەوەم پێ سەیرە کە بۆچی خەسرەو فەرهادی نەکوشت؟ خۆ کوشتنی فەرهاد بۆ خەسرەو شتێکی ئەوتۆ نەبوو. وەک مریشک دەیگرت و سەری دەبڕی. ئەو کات شاکان ئاسانتر خەڵکیان دەکوشت. ئێمە لە مێژوودا لەم شتانەمان زۆرە. هەموو ئەوانەی بوونەتە شا چاو و چڕی دەوروبەرییەکانی خۆیانیان دەرهێنا ئەوە پیاوەتی بووە کە نەیکوشتووە.

شیرین – پرسیارەکانت چەندین وەڵام لە خۆ دەگرێت.

- شاکان ئەو کات بە جەنگ و خوێنڕشتن وڵاتێکیان دەگرت و قۆرخیان دەکرد. وەها کارێک بە لایانەوە عەیب و عار نەبوو. نەوشیروان کوشتنی قەدەغە کردبوو.

- بەڵام بە پێی ئەو کات دەسەڵاتیان زۆر بوو. بۆیە پێیان وتووە نەوشیروانی دادپەروەر. ئەرێ شتی خەسرەو پەروێز بتپەرست بوو؟

شیرین – نا. ئەو خوداپەرست بوو. ئەو کات ئێرانییەکان خودای تاقانەیان دەپەرست.

- ئەوەندەی دەزانم خەسرەو ئەم مەرجەی بۆ فەرهاد دانا، ئەگەر لە بێستوون کۆشکێک بۆ شیرین دروست بکا، خەسرو واز لە شیرین دێنێت. دواتر بوو بە چی؟

شیرین – بەردە تیژەکانی بێستوون بەرگەی سۆز و خۆشەویستیی فەرهاد بەرامبەر بە منیان نەگرت. وەها ترێشتەی لەو کێوە دەدا دڵی خەسرەوی دەلەرزاندەوە.

پاش ماوەیەک خەسرەو بە نیازی داوای لێبووردن و عوزرخوایی هاتە لام، خۆشەویستیی خۆی بۆ من دەربڕی و جوانیی من چۆکی پێدادا بوو و دەگریا. باشم لە بیرە هەر ئەو شەوە زێڕ و زیو و گەوهەرێکی زۆری لە بەر پێمدا

هەڵڕژاند، دیسان داوای تێکەڵبوونی لێکردم.

- واتە تۆشی دەویست و هەمیش مریەم ژنی؟

شیرین – هاوسەرگیریی ئەو لەگەڵ مریەم بێبەری لە خۆشەویستی بوو. ئەوی بۆ وەدەستهێنانی یارمەتیی شای ڕۆما هێنابوو. وەدەستهێنانی منیش لە سەر خواستی خۆی بوو.

- مەرجی تۆ چی بوو؟

شیرین – من دەبوایە ببایەمە شاژنی ئێران.

- دەی دواتر بوو بە چی؟

- پاش ئەوەی زانی من ملی پێنادەم، وتی مریەم نەخۆشە و پزیشکەکان ناتوانن چارەسەری بکەن. داوای لێکردم دان بە خۆمدا بگرم.

- کەمترین تاوانمان هەڵفریواندنی یەکترە. ئەگەر وا بێ من بچەمەوە ئەو دنیا دەبێ خۆم بکووژم کە زیاتر گوناح نەکەم.

شیرین – لێبووردەیی خوای ئافرێنەر لە بن نایە.

ئینجا لە ژێر لێوەوە شتێکی وت و چاوەکانی نووقاند.

پاش کەمێک وتی:

- چاوەڕوانیی لە سۆز و بەزەیی ئەوە کە دەروونمان پڕ لە سۆز دەکات.

- بە قوربانی دەسەڵات و لێبووردنەکەی بم. دەی پاشماوەی بەسەرهاتی خۆتم بۆ بێگڕەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتم:

- شیرین پێم بڵێ بۆچی هاتوویەتە خەونی منەوە؟ من چیم لە دەست دێ؟

شیرین – تۆ عاشقی من بووی، وا نییە؟

پەشۆکام و سەرم داخست و ئینجا وتم:

- ئەرێ. شیرین خۆشم دەویی، بەڵام ...

نەیهێشت کۆتایی بە قسەکەم بێنم و وتی:

- لە سەر مەچۆ؟

کەمێک بە پەژارەوە سەیری کردم و وتی:

- ئارمین لە کۆڵم بەوە. ئەسیری کردەوەکانی خۆمم. هەر تۆ دەتوانی لەم دیلییە ڕزگارم بکەی. لەگەڵ خەم و پەرێشانی دۆستم. ڕزگارم بکە.

نەمدەزانی چ دەڵێ! پرسیم:

- چۆن؟

شیرین – خۆت دەزانی.

- ئەوە چۆنە تۆ دەتوانی لە سەر دەستی من ڕزگار بیت؟!

شیرین – من ئەو کاتە شایەنی وەها لێبووردنێک بووم، کە لە پێناوی نەکوژرانی خەڵکی وڵاتەکەم وازم لە خەوشەویستیی ئابتین هێنا و بەرەو وڵاتی خەسرەو پەرویز وەرێکەوتم. ئەمە پاداشتی کردەوەکەمە. ئێستا بگەڕەوە. تۆ ئەوەی دەبوایە بتزانیبایە زانیت. بیر و عەشقی من لە دڵت بکە دەرەوە.ماڵئاوا ئارمین.

- من زۆر قسە هەیە کە دەبێ بیکەم.

شیرین – ماڵئاوا ئارمین. ئەمە تاقیکردنەوەی تۆیە. بەشکەم سەرفراز بی. خوات لەگەڵ. خوات لەگەڵ.

## بەشی نۆیەم

لە خەو ڕاپەڕیم بەڵام چاوەکانم نەدەکردەوە، بۆ ئەوەی خەوەکەم نەزڕێ و بخەومەوە و شیرین ببینمەوە. زۆر تووڕە ببووم. پێم خۆشبوو قسەی لەگەڵ بکەم. نەمتوانی ئەو قسانەی کە لە دڵمدا بوو پێی بڵێم. هەرچی هەوڵم دا خەوم لێ بکەویتەوە سوودی نەبوو. بە خۆم نەبوو قیژاندم.

- شیرین.

کە لە ناکاو بابەک بە هەڵاتن هاتە ژوورەکەم و وتی:

- ئەری لە گۆڕی بابی خۆت و شیرین بەم! ئەو هات و هاوارەت لە چییە؟

تاقەتم نەبوو وەڵامی بدەمەوە تەنیا بەتانییەکەم دا بە سەرمدا و پێم وت:

- بابەک زۆر بێئەدەبی.

بابەک – بخەوە سەرەی نگابانیتە.

ئەمەی وت و بەتانییەکەم لە سەرم لابرد و وتی:

- بە هەزار داماوی ئەم پیرەژنەم خەواند. ئەگەر بە قیژە قیژی تۆ هەستا ئیتر دەبێ خۆت بیخەوێنی. ئەوە من دەچم دەخەوم. خۆت هیناوتە دەبێ خۆشت بیخەوێنی.

ئەمەی وت و هاتە سەر قەرەوێڵەکەم و بەتانییەکەی دا بە مل خۆیدا و منی لە سەر قەرەوێڵەکە فڕیدایە خوارەوە. زانیم زۆر تووڕەیە. وتم:

- بۆ وا دەکەی؟ چیتە؟

بابەک – هیچم نییە بەقوربان، ئیتر سەرەی تۆیە بچی بۆ باغچەی ساوایان و چاودێریی منداڵەکان بکەیت. ئەو منداڵە هەتیوەی وا دوێشەو هیناوتە خۆت ئاگات

لی بێت.

- چی بووە؟ نەکا بەڵایەکت بە سەر ئەو داماوە هێناوە؟!

- بابەک - نا هیچم لەو پیرەژنە نەکردووە. دوایی ئەوەش زۆریش پیرەژن نییە زۆر زۆرەکەی تەمەنی پەنجا و حەوت و هەشت ساڵانە. دوایەش بچۆ ئاگات لێبێ ئەوە من دەخەوم. خوات لەگەڵ.

- بەتانییەکەی دا بە مل خۆیدا و خەوت.

- بابەک ئەوە شێت بووی؟ منت لە سەر قەرەوێڵەکە خستە خوارەوە. پشتم ئێشی پێگەیشت.

هەستا و وتی:

- لە دوێشەوەوە ئەو پیرەژنە کەولی کردووم. دەڵێی منداڵی مەلۆتکەکراوە فێری منداڵ بە خێوکردنیش بووم.

پشتم دێشا و پێکەنینیشم دەهات. ئەمانەی وت بەتانییەکەی داوە بە سەر خۆیدا و بە تووڕەییەوە خەوت.

- بۆچی چیکرد؟ ئەم پیرەژنە فەقیرە خەوتووە بۆ خۆی.

دیسان هەستاوە و وتی:

- بۆ خۆی خەوتووە؟ باوکمی هێنا بەرچاوم هەتا خەوت. لە پێنجی بەیانییەوە کە تۆ وەک کەر تۆپیت هەتا ئێستا حەوت جار منی لە خەو هەستاندووە. پیرەژنە خۆ نەیهێشت بخەوم. ئەوە سەر خەوی دەشکێنم و هەڵدەستم و خۆمی لەگەڵ یەکلایی دەکەمەوە. ئەم ماڵە یا هی منە یان هی ئەو.

دیسان خەوتەوە.

- بۆچی لە دوێشەوەوە هەتا ئێستا چی بووە؟

بابەک دیسان هەستاوە و وتی:

- تۆ هەر ئەوەندە سەر دەخەیتە سەر سەرین خەوت لی دەکەوێت. منیش تووشی ئەم پیرەژنە نەفامە بووم.

- سەیر بێ ئەدەبی ماڵتە. دەی بانگمت بکردایە.

بابەک - دە جار بانگم کردی. خوا دەزانی لەگەڵ دادە شیرین لە کوێ بوون، هەرچی بانگم دەکردی هەڵنەدەستای. خۆ نەبووی. حەتمەن هەر دووکتان چووبوونە سەفەری لای بیستوونی کرماشان.

- ئەری دە گوو مەخۆ دەی بڵێ چ بووە؟

بابەک – هیچ وەڵا جاریکیان هەستا داوای ئاوی کرد پێم دا خواردی. جاریکیان هەستا داوای باوکی دەکرد. لایی لاییم بۆ کرد خەوت. جاریکیان هەستا گرووی دایکی گرت. دەستم لە سەر چاوی دانا هەتا خەوی لێکەوت. کاتژمێر حەوتی بەیان هەستا وتی گەدەم دێشێت.

- گەدەی دێشا دەی بۆچی منت هەڵنەستاند؟

بابەک – بۆچی مەگەر تۆ پزیشکی منداڵانی هەڵتسێنم؟

- ئەی چیت کرد؟

بابەک – هیچ برا! قرپەکەی بۆ دەرنەدەهات. دام بە پشتیدا قرپەکەی دا و خەوت.

- عەمرت نەمێنی بۆ کەریەتییەکەت.

بەتانییەکەی دا بە مل خۆیدا و خەوت و لە ژێر بەتانییەکەوە هەر بۆڵەی دەهات.

- ئاسایشگای بۆم داناوە. خەڵک حەوت هەشت دانە کچی جوانی تەمەن هەڤدە هەژدە ساڵە لە خۆیان کۆ دەکەنەوە، ئەمەش کار بۆ من دەدۆزێتەوە. چووە پیرەژنێکی کردووە بە دۆست.

دیسان بەتانییەکەی لابرد و لە سەر تەختەکە دانیشت و بە بێتاقەتییەوە وتی:

- کاکە ئارمین، بووکەخان هەڵنەستا پێت بڵێم ئەم ماڵە یان شوێنی منە یان هی ئەو؟

دیسان بەتانییەکەی دا بە ملیدا. پاش کەمێک دیسان سەری لە ژێر بەتانییەکە دەرهێنا و وتی:

- تۆ دەبوایە بچووبایی کۆنینە ئاسیت بخوێندبایە.

- بۆڵە بۆڵت تەواو بوو؟

بابەک – نا. هێشتا نیوکاتژمێری ماوە بۆڵەکانم تەواو بێت. دڵم زۆر پڕە.

سەرخەویک دەشکینم و ئینجا هەلدەستم و شەریکیش لەگەل تۆ دەکەم. تۆ پوورزامی، هاوریمی، هاوپۆلمی، پیکەوە ژیانمان کردووە. ئیستا دەمەوی لیت جیا بیمەوە. وەسسەلام.

دیسان بەتانییەکەی دا بە سەریدا و خەوت و لە ژیرەوە وتی:

- خۆ خوینم نەکردووە بوومەتە پوورزای تۆ!

دیسان هەستاوە و دانیشت و وتی:

- جا جوان گوی بگرە خۆراکی ئەم دادە ناسکە بەیانی ئاوی جۆ، نیوەرۆ ئارەقی میوژ ٥٥، شەو شتیکی سادە و سووکی بۆ ساز بکە و شەرابیکیشی بدەیە. بینووسە با لە بیرت نەچی شتی خراپی پی بدەی سکە شۆرە دەگریت.

دیسان بەتانییەکەی دا بە ملیدا و خەوت. پاش کەمیک هەستاوە و وتی:

- ئەوە بۆ لال بووی قسە ناکەی؟

- مەگەر ناتهەوی لیک جیا ببینەوە. دەی لیک جیا دەبینەوە.

بابەک – بە جەهەنەنم لیک جیا ببینەوە.

بەتانییەکەی داوە بە مل خۆیدا و خەوت، وتم:

- ئەم ئاپارتمانە هی تۆیە. منیش لەگەل ئەم پیرەژنە دەرۆم و شوینیک بە کری دەگرم.

دیسان هەستاوە وتی:

- چاوت دەری ... ئەم بووکە خانەت هەلگرە و لەگەل خۆت بیبە. با هەموو بەیانییەک چاوم بە چاوت نەکەویت. ئیتر من حەقم بە سەر هیچەوە نیبە. گوویەک دەخۆی بیخۆ.

دیسان خەوتەوە و دەستی کردەوە بە بۆلە بۆل:

- ئەمەش لە خزم. جا وەرە چەند سال زەحمەت لە پایدا بکیشە. ئاگات لیبی لەم ولاتی هەندەرانە تووشی گیچەل و هاوریی هەرچی و پەرچی و چووزانم ... نەبە و ئیستاش کاکم دلی چووە لە پیرەژنیکی تەمەن پەنجا شەست سالە. کاکە ئارمین چەندە پیتەوە سووتاوم یاخوا نان و ئاوت سوار بی! یاخوا ...

لەگەڵ ئەوەی کە بۆڵەی دەکرد و وەکوو پیرەژن و شت دۆعا و نزای لیم دەکرد بە ئەسپایی وتم:

- باشە ئیمە دەچینە شوێنیکی دیکە دەژین. وەلی ئەوەش بزانە ئەم پیرەژنە لە میژ ساڵە لێرەیە سەد دانە کچی جوان دەناسێت.

لە ناکاو بێدەنگ بوو. منیش رانەوەستام و وتم:

- دوینشەو ئەگەر لە بیرت بی وتی ئێوە چوار کەسن. دەیکوت کچێکی قەشەنگیش لەگەڵتان بوو. دیارە ئەو کچە هاوڕێی خۆیانە و بە هۆی مەستییەوە لەگەڵ ئیمە لێی تیکچووە.

بابەک ئیتر هیچ دەنگیکی لی دەرنەچوو. کەمە کەمە سەری لە ژێر بەتانییەکە هینایە دەرەوە و هەستا و وتی:

- شەیتان بە لەحنەت. هەندی جار کابرا بەر چاوی دەگیری و ناتوانی کاری خیر بکات. هەر ئاوا کابرا فریو دەخوات.

ئینجا لەگەڵ ئەوەی قەرەویلەکەمی ریک دەکرد وتی:

- پیاو لەم کاتانەدا دەبی بلی دەک شەیتان بە لەحنەت. دەڵیی ئاو دەکەن بە سەر ئاوردا. تەواوی فریوەکانی شەیتان پووچەڵ دەکاتەوە. بە خودا ئارمین ئەورو هاتم لە خەوت هەستینم، کە پیت بڵیم لە دوینشەوەوە بۆکرووزی جەرگم بۆ ئەم پیرەژنە خەریکە دەچیتە ئاسمان. هاتم پیت بڵیم ئەمە لە مرۆڤایەتییەوە دوورە، کە ئیمە کەسیک بەرەلا بکەین کە پیویستی پیمانە. دیارە خاتوونیکی بەرز و بەریزە. باوەرکە هاتمە ژوورەکەی تو شەیتانی دایک خو نەناس لە خشتەی بردم. بە خودا تەواو منی گوری. هەر دەمویست پیت بڵیم یارمەتی ئەم پیرەژنە بدەین. بەلام شتیکی تر لە دەمم دەرچوو. دەڵیی ئەو فیلمانەیە وا روح دەچیتە لەشی کەسیک. ناوی چی بوو؟ ئەها وەیشوومە.

- دەی زووتر بتکوتبا شەیتان بە لەحنەت.

بابەک – دەمویست بیلیم، بەلام زمان هەڵنەدەسوورا. جا گوی بگرە ڕستەی کوتایی شلەژاندمی. دەتکوت داویانە بە سەرمدا و وتی بابەک شەیتان بە لەحنەت

کە. منیش زوو وتم شەیتان بە لەحنەت. ئیتر لە ناکاو بیرم گۆڕا. ئێستا لە بیرم نییە چیم بە تۆ وت.

- هەر بە ڕاست لە بیرت نییە چیت پێ دەوتم؟

بابەک – وشەیەکیشم وەبیر نایە. وازی لێ بێنە گرنگ ئەوەیە گومڕا نەبووین و شەیتان نەیتوانی لە خشتەمان ببات. جا هەتا تۆ دەچی دەست و دەموچاوت دەشۆی، من دەچم خوانی بەرچایی ئامادە دەکەم، با ئەم پیرەژنە هەستا نانی بەیانی بخوات. پیرەژنی داماو لە برسان قڕی هات. بە ڕاستی دنیایەکی سەیرمان هەیە.

ئەمانەی وت و بەرەو چێشتخانە وەڕێکەوت.

- چۆن دڵیان دێ خاتوونێکی ئاوا بەڕێز و هێژا لەو شەقامانانەدا بە هەناسە ساردی دەبینن و هەر وا خەمساردانە لێی تێدەپەڕن؟

لە بەر پێکەنین ژانم کردبوو. بابەک هاتە هۆڵەکە لای ئەو خاتوونە کە خەوتبوو و وتی:

- تماشا سەیری کە چەند بەستەزمانانە خەوتووە.

ئینجا دای بە سینگیدا وتی:

- یاخوا منت بمرم. ئەو دڵە سەگەم نازانم بۆ ناوەستی، بمرم ناتوانم ئازار و دەردی ئەمانە ببینم. ئەو هاوڕێیانەی کە وتت کچن ئێستا چەندە پەرۆشین. بریا دەیانمناسی و یەک یەک دەچوومە بەر دەرگای ماڵەکانیان و پێم دەوتن خەفەت مەخۆن لە ماڵی ئێمەیە. یاخوا قەزای دڵە پەرۆشەکەیان لە من کەوێ.

ئینجا ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:

- خۆ شەیتانی لەحنەتی نەیهێشت بەندەیی بۆ خودای خۆمان بکەین.

ئەمەی وت و چووە چێشتخانە و منیش وتم:

- داماوی شەیتان هەر ناوی بە خراپ دەرچووە.

لە چێشتخانە دەمبیست کە پێدەکەنی و بە چەقەنەلێدان گۆرانی دەوت.

چوومە گەرماو و ئینجا چوومە چێشتخانە و بابەکم بینی کە مێزێکی بەرچایی

جوانی و ڕێکوپێکی ڕازاندبۆوە.
پێکەنینم هات و وتم:
- ئای شەیتان هەتا ناوی کچیان هێنا چۆکت شل بوو.
بابەک - تماشا تۆ هێشتا منت پێ فریو نادری. باش دەزانم درۆ دەکەی. بەلام چی بکەم دڵم کەوتۆتە شک و گومان.
- چوونکە دەڵە و حیزی.
بابەک - تۆ پیاوێک ناو ببە کە وا نەبێت. لە هەر پێنسەد هەزاریان ئەگەر یەکیان پاک بێت. من خۆمم پێ پاک نییە. بچۆ بزانە ئەوانەی وا بە گیانیان سوێند دەخۆن خەریکی چ گەندەڵییەکن.
- ئەرێ ئەوە ئەو پیرەژنە بۆ هەڵناستێ؟
بابەک - وازی لێ بێنە با بخەوێ. ئەوەی ئەو دوێشەو خواردوویەتییەوە نەهەنگیش بیخوا چل و هەشت کاتژمێر هەڵناستێ. جارێ دانیشە بە پێکەوە نانی بەیانیانمان بخۆین خەریکە قرم دێت.
هەردووکمان نانی بەیانانمان خوارد و خوانەکەمان کۆ کردەوە. پاش نیوکاتژمێر چووینە لای ئەو پیرەژنە و چەند جار بانگمان کرد، بەلام هیچ وەلامی نەدایەوە.
- بابەک، بابەک! وازی لێ بێنە خۆ هیچ ناجووڵێتەوە!
بابەک بە دوو کووپ چا لە چێشتخانەکە هاتە دەرەوە و یەکیانی دا بە من و وتی:
- ئەرێ دە وازی لێ بێنە چت لێ داوە؟
- ماڵتە هیچ ناجووڵێتەوە. نەکا شتێکی لێ هاتبێت. ئەگەر لە خەودا جەڵتە لێیدا بێ چی بکەین؟
بابەک - ئەی ڕۆ وەلا خۆ ڕاستیش دەکەی ئەی ئادرەسی ئەو کچانە چۆن بدۆزمەوە؟!
- ئەرێ دە گوو مەخۆ.
بابەک - تۆ هیچ مەڵێ با ئەمە هەستێنم.

ئینجا دەنگی گۆری و بە دەنگی بەرز وتی:

– هەتیو مردووت مری قاچت لەو شووشە عارەقە نەکەوی بشکی و برژێت.

کـاتی بە شـێوەڕاوێژی تـایبەتی عارەقفرۆشـەکان ئەمەی وت ئەو خـاتوونە چاوەکانی کردەوە و سەری هەڵێنا و لای قەرەویلەکەی سەیر کرد و ئینجا دیسان چاوەکانی نووقاندەوە و وتی:

– خۆت کەری.

من و بابەک پێکەنین و ئینجا وتی:

– دەنگە دەنگ مەکەن سەرم تەقی.

چوومە ژوور سەری و وتم دایە گیان هەستە با حەبێکت بۆ بێنم.

پیرەژن – ئەوەندە بە من مەڵی دایە گیان.

بابەک – ئەی چیت پێ بڵێین؟ میمی، مەتی، پووری؟ میمکە باشە؟

پێکەنی و لەگەڵ ئەوەی چاوەکانی نووقاندبوو وتی:

– پێم بڵێن زێڕتاک*. ناوم زێڕتاکە.

من و بابەک هەر وا سەیرمان کرد.

زێڕتاک – چییە؟ ناوەکەم زۆر سەیرە؟

بابەک – نا ئەزقەزا زۆر لە سەر جێ و لۆژیکی و ڕاستەقینەیە. بۆ یەکەم جارە ناوێک دەبیستم کە لە خاوەنەکەی دەکاڵێتەوە. ئێمەش کچێکی خزممان هەبوو دەتکوت میوەی کوفترییە (مر) ناویان نا مرواری. باوەڕت بێ ئەو کچە ئەگەر بە شەودا لە ماڵ دەهاتە دەرەوە ون دەبوو، بە سەد چراتوڕ نەدەبینراوە ئەوەندە ڕەش بوو. جا دایک و باوکی مرواریی مرواریيەکیان بوو. کابرا ئەم ناوەی دەبیست چاوەڕێی کچێکی نەشمیل و سپی و ناسک و ڕوومانگیان دەکرد، لە ناکاو وەکوو خەڵووزێک دەردەکەوت. دەتکوت هەڵەپەزەیە جا ڕەش جا تووکن.

زێڕتاک – دەی دەی تەشەر بخە.

بابەک – دایکم ڕۆڵە ڕۆم بۆ بکا ئەگەر بە تەشەرم بێ. بەلام ئەو عارەقەی تۆ

*- لە زمانی فارسیدا بە داری مێو یان ڕەز دەڵێن تاک. زێڕتاک واتە ڕەزی زێڕین.

خواردووته هەر دوێنشەو هەستم دەکرد تۆ دەبێ خزمایەتییەکت لەگەڵ ڕەز و دارە مێو و بۆڵە تری هەبێت.

دانیشت و وتی:

- یەکتان هەستن بچن چیتان هەیە کەمێکم بۆ بێنن با دوعای خێرتان بۆ بکەم.

بابەک – ئەو دوعایەی وا تۆ لە دوا عارەق خواردنەوە بۆ ئێمەت کرد، پاش مردنم دەچینە ناوەڕاستی دۆزەخ جا پەیتا پەیتا سکەنجەبینمان[٦] بۆ دێنن جا لەو گڕ و تینەدا فێنک دەبینەوە. ئاوەڵا نە دوعامان لێ بکە و نە دوعاشمان بۆ بکە، کابرا لە ناوەڕاستی دۆزەخ هەڵبقرچێ و سکەنجەبینیشی بۆ بێنن چ سوودێکی هەیە؟

- جاری دادە زێڕتاک هەستن وەرن نانی بەیانان بخۆن با پێکەوە قسە بکەین.

زێڕتاک سەیرێکی کردین و هەستا و سەیرێکی جلوبەرگانی کرد و وتی:

- چاو ئەو جلوبەرگانەم. چ قوڕاوییە؟! دوێنشەو لە کوێ منتان دۆزییەوە؟

بابەک – لە باغێکی پڕ لە گوڵ و گیا دانیشتبووی. ئەو مێرگ و چیمەنە فێری ڕێزمانی زمانی فارسییان دەکردی.

زێڕتاک پێکەنی و وتی:

- زۆر قسەی خراپم کرد؟

بابەک – وەڵا لە گوڵ کاڵترت نەدەکوت. جا قسەی جوان لە دەمت دەباری. من پیرۆزبایی ئەو لەبزە شیرینەت دەکەم. وشەی وا وات هەڵدەبژارد دەچووە ناو قووڵایی دڵەوە.

زێڕتاک – بە ڕاستتە یان فشەم پێدەکەن؟

بابەک – هاولە بمکووژێ ئەگەر فشەت پێ بکەم. دوێنشەو وتارێکت دا. بە ئارمینم وت بە بکالۆریسەوە وەک ئەو پیرەژنەت پێ ناکرێت.

زێڕتاک لە بەر پێکەنین قرتا. ئینجا وتی:

- داوای لێبووردن لە هەر دووکتان دەکەم. یەکتان ئەوە ناوی ئارمینە ئەی

---

[٦]- سکنجبین: خۆشاوێکە لە سرکە و هەنگوین ساز بووە و هەندێ جار نەعنا و گوڵاویشی تێدەکەن.

ئەوەی دیکەتان ناوی چییە؟

بابەک - چییە بە نیازی ئەم جار ئەگەر مەست بووی بە ناو و زانیاریی چرووپرەوە جوێنمان پێ بدەی؟

- وەرە با بچینە چێشتخانە. لە پێشدا نانی بەیانان بخۆن. ئینجا باش قسە دەکەین.

زێرتاک چووە توالێت و دەست و دەموچاوی شت و چووە چێشتخانە و بابەک چایەکی بۆ تێکرد، کەرە و پەنیر و شیر و هەنگوینی بۆ لە سەر مێزەکە دانا. منیش پێخەفەکەم کۆ کردەوە و چوومە چێشتخانە. زێرتاک لەگەل ئەوەی شەکری دەکردە ناو چاکەی و دەیشەلەقاند وتی:

- دوێنەو لە بیرمە کچێکتان لەگەل بوو. ئەوە کوا؟

بابەک - یەک نەبوو دووان بوو. وەک شتێ لە نیوەی ڕێگادا ون بوو. ئێوە لە بیرتان نییە لە کوێ بە جێمان هێشت؟

زێرتاک بە واق ورمانەوە سەیری کرد و منیش بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕاوە و وتم:

- ئێوە دوێنەو بە ئێمەتان وت چوار کەس بووین. ئیستا هێشتا بابەک دوودڵە کە نەکا کچێکی جوان لە دەست چوویێت.

زێرتاک - هەتیو تۆ گومانت لە خۆشتە؟

بابەک - کورە نا. ئەوە شۆخیم کرد. بەلام پرسیارێکم لێتان هەیە. ئێوە چوار پێنج کچی دەلال و ژیکەلەتان پێ شک نایە کە ئەگەر خودا بەو ڕۆژ نەکا لێتان قەوما، ئێمە دەستبەجێ تەلەفۆنیان بۆ بکەین؟ هەر بۆ تەنگانە دەلێم.

- بابەک ماڵتە بێڵە کاروبارەکان جێبەجێ بکەین؟

بابەک - دەی ئەمەش کارە. کابرا لەم سەردەمەدا دەبێ ژمارە تەلەفۆنی کەس و کاری خۆی هەبێ کە لە کاتی تەنگانەدا ئەگەر پێویستی پێیان بوو پێیان بلێ.

ئینجا ڕووی کردە زێرتاک خاتوون و وتی:

- ببوورە ئەوە ئارمینە ئێتر خۆ ناهێڵێ کاروبارمان جێبەجێ بکەین. دەی باسی ژمارە تەلەفۆن بکەن.

لەم کاتەدا دەنگی ئایفۆنی دەرگاکە هات.

بابەک – وابزانم ڕۆیایە.

چوو دەرگاکەی کردەوە و پێی وتین؟

– ئەمەش پەرۆشی تۆ بووە دیوشەو بە زۆری ڕۆشتووە و ئیستا بە پەل هاتووە بزانێ حاڵتان چۆنە.

دادە زێڕتاک – چیتانە؟

– هاوڕێمانە.

دادە زێڕتاک – دەموچاویم لە بیر نییە.

بابەک – کچی چاکە. ئیستا پێتانی دەناسێنم.

– جاری وەرە دانیشە. هەتا ئەو دیتە سەر دە خولەکی پێدەچێت.

بابەک – بێئەدەب پیاو دەبێ هەلسووکەوتی کۆمەلایەتی بزانێت. دەبێ چاوەڕێی میوان بێن هەتا دێنە ژوورەوە. ئینجا دەبێ سلاو و بەخێرهاتنی بکەی، پالتاوەکەی لە بەر دابکەنی و هەلیبوواسی و جانتاکەیان لە گۆشەیەکدا دابنێی و ماندوونەبوونێکیان پێ بڵێی و کەمێک ئاوی فێنک و ساردیان بۆ بێنی. کە بەشکم ماندوویتییان دەرچێ ... .

ئەمانەی دەوت کە دەنگی پوورم هات.

– ئارمین ڕۆڵە لە ماڵێ؟

بابەک ڕاچڵەکی و ڕایکرد و چوو بۆ توالێت و بەدەم هەلاتنەوە بە دادە زێڕتاکی دەوت:

– هەستە ڕاکە ورچەکە هات.

ئەمەی وت و چووە توالێت و دەرگای توالێتەکەی لە سەر خۆی داخست.

زێڕتاک وتی: ئەوە بابەک چی وت؟

– ئێوە لێرە بن ئەوە من دێم.

ئەمەی وت و دەرگای چێشتخانەکەم داخست و بەرەو لای دەرگاکە چووم. کە پوورم و مەهتاب پێکەوە هاتنە ژوورەوە.

- سلاو پووری گیان. چۆنن؟ چۆن بوو هاتن؟

مەهتاب – سلاو.

پوورم – خۆش بی رۆڵە. ئاوا لە پووری خۆت دەپرسی؟

سلاو و چاک و خۆشیم لەگەڵ مەهتاب کرد و بردیانمە ناو هۆڵەکە و دانیشیتین.

پوورم – ئەو جوانەمەرگ بووە لە کوێیە؟

- کێ پووری گیان؟

پوورم – ئەو بابەکە ئاگرتێبەربووە دەڵێم.

ئینجا پێکەنی و وتی:

- دەڵێن دوێنێ دڵپیسی کردووە. لێی نایە.

- ئەرێ کەمێک بێتاقەت بوو.

پوورم – مریەم دوێنێ هاتەوە بۆ ماڵەوە زۆر قەڵس بوو، بەڵام دواتر وتی زۆری پێخۆش بوو، کە بابەک کوڕێکی دەمارگرژ و بە بوخارە. منیش پێم وت ڕێزی بابەک بگرە، لەم سەردەمەدا کوڕێ پاش چەندین ساڵ لە هەندەران هێشتا ڕەسەنایەتیی خۆی پاراستبێ کەم وەگیر دەکەوێت.

هەر کە پوورم ئەمانەی وت دەنگی کرانەوەی دەرگای توالێت هات و بابەک هاتە دەرەوە، کە چاوی بە پوورم کەوت بە سەرسوورمانەوە وتی:

- پووری گیان ئەوە تۆی؟! بریا زووتر ئارەزووی بینینی تۆم بکردایە.

هاتە لای پوورم و وتی:

- ڕاستە ئێوە نامەحرەمن، بەڵام وەکوو دایکی خۆم لێتان دەڕوانم. ئەوەندەم بیر کردبوون کە لە سەر ئیزنتان دەمەوێ دوو ماچ لەو کوڵمانەتان بکەم.

لەگەڵ مەهتاب چاک و خۆشی کرد و دانیشت و پووری وتی:

- هەتیو دڵپیسی دەکەی؟

بابەک – ئەی چی بکەم پووری گیان؟ لێرە ئەوەندە شتی خراپ دەبینم دڵم پیس بووە. بە خوا ئەگەر گوێم لێ دەبێ کچێکیان لە خشتە بردووە دەکەومە پرس و را بۆ ئەوەی بیدۆزمەوە و بیناسم. بۆچی؟ بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی بەدڕەوشتییەوە.

کچی خزمەکانی خۆمان شوکر هەموویان یەک لە یەک نەجیبترن، بەڵام کە لەگەڵ کەسێکی نەناسیاو دەیانبینیم موچڕکم پێدا دێت.

پوورم – ئافەرەم نەمدەزانی ئەخلاقێکی ئاوات هەیە.

بابەک – هەمە. ئەخلاقی لەوە خراپتریشم هەیە. جارێکیان لە گەڕەکی خۆماندا کچێکی دراوسێمان ببوو بە دۆستی کوڕێک. ڕۆژێکیان پێکەوە بینیانم. باش باشم کوڕەم کوتا. ڕۆشتنی وا ڕۆشت ئیتر نەگەڕاوە. ماوەیەک خۆم لەگەڵ کچە دەگەڕام، بە گوێمدا دا کە ئیتر واز لە دۆستگرتن بێنێ ئیتر دوایی عاقل بوو. هەڵبەت لە پێشدا ملی نەدەدا، بەڵام بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر هێنامە سەر ڕێ. پووری گیان دەزانی چییە من زۆر دڵپیسم. ئاوا سەیرم مەکەن.

پوورم – ئەو کوڕەی کە لەگەڵ مریەم و ئەوان بووە، دۆستی هاوڕێکەی مریەم بووە. من خۆم دەمزانی بڕیارە پێکەوە بچنە ڕێستورانت و لەوێ نانی شێو بخۆن. مریەم پێشتر پێی وتبووم. بەڵام تۆش کارێکی باشتکرد. پیاو دەبێ سەرنجی ئەوانە بدا و هەستیار بێت. ئەو کارەی کە تۆ کردت مریەمی تێگەیاند کە ئەو گەنجانەی وا بە نیازن ژن بێنن، تەنانەت لەم کاتانەشدا ژنی نەجیبیان دەوێت.

بابەک – بچن بە مریەم بڵێن ئەگەر بیبینم دەیکوژم. سەری دەبڕم. پرچەکانی دەقرتێنم.

پوورم – دە بیبڕەوە ... دەڵێم خۆم دەمزانی لەگەڵ ئەوان چووەتە دەرەوە.

بابەک – تۆخوا... ئێوەش دەتانزانی؟

پوورم – ئەری ڕۆڵە گیان.

بابەک – لە خۆڕا ئیزنتان پێداوە. ئەمە چ بەزمێکە؟

پوورم – دەی گەنجن گەڕان و سەیرانیش پێویستە.

بابەک – دەی گەنجن هەر دووک چاویان دەری. بۆ من و ئارمین گەنج نین؟ شەو و ڕۆژ لەم ماڵە خەریکە دەڕزێین و دەستێکمان بە تەلەفۆنەوەیە و قسە لەگەڵ دایک و باوکمان لە ئێران دەکەین و دەستێکیشمان بە ئایفۆنەوەیە، کە ئێوە لە ئایفۆن دەدەن و ئێمە هەر فریای دەرگاکردنەوە بۆ ئێوە دەکەوین. ئەمە بۆتە

سەرگەرمیی ئێمە.

بابەکم وەها توندوتیژانە قسەی دەکرد، کە پوورم هیچی پێنەما و کەمی هێنا. لەبەر پێکەنین خەریک بوو دەقرتام.

بابەک – بە خوا پووری من نەبووایەم ئارمین خوێنی دەکرد. ئەو چاوانەی خوێنی لێ دەباری، ئەو برۆیانەی ببووە خنجێر. لوتی لێ بەرز ببوو هەر مەپرسە. چەقۆت لێدابا خوێنی لێ نەدەهات. دڵپیسییەکەی خەریک بوو شێتی دەکرد. گەیاندمە نەخۆشخانەی فریاکەوتن ئۆکسیژنیان لێدا جا هەناسەی دەردەهات. ئەوشەوە چیمان بە سەر نەهات؟!

پوورم – ئەری مریەم وتی دایە ئارمین سوور هەڵگەرابوو. ئەوە من بەسەرهاتەکەم بۆ گێرانەوە. ئیتر ئەرخایەن بن.

بابەک – شوکر بە خێر و خۆشی و بێخوێنڕشتن کۆتایی هات.

منیش هەر وا سەیری بابەکم دەکرد کە چاوی بە من کەوت و وتی:

- تماشا پووری گیان سەیری بکە. فەقیرە هێشتا هەر پەشۆکاوە. زۆر خراپ پەشۆکا. کابرا کچە پوورەکەی لەگەڵ پیاوێک ببینێ ئەویش لە کوێ؟! لە ڕێستورانت. ئەویش کەی؟ شەو.

پوورم – خۆ من وتم گرنگ نییە. ئێوەش خۆتان بێتاقەت مەکەن.

لەم کاتەدا دایان لە دەرگا بابەک چوو ئایفۆنەکەی هەڵگرت.

بابەک –

havenot ime We mr brown. Hello oh!

roller! have we Yes stormy! its no! No

hourater. half an to By Ok.

- کێیە چی دەوێ؟

بابەک – هەمانە. ئەو شتەی ئەو دەیهەوێ هەمانە.

ئینجا هات دانیشت و پوورم پرسی کێ بوو؟

بابەک – بڕێز براون بوو. لە بیرم نەبوو کە ئەورۆ دانیشتنمان هەیە، کە

بەڕێوەبەری بالاخانە دیاری دەکەین. کوتی نیوکاتژمێری تر میوانیمان هەیە. وتیشی نازانم چییان خراپ بووە داوای کرد وتم نیمانە.

تا هاتم بڵێم دانیشتنی چی کە بابەک وتی:

- ئارمین گیان تۆ بچۆ ژوورەکەی خۆت بری پشوو بدە. ئیستا بەڕێز براون و ئەوانی تر دێن، وازت لی ناهێنن. هەستە دەی.

زانیم ئەوە ڕۆیا بووە و بابەک پێی ڕاگەیاندووە کە پوورمی لێیە.

پوورم – ئەری ڕۆڵە ڕاست دەکا بچۆ پشوو بدە. ئەوە ئیمەش وردە وردە دەڕۆین. دەچم بازاڕ دەکەم. وتم بیم سەردانیکی ئیوەش بکەم. دواتر تەلەفۆنتان بۆ دەکەم بۆ نانی شێو وەرنە مالی ئیمە.

پوورم و مەهتاب هەستان. لە بەر دەرگا بابەک وتی:

- پووری گیان بۆ نانی نیوەڕۆ دانیشن. دەی پیاڵە ماست و پارووە نانێکە پێکەوە دەیخۆین. قەیناکە بەڕێز براون زۆری لی دەلی. تەمەنی هەشتا ساڵانە. بەلام کە دەست دەکا بە قسە کردن خۆ نایبریتەوە. ئیشالا جاریکی تر بۆ شلەی گۆشت و نۆک خولکتان دەکەم.

پوورم و مەهتاب ڕۆشتن، منیش دەرگای چێشتخانەم کردەوە و دادە زێرتاک بە دەم پێکەنینەوە هاتە دەرەوە.

دادە زێرتاک – ئەمە کێ بوو؟

بابەک – ئاسمانەکەمە. دڵمە.

- پورم بوو دادە زێرتاک.

بابەک – پووری چی بلی گەردەلوول. چاکمان چزاند. تۆڵەی ئەو شەوەی هەرزانفرۆشییەکەمان لێکردەوە. لە ترسا هاتبوو باسەکە سەر بنێتەوە کە هەواڵەکەی نەگاتەوە ئێران.

- ڕۆیا بوو لە دەرگای دا؟

بابەک – ئەری پێم وت لێرە بەرەکە گێژەلووکییە. وتم برو نیوکاتژمێری تر وەرەوە، کە هەورەکانی ئیستراتووس نەمابێت. دادە زێرتاک تکایە ژمارە تەلەفۆنی

ئەو کچانەم بدەیە.

- ئەری دە بابەک واز بێنە دەی.

دیسان لە دەرگایان داوە و بابەک چوو دەرگاکەی کردەوە.

بابەک – خواگیان فریام کەوی. من بەو بەزمەی وا لەو ریستورانت سازم کرد مریەم ئیتر ناوم ناهێنێت.

- داماو پوورم دەیکوت عاشقت بووە. بەو دلپیسییەی ئەو شەوە کردت تازە وازت لێ ناهێنێت.

بابەک – لە توالێت ئەمانەم بیست، بۆیە ویرام بێمە دەرەوە. ئێستا لەمەوبەدوا لای مریەم دەبمە حەمەتالی بانە. ئارمین یاخوا پوورت و کچەکانی خوا بیانباتەوە. لە ئێران لە دەست دایک و باوکمان رامان کرد، لێرە تووشی چ ئەژدیهایەک بووین.

لەم کاتەدا ڕۆیا لە ئاسانسۆرەکە هاتە دەرەوە و بەرەو لامان هات و گەیشتە لامان و وتی:

- سلاو پوورت لێیە مەبەستت ئەوە بوو پووری هاتبوو؟

بابەک – ئەری نابینی وەک دارەبی دەست و قاچمان دەلەرزی. وەرە هەتا نەیازانیوە تۆ دێی. بێتوو بزانی خۆی دەگەیێنێت. خۆ پوور نییە دێوەزمەیە. پوورە داماوەکەم تووشی چ دشێک هاتووە. چاکە لێکیش دوورن.

ڕۆیا بە پێکەنینەوە هاتە ژوورەوە و سلاو و چاک و خۆشی لەگەل هەمووان کرد و چووە لای دادە زێرتاک.

ڕۆیا – ئەحوالتان چۆنە؟

زێرتاک – باشم بەقوربان. ببوورە ئەگەر دوێشەو زیزم کردوون.

ڕۆیا – شایەنی نییە. بابەک بەر لەوەی بێمە ئێرە مریەم تەلەفونی بۆ کردم. ئەوەندە ئەو کارەی دوێشەوتی بە دل بوو. دەیکوت نەیزانیوە تۆ ئاوا لە سەر نامووس پێداگری.

بابەک – ئارمین هەستە. هەستە بچۆ ئەو دەفتەرە پیسەم بۆ بێنە با دوو دێرە شیعر بنووسم وادیارە پەیوەندیمان لەگەل پوورزا شیرینەکەت دەستی پێکردەوە.

پێدەکەنیم و وتی:

- خوا ڕیشەی تۆ و بنەماڵە و باوک و پوورت وشک بکا باشە. تماشا چۆنم دەلەرزێنن.

- برا بچۆ پێی بڵێ ناتمهەوێ و ئا ئیتر.

بابەک – من ناتوانم بە پوورزای تۆ بڵێم نا.

- دەی چاوت دەرێ و هیچ مەڵێ.

ڕۆیا و دادە زێڕتاک لە بەر پێکەنین ژانیان کردبوو. بە گشتی پاش نیوکاتژمێر زێڕتاک وتی:

- دەی من وردە وردە هەستم بڕۆم. بۆ هەموو شتێک دەستتان خۆش بێ و هەر خراپییەکیشم کردووە گەردنم ئازا کەن.

- بۆ کوێ؟

بابەک – من ناهێڵم لێرە بڕۆن. هێشتا ئەوە من دەمەوێ قەڵەوت بکەم و گۆشتت پێ بگرم جا بەرت دەم، لە پووری ئارمین. خۆ دەرەقەتی ئەم وەیشوومە نایین. وەلێ ئێوە دەرەقەتی دێن. جارێ نابێ بڕۆن.

- تکایە ماوەیەک لامان بمیننەوە.

زێڕتاک – بە ڕاستتانە یان فەرمووم لێ دەکەن.

- قسەی دڵمان دەکەین.

بابەک – دە ئیتر شەرم مەکەن. ئێمە کارمان زۆر بە تۆیە.

زێڕتاک – جلەکانم قوڕاوییە.

ڕۆیا – شتێکم بۆ هێناون.

جانتاکە بە دەستییەوە بوو. دوو دانە جلوبەرگی جوانی دا بە زێڕتاک و وتی:

- لە سەرە ڕێگادا ئەوەم بۆ کڕین. کە بینیم جلەکانتان پیس بووە بۆم کڕین.

دادە زێڕتاک وەک پیرزانێن بزە نیشتە سەر لێوی و ئینجا بە دەستێکی سەری داهێنا و وتی:

- دەی دەبێ بچمە گەرماو سەروقژم قوڕاوییە.

بابەک – دەی هەستن. هەتا ئێوە دەچن بۆ گەرماو ئێمەش ولات خاوێن دەکەینەوە و نانی نیوەڕۆ ساز دەکەین.

زێرتاک – خۆم نانی نیوەڕۆ ساز دەکەم.

بابەک – خوا مردووەکانت عافوو بکا نانی نیوەڕۆ لە ئەستۆی من بوو.

زێرتاک چووە گەرماو و بابەک وتی:

- خاولییەکە هەر لە گەرماوە و هەڵواسراوە.

زێرتاک پێکەنی و وتی:

- دایکت ئەمرێ چەندەی لێ دەڵێی.

ئەو ڕۆژە هەتا دادە زێرتاک چووە گەرماو بابەک تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و تەلەفۆنی بۆ یەکێ لە هاوڕێکانی کرد. کاتێ تەلەفۆنەکەی داخست لێم پرسی:

- تەلەفۆنت بۆ کێ کرد؟

بابەک – بۆ هاوڕێیەکم. دکتۆرە. دەمەوێ بچم کەمێک دەرمان بۆ دادە زێرتاک بکڕم. ئەمە بە زۆری خۆی ڕاگرتووە. لە گەرماو بێتە دەرەوە مەست و خومارە. ڕێک دەچێتە سەر ساردینگ بۆ ویسکی و عارەق و شەراو دەگەڕێت. با بچم شتێکی بۆ بکڕم. بە چەند ڕۆژ بۆی تەرک نابێت.

ئینجا ڕوویکردە ڕۆیا و وتی:

- لەگەڵم دێی؟

ڕۆیا – ئەرێ دێم.

هەردووکیانماڵئاواییان کرد. لە بەر دەرگا بابەک وتی:

- ئارمین. ئەوە ئێمە دەچین کوڕە شەیتان هەڵتنەفریوێنێت. خۆ دەشتناسم دەزانم هیچ ناکەی.

بە لاچاوەوە سەیرم کرد و بابەک وتی:

- ماڵوێران. پیرەژن بۆ حیزە حیز نابێ. عەیبە میوانمانە. خۆم دوایی تیر و پڕ ئاناتۆمیی لەشی مرۆڤت بۆ شی دەکەمەوە.

ئەمەی وت و هەر دووکمان پێکەنین و ئەوان ڕۆشتن.

منیش دەستم کردە بە کتێب خوێندنەوە. پاش نیوکاتژمێر دادە زێرتاک لە گەرماو هاتە دەرەوە.

دادە زێرتاک - ئەوانی دیکە لە کوێن؟

- چوونە دەرەوە ئێستا دێنەوە.

زێرتاک – دەی تۆ وەرە قاپ و کەوچکەکانم پێ نیشان بدە، با بۆ نانی نیوەڕۆ شتێ ساز بکەم.

هەر دووکمان چووینە چێشتخانە و هەموو شتێکم پێ پیشان دا و خۆشم لە سەر کورسییەک بەرامبەر بە دادە زێرتاک دانیشتم. لەگەڵ ئەوەی ئەو کاری دەکرد لێم پرسی:

- دادە زێرتاک ئەوە پرسیارێکت لێبکەم وەڵامی دەدەیتەوە؟

زێرتاک – با، بۆچی وەڵامت نادەمەوە؟

- لێم زیز نابێ.

زێرتاک – نا ڕۆڵە بپرسە.

- بۆچی دوێشەو کە ناوی هاونیشتمانیمان بە کار دەهێنا قەڵس دەبووی؟

سەیرێکی کردم و دیسان دەستی کردەوە بە چێشتلێنان. پاش کەمێک وتی:

- وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆ بە ڕستە و هێڵ و لاپەرە نادرێتەوە. مەسەلە تەمەنێکە. قسە لە سەر تەمەنێک بەدبەختییە. ئێستا تۆ پێم بڵێ فەسەنجوون پێتخۆشە گۆشتی مریشک ساز بکەم یان گۆشتی سوور؟

بەو قسەیدا زانیم بە نیاز نییە وەڵام بداتەوە. ئیتر لە سەری نەچووم و وتم:

- با مریشک بێ چاکترە.

پاش چەند خولەک کارکردن وتی:

- ئەم هاونیشتمانییە دەبینی؟ ئەم هاوڕێیەت دەبینی؟ هەر هەموو ئەوانەی بە هاوڕێی خۆتی دەزانی پێی خۆشە لە ژیانا نەمێنی.

- هەموویان وان؟

زێرتاک – نا، نا، هەموویان وا نین، بەڵام زۆربەیان وان. لە سەردەمێکی

خراپداین، بەتایبەت ئەم ماوەیە. زۆرێک لە خەڵک خراپ بوون، بیری لێ مەکەرەوە. ئەوانە بە ئێمە چاک نابن، دەزانی بۆچی لەم ماڵەدا حاجیوە بۆ ئەوەی پاش چەندین ساڵ چاوم بە چەند کەسی بنیادەم کەوت. باسی ئێوە دەکەم بە راستی مرۆڤی چاکن.

- لە چاکیی خۆتانە. مرۆڤی وەکوو ئێمە زۆرن.

زێرتاک – ناوەڵا مرۆڤی چاکت دی سڵاوی منی پێ بکەبێنێت.

- بە چاوی ڕەشبینی سەیری دنیا مەکەن.

زێرتاک – تۆخوا لەم قسانە مەکە، گوێم لەم فڕ و فیشاڵانە پڕە. هێڵنجم پێیان دێ. ڕۆڵە گیان ئەم قسانە دەکەن بۆ ئەوەی دەمی من و تۆ داخەن. ئەوانەی لەم قسانە دەکەن خۆیان باوەڕیان پێ نییە. بە چاوی خۆم بینیم یەکێک لەمانەی وا خەریکە دڵخۆشی خەڵک دەداتەوە و خەریکی دروشمدانە و بانگەواز بۆ نوێژ و ڕۆژوو دەکا ...!

هیچ نەڵێم چاکترە. هەستە جگرەیەکم بۆ داگیرسێنە. جا دوایش دەڵێن بۆچی ئەو گووە دەخۆمەوە. دەیخۆم بۆ ئەوەی هەندێ شتم بۆ ماوەیەک لە بیر بچێتەوە.

هەستام و جگەرەیەکم داگیرساند و دام بە دەستییەوە. دوو سێ مژی لێ دا و وتی:

- تۆ مافی خۆتە ئاوا شادی، کوڕێکی دڵپاکی و زۆر گەندەڵی هەیە نایزانی و دواتریش ئەوەی کە هەرکە چاوت کردەوە دایک و باوک لە ژوور سەرت بوون و دۆخی ئابووریشیان باش بووە. کە هاتیشیتە ئێرە کورە پوورەکەت لەگەڵ بوو و ئاگای لێت بووە. پووریشت ئەوە لێرە بوو. بە کورتی تووشی کۆمەڵی کەسی خراپ نەهاتی.

- ئەوانەی دەیڵێی هەمووی جوانە.

- هەستە گۆرانییەک سترانێک لە سەر خە دڵم ئەهۆن بێتەوە.

شریتی گۆرانییەکی کۆنم لە سەر خست. کاتێ کە تەواو بوو وتی:

- ئەمانە بەهرەمەند بوون. لە هەر سەد هەزار کەس تەنیا کەسێک نیعمەتێکی

ئاوای پێدراوە.

کاتێک گەڕاوە و فرمێسکەکانی لە سەر گونای قەتیس مابوو. پاش چەند خولەک لە دەرگایان دا بابەک بوو. دەرگاکەم کردەوە هاتە سەرەوە.

کە گەیشتە پشت دەرگای ئاپارتمان. دیسان لە ئایفونەکە دراوە کردمەوە و وتم:

- کورە ئەوە تۆ کلیلت نییە؟

بابەک – جاری پێش هەموو شتێ ئەوە کوا سڵاوەکەت؟ دیسانیش چاوزەق خۆ ناپاکیت بە شیرین نەکرد؟

- ئەرێ گوو مەخۆ؟

بابەک – دا چاوت. من سەیری چاوی پیاو بکەم دەزانم ناپاکی کردووە یان نا.

بە پێکەنینەوە سەیرم کرد وتی:

- ناچاوەکانی وا دەنوێنی کە هێشتا بە عەشق وەفادار ماوەتەوە. ئافەرم، ئافەرم قوڕ بە سەرت وا بە نامرادییەوە دەمری.

ڕۆیا لە بەر پێکەنین ژانی کردبوو و ڕۆیا وتی:

- خوایە گیان ئەم دوو پوورزایە چەندە لێکدژن.

بابەک – یەکیان گەرمە وەکوو ئاگر و ئەوی تر دەڵێی سەهۆڵە.

ئینجا ڕوویکردە من وتی:

- وەرە سەهۆڵی بەهەشت. ئەمە دەرمانی دادە زیرتاکە بڕۆ بیدەیە بەقوربان. شەوی هاوین لە سەربان دانیشی دەک چەند خۆشە.

- گووت خوارد زۆریش فێنک و سارد نییە.

بە پێکەنینەوە دوو شووشە دەرمانم لێوەرگرت و بەرەو چێشتخانە ڕۆشتم. ئەوانیش هەڵتەک هەڵتەک بە دوامدا دەهاتن و لەگەڵ ئەوەی چەقەنەیان لێدەدا دەستیان بە گۆرانی وتن.

هاتەوە با بێتەوە خانم لە حەماومەوە

زوو کەن جێگای بۆ ڕاخەن با خەو بیباتەوە

گەڕامەوە بە پێکەنینەوە وتم:

ـ عەمرت نەمێنێ بابەک. عەیبە کورە.

بابەک – بە خوا ئەم ئارمینە نەبینم دڵم شەق دەبێ.

شووشەکانم بردە چێشتخانە و لە سەر مێزەکە دامنا، دادە زێڕتاکم کە بە هۆی قسەکانی بابەکەوە پێدەکەنی وتم:

ـ بابەک ئەمانەی بۆ تۆ هێناوە؟

زێڕتاک – بۆ منە؟ چییە؟

ـ بابەک ئەمانە چییە؟

بابەک کە دەست و دەموچاوی شتبوو بە خاولییەکەوە هاتە چێشتخانە و وتی:

ـ ئەوە بۆ ئەو شتەی ترە.

ـ بۆچی؟

بابەک – بۆ ئەو شتەی تر ئیتر.

دادە زێڕتاک – کامە شتی تر؟

بابەک – ئەوەی وا نامهەوێ ناوی بێنم. ئەوەی وا شاعیر دەڵێ ساقیا وا بادەوە وا بادەوە ڕوو لە لای من کە بە ... !

ـ مەی، بادە؟

بابەک – بە خوا لاڵ نەبووم کە نەمکوت ویستم جۆری بیلێم کە ناوی نەهێنم. نەکا دادە زێڕتاک ئیشتیای بۆ بچێت؟ تۆ خرت دەڵێی عارەقە، بادەیە.

زێڕتاک بە بزەوە وتی:

ـ چووی ئەمانەت کڕیوە بۆ ئەوەی من ئیتر نەخۆمەوە. وادەزانی من کحوڵیم؟

بابەک – ئەستەغفیروڵا. من شتی وا نالێم.

دادە زێڕتاک – بۆچی لە بەیانییەوە شتێکی نائاساییتان لە من بینیوە؟

بابەک – نا! نا! دوور لە ڕووتان ئەمشەو بە نیازم بە گاوزروان و شیرخشت عبالەیەکی ئارمین بکەم. لە مێژە لێرە دانیشتووە بۆنی دێ.

ـ عەمرت نەمێنێ بابەک! تەح بێ‌نەدەبێ.

دادە زێڕتاک – بابەک گیان من کحوڵی نیم. بەڵام جار جار بیر لە هەندێ شت

دەکەمەوە دەیخۆمەوە، کە لە بیرم بچێت. دوێشەو یەکێ لەو کاتانە بوو.

بابەک – گیانی من ڕاست دەکەی؟

دادە زێڕتاک – ئەری بە گیانی تۆ.

بابەک – یانی تۆ هەمیشە مەست نیت؟

زێڕتاک – نە بە گیانی تۆ.

بابەک – دڵمت تۆقاند تۆ هەموو شەوێ ئەمە بەزمت نییە؟

زێڕتاک – دوور لە تۆ. نا خەریکی ئەم بەزمانە نیم.

بابەک – داخەکەم. وتم هاوڕێیەکی باشم پەیدا کردووە، ئەمجار هەمیشە دەنا بەیانی دادەنیشم لەگەڵی دەخۆمەوە.

هەموومان پێکەنین.

بابەک – دەی لە شۆخی دەرچێ زۆر خۆشحاڵ بووم.

– سوپاس بۆ خودا ئەمە بە خۆشی تێپەڕی. بابەک هاتیتە ژوورەوە هەستت نەکرد بۆنێک دێ.

بابەک – ئا چییە کونی توالێت گیراوە؟ ئەم سەگبابەی نهۆمی سەرەوەمان دیسان کلینیکس، دەستماڵی تواڵێتیان خستۆتە ناو کونی توالێتەکەوە. دوو جار ئاسووست لێدابا کونەکەی بەردەبوو.

– عەمری ئەم بیر و هۆشەت نەمێنێ وا هەر لای شتی پیسە.

بابەک – بۆ چی بووە؟

– مەبەستم بۆنی چێشتە؟ زێڕتاک خانم بۆ نیوەڕۆ خواردنی فەسەنجوونی ساز کردووە.

– لووتم بە بڕین چێ ئەرێوەڵا وا ئەو بۆنە نەهاتە لووتم. خوا چاکتان لەگەڵ بکات. بەخ بەخ لەم بۆنی خۆشە فەسەنجوونە. ماڵتە دەمم ئاوی کرد. شلەی فەسەنجوون و پلاوە؟

– ئەری.

بابەک – بەڵێ. بەڵێ. ئەمدەزانی ڕۆڵی ڕۆمیۆ و ژوولیت دەنوێنێت؟ ماڵتە ئەوەندە

لەگەڵ ئەو شیرینە ڕاتبواردووە زمانیش وەک زمانی ئەوی لێ هاتووە؟
هەمووومان پێکەنین. خۆشم لە هەموویان زیاتر پێکەنیم.
ڕۆیا – بۆ شیرین ئاوا قسە دەکات؟
- ئەری لەگەڵ من ئاوا قسە دەکات.
بابەک – قوڕ بە سەر بە کەرت دەزانی، ئاوا قسەت لەگەڵ دەکات. لەگەڵ فەرهاد دادەنیشێ وا قسە دەکا دەڵێی لاتە.
- سەبارەت بە فەرهاد ئاوا قسە مەکە بابەک.
بابەک بە سەرسووڕمانەوە سەیری کردم و وتی:
- خۆزگەم بە فەرهاد. هەتا ئێستا نەماندەزانی کابرا دلپیسی لە دەزگیرانی خۆی بکات. ئەمە لە سەر دۆستی دەزگیرانەکەشی غیرەییە.
ئارمین دەبێ ستایشی تۆ بکرێت. یانی لە پێشدا بتکووژین و لە شوێنێکدا بتنێژین و ئینجا ڕەوش و ئەخلاقت لە نامیلکەیەکدا بلاو بکەینەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەس بێن و ستایشت بکەن. ناوت دەنێین سەن ئارمینچیسکۆ. ناوەندێکی خێرخوازی بە ناوتەوە دەکەمەوە، ناوی دەنێین ناوەندی ئارمین. منیش دەبمە بەڕێوەبەری. هەر بەم شێوە خەڵک دەڕووتێنینەوە و پاش ساڵێک بۆی ڕا دەکەین. دەڵێم لە سەر قەبرەکەت بنووسن: ئەمە قەبری ئارمینە دۆستی شیرینە. هەرچی وتمان دەردەقەتی فەرهاد نایەی دەچووە ئەم گوێی و لەو گوێی دەهاتە دەرەوە.
هەمووومان لەبەر پێکەنین قرتاین.
دادە زێڕتاک وتی: وەرن نان ئامادەیە. ئەوەندەش سەر مەخەنە سەر ئارمین.

## بەشی دەیەم

ئەو ڕۆژە دادە زێڕتاک شلەی فەسەنجوونی ساز کرد و زۆر خۆش و بەتام بوو. کە نانمان خوارد من و بابەک قاپ و کەوچکەکانمان کۆ کردەوە و ڕۆیا قاپەکانی شت.

دادە زێڕتاکیش جگەرەیەکی داگیرساند و چوو لە سەر کورسیی چێشتخانە دانیشت و سەیرمانی دەکرد، پێدەکەنی.

- دادە زێڕتاک بۆچی پێدەکەنی؟

دادە زێڕتاک – هەر وا.

بابەک - چیت وەبیر دێتەوە؟

دادە زێڕتاک – نا. بەڵام ئەمڕۆ یەکێ لە ڕۆژەکانی ژیانم بوو. دەزانی چییە ئەوە بۆ چەند ساڵ دەچێ چێشتم لێنەناوە. لە بیرم نایە چەند ساڵە چێشتم لێ نەناوە.

بابەک – وەڵا چێشتێکی خۆشت لێنا. زۆر خۆش بوو.

دادە زێڕتاک – نۆشی گیانتان بێت.

هەستام و چایەکم بۆ هێنا و لە بەردەمی دامنا.

دادە زێڕتاک – ئەگەر خوا کردی و نەمردم سبەی شەو دۆڵمەتان بۆ ساز دەکەم.

- دەستتان خۆش بێ، بەڵام ئێوە چێشت لێ مەنێن.

بابەک – بە نۆرە چێشت لێ دەنێین. ڕۆژێ تۆ، ڕۆژێ دادە زێڕتاک، سەرەی منیش کە هاتەوە ئەوە لە دەرەوە پیتزا دەکڕین.

دادە زێڕتاک – نا هەر خۆم پێمخۆشە خواردنتان بۆ ساز بکەم. ئێوە وەکوو منداڵی خۆم وان. کە دەبینم چێشتی دەستی منتان پێخۆشە زۆر کەیف دەکەم. ماندووم دەچم کەمێ دەخەوم. گێژم.

- فەرموون بچنە ئەو ژوورە. ژووری میوانە. هەموو شتێکی تێدا ئامادەیە.
دادە زێڕتاک – چاکەی خواردەوە و جگەرەکەی کێشا و هەستا و ڕۆشت.
ڕۆیاش قاپ و کەوچکەکانی شت و ڕۆشت. ماینەوە من و بابەک.
- دەی ئێستا چی بکەین؟
بابەک – چی چی بکەین؟
- بێتاقەتم.
بابەک – ئەها دەی وەرە قاچمان درێژ بکەینەوە هەکل مەکل بکەین.
- ئەرێ دە گوو مەخۆ.
بابەک – هەستە سەرخەوێک بشکێنین.
- من خەوم نایە.
بابەک – بە نیاز نیت بخەوی؟
- نا.
بابەک - ئەی بە قوربانت بم. ئەو لەتە چەرمە بێنە بمدەیە با بچمە لای دادە شیرین، بزانم کەسی لێ نییە بیدوێنم بەم پاشنیوەڕۆیە بڕێک بێتاقەتی دەربکەم.
- تۆ بچیتە لای شیرین هەر بە چلمیشت نازانی.
بابەک – بۆچی؟
- شیرین خۆشی لە پیاوی حیزۆکە نایە.
بابەک – گووت خوارد. هەر شتێک بم ئەمەیان نیم. ئەزقەزا من ئەوەی نیم حیزێتی و چاولەڕاندنە. ئەم ئەورووپاییەنا بە گیانی من سوێند دەخۆن.
- بە گیان پوورت. من پوورزاشتم ناوێرم ساتێک لەگەڵت تەنیا بم.
بابەک – ئەرێ دە گوو مەخۆ. خەڵک ئارەزوویانە دە خولەک لە لام دانیشن. تماشا ئەو سەلیقەیەی. هەر بە دۆستەکەتدا دیارە چ سەلیقەیەکت هەیە. هەستە ئەو لەتە پلاستیکەت هەڵگرە و بچۆ بخەوە ئەو پیرەژنە چاوەڕێتە.
- داماو ئەگەر شیرین ببینی ئیتر سەیری هیچ کچێکی تر ناکەی.
بابەک – گوێ بگرە ئارمین. هەفتەیەک شر و شاتاڵەکەت دەشۆم، نیوکاتژمێر ئەو چەرمەتم دەیە. باش؟!

پێی پێکەنیم و هەستام.

بابەک – باشە. چاوت دەرێ شرو و شاتاڵەکەت دەشۆم و پێڵاوەکانت واکس دەکەم باش؟

دیسان پێی پێکەنیمەوە و چوومە ژوورەکەی خۆم و وتی:

- سواڵکەری هیچ نەدیو.

لای پاشنیوەڕۆ بوو دادە زێڕتاک زووتر لە خەو هەستا. من و بابەک چووینە گەرماو و چووینە چێشتخانە. چایان دانابوو.

هەر سێکمان بە دەور یەکەوە دانیشتین و چامان خواردەوە و دەنگی زەنگی موبایل هات. بابەک موبایلەکەی هەڵگرت.

بابەک – ئەلۆ، فەرموون خۆمم.

- ڕۆیا تۆی؟ چۆنی؟

- ڕەبی لە دەورت گەڕێم. ئەوە لە کوێی؟

- کوڕە خوا نەکا وا مەڵێ.

نەمدەزانی چی بڵێم پرسیم:

- ڕۆیا چی لێهاتووە؟

بابەک – یاخوا بە قوربانی بم. هیچ نەبووە. مەحتەلم مەکە. چاوەڕێتم. خوات لەگەڵ.

- بابەک ئەوە چی بووە؟

تەلەفۆنی داخست. حاڵەتی تێکچوو.

- ڕۆیا بوو؟

بابەک - ئەرێ.

- دەی؟

بابەک – فەقیرە لە جادەدا تەلەفۆنی کرد.

- باشە دەی چی بووە؟ نەخۆشە؟

بابەک – بنیادەمی سەیر هەن.

- ئەرێ دڵمان توقی. چی بووە! تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە؟

بابەک – کابرا سەری بە هەندی کەس وشک دەبێت.

دادە زێڕتاک – بابەک گیان ئەگەر خوا بەو ڕۆژ نەکا شتێک بووە با بزانین چیمان لە دەست دێت.

بابەک – چیمان لە دەست دێ؟ هەندی وان ئیتر؟

– عەمرت نەمێنی بابەک. قسە بکە. با بزانین چ قوڕی دەتوانین بیگرینەوە و بیکەین بە سەرماندا.

دادە زێڕتاک – ئەوە لە تەلەفۆن قسەی چی دەکەی؟

بابەک – دەڵێ پێم عەیبە بێمە ئەوێ. دەڵێ مزاحیم دەبم.

من و دادە زێڕتاک کەمێک بێدەنگ بووین و سەیری بابەکمان دەکرد، کە بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەکردین. وتم:

– هەر ئەوەندە.

بابەک – ئەری.

– هیچی لێ نەهاتووە؟

بابەک – نا. پێی عەیبە بێتە ئێرە.

– عەمرت نەمێنی بۆ قسە کردنت. دڵمانت تۆقاند.

دادە زێڕتاک لەبەر پێکەنین ژانی کردبوو.

– بابەک تۆ کەی عاقڵ دەبی؟ ئاخە ئەمە ڕفتارە تۆ دەیکەی؟

بابەک – وەی ئامۆژگارییەکەت زۆر کاری لە سەر کردم.

– باشە ئێستا لە کوێیە؟

بابەک – لە سەر کۆڵانەکەی خۆمانە.

– هەستە کەرە.

ئەمەم وت ڕۆیا لە ئایفۆنی دا و دەرگاکەی کردەوە.

ڕۆیا جلێکی جوانی لەبەر کردبوو. بە بابەک کە چاوی بە ڕۆیا کەوت زانیم عاشقی ڕۆیا بووە.

ڕۆیا – سڵاو. مزاحیم بووم ...

بابەک – کچی لە دەورت گەڕێم شتی وا مەڵێ. وەرە.

- سلاو دادە ڕۆیا شتی وا مەلی. مالی خۆتانە. بە خودا کە دییتە ئێرە زۆر کەیفخۆش دەبین.
بابەک - تۆ گوو دەخۆی خۆشحال دەبی. من دەبی خۆشحال بم نە تو.
- گوو مەخۆ. ئەگەر بزانی چی کردووە.
ڕۆیا - کێ؟
- بابەک. وەرە با بۆت بگێڕمەوە.
ڕۆیا هاتە ژوورەوە و سلاو و چاکوخۆشی لەگەڵ دادە زێڕتاک کرد و منیش هەموو شتێکم بۆ گێڕاوە. لەبەر پێکەنین مردبوو.
ڕۆیا - ئەمشەو دەمهەوێ بۆ نانی شێو بتانبەمە دەرەوە. نانی شێو میوانی خۆمن.
بابەک - ڕۆیا گیان. ئەو شوێنەی وا دەچین ئەوێیە وا ڕۆح و شتی تێدا بانگ دەکەن؟
ڕۆیا - لەوێ باشترە.
ماوەیەک پێکەوە دانیشتنی و ڕۆیا وتی:
- بڕۆین.
بابەک - دەڕۆین بەلام میوانی خۆمن.
من و بابەک هەستاین و جلەکانمان لەبەر کرد. دادە زێڕتاکیش ئامادە بوو، بە گوێیدا سرتاندم:
- دادە زێڕتاک ئێوە هیچتان ناوێ؟
دادە زێڕتاک - نا ڕۆڵە. هیچم ناوێ.
بە نهێنییەوە کەمێک پارەم پێدا و ئەویش پێکەنی و لێی وەرگرتم و وتی:
- لێت وەردەگرم و هەمیشە ڕایدەگرم. خێر و بێری لەگەڵە. چوونکە پارەم لە بنیادەمێک وەرگرتووە.
پێی پێکەنیم و هەموومان لە مالەوە چووینە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبیلی ڕۆیا بووین و وەڕێکەوتین.
ڕۆیا - دەمەوێ بتانبەمە ریستۆرانتێک کە هەم خواردنی خۆشی لێیە و هەمیش

گورانیبێژیکی دەنگخۆشی ئێرانی لەوێیە. تازە لە ئێرانەوە هاتووە.

بابەک – لەم گورانیبێژە بڕقیانە نەبێت؟!

ڕۆیا – گورانیبێژی نوێت پێ خۆش نییە؟

بابەک – پێم خۆشە، بەڵام ئەگەر بە ڕاستی گورانیبێژ بێت. کابرا هاتووە دەنگی دەلیی میز بە تەنەکەی ڕۆنـدا دەکا، هاتووە گۆرانیی پوورانی خوالیخۆشبوو دەلێتەوە.

زێڕتاک – خوا پووران عافوو بکات. من شوێنێکم پێ شک دێ هەم خۆشە و هەمیش چێشتی خۆش ساز دەکەن. گورانیبێژی دەنگخۆشیشیان هەیە.

بابەک – زۆر چاکە.

ڕۆیا – دەی کوێیە با بچین؟!

دادە زێڕتاک – کابارەی ... نایناسن؟

بابەک – خۆ هەر وا ناکرێ بچین، دەبێ پێشتر جێ بگرینەوە. هەمیشەش سترانبێژەکانیان بەرنامەی چاکیان هەیە.

– ئەمشەو شەوی یەکەمە. جێ هەیە. دەی جێش نەبوو ئەوە دەچینە شوێنێکی تر.

پاش چارەکێک گەیشتین و چووینە پارکینگی کاباڕە و دابەزین و لە بەشێکەوە چووینە بەشێکی تـر و دەرگاوانێک بە جلی فۆرم و کڵاوەوە لەبەر دەرگاکە ڕاوەستابوو.

لەگەڵ ئەوەی نزیک بووینەوە و سڵاومان کرد و کاتێ وەڵاممان داوە بە بینینی دادە زێڕتاک وەک ڕێز کڵاوەکەی داگرت کڕنۆشی بۆ برد.

هەر سێکمان سەرسام بووین.

هەر وا کە سەیری دادە زێڕتاک و دەرگاوانمان دەکرد دادە زێڕتاک وتی:

– کاک عەباس بەڕێوەبەر بانگ بکە. پێی بڵێ ئەوشەو میوانمان هەیە. میزی سەر سێنەکەمان بۆ ئامادە بکات.

کاک عەباس کڕنۆشێکی برد و ئینجا دەرگاکەی کردەوە و داد زێڕتاک بە ئیمەی وت:

- وەرن.

ئیمەش واق ورماو وەدوای کەوتین و لە چەند پلە سەر کەوتین. لەگەڵ ئەوەی دەڕۆشتین یەک یەک گارسۆنەکان بە بینینی دادە زێڕتاک سڵاویان لێدەکرد و دادەنەوینەوە و کڕنۆشیان بۆ دەبرد. گەیشتینە بەر دەرگا.

دادە زێڕتاک بە یەکێ لە کچە گارسۆنەکانی وت:

- عەبلا بانگ بکە. بلێ ئەم دەرگایە بکاتەوە. کلیلەکانم ون کردووە.

تیژ ڕایکرد و لە خوار ڕێڕەوەکەوە کەسێک بە جلێکی جوانەوە هاتە لامان و بەو کچەی وت کە بچێ و خۆشی هاتە لامان و بە دەم هاتنەوە سڵاوی کرد و وتی:

- سڵاوت لێ بێ دادە زێڕتاک. من خۆم کلیلم هەیە. فەرموون.

دادە زێڕتاک بە سەر وەڵامی سڵاوەکەی داوە. ئەو کابرایەش دەست و پێی ونبوو دەرگاکەی کردەوە و ئینجا سڵاوی لێکردین.

- زۆر زۆر بە خێر بێن، گەورەتان کردین.

زێڕتاک – کاک فەرەیدوون پێیان بڵێ میوانداریيەکی باش لەم میوانانەم بکەن هەتا من دەگەڕێمەوە.

کا فەرەیدوون – بە سەرچاو. ئێوە فەرموون.

ئەوەی وت و ڕۆشت. ئیمە هەر سێکمان هەر وا سەیری دار و دیوار و خۆمانمان دەکرد. پاش خولەکێک سەیری داد زێڕتاکمان دەکرد کە پێدەکەنی و وتی:

- سەرەندەر ناکەن؟ کەمێک ڕاوەستن با جلەکانم دابکەنم و دەگەڕێمەوە. جا بۆتان دەگێرمەوە.

دادە زێڕتاک ئەمەی وت و ڕۆشت و ئەو کابرایەش دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورێکی تر. هەر سێکمان ماینەوە. سەیری یەکترمان دەکرد بابەک هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

- ئۆخەی. خۆ خنکام. هەتا ئێستا ئەوەندە نەمتوانیوە بێدەنگ بم.

ڕۆیا – ئەم دەزگا و مەزگایە هی دادە زێڕتاکە.

بابەک – ئەم ژنە ئیمەی چاک بە کەر زانی.

- خۆ ئەو بەستەزمانە هیچی نەوت.

بابەک – چۆن هیچی نەوت.

- وتی من فەقیرم؟ وتی پارەم پێ بدەن؟ وتی شوێن و جێگام پێ بدەن؟ خۆ هیچی نەوت. ئێمە هەڵمانگرتن هێنامانەوە ماڵی خۆمان.

بابەک – ئای کا ئارمین چەندە وتم واز لەم پیرەژنە بێنە. بە زۆری هەڵمانگرت و سواری ئۆتۆمبێلمـان کرد و هێنامـانە مـاڵی خۆیـان. ئێستا جلەکـانی دادەکەنـێ، تەلەفۆن بۆ ئاسایش دەکا و بە تاوانی ڕفاندن دێن دەمانگرن. ئەرێ شتی ڕفاندنی خەڵک چەند ساڵ زیندانەکەیەتی؟

- دە بێڵە بزانم ئێرە چ خەبەرە.

بابەک – ئـارمین ئەوەت لە بیر نەچێ. تۆ تۆمەتباری ژمارە یەکی. من دوو و ڕۆیای ماڵوێرانیش لەم پیلانە شوومەدا دەستی تێدا نەبووە.

من و ڕۆیا پێکەنین.

بابەک – ئەگەر وتیان مەبەستتان لەم کارە چی بوو؟ چی بڵێین؟ دەڵێین لە سەر جادە ئەم پیرەژنەمان بینی. بیر و خەیاڵی شەیتانی کەوتە مێشکمانەوە و ڕفاندمانە مـاڵی خۆمـان. ئێستاش کە دانمـان بە تـاوانی خۆمانـدا نـاوە داوای لێبووردنی لە دادگـا دەکەیـن. شتی دزراومـان بە بێ هـیچ خەیانەتێک گەڕانـدووەتەوە. سەیری بکەن کە سبەی نەڵێن شتێکی لێهاتووە. جووتێ چاوی ساغ، لووتێکی باریک و ڕێکوپێک، جووتێ لێو، بـاڵا ڕێکوپێک، ددانەکانی وەکوو مرواری سپی و جوانە. هەر دە پەنجەکەی وەکوو خۆیەتی.

- بابەک – عەمرت نەمێنێت.

لەم کـاتەدا یەکێ لە دەرگـای دا و دەرگـاکە کـراوە و دوو دانە کچی ژیکەڵە، بە جلی گارسۆنییەوە بە چەرخێک هاتنە ژوورەوە و سڵاویان کرد.

بـابەک – سـڵاو لە ئێمەوە. فەرموون. ئێوە بۆ زەحمەتتـان کێشا بـا خـۆم ئەو داشقەتان بۆ هەڵبگرم. خوا من بگرێ وا ئێوە ئەزییەتتان کێشا.

بە ئانیشک تێمکوتا و زوو وتی:

- ئاها سەیری بکەن، گەردن کێلییەکە لە سەری جیا نەبۆتەوە، سەر و ناوشان

و هەروەها هەر هەموو ئەندامانی لەشی تەندروستە و وەکوو خۆی ماوەتەوە.
کچەکان هەر وا ڕاوەستا بوون و سەرسامانە سەیری بابەکیان دەکرد و بابەک وتی:
- زمانیکی هەیە شیرینە وەکوو قەند، دەموچاوی هیچی لێ نەهاتووە. گەردن بلوور، ئینجا کچەکان کە هەر وا پێدەکەنین وتی:
- ئەوە سەرووپێی مەڕتان بۆ شی دەکەمەوە. سبەینێ تاقیکردنەوەی وانە سووتاوەکانمان هەیە.
- بابەک دەقەیەک گوو مەخۆ.
بابەک - ئەرێ لە کوێدا بووین؟
- ئیتر بەسە دادگا ئەمەمان لێ قبووڵ دەکات.
جارێکی تر دەنگی پێکەنینی داد زێڕتاکمان لە پشت سەرمانەوە بیست.
دادە زێڕتاک - بابەک گیان بە تەمای دانانی دووکانی قەسابیت؟
هەر سێکمان هەستاین. زێڕتاک جلێکی زۆر جوانی لەبەر کردبوو. دەتکوت شاژنە.
هاتە پێشەوە و ئاماژەی بەو کچانە کرد و ئەوانیش چا و میوە و شیرینییان لە سەر چەرخەکە هێنا خوارەوە و هەموو شتێکیان لە سەر مێزەکە دانا و ڕۆشتن.
کە تەنیا بووین بابەک وتی:
- ئای ڕۆژگار، خۆ ناکرێ باوەڕ بە کەس بکەیت. دادە زێڕتاک پارەی ئێمە بدە با بڕۆین. دوێشەو تۆمان هێنا بۆ ماڵی خۆمان. ئەوە بە پێنسەد حسێب بکە. سووپێکمان بۆ ساز کردی کە خۆمان خواردمان ئەوە دەبێتە سەد هەزار تمەن.
پێخەفی خەوتنەکەشت. ئەوە با سێنسەد هەزار تمەن بێت، بەرچاییشت خوارد و نانی نیوەڕۆ و گەرماوێک. هەر هەموو ئەمانە دەبێتە هەزار و پێنسەد تمەن.
سابوون و لفکەشمان پێدای بە بێبەرامبەر. ماڵەکەشمان وەکو نرخی هۆتێل حسێب کرد.
کەسێکمان ڕفاندووە کە هەر هەموو ئەندامانی لەشی تەندروستە و ساغ و سەلیم ڕادەستی دادگامان کردووە. تازە قەرزداریشین و دەبێ بچینە زیندان و

نەهرین

قەیناکە دەچینە بەندیخانە، بەلام ئاخە دایک و باوکمان چاوەڕیمانن.
دادە زێڕتاک لەبەر پێکەنین فرمێسک لە چاوی هات وتی:
- عەمرت نەمێنێ کوڕە.
بابەک – ئەوە پێدەکەنی دیارە شکاتمان لێ ناکەی. جا پێمان بلێ ئەمانە هی تۆیە؟
دادە زێڕتاک – ئەری. ئێرە و چەند شوێنێ تر.
بابەک - بە تەنیا ئەم کاروبارەت بۆ هەڵناسووڕێ وا چاکە ئێمەش ببینە هاوبەشت. ئێوە حسێب و کتێبەکەی بکەن و ڕاپەڕاندنی کاروباری دەرەکی با لە سەر ئەستۆی ڕۆیا بێت.
ئینجا قسەکەی بڕی و وتی:
- ئەوە چۆنە لە دوێشەوەوە هەتا ئێستا ئاوا لە پڕ دەوڵەمەند بوون؟
- دەرد. بابەک قسە مەکە. تکات لێ دەکەم.
ڕۆیا و داد زێڕتاک پێمان پێدەکەنین. کە ئەمەم وت سەیرێکی کردم و وتی:
- خەتای منە دەمویست دادە زێڕتاک لێرە ئیشێک بە تۆ بدات. دەمویست پێی بڵێم تۆ شەوانە لێرە بی و سەمای عەرەبی بکەی.
دیسان پێکەنین.
دادە زێڕتاک هاتە پێشەوە و چای بۆ تێکردین و خۆشی لە سەر مۆبلەکە دانیشت.
چاوم بە چاوی کەوت و پێم پێکەنی و وتی:
- چاکەت بخۆوە. ئەم بەسەرهاتە هەویرێکە ئاو زۆر دەبات. بەسەرهاتی من بەسەرهاتی شانامەیە. بەلام با ئەوەشتان پێ بڵێم شەست ساڵی تەمەنم بە لایەک و ئەوشەوەی وا لەگەڵ ئێوە بووم و ئەوڕۆ بە لایەک.
بابەک – خۆ بمزانیبایە ئاوا خواپێدون دوێشەو هەتا بەیانی باوەشێنم دەکردن.
دادە زێڕتاک – سەرەڕای ئەوەی نەتدەزانی دەوڵەمەندم، دوێشەو چوار جار هاتیتە سەردانم. بێدار بووم و پێم دەزانی.
بابەک – دەی ئێستا کە بێدار بوون ئێرە دەکەن بە ناومەوە؟

هەمووومان پێکەنین و دادە زێڕتاک وتی:

- ئێرە هەر ڕۆژە ڕەشییە. هەر خشتێک بە خوێنی دڵی کچێکی داماو و کزەی جەرگی قوربەسەرێک چۆتە سەر یەک.

بابەک سەیرێکی دەوروبەری کرد و وتی:

- بە قوربانی نالەی دڵ و بۆکڕووزی جەرگی داماوەکان بم. بەڵام ناڵە و بۆکڕووزیکی گرانیشە.

دادە زێڕتاک - ئەرێ بابەک گیان هیچ کام لەمانە نرخیان نییە.

بابەک کە حاڵەتی خەمباری گرتە خۆی وتی:

- ئەم خشتانەی ئێرە زۆر گرانە. تماشا دار و دیواری ژووری جلگۆڕینی ئەم هونەرمەندە. چەندە گرانە! یاخوا من بمرم بۆ نهێنیی بەزمەکانیان.

دادە زێڕتاک - شتێکی حیزی ئەح.

ڕۆیا - دادە زێڕتاک ماڵتان لە کوێیە؟

دادە زێڕتاک - هەر لەم شارەیە. هەڵبەت دەوروبەری شارە.

بابەک - ببوورن ماڵەکەشتان خشتەکانی لە ئاه و ناڵەیە. واتە ئەو شوێنەشی وا لەوێ دەژین هەر ئەو کچە داماوانەی لێیە؟

هەمووومان پێکەنین.

دادە زێڕتاک - شتێک بخۆن نانی شێو زۆری ماوە.

خۆشی لەگەڵمان میوەی خوارد هەتا ئەوەی کە کاک ئەرەیدوونی بەڕێوەبەری ئەوێ هات و وتی مێزی نان ئامادەیە. هەر چوارمان هەستاین و چووینە خوارەوەی هۆڵەکە.

مێزێکی جوانیان بۆمان ڕازاندبۆوە. لە بەرامبەرمان لە سەر سینەکە ئەندامانی مووزیک خەریک بوون خۆیان بۆ مووزیک ئامادە دەکرد. هەر هەموو مێزەکانی گیرابوونەوە. نزیکەی سەد و پەنجا شەست مێز لە ناو هۆڵەکە بوو. دانیشتین و خواردنیان بۆ هێناین. پاش نیوکاتژمێر بەرنامە دەستی پێکرد. مێزەکەمان ڕاست لە بەر دەم سێن بوو. خەڵک ئەو گۆرانیبێژەیان زۆر خۆش دەویست و گوڵبارانیان دەکرد.

به گشتی بۆ ماوەیەک بەرنامەکە ڕاگیرا و نانی شێویان بۆ هێنان ئەویش چ خواردنێک. چەند جۆر خواردنیان هێنا و لە سەر مێزەکەیان دانا. ئیتر لە سەر مێز جێگا نەبوو.

پاش نانی شێو بەرنامەی سۆزان خان دەستی پێکرد.

بەرنامەکە دوو کاتژمێری خایاند. ئیتر کاتی ڕۆشتن بوو. بە گشتی هەستاین و هاتینە دەرەوە.

خەڵک پارەی خواردن و خواردنەوەکەیان دانا و دەچوونە دەرەوە.

من و بابەک و ڕۆیا و دادە زێڕتاک لە بەر دەرگاکە ڕاوەستاین و بابەک وتی:

- دەستتان خۆش بێ دادە زێڕتاک. بە ڕاستی خۆشمان ڕابوارد. بە ڕاستی شەوێکی خۆش بوو.

زێڕتاک – ئەوە چییە؟ نەکا بە تەما بن بڕۆن؟

بابەک – ئەی چی بکەین؟ لێرە قاپەکان بشۆین؟

زێڕتاک خاتوون – من لەگەڵ خۆتان نابەنەوە؟

بابەک – با چۆن ناتبەینەوە؟ ترسام ئێرەمان پێ گسک بدەن؟

پێدەکەنیم لە ناکاو پەشۆکام.

بابەک سەیری کردم بە سەرسوورمانەوە وتی:

- ئەوە چیتە؟ ژاراوی بووی؟

- شیرین!

بابەک – شیرینیت پێخۆشە؟

- شیرینە. بە خودا شیرینە.

بابەک – ئەی چی ژیانی ئێمەی خوداپێداوان هەر وا خۆش و شیرینە.

پاڵم پێوە نا و بەرەو لای ئەو کچە چووم، کە سواری ئۆتۆمبێلێکی جوان بوو.

شۆفێر دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی بۆ کردەوە بۆ ئەوەی سوار بێت.

هەر گەیشتم وتم:

- شیرین.

ئاوڕێکی داوە و سەیرێکی کردم و ئینجا سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو. هاتم بچمە

لای، بەلام شۆفێرەکە نەیهێشت. ویستم پالی پێوە بنێم کە فریی دامە دواوە و بابەک هاتە پێشەوە و پالی پێوە نا و هەتا لای ئۆتۆمبێلە فریی دا.

ئینجا هاتە پێشەوە و منی گرت. ڕۆیا بە ئینگلیزی بە شۆفێرەکەی وت:

- ببوورن. داوای لێبووردنتان لی دەکەم.

شۆفێرەکە بە لاچاویکەوە سەیری کردین و سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو. هاتم دیسان بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکە بچم کە دادە زێرتاک بە شیرینی وت:

- بابەک توند بیگرە با نەڕوات.

هەتا ئاوڕم داوە و سەیری دادە زێرتاکم کرد ئۆتۆمبێلەکە ڕۆشتبوو. لە ساتەوەختی کۆتاییدا شیرین لە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە بە سەرسوورمانەوە سەیریکردم. ڕوانینەکەی چەند چرکەی خایاند. بەلام ئیتر دلنیا بوومەوە کە شیرین بوو.

ئۆتۆمبێلەکە کە ڕۆشت بابەک و ڕۆیا و دادە زێرتاکم بینی، کە بە سەرسوورمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد.

- بابەک بە وەلا شیرین بوو.

بابەک – بیسمیلا، بیسمیلا. دەی چی تریش؟

- باوەڕ ناکەی؟

بابەک – من چی لە تۆ بکەم؟ دلت چووە لەو کچە بۆچی وەکوو دڕندە و شت بەرەو لای چووی؟ ئەو کچە فەقیرە وایدەزانی دەیخۆی. ئا لەم کاتانەدا بە گوێمدا بسرتێنە خۆم دەچم بۆت جێبەجێی دەکەم. تماشا بە قوربان کچ دەبی لە پێشدا بچیتە لای. وەکوو وایکینگەکان بچیتە لای دەردەپەڕێت.

- ئەرێ دە گوو مەخۆ وادەزانی بۆ حیزە حیزمە؟

بابەک – ئەی کچەت بۆچی دەویست؟ وا بەرەو لای ڕاتکرد؟ شیرینیش بایە هەر وا ڕایدەکرد. وایدەزانی عەرەبەکانن دەیانهەوێ پەلاماری بدەن.

- بچۆ سواری ئۆتۆمبێل بە با بچین بە دوایدا. دەبی بزانم مالیان لە کوێیە.

بابەک – ئێستا دەبی بە فانتۆم بچین بە دوایدا بۆ ئەوەی بزانین مالیان لە کوێیە؟

- عەمرت نەمێنێ بابەک.

چوومە سەر جادە بۆ ئەوەی سواری تاکسی بم و بچم بە دوایدا بابەک وتی:

- دەتەوێ چی بکەی؟

- دەمەوێ بچم بە دوایدا تۆش حەقت بە سەر هیچەوە نەبێت.

زێڕتاک خاتوون – ئارمین. پەلە مەکە. من ئەو کچە دەناسم.

دادە زێڕتاک – تۆخودا بە ڕاستتانە؟

زێڕتاک خاتوون – ئەرێ بە قوربان، ئەرێ گیانەکەم، تۆ کەمێک هێور بەوە پێت دەڵێم.

- ناوی شیرینە؟ وایە؟

دادە زێڕتاک – ناوی نازانم چییە. نازانم ئێرانییە یان نا. چاو و برۆ جوانەکەی لە ڕۆژهەڵاتی دەچێت. لە ڕۆژهەڵاتییەکی ڕەسەن. هەتا ئێستا قسەم لەگەڵ نەکردووە تا بزانم خەڵکی کوێیە. ئەوەندە جوان وێنەی دەموچاوی لە زەینمدا ماوە.

بابەک هاتە پێشەوە و دەستی گرتم و بە دوای خۆیدا کێشامی و وتی:

- نە بەو کورە بە ئەدەبییەت و نە بەو سەرکێشییەت. کەمێکی مابوو لای هەمووان حەیامان ببەی. هەرچی نەختە نەختە حەیامان کۆ کردەوە تۆ بە جارێ هەمووت برد. ئێستا دەڵێن پوورزایەکی نەجیم و پاک و ڕێکوپێکی وەکوو بابەک و کوڕێکی پاتۆل پڵیت و داوێنپیسی وەکوو ئارمین.

- ڕاوەستە با دادە زێڕتاک ئادرەسەکم بداتێ.

بابەک – نانەجیم بیست و چوار کاتژمێر خۆت ڕاگرە بزانین چ قوڕێ دەتوانین بیکەین بە سەرماندا. ئاگرێکت لێدەن گڕپە دەکەی.

زێڕتاک – ئادرەسەکەم نییە. بەڵام دەتوانم بۆتی بدۆزمەوە مانگی جاری دێتە ئێرە.

- واتە هەتا مانگی دیکە نایەتەوە؟

بابەک – هەتیو چەند هەوەسیت.

- تۆ عەقڵت پێناشکێ. گووی زیادی مەخۆ.

بابەک – راستە عەقلم بە هیچ ناشکێ، بەڵام خۆ شاردزام. جاری ئەم ساڵە لەگەڵ شیرین بە هەتا کاریکت بۆ دەکەین. دەی شیرین نەبوو هەنگوین. نەبوو مرەبا. نەبوو مارمالاد، نەبوو کلۆیەک قەند. ئیتر دەرد و قوزەلقورتێک هەر دەبێ ئەم مانگە بیخۆی و توخمت نەتکێ.

- بابەک تۆ نازانی من دەبێ ئەمشەو شیرین بدۆزمەوە.

بابەک – ئاخە پاتولپیس من بەم شەوە شیرینت لە کوێ بۆ بدۆزمەوە؟ وەرە ئەم نوقڵە بخە دەمت بیمژە و دە دەقە گوو مەخۆ بزانین چیمان لە دەست دێت. تووشی چ دەردەسەرییەک بووین خودایە گیان؟ ئەی ئەودەم دەموت کورە چی زۆرە کچ بۆچی ئەوکات گوێت پێنەدەدام؟ ئیستا ئاوا گڕت گرتووە؟.

- ئەرێ دا دەمت داخە.

دادە زێڕتاک – بابەک گیان بچۆ ئۆتۆمبیلەکە بێنە.

بیابەک – دەترسم برۆم و ئەمە هاشاولی کچی خەلک بدات.

پێکەنینم هات. رۆیا و دادە زێدتاکیش دەستیان کرد بە پێکەنین.

بابەک – ئەها. دیارە کەسایەتییە پەلیت و پەستەکەی وازی لێهێنا. بەڵام هەر دەبێ وریای بین پاشلەرزەکانی هەر ماون.

بابەک رۆی ئۆتۆمبیل بێنێ. منیش ڕاوەستام و جادەکەم سەیر دەکرد.

پاش نیوکاتژمێر گەیشتینە ماڵەوە. دادە زێڕتاک چای ساز کرد و منیش چوومە گەرماو و کاتێک کە گەڕامەوە بابەک هەموو شتێکی بۆ دادە زێڕتاک گێڕایەوە. لە فکردا بوو. کە منی بینی وتی:

- بە ڕاست تۆ خەوی شتی وا دەبینی؟

- بەڵێ دادە زێڕتاک.

دادە زێڕتاک – هەموو شەوی شیرین هەر جارەو بە جلوبەرگێکەوە دەردەکەوێ؟ واتە هەر جارەو جلێکی لەبەرە یان جلەکانی ناگۆڕێ؟

- بەڵێ هەموو جارێ جلەکانی دەگۆڕێت.

بابەک – ئارمین گیان جوان بیر لە پرسیارەکانی دادە زێڕتاک بکەرەوە. مەبەستییان ئەوەیە تۆ هەر جارێک خەون دەبینی؟ یانی ئەو خەوەت بۆ دووبارە

دەبینەوە؟

- هەر جارەو بە جۆرێک ئارایشت و جلوبەرگ و کەوهەر و خشلەوە دەیبینم. بۆ شەوەکەی دیکە جلەکانی دەگۆڕدرێت.

بابەک – هەتا ئێستا بە مایووە هاتۆتە خەوت؟

- بابەک گوو مەخۆ.

هەموومان پێکەنین. خۆشم پێکەنیم.

بابەک – بابەتەکە ئاڵۆز بووە.

دادە زێڕتاک – قسەکانی چۆنە؟ کە دێتە خەوت بە جوانی قسە دەکات؟

- بەڵێ.

دادە زێڕتاک – کە پرسیارت لێدەکا جوان وەڵامت دەداتەوە؟

- نا وەڵامی هەموو پرسیارەکان ناداتەوە.

زێڕتاک – ئەی شوێن؟ لە کوێ یەکتر دەبینن؟

- جارێکیان لە ناو هۆڵێکدا بوو. جارێکیان چووینە تەلاری خەسرەو پەروێز. جارێکیان لە ناو باغێکدا پیاسەمان دەکرد.

بابەک – هەر هەموو باغەکەتان بینی؟

- فشە مەکە بابەک.

زێڕتاک – قسە بکە دەی؟

- جارێکیان لە گوێی کانییەک دانیشتین. جارێکیان لە باغێکدا بووین کە خەسرەو پەروێز بۆی ساز کردبوو کە هەسێلێکیشی هەبوو و لەوێ پێکەوە دانیشتین.

زێڕتاک خاتوون – باس لەو دنیا هیچ ناکات؟

- با تەنیا ئەوەی کە لەم دنیا هەر کەس بەڵێنی نەباتە سەر و پەیمانشێکێن بێ و دڵی هەر کەس برەنجێنێ ئەوە لەو نیا هەر وا لێی دەرناچن.

بابەک – خوا ڕەحمم پێ بکا هەتا ئێستا بەڵێنی خوازبێنی و دەزگیرانداری و گواستنەوەم بە سەدان کەس داوە و هەموویانم لە خشتە بردووە.

- داماو لەو دنیا باشت تێهەڵدەدەن. فریشتەی ئەشکەنجە لە کۆڵت نابێتەوە.

بابەک بە پێکەنینەوە – قەیناکە. جا فریشتە بێ و ئەشکەنجەت بدا ئیتر بە جۆری

تابشت دینین.

- نا کاکە گیان لەو دنیا کەس فریای کەس ناکەوی.

بابەک – دە برا چی بکەم لەم ولاتە ناهیلن لە ژنی زیاتر ببینین.

- لەو دنیا شایەتیت بۆ نادەم.

بابەک – لەو دنیا شایەتیی پرووپووچیکی وەکوو تو قبوول ناکریت.

هەموومان پیکەنین.

- بابەک وەلا بە ڕاستمە. ئەو دنیا هەموو شتیک حسیب و کتیبی خوی هەیە.

بابەک – چ گیریکمان کردووە. نەدەکرا چەند سال بەر لە ئیستا ئەم خەوانەت ببینیبایە؟ ئیستا دەبی دانیشم بزانم درۆم لەگەل کی کردووە بچم گەردن ئازاییان لی بخوازم. هەستە ڕۆیا گیان. بچۆ مالی خۆتان نیوەشەوە. خۆ بەلینم بە تۆ نەداوە سبەی مشکلۆزمەی تۆش بم؟

ڕۆیا هەستا خواحافیزی کرد و ڕۆشت. من و بابەک و دادە زیرتاک ماینەوە. بابەک چوو سینییەک چای بۆ هینایَن. زۆر وەڕەز بووم. بە دادە زیرتاکم وت:

- ئیوە دلنیان شیرین مانگی جاری دیتە ئەوی؟

دادە زیرتاک – ئەوەندەی من بزانم مانگی جاریکە. ئیستا چووزانی ئەو کچە ناوی شیرینە؟

- هەر لە خۆمەوە وتم؟

بابەک – ئارمین بە ڕاست تۆ باوەڕ بەو خەوانە دەکەی؟

- تۆش لە جیی من بایەی باوەرت دەکرد.

بابەک – باشە شیرین چی لە تۆ دەوی؟ تۆ چیت لە دەست دی بۆ بکەی؟ زۆر زۆرەکەی شەوی هەینیانە، چوار سینی حەلوا و خورما دەکەی بە خیر. لە بیرم نەچی بەیانی بچم کەمیک ئارد بکرم بیکەم بە حەلوا.



دادە زیرتاک پیکەنی و وتی:

- زۆر سەیر دەبی. لەم ولاتەدا هەموو شەوی هەینییەک ئارمین حەلوا ببات بۆ دەر و جیرانەکان. ئەویش ئەو دراوسی و جیرانانە؟ هەموویان بیانین.

بابەک – دەیجا چییە؟

زیڕتاک – ئەگەر وتیان ئەمە چییە چی دەڵێی؟ دەتهەوێ پێیان بڵێی بیخوێن و فاتیحا بنێرن؟ باشە ڕۆڵە گیان ئەو دایک و باوکەت چەند ساڵ زەحمەتیان پێوە کێشاوی، دەرسیان پێخوێندووی، دیپلۆمیان پێگرتووی، کردووتیانە بە ئەندازیار. لای ناخێر تۆ خوێندەواری باشە قاپێک حەڵوا چ سوودێکی بۆ مردوو هەیە؟ ئەویش حەڵوایەک کە چوار کەس دەیخوا کە دەستڕۆیشتوون و باری ئابوورییان باشە.

بابەک – بۆ یادەوەریی ئەو مردووەیە.

زیڕتاک – ئازیز گیان ساڵی دووهەزارە. یادەوەریی مرۆڤێک یان چاکە یان خراپە. ئەگەر چاک بێ ئەوە پاداشتی خۆی دەبینێتەوە و ئەگەریش خراپ بێ ئەوە بە سەد سینییە حەڵوا تەوفیری نییە. دەتهەوێ لەم دنیا بەرتیل بۆ ئەو دنیا بنێری؟ تۆ هیچ دەزانی فەلسەفەی خێر و خێرات چییە؟

بابەک – نەوەڵا لە گەورەکانمانەوە فێر بووین.

زیڕتاک – دە هەر ئەوەیە بۆیە لە دواین.

بابەک – دەڵێی خێر و چاکە بۆ مردووەکانمان نەکەین؟

دادە زیڕتاک – با، بەلام نە حەڵوا کە هەر کەوچکێکە و هیچی تر. خێر و خێراتێک بکە کە بایەخی هەبێت. حەڵوا و خورما هی ئەو سەردەمانە بووە، کە یان قاتی بووە یان خەڵک دۆخی ئابوورییان ئەوەندە خراپ بووە، کە پیاو پیاوی دەخوارد. جا بۆچی خورما و حەڵوایان داناوە چوونکە دوو شتی هەرزانن و سکێکی زیاتریان تێر کردووە.

بابەک – دڵمان بەوە خۆشە سبەی ڕۆژی مردین منداڵەکانمان دوو کەوچک حەڵوا دەکەن بە خێر و شەوی هەینیانە ڕۆحمان دێتە سەربانیماڵەکانی خۆمان. ئێمە لای مردووەکانی تر سەرمان بەرزە.

دادە زیڕتاک – ماڵی ئەو خەڵکە وێران بێ وا تۆ ولاتیان بۆ هەڵدەسوورێنێت.

- دادە زیڕتاک بابەک بە شۆخییەتی.

دادە زیڕتاک – هەتیو منت پێ گێلە؟!

- دادە زیڕتاک ناکرێ پرسیار لە بەڕێوەبەر و کرێکارەکانی بکەی بزانە ڕەنگە

ئەدرەسی شیرینیان هەبێت.

بابەک – یاخوا تۆ بمری و من ئەوەندە بۆ خێر شیرینی بێنمە سەر گۆڕەکەت، کە ئیتر شیرین شیرین نەکەیت. هەتیو ئەوە تۆ بیزوو (مەگیرانی) بە شیرینییەوە ناکەی؟ بە خوا ئەوە بیزوو بە شیرینییەوە دەکەی.

- تۆ ئەمانە لە کوێ دەزانی هەتیو؟

بابەک – کاتێ دایکم سکی بە منەوە بووە مەگیرانی بە شیرینی کردووە. باوکم چووە کۆڵێ شیرینی بۆ کڕیوە و منیش لە سکی دایکمدا دانیشتبووم و دەمم باقەیەک کردبۆوە و هەر شیرینی و زلووبیا و بامییەم دەخوارد. جارێکیان لە بیرمە دایکم کەوچکێک ترشیاتی خوارد. لە سکیدا لەقەیەکم لیدا سکە شۆرەی گرت. هەموو وتیان ... سکەکەی کوڕە، هەر شیرینی پێخۆشە.

دادە زێرتاک پێدەکەنی و وتی:

- خوا لێت هەڵنەگرێ.

بابەک – ئەرێ دادە زێرتاک ئەوە دوێنشەو بۆچی ناوی هاونیشتمانیمان دەهێنا تۆ تووڕە دەبووی و جوێنێکت ئاراستەمان دەکرد؟

- بریا پوورم ئەو کەوچکە ترشییەی وا خواردی تۆی پێ لەبار دەچوو. ماڵتە مێشکی سەرمانت برد.

بابەک – ئەرێ ئارمین ئەوە لە بیرم نەبوو ئەورۆ کتێبێکم بۆت کڕیوە. لە ناو کتێبخانەکەدا بۆم داناوی هەلیگرە بیخوێنەوە.

- گیانی من بە درۆت نییە؟ کتێبی چییە؟

بابەک – کتێب نییە. کتێبی بیرەوەرییەکانی شیرینە. چووم کتێبی شیعری نیزامی گەنجەویم بۆت کڕیوە با بیخوێنیتەوە. کتێبی شیعری خەسرەو و شیرینە.

- شتێکی لووسکەی بابەک؟

بابەک – با بزانم ئەومە دوێنشەو هەرکە ناوی هاونیشتمانیمان دەبرد ئەم دادە زێرتاکە سەروگوێلاکمانی دەهێنا خوارێ.

دادە زێرتاک – واز بێنە بابەک.

بابەک – تۆخوا دادە زێرتاک بۆمان بگێڕەوە با ئارمین لە کوڵمان بێتەوە و

باسی شیرین نەکات.

دادە زێڕتاک پێکەنی و وتی:

- بەسەرهاتێکی دوور و درێژی هەیە. کاری نیوکاتژمێر نییە.

بابەک – دەی چی زۆرە کات. بەسەرهاتەکە دەکەینە زنجیرەیی و هەر شەوەی نیوکاتژمێریمان بۆ بگێڕەوە.

دادە زێڕتاک پێکەنی وتی:

- دەگەر وایە بچۆ سێ چامان بۆ بێنە با زنجیرە دراماکە دەست پێ بکەم.

بابەک – دە ئارمین بچۆ چاکە بێنە، من ڕیکلامی بازرگانییەکە ٥٤ خولەکە بلاوی دەکەمەوە.

هەر سێکمان پێکەنی و من هەستام و چووم چاکەم هێنا.

بە دەور یەکەوە دانیشتبووین و بابەک جگەرەیەکی داگیرساند و دادە زێڕتاک وتی:

- دانەیەکیش بۆ من داگیرسێنە.

بابەک – بە سلامەتی ئێوە کە دووکەڵین. پێموا کەمێک زیاتر لەگەڵ یەک بین ئەوە بەزمی هێرۆیین و تریاک و عارەقیش دەکەینەوە.

زێڕتاک – ئەو سەگباب خاوەنەم بدەیە. من لە ژیانمدا زۆر کارم کردووە. ئەمانە بە نینۆکە بچووکەکەشم نابن.

بابەک – بە کوڵی ئەزموونەوە دەتهەوێ ئێمە لە ڕێ بەدەر بکەیت.

هەر سێکمان پێکەنین و داد زێڕتاک دەستی کرد بە قسە کردن.

## بەشی یازدەهەم

دادە زێڕتـاک – پـێش هەمـوو شـتێ هەمـوو کەس بە مـن دەڵـێن زێـڕە. ئەوەی ڕاستی بێ کە ئێوە پێم دەڵێ دادە زێڕتـاک، وادەزانـم بـانگی یەکێکـی دیکـە بـانگ دەکەن. نـاوی زێڕتـاکم بە لاوە نـامۆیە. جگە لە دایـک و بـاوکی خوالێخۆشـبووم هەمووان من بە زێڕە بانگم دەکەن.

لە ناکاو پێکەنی و وتی:

دەزانی چی هەندێ پێیان دەوتم زێڕە شووشە. زۆر جوان و شیرین و ژیکەڵە و باڵابەرز و ناوقەدباریک بووم. زێڕە شووشە. لە تاران بەم نـاوە نـاوم دەرکردبوو. چاو و برۆیەکم بوو گورچکی پیاوانم دەبری.

بـابەک – خوا لە دایک و باوکم هەڵنەگرێ. ئەوەنـدە منیـان درەنـگ خستەوە کە هاوسەردەمی ئێوە نەبووم. چ دەرفەتێکی زێڕینم لە کیس چووە!

دادە زێڕتاک لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی وتی:

- عەمرت نەمێنێ هەتیو.

بابەک – بە خوا من هەر قسەم هەیە. کە دێتە کاتی کردەوە دەست و قاچمم لێ تێک دەچێت.

- بابەک ئەرێ دە بێڵە با دادە زێڕتاک قسە بکات.

دادە زێڕتاک – تۆخوا پێم مەڵێن زێڕتاک پێم بڵێن زێڕە.

بابەک - فەرموون دادە زێڕە.

دادە زێڕە – دایکە داماوەکەم هیچ لە ژیان خۆشی نەبینی. داماو شەوانەش کاری دەکرد.

بابەک – بیبوورە دایکت لە ئیدارەی ئاگرکووژێنەوە بوو؟

هەرسێکمان پێکەنین.

- دایکت بۆچی ئەوەندە کاری دەکرد؟

دادە زێڕە – چوونکە یازدە دانە منداڵی هەبوو. هەمووشی بە دوای یەکدا. ئێمە یازدە منداڵ بووین و لەگەڵ دایک و باوکم لە گوندێکی لای شاری تاران ژیانمان دەکرد. پارچە زەوییەکمان هەبوو و ساڵێک تێیدا ئیشمان دەکرد و دوای ساڵێک کەمێک تێر سکمان نانمان دەخوارد. ئەویش تێر سک نان و پەنیرمان دەخوارد.

بەڵام هەموو ساڵێکیش وا نەبوو. وشکەساڵی تینی دەسرەواندین، مەزراکەمان پەتا لێی دەدا، دەڵاڵ پارەکەی کاتی خۆی نەدەدا. ئیتر هەر بەردی سارد و گەرم دەهاتە بەر پێمان. کە ئەمانەی دەڵێم قسەی گیرفانم نییە. هەموو ئەم بەڵایانەی کە باسی دەکەم بەسەرم هاتووە.

- یازدە منداڵ زۆرە.

دادە زێڕە – دەزانی بۆچی ئەوەندە منداڵیان خستۆتەوە؟ چوونکە باوک و دایکم کوڕیان دەویست. خوداش کوڕی نەدەدا. دەگەینە ئەوەش.

دایکە داماوەکەم بە ڕۆژ خەریکی شیو و کوڵ بوو،و یان منداڵێکی دەدا بە کۆڵدا و یەکیان لە باوەش دەکرد و ئەوانی دیکە وەکوو پشقەڵ بە دوایدا بەرەو مەزرا دەڕۆشتن. کە دەچووینە سەر مەزرا هەر یەکەو لە ناو ئەو زەوییەدا دەتلاینەوە و دایکشیم دەچووە لای باوکم. خوا سیانمانی بردەوە و ئەوان ئاسوودە بوون. لە سەر زەوی دووانمان مار پێوەی دان و یەکیان کەوتە ناو بیر.

ئەو دووانەی مار پێوەی دان دەستبەجێ ڕەش و شین بوونەوە و مردن. ئەوەشیان وا کەوتە ناو بیر هەرچی باوکە باوکەی کرد هەتا باوکم وەخۆ کەوت ئەو نووقم بوو و مرد.

- هەر وا ئاسان؟

دادە زێڕە – لەوەش سادەتر. بۆ مردنی هەر سێکیان دایکم کەمێ گریا و باوکم دڵخۆشی کرد کە هەر ئەو شەوە لە بری ئەو دانەیەک بکێڵێت.

من و بابەک سەیری یەکترمان کرد و بابەک وتی:

- دەک لەبەر ئەو باغەوان و زەوییە پڕپیتە مرم.

هەر سێکمان دیسان پێکەنین.

دادە زێڕە – خوا بمگری ئەگەر بە درۆم بێت. وەڵا بە ڕاستمە. دەی فشە مەکە با بەسەرهاتی خۆم بگێڕمەوە. ئەمجار بپەڕنە ناو قسەکەم قسەکەم لە گەرووما گیر دەکا و ئیتر هیچم بۆ ناوترێت.

ئەو کات لە گوندەکەی ئێمە هەر کەس کوڕی نەبوایە شوورەیی بوو. باوکی منیش بەوەی کە کوڕی نەبوو هەستی بە شەرمەزاری دەکرد کە کوڕێکی نییە ببێتە گۆچانی پیری. هەر لەبەر ئەوە دایکم هەموو ساڵی منداڵێکی دەخستەوە کە بەشکەم ئەمەیان کوڕ بێت. بەڵام خواگیان پێی نەدان.

یازدە دانە کچی کوێر و کەچەڵی پێدان.

تۆ بزانە کچ و ژن چەندە گوناح بوون، کە بوونیان شەرمەزاری بوو. پێتان وانەبێ ئێستا دۆخەکە باش بووە. ئێستاش زۆر کەس وا بیر دەکاتەوە. ئەمە نەهامەتییە، ئەمە داماوییە. چاک بوو دایکم لە سک وێستاوە دەنا سەربازخانەیەکی پێشکەشی باوکم دەکرد.

بابەک – بریا سەربازییەکەمم لەو سەربازخانەیە بکردایە.

- ئیتر ماینەوە هەشت دانە خوشک. تەمەنم دە ساڵان بوو. ئیشی ئێمە ئەوە بوو کە لە کەرەی بەیانییەوە هەڵدەستاین و کەمێک نانمان دەخوارد و دەچووینە سەر مەزرا. ئیتر هەر کاری بوایە دەمانکرد، بژارمان دەکرد جووتمان دەکرد، گیامان دەدوورییەوە. دروێنەمان دەکرد، ئیتر ئێمەی داماو وەک کەر کارمان دەکرد و لە ئاخرییەکەیدا باوکم سەرێکی ڕادەتەکاند و دەیکوت داخەکەم بۆ کوڕی بمحەسێنێتەوە.

باوەڕ بکەن ئەم چەند کچە منداڵ و پێنەگەیشتووە بارتەقای پیاوێکی زل کارمان دەکرد و تەنانەت بۆ ئەوەی پیشانی بدەین کە لە کوڕ کەمتر نین و ئیتر باوکم بۆڵەی کچبوونمان بە سەردا نەکا، کاری وەهامان دەکرد کە پیاو نەیدتوانی. بەڵام

دواتر باوکم ئاخی هەڵدەکێشا ئاخ لە بانی ئاخ. ئیتر وای لێهات خۆشمان هەستمان دەکرد کە لە کوڕێک کەمترین. ئەمە بەرنامەی کاری ڕۆژانەمان بوو. لای پاشنیوەڕوان دەهاتینەوە بۆ ماڵەوە. دەبا کەمێک ماندوویتیمان دەربکردایە و گەورمان خاوێن بکردایەتەوە و لە بەر ڕووناکییەکی کەم تەونمان بکردایە. تراکتور ئەوەندەی ئیش نەدەکرد ئێمە ئیشمان دەکرد.

هەموو ئەم داماوییانە بە لایەک و ئاخ و ئۆفی باوکم بە لایەک و خەفەت خواردنی دایکشیم بە لایەک. دەبێ یەکێ ئەمانە بکات بە فیلم، پێنسەد دانە خەڵاتی ئۆسکار دەباتەوە و ئەم بیانییانە بزانن لە وڵاتی ئێمە لە دێهاتەکانماندا کچان چ کوێرەوەرییەک دەکێشن. ئەها لە بیرم چوو ئەوە بڵێم. باوکم هەستێکی ناسکی هەبوو. ناوی هەموو ڕووەک و دەوەن و میوە بێستانییەکانی لە سەر ئێمە نابوو. زێرتاک، گوڵبەهار، تورەنج، ڕەیحانە، گەنمبۆ. هەموو جۆرە ناوێکمان هەبوو. باوکم لەو کاتەدا کە ناوی ئێمەی دەنا بۆنی بە هەر چییەوە کردبایە جا درەخت یا دەوەن یا گوڵ و میوە هەر شتێک با ئەوە ئەو ناوەی لێمان دەنا. ئەو هەشت کچە حەوتمان لە باوکم دەچووین و منیش لە دایکم دەچووم. خوالێخۆشبووی باوکم ناشیرین بوو، بەڵام دایکم تا لە سەری دانێی جوان بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو هەر من خوازبێنم هەبوو. باوکم دەیکوت هەتا گەورەکە نەدەمە شوو کچە گچکەکە نادەم بە شوو. هەر کاتێکیش خوازبێنەکە پەیام و هەواڵی بۆ دەناردم خوشکە گەورەکەم چەپۆکێکی دەدا بە سەرمدا.

پاش سێ چوار ساڵ. باوکم سەرشۆڕیی بێکوڕی بۆ تامووڵ نەکرا. چوونکە باوکم خۆیان پێنج کوڕ و سێ کچ بوون. خەڵک ئەوەندە بە باوکمیان کوت کەمەری شلە و نوتفەی لاوازە، هەڵمانێکرت و بەرەو تاران وەری کەوتین. کە لە ئۆتۆمبێل دابەزین هەموو دەورەیان داین سەیرێکی دەوروبەر و سەیرێکی باوکمان دەکرد.

گێژ و وڕ ببووین، هەشت دانە کچ لە ناو شارێکی نامۆ. باوکیشم دۆخی لە ئێمە باشتر نەبوو.

لەگەڵ ئەوەی ڕاوەستابووین و ماتەممان دەگێرا کە چی بکەین و بچینە کوێ پیاوێکی تەزبیح بە دەست وردە وردە هاتە لامان و وتی: "کەربەلایی ئەوە بۆ ئاوا سەرسامی؟"

باوکم بە بیستنی ئەوەی کە ئەو کابرایە پێی وت کەربەلایی گەشاوە و دەستی کرد بە دەستلێدانەوە و ماچ کردن. دەتکوت سەد ساڵە یەکتر دەناسن. بە گشتی کاتێ زانی نامۆین و شوێن و جێمان نییە هەڵیگرتین و سواری دوو دانە داشقەی کردین و لە بەر دەم ماڵێکدا دایبەزاندین، وتی کەربەلایی لێرە ماڵ بە کرێ دەدەن. باوکم پێی وت ئێرە شوێنێ باشی شارە؟ ئەو کابرا وتی: لێرە باشترت وەگیر ناکەوێ. باوکم ویستی کەمێ پارە بەو کابرا بدا ئەو کابرا نەیویست و هاتە پێشەوە و باوکمی لە باوەش گرت و پاش ماچ و مووچ ماڵئاوایی کرد و ڕۆشت. باوکم چاوی پڕ بوو لە ئاو و وتی ئەم تارانە پیاوی چاکی تێدایە.

خەریک بووین دوعای خێرمان بۆ ئەو کابرا دەکرد کە باوکم دەستی کرد بە گیرفانیدا و لە پڕ وتی: دەک شیری دایکت وەک چلکی سەگ لێت حەرام بێ سەگباب. خۆ گیرفانمی ڕوتاندەوە. جا چاک بوو باوکم پارەکەی دەخستە ناو توورەکەیەک و تەنیا کەمێکی دەخستە گیرفانی. خۆ ئەگەر پارەکەمانی هەمووی دزیبوو خۆ داماو دەبووین. ئیتر باوکم لەبەر ئەمە شوکرانە بژێری خوای گەورەی بە جێهێنا و چووە ماڵەوە و پاش چەند خولەک لەگەڵ پیاوێکی قەڵەوی تەمەن نزیکەی پەنجا ساڵ و کەمێک کە عارەقگیرێکی پیسی لەبەر بوو و خستبوویە سەر پێژامەکەی هاتە دەرەوە و ئێمەی بەو کابرا ناساند و وتی: "فەرموو حاجی نیعمەت. ئەمەش ماڵ و حاڵ."

مەبەستی باوکم لە ماڵ و حاڵ ئێمە بووین. پیاوی قەدیم ژن و منداڵیان پێ کەرەسەی ناوماڵ بوو. حاجی نیعمەت لە کاتێکدا کە پێژامەکەی هەڵدەکێشا سەیرێکی ئەو دوو خوشکە گەورەمی کرد و وتی مەشەدی شوێنم بۆ خێزانی زۆر نییە.

باوکم وتی: تۆ کرێکەت وەرگرە حاجی، چت داوە ئێمە زۆرین یان کەمین؟

حاجی نیعمەت وتی: "ئێمە بە پێی ڕێژەی ئەندامانی بنەماڵە ماڵ دەدەین ئێوە بێن زۆرن دەیشێوێنن. لە دوو توالێت زیاتریشمان نییە. ئاویش ئاوی ئەمباراوە ئەم هەمووە تێر ناکات. ئینجا هنگێکی کرد و منیش لە دەنگی هنگەکەی پێکەنینم هات. گەڕاوە و سەیری کردم. سمێلی بزوا و لائیلاهە ئیلەلایەکی کرد و سەری خوراند ئینجا بە باوکی وت: مەشەدی خۆشم لێت هات. چەند نەفەرن؟" باوکم وتی: دە کەسین.

حاجی نیعمەت لە ژێرەوە سەیری دەکردم و وتی: "بڕۆنە ژوورەوە. بە ئەبووەلفەزل قەسەم خێرم پێکردن. دەنا ئەو دوو دیوە بە کەس نادەم."

کە ئەمەی وت باوکم دەستی کردە ملی و ماچی کرد و بە ئێمەی وت کچەکان شمەکەکان هەلگرن و بچنە ژوورەوە. من چارشێوەکەم لە پشتم ئالاند و ئەوان چوون و منیش بە دوایاندا. پڕیسکەیەکم هەلگرت و بە لای حاجیدا تێپەڕیم لە پڕ هەستم کرد شتێک دای بە قاچمەوە. هەنگێک دای بە لاقمەوە. هاتم بزریکێنم کە حاجی نیعمەتم بینی کە دیسان دەستی بەرەو لای لاقم هێناوە. زانیم ئەم کەرەپیرە نقورچکی لێگرتبووم. ئیدی نەمزریکاند و دەنگم دەرنەهات کە نەکا باوکم ئاورێک بکاتەوە. خێرا ڕامکردە ژوورەوە. ئەو کات تەمەنم چواردە پازدە سالان بوو. نازانم ئەم پیاوە زلە چی لێ کردبووم؟ دەیویست یاریم لەگەل بکا دەیویست ئازارم بدا؟ دواتر زانیم کە ئەوە دەیویست پێم حالی بکا کە دلی لێم چووە. هەلبەت کەرانە خۆشەویستیی خۆی دەربڕیبوو.

ئیتر شمەکەکانمان لە ناو دوو ژووردا دانا. دایک و باوکم فەرش و مافوورەکانیان ڕادەخست و من و دووان لە خوشکەکانم کە لە خۆم گەورەتر بوون، گەڕاینەوە دەری بۆ ئەوەی چەند دانە پڕیاسکەی دیکەش بێنین. خوشکە گەورەکەم پڕیاسکەیەکی دا بە دەستی ئەوی ترمانەوە و ناردییە ژوورەوە و پڕیاسکەیەکیشی دا بە من و وتی: "زێڕە ئاگات لێ بێ نەیخەی، کووپی تێدایە." خوشی پڕیاسکەیەکی هەلگرت و لە پێشمەوە ڕۆشت. خۆی لە پێشەوە دەڕۆشت و منیش لە دواوە. ویستمان لەبەر دەم دەرگاکەدا تێپەڕ بین کە لە ناکاو دەستێک هاتە

پێشەوە و خوشکەکەمی بردە ژوورەوە. منیش سەرسامانە هەر وا سەیرم کرد.

چاوم بە ژوورێکی تاریک و نووتەک کەوت کە کوڕێکی تەمەن بیست و ئەوەندە ساڵ خوشکەکەمی لە باوەش گرتبوو. هاتم بقیژێنم کە خوشکەکەم وسی لێکردم کە دەنگ نەکەم.

وامزانی لە ترس باوکمە کە دەڵێ دەنگ مەکە. هاتم بچم لە کوڕە بدەم کە بینیم خوشکەکەم پڕیاسکەکەی لە سەر سەری داناوە و بە دەستێکیشی چارشێوەکەی گرتووە و هێورانە بە ئانیشکی پاڵی بە کوڕەوە دەنا. ئەوەم پێ سەیر بوو، کە بۆچی پڕیاسکەکەی فڕێ نادا و شەقێک لە کوڕە هەڵنادات. دادەم بە ئاماژە پێی حاڵی کردم کە بڕۆم. وتم دادە ... نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم وتی ئەری دە بڕۆ ئیتر. واقم وڕما کە خوشکەکەم ئەم کارەی کرد. گوێم هەڵخست کە بزانم چی دەڵێن. باوەڕم نەدەکرد کە خوشکە گەورەکەم ئاوا خۆی بخاتە باوەشی پیاوێکی نەناسیاو و نامەحرەم. ئەویش خوشکێک کە دوای دایک و باوکم وەک سەگ لێی دەترسام.

خوشکێک کە وەکوو شمر بە سەرمانەوە بوو، ئەگەر بە هەڵە دەستنوێژمان هەڵگرتایە دەیدا بە سەرماندا. ئەگەر نوێژەکەمان بە پەلە پەل بخوێندایە یان سوورەی حەمدمان هەڵە بکوتبایە لنگە پێڵاوێکی دەدا بە دەماندا. ئیتر گەورەمان بوو.

ئەو کاتە وا لە گوند بووین کچی کوێخا منی زۆر خۆش دەویست و پێکەوە یاریمان دەکرد. ئەو خوێندەوار بوو. واتە کوێخا کوڕەکەی کە ساڵێک لە ئێمە گەورەتر بوو دەناردە گوندەکەی سەروومانەوە کە شوێنێکی وەکوو مەکتەب هەبوو و دەرسی خوێندبوو و خوێندەوار بوو. هەندێ جار خوێندن و نووسینی فێر دەکردین. هەڵبەت پێتان وا نەبێ ئیتر زۆر چاک فێری خوێندن و نووسین بووم.

ئیتر کوێرە خوێندەوارییەکم هەبوو. ڕۆژێکیان خوشکە گەورەکەم هاتە بەر دەرگای ماڵی کوێخا کە بمباتەوە. ئەو ڕۆژە من و کچی کوێخا لە حەوشە یاریمان

دەکرد. چارشێوەکانمان لە سووچێکدا دانابوو و یاری ماڵ ماڵێنمان دەکرد.
خوشکەکەم هاتە ژوورەوە و منی بە بێ چارشێو بینی زللەیەکی باشی لێدام. وتم بۆچی لێم دەدەی؟ وتی چوونکە چارشێوت بە سەرەوە نییە. کچە تیوە ئەوە حەیات نەماوە؟ وتم دە خۆ لەچکم بە سەرەوەیە! وتی گوو مەخۆ دێلە سەگ. باوکم بزانێ دەتتۆپێنێت.
ئیتر دستی گرتم و بە کێشان کێشانەوە منی بردەوە بۆ ماڵەوە، ئیتر هەتا گەیشتینەوە قژی بە سەرمەوە نەهێشت. ئەوەندەی بە چەپۆک دای بە سەرمدا گێژ و ور بووم. دوای ئەو هەمووە لێدانەش لێی پارامەوە لای باوکم باسی نەکات.
با پێتان بڵێم کە چۆن بوو کە باوکم هێشتی لەگەڵ کچی کوێخا یاری بکەم؟
ئەوەی راستی بوو کوێخاژن منی خۆش دەویست و لەبەر ئەوەی یاری لەگەڵ کچەکەی دەکەم ساڵی تەلیسێک گەنمی دەدا بە باوکم. باوکم لە یاریکردنی ئێمە قازانجی پێدەگەیشت دەنا خۆ یاریکردنمانی پێ حەرام بوو.
لە کوێدا بووم؟ ئەها.
- چوومە ژوورەکەی پەناوە بۆ ئەوەی ئەگەر خوشکەکەم پارمەتییەک شتێکی ویست بچم بە دەنگییەوە. وامدەزانی خوشکەکەم لە ترس باوکم هیچ بەو کورە ناڵێ، بەڵام خەیاڵم خاو بوو. خوشکەکەم هیچ نەیزریکاند بگرە زۆریش کەیفخۆش بوو. دەتکوت دنیایان پێداوە.
'دە وازم لێ بێنە، جوانەمەرگ بی ئیشاڵا. ئێستا حەیام دەچێت. ... ئەری دە بەستە ئیدی.'
ئەمانەم کە بیست خۆم پێنەگیرا و چوومە ژوورەکەی خۆمان. ئیتر با باسی ئەوە نەکەم وەزع و حاڵم چۆن بوو. چوومە دیوەکەی خۆم و پریسکەکەم لە سووچێکدا فڕێ دا و دانیشتم. پاش کەمێک باوکم وتی کوا دادەت؟ نەمدەزانی چی بڵێم کە لە ناکاو خۆی هاتە ژوورەوە و وتی باوکە گیان ئەوە لێرەم.
گەڕامەوە سەیرم کرد و بینیم چارشێوەکەی توند لە دەموچاوی خۆی ئاڵاندووە. باوکم سەیرێکی کرد و پێکەنی و خوشکەکەم چووە ژوورەکەی دیکە. باوکیشم

وتی لە خوشکی گەورەت فێر بە. تماشا چۆن چارشێوەی لە خۆی ئاڵاندووە؟ ئێرە ئیتر دێ نییە. دەبێ خۆمان کۆرج بکەینەوە چوونکە پیاوی نامەحرەم لە ماڵماندایە.

لەبەر پێکەنین ژانم کردبوو، چوومە ژوورەکەی ئەولا. کە چوومە ژوورەوە خوشکەکەم منی بردە سووچێک و چارشێوەکەی لابرد و وتی زیرە بزانە ئێرام چی لێهاتووە؟ بینیم سەر کوڵمی سوور هەڵگەڕابوو. نارەحەت بووم وتم دادە ئەو کورە چی لێ کردووی؟ لێیدای؟

پێکەنی و وتی هەتیوە گازی لێگرتم. با باوکم نەزانێ.

ئەو دوو ژوورەی وا بە کرێمان گرتبوو ئاوەدانمان کردەوە. بڕیار وابوو لە ژوورێکدا باوکم و دایک و دوو دانە لە خوشکەکانم لە ژوورێکدا بن و من و دیکەی کچەکان لە ژوورێکدا بین.

یەکەم جار دایکم زۆر نارەحەت بوو دەیکوت ئەگەر نیوەشەو یەکێ بێتە سەریان و ئێمە ئاگادار نەبین چی بکەین. بەڵام باوکم ئەرخایەن بوو، دەیکوت  هەتا دادیان لە ژوور سەریان بێ من دڵم ئاهۆنە. ماشەڵا دەڵێی شێرە. ئەوشەوە پاش ئەوەی نان و پەنیرمان خوارد. لە ژوورەکەی خۆماندا پێخەفەکانمان ڕاخست و چراتۆرەکەمان کووژاندەوە و خەوتین. ئەو شەوە هەر کاممان بە بیر و خەیاڵێکەوە خەوتین و هەر کاممان خەونێکمان بینی. باوکم وەک هەمیشە بەیانی لە خەوی هەستاندین بۆ ئەوەی نوێژی بەیانی بکەین.

هەموومان لە خەو هەستاین و پاش دەستنوێژگرتن لە پشت سەر باوکم ڕاوەستاین و نوێژمان دابەست ئینجا دایکم سفرەکەی ڕاخست و یەکێ پاروە نانێکی پێداین، سفرەی بەرچایی کۆ کرایەوە. بەو کەرەی بەیانییەوە ئێمەیان لە خەو هەڵدەستاند. دەمەو کازیوە بوو، ئێمە هەر هەموو کاری ماڵمان کردبوو و دانیشتبووین و سەیری یەکترمان دەکرد. هەتا گڵۆپەکان کووژانەوە. خوشکەکانم هەموویان هەستان و چوونە لای خوشکە گەورەکەم. ئەویش بە تامەزرۆییەوە باسی پەیوەندیی نێوان خۆی لەگەڵ ئەو کورە دەکرد. دەیگێڕاوە و خۆشی

ڕەلاواندەوە.

بابەک – وەی خوایە گیان، دوو فیلم بە بلیتێک.

هەر سێکمان پێکەنین.

پاش کەمێک دایکم بە باوکمی: ئەری کابراکە چی بکەین؟

قسەکەشی خراپ نەبوو. لە گوند پاش خواردنی نانی بەرچایی دەچووینە سەر مەزرا. بەڵام ئێستا چیمان بکردایە؟

پاش نیوکاتژمێر باوکم نەیتوانی تابشتی ڕوانینی لاتاوانەی ئێمە بگری، هەستا و لە ماڵ چووە دەرەوە. ئێمەش دانیشتین و دەستمان کردن بە قسەکردن. بە دەم قسەکردنەوە ڕۆژمان کردەوە و یەک بە یەکی دراوسێکان هەستان و لە ماڵەوە هەرا و زڵە ساز بوو. ئەو کاتە بوو کە من هەستم بەو ماڵە کرد وا تێیدا دەژین. ماڵێکی زۆر گەورە بوو. حەوشەیەکی گەورە و دەوراندەوری ژوور بوو.

لە ناو حەوشەوە بۆ چوونە ناو ژوورەکان چوار پلەی هەبوو. هەر لایەکی ئەم ماڵە حەوت هەشت دانە ژووری هەبوو و لە هەر ژوورێک پێنج شەش کەس هاتبوونە دەرەوە و هەر کامیان ئەفتاوەیەکی بە دەستەوە بوو، وەکوو کێبەرکێی ڕاکردن هەمووان بەرەو ناوەڕاستی حەوشەکە ڕایانکرد و ئەفتاوەکەیان پڕ دەکرد و بەرەو توالێت ڕایان دەکرد.

لە بەر دەم هەر توالێتێکدا سەرە گیرابوو وەکوو ئێستا کە سەرە بۆ کۆنسێرتی گۆرانبێژان دەگیرێت.

بابەک – شووبهاندنێکی جوان بوو. هۆگریی خەڵک بۆ هونەر پیشان دەدات.

هەر سێکمان پێکەنین و دادە زێڕە وتی:

– هەڵە مەکە. هۆگرییەک کە خەڵک پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا بۆ توالێت هەیانبوو، لەگەڵ هۆگرییەک کە بۆ کڕینی بلیتی کۆنسێرت هەیانە بەراورد ناکرێت. جا گوێ بگرن با بۆتان بگێڕمەوە.

ئێمە لە پەنجەرەوە سەیرمان دەکرد. بە ڕاستی سەرنجڕاکێش بوو. توالێتی ژنانە و پیاوانە جیا بوو. منداڵەکان کە بە بنیادەم حسێب نەدەکران دەچوونە لای

هەسیلەکە و پانتۆلەکانیان دادەکەند و هەر لەوێ خۆیان بەتاڵ دەکردەوە.

سەرەی پیاوان ئارام و بێدەنگ بوو، بەڵام وەی وەی لە سەرەی ژنان.

بابەک – یاخوا هەرچی ژن و مەسینەیە قەزایان لە سەرم کەوێ، ئەم مەسینە شتێکی زۆر باشە.

دادە زێرە – جوانترین و کلاسیکترین جوێنیان ئاراستەی مردوو و زیندووی یەکتر دەکرد "چۆدار"[٧].

- دادە ئەکرەم بەو هەتیوەی کورت بڵێ پانتۆلەکەی لەبەر پاشۆرەکە دابکەنێ ئاخە ئێمە لەوێ ئاو دەکەینە قوزەڵقورتمان.

دادە ئەکرەم – هاشم ملی بەرەو لای پاشۆرەکە بگرە. میز مەکە ناو هەسیلەکە. ئەمانە وەکوو خۆمان نین تەبیعەتیان پاک نییە.

دادە سوغرا – دادە ئەکرەم میزی منداڵەکەت سازگارمان نییە. تەبیعەتمان تێک دەدات.

دادە کەوکەب – ئەیەرۆ ئاوی هەسیلەکە گلاو بوو. لە نوێژ چوو.

دادە زینەب – بەو لادا میز بکە گوو بە گۆڕی باوکی ئەوەی دڵی پێت خۆشە.

هاشمی داماویش تەمەنی پێنج شەش ساڵان بوو، کاتێک تانە و توانجی ئەم خەڵکەی بیست ڕووی کردە ئەو لا و میزەکەی وەکوو فەوارە فیچقەی کرد و کردی بە مل ئەو کچەی کە لەو لای پاشۆرەکە میزی دەکرد. کاتێک دایکی کچە ئەمەی بینی قیژەی لێ هەستا.

- دەک ڕۆڵە دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات باشە. کچەکەمت لە بەخت خست. هاشم دەستی کرد بە گریان وتی: دایە لە کوێ میز بکەم؟

دادە شەوکەت – لە دەمی دایکتدا بمیزە کە بێزت لێ ناکاتەوە.

دادە کەوکەب – دادە ئەکرەم میزی ئەو کورەت راگرە.

دادە ئەکرەم – ئاخە سەرەی توالێتەکەم دەچێت.

دادە زینەت – دادە گیان ئێمە جێگاکەت بۆ رادەگرین بچۆ ئەو سۆندەی

---

[٧]- مجمعتیان قزلباز و ساختەچی بووە.

ئاگرکووژێنەوە راگرە دەڵێی سەرچاوەی ئاوی پێوەیە.
دادە کوبرا – بیبە لای کەسی سۆندە بتوانی رابگرێت.
دادە ئەکرەم – تۆ ئەدادار دەمت داخە.
دادە کەوکەب – ئەری لاچۆ کورەکەت عالەمی تەڕ کرد.
دادە ئەکەرم – دادە کوبرا ئەوە دەڕۆم جێگاکەم نەگریتەوە دەنا ئەو مەسینەت بە گۆڕی باوکت.
دادە کوبرا – لەگەڵ منتە؟
دادە ئەکرەم – دوێنێ هەتا لام کردەوە ئەو لا جێگاکەمت گرتەوە و خۆت تەپاندە ناو توالێت.
دادە کوبرا – ئەو مەسینە بە گۆڕی دایکە قاحبەکەت.
ئیتر بەم قسە شەڕەقسەکە تەواو بوو و دادە کوبرا و دادە ئەکرەم پەلاماری یەکتریان دا و دەستیان کرد بە کێشانی سەر و قژی یەکتر و باش باشیان یەکتر کوتا.
دراوسێکانیش کە نێوانیان لەگەڵ یەکتر باشتر نەبوو رژانە سەر یەکتر. جوێنی واوایان بە یەکتر دەدا خوێنی لێ دەتکا. لەم کاتەدا وەبیرمان هاتەوە کە خۆمان هێشتا نەچووینەتە توالێت. دایکم وتی هەستن هەتا ئەمانە شەڕیانە با بچینە توالێت.
ئیتر ئێمە لە مەیدانی جەنگ بە سلامەتی دەرچووین و خۆمان گەیاندە لای توالێت. ئیتر پیاوەکان هاتنە ناو شەڕەکە و کۆتاییان بە شەڕەکە هێنا، لەم شەڕ و تێهەڵدانەدا ئێمە چووین کاری دەست بە ئاومان کرد و چووینە ژوورەکەمان و خەریکی سەیرکردن بووین. پیاوەکان ژنەکانیان لێک جیا کردەوە و دیسان چوونە سەرەوە و ژنەکانیش سەرەکەیان گرتەوە. بەلام چ سەرەیەک. دووان دووان و سیان سیان سەریان کردبوو و جوێنیان بە یەکتر دەدا کە لە ناکاو یەکیان مەسینەکەی فڕێ دا بەرەو لای ئەوەی دیکە. دیسان شەڕ دەستی پێکردەوە. ئەمجار پیاوەکان وەکوو کۆماندۆکار و شت هاتنە ناو شەڕەکە و قایشەکانیان

دەرهێنا و دەستیان کرد بە لێدانی هەموویان. گەورە و چکۆلەیان دارکاری کرد.

پاش ئەوەی هەمووان تێهەڵدانیان خوارد، حاجی نیعمەت لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە و وتی ئەرێ ئەوە چییە بەم بەیانییە؟

ئەمجار نۆرەی ئەوانی دیکە بوو، کە گرێی دڵیان بە سەر ئەودا هەڵبڕێژن یەکیان وتی ماڵت کاول بێ هەر چەند ڕۆژ جارێ دەبێ ئێمە لە سەر توالێت تێهەڵدان بخۆین. یەکیان وتی دە دوو توالێتی دیکە ساز بکە و کێشەکەمان لە کوڵ کەوە. یەکیان وتی کاکە نیعمەت خۆ ئێمە میزمان گیراوە ئەوەندە ڕامانگرتووە. ئیتر هەموو نارەزاییەکیان بەرامبەر بە حاجی نیعمەت دەربڕی، ئەویش بە قسەیەک ئەم نارەزایەتییەی سەرکوت کرد: کێ نارازییە با بڕوات.

ئیتر کەس متەقی لێوە نەهات.

دادە زێڕە جگەرەیەکی تری داگیرساند و وتی:

- کابرا کە هیچ ڕێگە چارەیەکی نەبوو ناچارە سەری داخات.

بابەک – کێشەی سیاسیمان بیستبوو، داتەپینی ئابووری، داڕمانی کۆمەڵایەتی و خێزانی، هەژاریی کەلتووری، هەموو شتێکمان بیستبوو، بەڵام ترافیک و لەمپەری توالێتمان نەبیستبوو.

دادە زێڕە – چوونکە بە سەرت نەهاتووە، کە بزانی چ دەردێکە؟ کاتێک کە دەبینی لە ناو ماڵێکی گەورەدای و دوو دانە توالێتیان داناوە و بۆ چەندین کەس. وەک ئەوروپییەکان دەڵێن بەرزبوونەوەی ئاستی کەلتوور بە قسە کردن و درووشم نابێت. لە قوتابخانە بە منداڵان فێر دەکەن دەستەکانیان بە سابوون بشۆن، کەچی سابوون لە هیچ کوێ وەگیر ناکەوێت، دەی ئەو منداڵە چی بکات؟! یان لە کتێبی قوتابخانەدا دەنووسن زبڵ بخەنە زبڵدانەوە دەی لە سەر جادەکان شارەوانی زبڵدانی دانەناوە، ئەو منداڵە دەبێ چی بکا؟ ناچارە شتێک کە دەیخوا لە سەر جادە فڕێی بدات.

ئەمانە نموونەی سادەن. ئەگەر کەسێک بەزەیی بە وڵاتدا بێ و بێتە سەر دەسەڵات و بیهەوێ فەرهەنگ و کەلتووری خەڵکی باش بکا، دەبێ لە پێشدا

شێرین

پێداویستی خەڵک دابین بکا، ئینجا بچێتە سەر پەروەردە و داوای چاوەڕوانی لە خەڵک بکات.

پارەیەکی کەم بە کارمەند دەدەن و دوایەش چاوەڕوانی لێ دەکەن هەشت کاتژمێر ئیش بکا و خۆی ماندوو بکات. دەی ئەو کارمەندە لە دوو کاتژمێر پتر ئیش ناکا کە نەکا ماندوو بێت. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کاتێک لە ئیدارە هاتە دەرەوە بتوانی شۆفێری و مسافرکێشی بکا و ژن و منداڵ بە خاوەن بکات. مووچەی دە ڕۆژ دەدەن بە خاوەن ماڵ. ئیتر بە تەمان ئەم کەسە پاک بێ و بەرتیل وەرنەگرێت.

بابەک – دەی دادە زێڕە لە کۆڵ سیاسەت بەوە؟ باسی توالێت و مێزکردنی ئەو منداڵانە بکە.

دادە زێڕە پێکەنی و وتی:

- ئیتر سەرەی توالێت کۆتایی هات و هەموو چوونە ماڵەوە، بۆ خواردنی بەرچایی. ئیتر جەوەکە بێدەنگ بوو.

پاش نیوکاتژمێر و سێ چارەکە کاتژمێرێک، پیاوەکان لە ژوورەکەیان هاتنە دەرەوە و چوونە سەر ئیشەکەیان. ژن و منداڵ هاتنە حەوشە. منداڵەکان لە حەوشە یارییان دەکرد و ژنەکانیش بە سینییەک کووپ و ژێرپیاڵە و کتلی و چادانەوە هاتنە بەر هەسێلەکە بۆ شتن.

ئێمەش لە هەیوانەوە سەیرمان دەکردن. چاوەڕێمان دەکرد بپرژنە سەر یەکتر. بەڵام کاتێ لە دەور هەسێلەکە کۆ دەبوونەوە لە ناکاو هەر ئەو ژنەی وا ناوی کوبرا بوو، بە ئەکرەمی وتی: هۆ دادە قەلاش دوێشەو شەوی هەینی نەبوو ئاهەنگت گێڕا. نیوەشەو دەنگی تۆ و مێردەکەت دەهاتە ژوورەکەمان. چی بووە مێردەکەت مووچەکەتی زیاد کردووە؟!

دادە ئەکرەم – شتێکی بێحەیای کوبرا! پاسەوانی دەکەی کاکە عەلی ئەکبەر هاتە لام. هاتبوویە پشت دەرگاکەمان.

دادە کوبرا – بە کافری بمرم ئەگەر کولم گرتبێت. نیوەشەو ویستم بچم بۆ

تواليت به لای ژوورەکەتاندا تیپەڕیم. دەنگتان دەهات. چاو لە ئەمرۆ مەکە بە گیان ئەو منداڵەم دوێشەو دەنگی قوربان و ساقەی تۆ و کاکە ئەکبەرم دەبیست کەیفم کرد. لای خۆم وتم سوپاس بۆ خوا ئەم ژن مێردە نێوانیان چەندە خۆشە؟! ئەری ئەو مەسینەم لێدای زۆرت ئێش پێگەیشت؟

دادە ئەکرەم – نا ئەی تۆ؟ قژم کێشای زۆرت ئێش پێگەیشت؟

دادە کوبرا – خوشکی گیان ئەو قسانە چییە. ئەوە سەرگەرمیی ئێمەیە.

ئەمانەیان بە یەکتر وت و دەستیان کرد بە شۆخی و گەنجەفە. هەر دەتکوت ئەوە ئەوانیش نەبوون کە نیوکاتژمێر لەمەوبەر سەر و گوێلاکی یەکتریان هێناوەتە خوارەوە. لەم کاتەدا باوکم بە یاڵلا یاڵلا هاتە ژوورەوە و توانجێکی خست کە بۆچی لە سەر هەیوانەکە دانیشتووین. هەموومان چووینە ژوورەوە و دایکم هەمووی بۆ باوکم گێڕایەوە، وتی کابراکە خۆ لێرە ناکری نان بخۆین. تەماشا هەموو کووپ و ژێرپیاڵەی خورێنییەکەیان لە بەر هەسیلەکەدا دەشۆن. ئەگەر بۆنی چێشت لە ژوورەکەمان بێ و قاپ و کەوچکەکەمان نەبەینە بەر هەسیلەکە سەرشۆرییە.

بچۆ کەمێک گۆشت بکڕە با ئاوگۆشتێکت بۆ ساز کەم دوای نیوکاتژمێر بۆنێکی لێ هەستێ و بەو بۆنە مەست بن. باوکم بێ ئەوەی شتێک بڵێ هەستا و لە ماڵ چووە دەرەوە و پاش نیوکاتژمێر بە توورەکەیەک هاتەوە. پڕێسکەی باوکم دەستماڵێک بوو. قەدیم هەموو پیاوێک دەستماڵێکی هاورێشمی هەبوو کە کاتێک شتیان دەکڕی تێیدا دەیانپێچا و دەیانهێناوە بۆ ماڵەوە.

بابەک – ئای چ گیرێکمان کردووە بە دەست ئەم دەستماڵە هاورێشمییەوە.

هەر سێکمان پێکەنین و دادە زێڕە وتی:

باوکم دەستماڵەکەی کردەوە و کەمێک گۆشت و کەمێک چا و کەللە قەندێکی لێ دەرهێنا و دای بە دایکم و وتی: "ژنەکە دەست پێوە بگرە پارەی ئەو زەوییەی کە فرۆشتمان تەواو بوو. ئێمەش کە چاومان بە گۆشت کەوت شاگەشکە بووین. ئێوە لەوانەیە نەزانن حاڵمان چۆن بوو، بەڵام بۆ کەسێک کە مانگی جارێک گۆشت

دەخوا ئەوە باش دەزانێ تامی گۆشت چەندە خۆشە. ئیتر باوکم ئەمانەی دا بە دەست دایکمەوە و خۆشی لە ماڵ دەرچوو. پاش چارەکە کاتژمێرێک کەللە قەندەکەمان شکاند و ئاوگۆشتەکەمان لە سەر چراکە دانا و دیسان دانیشتینەوە و سەیری یەکترمان دەکرد.

هاوار بە دەست بێکارییەوە. چوار خوشک کە هەتا ئەو لە ئاست گەورەترمان لامان نەدەکردەوە، هەتا نیوەڕۆ کە باوکم دەهاتەوە دەکەوتینە گیانی یەکتر و دارکاری یەکترمان دەکرد.

کە باوکم نیوەڕۆ هاتەوە ماڵەوە و پەلاماری مەنجەڵی ئاوگۆشتمان دا و لە چاوتروکانێکدا هەموومان خوارد و قاپ و کەوچکە پیس و چەورەکانمان خستە سەر مەجوحمەیەک و لەبەردەم دەرگای ماڵەوە دامنا، کە ئەبینەهوو ئێمە خواردنی چاکمان خواردووە. ئینجا دایکم یەکی نیوکووپ چای بە ئێمە دا و کووپێکی تەواوی چای بە باوکم دا و یەکی کڵۆقەندێکی پێداین و ئێمەش چاکەمان هەر وا خواردەوە و قەندەکەمان هەڵگرت بۆ ئەوەی دواتر لە جێی نقول بیخۆین. تماشا ئەو دەم کڵۆقەندێک لە چووکلێتێک بۆ ئێمە زیاتر بوو. ئیتر پاش چاخواردنەوە ئێمەی کچەکان هەستاین چووین لە سەر هەسیلەکە دەستمان کرد بە شتنی قاپ و کەوچکەکان. دەر و دراوسێکانی دیکەش بە دوای ئێمەدا هاتن.

سڵاو و چاک و خۆشیمان لەگەڵ کردن و وێڕای ئەوان قاپ و کەوچکەکانمان شت. سەبارەت بە ژیانمان دەستیان کرد بە پرسیارکردن. پاش قاپ و کەوچ شتن سەر لە بەری ژیانی ئێمەیان زانی. هەستاین و گەراینەوە بۆ ژوورەکەمان و دەوراندەوری دیوەکە دانیشتین. پاش کەمێک باوکم بە توانجەوە وتی بچنە ژوورەکەی دیکە و بمرن. ئێمەیش هەستاین و چووینە ژوورەکەی دیکە.

تۆ سەیر بکە چەند دانە کچی بێکار و پرۆزە لە پاش نیوەڕۆدا بە بێ هیچ سەرگەرمییەک دەبێ چی بکەن؟ پاش نیوکاتژمێر لە ناکاو بینیم بەردێک درا لە شووشەی ماڵەکەمان. هەموومان چووینە بەر پەنجەرە و خوشکە گەورەکەم بە سەر ماندا گوراندی و بێدەنگی کردین. کەمێک سەیری ئەم لا و ئەولامان کرد

حەوشە کەسی لی نەبوو. هەموو لە ماڵی خۆیان بوون. دیسان بەردێکی دیکە درا لە شووشەکەمان کە سەرمان هەڵبڕی لە سەر سەربانی ماڵەکەمان هەر ئەو کورەمان بینی کە ڕاکشاوە و بە قوچەقانی بەرەو ماڵی ئێمە بەردی فڕێ دەدا. خوشکەکەم شاگەشکە بوو. بە ئاماژە بەو کورەی ڕاگەیاند کە چی دەڵی. کورەش بە ئاماژە تێیگەیاند کە بێتە سەربان. خوشکە گەورەکەم چارشێوەکەی هەڵگرت و پێی وتین کچینە وریای خۆتان بن. ئەگەر باوکیشم هەستا وتی لە کوێم. بڵێن لە توالێتە.

ئەمەی وت و ویستی بڕوا چارشێوەکەم گرت و وتم دادە مەچۆ ئەو کورە لە خشتەت دەبات. سەیرێکی کردم و وتی: تۆ منداڵی جاری عەقڵت بەمانە ناشکێ. پاڵی پێوە نام و ڕۆشت.

هەر ئەو کاتە بوو کە بنەماڵەکەمان لێک ترازا.

نیوکاتژمێر چارەکێک تێپەڕی. خۆمم پێنەگیرا. چارشێوم کردە سەر و بە ئەسپایی لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە و کەوتمە دوای خوشکەکەم.

بە ئەسپایی لە پلیکانەکان چوومە خوارەوە و گەیشتمە سەربان. لەوبەری سەربانەکەوە هۆدەیەکی لێبوو کە پێشتر پەلەوەریان تێدا ڕاگرتبوو. کە گەیشتینە سەربان ئەو کورەم بینی کە بە نهێنی لەوێوە هاتە دەرەوە. خۆمم داگرت و سەیرم کرد. کاتێک لە لام تێپەڕی بزەیەکی هات و ڕۆشت. خۆمم گەیاندە هۆدەکە.

درگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە. کاتێک چاوم بە تاریکییەکە ڕاهات خوشکەکەمم بینی کە لە گۆشەیەکدا دانیشتووە. سەری هەڵێنا و سەیرێکی منی کرد و دیسان سەری لە سەر ئەژنۆی داناوە. بە ڕۆژێک هەموو شتێکی تاقی کردبۆوە.

لێرەدا دادە زێڕە بێدەنگ بوو، جگەرەیەکی تری داگیرساند و ئیتر هیچی نەوت. بابەک هەستا و کووپەکانی لە سەر سینییەکە دانا و بردنی بۆ چێشتخانە و هەر لەوێش مایەوە و نەهاتە دەرەوە. منیش مابووم چی بکەم و چی نەکەم. دادە زێڕە چووە فکرەوە و جگەرەکەی داگیرساند. سەیرێکی کاتژمێرم کرد کەمێک لە

کاتژمێر ۲ تێپەڕیبوو. ویستم کەمێک دڵخۆشی دادە زێڕە بدەمەوە، بەڵام بابەک بانگی کردم. هەستام و چوومە چێشتخانە.

- چییە؟

بابەک - ئەوە چا دێنم.

- دەی بۆچی منت بانگ کرد؟

بابەک - خۆ من بانگم نەکردی؟

- دەڵێم با بچین لەگەڵ دادە زێڕە قسە بکەین با لە فکر بێتە دەرەوە.

بابەک - تۆ بچۆ منیش ئێستا چا دێنم و دێم.

بەرەو لای هۆڵەکە چووم دیسان بابەک بانگی کردمەوە. گەڕامەوە وتم:

- ها؟ چییە؟

بابەک - ها و دەردی بێدەرمان.

- چییە بۆچی بانگم دەکەی؟

بابەک - خۆ من ئیشم بە تۆ نییە بۆچی بانگت بکەم. چییە بە تەمای چیم لا باس بکەی پێت عەیبە؟

- زۆر منداڵی بابەک. ئێستا کاتی فشەیە؟

بابەک هەر وا سەیری دەکردم و وتی:

- ئەوە شێت بووی؟

- چاکە بێنە و قسەیەک بکە با دادە زێڕە لە خەم بێتە دەرەوە.

بابەک - خۆ من تەڵخەک نیم. وازی لێ بێنە بەستەزمانە. خەریکە سەیری دیمەنەکە دەکات. بە خوا من ئەگەر ئەکتەر بایەم دەرهێنەر هەرچەندەی بویستایە پێم دەدا، بۆ ئەوەی لە سووچێکی ئەو هۆدەدا بمشاریتەوە و هەتا کۆتایی فیلمەکەم بە زیندوویەتی و بە بێ سانسۆر بدیبایە.

- چەند بێشەرمی.

بابەک - نێرەکەرێک چووە لەگەڵ کچێکی ساویلەی لادێیی کاری بێرەوشتانەی کردووە من بێشەرمم؟!

دیسان بەرەو لای هۆڵەکە وەڕێکەوتمەوە دیسان هەستم کرد یەکێ بانگم دەکات چاوەکانم نووقاند و گوێم گرت. دەنگی لە گوێمدا دەزرینگاوە.

- بابەک بە گیانی تۆ یەکێ بانگم دەکات.

بابەک - ئەوە زەمت دەکەن گوێت دەزرینگێتەوە. کام گوێتە؟ ئەگەر گوێی ڕاستتە ئەوە چاکەت دەڵێن ئەگەر گوێی چەپتە ئەوە مردووەکانت لە قەبر دەلەرزن.

دیسان ناو سەرم دەنگی داوە.

- بابەک وەڵا یەکێ بانگم دەکات. هەر لێرەشە.

بابەک - کوڕە ئەوە جندۆکە و شتت هەیە.

چوومە هۆڵەکە و لە سەر مۆبلێک دانیشتم و بابەکیش بە دوامدا هات.

دادە زێڕە - چی بووە؟

بابەک - دەڵێ یەکێ بانگم دەکات.

دادە زێڕە - نازانی کێ بانگت دەکات؟

- نازانم.

بابەک - هەستە بچۆ بخەوە. ماندوو بووی بیر و خەیاڵ دەتبا.

دیسان چاوەکانم نووقاندەوە. ئەم جارەیان دەنگەکەم ڕاشکاوانەتر بیست. دەنگێکی زۆر خۆش و ناسک بوو. وتم:

- شیرین.

بابەک - خوا دایک و باوکی ئەم شیرینە ساسانییە عافوو بکات. ئەم ژنە خەو و خۆراکی نییە. خۆی هەزار و چەند ساڵە لە سینەی قەبران خەوتووە نایەڵێ ئێمە دوو سەعات بخەوین.

چوومە بەر پەنجەرە. کچێکی باڵابەرزم بینی کە پاڵی بە دیوارێکەوە دابوو و سەری هەڵێنابوو و خەریک بوو سەیری پەنجەرەی ئێمەی دەکرد. کە منی بینی دەستی ڕاتەکاند.

- نەموت. خۆیەتی ها هات. تماشا کا بابەک. وەرە سەیر بکە.

بابەک - یا ئیمام زەمان. دەی بە چی هاتووە؟ رووتە یان کفنی لە بەرە؟ خۆ راست دەکا! کچێک لەو خوارە راوەستاوە. ئارمین مەرۆ هەدا دە. بیسمیلا بیسمیلا. نەکا جندوکەیەک شتێک بێ! راوەستە کورە!

لە سەر ئاسانسۆر رانەوەستام بە هەنگاوی لە چوار پێنج پلیکان دەچووە خوار و تیژ چەند نهۆمم تێپەڕاند و لە بیناکە دەرگاکەم کردەوە و چوومە دەرەوە.

لەم کاتەدا تەنیا لەوە دەترسام کە نەکا وەکوو ئەو فیلمە خەیاڵییانە ڕوشتبێت. سەرەڕای ئەوەی بابەکیش بینی و وتی کچێک لەو خوارە راوەستاوە. کە گەشتمە دەرەوە ئەوم بینی کە هەر ئاوا پاڵی بە درەختێکەوە دابوو و راوەستا و منی سەیر دەکرد و بزەیەکی شیرینیشی لە سەر لێو بوو.

ئەژنۆم شل بوو. قاچەکانم دەتکوت هەر هی خۆشم نین. تەنیا لێم دەڕوانی. قژی درێژ و لوولی هەتا سەر کەلەکەی دەهات. دەموچاوی دەتکوت مانگە. بالابەرز و ئەندام ڕێکوپێک.

بابەک – بۆ راوەستاوی؟

- تۆ بۆچی هاتوویەتە خوارەوە؟

بابەک – هاتووم فاتیحایەک دابدەم و بچمە سەر.

- بابەک قسەیەک بکەی کە برەنجی ئیتر واوەیلا. بە جیدی پێت دەڵێم.

بابەک – دە چووزانی ئەوە؟ رەنگە کچی سەر شەقامە ...

- بابەک بیبڕەوە ئیتر لێی مەڵێ.

ئەمەم وت و بە هێمنی لە سەر جادە تێپەڕیم و چوومە لای. کە لێی نزیک بوومەوە هێشتا بزە هەر لە سەر لێوی بوو. کەمێک راوەستام و سەیرم کرد. دڵم نەهات چاوی لێ ببزێوم. سەری بەرەو ئەو لا لار کردەوە، دیسان پێم پێکەنی. قژە جوانەکەی بە لایەکدا پەرێشان کردەوە. بە هێورییەوە پێم وت:

- تۆ شیرینی ئەری؟

زۆر بە شیرینی سەری بۆم لەقاند.

- ئەی تۆ کێی؟ بۆچی دەتهەوێ ئازارم بدەی؟

- من تۆ ئازار نادەم. دە بڵێ شیرینی.

- من شیرین نیم. بەڵام چ فەرقێکی بۆ تۆ هەیە؟ گرنگ ئەوەیە من لێرەم.

پێی پێکەنیم.

- ئیتر وەکوو خەوەکان نەچی بڕۆی و ئیتر نەگەڕێیتەوە.

- نازانم.

- ئەگەر دەڕۆی هەر ئێستا بڕۆ.

- تۆ دڵی بڕۆم.

- نا.

دیسان پێکەنی.

- چۆن هاتیتە ئێرە؟

- تۆ منت بانگ کرد.

پێی پێکەنیم.

- تۆ زۆر جوانی شیرین.

- بەڵام من شیرین نیم. وەرە دانیشە با تێر سەیرت بکەم.

- لێرە لە سەر ئەم چیمەنە؟

- ئەرێ.

- تازە دەتهەوێ سەیرم بکەی؟ واتە لەم ماوەدا نەتبینیبووم؟

- من جاری دووهەمە تۆ دەبینم.

- هەر دووکمان لە پای درەختەکە و لە سەر چیمەنەکە دانیشتین.

- زۆرم خەفەت خوارد هەتا هاتی. چ کەس باوەڕی بە قسەکانم نەکرد.

- تۆ لە کوێ منت بینیوە؟

- لە خەوندا.

تەنیا سەیری کردم و ئینجا وتی:

- باش دەزانم کە درۆ ناکەی. بە چاوتدا دەزانم. بە هەموو دڵ و دەروونەوە باوەڕت پێ دەکەم، بەڵام زۆرم بە لاوە سەیرە.

- شیرین تۆ لێرەی واتە لە خەونەوە بووی بە ڕاستی هێشتا وەکوو کۆنی؟
- من لێت تێناگەم.
- واتە دەڵێم تۆ هێشتا لە خەونی منداى؟
- من خەون و خەیاڵ نیم. وەرە دەستم بگرە. تماشا من بوونم هەیە.
- من باش دەزانم تۆ بوونت هەیە! ئەمانە باوەڕیان نەدەکرد.
- من لە خەونی تۆدا چۆن بووم؟
سەرم داخست و هیچم نەوت.
- من لە خەوەکەت لەو کچە بەدڕەوشتانە بووم؟
- نا، نا.
- دەی پێم بڵێ من لە خەوتدا چۆن بووم کە بێتاقەتم کردووی؟
سەیرم کرد و هیچم نەوت.
- دەی پێم بڵێ دەمەوێ بزانم.
بە ئەسپایی پێم وت:
- تۆ لە خەونی مندا مێردت هەبوو.
سەیری کردم و پێکەنی و وتی:
- بەڵام من لە بێداریدا مێردم نییە.
کە ئەمەی وت دڵم پڕ بوو. سەرم لە سەر ئەژنۆم دانا بۆ ئەوەی گریانی من نەبینێت.
- بۆچی دەگری؟
- ئەگەر لە بێداریدا بمزانیبایە کە تۆ مێردت هەیە ئیتر ژیان هیچ سوودێکی بۆم نەدەبوو.
سەرم لە سەر ئەژنۆکان لابرد و چاوم بڕییە چاوی و کەمێک لە حاڵێکدا کە بە دەستەکانی فرمێسکەکانمی دەسڕی وتی:
- هیچ حەقیقەتێکم وەکوو ئەو چاوانەی تۆ حەقیقی نەبینیوە.
- زۆرم خۆش دەوێی شیرین. باوەڕ بکە.

- باوەڕم کردووە بۆیە هاتوومەتە ئێرە. هیچ عەشقێکم وەکوو عەشقی تۆ نەبینیوە. بەڵام من شیرینی تۆ نیم.

- ئیتر بە لامەوە گرنگ نییە تۆ هەر کەس بی من خۆشم دەوێی.

پێکەنی و ئینجا وتی:

- جارێ برۆ. دیسان دێمەوە بۆ لات.

- من ناهێڵم تۆ بڕۆی. بچیتە هەر کوێ لەگەڵت دێم.

- من هێشتا هیچ نازانم. تۆش نازانی.

- با من دەزانم.

- تۆ چی لە بارەی من دەزانی؟ تۆ تەنانەت ناوی منیش نازانی. منیش ناوی تۆ نازانم.

- بە نیازی برۆی.

- دەبێ بڕۆم.

- دەی منیش دێم.

- بۆ کوێ دێی؟ ئەو شوێنەی من دەچم شوێنی تۆ نییە.

- بچیتە هەر کوێ منیش دێم.

ڕۆشت و پاڵی دا بە درەختێکەوە و چاوەکانی نووقاند.

- منت خۆش ناوێ.

- نازانم.

- دەگەر وایە برۆ. نایەم بە دواتدا. نامەوێ نارەحەت بی. تەنیا دۆعات بۆ دەکەم کە ڕۆژێ عاشقم بی و بگەڕێتەوە بۆ لام. جا هەرچەندێکی پێچوو. چاوەڕێت دەبم. برۆ شیرین.

هاتە بەردەمم. ئەوەندە جوان بوو کە لە ئاستی جوانییەکەی زمانم گیرا.

- بزانە چیت بۆ دەکەم؟ داوای هەر چییەک بکەی بۆت دەکەم.

- تەنیا تۆم دەوێ.

- من نامەوێ! بریا لێم حاڵی دەبووی.

- عاشق نیت! برۆ شیرین!

ئەژنۆکانم لەرزی. بابەک هات و باسکی گرتم. چاوم لە چاوی بڕی.

بابەک – برۆ دادە شیرین یان هەر ناوێک کە هەتە.

- ئێوە کێن؟

- من پوورزای ئارمینم.

- ئارمین! ناوەکەتم زانی. ناوەکەشت وەکوو خۆت پیاوانە و جوانە.

بابەک – بۆچی هاتوویتە ئێرە؟ چۆنت ئێرە دۆزییەوە؟ بە ڕاستی بۆچی هاتووی؟ ئێوە کێن؟

- هاتووم بە دوای ئارمیندا.

بابەک – بۆچی؟

- چوونکە بە هەموو بوونی خۆیەوە منی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا.

بابەک – کەواتە خۆشتان دەوێ.

- بیبەنە ماڵەوە. ئاگاتان لێی بێت.

ئینجا دەستێکی بە دەموچاومدا هێنا و وتی:

- ئەم ئەسرینانە هێشتا حەقیقەتم پێ دەڵێن.

ئینجا ڕۆشت. سواری ئۆتۆمبێل بوو و منیش سەیرم دەکرد.

بابەک – بەسە ئیتر. دەڵێی منداڵی هۆڕە هۆڕ دەگری. شوورەییە ئێرەکەر. وەرە با بڕۆین.

دادە زێڕە – بابەک دە وازی لێ بێنە. من لێی تێدەگەم.

ئینجا هەر دووکیان دەستیان گرتم و منیان بردە ماڵەوە. کاتێک چووینە سەر هیچمان قسەمان نەکرد. پاش کەمێک بابەک وتی:

- ئاخە چۆن شتی وا دەبێ؟ ئەمە کێیە؟ چۆن هاتۆتە ئێرە؟ ئەمانە هەمووی خەونی کا ئارمینە هاتۆتە ناو ژیانمان یان ئێمە چووینە ژیانی ئەوەوە؟

دادە زێڕە – منیش سەرەندەر ناکەم. لە ژیانمدا شتی وام نەبینیوە.

بابەک – نەکا دۆعا و شتمان لێ کرابێت؟ هەستم چایەک بێنم بەشکەم مێشکمان

بکرێتەوە بزانین لە چ کەرکەرێنێکداین؟

دادە زێڕە – کار لە چا دەرچووە. بڵەکەی وا پێم بوو کوا؟

- ئێوە هیچتان باوەڕتان بە قسەی من نەدەکرد. ئێستا بروا دەکەن؟

بابەک – بیبڕەوە. تۆش ئەگەر من بهاتبام و بمکوتبایە کچێکی ژیکەڵەی هەزار و چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستا دێتە خەوم و ئینجا پاش دوو کاتژمێر بێتە بەر دەرگای ماڵەکەم تۆش باوەڕت نەدەکرد.

دادە زێڕە – بابەک ڕاست دەکات. منیش بەم تەمەنەوە شتێکی ئاوا سەیر و سەمەرەم بدیبایە باوەڕم نەدەکرد.

بابەک – دەزانی چییە دەبێ هەنگاو بە هەنگاو قۆناغ بە قۆناغ بچینە پێشەوە. دەبێ بابەتەکە بە وردی تاوتوێ بکەین بۆ ئەوەی هەموومان بیرمان بکرێتەوە. باشتر وایە هەستین عیمالەیەکی گوڵە گاوزروان بکەین با ڕەوان بین و گەدەمان بەتاڵ ببێتەوە بەشکەم باشتر مێشکمان بکرێتەوە و چاکتر یەکتر بدوێنین.

دادە زێڕە – دەک قەبرت بۆ نەیە. چاکتر وایە چایەک ساز بکەی.

بابەک چوو چا ساز بکا و هات و وتی:

- وەرە ئارمین دانیشە بزانم. لە خەونتدا داوای چی دەکرد؟

لە سەر مۆبلەکە دانیشتم و وتم:

- هیچی نەدەویست. وتم کۆمەکم بکە. وتی وازم لێ بێنە.

بابەک – نەیکوت چۆن چۆنی؟ نەیکوت چۆن وازی لێ بێنی.

دادە زێڕە – نەیکوت چی بکەی و بچیتە کوێ؟

- نا هیچی نەوت.

بابەک – من وتم با خێرێکی بۆ بکەین. نەمانکرد. خۆی بە پای خۆت هات. خوا فریامان کەوێ ئەگەر مردووەکان خۆیان هەستن و بێنە ئێرە و داوای خێر و خێرات بکەن. دەبێتە سیلفی سێرڤیس. شاری مردووەکان.

دادە زێڕە – کوڕەکەم دا بزانە چیمان لە دەست دێت. دیارە ئەم کچە ڕۆح و جندۆکە نییە. خۆشی وتی من شیرین نیم.

بابەک – دادە زێڕە ئێوە دەزانن حەڵوا ساز بکەن؟ بۆ بەدبەختی لێرە ئاردی نانیان نییە کە حەڵوا ساز بکەین. حەڵوا سوودی واوای هەیە لە ژمار نایە. بە خوا هەر ئەوەندەیە بۆنی دێ هەر کەسەو دێ بەشی خۆی دەرفێنێ و دەڕوات.

- بابەک بەسە فشە مەکە.

بابەک – ئەی چیبکەم؟ ڕێکخراو، ناوەند، ئۆرگانێک شتێک نییە کە سەبارەت بەم ڕۆحە ئاوارانە تەلەفۆنی بۆ بکەین و بێن بڵاوە بەم ڕۆحانە بکەن.

دادە زێڕە – هەستە کوڕە وەرە چا بخۆین. ئەوەندەی لێ مەڵێ.

بابەک – چاکە دەمی نەهێناوە.

دادە زێڕە – با با دەمی هێناوە تۆ بچۆ بیهێنە.

بابەک – بە خوا دەترسم بڕۆم. دەترسم بچمە چێشتخانە و ڕۆحی خەشایارشا بێ و یەخەم بگرێت. دەڵێم چۆنە منیش لە ئەوشەوەوە بیر لە سۆفیا لۆرێن بکەمەوە، شەو بێتە خەوم و بۆ بەیانی خۆی بێتە بەر دەرگای ماڵمان. جا ئەو زووتریش دێ چوونکە هاوچەرخی خۆمانە و زمانی باشتر دەزانین.

دادە زێڕە – براگیان ئەم کچە ڕۆح نییە. مانگی جارێ دەهاتە کابارەکەم.

بابەک – ڕۆحێکی سەیرە. نازانن حەزی لە چ گۆرانیبێژێکە؟ ڕەنگە ئاوا باشتر لە وڕەی تێبگەین.

- دادە زێڕە کاتێک دەهاتە کابارەکەتان چی دەکرد؟

دادە زێڕە – هیچ وەڵا. مێزێکی بە کرێ دەگرت و بە تەنیا دادەنیشت و نانی شێوی دەخوارد و چەند دانە گۆرانی گوێ دەگرت و دەڕۆشت. زیاتر مێزێکی بە کرێ دەگرت کە شوێنێکەی تاریک بێت.

بابەک – دەی بەمانەدا دەتوانین شتێکمان بۆ دەربکەوێت.

- چیمان بۆ دەردەکەوێ؟

بابەک – یەکەم ئەوەی کە هەمیشە بە تەنیا هاتووە بۆ کابار، دیارە لە ناو مردووەکاندا خۆشەویست نییە. دووهەم ئەوەی کە ئەم ڕۆحە شێوی دەخوارد دیارە ئەم ڕۆحە خۆی هاتووە بۆ خێر و خێرات. سێیەم ئەوەی کە لە تاریکیدا

دانیشتووە، ئەگەری ئەوە هەیە لە ژیاندا چاوەکانی نارەحەتی بووە و سەردانی پزیشکی چاوی نەکردووە، ئێستا لەو دنیا تووشی شەوکوێری هاتووە. تماشا ئەگەر بە زانیارییە زانستییانە و بە بێ گوێدانە خورافە بچینە پێشەوە ئەنجامیکی باشمان دەست دەکەوێت.

- تماشا دادە زیرە هەر وایە هەموو شتێکی پێ فشەیە.

بابەک – من زانستییانە سەیری بابەتەکان دەکەم. خەریکم سۆراغی ئەم کچە تیوە دەگرم. دوای ئەوەش ئەم ڕۆحە مانگی چاری پشووی هەیە، کەواتە دیارە شەوی هەینییانە پشووی نییە. خالێکی گرنگ ئەوەیە، کە ئەم ڕۆحە خۆشسەلیقەیە. هەر ئەم زانیارییانە تەواوە کە بیدەین بە بەرپرسانی قەبرستان بۆ ئەوەی لە ڕووی کۆمپیوتەرەوە ئەدرەسی ئەو دنیایمان پێ بدات.

دادە زیرە – من پێم وایە خەریکە کاتمان بە فیڕۆ دەدەین، هەتا ئەو کچە خۆی نەیە و قسەی لەگەڵ نەکەین هیچمان دەست ناکەوێت.

بابەک – کارێکی تریش دەکرێت.

سەیرێکم کرد.

بابەک – ئەمشەو کە خەوتی بەو لەتە چەرمە تەلەفۆنێکی بۆ بکە و لێی بپرسە کە ئەم ڕۆحە جوانە کە هاتوتە ئێرە تۆ ناردووتە یان نا. ژمارەی شیرین یادداشت بکە.

سێ سیفری بێسنوور، ئەبەدییەت، ناو بەرزەخ – بەهەشت - ... ئەگەر لەوێ نەبوو تەلەفۆنێک بۆ مووبایلەکەی خەسرەو پەروێز بکە پێی بڵێ بە شیرین رابگەیێنێت. چۆنە؟

## بەشی دوازدەهەم

ئەو شەوە پاش ئەو قسانە چووین خەوتین، من ئەو لەتە چەرمەم لەگەڵ خۆم برد، بەڵام ئیتر شیرین نەهاتە خەوم.

کاتژمێر نزیکەی یازدە بوو کە بە دەنگی دەرگا لە خەو ڕاپەڕیم. ڕۆیا بوو بە قرتاڵەیەک کە دوو دانە مەنجەڵی تێدا بوو هاتە ژووری. بابەک دەرگاکەی کردەوە.

ڕۆیا – سەلام.

بابەک – سڵاو. فەرموون وەرنە ژوورەوە.

ئینجا باوێشکێکی دا و وتی:

- ئەمانە چییە؟

ڕۆیا – دەڵێی کەمێک زوو هاتووم؟ خەوتبوون؟

بابەک – هیچ گرنگ نییە. لەمماڵەدا شەو و ڕۆژ شێواوە. ئێرە بۆتە پردی نێوان ئەو دنیا و ئەم دنیا. ئەوانە چییە هێناوتە؟

ڕۆیا هەر وا سەرسامانە سەیری بابەکی دەکرد کە باوێکشی دەدا وتی:

- کەمێک برنج و شلەی قیمەیە. دەڵێم من ئەوڕۆ نانی نیوەڕۆ ساز بکەم.

بابەک – بێدەنگبە. مەقیژێنە. ئەگەر مردووەکان بزانن گۆشت و برنجت بە نەزر هێناوە، خولەکێک ناخایەنی ئەم ماڵە پڕ دەبێ لە مردوو. بچۆ لە ساردینگ داینێ هەتا بۆنی هەڵنەستاوە. خۆ لە ڕێگادا مردوت نەبینی؟!

ڕۆیا – چیم نەبینی؟

بابەک – جارێ وەرە ژوورەوە.

ڕۆیا هاتە ژوورەوە و بابەک مەنجەڵەکانی خستە ناو ساردینگ. دادە زێڕەش لە

خەو هەستا و دەست و چاوی شت. بابەک بەسەرهاتی دوێشەوی بۆ گێراوە. ئینجا دادە زێڕە هات و پاشماوەکەی دیکەی بۆ گێڕاوە و بابەک چوو بۆ گەرماو. هەمووان چاوەڕێ بوون کە من لە خەو هەستم. منیش هەستام، بەڵام تاقەتم نەبوو لە ناو پێخەفەکەم بێمە دەرەوە. بێدار بووم، بەڵام تاقەتم نەبوو لە سەر جێگاکەم هەستم.

دادە زێڕە – بابەک دا هەستە بچۆ ئارمین هەستێنە بزانە دیسان خەوی بە شیرینەوە بینیوە؟!

بابەک – نا نا نا! ئەو لە بێداریشدا دەمولووتی ناشیرینە چ جای ئەوەی لە خەویشی هەستێنم. خۆ بە پووتێک هەنگوینەوە ناخورێت.

دادە زێڕە – پێم خۆشە بزانم چۆنە. شیرین هاتە خەوی یان نا.

بابەک – ئەگەر بمانهەوێ لە خەو هەستێ دەبێ هەر سێکمان باس لە شیرنییەمەنییەکان بکەین. واتە ئەو وشانەی بە کار ببەین وا شیرینن. ڕۆیا تۆ بڵێ چا شیرین، دادە زێڕە تۆ بڵێ شیرین بەلەک، منیش دەڵێم فەرموون شیرینی بخۆن. ئاوا بە بیستنی ناوی شیرین لە خەو هەڵدەستێت. ئێستا هەر سێکمان دەچین لە خەوی هەڵدەستێنین. یا ئەڵلا.

ئەمانەم بیست پێکەنیم هات و لە سەر جێگاکەم هەستام و هاتمە دەرەوە و سلاوم کرد.

بابەک – سلاو لەو ڕوخسارە شیرینەت. پوورزا شیرینەکەم، شیرینی دەخۆی؟ چا شیرینم بۆ ساز کردووی. بۆ نانی نیوەڕۆش شیربرنجمان هەیە. ئەوڕۆ دەمەوێ بە شیرینی و خۆشی لەگەڵت بدوێم.

– ئەرێ دە دەمت داخە.

بابەک – هەتا سەرەی توالێت نەگیراوە بچۆ دەست بە ئاوەکەت بکە و میز و گووەکەت بکە، وەرەوە با پێت بڵێم.

– بێئەدەب.

سلاو و چاکوخۆشیم لەگەڵ دادە زێڕە و ڕۆیا کرد، چوومە گەرماو و جلەکانم

شیرین

لەبەرکرد و هاتمە دەرەوە. ڕۆیا گێژ و وڕ سەیری دەکردم. پاش چەند خولەک وتی:

- ئارمین ئەوانەی بابەک دەیلێ ڕاستە؟

- ڕۆیا باوەڕکە خۆشم نازانم چی ڕاستە و چی ڕاست نییە؟

ڕۆیا - تۆ دەزانی ئەم مەسەلە زۆر گرنگە؟! لە ڕاستیدا تۆ لەگەڵ ڕۆحەکاندا زۆر لە پەیوەندیدای.

دادە زێڕە - برا منیش دوێنشەو وتم ئەم کچە نە ڕۆحە و نە مردووە.

بابەک - هەیهۆ، هاتینەوە سەر بەزمەکەی خۆمان. دیسان باسی مردوو و زیندوبوون و ڕۆحبوون و ڕۆحنەبوونی ئەم کچە کرا. ئەری دەزانن چییە؟ ئەم جار ئەگەر هات من بە ئەسپایی دەرزییەک دەکەم بە گیانیدا. ئەگەر وتی وەی هەتیوە زۆڵە ئەوە چ دەکەی؟ ئەوە ئەکات لێمان ڕوون دەبێتەوە کە نە ڕۆحە و نە مردووە. بەڵام ئەگەر گەڕاوە و سارد و سڕانە سەیری کردم و من بوومە سنە بۆگەنە، ئەوە بزانن ڕۆحە و مافی بەم دنیاوە نییە.

ئینجا خۆی زیز نواند و وتی:

- تەنیا تکام ئەوەیە کە کاتێک دۆعای لێم کرد و بوومە سنە بۆگەنە پام پێدا نەنێن بمفلیقێننەوە.

هەمووان پێکەنین.

- بابەک دە ئیتر فشە مەکە.

بابەک - دە ئەی چۆن بزانین ئەو خاتوونە بەڕێزە زیندووە یان ڕۆحە؟ ئەها زانیم. مردووە ژنەکان بۆ کفنی نوێ و مۆدی ڕۆژ هەستیارن. پێتان چۆنە پێی بڵێم مۆدێکی نوێی کفن هاتووە. ئەگەر وتی لە چ دووکانێک دەیفرۆشن ئەوە بزانن ڕۆحە. ئەگەر بە سەرسامییەوە لێی ڕوانین بزانن ئەوە زیندووە.

دیسان هەموومان پێکەنین.

- بابەک تۆخوا بۆ کەمێک بێدەنگ نابی؟

دادە زێڕە - ئارمین دوێشەو شیرین هاتە خەوت؟

- نا دوێنشەو نەهاتە خەوم.

بابەک - خۆ خۆش خەوتی. دوێنشەو دوو سێ جار هاتمە سەرت. ئارام خەوتبووی.

- ئەرێ خەوتم، بەلام شیرین نەهاتە خەوم.

بابەک - تەح شتێکی حیز و بێوەفای. شتێکی ڕووداری. دوێنشەوت لە بیر چوو؛ دوێنشەو بەرەو لای کچی کابرا چووی، خەریک بوو قەپالێکی لێبگری. لەگەل ڕۆح و شت لە ژێر درەختدا ژوان دادەنێی؟ دواییش بە تەمای شیرین بێتە خەوت؟ من لە باتی شیرین بووایەم هەر چاویشم لێ نەدەکردی.

کە ئەمەی وت لە دەرگایاندا. بابەک لە ترسا مەترێک هەلبەزییەوە.

بابەک - بە خوا دەنگی ئەو دەرگایە ناخۆشە. خۆ ترسام.

ئینجا ئایفۆنەکەی هەلگرت و لە ناکاو کەوتە پتە پتە و ڕەنگی گۆڕا.

بابەک - سلاو دادە. خوا عافووتان کا. بەلێ ئارمین ڕۆژی مەرگیەتی لێرەیە. تکایە فەرموون وەرنە ژوورەوە. بۆچی لە دەرگاتان دا؟ لە پەنجەرە یان لە دیوارەوە بهاتایەتنە ژوورەوە. دەرگامان بەرەو ڕووی هەموو ڕۆحەکان ئاوەلایە.

هەموومان هەر وا سەیرمان دەکرد و ئایفۆنەکەی لە سەر جێگاکەی دانا و بە منی وت:

- خوا بتباتەوە ئارمین وا لە بنیادەم ناکەی.

- کێ بوو؟

بابەک - قوڕکرا بە سەرماندا تازە مردووەکان بە مالمان فێر بوون. هەستە شتێ بکە. شیرینە. ئەوە دێتە سەرەوە.

کە ئەمەی وت بەرەو لای دەرگاکە چووم. دەرگاکەم کردەوە و چوومە دەرەوە جا نەمدەزانی بە پلیکان دێ یان بە ئاسانسۆر. گەڕامەوە بینیم ڕۆیا و دادە زێرە و بابەک وڕ و سەرسام لێم دەڕوانن.

بابەک - ڕۆیا گیان تۆ ڕۆح دێنیتەوە پێم بلێ لەم کاتانەدا چ دوعایەک باشە بیکەم، کە ئەو ڕۆحە پێی خۆش بێ و ئیتر کاری پێمان نەبێت؟

ڕویا کە پیس پەشۆکابوو وتی:

- بە خوا من هیچ نازانم.

بابەک – ئەی ئەم هەموو ماوە لە لای ئەو پیرەژنە بووی چی فێر بووی؟

ئینجا ئاسانسۆرەکە لە نهۆمەکەی ئێمە ڕایگرت و دەرگاکە کراوە و شیرینی منیش لەو ئاسانسۆرەدا هاتە دەرەوە. ڕاوەستام و سەیرم دەکرد. پانتۆلێکی جینی لە پێدا بوو و جلێکەشی بە سەر پانتۆلەکەیدا بەردابووە و قایشێکی جوانیشی بەستبوو. قژیشی کردبوو بە پەلکە و هێورانە هاتە پێشەوە و بزەیەکی بۆ لێدام و دەستێکی هێنا بە دەموچاومدا و وتی:

- ها هاتم. خولکم ناکەی بێمە ژووری؟

کە ئەمەی وت بابەک هاتە پێشەوە و وتی:

- فەرموون تکایە. ئەلفاتیحا.

هەمومان پێکەنین و شیرین وتی:

- ئەرێ ئەم هاوڕێیەتان لە ئایفۆنەکەدا چی دەوت، خوا عافووت کا و ئارمین بمرێ ... ؟

بابەک – گووم خوارد ئەگەر قسەیەکی خراپم کردبێ. تۆخودا ئێوە توورە مەبن. باوەڕکە لەو ڕۆژەوە وا ئێوە لەو دنیاوە پەیوەندیتان لەگەڵ ئارمین گرتووە، دووراودوور ڕێزم بۆتان هەیە. بەخ بەخ چ ڕێزێک، چ پێگەیەک. بە ڕاستی شاژنیتان لێ دەکالێتەوە. من خۆم نۆکەری خەسرەور پەروێزم. حالتان چۆنە؟ شوکر باشن؟ سلاوی منی پێ بکەیەنن. پێی بفەرموون چوومەتە هەر کوێ وتوومە شیرین هەر دەبێ ژنی خەسرەو پەرویز بێ نە ئەو ملهوورەی فەرهاد. فەرموون تۆخوا. لە بەر دەرگا ڕامەوەستن. ئارمین بچۆ شتێک بێنە لە بەر پێی ڕایخەین.

شیرین پێدەکەنی و سەیرێکی من و بابەکی کرد و ئینجا چووینە مالەوە.

بابەک – تکایە فەرموون لێرە ڕوو لە قیبلە دانیشن چاترە. ببوورە لە مالەکەی ئێمەدا خورما و حەلوا و خێر و خێراتمان نییە بیهێنم بۆتان. بەلام پلاوقیمەیەکی

نەزریمان هەیە، ئێستا قاپێکتان بۆ دێنم. فەرموون تۆخودا نامۆیی مەکەن. ڕوحتان شاد.

شیرین هەر پێدەکەنی و سەیری منی دەکرد و وتی:

- ئەری ئەو هاوڕێیەت چی دەڵێ؟

- وەرە دانیشە. کەم کەم بە گەوجی گەوجییەکانی ڕادێی.

شیرین چوو لە سەر مۆبلێک دانیشت و سەیری کردین. من و بابەک لە لایەک ڕاوەستابووین و چاومان لێدەکرد و دادە زێڕە و ڕۆیا لە لایەک ڕاوەستابوون و چاویان لێدەکرد. شیرین بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەوە ئێوە دانانیشن؟

دادە زێڕە —

ئەی جیلوەدەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشا!

سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە، حاشا

فەیبازی ڕیازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی

ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا

زەڕراتی عوکووسی کەششی میهری جەلالن

وا دێن و دەچن سەرزەدە سوڵتان و شەهەنشا

جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت

فَالبائِسُ یسْتَوهِبُ مِنْ فیک مَعاشا

بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەهـ زەڕ

لەم قەلبە کە وەک بەردە، ڕەشە، رُشَّ رَشاشا

لا حولَ و لا طولَ و لا قوّةَ إلاَّ

باللّهِ، لَهُ القُدرةُ، و الکائنُ ماشا

نالی نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە

ئەمما نییەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا

بە قوربانی خواگیان بم چی ئافراندووە!

شیرین وتی:

- من دووردادوور ئێوه دەناسم. هەتا ئێستا چەند جار هاتوومەتە کابارەکەتان.

ڕۆیا - وەڵا دەبێ بڵێم ئەگەرچی خۆشم ئافرەتم، بەڵام شیرین خانم هۆگری ئەو دەموچاوە جوانەت بووم. بە ڕاستی جوانن.

دیسان شیرین پێکەنییەوە و وتی:

- ئێوەش بە من دەڵێن شیرین. بە هەر حاڵ سوپاسی تاریف و وەسفەکانتان دەکەم. بەڵام من ئەو شتە نیم کە ئێوە باسی دەکەن.

بابەک - ڕۆیا گیان دا بچۆ قاوەیەک ساز کە.

شیرین بە بینینی ڕۆیا کە دەچوو قاوە بێنی وتی:

- ئەگەر بۆ من دەچی قاوە ساز کەی دەبێ بڵێم سازی مەکە من بەرچایی قاوە ناخۆم سوپاس.

بابەک - دەی کەوایە بەرچایی چی دەخۆن؟ واتە ئێمە نازانین ڕۆح چی پێخۆشە. تەنیا ئەوە دەزانین لە سەرەخۆشی و پرسەدا حەلوا و خورما بڵاو دەکەینەوە.

شیرین دیسان پێکەنییەوە و وتی:

- ئێوە بۆ مردووەکانتان ئاوا خێر و خێرات دەکەن؟

بابەک - ئێمە بێجا دەکەین هەر ئەمانە دەکەینە خێر؟ ئەوەی هەمانە و نیمانە دەیکەینە خێر. باوەڕ کە بە گیانی ئارمین، من شەوی هەینییانە وانێتێک هەڵدەگرم دەچمە سەر قەبرانی ناوەڕاستی شار. کاکە گیان لە ساردییەوە بگرە هەتا دەگاتە ساندویچ، ئاو ئەناناس و شیرمۆز، ژامبۆن و ستەیک و ڕێست بیف، سووپی بۆق و مرواری کوڵاو، ئیتر چی بە مێشکتان بگا دەیکەمە خێر. دیارە لەو هەموو خێر و خێراتەی کە کردوومە قاپێکیشی بە ئێوە گەیشتووە. بەڵام تکایە لەو دنیا چاوێکیشت لە منەوە بێت.

- بابەک تکایە کەمێک بێدەنگ بە دەمەوێ لەگەڵ شیرین قسە بکەم.

بابەک - خۆ تۆ قسە ناکەی هەر سەیری دەکەی. هیچ نەبێ فاتیحایەک دادە با

ڕۆحی لێمان شاد بێت.

هەموومان پێکەنین.

- بۆچی مەگەر من مردووم وا فاتیحام بۆ دادەن؟

بابەک بە ئەسپایی هەنگاوێک هاتە پێشەوە و لە سەر مۆبلکەی لای شیرین دانیشت و بە بزەوە وتی:

- ببوورە دادە شیرین. دوور لە تۆ ئەوە نەمردووی؟

شیرین هەر پێدەکەنی.

بابەک – ماشەڵاتان لێ بێ. تەمەنت بە دەست خواوە نەهێشتووە.

- من تەمەنم بیست و پێنج ساڵە.

بابەک – لەو دنیا بیرکاری و کەمکردن و کۆکردنەوە و دابەش و لێکهەڵدانتان فێر ناکەن؟ دەمەوێ پێت بڵێم هەزار و چوارسەد ساڵ ئەمانە حسێب نییە؟

دادە زێڕە تۆخودا وەرن ئا ئەم بابەکە سڕ کەن.

شیرین وتی:

- من نازانم ئێوە چی دەڵێن. بە خوا من شیرین نیم. هەر ناشزانم شیرین کێیە؟

بابەک – شیرینی ژنی خەسرەو پەروێز کە دەبێتە مێردت.

دادە زێڕە و ڕۆیا هاتن لە سەر مۆبلەکە دانیشتن و دادە زێڕە وتی:

- بە قوربان پێمان بڵێ تۆ کێی؟

شیرین بە دڵۆڤانییەوە سەیرێکی کردین و وتی:

- دەبێ لە پێشدا ئارمین خۆی بڵێ منی لە کوێ بینیوە و دەمناسێ و بۆچی پێم دەڵێ شیرین؟

دادە زێڕە – ڕۆیا گیان تۆ بچۆ سینییەک چا بێنە، با ئێمە بەسەرهاتی شیرین و خەوەکانی ئارمین بۆ ئەم کچە جوانە بگێڕینەوە.

ڕۆیا ڕۆشت و بە سینییەک چاوە هاتەوە. من و بابەک و دادە زێڕە هەموو شتێکمان بۆ شیرین گێڕاوە. تەواو چووە فکرەوە، بە جۆرێک کە هەر نەشبزانی چاییمان پێ فەرموو کردووە. پاش کەمێک لە منی پرسی:

- ئەو ئافرەتەی وا دەهاتە خەوت لە من دەچوو؟

سەرمم لەقاند.

- چی لە تۆ دەویست؟

- دەیویست یارمەتی بدەم.

- چ یارەمتییەک؟

- دەیگوت دەبێ یارمەتی بدەم، ڕزگاری بکەم.

- ئەو خاتوونە وتی من شیرینی ژنی خەسرەو پەرویزم؟

- ئەرێ خۆی وتی.

شیرین چووە فکرەوە.

دادە زێڕە – دادە گیان پێمان نالێی کێی؟

شیرین سەری هەڵبڕی و لە کاتێکدا کە هێورانە چای دەخواردەوە وتی:

- من مرادم.

بابەک – کا مراد سلاوم لە خزمەتتاندا هەیە. ببوورە پیاون یان ژنن؟

شیرین کەمێک بێدەنگ بوو و وتی:

- زۆر کەس مرید و شوێنکەوتەمن.

هەمووومان هەر وا سەیرمان دەکرد. پاش خولەکێک بابەک بە سەرسوورمانەوە وتی:

- واتە ئێوە پێغەمبەرن؟

- نا، من شیفابەخشم.

بابەک - پزیشکن؟

- شیفابەخشم.

بابەک – شیفابەخش خوایە.

- خوا هەندێ هێزی بە هەندێ کەس داوە کە دەتوانن خەلک شیفا بدەن.

ڕۆیا – ئێوە یەکێ لەوانن؟

- بەلێ.

بابەک – خوا چاکت بۆ بکا ئەوە من کولنجە ماوەیەکە ...

- بابەک قسە مەکە.

ئینجا بە شیرینم وت:

- واتە تۆ شیفای خەڵک دەدەی و ئەوانیش ئیمانت پێ دێنن؟

- شتێکی وا. ئەرێ.

- واتە تۆ هێزێکی ئاوات هەیە؟

- و هێزی تریش.

- هێزی دیکەی چیت هەیە؟

- هەر ئەوەی کە توانیم تۆ بدۆزمەوە.

- چۆن توانیت ئەم کارە بکەی؟

- تۆ بانگت کردم، بە دڵ، بە زەینت.

- واتە تەنیا هەر لەبەر ئەوە هاتی بۆ لام؟

- نا، تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو؟

بابەک – ئێستا دەبێتە شەڕیان! ئارمین خوێنی خۆت تاڵ مەکە. بێڵە دکتۆرێکی بێبەرامبەرمان دەست کەوتووە، با لێمان نەتۆرێت.

- ئەم مریدانە چیت بۆ دەکەن؟

شیرین بێدەنگ بوو. سەیرێکی منی کرد و وتی:

- هەر کارێک کە داوایان لێبکەم.

- داوای چییان لێ دەکەی؟

- ئارمین خۆ ناکرێ هەموو شتێک هەر وا بە ئاسانی و بە بێ زانیاریی پێشوو بزانین.

دادە زێڕە – ڕاست دەکات. با وردە وردە بچینە پێشەوە.

بابەک – ببوورە. لەم ڕێبازە نوێیەدا ژن و پیاو واتە کچ و کوڕ تێکەڵن؟

- ئەرێ.

بابەک – کامیان زیاترن؟

- هەم ژن و هەمیش پیاو. هەڵبەت کچ و کورە گەنجەکان زیاترن.

بابەک – دەک بە قوربانی ئەم دینە نوێیە بم. من چۆن بێمە ناو ئەم ئایینە جوانە؟ ببوورن کتێبی ئاسمانیتان هەیە یان نامیلکەی خۆتانتان هەیە؟

شیرین لەبەر پێکەنین قرتابوو وتی:

- هیچیان.

بابەک – بەخ بەخ. ئایینێکی پیرۆزە. ئیشالا هەرچی زووە ئەم ئایینە پیرۆزە لە دنیادا بڵاو ببێتەوە و دنیا بگرێت. ئەرێ شتی لەم ئایینە پیرۆزە شیلگیری هەیە؟ واتە ئەگەر کچ و کوڕ کەمێک ڕابیووریێن بە تاوان نانووسرێت؟

هەموومان پێکەنین. پاش کەمێک پرسیم:

- ئەمانەی وا وتت جیدییە؟

- ئەرێ ئارمین.

- خۆ تۆ خۆت بە پێغەمبەر نازانی؟

- نا من شیفابەخشم.

دادە زێڕە – بە قوربان خۆ تۆ ناوی خۆتت بە ئێمە نەوت.

گەڕاوە سەیرێکی کردم و ئینجا بە بزەیەکی شیرینەوە وتی:

- ئەگەر ناوەکەم شیرین نەبێ و شتێکی تر بێ ئارمین گیان قەڵس دەبی؟

بابەک – ئارمین گوو دەخوا قەڵس دەبێ. ئەو حەقی چییە بە سەر تۆوە؟ خۆ ئەمە ئیدارەی ناونووسین نییە کە قەڵس بێت.

- من حەقم بە سەر ئەمانەوە نییە.

دیسان سەیری کردمەوە و وتی:

- بەهار. ناوم بەهارە.

دادە زێڕە – ناوێکی خۆشە. بەهار.

- بەهاریش وەکوو شیرین ناوێکی خۆشە.

بەهار – بە دڵ ئەو قسەیەت کرد ئارمین؟

- ئەرێ بە دڵ وتم.

دادە زێڕە – بەهار گیان نانی نیوەڕۆت خواردووە؟
بەهار – نا دەبێ بڕۆم. ئیتر لەوە زیاتر مزاحیمتان نابم.
بابەک – بۆچی من دێڵم تۆ هەر وا بێ ئەوەی نان بخۆی بڕۆی؟ فەرموو بڵێ بۆ نیوەڕۆ حەزت لە چییە؟ تۆخوا شەرم مەکە هەموو شتێکمان هەیە. ئێستا حەزتان لە چ گۆرانییەکە با بۆتان بچڕم با ڕۆحت بشنێتەوە؟ بە فاتیحایەک نانی نیوەڕۆمان ساز بکەین.
- عەمرت نەمێنێ بابەک.
بەهار پێکەنی.
دادە زێڕە – ئەمڕۆ ڕۆیا گیان مەمنونی کردین و قیمە پلاوی بۆ ساز کردین و هێنای. حەزت لە قیمەیە؟
بەهار – من حەزم لە خواردنی ئێرانییە. ڕاستییەکەی چەند ساڵە خواردنی ئێرانیم نەبینیوە.
ڕۆیا – بۆچی کەس نییە بۆتی ساز بکات؟
بەهار – نا. من لەگەڵ هیچ ئێرانییەک لە پەیوەندیدا نیم. واتە من لەگەڵ کەس نێوانم نییە. پاش چەندین ساڵ ئێوە یەکەم کەسانێکن کە لەگەڵیان بوومەتە هاوڕێ و هاتوومەتەماڵیان.
ئینجا سەیری منی کرد و وتی:
- من زۆر تەنهام.
ڕۆیا – ئەی ئەو هەمووە مریدە؟
بەهار – ئەوان من نابینن.
بابەک – ئێوە نابینرێن؟
بەهار - نا بۆیان نییە بمبینن؟
دادە زێڕە – وەرە با بچین نانی نیوەڕۆ بخۆین برسیمانە. دواتر هەموو شتێکمان بۆ بگێڕەوە.
هەموومان دەستمان کرد بە ڕاخستنی سفرە، ڕۆیا و دادە زێڕە خواردنەکەیان

گەرم کردەوە، ئینجا هێنایانە سەر خوان و دەستمان کرد بە نان خواردن. بەهار یەکەم کەوچکی کە خوارد وتی:

- بەخ بەخ! ڕۆیا خۆشت لێناوە! هەر هەموو کارەکانی خۆت کردت؟

ڕۆیا – ئەرێ. نۆشی گیانت بێت.

بەهار – دەبێ فێرم بکەی.

بابەک – دادە ڕۆیا هەر پەنجەیەکی هونەرێکی لێ دەبارێت.

- سەیرە؟ تۆ تاریفی شتێک بکەیت.

بابەک – من بۆیە تاریفی ڕۆیا ناکەم، لەبەر ئەوەی پێویستی بە تاریف نییە. هەم کچی چاکە، هەمیش جوانە. هەر ماوە بزانین بە ئەمەگە یان نا.

ڕۆیا سەیرێکی بابەکی کرد و هیچی نەوت و دەستی کردەوە بە نان خواردن. بابەک لەگەڵ ئەوەی نانمان دەخوارد قسەی دەکرد.

- لە ژیاندا هیچ شتێکی وەکوو هاوڕێی وەفادار نییە. هاوڕێیەک کە پاڵپشتت بێت. پشتت بەر نەدا و لێی دا بڕوات. شتی وا ئەگەر هەبێ هەر زۆر شتی چاکە.

- ئەگەر بە نیازی خوازبێنی لە ڕۆیا بکەی وەکوو بنیادەم بڵێ با ئێمەش بزانین.

بابەک – ببوورە دادە بەهار ئەو ئۆتۆمبێلە بێنزەی وا دوێنێشەو سواری بوون هی خۆتانە؟

بەهار – ئەرێ بۆیان کڕیوم.

بابەک – خۆ فەرهاد بۆی نەکڕیوی. ئەو داماوە بە نانی شێو موحتاجە. دیارە خەسرەو پەروێز بۆی کڕیوی ئەو خواپێداوە. خەسرەو پەروێز کوڕی چاکە. هەڵبەت ببوورن ئەم ئۆتۆمبێلە لە باجی ئێرانییەکان کڕدراوە، کەواتە ئەمە سامانی نیشتمانییە. ئێمەش تێیدا بەشمان هەیە. ئێستا ئەگەر ناڕەحەت نابن سوویچەکەیمان بدەیە با پاشنیوەڕۆ دەورێکی پێ لێ بدەین. لای خەڵک خۆمان بنوێنین.

- ئەرێ بابەک دەکرێ کەمێک کەم قسە بکەی؟

بابەک – بۆچی؟ خۆ خەسرەو پەروێز لە ماڵی باوکی ئەم پارانەی نەهێناوە. ئەم

هەڵەخەرجییانە لە گیرفانی من و تۆ دەکات. بۆ ئەوەی لای ئەم وڵاتانە خۆی شیرین بکا قەرزیان پێ دەدات. بەمیان گەنمی خۆرایی دەدا. بەمیان برنجی خۆرایی. خەڵکیش مسقاڵێک برنج وەگیریان ناکەوێت. ئێستا دەزانی ئەم ئۆتۆمبیلەی وا لە ژێر پای دادە شیرینە بە چەندەیە؟

ببوورن دادە بەهار بە خوا ئێمە بەغیل نین. هەفتەی جارێک سوارمانکە بمانبە بۆ پردەکەی تەجریش، بە خوا بەوە ڕازین.

- بەهار وەڵامی مەدەوە. ئەمە لێی گەڕێی هەتا ئێوارە قسە دەکات.

بەهار – کوڕێکی زۆر شیرینە. دلێریشە.

بابەک – یا خوا لەو دنیا جووتێ باڵی قابریک وەکوو فریشتەکانی ناو فیلمی واڵت دزنیت پێ بدەن، وا ئەوەندە زمانخۆشی.

- ئەوە تاریفت کرد ئیتر لەگەڵت چاک بوو.

بەهار – نە بە ڕاستی دەڵێم. دوێنێشەو بابەک لەبەر تۆ پاڵی بە پارێزەرەکەمەوە نا، کارێکی زۆر مەترسیداری کرد. ئەو چەک بە دەست بوو. لەوانە بوو تەقەی لێبکات.

هەموومان بێدەنگ بووین. پاش کەمێک وتم:

- تۆ پارێزەری چەکدارت هەیە؟

سەری داخست و هیچی نەوت.

دادە زێڕە – نانەکەتان بخۆن سارد بۆوە.

دیسان دەستمان کردەوە بە نان خواردن. ئیتر هەتا نانی نیوەڕۆمان خوارد کەس هیچی نەوت. کە نانمان تەواو کرد لە ئایفۆنەکەیان دا. بابەک ئایفۆنەکەی هەڵگرت و وتی کێیە و لە ناکاو ڕەنگی ڕەش داگەڕا. ئایفۆنەکەی دانا و بە حاڵەتی گریانەوە وتی:

- هەر چییەکتان لێمان دیوە چاک و خراپ گەردنمان ئازا کەن.

- کێیە؟

بابەک – ئارمین گیان ئەم جارەیان بە ڕاستی لەو دنیاوە هاتن بە دوامانددا.

- دەڵێم کێیە؟

بابەک – کاکە عیزرائیل هات.

- کاکە عیزراعیل؟

بابەک – نا دادە عیزراعیل.

ڕۆیا – پووری ئارمینە؟

بابەک – ئافەرم. وەڵامەکەت درووست بوو. ئێوە بوونە براوەی ئۆتۆمبیلی پەیکان. بەڵام ئەگەر پێتخۆشە لە داهاتوودا سوود لەم ئۆتۆمبیلە ببینی، هەر ئێستا تیژ ڕاکە خۆت بشارەوە. ئەم ورچە بریندارە بە خوا کوڵەوارمان دەکات.

- دەرگاکە بکەرەوە. خەڵک چییان داوە ئێمە کێ میوانمانە!

بابەک – ئەمجار وەڵامی چییان دەدەیتەوە؟ ئەگەر وتی ڕۆیا بۆچی لێرەیە چی پێ دەڵێی؟ ئەها تێگەیشتم. ئارمین هەستە و من و تۆ هەڵبێین بۆ سەربان. ئێوە بڵێن ئەم ئاپارتمانەتان بە کرێ گرتووە. بڵێن ئەو دوو کرێچییەکەی دیکە ئەو دوو کوڕە لێرە ڕۆشتن. بڵێن ئەو جوانچاک و خوێنشیرینە گەڕاوە بۆ ئێران و شێتەکەشیان نارد بۆ شێتخانە. ئارمین هەستە با بڕۆین.

بەهار – پووری کامتانە؟

بابەک – پوری ئارمینە. دەڵێی گێژەڵووکەیە. خڕ و خۆڵە. بەڵام تا لە سەری دانێی ماڵوێرانکەرە.

هەموومان پێکەنین. لە ئایفۆنی ئاپارتمانیان دا.

بابەک – داخەکەم وەختی هیچمان نییە. شایەتییەکەتان بێنن. ئاگاداری، ئاگاداری. تەنیا دە چرکە ماوە ئێستا تەقینەوە ڕوو دەدات. دە، نۆ، هەشت، هەوت، ...

ئینجا دەرگاکەی کردەوە. کە چاوی بە پوورم کەوت وتی:

- پوورێ ئەوە لە کوێن؟ بۆچی تەلەفۆن هەڵناگرن؟ خۆ مردین ئەوەندەمان تەلەفۆن بۆ کردن. سڵاو. فەرموون وەرنە ژوورەوە.

پوورم و مەهتاب و مریەم هاتبوون. هەر وا سەیری بابەکیان دەکرد.

بابەک – فەرموون وەرنە ژوورەوە.

به ئەسپایی هاتنە ژوورەوە و سەیریان دەکردین کە لە ناکاو پوورم وتی:

- ئێرە چ خەبەرە؟

بابەک – هەواڵی خۆشمان پێیە. وەرنە ژوورەوە پێتان بڵێم.

هەر سێکیان هاتنە ژوورەوە و من و ڕۆیا چاک و خۆشیمان لەگەڵ کردن و ئەوانیش زۆر بە سارد و سڕی وەڵامیان دایەوە هاتنە ناو هۆڵەکە و بابەک وتی:

- کاتژمێرێک لەمەوبەر دادە ڕۆیا تەلەفۆنی بۆ ئێرە کرد، کە قیمە پلاوێکی ساز کردووە و لەگەڵ دوو دانە لە هاوڕێکانی دێ بۆ ماڵمان. پێم وت دادە ڕۆیا بۆچی دێنە ماڵی ئێمە؟

وتی ڕاستییەکەی دەمەوێ بچمە ماڵی پووری ئارمین، بەڵام هەرچی تەلەفۆنمان کرد کەس هەڵینەگرت و ویستمان بێینە ماڵتان و ئینجا تەلەفۆن بکەین بۆ پووری گیان و کچەکانی. هەموویان هەستن بێنە ئەوێ. بەڵام لەو کاتەوە هەتا ئێستا بەردەوام تەلەفۆن دەکەین کەس وەڵامی نەداوە. ئێستاش کێشە نییە هەستێن بچینە سەر سفرە هەتا سارد نەبۆتەوە. بەشی کەس بە خودا بە کەس ناخوری وەرن لەگەڵمان بخۆن. هەستن دەی.

مریەم – ڕۆیا ئادرەسی ئێرە لە کوێ دەزانی؟

بابەک – دەی ئادرەسی ئێرەم پێدا.

مەهتاب – باشە ڕۆیا بۆچی دەبێ قیمە پلاو ساز بکا بیهێنێتە ئێرە؟

بابەک – ڕاستییەکەی ئەو شەوەی وا ئێمە لە ماڵی ئێوە بووین مار بە زمانەوە بدا، وتم ئیشتیام لە قیمە پلاوە. دادە ڕۆیاش ئەمەی بیست و ئەمەی هەر لە بیر بوو هەتا ئەورۆ. ئەمڕۆ بە مەنجەڵێک چێشتەوە هات بە سەرماندا. خوا بیپارێزێ وا جار جار ئێمە دێتەوە بیری.

مریەم – ڕۆیا تۆ ژمارەی ئەمانە چووزانی؟

بابەک – شەوی لە دایکبوونم ژمارە تەلەفۆنەکەم دا بەو کورە، نێوەکەشم لە بیر چۆوە. هەڵبەت کورێکی چاک و هێمنە. جا نییە ئێمەش زۆر ڕەفیق بازین ژمارەکەم پێدا کە ئەگەر هەر وەخت پێی خۆشبوو سەردانمان بکات. قەڵەم و کاغەزی نەبود

شیرین

بینووسی. داده ڕۆیا لە لامان دانیشتبوو، پیاوەتی کرد و کاغەز و قەڵەمی پێدایێن. ئیتر پێموا قەڵەمەکەم توند فشار دا ئیتر جێی نووسینەکەم کەوتە سەر لاپەڕەکەی ژێر خۆی. ئەم بەستەزمانە لە ڕووی ناچارییەوە تەلەفۆنی بۆ کردین. خۆشی زۆر بێتاقەت بوو. ئەوەندە داوای لێبووردن لێکردین هەر مەپرسە.

مەهتاب – ئەی ئەم دوو خانمە کێن؟

بابەک – ئەوە دادە زێڕەیە هاوڕێی دایکی ڕۆیا. ئەمەش گوایە کچەکەیەتی دادە بەهار. تازە لە ئێرانەوە هاتووە. گوایە شوێن و جێیان نییە جارێ لە ماڵی دادە ڕۆیا دەمێننەوە هەتا شوێنێک بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. کچەکەشی بە نیازە لێرە بخوێنێ. فەرموون چێشتەکە خەریکە سارد دەبێتەوە. ئەرێ تەلەفۆنی ماڵەوەتان بۆ هەڵنەگرت؟

پوورم کەمێک بێدەنگ بوو و بە حاڵەتی شک و دڕدۆنگییەوە وتی:

- لە بەیانییەوە چووبووینە بازاڕ.

بابەک کە چووبووە سەر سەرمێزەکە و بە خەمساردییەوە قاپێکی هەڵگرت و چێشتی تێدەکرد و وتی:

- کوا کاک فەرزاد؟ بریا تەلەفۆنێکمان بۆ بکردایە بێتە ئێرە و نانی لەگەڵمان بخواردبایە.

پوورم – ئەو چۆتە ماڵی خوشکەکەی.

هەستم دەکرد کە باوەڕ بە قسەی بابەک ناکا و ناشتوانی پێمان بڵێ درۆزن. بابەک جۆرێ هەموو شتێکی پێکەوە جێبەجێ کرد و وتی کە ئیتر هیچ شوێنێکی بۆ دوودڵی و گومانی نەهێشتەوە. مریەم و مەهتاب بە گومان و شکەوە باوەڕیان بە قسەکەی بابەک کرد.

بابەک بە قاپە قیمە پڵاوێکەوە هاتە لای پوورم و وتی:

- دیارە لە ڕێگادا زۆر ماندوو بوون. لە فرۆکەخانە لە سەر پاسپۆرتەکەیان زۆریان گیر پێداون و جانتاکانیان لەگەڵ کەسێکی تر گۆڕدرابوو.

ئەمانەی وت و قاپەکەی دا بە پوورم. وەک شتی مەهتاب و مریەم هێور

بوونەوە و چوونە پێشەوە و لەگەڵ دادە زێڕە و ڕۆیا و بەهار ماچ و مووچیان کرد، پوورم ئەحواڵپرسی لەگەڵ دادە زێڕە کرد. ڕۆیا و دادە زێڕە جیدی بوون بەڵام بەهار پێدەکەنی.

وام پێباش بوو بەسەرهاتەکەیان بۆ بگێڕمەوە و چووم لە سەر مۆبلەکە دانیشتم و وتم:

- پووری گیان ئەمە دادە زێڕەیە. تازە پێکەوە ئاشنا بووین. ئەم خاتوونە ناوی بەهارە. لەگەڵ ئەمەش تازە ئاشنا بووم.

کە ئەمەم وت بابەک هاتە ناو قسەکەم و نەیهێشت درێژە بە قسەکەم بدەم و وتم:

- ئەی چی پووری گیان. هەموومان تازە پێکەوە ئاشنا بووین. ئێوە فەرموون نانەکەتان بخۆن.

ئینجا بە لاچاوێکەوە سەیری کردم و وتی:

- ئارمین گیان دادە زێڕە و بەهارم ناساند. کابرا چەندجار خەڵک دەناسێنێت. هەستە دوو قاپ لە چێشتخانە بێنە ئەم چێشتە سارد بۆوە.

ئینجا ڕوویکردە پوورم و وتی:

- ئارمین زۆر پابەند بە داب و نەریتە. پێی خۆشە بە تەواوەتی بتانناسێنێت. چووبوون بۆ بازارکردن؟ پیرۆزتان بێ شوێنەکە هەزران بوون. چیتان کری؟

پوورم هات وەڵام بداتەوە من وتم:

- پووری گیان دەمەوێ سەبارەت بە بەهار شتێکتان پێ بڵێم.

دیسان بابەک هاتە ناو قسەکانم و وتی:

- تۆ هێشتا نەچووی دوو قاپ بێنی؟ قیمە پلاوەکە سارد بۆوە.

دیسان بە لاچاوێکەوە سەیری کردم.

پووری - دا لێی گەڕە بزانین باسی چی بەهار دەکات؟

بابەک بە پێکەنینەوە وتی:

- برا بڕیار بوو دواتر پێت بڵێم. ئەوەی ڕاستی بێ بۆ بەهاری ساڵی داهاتوو بە

هیواین ئاهەنگێک بگێڕین و هەواڵی خۆشتان پێ بدەین. واتە ئێستا بە نیاز نین پێتان بڵێین دواتر سووپرایزتان دەکەین.

پوورم بە پێکەنینەوە وتی: تا بەهار بزانین کێ دەمرێ و کێ دەمێنێت. دەی ئێستا بیڵێن.

بابەک کە خۆی لووس دەکرد وتی:

- تو خودا ئەزییەتمان مەکەن. با ئاسوودە بین. دەبێ ئێمە بیر بکەینەوە و لای دایک و باوکمان بیدرکێنین و پرسیان پێ بکەین. خۆ بە دەست خۆشمان نییە.

پوورم بە تامەزرۆییەوە وتی:

- هەتیوە زۆڵە، دیارە لەو هەواڵە خۆشانەیە.

بابەک وەکوو کچە عازەبەکان کە دەیانهەوێ وەڵامی خوازبێن بدەنەوە سەری داخستبوو و بە هێمنییەوە پێدەکەنی و جار جارێکیش نیگایەکی شەرمیونانەی پوورمی دەکرد.

بابەک – بە من دەڵێی هەتیوە زۆڵە؟ چۆن دڵت دێ پووری گیان؟

پوورم – هەتیوە زۆڵە دەتهەوێ لە ئێستاوە خۆت لە دڵی مندا جێ بکەیتەوە؟

بابەک – بە قوربانی ئەو دڵەت بم کە ئەوەندە گەورەیە. ماشەڵا دڵێکی هەراو و خۆشت هەیە.

پێکەنینم هات. بەهار و ڕۆیا و دادە زێڕە لەبەر پێکەنین قرتابوون.

پوورم – دەی بۆچی خستووتانەتە بەهار؟

بابەک – من هەڵمنەبژارد. ئارمینە تێر عەمرنەبوو هەڵیبژارد.

پوورم – ئارمین ڕۆڵە ئەگەر شتێک هەیە بیڵێ. ئێستا قسەی لە سەر دەکەین و قەرار و بڕەکەی دەخەینە بەهار.

- پووری گیان منیش دەمەوێ ئەمە بڵێم.

بابەک – مەیلێ ئارمین. ئیتر تامی نامێنێت بیر لە بەهار بکەرەوە. بیر لە منی ماڵوێران بکەرەوە.

ئەمانەی دەوت و مۆڕەی لێ دەکردم.

- پووری گیان ئەوەی راستی بەهار کچی دادە زێرە نییە.

بابەک – فەرق ناکا ئارمین گیان. خۆ دایکایەتی هەر بە خستنەوە نییە. کابرا کەسێک وەکوو کچی خۆی سەیر بکا تەواوە. جیا لەوەش تۆ چت داوە لە ژیانی دایک و کچێتی ئەوانە؟ دادە بەهار و دادە زێرە کێشەی ناوخۆیان چارەسەر دەکەن. دایک و کچ جاری وایە نێوان ناخۆشیشیان دەبێت. درۆ دەکەم پووری گیان؟

پوورم – وەڵا جا چووزانم؟ دیارە لە سەفەردا هەندێ دەمەقرێیان بووە.

بابەک – تەواو بوو. ئیشالا با ماندوویێتیان دەرچێ پێکەوە ئاشت دەبنەوە. تۆش کارت پێیان نەبێت.

- پووری گیان بابەک درۆ دەکات.

پوورم سەیرێکی منی کرد و وتی:

- درۆ دەکات؟

- واتە جەرەیانی قیمە پلاو و ئەمانە هەمووی درۆ بوو.

لە ناکاو جەوەکە گۆڕا. بابەک ئاخێکی هەڵکێشا و سەیرێکی منی کرد و دوو جگەرەی داگیرساند و یەکیانی دا بە من و خۆشی چوو لە سەر مۆبلەکە دانیشت. پوورم و مەهتاب و مریەم سەیریان دەکردین ئینجا پوورم بە بابەکی وت:

- هەتیوەی ساختەچی ئەم ئاورانە لە گۆڕی تۆ هەڵدەستێ؟ پێم بڵێ بزانم باسەیان چییە؟

بابەک – من هەتا پارێزەرەکەم نەیە هیچ ناڵێم.

پوورم – ئاگرت تێبەر دەدەم. قسە بکە ئەمانە بۆچی لێرەن؟

هەرگیز پوورمم ئاوا تووڕە نەبینیبوو.

بابەک – پووری گیان لە لێپرسینەوەدا ئەشکەنجە قەدەغەیە.

پوورم – باوکت دەسووتێنم. هەمووی خەتای تۆیە درۆزنەی ساختەچی.

بابەک – باوکە فەقیرەکەم بە دەست تۆ و دایکمە بۆتە خەڵووز. لە مێژە سووتاوە.

پوورم – بلێ بزانم ئەمانە بۆچی لێرەن؟ دەیلێی یان ئەو ماڵە بە سەرتدا بڕووخێنم؟

بابەک – ئەگەر ڕاستییەکەی بلێم سزادانەکەم کەم دەکەنەوە؟

پوورم – قسە بکە بزانم، من قسەم لە تۆ دەوێ.

بابەک – پووری گیان خۆ هیچ نەبووە تۆ ئاوا خۆت تووڕە دەکەی؟ من ڕاستییەکەت پێ بڵێم خۆ تۆ باوەڕ ناکەی.

پوورم – تۆ قسە بکە منیش باوەڕ دەکەم.

بابەک – بەسەرهاتەکەی سەیرە. بیڵێم دەتۆقی.

پوورم – دەمم مەکەوە.

بابەک – باشە دەی. ئەوانەی دەیانبینی هیچیان بوونیان نییە. هەموویان ڕۆحن. دادە زێڕە ڕۆحێکی وێڵە و لە کۆڵانەدا تووشی بووین، ئەم دادە بەهارەش لە خەونەوە هاتووە. لە خەوەوە هاتە ئەم ماڵە بۆ ئەوەی چایەک بخواتەوە و بڕوات. ڕۆیاش ناوەکەی بە خۆیەوەتی. کە دەڵێی ڕۆیا واتە خەیاڵ و خەون. ئەم خاتوونانە هیچی ڕاستی نین. ئەگەر تۆ چاوەکانت بنووقێنی ئەمانە هیچیان نامێنن. من دەڵێم بڕۆن. ئیتر هیچ بابەتێکی وا نییە تۆ ئاوا خۆت بێتاقەت دەکەی.

پوورم – هەتیوی پاتۆلپیس هەمووی لە ژێر سەر تۆیە.

بابەک – هەر ناوێکم لێ بنێی هەم، بەڵام ئەمەیان نیم.

پوورم – هەتیوە زۆڵەی پاتۆل پلیتە بە خوا باوەڕم بە خۆم نەبوایە دەقەیەک نەمدەوێرا لات دانیشم.

بابەک – پووری گیان وا مەڵێ تۆ مێردت هەیە من جەسارەت ناکەم چاوێشت لێ بکەم.

پوورم – عەمرت نەمێنێت. کچەکان هەستن بزانم. ڕۆیا گیان دواتر یەکتر دەبینینەوە. ئارمین گیان دەست خۆشبێ چاک جوابی خزمایەتیمانت داوە.

بابەک – برا چ دەرووەستی بە ئارمینە. ئەمانە هاوڕێی منن. هێشتا کاتێک کە تۆ تەلەفۆنت کرد چوار پێنج دانەیان خستە ناو ساردینگ کە نەکا بیانبینی. فەقیرانە

ئیستا وەکوو مریشکی بەستوویان لێهاتووە.

پوورم و مەهتاب و مریەم لە بەر دەرگاکە بوون و دەستیان بە قسە کردن.

پوورم – من چاک دەزانم ئارمین بێتاوانە.

بابەک – ئەرێ برا. ئەو شتی وا نافامێ.

مریەم – ڕۆیا بە ڕاستی هیچ و پووچی. تۆ هاوڕێی من بووی.

مەهتاب – عەیبە ڕۆیا. ناپاکی لەگەڵ هاوڕێ کارێکی ناشیرینە.

بابەک – سەد جارم پێ وتی لە هاوڕێدۆزینەوەدا وردبین بە. ئەمەش عاقیبەتەکەی.

پوورم – قسە مەکە با نەتهاڕم.

بابەک – بۆ کوێ؟ کەوچکێک لەم قیمە پڵاوە بخۆن.

کە ئەمەی وت پوورم گوڵدانەکەی بەردەستی هەڵگرت و بەرەو لای بابەک تووڕی دا، ئەگەر بابەک خۆی لا نەدابایە دەدرا بە سەریدا. بابەک گەڕاوە و سەیرێکی ڕۆیای کرد و وتی:

– دیارە ڕۆیا قیمە پڵاوەکەتیان پێ خۆشنەبوو وا نەیانخوارد.

هەموومان پێکەنین. بەهار لەبەر پێکەنین ژانی کردبوو.

بابەک – دادە بەهار ئێستا زانیت گێژەڵووکە چەندە ماڵوێرانکەرە؟ ڕانەوەستان چایەکیش بخۆنەوە.

دادە زێڕە – بابەک ئاگات لە خۆت بێت. ئەم پوورەی من بینیم هەتا خوێن نەمژێ لە کۆڵ نابێتەوە.

بابەک – کاکە ئارمین نەدەکرا تۆ قسەت نەکردایە؟ خۆ من هەموو شتێکم جێبەجێ کردبوو.

– شت ناشاردرێتەوە ئەمانە حەقیقەت دەزانن. خۆ کارێکی خراپمان نەکردووە میوانمان هاتووە. بۆچی نابێ پێیان بڵێم؟

بابەک – ئێستا ئەگەر پوورت تەلەفۆنی بۆ ئێران کرد و باوکت ئیتر پارەی بۆت نەنارد دەزانی حەقیقەت چییە.

ئینجا وەک شتێ کە هیچ ڕووی نەدابێ ڕویکردە ئەوان وتی:

- دەی دەتانوت چ خەبەری تر؟

هەموومان پێکەنین. ئەم کوڕە هەر دەتکوت هیچیش ڕووی نەداوە دەتکوت دنیا هیچ کێشەیەکی تێدا نییە.

بە دەور یەکەوە دانیشتین و چامان خواردەوە و ئینجا بەهار وتی من دەڕۆم. داوای لێکردم لەگەڵی بچمە دەرەوە. هەر دووکمان هەستاین و بەهار ماڵئاوایی لە هەموویان کرد و پێکەوە چووینە خوارەوە. گەیشتینە سەر جادە وتی:

- ئارمین بەر لەوەی بڕۆم پێم خۆشبوو کەمێک قسەت لەگەڵ بکەم. وەرە پێکەوە پیاسە بکەین دەمەوێ هەندێ شتت بۆ بگێڕمەوە.

بە دەم پیاسە کردنەوە لە شەقامەکە تێپەڕ بووین و چووینە ناو پارکەکەی پشت ماڵی خۆمان. هەتا ئەوێ بێدەنگ بووین و قسەمان نەکرد. من تەنیا سەیریم دەکرد و ئەویش جار جار سەری هەڵدەهێنا و سەیری دەکردم و پێدەکەنی. کاتێک گەیشتینە ناو پارک وتی:

- ئارمین نامەوێ باس لە ڕابردووم بکەم، چوونکە زۆر دوور و درێژە. هەر ئەوەندە بزانە منداڵیی من لە هی کەس ناچێ. یاریکردنەکانم وەکوو منداڵانی تر نەبوو. ڕابواردنەکانم وەکوو منداڵانی دیکە نەبوو. خۆشویستنەکانم، ڕفتارەکانم، دەرس خوێندنم، هەستم، بە گشتی ئەو کارانەی کە دەمکرد لە هی هیچ منداڵێک نەدەچوو. خۆم ئەم بابەتەم نەزانی هەتا ئەوەی کە خەڵک جۆرێک سەیریتان دەکردم. لە هەمووان وابوو من شێتم. واتە کەس سەرەندەری کارەکانی منی نەدەکرد. هەڵبەت سەرەتاکان خۆشم لە زۆر شتم نەدەزانی و زۆرێک لە ڕفتار و فکرەکانم بۆم سەیر بوون، بەڵام هەر چییەک بوو بە خۆم نەبوو.

دەزانی چییە مرۆڤەکان کاتێک شتێکی سەیر دەبینن دەترسن و لێی دوور دەکەونەوە. منیش بۆ دەوروبەرییەکانم بیبوومە سەیر و سەمەر. بنیادەمێک بە ڕفتاری شێتانەوە.

لە سەرەتاکاندا کە منداڵ بووم زۆر سەرنجی ئەم ڕفتارەی منیان نەدەدا. دایک و

باوکم هەموو شتێکیان ڕەپاڵی منداڵی و یاریی منداڵانە دەخست. بەڵام هەرچی گەورەتر دەبووم زیاتر سەرکۆنەیان دەکردم هەتا ئەو جێگایەی کە کار لە ئامۆژگاری و قسە ترازا و گەیشتە لێدان.

ئەوەی بە لامەوە ئاسایی بوو لە چاوی بنەماڵەکەم شێتییەتی بوو. هیچ بیریان لەوە نەدەکردەوە کە لەوانەیە لەم کارانەی من تێنەگەن. ڕەنگە ڕفتاری من دروست بێت. لەبەر ئەوەی لە ڕفتاری من تێنەدەگەیشتن دەیانوت ئەم کچە یان شێتە یان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک وا دەکات.

ئیتر باسی منداڵیی خۆم با نەکەم کە چیم دەکرد لەو کاتەوە بۆت دەگێڕمەوە وا کەمێک گەورەتر بووم و نزیکەی چواردە ساڵان بووم.

تا بەر لە چواردە ساڵان دوو سێ جار منیان بردە لای دەروونپزیشک و پرسیان پێکردبوو. بەڵام دەروونپزیشکەکە پێیانی وتبوو قۆناغی منداڵی زۆر گرنگ نییە. بەڵام ئەو کاتە تازە گەورە ببووم.

بۆ وێنە لە ڕۆژدا کاتژمێرێک لە ژوورەکەمدا دادەنیشتم و سەیری دار و دیوارم دەکرد. یان لە سووچێکدا دادەنیشتم و چاوەکانم دەنووقاند و بیرم دەکردەوە. ئەو کاتانە نەمدەزانی کە بۆچی حەزم لەم کارانەیە. دواتر زانیم ئەوە بەو کارانە فۆکووس دەکەم و ئاسوودەیی وەدەست دێنم.

نازانم چۆنت پێ بڵێم ئارمین؟ ناو سەرم دەنگە دەنگ بوو، دەنگی شێرزە و ناڕوون. لە یەک ساتدا هەزاران وێنە دەهاتە بەر چاوم، کە هیچیانم هەتا ئەو کات نەبینیبوو. ئەو کەسانەی کە دەهاتنە زەینمەوە بیست ساڵ دەبوو مردبوون. پێم خۆشبوو ئەمانە بۆ یەکێ بگێڕمەوە، بەڵام هەر کات ئەمانەم لای دایک و باوکم باس دەکرد دەیاندا بە دەممدا و پێیان دەوتم بیبڕەوە ئیتر درۆ مەکە. جارێکیان دوو کاتژمێر هەر وا ڕاوەستام و سەیری گوڵدانێکم کرد. باوەڕ کە ئارمین. من هەستم بە گەشەکردنی ئەو گیایە دەکرد. بەڵام دایک و باوکم کە شتێکی وایان دەبینی دەستبەجێ بانگیان دەکردم و دەیانناردم بۆ شوێنێک بۆ ئەوەی لەو حاڵەتە بێمە دەرەوە. تەنانەت بۆ جارێکیش باوەڕیان پێنەکردم.

باشم لە بیرە لەم کاتانەدا بوو. لە ماڵی خۆماندا پشیلەیەکی ژیکەڵەمان هەبوو. جارێکیان دووگیان بوو و دوو بێچووی فڕێ دا. دایکم یەکێ لە بێچووەکانی دا بە من و یەکیانی دا بە یەکێ لە هاوڕێکانم. کاتێک کە لە قوتابخانە گەڕامەوە بینیم پشیلەکە لە ڕێڕەوەکەدا ڕاوەستاوە و لێم دەڕوانێت. کە چاوم بڕییە چاوی هەستم بە هەموو غەم و دەردەکانی کرد. تیژ چووم بە دوای بێچووەکانیدا. کاتێک زانیم یەکیان دیار نییە بە گریانەوە چوومە لای دایکم و هۆکارەکەم لێپرسی. ئینجا پێم وت ئەم پشیلە ئەمشەو یەکێ لە بێچووەکانی هەڵدەگرێ و لێرە دەڕوات.

نازانم چۆن بوو ئەمەم بە زەین گەیشت. یان ئەوەی کە چۆن هەستەکانی ئەو پشیلەم لە چاویدا خوێندەوە. بەڵام وەک شێت نا ئاگا چووبوومە ناو زەینی ئەو پشیلە، یان ئەو پشیلە هاتە ناو زەینی منەوە.

سەیر لەوەدایە هەر ئەو شەوە پشیلەکە لەگەڵ بێچووەکەی لە ماڵمان ڕۆشت. سەیرتر ئەوەی کە دایک و باوکم پێیان وابوو من بۆ ئەوەی قسەی خۆمیان پێ بسەلمێنم ئەو پشیلە داماوەم لەگەڵ بێچووەکەی کوشتووە. لەو کاتەدا دەرمانداوکردنم دەستی پێکرد. لەم دەروونناس بۆ ئەو دەروونناس. نیوەی دەروونپزیشکەکان منیان دەناسی.

کەس لێم تێنەدەگەیشت. کەس لێم حاڵی نەدەبوو. بۆ بەدبەختی ئەوەی کە چ دایک و باوکم و چ پزیشکەکان هەموویان دەیانویست قسەم لەگەڵ بکەن و یارمەتیم بدەن، بەڵام هیچیان نە دەیانهێشت قسە بکەم و نە باوەڕیان بە قسەم دەکرد. کە دەهاتم سەبارەت بەو شتانە بدوێم وا بینیومن دەیانگوت بڕیار نەبوو ئیتر لەم قسانە نەکەی.

ئەو کات پێم خۆش بوو بهاتبای و بتزانیبایە کە پێشنیاری چیم پێ دەکەن! یەکیان دەیوت مەهێڵن سەیری فیلمی ترسناک و خەیاڵی بکا، با لە ماڵتاندا ئامێری ڤیدیۆی تێدا نەبێ و فڕێی بدەنە دەرەوە. یەکێکی دیکەیان دەیوت پرۆگرامە تەلەڤیزیۆنییەکان باری دەروونییان تێکداوە و ماندوویان کردووە. ئەم کچە پێویستی بە یارییە. ڤیدیۆی بۆ بکڕن و فیلمی بیانی بۆ دانێن، با بۆ خۆی سەرقاڵ

CS CamScanner

بێ و واز لەم کارانە بێنێت.

یەکیان دەیوت مەهێڵن هاتوچۆی هاوڕێکانی بکات. منداڵان لە یەکترەوە فێری شت دەبن دێنەماڵەوە و لای ئێوە ئەنجامی دەدەن. دەبێ وروژانەکەی نەمێنێت.
یەکیان دەیویت ئەوە بۆ سەرنجڕاکێشی خۆی دەنوێنێ، زیاتر گرنگی پێ بدەن.
ئەوەی دیکەیان دەیکوت هەر سەرنجی پێ مەدەن، تاقانەیە لووسکە و نازدار بووە.
هەموو قسەی قۆڕیان دەکرد.

باوک و دایکە داماوەکەم نەیاندەزانی گوێ بۆ قسەی کام یەک لەم پزیشکانە بگرن. ئەم پزیشکانە بە لایەک و کۆمەڵێک پزیشکی دیکە کە تەلیسێک حەبی خەو و ئەعسابیان پێ دەدام. دوو جار لەم حەبانەم خوارد هەفتەیەک لە خەودا بووم.
ئیتر ژیانمان تێک چووبوو. سەرەڕای ئەوەی باری ئابووریمان خراپ نەبوو، بەڵام زەردەخەنە بە لای لێوماندا نەدەهات. خۆشم لەم دۆخە وەڕەز ببووم.

ئیتر وای لێهات تاقەتی قووتابخانەشم نەما. دەچوومە سەر پۆل و پێم خۆش بوو مامۆستاکانم یارمەتیم بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەی دوو پرسیارم لێ دەکردن بە سەرمدا دەیانگوڕاند و بێدەنگیان دەکردم! یەکیان دەیکوت من کافر بووم. یەکیان دەیکوت شەیتان چۆتە ناخمەوە. دەزانی بۆچی؟ چوونکە چەند جار سەبارەت بە خوا پرسیارم لێکرد.

پرسیارەکانم بە لایەوە سەیر بوو. چوونکە نەیدەتوانی وەڵامیان بداتەوە، دیکوت ئەوە تەنیا کافرە سەبارەت بە خوا پرسیار دەکات. بەردەوام لە سەر پۆل گاڵتەی پێم دەکرد. وردە وردە هاوڕێکانیشم گاڵتەیان پێ دەکردم. ئیتر وای لێهات لە قوتابخانە بێزار بووم. هەتا بەر دەرگای قوتابخانە دەچووم، بەڵام کە دەگەیشتمە ئەوێ وامدەزانی کە ئەگەر بچمە ژوورەوە دڵم دەتۆقێت.
دەچوومە پارک و چەند کاتژمێرێک دادەنیشتم و سەیری ئاسمان و درەختەکانم دەکرد.

وردە وردە لە زەینمدا هەستم بە هێز و توانا دەکرد. ئەو شتانەی کە هەتا ئەو کات لە زەینمدا شپرزە و ناڕوون بوو، وردە وردە بە شێوەی ڕوون خۆیان

دەردەخست.

ئەو چەند کاتژمێرەی کە لە پارکدا بە تەنها خۆم دادەنیشتم و بیر و خەیالم دەحەساوە، لە خۆمدا هەستم بە زۆر شت دەکرد. هەر لێرەدا بوو کە قەیران دەستی پێکرد.

بە هۆی نەچوونەوەم بۆ سەر پۆلەکانی خوێندن لە قوتابخانە دەرکرام. دەزانی لە دۆسیەکەمدا چییان نوسیبوو؟ قووتابییەکی بزۆز و بێتاقەت، تێکدەری ئارامیی قوتابخانە!

من لە قوتابخانەدا کارم بە کەس نەبوو! ئیتر خوا خۆی دەزانێت. ئەوان هیچیان بە منەوە نەبینیبوو، دەنا بوختانی دیکەشیان بۆ هەڵدەبەستم! دەزانی چییە لەوان وا بوو من لە جیاتی ئەوەی بچمە قوتابخانە دەچم بۆ بەرەڵایی و ڕابواردن لەگەڵ کوڕان. من نازانم بۆچی دەبێ بیر و هزری ئێمە ئاوا ناشیرین و پیس بێت؟ بۆچی هەر کە شتێک دەبینین تەنیا لایەنە خراپ و دزێوەکانی دەبینین؟

ئیتر چیمان لە دەست دێت؟!

ئەو ساڵە دایک و باوکم بۆ ئەوەی سزام بدەن، منیان لە ماڵەوە زیندانی کردا هەڵبەت هیچ بە لامەوە گرنگ نەبوو. ڕەنگە ئەمە بۆ من باشتریش بوو بێ، چوونکە ئاوا وازیان لێم دەهێنا. بەڵام لەگەڵ ئەوەی چەند خولەک بۆ خۆم خەڵوەتم دەکرد خێرا بەرنامەیەکیان بۆم ساز دەکرد، تا سەرم قاڵ بم و کاری قوڕ نەکەم!

ئەمە بەردەوام بوو هەتا مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵە. داوام لە باوکم کرد کە ڕێگەم پێبدا بە شێوەی نافەرمی بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەم. ئەویش سەرەرای ئەوەی هیچ هیوایەکی بە دەرچوونم نەبوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی وایدەزانی بوومەتە بەشەر، ڕێگەی پێدام، بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەم. دوو ڕۆژی مابوو بۆ تاقیکردنەوەکان. بە هەر چۆنێک بوو ڕێگەیان دا لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەدا بەشداری بکەم. هەڵبەت چەند دانە کاغەز و بەڵگەی پزیشکیمان برد جا قوتابخانە ڕێگەی پێدام.

باشم لە بیرە کاتێک کە چوومە قوتابخانە بۆ ئەوەی یەکەم تاقیکردنەوە بدەم،

هەر ئەو مامۆستایە بە گاڵتەجارییەوە وتی: کچەکە گیان لە شەیتان پارایتەوە وا هاتووی بۆ تاقیکردنەوە؟!

ئێستا کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە پێکەنینم دێ! ئەویش فەقیرە ناحەقی نەبوو. مامۆستایەکی سادەی وانەی ئایین بوو. پێم خۆشبوو ئێستا منی ببینیایە و بیزانیبا خوای تاقانە چ هێزێکی پێ بەخشیوم!

ئیتر ئەو ساڵە مامناوەندی نمرەکانم زیاتر لە ١٩[٨] بوو. ئارمین لەو ماوە کورتانەی کە توانیبووم تەنها بم و بیر بکەمەوە، توانیم دیوە شاراوەکانی زەینم بدۆزمەوە. یەکجار چاوێکم بە کتێبەکاندا دەخشاند. تێدەگەی؟ تەنیا چاوێکم پێدا دەخشاند.

بەڵام بوو بە چی؟ هەموو پێیان وابوو بە قۆپیکردن دەرچووم! بۆچی؟ چوونکە قوتابیی یەکەمی پۆلەکەمان لە سەر کورسییەک لەولاترمەوە دانیشتبوو.

کەس توانای ئەوەی نەبوو چوار پرسیاری زارەکیم لێ بکا، بۆ ئەوەی دەربکەوێ ئەم زانیارییانە هەموو هی خۆم بووە. زەینم زۆر بەهێز و چالاک بوو.

کێشەکە ئەو کاتە دەستی پێکرد کە ڕۆژێکیان بەیانی بوو، بە گریانەوە داوام لە باوکم کرد کە لە ماڵ دەرنەکەوێت.

هەر ئەو ڕۆژە تووشی ڕووداوێکی قورسی هاتوچۆ هات و مانگێ لە نەخۆشخانە کەوت.

دەزانی کاردانەوەکەیان چی بوو؟ هەستان خۆیان کرد بە ماڵی ئەم فالگر و ئەو فالگر.

منیان بردە لای هەموو ئەو ساختەچییانەی کە ئەم ژنە ڕەنگانە پێیان دەناساندن. ئای خوایە گیان چ ڕۆژانێک بوو. ڕۆژانی ئازار و نەگبەتی و ڕەنگە ئازار و نەگبەتیی دایک و باوکم.

دەزانی چۆنە دوا زەبرێک کە لێیان درا ئەو کارە سەیر و سەمەرەی بوو، کە بە منیانەوە بینی. بەسەرهاتەکە ئەوە بوو، کە پاش ئەو ساڵە وازم لە خوێندن هێنا.

[٨]- لە تاقیکردنەوەکانی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێراندا نمرە لە ١ هەتا بیست ٢٠ـە.

هەڵبەت وازم لە چوونە قوتابخانە هێنا.

چونکە هەر ئەودەم بە کتێبی ئینگلیزی بە بێ مامۆستا زۆر بە ئاسانی فێری ئینگلیزی ببووم. کە دەڵێم فێربوون مەبەستم ئەوەیە بە تەواوتی دەمتوانی وەکوو ئینگلیزییەکان بەم زمانە بدوێم.

ئیتر لەو ساڵەوە نەچوومە قوتابخانە. باشم لە بیرە ڕۆژێکیان لە ناو حەوشەدا خەریک بووم پیاسەم دەکرد و بیرم دەکردەوە. لە ناکاو لە سووچێکی حەوشەکەدا چاوم بە جووچکێکی بچووک کەوت. بەستەزمانە لەبەر سەرما ڕەق هەڵاتبوو. نازانم چۆن بوو لە پڕ هەستم کرد کە ئەگەر بیخەمە ناو دەمم دۆخی باشتر دەبێت. هەر واشم کرد. خستمە ناو دەمم و لە خوا پاڕامەوە کە حاڵی باش بێت.

دوو خوولەکی پێنەچوو باوکم هاتە ناو حەوشەکە و بەرەو لام هات و لە پشتەوە دانەیەکی کوتا بە سەرمدا و بە زۆری دەمی کردمەوە و ئەو بەستەزمانەی لە ناو دەمم دەرهێنا.

هەرگیز ئەمەم لە بیر ناچێتەوە. باوکم دەگریا و دەیکوت گڵاو دڕ بووی؟ دەتهەوێ ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە بە زیندوویەتی بخۆی؟! سەیر لەوەدا بوو کە لەگەڵ ئەوەی ئەو جووچکە بچووکەم لە دەمم هێنا دەرەوە حاڵی باشتر ببوو و هەڵفڕی و ڕۆشت.

ئیتر چۆن حەقیقەتم پێیان بکوتبایە؟ بە ڕۆژی ڕوون باوەڕیان بە وتەکەم نەدەکرد، نەخوازەڵا ئێستا کە ئەم جووچکە بۆیان بوو بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر!

بە خواستی خوا یەکەمین شیفادانم ئەنجام دا، بەڵام هەڵفڕینی جووچکەکە بوو بە هۆکاری تاوانباربوونم. خۆم زۆر دڵخۆش بووم بەم کارەم، بەڵام لە ناو بنەماڵەدا پرسە و ئازیەتی گیرا.

ئیتر هەمووان پاک دڵنیا بوونەوە کە من شێتم. هەر هەموو خزم و کەس کاتێک چاویان بە من دەکەوت چەند هەنگاو لێم دەکشانەوە. کەمتر هاتوچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد. پووری و ئامۆزا بۆیان نەبوو بێنە ماڵمان. دەیانوت باش نییە منداڵەکانمان هەڵسوکەوت لەگەڵ بەهاردا بکەن.

ئیتر خۆشم تەنهاییم پێ باشتر بوو. پێم خۆش نەبوو لای خەڵک داکۆکی لە خۆم بکەم. ئەوەی ڕاستی بێ پێم فشە بوو، کە لە هەمبەر ئامۆژگاری و سەرزەنشتی پوور و مام و خاڵ بەرگری لە خۆم بکەم. من هەستم بە شتگەلێک کردبوو، کە خەلکی ئاسایی نەیاندەتوانی لێی تێبگەن. هەرکە سەبارەت بەم بیر و هەزرانەم لای کەسێک قسەم کردبایە دەیانگوت تۆ شێتی.

دەزانی چۆنە ئەوانیش ناحەقیان نەبوو، کاتێک پزیشکێک بە بیستنی قسەکانم بزەیەکی دەهات و پێی دەوتم خەم مەخۆ تەندروستیت وەدەست دێنیتەوە، دەبێ چاوەڕوانیی چیم لە کەسانی ئاسایی هەبێت؟!

باسی هەندێ بابەتت بۆ بکەم پێیکەنی؟ قەت باوەڕ بەوە دەکەی کە مارمێلکێک بتوانێ ژیانی کەسێک بگۆڕێت؟! من مارمێلکێک ژیانی گۆڕیم. جا با بەسەرهاتەکەت بۆ بگێڕمەوە. ڕۆژێکیان وەک هەموو ڕۆژانی دیکە لە ناو ژوورەکەمدا زیندانی کرابووم. لە سووچێکی ژوورەکەمدا دانیشتم و بیرم لە ژیانم دەکردەوە. نەمدەزانی داهاتووم چی لێ دێت. لە ناو خزم و کەس و ناسیاو و دراوسێدا بە شێت ناسرا بووم.

لەم بیر و خەیاڵانەدا بووم، کە مارمێلکێکم بە دیواری ژوورەکەوە بینی. هەستام و چوومە لای. هەر وا سەیرم دەکرد و بیرم لە کاری خوا دەکردەوە. پێستی ئەوەندە ناسک بوو کە دڵ و ڕیخۆڵەی لە پشتییەوە دیار بوو. هەر وا کە خەریکی بووم بیرم لەوانە دەکردەوە کە لە ناکاو هەستم کرد دایک و باوکم لە پشت سەرمەوە ڕاوەستاون و سەیرم دەکەن!

ترسام. باوکم زللەیەکی توندی لێدام و بە گریانەوە گوڕاندی: بووی بە ئاژەڵ! ئاژەڵێکی دڕندە. ئێستا بە نیازی ئەو ئاژەڵە بە زیندوویەتی بخۆی؟ بە تەمای چی دیکە بە زیندوویەتی بخۆی؟ قالۆنچە، مێش و مێشوولە؟ دواتر نۆرەی من و دایکتە ئەری؟ بوویەتە دراکوولا؟

ئینجا لەگەڵ ئەوەی کە دەگریا دەستی کرد بە لێدانم. بەزەییم پێدا دەهاتەوە. ئەمە گریانی بێدەسەلاتی و بێدەرەتانی بوو. لەگەڵ ئەوەی لێی دەدام دەیگوت لای

هەموو کەس سەرشۆڕت کردووم. کەس قسەمان لەگەڵ ناکات. کەس هاتوچۆمان ناکات. ئیتر پێم عەیبە لە ناو گەڕەکدا سەرم هەڵبێنم. دە بڕۆ با ئاسوودە بم.

ئەگەر دایکم نەبووایە ئێستا لە ژێر شەق و زللەکەیدا مردبووم.

پاش یەک دوو ڕۆژ لە سەر داوای یەکێک لە هاوڕێکانی باوکم منیان بردە لای پزیشکێکی ئینگلیزی.

پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵان بوو. دەروونپزیشک نەبوو. پسپۆڕی بوارێکی دیکە بوو. هاوڕێی کۆنی یەکێک لە هاوڕێکانی باوکم بوو، کە بە بانگهێشتی ئەو چەند ڕۆژێک هاتبووە ئێران و ببوو بە میوانی هاوڕێکەی باوکم. ئیتر شەوێک دایک و باوکم منیان بردە ماڵی ئەو هاوڕێیەی باوکم کە میوانەکەی لێ بوو.

کە چوومە ژوورەوە هەموو بە گاڵتەوە سەیریان کردم. زۆرم پێ ناخۆش بوو. هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر خزم و هاوڕێ و ناسیاو منیان بۆ کوڕەکانیان دانابوو. هەم جوان بووم و هەمیش لە باری ئابوورییەوە تێر و پڕ بووین. بەڵام لەم چەند ساڵەدا کوڕان لە میوانییەکاندا کە منیان دەبینی گاڵتەیان پێ دەکردم. ئەمە جۆرێک بۆ من ئەشکەنجە بوو.

ئیتر زۆر ئازارم بینی. ئەو شەوە لە لای باوکم لا نەچووم. باوکم فرمێسک بە چاوییەوە قەتیس مابوو زۆر پێی ناخۆش بوو، کە بە کچەکەی پێبکەنن و بە شێتی بزانن.

ڕۆشتین و لە شوێنێکدا دانیشتین. ئەو پزیشکە بە ئینگلیزی بە هاوڕێکەی باوکمی وت پێی خۆشە بمدوێنێت. بەر لەوەی هاوڕێکەی باوکم ئەو وتانە بۆ باوکم وەربگێڕێتەوە خۆم وتم، من دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم. هەر کە وام وت هەمووان دایان لە پڕمەی پێکەنین. وەک ئەو ئاژەڵە دڕانە کە بە هەموویانەوە دەڕژێنە سەر ئاژەڵێکی لاوازتر، هەموویان پێم پێکەنین و گاڵتەیان پێدەکردم.

باوکم سەری داخستبوو و هیچی نەدەوت. دایکم دەسرێکی بە دەستەوە بوو و دەگریا و یەکێک لە ژنەکانیش دڵنەوایی دەداوە. پزیشکە بیانییەکە زۆر بێتاقەت بوو. لە هاوڕێکەی باوکمی پرسی کە من چی دەڵێم. کاتێک هاوڕێکەی باوکم

قسەکەی منی بۆ وەرگێڕاوە، لێی پرسیم دەتوانی بە زمانی ئێمە بدوێی؛ ساتەوەختێکی جوان بوو لە ژیانمدا. دەمتوانی وەڵامێکی باشی ئەو کەسانە بدەمەوە کە گاڵتەم پێ دەکەن.

زۆر ئاسان و ڕوون دەستم کرد بە قسە کردن. هەرچی زیاتر قسەم دەکرد ئەوان زیاتر سەریان سووڕ دەما، لە بەرامبەردا باوکم سەری بەرز دەگرت. یەکەم جار بوو کە لە چاوەکانی باوکمدا شانازیم بەدی دەکرد. شانازیکردن بە کچەکەی.

پزیشکەکە لێی پرسیم کە لە کوێ فێری ئینگلیزی بووم. کاتێک پێم وت کە هەر خۆم و لە ماوەی سێ مانگ فێری بووم، سەری سووڕ ما.

نیوکاتژمێر پێکەوە قسەمان کرد. تەنانەت باسی وشە پزیشکی و تەکنیکییەکانم بۆ کرد. ئینجا بە هاوڕێکەی باوکمی وت، ئەمە نە تەنیا شێت نییە بگرە دەتوانین بڵێین بلیمەتیشە.

لە ناو هۆڵەکەدا کەس متەقی لێوە نەهات. دیسان بوومەوە بە بەهارە جوان و ژیکەڵەکەی کە هەمووان ئاواتیان بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەن.

ئەو پزیشکە بیانییە لەگەڵ ئەوەی پێکەنینی بە بیر و هزرەکانم نەهات و فشەی پێم نەکرد، هێز و توانای منی بۆ دەرکەوت.

باشترین ساتەوەختی ژیانم هەر ئەو کاتە بوو، کە شادومانی و لووتبەرزیم بە سیمای دایک و باوکمەوە بینی. ئەو پزیشکە بە باوکمی وت ئەگەر بەهار لەگەڵ من بێتە دەرەوەی وڵات، ڕەنگە لە ماوەی هەفتەیەکدا هەموو کێشەکانی چارەسەر بێت. باوکم خوا خوای بوو کێشەکەم چارەسەر بێ و چارەسەر بوو. لە ماوەی سێ ڕۆژدا پاسپۆرتەکەم ئامادە بوو.

ئێستا دەزانم بۆچی هەموو کاروبارەکان هەر وا بە ئاسانی جێبەجێ بوو. ئەو پزیشکە پەیوەندی بە وڵاتەکەی خۆیەوە گرتبوو و وتبووی تووشی دیاردەیەکی ئاوارتە و ناوازە بووە! ئەوانیش یەکسەر پاسپۆرتەکەیان بۆم جێبەجێ کرد، تەماشا ئەو جیاوازییە؟! لە شوێنێکی ئەم دنیایەدا لەبەر ڕفتارە سەیر و سەمەرەکانت گاڵتەت پێدەکرێ و لە شوێنێکی دیکەدا لەبەر کەسایەتی و ڕفتارت بۆرسی

خوێندن و هەزار ئیمکاناتی دیکەت پێ دەدەن. بۆچی وایە؟

بۆچی دەبێ مامۆستاکەم ئاوا بێ؟ بۆچی دەبێ پزیشکەکانمان ئاوا بن؟ بۆ دەبێ مرۆڤەکانمان ئاوا بن؟ بۆچی دەبێ کەسانێکی وەکوو من بەو هەموو توانایەوە نەتوانن لە وڵاتەکەیاندا بمێننەوە و پەروەردە بکرێن و هاوکاریی خەڵکەکەیان بکەن؟!

بۆچی دەبێ کەسانێکی وەکوو من کە کەمیش نین لەم وڵاتە ڕا بکەن؟ بۆچی دەبێ وڵاتانی دیکە ئەم مێشکانە بدۆزنەوە؟

لەبەر زۆربڵێییم ماندوو بووی نا؟

- نا دەنگت ئەوەندە خۆشە کە کابرا لە بیستنی ماندوو نابێت.

بەهار – سوپاس بۆ تاریفکردنەکەت. ئێستا ئەوەی دیکەیت بۆ بگێڕمەوە یان نا؟

- من لە خوامە تۆ هەمیشە لە لام بی و قسەم بۆ بکەی و من سەیرت بکەم و گوێ لە دەنگت بگرم.

سەیری کردم و دەستێکی بە ڕوومەتمدا هێنا و وتی:

- لەم پارکەدا شوێنێک نییە بچین شتێک بخۆین؟

- با هەیە با بڕۆین. ئەزقەزا ڕیستۆرانتێکی ئارام و چۆڵ و خۆشی لێیە.

هەر دووکمان بەرەو لای ڕیستۆرانتەکەی پارک وەڕێکەوتین. لەگەڵ ئەوەی شان بە شانی یەکتر دەڕۆشتین پێم وت:

- دەزانی چییە بەهار لە من وایە تۆ پڕ لە نهێنی و ڕازی! تۆ لە پازڵ دەچی.

پێکەنی و وتی:

- دەی وڵامەکەم بدەوە.

ئینجا دەستی کرد بە ڕاکردن و وتی:

- ئارمین وەرە بزانە دەتوانی بمگری!

- ڕاوەستە بەهار! کردت بە فشە؟!

بەهار - ئەرێ. ڕاکە دەی. نەکا لەو کوڕە تەمبەڵانە بی.

- هەڵەمەیە، با نەکەوی.

بەهار – مەترسە. ئەگەر دەتوانی وەرە بمگرە.

- ئاخە تۆ زۆر وەپێشم کەوتووی!

بەهار – باشە دەی خۆ من کچم و تۆ کوڕی.

- بەڵام خۆ تۆ کچێکی ئاسایی نیت!

بەهار – هۆو ئەوە چی دەڵێی؟!

- تۆ کچێکی ناوازەی.

کە ئەمەم وت گەڕاوە بۆ لام و وتی:

- نا ئارمین. لەم قسانە دەرچێ من کچم. کچێک کە هەموو هەست و سۆزی کچێکی تێدایە، کچێک کە دڵی پڕە لە ئاواتی کچانە. دڵی من پڕە لە عەشق. ئەو عەشقەی کە نابێ لە ناو دڵی کچێکی بەندکراودا بێت.

لەگەڵ ئەوەی پێم پێدەکەنی پشتاوپشت گەڕاوە و کاتێک لێم دوور کەوتەوە وتی:

- ئێستا ئەگەر بتوانی بمگری خەڵاتێکی جوانت دەدەمێ!

ڕەنگە ئەمانە خەون نەبن. نە بەهارەکەی من، نە خۆم، نە ئەم پارکە، نە ئەم گوڵ و درەختانـــە، نـــە قـــژە پەلکەکـــراوە جـــوان و درێـــژەکەی، نـــە دەنگـــی خۆشـــی پێکەنینەکانی، نە ئەو چاوانەی کە دەیدواندم، نە ڕاکردنەکانی لە من، نە ڕاکردنی من بە دوایدا، نە ئەو کاتەی کە چەند هەنگاو ئەولاتر پێی گەیشتم و دەستیم گرت و نە ئەو کاتەی کە پای هەڵخلیسکا و من لە باوەشم گرت بۆ ئەوەی نەکەوێت!

ڕەنگە هەمووی خەون بێت.

***

پێکەوە بەرەو لای ڕیستۆرانت دەچووین. لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی وتی:

- زۆر توند ڕا دەکەی. چۆن دەتوانی بەم خێراییە پێم بگەیتەوە.

- دەی خەڵاتەکەم چییە؟

بەهار – نا شتی وا نابێ، تۆ زۆر توند ڕا دەکەیت!

- لێی مەڵێ، خەڵاتەکەم چییە؟

بەهار – ئەوەتا ڕیستۆرانتەکە. چا خۆشە. تۆ دەبێتە میوانی من.

هەر دووکمان بە پێکەنینەوە چووینە ناو ڕیستورانتەکە و دانیشتین و داوای چامان کرد و پاش کەمێک پێم وت:

- ئەرێ بەهار تۆ دەتوانی ئەندیشەی خەڵک بخوێنیتەوە؟ واتە دەتوانی بیری من بخوێنیتەوە؟

بەهار – نەکا بیری خراپ لە مێشکتدایە و دەترسی من پێی بزانم؟

- ئەگەر تۆ لە ناو بیر و هزری مندا بایەی ئێستا زۆر شتت دەزانی.

نیگایەکی جوانی کردم و وتی:

- ئەو چاوانە ئەوەندە پاکن کە هەست ناکەم بیری خراپی تێدا بێت. بەڵام نا، من ناتوانم بیری خەڵک بخوێنمەوە مەگەر ئەوەی کە خۆیان بیانهەوێ. وەکوو خۆت. کاتێک بانگت دەکردم تۆ بە دڵ و گیانەوە بانگت کردم. ئەم شەپۆلانە وەها بەهێز بوو کە خۆم پێ نەگیرا. هەر ئەو شەوە دۆزیتمەوە و هاتمە لات.

- ئەی ئەو پشیلە؟ ئەوەی وا وتت بەچکەکەیان دا بوو بە کەسێکی دیکە. خۆ ئەو مرۆڤ نەبوو کە بانگت بکات؟

بەهار – بۆ هەر مرۆڤ دەتوانی ئەم کارە بکات؟! زۆربەی ئاژەڵان هەر بەم شێوە زۆر بە ئاسانی لەگەڵ یەکتر پەیوەندی ساز دەکەن. با ئەوەشت پێ بڵێم ئەو پشیلە هی من بوو. کاتێک بەچکەکەیان لێ جیا کردەوە ئەوەندە غەمبار بوو کە لای من گلەیی لە دایک و باوکم کرد.

- زۆر سەیرە، بە ڕاستی سەیرە.

بەهار – دەی تۆ قسە بکە. سەبارەت بە خەونەکەت زیاتر بۆم بدوێ. باسی شیرین بکە. پێم خۆشە بزانم ئەو داوای چ یارمەتییەکی لە تۆ کردووە. باشە تۆ چۆن دەتوانی یارمەتیی ئەو بدەی؟

- خۆشم نازانم. ئەم ڕووداوە سەیرە، و جێی باوەڕکردنیش نییە.

بەهار – ڕاستە. وەکوو ئەو ڕووداوانەیە کە لە ڕابردوودا بۆ من پێش هاتووە. ئەگەر لای هەر کەس باسی بکەی نەک هەر بڕوات پێ ناکا بگرە بە شێتیش دادەنێت. ئەرێ جگە لەو شتانەی کە سەبارەت بە شیرین بۆمت گێڕاوە، باسی هیچ

قسەیەکی دیکەتان نەکرد؟

- نا. هەر ئەوە بوو وا بۆم گێڕایەوە.

بەهار – دەزانی چییە ئارمین کاتێک لەگەڵ کەسێک لەو دنیا پەیوەندی ساز دەکەی واتای چییە؟

- نا نازانم.

بەهار – تماشا، من بەم هێزەمەوە ڕووداوی لەم چەشنەم بۆ پێش نەهاتووە! ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە. گوێ بگرە ئارمین هەموو قسەکانی شیرین بە لایەک. ئەو شتەی کە سەبارەت بە دووبارە ژیانەوە وتوویەتی بە لایەک. دواتر بە تێر و تەسەلی قسەت بۆ دەکەم با باش تێبگەی.

- بەڵام بۆچی کاتێک تۆم بینی ئەو لەتە چەرمە کاریگەرییەکەی نەما؟!

بەهار – بۆچی من و شیرین دەبێ لە یەکتر بچین؟!

- لە یەکتر دەچن؟! ئێوە یەک کەسن، هیچ جیاوازییەکتان پێکەوە نییە. تەنانەت بەژن و باڵاشتان بە قەت یەکە. ڕێک لە یەکتر دەچن.

بەهار – تۆ چووزانی باڵای شیرین چەندەیە کە ئاوا بە دڵنیاییەوە قسە دەکەی؟ ئینجا بە دەنگی بەرز پێکەنی.

- لەبەر ئەوەی پێکەوە ڕاوەستاین. بەوەدا زانیم.

بەهار – من پێڵاوەکانم پاژنە بەرزە با پێڵاوەکانم داکەنم.

پێڵاوەکانی داکەند و وتی:

- هەستە. هەستە وەرە پاڵم ڕاوەستە بزانە باڵای شیرینت ڕێک ئەندازە گرتووە؟

هەستام و ڕاوەستام. ئەویش لە بەر دەمم ڕاوەستا و وتی:

- لە خەونتدا شیرین هەر بەم شێوە ڕاوەستابوو؟

- کەم تا کورتێک.

بەهار – هەر ڕاوەستا بوو؟

- ئەرێ هەر ڕاوەستا بوو.

بەهار – ئێستا بە قەت شیرین دەبم؟

- ئێوە یەک کەسن. تەنانەت پەنجە و نینۆکی پاکانیشتان هاوشێوەیە. ناسک و زراڤ. تەنانەت لاکی نینۆکەکەشتان هاوشێوەیە!

بەهار – بۆ شیرینیش لاکی لە نینۆکی پای دابوو؟!

- ئەری. هەر ئەم رەنگە بوو.

بەهار – ئیتر خەریکە شێتم دەکەی. بڕواپێکراو نییە.

- وەکوو بەسەرهات و هێزەکانی خۆت.

بەهار – باشە هێزەکەی من شتێکی زانستی و لۆژیکییە.

- لەوانەیە خەونەکەی منیش شتێکی زانستی و لۆژیکی بێت.

سەری لەقاند و ئینجا سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و زوو پێلاوەکانی لە پا کرد و وتی:

- ئارمین من ئیتر دەڕۆم.

- باشە ئێستا پارەکە دەدەم.

بەهار – نا، زۆرم پێخۆشە کارێک بکەین، بیکەین؟

- چی؟

بەهار – پارەکە نەدەین و بڕۆین؟

- چی بکەین؟ را بکەین؟ پارە نەدەین؟ بۆ پارەکەی چەندەیە؟

بەهار – هەر چەندە بێ من پێم خۆشە کارێکی وا بکەم. ئەوەی راستی بێ من هەمیشە پێم خۆش بووە ئەم کارە بکەم.

- باش. دەستت بخە ناو دەستم.

بەهار – دەستی گرتم و پێم پێکەنی:

- یەک، دوو، سێ با بڕۆین.

هەر دووکمان رامان کرد. پێدەکەنین و رامان دەکرد. هەتا بەر دەرگای ماڵی خۆمان رامان کرد. کاتێک زانیمان کەس لە دوامانەوە نییە راوەستاین و لە کاتێکدا کە هەناسمان سوار ببوو، بەهار وتی:

- بژی ئارمین. زۆر خۆش بوو.

- بریا هەموو ئاواتەکانمان ئاوا بە ئاسانی بهاتایەتە دی.
بەهار – وەرە با بڕۆین، درەنگە.
بە هێوری بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکەی ڕۆشتین. کاتێک کە سوار بوو وتی:
- بە بابەک بڵێ هەر کات ویستی ئۆتۆمبێلی پێ دەدەم، تەنانەت هەتا پردەکەی تەجریش دەتوانی بیبات!
- بەهار ژمارەکەم یادداشت بکە، هەر کات کارت پێم بوو تەلەفۆنم بۆ بکە.
ژمارەکەمی یادداشت کرد.
- تۆ ژمارە تەلەفۆنەکەت بە من نادەی؟
بەهار – ناتوانم ئارمین. جارێ ناتوانم.
- کچێ ئەی چۆن پەیوەندیت پێوە بگرم؟
بەهار – وەک چۆن ئێستا پەیوەندیت گرت. بانگم کە. بە دڵ بانگم کە. ئەو کاتە دێمە لات. من زۆر قسە بۆ وتن پێیە. ئێستا بگەڕەوە بۆ ئەو ڕێستۆرانتە و پارەی چاییەکان بدە. دەستخۆشانەیەکی چاکیش بدە بە خاوەنەکەی.
دەستی گرتم و سەیری کردم و ئینجا جووڵەیەکی کرد و ڕۆشت.
- هەتا ئەو کاتەی لە شەقامەکە بای داوە ڕاوەستام و سەیرم دەکرد. ئینجا بەرەو پارکەکە چووم. هێورانە دەڕۆشتم و بیرم دەکردەوە.
کە بەهار ڕۆشت، دیسان دوو دڵ بووم کە ئەمانە خەونن یان نا. تۆ بڵێی هەر ئێستا لە خەو ڕاپەڕم و بزانم ئەمانە تەنیا خەوێک بووە و هیچی تر؟ باشە کاری چی بوو وا ڕۆشت؟ تۆ بڵێی کێ چاوەڕێی بێت؟ پیاوێک؟ نا. بەهار لێی نایە یاری بە ڕۆح و دڵی من بکات. ڕەنگە دایک و باوکی چاوەڕێی بن. ئەی بۆ پاشماوەی بەسەرهاتەکەی بۆم نەگێڕاوە؟!
بە دەم بیرکردنەوە لەمانە گەیشتمە ڕێستۆرانتەکە. خاوەن ڕێستۆرانتەکە کەمێک ئەولاتر ڕاوەستا بوو و پێم پێدەکەنی. چوومە پێشەوە و سڵاوم کرد. پێکەنی و وەڵامی دامەوە.
بە ئینگلیزی پێم وت ویستمان گاڵتەیەک بکەین، وەدیهێنانی ئاواتێک بوو. داوای

لێبووردن دەکەم. دیسان پێکەنی و وتی پێم خۆش بوو منیش پا بە پاتان لەگەڵتان ڕام بکردایە! ڕەنگە بە هاوکاریی ئێوە بگەڕابامەوە بۆ تافی لاویەتی.

قسەکانیم پێخۆش بوو. هەرچی لێی پاڕامەوە پارەکەی وەرنەگرت. وتی ئەو کچە جوانە ڕێزی زیاتر لەوانەیە. داوای لێ کردم لەگەڵ بەهار جارێکی دیکە بچمەوە ڕیستورانتەکەی. پێی وتم هەر جارێک لەگەڵ بەهار بچمە ئەوێ بۆ خواردنەوەیەک دەبمە میوانی. دەستخۆشی و ماڵئاواییم لێکرد. لە کۆتاییدا وتی ئەم دەموچاوە جوانانە هەر لە خەودا دەبینرێن.

ماڵئاواییم کرد و بەرەو ماڵەوە وەڕێکەوتم. پاش چەند خولەک گەیشتمە ماڵەوە. کاتێک کە گەیشتم بینیم ڕۆیا لە سەر مۆبلەکە دانیشتووە و چاوی وەک گۆمی خوێن سوور هەڵگەڕاوە! بابەک لە چێشتخانە بوو. کە لە دادە زێڕەم پرسی چی بووە، بابەک بە پەرداخێکەوە هاتە دەرەوە و وتی:

- ئەرێ ئارمین تۆ پوورێکی دیکەت نییە؟

- چیم نییە؟!

بابەک – پوورێکی دیکە. تەلەفۆنمان کرد بۆ باغچەی ئاژەڵان، وتیان ئەم جۆرە ورچانە جووتەکەیان لەگەڵ بێ باشترە.

- دەرد.

بابەک – برا جەنگی جیهانیی کۆتایی هاتووە. من نازانم ئەم تۆپ و ڕۆکێتانە بۆ کۆ ناکەنەوە! وەک فڕۆکە زرم هاتە خوارەوە و چێشتخانەی دا بە یەکدا.

- ڕۆیا بۆ چاوی سوور هەڵگەڕاوە؟ گریاوە؟

بابەک – ئەو شەپۆلانە لێیان داوە.

- لە قسەکانی پوورم دڵمەند بووە؟

بابەک – کورە قسەی پوورت وەک گولە لێی دەکەینەوە و دەیدەین لە یەخەمان. ڕۆیای داماو لە هێرشی دوو کۆماندۆکارەکەی پوورت پەشۆکاوە و قسەی بۆ نایە. خەریک بوو قەپاڵێکی لێ بگرن. ئەرێ شتی قەپاڵگرتن لە ناو بنەماڵەی ئێوەدا بۆماوەییە؟!

- باسی مەهتاب و مریەم دەکەی؟

بابەک - با ئەم قەنداوەی پێ بدەم بیخوات. ئەو لەرز و یاوەی نەمێنێت. وەرە دادە ڕۆیا کەمێک لەوە بخۆوە با هێور بیتەوە. بە خوا ئەم هەنکل و مەنکلانە پەلامارت نادەن، هەر لە دوورەوە دەوەڕن. بێ‌زیانن بەستەزمانانە.

- ڕۆیا بۆ بێتاقەتی؟ تۆ دەبا پێشتر چاوەڕێی ئەمانەت کردبایە.

بابەک - چاوەڕێی چی بکردایە؟ چاوەڕێی ئەوەی کە بە ڕۆژی ڕووناک دەرگا ماڵت بکرێتەوە و دوو دانە بێچووە ورچ لەگەڵ دایکە تووکنەکەیان بێن پەلامارت بدەن؟ وەرە دادە ڕۆیا، قوومێک لەم قەنداوە بخۆرەوە. لە ترسا زەختت دابەزیوە. خۆ چنگیان لێ نەگرتی؟!

- لێی مەڵێ بابەک.

هەموو دامان لە پرمەی پێکەنین. پاش کەمێک وتم:

- دەی شوکر هیچ نەبووە.

بابەک - هیچ نەبووە؟! ئارمین گیان سەرت خۆش بێ باوکت هات. یانی باوکت بۆت هات. بچۆ تەلەفۆن بکە بۆ ئێران. باوکت دەیهەوێ قسەت لەگەڵ بکات.

- باوکم؟! قسە لەگە من بکات؟!

بابەک - نا قسە لەگەڵ من بکات. هەڵبەت باشیشی بە من کرد ئێستا نۆرەی تۆیە.

- بۆچی؟

بابەک - ئێتر بە نۆرەیە. پووری گیانت یاخوا بۆ خاتر ئەم کاتە پیرۆزە مێشوولەی ئانۆفێل پێوەی بدا، تەلەفۆنی کردووە بۆ ئێران کە تۆ دانیشتووی و بابەک تۆی لە خشتە بردووە، ئەویش کێ؟ بابەکی بەستەزمانی فەقیرۆکە! پوورت خۆ نازانێ کاکەی برازای لە خەوندا بە زەمانچەوری کچی خەڵک لە دنیای خەیاڵ دێنێتە دنیای ڕاستەقینە.

- ئەرێ دە قسەی قۆڕ مەکە جوان باسی هەموو شتێک بکە.

بابەک - چی بڵێم؟ هەموو شتێکم وت.

- پوورم چی بە باوکم وتووە؟

بابەک – جا چی نەوتووە؟

- باشە دەی چی نەوتووە؟

بابەک – نازانم چی نەوت، بەلام ئەوانەی وا وتی باوکت پێی وتم.

- باشە دەی باوکم چی وت؟

بابەک – هەر لێرە بیلێم؟

- ئەری.

بابەک – قەیناکە بیلێم؟

- نا بیلێ.

بابەک – دوو جار بە دایکمی وت. جارێکیان بە باوکمی وت. سێ جار بە پوورمی وت. هەشت جاریشی بە خۆمی وت. جا شتی جوان و پرمانا. پرمانا و گەورە و درشت. شتی گەورە گەورە کە رەهەند و ماناکانیان سەری لە ئاسمان دەکەوێت. وەک ئەو تاوەرانەی کە لە شارە گەورەکاندا هەیە.

ئێستا لێرە بیلێم یان دواتر لە گوێتدا بیچرپێنم؟

لەبەر پێکەنین قرتاین. رۆیاش پێدەکەنی.

- گوو مەخۆ باوکم بێئەدەب نییە.

بابەک – من گوو دەخۆم بە باوکی تۆ دەڵێم بێئەدەب. ئەزقەزا رستەی ئەدەبیی جوان جوان. هەموو لە رووی زمانەوانییەوە لە جێی خۆیدا بوون. بکەر و کار، بەرکار و هەموو لە جێی خۆی.

- ئەی دایکم هیچی نەوت؟

بابەک – نا هیچی نەوت، بەلام لە پشت هێلی تەلەفۆنەکەوە گرمەیەکی لێ هەستا ئیتر باوکت متەقی لێوە نەهات. پێموایە پوورم بە شتێک کوتای بە سەریدا.

- باش دەی دواتر چی بوو؟

بابەک – هیچ ئیتر، دەنگی ئاژیری ئامبولانس هات و ئینجا دەنگی ئاژیری ئۆتۆمبیلی پۆلیس و پاشان کەمێک بێدەنگی و ... زال بوو. پێموایە کۆمەڵێک

خەریک بوون فاتیحایان دەخویند. پێموایە ئۆتۆمبیلەکەی دیکە وا هات ئۆتۆمبیلی گۆرستانی بەهەشتی زارا بوو. دواتر باسی جەنازە و لەم شتانە کرا.

- زمانت بە برین چی؟ بیگێڕەوە بزانم دەی.

بابەک – دە ئەوە نییە بە پەلەپەل بۆت دەیگێڕمەوە. دایکتیان برد بۆ بەندیخانە، باوکتیان برد بۆ گۆرستان. ئینجا تەلەفۆن داخرا. ئیتر نازانم دایکت چەند ساڵ زیندانی بۆ براوە و سێ ڕۆژە و شەوی هەوتەی باوکت کەیە.

- کابابەک ڕۆژی منیش دێتەوە.

بابەک – خوا نەکا ڕۆژی تۆ بێتەوە یاخوا سەد ساڵ بژی.

- زمانلووسییەکەت تەواوبوو؟ بڵێ باوکم چی وت؟

بابەک – هەر ئەوانەی وا وتم. ئێستا ئەگەر قسەی دیکەی هەبێ شەو دێتە خەوت پێت دەڵێ. وەڵلا حەساوە. خۆت بێتاقەت مەکە. داماو خۆ ژیانی نەبوو. لە کەرەی بەیانییەوە هەتا ئێوارە خەریکی ساختەکاری و فێلکردن لە خەڵک بوو. داماو شەویش ماندوو و هیلاک کە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە بە دەست پوورمەوە چاوێکی خوێنی لێ دەتکی و چاوێکی فرمێسکی لێ دەباری.

- زمانت بە برین چی.

بابەک – من ئەگەر لە جێی دەوڵەتی ئێران بام پەیوەندیم بە پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە دەگرت و دەموت وەک بەشداری تاوان و بکەری سەرەکیی تاوان پوورت بگرن و لە سێدارەی بدەن. هەڵبەت ئەگەر پوورت لە سێدارە بدەن پەتی ئاسایی کاری تێ ناکات. دەبێ بە سیمی بێگسیل هەڵیکێشن. گرانکێشێکی هەفتا تەنیان پێویستە. تۆخوا ئەمە پوورە هەتە؟! پیاو پێی عەیبە لای چوار دانە پیاوماقووڵ پیشانی بدات.

- دەچم تەلەفۆنی بۆ دەکەم تەواوی ئەو قسە نەشیاوانەی کە پێی دەکەی بۆی دەگێڕمەوە.

بابەک – بڕۆ بیگێڕەوە. بۆ لێی دەترسم؟ بێتە لای خۆشم ئەو قسانە دەکەم.

لەم کاتەدا تەلەفۆنەکە کە لە تەنیشت بابەک بوو زەنگی دا. بابەت یەک مەتر بۆ

ئەولاتر خۆی فڕێ دا.

- ئاخ ... عەمرت نەمێنێ بەم تەلەفۆنەتەوە.

هەموومان پێکەنین.

- تەلەفۆن هەڵگرە.

بابەک – خۆت هەڵیگرە. دەترسم ورچە قووڵ بێ لە پشت بیستۆکەکەوە چنگم لێ بگرێ و شندڕ و پندڕم کات.

دیسان دامان لە پرمەی پێکەنین و بابەک وتی:

- دە وەرە هەڵیگرە ئەم تێر عەمر نەبووە. دەنگی نووساوە ئەوەندە هاواری کرد.

چووم تەلەفۆنەکەم هەڵگرت. لە خۆشیان زمانم گیرا. بەهار بوو.

- ئەلۆ، ئارمین خۆتی؟

- سلاو. لە کوێی؟

بەهار – دەمویست پێت بڵێم بیرم کردووی! چاوەڕێم بە زوو دێم بۆ لات. خواحافیز.

ئەمەی وت و تەلەفۆنەکەی داخست. بیستۆکی تەلەفۆنەکە بە دەستمەوە بوو و پێدەکەنیم و بابەک وتی:

- بە گیانی خۆم ئەوە بەهارە تەلەفۆنی کردووە.تماشا چۆن دەمی پان بۆتەوە.

تەلەفۆنەکەم دانا و بە پێکەنینەوە چووم دانیشتم.

دادە زێڕە – لە فشە دەرچێ، ئارمین پوورت کارەکەی هیچ جوان نەبوو.

بابەک – خۆ ورچ نازانێ کاری جوان بکات.

دادە زێڕە – هەڵبەت من نامهەوێ خۆم لە بابەتەکە هەڵقورتێنم، بەلام پوورت ئەگەر تۆی خۆش بویستایە لێرە ئەو ڕفتارەی نەدەکرد.

بابک – ورچە. ورچ کەسی ناوێ هەر هەنگوینی دەوێ.

دادە زێڕە – تۆش ئاوا باسی گەورەتر لە خۆت مەکە کورە.

بابەک – وەلا خۆ ڕاست دەکەی زۆر لە من گەورەترە لە باری درێژییەوە یەکسانین، بەلام لە باری پانابییەوە ئەرێوەلا پێنج قاتی من پانە.

داده زێڕە - هەتیو عاقڵ بە.

بابەک - لە بیرت نییە چیکرد؟ خۆ سەرمم لە سەرەڕێدا ئەدۆزیوەتەوە پووری بە گوڵدان شکاندی. جا دوایەش دەڵێن لەگەڵ ئاژەڵان میهرەبان بن. ئاژەڵ مرۆڤدۆستن.

- بابەک زۆر بێئەدەبی.

بابەک - تماشا ... ! تووشمان بووە بە تووشی کێ؟! پوورت خەریک بوو بمکووژێ.

- دە چی بکەم پوورمە! چی پێ بڵێم؟! ناتوانم هیچی پێ بڵێم.

بابەک - خۆ ئەگەر هیچی پێناڵێن لانیکەم بیخەنە ناو قەفەزێکەوە یان بە زنجیر بیبەستنەوە با پەلامار کەس نەدات.

باشە دەی. دیکۆمێنتی باغچەی ئاژەڵان کۆتایی هات. ئیتر باسی ئاژەڵان مەکەن. ورچەکە چۆوە هێلانەکەی.

منیش لەگەڵ ڕۆیا ماوەیەک قسەمان کرد هەتا کەمێک ئازاری ویژدانم کەم بووە. داماوە وایدەزانی بە ڕاستی ناپاکی بە هاوڕێکەی کردووە. کاتێک دۆخی ناو ماڵەوە هێور بووەوە بە بابەکم وت:

- بە ڕاست باوکم چی وت؟

بابەک - هیچ پوورت لێرە هەرچی بینیبوو ئەوەندەی دیکەی پێوە نابوو و بۆ باوکتی گێڕابۆوە. منیش هەمووم بۆ باوکت گێڕاوە. وتم خوشکەکەت دەیەوێ هەنگڵ و مەنگڵ بە سەر من و ئارمیندا ساغ بکاتەوە. وتم شەڕەکە لە سەر ئەوەیە. باوکیشت تێگەیشت. وتی گرنگ نییە. داماو زۆریش داوای لێبووردنی کرد. وتیشی لای ئارمین مەڵێ من تەلەفۆنم کردووە. ئیتر باسەکەم ماسماڵی دا ئیتر بزانین دواتر چی دەبێت.

بابەک ئەمانەی وت و داده زێڕە چووە چەند دانە چای بۆ هێنایین و خواردمان و ڕۆیا بە هۆی ژانەسەرەوە ماڵاوایی کرد و ڕۆشت. منیش چوومە گەرماو بۆ ئەوەی کەمێک ئەعسابم ئارام بێتەوە. کاتێ گەڕامەوە بابەک و داده زێڕە ڕاکشا

بوون.

منیش چوومە ژوورەکەم. دوو سێ کاتژمێر خەوتم. کاتێک کە لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە بـابەک و ئەوان لـە خەو هەسـتابوون. دادە زێـرە پاشـماوەی نیمەپلاوەکەی گەرم کردەوە و هەر سێکمان خواردمان و ئینجا چایەکمان خوارد و من قاپەکانم شت و هاتمە دەرەوە. دانیشتین بۆ قسە کردن.

بـابەک – دەی هاتینـە سـەر چیرۆکی شـەو. شـارزادی چیرۆکبێژ وەهـای وت بولبوول و پەروانە ...

دادە زێرە – چ تاقەتێکت هەیە ئەم هەمووە بەسـەرهاتەمان ئەوڕۆ دی هێشتا چاوەڕێی چیرۆکی؟

بابەک – چیرۆکی شەوانە شتێکی دیکەیە!

- ئەرێ بە ڕاست دادە زێرە بۆچی ئەوشەو نەچوونە کابارە؟

دادە زێرە – خـۆ مـن هەمـوو شـەوێک نـاچم. هەفتەی دوو شـەو و سـێ شـەو دەچم. ئێوارە تەلەفۆنم کرد بۆ کافەرەیدوون وتم ئەمشەو نایەم.

بابەک – ئارمین قسە نەکەی چوون دادە زێرە بە نیازە پاشماوەی بەسـەرهاتی ژیانی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە.

دادە زێرە – من ئەمشەو مێشکم کار ناکات. بۆ شەوێکی دیکە.

بابەک – تۆخوا ئەزیەتمان مەکە دادە زێرە، ئێمە ئێستا لە سـەردەمی شیرینی ساسانیاندا‌ین، با سەرێکیش لە سەردەمی شهرزادخاتوونی چیرۆکبێژ بدەین. نزیک یەکن دوو هەنگاو مەودایانە تکایە ئێوەش فەرموون چاوەڕێین.

دادە زێرە سەیرێکی کردین و سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و ئینجا وتی:

- باشە دەی ئەوەی ڕاستی بێ خۆشم خەوم نایە. بچمە نـاو قەرەوێلیش هەر جینگڵ دەدەم. بەڵام زۆری لـە سـەر مەچن. تـا چەنـدە تـوانیم بۆتـان دەگێرمەوە. دوێشەو هەتا کوێ هاتم؟

بابەک – ئەوەی وا چوونە نـاو هێلانەی کۆترەکان کە لە سـەربان بوو. ببوورە ناکرێ وەک زنجیرە تەلەڤیزیۆنییەکان لە دە خوولەک پێشترەوە سکانسەکە پێشان

بدەن؟ من لەو سکانەی کۆتایی باش تێنەگەیشتم.

دادە زێڕە پێکەنی و وتی:

- هەتیو تۆ شتێکت لێ دێ.

بابەک – هەمووی خەتای کەش و هەوای ئێرەیە. پیاو لێرە دەخووسێ.

دادە زێڕە – چاکە خووساویشی ئاوای، وشک ببای چی دەبووی؟!

بابەک – هێشتا وامدەزانی زۆر لە دوام. بە دەست خۆم نییە. هەمووی خەتای ئەم شەیتانەیە.

سەیریم کرد و وتم:

- شەیتانی هەناسە سارد لای تۆ مشکیش نییە.

بابەک – برا داوای سکانسێکی پێنج خولەکیم کرد! ئەگەر بمکوتبایە زنجیرەی ڕابردوو دووبارە بڵاو بکەنەوە چیتان دەوت؟

- ئەودەم دەمانوت یاخوا عەمرت نەمێنێ وا تێر نابی.

بابەک – نا تۆ تێر دەبی. من بووم دوێنێ لەگەڵ هاتنی بەهار زەوقم کرد. پشیلە بوو بە تۆبەکار.

- فەرموون دادە زێڕە دەردەقەت ئەمە نایەین.

## بەشی سێزدەهەم

دادە زێڕە کاتێک پێکەنینەکانی تەواو بوو جگەرەیەکی داگیرساند و ئینجا وتی:

- ئەو پاشنیوەڕۆیەم هیچکات لە بیر ناچێ. کاتێ چوومە ئەو هۆدە و دادمم بەو وەزعە بینی گریانم هات. کار لەکار ترازا.

بابەک دەیدا بە سەریدا و دەیوت:

- یاخودا من بۆ ئەو کۆترانە بمرم.

دادە زێڕە سەیرێکی کردم و وتی:

- هەر ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە ئیتر بەدبەخت بوو. لەگەڵ ئەوەی دەگریام بە دادمم وت چەندە پێم وتی مەڕۆ. قوڕ کرا بە سەرتدا.

سەیرێکی کردم و وتی هیچ مەڵێ گشت گیانم دێشێ. پێم وت باوکم بزانێ چ قوڕێ بکەین بە سەرماندا وتی: باوکم چووزانێ؟ مەگەر تۆ پێی بڵێی؟ جا ئەگەر جورئەتت هەیە بچۆ پێی بڵێ.

یارمەتیم دا جلوبەرگەکانی لە بەر کرد. بێهێز بوو. منیش لەگەڵ ئەوەی دەگریام جلەکانیم لەبەر دەکرد، لە ناکاو پەلاماری دام و وتی: ئەوە زەڕە زەڕی چیتە؟ خۆ دایکت نەمردووە.

وتم: ئاخە خەمی تۆمە. وتی "خەمی من بۆ؟ بۆچی چیم لێهاتووە؟ چیم لێ کەم بۆتەوە."

وتم ئەگەر باوکم بزانێ چی بکەم؟بە سەرمدا قیژاندی و وتی: "ئەوە بۆ مەرگی باوکم دەگری؟ هەر باوکە باوکەتە؟ باوکم چی لە دەست دێ؟ زۆر سکمانی تێر کردووە؟ ئەگەر باوکم ژیانی ئێمەی خۆش کردبایە ئێستا من دایکی دوو منداڵ بووم. جیازی منی بۆ دابین نەکرا ئێستا بووکی دایکم. کچانی هاوتەمەنم خەریکە

دەبنە نەنی منیش ئەوە لای دایکم. ئەگەر لانیکەم وەکوو تۆ جوان بووایەم چ خەمم بوو؟ سەیرمکە کێ دڵی لێم دەچێ؟ خۆ شتێکیش بە ناومەوە بایە چ باشتر. ئەگەر بیهێشتایە دەموچاومان هەڵگرین و سووراوسپیاو لە خۆمان بدەین باش بوو. لەوانە بوو یەکێک تفێکیشی پێماندا بکردایە. بەڵام ئێستا چی؟ بڕۆم دەڵێی چەپکە کەوەرە. دەموچاوم دەڵێی مەیموونی تووکنە. هەر باوکە باوکەتە. من هەرگیز باوکم بە باوک نەزانیوە. هەمیشە خاوەنکارمان بووە. هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە کاری پێمان دەکرد. لە سەر مەزرا مردین ئەوەندەمان کار کرد ئەویش بۆ پارووە نانێک. جارێک بە بزەوە سەیری نەکردین. هەمیشە بەوە ڕازی بوو کە لە بەرچاوی کچەکانی سەر ببڕن و لە بری ئەو کوڕێکی پێ بدەن. ئێمە مایەی سەرشۆڕیی ئەو بووین. باوکم بە مانگی کارکردن ئەوەندە پارە دەست ناخا کە من ئەمڕۆ وەدەستم هێناوە، زەڕە زەڕیش مەکە حەڵاڵە یان حەرامە. هی خۆمە پێمخۆشە و دەیبەخشم. چەندە ئارەزووی گۆرەوییەکم کرد؟ چەندە ئارەزووی بلووزێکی گوڵدارم دەکرد؟ من ماوەیەکە شەوانە خەونی جووتێک گوارە دەبینم.

ئەمانەی وت و سەری لە سەر ئەژنۆی دانا و دەستی کرد بە گریان. هیچم پێ نەبوو پێی بڵێم. کە گریانەکەی تەواو بوو فرمێسکەکانی سڕی و وتی یەک کەلیمە قسە بکەی دەتتۆپێنم. ئینجا لە ناو لەچکەکەی پارەیەکی دەرهێنا و پێی دام وتی: بچۆ بنێشت بکڕە و با بیخۆین با کەمێک دڵمان ئەهۆن بێتەوە.

ئەو ڕۆژە تێپەڕی و زۆر ڕۆژی تریش تێپەڕی.

ئەگەر بمهەوێ بۆتان بگێڕمەوە خۆی لە دە کتێب دەدا و ئیتر شەویلکەم لە کار دەکەوێت. کەمێکتان بۆ دەگێڕمەوە و ئیتر لە سەری ناچم.

پاش ئەوەی هاتینە شار، باوکم ئیشی نەدۆزییەوە. بەیانی دەڕۆشتە دەرەوەو هەتا نیوەڕۆ و نیوەڕۆش دەهاتەوە پارووە نانێکی دەخوارد و دیسان دەچووە دەرەوە هەتا ئێوارە دەم لە پووش و دەست لە پا درێژتر دەگەڕاوە. شەوانەش وەکوو نیوەڕوان بە جلوبەرگی شۆڕەوە دەگەڕاوە و تۆڵەی نەگبەتییەکەی لە ئێمە دەکردەوە و بە قایش لێی دەداین. خوشکە گەورەکەم لەگەڵ ئەو کوڕە لە کەینە و بەینەدا بوو، ئەو کوڕەش هەفتەی جارێ ئیشی دەکرد، پارەکەی دەدا بە

خوشکەکەم بۆ ئەوەی نیوکاتژمێر لە هۆدەی کۆترەکان لەگەڵی ڕابووێری. دایک و من و ئەوانی تریش ئەوە لەماڵەوە هەر سەیری یەکترمان دەکرد.

ڕۆژێکیان یەکێک لە دراوسێکانمان لە دێ نامەکیان بۆ هات. لەو ماڵە زل و زەبەنە خوێندەوارێکی تێدا نەبوو کە ئەم نامە بخوێنێتەوە. جەرگیان جەرگی دەخوارد کە بزانێ ئەم نامە چی تێدایە. بەزەییم پێدا هات. پێم وت من دەزانم بیخوێنمەوە. دەتکوت دنیایان پێداوە. ئەو ڕۆژە کاغەزەکەم بۆ خوێندەوە ئەم هەواڵە وەکوو بۆمب تەقییەوە کە زێڕتاک خوێندەوارە.

شەو کە باوکم هاتەوە ئەو دراوسێیەی وا نامەکەم بۆ خوێندبووە باوکم دەبینێ و دوو نانی پێ فەرموو دەکا و بەسەرهاتی نامە خوێندنەوەکەی منی بۆ دەگێڕێتەوە و سوپاسی دەکات. ئێمەش لە ژوورەکەمان دانیشتبووین کە دەرگا کراوە و باوکم وەک فیشەک هاتە ژوورەوە و قژی کێشام و مەترێک هەوابڕی کردم و فڕێی دامە ئەو لای ژوورەکە. هەموویان هەر وا سەیریان دەکردم کە من چ سووچ و تاوانێکم هەیە، کە باوکم ئاوا لێم توورەیە. دایکم چووە لای باوکم و وتی: کابراکە بۆوا دەکەی؟ ئەوە شێت بووی لە هیچ و خۆڕایی لەو کچە دەدەی؟

باوکم دوو نانەکەی فڕێدایە ناوەڕاستی دیوەکە و وا دەیگوڕاند کە دەرگا و پەنجەرە دەلەرییەوە. ئێستا نۆرەی ئەوەمە نانی گەوادی بخۆم؟ سەرم خوار بوو.

ئەمەی وت و هات شەقێکی لە کەلەکەم دا. دایکم لە پشتەوە گرتی و وتی: باشە تۆ بڵێ چی کردووە؟ باوکم کە دەور دەمی کەفی کردبوو ڕووی تێمکرد و وتی: قەحبە لە کوێ فێری خوێندەواری بووی کە کاغەز بۆ خەڵک دەخوێنیتەوە؟ سبەینێ بڕۆشم بۆ هەڵدەگری و دوو سبەی دەبیتە ڕەقاسە.

دیسان هاشاولی بۆ هێنام کە لێم بدا کە دادم خۆی خست بە ملمدا و خوشکەکانی دیکەشم باوکمیان گرت. دراوسێکانیش هاتنە ژوورەکەمان. دەتکوت ڕۆژی حەشرە. باوکم دەیکوت هەتا ئەم کچە سەری نەبڕم ئارام ناگرم. ئەمە ئێستا بەری نەگرم سبەینێ پێشیم پێ ناگیرێ ئەمجار ئەوانی تریشم لە دەست دەچێت.

دادە زێڕە کە گەیشتە ئێرە جگەرەیەکی داگیرساد و لەگەڵ ئەوەی مژی لێ دەدا

به دەرد و خەمەوە سەیری دەلەقاند. من و بابەکیش هیچمان نەوت. پاش کەمێک کە تێپەڕی وتی:

- ئەوە زۆر ناخۆشە کە خوێندەواربوونی کچی دەخستە پاڵ سۆزانیتی و لەشفرۆشی.

هەستام چووم ئاوم بۆ هێنا. قوومێکی لێخوارد و وتی:

- ئەوشەوە باوکم زۆر شتی وت. باسی بەدبەختی و بێکاری و نەداری کرد. ئەو دەیوت و دەر و دراوسێکان لە سەر و بنی ژیانمان ئاگادار بوون. لە کۆتاییدا حاجی نیعمەت بە زۆری باوکمی بردە دەرەوە و دەنگە دەنگەکان تەواو بوو. من لە سووچێکدا دانیشتبووم و دەگریام و خوشکەکانم دەوریان دام و سەیریان دەکردم.

ئەوشەوە بە کەیخودایی دراوسێکان باوکم لێم خۆشبوو. بەڵام بڕیاردرا کە ئیتر نە نامە بۆ کەس بخوێنمەوە و نە هەڵوەدای خوێندەواری بم.

هەر ئەو شەوە کاتێک دراوسێکان لە دۆخی ژیانمان تێگەیشتن بۆ هەر کام لە ئێمە ئیشێکیان دۆزییەوە.

من بڕیار بوو لە بەیانییەوە بچمە لای حاجی نیعمەت. حاجی نیعمەت وتبووی ماوەیەک من بچمە لای بۆ ئەوەی ئیتر بیر لە خوێندەواربوون نەکەمەوە و لە سەر دەستی حاجی نیعمەت، بیر و باوەڕم کە کاڵ ببۆوە دامەزراو بێت. بڕیار بوو حاجی نیعمەت قسە لەگەڵ خزم و کەسەکانی بکا کە باوکم لە شوێنێکدا دابمەزرێنن. ئیتر ئەوشەوە باوکمیان بە سڵاو و سڵەوات هێنا ژوورەوە و حاجی نیعمەت پێی وتم بچم و دەستی باوکم ماچ بکەم و تۆبە بکەم، ئیتر لەو کارە شوورەییانە نەکەم، نیوکاتژمێر سەبارەت بە گوناحبوونی خوێندەواربوونی ئافرەت وتاری دا.

کاتێک کە دەستی باوکمم ماچکرد و گەڕامەوە سەر جێگاکەم. چاوم کەوت بە دادم کە بە حاڵتی گاڵتەجارییەوە پێم پێدەکەنی.

بۆ بەیانی حاجی نیعمەت هات بە دوای باوکمدا و لەگەڵ خۆی بردی و پاش دوو کاتژمێر پێکەوە گەڕانەوە. باوکم زۆر کەیفخۆش بوو. گوایا لە کارگەیەکدا

کاری بۆ دۆزرابۆوە. ببوو بە دەرگاوانی ئەو کارگە. ڕەنگە بۆ یەکەم جار بوو کە پێکەنینم بە لێوی باوکمەوە دەبینی. ئەوەندەمان دۆعا بۆ حاجی نیعمەت کرد. تەنیا خراپییەکەی ئەوە بوو شەواوشەو باوکم دەبوایە لە کارگە بمابایەتەوە و نگابانی بدایە، کە کەمێک باوکمی شەکەت دەکرد، بەڵام پەیتا پەیتا شوکرانەبژێری دەکرد کە ئیشێکی ئاواشی دەست کەوتووە.

لە بەیانییەوە ئیشی من و باوکم دەستی پێکرد. باوکم کەڕەی بەیانی چووە کارگە و منیش پاش کاتژمێرێک چوومە خزمەت حاجی نیعمەت، بۆ ئەوەی دڵ و دەروونم لە بندەستی شەیتان ڕزگار بێ. کە چوومە ژووری حاجی نیعمەت وردە فەرمووکردنەکانی دەستی پێکرد. یەکەم جار وتی چایەک بێنە چوونکە بەرچاییم نەخواردووە. چووم و چام بۆ لێنا. ئینجا وتی وەرە دانیشە کارم پێتە. چووم بە ڕێز و ئەدەبەوە لە لای دانیشتم. حاجی نیعمەت دوو ژووری دیوادیوی بوو، کە هەر کام لەم دیوانە دوو قات ژوورەکانی ئێمە بوون. لە ناوەڕاستی یەکیاندا کورسییەکی گەورە دانرابوو و دەوراندەوری ئەو ژوورە پاڵپشتیان دانابوو.

کە دانیشتم حاجی نیعمەت لە ژێر دۆشەکەکەی دەفتەرێکی کاهی دەرهێنا و قەڵەمێکی پێدام و وتی چی دەڵێم بینووسە.

سەیرێکم کرد و وتم حاجی دوێشەو تۆبەم کرد. ئیتر نامەوێ تووشی گوناح بم. کە ئەمەم وت پێکەنی و وتی: کچێ ئەو قسانەم بۆ خەڵک کرد. ئەوان عەقڵیان بەمانە ناشکێ کە یەکیان باوکی خۆتە. ئەوانە ڕایەتن. چووزانن خوێندەواری چییە؟ ئەگەر من دوێشەو ئەو قسانەم نەکردایە خۆ نەدەکووژاوە و قژی بە سەرتەوە نەدەهێشت.

ئینجا بە پێکەنینەوە وتی: زێڕ لای زێڕنگەر بەهای هەیە.

دەستێکی بە سەرمدا هێنا و ئینجا وتی: ئەوانەی کە دەیڵێم بینووسە هەتا دواتر ئیشێک بۆ دایکت دەدۆزمەوە.

دەی چم بکووتبایە؟ دوێشەو منی لە دەست باوکم نەجات دابوو. ئیشی بۆ باوکم دۆزیبۆوە، بە نیاز بوو ئیشێک بۆ دایکم بدۆزێتەوە. جیا لەوانە کرێچی بووین و هەر کات پێی خۆش بووایە دەیتوانی شمەک و شاتاڵمان فڕێ بداتە دەرەوە. بۆ

نەرین

من خراپ نەبوو. لە بێکاری باشتر بوو.

ئیتر قەڵەمەکەم هەڵگرت و دەستم کرد بە نووسین. حاجی نیعمەت کۆمەڵێکی زۆری کاغەزی دەرهێنا کە هێڵی بزماری لە سەر کێشرابوو و لە ناویاندا دانەیەکی هەڵگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوە. ئەو کاغەزەی ئەم بارەوبار دەکرد و کەمێک بیری دەکردەوە و دواتر دەیخوێندەوە و منیش دەمنووسی.

کەربەلایی عەباس هەڤدە تمەن، مەشەدی ڕەمەزان بیست و پێنج تمەن، سەگباب زمانبازی کرد بۆیە کەمم لێوەرگرت. ڕەجەبە مشکە پازدە تمەن، کا ئەسغەر سی تمەن دوو مانگیشە کرێکەی نەداوە.

ئەوکات تەمەنم نزیکەی چواردە ساڵان بوو و ئیتر پێگەیشتبووم. حاجی نیعمەت دەیگوت و منیش هەر وا دەمنووسی و حاجی نیعمەتیش هانی دەدام و بۆ هەر هێڵێک کە دەمنووسی دەیوت بارەکەڵا لەو دەستخەتە جوانە ... منیش کەیفم ساز دەبوو و هەوڵم دەدا باشتر بنووسم ...

حاجی نیعمەت لە جێی باوکم بوو و وەختێک کە دەمبینی ئاوا وەسفی دەستوخەتم دەکا دڵگەرم دەبووم و جار جار دەستێکیشی بە سەرمدا دەهێنا و ئافەریمی پێ دەوتم.

بەڵام وردە وردە هەستم دەکرد کە من هیچیش نانووسم ئەو هەر تاریفم دەکات و دەست بە سەر و گوێلاکمدا دێنێ. کە خۆم دەکشاندە دواوە ئەو دۆشەکەکەی دەهێنایە پێشەوە. لە پڕ خۆمم بینی کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدام. بینیم کە دۆخەکە خەریکە خراپتر دەبێ هەستام و چوومە ژوورەکەی تر.

من ئەو بەری کورسی ئەویش ئەوبەر بە دوامدا ڕایدەکرد. لە لایەک پێکەنینم دەهات و لە لایەکیش دەترسام. سکی دەتکوت بەرمیلە کە ڕایدەکرد هەڵبەز و دابەزی دەکرد و بەردەوام ڕایدەکرد. ماڵتە بەو پیرییە هەناسەی سوار نەدەبوو. لە ئاکامدا وتم ئەگەر وازم لێ نەهێنی دەقیژێنم و لە لای دەر و جیران حەیات دەبەم. ئەمەم وت و ڕاوەستا. وتی باشە وەرە با بچین حسێب و کتێبەکانمان بکەین، دەنا باوکت دەردەکەم و لەو ماڵەش فڕێتان دەدەمە دەرەوە.

وتم باشە، بەڵام بە مەرجێک ئافەرمم پێ نەڵێی وتی باش. چووینە سەر

جێگاکانمان دانیشتین.

بـابەک – گەڕانەوە بەرەکەی پێشووتان؟ سـنوورتان هەر ئەوە بـوو کە بەر لە پەلاماری ناپیاوانەی حاجی نیعمەت بووت؟

دادە زێڕە – ئەری. لە سەر جێگاکەمان دانیشتین. حاجی نیعمەت وتی دەچم چا دێنم و هێز و پێزەکەی جارانم نەماوە.

وتم حاجی نیعمەت باش بە شوێنمدا ڕات دەکرد. پێکەنی و وتی "هەڵۆ لە سـەر داری پیری دانیشتن. تۆ لەگەڵم مێهرەبان بی خراپەم لێ نابینی." وتم ئەگەر دیسان دەستی پێ بکەی دەڕۆم. وتی" گووم خوارد ئێستا هەستە چاکە بێنە."

چوومە دوو چام هێنا. کاتێک کە دانیشتم چـاوم بە کاغەزێک کەوت. هەرچیم سەیر کرد سەرندەرم نەکرد. پرسیم حاجی نیعمەت ئەم کاغەزە چی تێدا نوسراوە. وتی: نییە خوێندەواریم نییە بۆ هەر کەسێک هێمایەکم داناوە. بۆ وێنە کەربەلایی عەبـاس بە کـاکۆلی کەڵەبـاب پیشانم داوە. چـوونکە لە مـاڵی خۆیانـدا مریـشک و کەڵەشێر ڕادەگرێت. کا ئەسغەرم بە مەڕ پیشان داوە.

لەبەر پێکەنـین ژانـم کردبـوو. یەک کـاتژمێر ئەو وتـی و منـیش نووسـیم و حسێبەکانم یادداشت دەکرد. کاتێک کاغەزەکان کۆتاییان هات وتی: "تۆ هەمـوو ڕۆژێ وەرە و لانیکەم فێری ئەم ژمـارە و حـسێبانەم بـکە." وتـم باشـە. بەڵام بە مەرجێک ئازارم نەدەی. وتی "وەرە ئەوە بگرە." قرانێکی دا بە دەستمەوە و وتی: "من هەقایەتی خۆش خۆشیش دەزانم کە هەتا ئێستا نەتبیستووە. هەر جارێ بێی دانەیەکت بۆ دەگێڕمەوە."

ئەو ڕۆژە تێپەڕی و من گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم و قرانەکەم بە دا بە دەست دایکمەوە ئەوەندە کەیفساز بوو نەبێتەوە.

ئەوشەوە باوکم نگابانی دەدا و نەهاتە بۆ ماڵەوە منیش لە ماڵەوە بووم و ماڵەوە ئارام و هێمن بوو، ئێمە کچەکان زۆر کەیفخۆش بووین، چوونکە ئەگەر بـاوکم لە ماڵەوە بووایە ئێمە هەناسمان دەرنەدەهات. ئیتر باوکم بە شـەودا کاری دەکرد و ئێمەش ئازادیمان زیاتر بوو. بۆ بەیـانییەکەی چوومە ژوورەکەی حـاجی نیعمەت. کە گەیشتم سڵاوم کرد چوکلێتێکی دا بە دەستمەوە. لە خۆشیدا شاگەشکە بووم.

هەتـا ئەو ڕۆژە چـوكلێتم نەخواردبـوو، لەگەڵ ئەوەی چـوكلێتەكەم دەلێستەوە چووین و لە سـەر جێگاكەمـان دانیشتین و دەستم كردەوە بە وانەدان بە حاجی نیعمەت. من ئەلفم دەنووسی و حاجی نیعمەتیش هەر بە قوربانم و ساقەم دەبوو. پیتی 'ب'م فێركـرد وتـی دەک بە حەیرانـی ئەو دەسـت و خەتەت بـم. پیتی 'ت'م فێركرد وتی دەک لەبەر ئەو پەنجانەت بمرم. هەر چییەكم فێر دەكرد ئەو بە میوان و بە قوربان و بە حەیرانم دەبوو. بەهرەی باش بوو. هەرچییەكم بكوتبایە فێر دەبوو و دەیكوت: 'تماشا چ قوتابییەكی زیرەكم. هەم زیرەكم هەمیش بە ئەدەبم. مامۆستا جوانەكەم عاجز ناكەم.' جار جار كە ماندوو دەبووین هەقایەتی خۆش خۆش و پێكەنینی بۆم دەگێڕاوە. لای نیوەڕۆ قرانێكی پێدام و چووم ژوورەكەی خۆمان.

ڕۆژەكانمان ئاوا تێپەڕی و حاجی نیعمەت كەم كەم فێری كوێرە خوێندەوارییەک بوو، تا ئەوەی كە ڕۆژێكیان بەیانی كاتێک چووم ژوورەكەی پێی وتم 'ئەوڕۆ دەرسدانەوەمان نییە'. وتی 'دەمەوێ قسەت لەگەڵ بكەم'. دوو چام هێنا و دانیشتم و وتی: 'تماشا من ئیتر خۆمم پێ ناگیرێ. تۆ هەموو ڕۆژێ دێیت و ئینجا دڵم لەگەڵ خۆت دەبەی. هەتا ئێستا دانم بە خۆمدا گرتووە ئیتر ناتوانم.'

وتم: مەبەستت چییە؟ وتی: 'بە نیازم لەگەڵ باوكت قسە بكەم و سیغەت بكەم'. وتم: 'من سیغە نابم و ئەگەر سیغە بم نابمە سیغەی تۆ.' وتی: 'بۆچی من چیمە؟ هەم دەزانـم و هەمیش دەتوانم. دەبێ هەر ببیتە ژنی پیاوێكی گەنـج ... ڕووتت بكـاتەوە و نەشتوانی جووتێ گۆرەوێت بۆ بكڕێ؟ وەرە ببە بە سیغەی خۆم. ماڵێكی جوانت بۆ دروست دەكەم جا دەتكەمە خاتوونی ماڵ.' وتم: ئەی ژن و منداڵەكەت؟ وتی: 'ئەوان لە شارێكی ترن هەتا پێ بزانن من تۆشم سیغە كردووە، ژنەكەم ئیتر بە سیغەوە هیچ گوویەكی پێ ناخورێ و تەڵاقی دەدەم،و شەقێكی دەدەم بە دەرگای ... و بەڕەڵای دەكەم.'

وتم 'حاجی نیعمەت بڕیار بوو لەم قسانە نەكەی'. وتی: 'تۆ گڕت تێبەرداوم چۆن قسەی وا نەكەم؟' وتم 'من نە دەبمە سیغەت و نە دەشبمە ژنت. ئیتر بیبڕەوە.' وتی: 'باشە دەی كار و كاسپی خوشكەكەت چۆنە؟'

که ئەوەی وت، زۆر تەریق بوومەوە. تەنیا سەیرم کرد و وتی: "من باسی مۆدەکەی سەربان دەکەم. بۆ پێت وایە نازانم؟ لەم ماڵە سەهلە لەم گەڕەکە هیچ شتێک بە ئاگاداری من بەڕێوە ناچێت." وتم ئەو هەتیوە زۆلە خوشکەکەمی لە خشتە برد." وتی "ئەو هەتیوە زۆلە هیچ هەموو گەڕەکی حەساندۆتەوە. جا با مزگێنییەکیشت پێ بدەم لە ئەوشەوەوە خوشکەکەی تریشت دێتە پاڵی."

که ئەمەی بە سەرمدا ڕووخا، وتم: تۆ چووزانی؟ وتی: "هەواڵەکان دەستاودەست دەبن. باغەکەی باوکت بە خێر و بێرە. هەموو کارکەر هەموو پارە وەدەستهێنەر." هیچم نەوت و سەرم داخست و لە پشت سەرم وتی: "جوان بیری خۆتی لێ بکەوە چوونکە ئەگەر نەبیتە سیغەم تۆش بە چارەنووسی ئەوان دەچی."

ئەو ڕۆژە زۆر ڕاوەستام و هەر چۆنێک بوو هەتا شەو دانم بە خۆمدا گرت. ئەوشەوە باوکم سەرەی نگابانی بوو. نانی شێومان خوارد و پاش نیوکاتژمێر چووین خەوتین ئێمە کچەکان لە ژوورێک و دایکم لە ژوورێک. باوکیشم لە ماڵ نەبوو.

کاتێک چراتۆڕەکەم کووژاندەوە ئاگام لێ بوو کە دادەم بە گوێی خوشکەکەی دیکەمدا دەسرتێنێت. هیچم نەوت پاش نیوکاتژمێر هەر دووکیانم بینی کە بە هێواشی لە سەر جێگاکەیان هەستان. بۆم دەرکەوت جاحی نیعمەت درۆی نەکرد. منیش هەستام و دادەم منی بینی: وتی "بۆچی تۆ هەستای؟" ئینجا بە پێکەنینەوە وتی: "جاری بۆ تۆ زووە. ماوەیەکی تر تۆش لەگەڵ خۆم دەبەم. تۆ زۆرت لە پێشە."

وتم دادە تۆخودا کاری وا مەکەن. خۆت قوڕ کرا بە سەرتا ئیتر ئەمە بەدبەخت مەکە." وتی: "ئەو گووخواردنە بۆ تۆ نەهاتووە." داوێنەکەیم گرت و گریام. بەزەیی پێمدا هات و دانیشت و بە ئەسپایی نەوازشی کردم و وتی: "زولفت دەڵێی زنجیرە، دەموچاوت دەڵێی مانگە. تۆ بێخەمی و لەوانەیە بەم نزیکانە یەکی بێ و بتخوازێت. دەبیتە خاتوونی ماڵی خۆت. بەڵام ئێمە چی؟ تۆ ئەگەر جیازت نەبی جوانیت هەیە. بە سەر دەست باوکمەوە نامێنیتەوە." وتم ئەوەی ئێوە پێیدا دەڕۆن ئەنجامی نییە. وتی "مانەوە لەم ماڵە ئەنجامی هەیە؟" هیچ وەڵامێکم بۆ نەدراوە. لە ناو سندووقی

جلەکان دەستماڵپێچێکی دەرهێنا و دای بە من. پڕ لە پارە بوو. وتی: "تماشا زیرە لەم ماوەدا سی و بڕێکم پارە وەدەست هێناوە. باوکم هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە کار دەکا بۆ مانگی پێنج تمەن. دەی کامیان باشترە؟ ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی ماوەیەک ئەم کارە دەکەین و پارەیەک دەست دەخەین و ئیتر واز لەم کارە دێنین. هەر کەسیش پرسیاری کرد دەڵێی ساڵێک سیغە کراوین. هەر کەسێک بزانی ئێمە پارەمان هەیە ئیتر قسەی لە سەر ناکا. ئینجا لەم شوێنە دەڕۆین و دەچینە شوێنێک کە کەس نامانناسێت."

پێم وت ئەگەر پارەی گەرەکە بە حاجی نیعمەت بڵێ کارێکت بۆ بدۆزێتەوە و بچێتە سەر کار و پارە وەدەست بێنی. کە ئەمەم وت دەستی کرد بە پێکەنین. دادەم کە پێکەنینی تەواو بوو وتی: "ئەزقەزا حاجی نیعمەت خۆی ئەم کارەی بۆمان دۆزیوەتەوە. واتە بەو هەتیوەی وتووە شوێن لە من و مشتەری لە تۆ. ئەزقەزا سێ چوار دانە مشتەری دەوڵەمەندیشی بۆم جێبەجێ کردووە. ئێستا دەچینە یەکێ لەو شوێنانە."

ئەو شەوە هەر دوو خوشکەکەم پێکەوە ڕۆشتن و دەمەو بەیانی هاتنەوە. کە گەڕانەوە چاوم بڕوای نەدەدا سەیریان بکەم. بە چاوی خۆم دەمبینی کە خوشکەکانم خەریکە چارەڕەش دەبن، بەڵام هیچم لە دەست نەدەهات.

کاتێک هاتنەوە و بە هێواشی دەرگاکەیان کردەوە و هاتنە ژوورەوە. خوشکە بچووکەکەم گریا. لە سووچێکدا دانیشت و گریا. دادەم کەمێک پارەی پێدا و وتی جاری یەکەم ناخۆشە وردە وردە خۆشە دەبێت."

سەرم خستە ژێر لێفەکەم و بۆ ئەو وەزع و حاڵەمان تێر تێر گریام.

بۆ بەیانی بەرچاییم نەخوارد و بە نەخوڕێنی چوومە لای حاجی. تفێکم کردە ناوچاوی. سەیرێکی کردم و زلەیەکی لێدام. ویستم داخی دڵمی بە سەردا هەڵڕژێنم. بە گریانەوە چوومە لای و دانیشتم و چایەکی بۆ هێنام و پێیدام و خۆشی لە پاڵمەوە دانیشت وتی: "ها درۆم نەکرد؟ من نەیکەم یەکێکی تر دەیکات. لەم بەینەدا تیکە نانەکەی من دەبڕێت." پێم وت بەزیاد نەبی لەو تیکە نانە. وتی: "نانێکی چەور و چلیکە. چاو لەوە مەکە پێم دەڵێن حاجی. باوەڕت بی نە باوەڕم بە

خوایە و نە قیامەت. لەم سەردەمەدا ژیانی ئێمە ئاوا بەڕێ دەچێت. ئەم حاجییە بۆ سەرپۆشنانەوەیە. دەنا هەر لە بەر چاوی خەلک نوێژ دەکەم." ئینجا چاکەی بە کلۆ قەندێک خواردەوە و وتی: "من دادەتم ئەتک کرد؟ خۆی رازی نەبوو؟ پارە وەرناگرێ مەگەر؟ بۆ پێت وایە زەختی لێدەکرێ؟ بۆ بە بێ بەرامبەر لەشفرۆشی دەکات؟ خەتای منە باوکت پارەی نییە؟ خەتای منە باوکت بە گیرفانی بەتاڵە هاتە شار؟ خەتای منە حەوت هەشت دانە کچی ناشیرین ناشیرینی خستووەتەوە و ناتوانی سکیان تێر بکا؟ من جاری یەکەم خوشکەکەتم بردە هۆدەی کۆترەکان؟"

قسەکانیشیم پێ خراپ نەبوو. وەلامی پێم نەهێشتەوە. وتی "ئەگەر لەگەلم رێک نەکەوی تۆش بەو دەردەوە دەچی. جا جوان بیری خۆتی لێ بکەرەوە."

ئیتر قسەم بۆ وتن پێ نەما. هەستام و بە تەریقییەوە گەڕامەوە ژوورەکەی خۆمان.

ڕۆژگار هەر وا تێپەڕ دەبوو. ئیتر لە ناو گەرەکدا ناسرابووین. ئیتر ئەوە ببوو بە بەزمی خوشکەکانم کە ئەو شەوانەی وا باوکم لە نگابانی بوو لە ماڵ فرتەیان دەکرد و دەچوونە دەرەوە و بۆ بەیانی زوو دەهاتنەوە و ئەو کاتانەشی وا باوکم لە ماڵ بوو یان لە کاتی خەوتنی پاشنیوەڕۆی باوکم، دەچوونە هۆدەی کۆترەکان و یان ماڵی دراوسێکان. بەڵێ پیاوانی دراوسێش بەمەیان زانیبوو، بەلام نەیاندەرکاند بۆچی؟ بۆ ئەوەی جار جار ژن و منداڵ دەسەسەر بکەن و بیانێرنە شوێن هێلکەی دووزەردینەی کەلەشێر و ژوورەکەیان چۆڵ بێ و هەواڵ بە دادەم بدەن کە پاش نیوەڕۆ سەرێکی ژوورەکەیان بدات.

پاش نیوەڕۆ باوکم لە ماڵەوە بوو و زۆر سەیر بوو. باوکم خەوت خووشکێکم چووە ژووری ئەو پیاوە و خوشکەکەی دیکەم بۆ ژووری پیاوەکەی تر. باوکم دڵی بەوە خۆش بوو کە دیسان بۆتەوە بە نانده‌رهێنەری ماڵ و دەتوانی سکی ژن و منداڵ تێر بکات. داماو بە هۆی نەخوێندەواری و ساویلکەییەوە ئەوەندە فامی نەبوو، کە بزانی بە مانگی پێنج تمەن سکی ئەم عالەمە تێر ناکرێ و بەو پارە ئەو سفرە و خوانە ناڕازێنرێتەوە. دایکیشم بە باوکمی دەوت ئەم پارەی دەیهێنیتەوە خێر و بێری هەیە هەرچی لێ خەرج دەکەین هەر تەواو نابێت.

ئەفرین

باوکیشم فیزی به خۆی دەهات.

سەرەتاکان من هیچ کەیفخۆش نەبووم. دواتر زانیم دایکم لە هەموو شتێک ئاگادار بووە و خوشکەکانم پارە بەویش دەدەن. سالانێک برسێتی، سالانێک بێبەختی، سالانێک کوێرەوەری و نەگبەتی، سالانێک حەسرەتی جلی نوێ ببوو بە ئارەزووی. هەموو ئەوانە وای کردبوو کە ئابین و باوەرت نەمێنی و هەست بکەی کە خوشکەکانم حەقیانە. پاش سی چل سال تازە رەنگی پارەیان دەبینی و لە سەر خوان گۆشتیان دەخوارد.

دیسان دادە زێرە جگەرەیەکی داگیرساند. دوو مژی لێدا و وتی:

- ئەوە دەڵێم و دەچین دەخەوین.

ئیتر ئەوە بوو کە رۆژێکیان بەیانی هەواڵیان هێنا کە باوکمیان بردووە بۆ ئاسایش. جەرەیانەکە ئەوە بوو کە یەکێک لە کرێکارەکانی کارگە دزییەکی کردبوو و خستبوویانە سەر باوکم. دایکم بەمەی زانی و چارشێوەکەی لە سەر کرد و بە منی وت لەگەڵی بچم. من وتم بێم بۆ کوێ؟ وتی: "تۆ کوێرە خوێندەوارییەکت هەیە. نەکا پێویست بە نووسین بکا با تۆ هەبی." منیش هەستام و چارشێوەکەم لە سەر کرد و رۆشتم. دڵەراوکێم بوو. نەمدەزانی ئاسایش چییە. هەتا ئەو کات تەنیا لە دێکەماندا ژاندارمم بینیبوو. وەکوو سەگ لێیان دەترسام. بە ترس و لەرزەوە چووینە ژاندارمری و بە هەر قوربەسەرییەک بوو چووینە ژوورەوە. کاتێک مەسەلەکمان لای ژاندارمرییەکە باسکرد ناردمانییە لای ئەفسەر. هەتا دایکم رۆشت و وتی دەیهەوی چاوی بە باوکم بکەوێ ئەفسەرەکە دەستی کرد بە جوێندان. ئێمە هەر وا سەیرمان کرد. ئەویش هەر چییەکی لە دەم دەرهات پێی کردین: ئێوەی دێهاتی کە دێنە شار، شار گەندەڵ دەکەن دزی و فزی هەر چییەک بێ دەیکەن.

ئەمانەی وت پیاوێکی تەمەن سی ساڵە بە قات و پانتۆل و کراواتەوە لەوێ بوو. هاتە پێشەوە و وتی بەرێز ئەفسەر ئەمانە کێن؟ ئەفسەر لە بەری هەستا و رێزی لێگرت و وتی قوربان ئەوە ژن و منداڵی ئەو دزەن. کابرا کە دەموچاوی منی بینی پێم پێکەنی. دایکم دەستی کرد بە کرووزانەوە "بە خوا مێردەکەم دز نییە و داخوا

شیرین

چی بووە" دەستی کرد بە گریان. ئەو کابرا بە ئاماژەیەک فەرمانی بە پاسەوان دا کە بچن باوکم بێنن.

پاش کەمێک باوکمیان بە دەستبەندیکەوە هێنا. باوکم کە ئێمەی بینی گریا و چووە لای ئەفسەرەکە و وتی: "قوربان بە گیانی کێ و کێ من دز نیم. بە شەرەفەوە ژیاوم و نانی حەلالم داوە بە ژن و منداڵم. بە خوا من دوور و نزیک ئاگام لەو دزییە نییە."

ئەفسەرەکە وتی "ئەوانە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە بەم بەرێزە بڵێ". باوکم چووە لای کابرا. ئەو کابرا بە پێچەوانەی ئەفسەرەکە بە ڕووخۆشییەوە هەڵسووکەوتی لەگەڵ باوکم کرد و وتی "دەستبەندەکەی لە دەست بکەنەوە" و بە جوانی گوێی بۆ قسەکانی شل کرد و ئینجا ژاندارمێکی نارد کە کرێکارەکانی دیکەی کارگەش بێنێت. پاش کاتژمێرێک هەموویانیان هێنا. ئەو کابرا یەک یەک بردیانیە ژوورێک و نیوکاتژمێری پێنەچوو کە ئاشکرا بوو دز کەسێکی ترە. بەم شێوە باوکمیان ئازاد کرد، باوکم دەستی ئەو کابرای ماچ کرد و ئەویش ئادرەسی ئێمەی وەرگرت و ئێمەی بەڕێ کرد. کاتێک هاتینەوە باوکم لە خۆشیحاڵیدا پێی بە عەرز نەدەکەوت.

لە ڕێگادا بەردەوام دەیکوت خوا خۆی پشتیوانی بێتاوانە. دەموچاوی شوێن لێدان و برینی پێوە بوو.

دوو سێ ڕۆژ لەم ڕووداوە تێپەڕی. ڕۆژێکیان پاشنیوەڕۆ باوکم کە تازە لە سەر کار هاتبۆوە لە ناکاو بینیم بەر دەرگا قەرەباڵغییەکە. کە چوومە دەرەوە ئۆتۆمبێلێکی ڕەش بە چەند دانە پۆلیسەوە لە بەر دەرگا ڕاوەستابوون. دڵم داخورپا. دیتم هەر ئەو پیاوە کۆت و پانتۆڵ لەبەرە لە دواوەوەی ئۆتۆمبێلەکە هاتە دەرەوە و هاتە پێشەوە. باوکم کە ئەوی بینی سڵاوی لێکرد و دەستی ماچ کرد. ئینجا بە پاسەوانەکەی وت کە بڵاوە بەو خەڵکە بکا کە کۆبوونەتەوە.

ژاندارمەکان بە باتۆن بڵاوەیان بە خەڵک کرد و بە ئێمەیان وت بچینە ماڵەوە. ئێمە و دراوسێکان هاتینە ماڵەوە و دەرگامان داخست و دەستمان کرد بە قسە کردن. یەکێک وتی هاتوون شمەکەکانمان فڕێ بدەنە دەرەوە. ئەوی تریان وتی هاتوون ئەو کابرا بگرن. یەکیان دەیکوت هاتوون کۆتربازەکەی پەنا ماڵمان بگرن.

ئەوەی تریان وتی کورە نا هاتوون ئەکبەری حاجی سمایل بگرن کە دوێشەو چەقۆی کێشاوە. یەکێکی تر وتی پێموا هاتوون بۆ ئەوماڵەی دراوسێ چوونکە هەموو شەوێ خەریکی قومار و عارەق خواردنەوەن. ئیتر هەر کەسێک و شتێکی دەکوت. ئیتر ئێمە بەمانەدا زانیمان لە کوێ ماڵمان بە کرێ گرتووە.

سەرتان نەهێشێنم چارەکە بیست خولەکێکمان پێچوو دەرگاکە کراوە و ئەو کابرایە و ژاندارمرییەک هاتنە ژوورەوە و باوکم بە بەخێر بێن بەخێر بێن هاتە ژوورەکەمان. دایکم چایەکی لێنا و بردییە ژوورەکەیان و دەرگاکەیان داخست. هەر هەموو دراوسێکان لە پشت دەرگاکەمان کۆ بوونەوە کە بزانن چ باسە. من و خوشکەکانیشم چووینە ژوورەکەی پەنا.

پاش کەمێک دایکم بانگی کردین. هەمووومان بە ئەسپایی چووینە ژوورێک کە ئەو کابرا لە ناو گیرفانی چەپکێ پارەی دەرهێنا و دای بەو ژاندارمرییە. ژاندارمرییەکە هەستا و دوو تمەنی پێداین. چاومان بریسکەی دەهات و ئەو کابرا وتی "ئەمە شیرینیی خوازبێنییە". ئینجا زانیمان چ باسە. بەڵام خوشکەکانم نەیاندەزانی خوازبێنی لە کاممان دەکەن، بەڵام من دەمزانی.

ئەو کابرا دەستێک کۆت و پانتۆڵی بۆ باوکم کڕیبوو و کۆتاڵێکیشی بۆ دایکم کڕیبوو. دە تمەنیشی لە سەر کۆتاڵەکە وەک شیربایی دانا. ئیتر زمان دەیتوانی هەڵسووڕێت. فشە نییە.

کابرا پیاوی دەوڵەت بوو و ئۆتۆمبێلی دەوڵەت لە ژێر پای بوو، سێ دانە پاسەوان ژێردەستی بوون. ئەوانیش نەیاندەوێرا لە سەر قسەی قسە بکەن.

دیسان دادە زێڕە جگەرەیەکی داگیرساند و ئینجا بە پەژارەیەکەوە وتی:

- ئەی هاوار لە ترس، ئەم ترسە ماڵی خەڵکی وێران کردووە. ئەگەر ترس نەبا ئێمە یەکگرتوو بووین و نە عەرەب و نە ئیسکەندەر نەیاندەتوانی پەلاماری وڵاتمان بدەن. دەڵێ ئەوەی وا ناترسێ جارێ دەمرێ و ئەوەشی وا دەترسێ رۆژێ سەد جار دەمرێت.

ئیتر ئەو کابرا دەستی کرد بە تاریفکردنی خۆی و من فلانم و شاخم و وا باڵم وا، ئەوەندەم پارە هەیە و ئەوەندەم زەوی و ملک هەیە و دەستم زۆر دەڕوا. ئینجا

وتی هاتووم داده زیڕه لەگەڵ خۆم ببەم و ئەگەر خودا هیچ نەهێنێتە ئاراوە بە نیازم بەختەوەری بکەم. لەگەڵ خۆم دەیبەمە باشوور. جارێ لەوێ دەبمە پۆلیس. ئەگەریش جێبەجێ بێ دەمەوێ لەگەڵ خۆم بیبەمە ئارامگە پیرۆزەکان. پاش یەک دوو ساڵ دەگەڕێینەوە بۆ تاران هەتا ئەو کات ئەگەر پێتان خۆش بوو ئێوەش لەگەڵمان وەرن و جارجار داده زیڕەش دەنێرم بۆ لاتان. سەبارەت بە مارەیی و جلە بووک و ئەم شتانە کێشەمان نییە.

ئینجا دەستی کردە گیرفانی و بازنەیەکی زێڕ و ملوانکەیەک و ئەنگووستیلەیەکی دەرهێنا و پیشانی باوکمی دا. پاش ئەوە وتی "ئەگەر داده زیڕە ببێتە ژنم ئەمانە هەمووی خۆیەتی. ئێستا دەڵێن چی؟" دایکم لە خۆشیدا پێی بە عەرز نەدەکەوت و باوکیشم لە خۆشیان دەمی پان کردەوە.

هەستا و منی بانگکردە ئەو دیوە و وتی: "زیڕە مێردی ئاوات قەت وەگیر ناکەوێت" وتم "باوکە گیان خۆ تۆ ئەو کابرا ناناسی؟" وتی: "ئیتر لەوە زیاتر چی بناسم؟ بە قەت تەواوی تاران دەیناسم. پیاوی دەوڵەتە. دەی چی ترت دەوێ؟" وتم شووی پێناکەم و ئەویش زللەیەکی لێدام و ئاو لە چاوم هات. ئیتر ڕازی بووم. باوکم کە هەتا ئەو کات هەرچی خوازبێنم دەهات لەبەر ئەو داب و نەریتەی کە دەبێ لە پێشدا کچی گەورەتر شوو بکا خوازبێنەکانی ڕەت دەکردەوە، بەڵام بۆ ئەمەیان کە چاوی بە پارە کەوت ئیتر داب و نەریتی لە بیر چۆوە. ئیتر ئەو کابرا هەستا و ماڵئاوایی کرد و ڕۆشت و بڕیار وا بوو بۆ دووسبەینێکەی بێتەوە و مارەم بکا و بمگوێزێتەوە.

داده زێڕتاک ئەمەی وت و جگەرەکەی کووژاندەوە و سەیرێکی کاتژمێری کرد و وتی:

- با بچین بخەوین.

ئینجا سەیرێکی بابەکی کرد و وتی:

- چییە ئەوە بۆ سەیرم دەکەی؟

بابەک – خۆ درۆ و دەلەسە ناکەی؟

داده زێڕتاک – دەرد. هیچتان بۆ ناگێڕمەوە ئیتر.

- بابەک دیسان گەوجە گەوجت دەستی پێکرد؟

بابەک – ئاخە بەسەرهاتەکەی زۆر سەیرە.

دادە زێڕتاک – ئەو تارانییە پیرانە ئەگەر مابێتن زۆریان ناوم دەزانن. تەنانەت لێرەش ئەوانەی وا لە ئێران رایان کردووە نیوەی زۆریان من دەناسن و تەنانەت هەندێکیان بەسەرهاتی منیش دەزانن.

سەیرێکم کرد و وتم:

- دادە زێڕتاک ئەگەر کەسێک بەسەرهاتی ئێوە بنوسێ و چاپی بکا دەبێ چی بکات؟ شکاتی لێ دەکەن؟

لەگەڵ ئەوەی هەستا بچێتە ژوورەکی خۆی وتی:

- هیچم لە دەست نایە. شکاتیش بمهەوێ بکەم دەبێ لە ئێران بم. جاری لێرەم دەستم بە هیچ کوێ ناگات.

- مەبەستم ئەوەیە قەڵس دەبێ؟

گەڕاوە بە پێکەنینەوە سەیرێکی کردم و وتی:

- ئەگەر ئەو کەسانە ئێوە بێ نا. ڕەنگە خۆشحاڵیش بم، لانیکەم چەند کەس دەیخوێننەوە و شتی لێ فێر دەبن. بەڵام دڵنیا بە وەک بابەک وتی بەسەرهاتی من ئەوەندە سەیرە کە کەس باوەڕی پێ ناکا هەموو وادەزانن درۆ و دەلەسەیە.

- شتی ئەوەندە سەیر و سەمەر لە دنیادا هەیە کە خەڵک وردە وردە باوەڕ دەکەن.

دادە زێڕە – ڕەنگە وابێ. بەڵام دڵم نایە ناوی دروستی خۆم بڵێم. لە بری ناوم ناوێکی تر بنووسن.

بابەک – چۆنە ناوت بنێین زێڕە؟

دادە زێڕتاک پێکەنی و وتی:

- زێڕە – خۆ خراپیش نییە. با زێڕە بێ شەوخۆش. خەوێکی خۆشتان بێت.

## بەشی چواردەهەم

بەیانی زوو لە خەو هەستام و ڕیشم تاشی و جلەکانم لەبەر کرد. لەم ماوەدا بەردەوام بیرم لە بەهار دەکردەوە. چۆن دەمتوانی پێی بڵێم چەندەم خۆش دەوێ؟ خۆی دەیزانی؟ بەشکەم زووتر بێت. پاش خۆی هەرچی خەم و دەردە دێتە دڵم.

چوومە چێشتخانە بینیم بابەک لە پشت مێزەکە دانیشتبوو و بەرچاییەکی باش باشی ئامادە کردبوو و خەریکبوو دەیخوارد. کە منی بینی وتی:

- سڵاو کاکە. چۆنی؟ دایک و باوکت ئەحواڵیان بزانین؟ پوورە ورچەکەت چۆنە؟ هێشتا بەرپرسانی باخچەی ئاژەڵان نەیانگرتووە؟

- سڵاو و دەرد. ڕۆژ نەبۆتەوە دەستت کرد بە قسە پەڕاندن؟

بابەک – وەرە دانیشە بەرچاییەکەت بخۆ کارمان زۆرە. پێم خۆشە لەگەڵ یەکتر بچین بۆ گەشتێکی زانستی دەرمانی.

- گەشتی زانستی دەرمانی چییە؟

بابەک – دانیشە با بۆت بڵێم.

دانیشتم و بابەک چای بۆ م تێکرد و وتی:

- دوێنشەو حسێبم کرد ئەم دوو ڕۆژە زۆرمان زەرەر کردووە. ئەگەر پێش بەم زەرەرە نەگرین هیچمان نامێنێت.

- حسێب و کتێب بە تۆیە. پارەش لای خۆتە. دەی ئەگەر زۆرمان خەرج کردووە با کەمتر خەرج بکەین، چەندەمان پارە ماوە؟

بابەک – خۆ شوکر کەم و کوڕیمان نییە.

- دەی بۆچی زەرەرەمان کردووە؟

بابەک – ڕۆحمان. هیچ گرنگیمان بە ڕۆحمان نەداوە. کەمتەرخەمیمان کرد. لەم ماوەدا هیچ بە ڕۆحمان ڕانەگەیشتین. ڕۆحمان کز بووە. تووشی خەمۆکیی ڕۆحی بووین.

پێکەنیم و وتم:

- دەی ئێستا چی بووە؟

بابەک – هیچ ئیتر دەچین بۆ گەشتی ڕۆح دەرمانی. ئەم دادانە ژیانی ئێمەیان تێک داوە. ڕۆیا دێتە ئێرە و هۆشم دەبات. بەهارە خۆ مێشکتی لە کار خستووە. دادە زێڕەش هەقایەتیمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی خەومان لێ بکەوێت. ئەمە کەی ژیانە ئێمە دەیکەین. دووسبەی وەلامی ڕۆح و دەروونمان چۆن بدەینەوە لێیان پرسین بۆچی کەمتەرخەمیتان کرد چی بڵێین؟

- بە تەمای بەم کەرەی بەیانییە بچی بۆ بەرەلایی؟

بابەک – تماشا ئەو قسەی کردی؟ ئەوە بۆچی قسەی ناشیرین دەکەی؟ لە جیات ئەو قسە ناشیرین و پیسانە، لە فەرهەنگۆکی زمانەکەماندا بگەڕە وشەی جوان دەدۆزیتەوە بە قوربان. مەڵی بەرەلایی بڵێ گەشتی زانستی و ڕۆح دەرمانی. واتە دەچین نهێنییەکانی ڕۆحمان بناسین. سێیەمیش لەم ماڵە دڵم ڕزا. بۆچی کابرا چەند جار لە دایک دەبێ و چەند جار ژیانی پێ دەدەن؟ ئەگەر جارێکی تر لە ئەفغانستان لە دایک بووایین و هەتا بەر نێوکمان ڕیشیان پێمان درێژ بکردایەتەوە و نەمانتوانیبایە سەیری کچێک بکەین ئەی ئەو کات قوڕی کوێ بکەین بە سەرماندا؟ ئەوکات کێ وەلامی ڕۆحە ماندوو و شەکەت و برسی و ڕەش و ڕووتەکەمان دەداتەوە؟! هەر ئەوەی وا وتم. ئەمشەو هەر دووکمان دەچین بۆ گەڕانی زانستی.

- ئەری دە دەمت داخە. هاتم پرس و ڕات پێ بکەم.

بابەک – بیکە پرس بکە. خوا باشترین ڕاوێژکار و تەگبیرکەری بۆت ناردووە. بیڵێ کاکە گیان کوێی نازانی؟

- ئەوانەی وا لە مێشکی تۆدایە کێشەم نییە.

بابەک – بەخ بەخ. ماشەڵا خۆت خوێندەوار و خاوەن کەماڵی. ئەمشەو لەگەڵ یەکتر دەچینە دەرەوە و هەر کوێ کێشەت بوو پێم بڵێ. مەترسە، دڵەڕاوکێ شتێکی ئاساییە. ماوەیەکە تاقیکردنەوەت نییە کەمێک دڵەخورپەت هەیە. هیچ مەترسە. ئەم تاقیکرنەوە هەر شتێک بێ ئەو کەسەی ئەزموونەکەت لێ وەردەگری خۆی وەڵامەکەت دەداتەوە. ئەوە سووتان لە وانەکانیشی تێدا نییە چ بگا بەوەی ساڵێک لە خوێندنت وەدوا کەوتن. ئەمانەی وت و قاقا پێکەنی.

- من نایەم خۆت بچۆ.

بابەک – دەی چاوت دەری. ئیشاڵا ئەگەر جارێکی تر لە دایک بوویتەوە لە ئەفغانستان بی و ببیتە جێگری یەکەمی تالیبان. ئەوکات هەر چەندەت پێخۆش بوو تاهیر و تهوور بمێنەوە و بژی. جا ڕیشی تالیبانیشت لێ دێت.

کە ئەمەی وت دەنگی لە گوێمدا زرینگایەوە. ڕاچڵەکیم. بابەک هەڵبەزییەوە.

بابەک – چیت لێ هات؟

- هیچ مەترسە. وەک شتێ بەهار بانگم دەکات.

بابەک – قوڕ کرا بە سەرتا. جا کابرا ئەگەر ژن و منداڵی بوو خۆ لە ترس ژن و منداڵ دەست و پای دەبەسترێتەوە بەڵام خۆ دەتوانن بیر بکەنەوە. بەڵام یاخوا من بۆ تۆ بمرم وا لەم مافە سرووشتییەش بێبەشی. خوا ژنێ تووش کەس نەکا کە مێشکت بخوێنێتەوە. کابرا دەبێ دڵی بە چی خۆش بێت.

دڵم جۆرێکی لێ هات بە پێکەنینەوە وتم:

- خۆیەتی، هاتووە بە خودا. ئەوەتا لەوێیە.

بابەک – بەرلیکەکەت بسرە. حەیات بە پیاوەوە نەهێشت. ئێستا لە کوێیە؟

- بە خوا لەم نزیکانەیە.

بابەک – لە سەر جادەیە؟

- پێموایە.

بابەک – دەی دایمەخە. موبایلەکەت بە دەستەوە بێ هەتا من لیستی شمەکەکان دەنووسم پێی بدەم بچێ بیکڕێ. باشیشە موبایلەکەی بێبەرامبەرە.

- ئەری دە گوو مەخۆ با من تەرکیز بکەم.

چاوەکانم نووقاند و ئینجا بە بابەکم وت:

- بابەک ئەوە من ڕۆشتم.

بابەک – بۆ کوێ؟ خۆ تۆ وتت بەیانیان بۆ بەرەلایی نابێ؟

- گوو مەخۆ. خوات لەگەڵ.

تیژ جلەکانم لەبەر کرد و هاتمە دەرەوە و تووشی دادە زێڕە هاتم و زوو سڵاوم کرد.

دادە زێڕە – ئەوە بەو پەلە پەلە دەچیتە کوێ؟

بابەک – دادە زێڕە لێی گەڕە. بەپەلەیە. ڕۆحی تووشی خەمۆکی بووە و ئەوە دەچێ چارەسەری دەکا.

ماڵاواییم کرد و لە ئاپارتمان هاتمە دەرەوە و چاوەڕێی ئاسانسۆر نەبووم و لە پلیکانەکان چوومە خوارەوە ئەمجار نەمدەزانی بچمە کوێ. سەیرێکی دەوروبەرمم کرد. کەس لەوێ نەبوو. دیسان چاوەکانم نووقاندەوە و وەڕێکەوتم. نازانم بڵێم چۆن بوو کە دەڕۆشتم. خۆشم نازانم چۆن بوو. بەڵام بۆ ماوەیەک چاوەکانم نووقاند. هەستم دەکرد یەکێ لە ناو مێشکمدایە و ڕێگام پێ پیشان دەدات. هیچ لە خۆمدا نەبووم. لە پێشدا مێشکم تێکەڵی کردبوو. وەکوو وێنەیەکی لێڵ بوو. بیرم پەرێشان بوو. نەمدەتوانی بە سەریدا زاڵبم. وەکوو ئامێرێک کە نەتووانی ئیشی پێ بکەی. ئیتر وردە وردە هەموو شتێکم لا ئاشکرا بوو. دەنگی خۆشی بەهار بوو کە هەستم دەکرد کە لە خەودا دەیبیستم.

- دەنگمت بیست؟ وەرە. دەبێ خۆت بمدۆزیتەوە.

دۆخم نائاسایی بوو. هەستێکی ئەوەندە خۆشم هەبوو کە هەر لە خۆمەوە بەو ناو شەقامانەدا پێدەکەنیم. دەترسام کە نەکا نەیدۆزمەوە.

یەک دوو شەقامم تێپەڕاند و گەیشتمە پشت ماڵی خۆمان. چاوەکانم نووقاند.

- تۆ زیرەکی دەزانم کە دەمدۆزیتەوە. وەرە.

دیسان پێکەنیم و وەڕێکەوتمەوە. پارک بولبوول لێی دەخوێند. چۆڵ و هۆڵ بوو.

بە هێمنی دەڕۆشتم و ئەم و ئەو لام سەیر دەکرد. پاش چەند خولەکێک ڕاوەستام و چاوەکانم نووقاند.

- هەتا ئێرەی دروست هاتووی. ئەوە کۆمەکت دەکەم. تۆ تەنیا بە دوای دڵمدا وەرە. بێگومان پێم دەگەی.

پێکەنیم و وەڕێ کەوتم. ئەوەندە تامەزرۆ بووم کە هەر پێدەکەنیم. لێم تێدەگەیشت. ئەوەی لە مێشکمدا پێم دەوت لێم حاڵی دەبوو.

چەند خولەک تێپەڕی. گەیشتمە ناوەڕاستی پارک. ئیتر نەمدەزانی بچمە کوێ. پارکەکە زۆر گەورە بوو و پڕ بوو لە دار و درەخت و دەوەن و گوڵ و گیا. ئەگەر کەسێک لەوێ خۆی حەشار دابا ئەوە بۆ کەس نەدەدۆزراوە. دیسان چاوم نووقاندەوە.

- لە لای گوڵباخییە زەرد و سوورەکان دەتوانین لە مانای ژیان تێبگەین. وەرە.

کەمێک بیرم کردەوە و هەڵاتم. پاش خولەکێک گەیشتمە شوێنێک کە تەنیا دەوەنی گوڵباخییان دەچاند و دەوراندەوری پڕ بوو لە خەڵک و دەوەنی گەورەی گوڵباخیی زەرد و سوور و پەمەیی. شوێنێک کە خۆم پێم خۆشبوو، جار جار دەچوومە ئەوێ و یەک دوو کاتژمێر لەوێ بیرم دەکردەوە.

لەو شوێنەی دۆزیمەوە کە تەنیا دەوەنی گوڵباخی لێ بوو. لە سەر چیمەنەکە دانیشتبوو. قژی لوول کردبوو و پێڵاوەکانی داکەندبوو. جلێکی زۆر ساکار و جوانی لەبەر بوو. لە دوورەوە کە منی بینی بە دەممەوە پێکەنی. دەتکوت دنیایان پێداوم. چوومە لای.

بەهار – ها زوو هاتمەوە.

- هەرچەندیش زوو بێیتەوە بۆ من هەر درەنگە.

بەهار – تماشا ئەو گوڵانە چەند جوانن! ئێرە هەموو شتێکی جوانە.

- بە مەرجێک تۆ لە ناوەڕاستی ئەم گوڵانەدا دانیشتبێتی.

بە دەممەوە پێکەنی.

بەهار – وەرە دانیشە ها سەخت نەبوو.

- ئەرێ. بەڵام چۆنت ئێرە دۆزییەوە؟

بەهار – زۆر ڕاحەت. بە مەرجێک بە هەموو ناخەوە بێت. تۆ زەینێکی بەهێزت هەیە.

- واتە تۆ لەگەڵ هەرکەس کە پێت خۆش بێ دەتوانی پەیوەندی ساز بکەی؟

بەهار – ئەرێ. بەڵام دەبێ ئەویش بە دڵ ئەوەی بوویێت. هەر کەس بانگی من بکا ئەوە من دێم بە دەنگییەوە.

- ئەی بۆچی لە دوێشەوەوە ئاگات لێ نەبوو کە من بانگم کردی؟

بەهار – وەرە دانیشە با پێت بڵێم.

چوومە لای و لە سەر چیمەنەکان دانیشتم. کەمێک چاوی بڕییە چاوم و وتی:

- هیچ نەگۆڕاوە.

- چی؟

پێکەنی.

- بۆچی دوێشەو بانگم دەکردی نەهاتی بە دەنگمەوە؟

بەهار – چوونکە بە هەموو دڵ و دەروونەوە بانگت نەکردم.

- من بە هەموو ناخەوە تۆم دەویست. واتە بانگم کردی ...

پێکەنی و وتی:

- نا. ئەورۆ بە دڵ ویستت بێمە لات.

- بۆچی وا دەڵێی؟ من خۆم باش دەزانم دوێشەو بە دڵ بانگم کردی.

بەهار – دوێشەو هێشتا بە ڕاستی بیرت نەکردبووم. چوونکە تازە یەکترمان بینیبوو. بەڵام لای بەیانی زۆرت بیر کردبووم. تاسەمت کردبوو و بانگت دەکردم. لە کانگـــای دڵەوە. دەزانـــی وەکـــوو چـــی وایە؟ وەکـــوو ئـــاخ و زریـــکەی ئازارچەشتوویێک. زۆر کەس بانگی خوا دەکەن، بەڵام تەنیا بە دەنگ ئەوانەوە دێ کە بە دڵ بانگی دەکەن. کاتێک کە هەموو دەرگاکان لە کەسێک دادەخرێ و هیچ پەنـایەکی نەبێت. ئەو کـاتەی کە ئیتر هـیچ هیوایەکـت نامێنێت. کاتێـک کە کەس ناتوانێ یان نایهەوێ کارێکت بۆ جێبەجێ بکا و ئینجا وتی:

- کاتێک کە ناتەوێ داوای یارمەتی لە کەس بکەیت. کاتێک دەستت بە هیچ کوێ ناگا و بێهیوای. جا ئەو کاتەیە کە بە دڵ دەگری. ئەو کاتەیە کە بە دڵ بانگی دەکەیت. ئەو کاتەیە کە وەڵامت دەداتەوە.

ئەمەی وت و سەری خستە سەر ئەژنۆی و گریا.

سەرم هەڵێنا. فرمێسکەکانی بە سەر گۆنایدا دەخزا خوارەوە.

- بەهار بۆچی دەگری؟ چی بووە؟

بەهار – زۆرم بیر کردووە ...

- بیری کێ؟ باوکت؟

پێمپێکەنی.

- دایکت؟

بەهار – بۆ خوداکەم. بۆ خودا مێهرەبانەکەم. ئەو خودایەی کە دەنگم دەبیستێت.

تەنیا سەیرم کرد. فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

- دەزانم پێت سەیرە.

- نا زۆریش سەیر نییە. شیرینیش کاتێ ناوی خودای لە لام دەهێنا دەگریا.

بەهار - بە ڕاستتە؟ ئارمین ڕاست دەکەی؟

- ئەرێ ڕاست دەکەم.

دیسان پێکەنی و وتی:

- گەورەترین عەشق عەشقی خودایە.

ئینجا لە سەر چیمەنەکە ڕاکشا و چاوەکانی نووقاند و هەتا چەند خولەک هیچی نەوت ... منیش هیچم نەوت کاتێک کە هێشتا چاوەکانی نووقابوو و وتی:

- ئەو کاتانەی کە منداڵ بووم و لە خۆڕا پەڵپ و بیانووم دەگرت، دایکم سەری دەخستمە سەر ڕانی و هەقایەتی پەرییەکانی بە گۆرانییەوە بۆم دەگێڕایەوە. زۆرم پێ خۆش بوو ...

بە ئارامی دەستم بە سەریدا هێنا. هیچی پێم نەوت. ئینجا گۆرانیم بۆی چڕی.

- هەبوو، هەبوو.

ڕۆژانێک بوو.
ڕووت و قووت ئێوارە
سێ پەری دانیشتبوون.
بەهار – ئەمە گۆرانیی کێیە؟
- گۆرانییەکی کۆنە.
بەهار – بۆم بڵێ خۆشە.
لەگەڵ ئەوەی چاوەکانی نووقاندبوو پێکەنی و وتی:
- ئیتر دڵم ئاهۆن بووە.
- پێم خۆش نییە بە غەمگینی بتبینم.
بەهار – کاتێک کە بە دل بانگم دەکەی زۆر دڵخۆش دەبم. ئەو کاتە هەست دەکەم تەنیا نیم و پێم خۆشە هەرچی زووە بێمە لات.
ئینجا هەستا و سەیری دەوروبەری خۆی کرد و وتی:
- ئێرە چەند جوانە. هەستە بە ناو ئەو چیمەنەدا پیاسە بکەین. پێلاوەکانت دادەکەنی؟
ئەمەی وت و بە پێی پەتی بە سەر چیمەنەکاندا ڕۆشت و منیش پێلاوەکانیم هەلگرت و بە دوایدا ڕۆشتم. لەوەی کە پێلاوەکانیم بە دەستەوە بوو هەستێکی خۆشم هەبوو، لە کاتێکدا کە هۆشی نەبوو توند توند پێلاوەکانیم نا بە سینگمەوە. لە ناکاو ئاوڕی داوە و سەیری کردم و پێم پێکەنی. پێم عەیب بوو. بە ئەسپایی چوومە پێشەوە و لە چاوەکانیم ڕوانی وتی:
- جلەکانت خۆڵاوی دەبێت.
- قەیناکە. بەڵام ئەمە زۆر خراپە من هەر کارێک دەکەم تۆ ئاگات لێیە.
قاقا پێکەنی وتی:
- ئەوە نییە دەڵێم کاتێک بە دل بانگم دەکەی دەیبیستم.
- بە دل پێلاوەکانت لە ئامێز دەگرم تۆ پێی دەزانی؟
پێکەنی و وتی:

- وەرە.

هەر دووكمـان بە سـەر چـيمەنەكەدا رۆشـتين. هـاتم پێـی بلـێم كە ئامـادەیە هاوسەرگيريم لەگەڵ بكەم. بەڵام لە رووم هەڵنەهات.

بەهار – پوورت چی دەنگی نییە؟

- جارێ نا. گوایا زەنگی لێداوە بۆ ئێران و لای باوكم گلەیی كردووە.

بەهار – ئێران ناوێكی جوانە.

- جارێكیان شیرینیش ئەمەی وت.

بەهار – هیچ سەر دەر ناكەم. چۆن شتی وا دەبێت؟! شتێكی زۆر سەیرە.

لەگەڵ ئەوەی پیاسەمان دەكرد گەیشتینە گوڵفرۆشییەك. چووم و گوڵباخییەكی جوانم بۆ كڕی و دام بە دەستییەوە. پێكەنی و لاسكەكەی كورت كردەوە و دای لە قژی و وتی:

- جوان بووم؟

تەنیا سەیرم كرد.

بەهار – بۆچی چاوەكانت ئاوایە؟ پیاو هەر عەشق و میهرەبانی و راستی تێدا بەدی دەكات، رۆئەستووری تێدا نییە، درۆی تێدا نییە، نەگریسی تێدا نییە.

- وتەی باش، ئاكاری باش، تێگەیشتنی باش، بەهەشت بەمانە دروست دەبێت.

كەمێك سەیرم كرد و وتی:

- ئارمین دەبێ برۆم.

كە ئەمەی وت زۆر زیز بووم.

- خۆ نیو كاتژمێرە هاتووی.

بەهار – بە سەرمدا مەگوورێنە. دڵم شووشەیە دەشكێت.

- پێم خۆش نییە لە لات برۆم.

- دێمەوە. دیسان دێمەوە.

هەتا گەیشتینە لای ئۆتۆمبێلەكەی هیچی نەوت. كاتێك ویستی سواری ئۆتۆمبێل بێ، دیسان سەیری كردم و وتی:

- هەتا جارێکی تر کە دەمبینیتەوە جوان بیری خۆتی لێ بکەرەوە.

ئەمەی وت و سەر کەوت.

- بیر لە چی بکەمەوە؟

پێم پێکەنی و ڕۆشت.

سەیریم کرد و ئەویش ئۆتۆمبێلەکەی باداوە بۆ شەقامێکی تر و ئیتر لەبەر چاوم نەما. چوومەوە بۆ ماڵەوە. هەرچی باڵی بیرم لێک دەدا نەمدەزانی کە ڕستەی دواییەکەی چ مانایەکی هەبوو. دەبوایە بیرم لە چی بکردایەتەوە؟ چۆن هاتبوو؟ چۆن ڕۆشت؟ چوو بۆ کوێ؟ مێشکم کاری نەدەکرد. لەم بیر و خەیاڵانەدا بووم کە گەیشتمەوە بەر دەرگای ماڵی خۆیان. دەرگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە و بابەک وتی:

- ئەوە بۆچی وەڵامی تەلەفۆن نادەیتەوە؟

- تەلەفۆن؟ خۆ من موبایلم لەگەڵ خۆم نەبردوو.

بابەک – موبایلی تۆ ناڵێم. موبایلەکەی بەهار دەڵێم. مەگەر موبایلەکەی سەربەخۆ نییە. دانیشتم و تەرکیزم کرد و چوومە خەڵسەوە. یەکەم خاڵ، نانی نیوەڕۆمان هەیە خاڵ، ئارمین پیتزا ٣ دانە خاڵ، من و دادە زێرە برسیمانە خاڵ. وتوویژ تەواو بوو خاڵ.

- ئەرێ دە لە کۆڵ بەوە.

بابەک – دەمزانی لە مێشکتدا دەزرینگاوە کە بەردەنگەکەتان موبایل هەڵناگرێت. تکایە خۆت هێلکە و ڕۆنێک ساز کە و بیکە بە نۆشی گیانت.

- هەندێ جار زۆر لووسکە دەبی.

بابەک – پێم وایە گەشتە زانستییەکەتان بە خێر و بێر نەبووە. پووریزا بەرەڵاکەم. بەیانیان قازانجی نییە. ئەگەر لەگەڵ یەکتر بین خۆشترە و بە زانیارییەکانت زیاد دەبێ. لەبەر ئەوەی من لەگەڵتم هەموو بابەتە زانستی و توێژینەوەییەکان دەزانم و کون و قوژبنی زانست دەزانم و لە چاو تۆ چاوساغترم. گەلەریی هونەری لەم شارەدا نییە نەیناسم. پێشانگای تەکنیکی لەم

شارەدا نادۆزیتەوە من سەریکم لی نەدابیت. ناوەندیکی فەرهەنگی نییە من تییدا شتیک فیر نەبووبیتم. دەی خەم مەخۆ. ئەورۆ لەگەل حاجی دەچینە ئاکادیمیایەک با بەیانیت بۆ قەرەبوو بکاتەوە. ئەم شارە پڕە لە ناوەندی ڕاهینان.

- نانی نیوەڕۆ چیمان هەیە؟

بابەک – منت پی کەم کەسیکە. وەرە چیشتخانە بزانە چۆن نانی نیوەڕۆم ساز کردووە.

- باشە چیت ساز کردووە.

بابەک – کێردی سێسەر. لە بەیانییەوە چووە بۆ بەرەلایی و هەرزەیی. ئیستا داوای نانی نیوەڕۆ لە من دەکەی.

دادە زێڕە لە چیشتخانە هاتە دەرەوە. سلاوم لیکرد و وتی:

- بەهار چۆن بوو؟

- چاک بوو. سلاوی دەگەیاندی.

دادە زێڕە – بچۆ دەست و چاوت بشۆ وەرە شتیکی خۆشم ساز کردووە.

ئەو ڕۆژە دادە زێڕە چێشتی تەهـ چینی[٩] مریشکی ساز کردبوو کە زۆر خۆش بوو. پاش نانی نیوەڕۆ من بە بیانووی ژانە سەر چووم خەوتم.

کاتژمێر نزیکەی پێنجی پاشنیوەڕۆ بوو کە لە ناکاو دەنگیک لە مال هات. دەنگەکە چەند جار دەنگی دایەوە. دەنگی ژنیک بوو کە پەیتا پەیتا بانگی دەکردم.

ڕاپەڕیم. باش گوێم هەلخست. دەنگی بەهار نەبوو، بەلام دەنگی ژنیک بوو. ڕاوەستام دیسان بانگم بکاتەوە. پاش کەمێک دیسان ناوی هێنامەوە. گوێم نەدەزرینگاوە لە ناو مالەکەدا دەنگی دەداوە. هێشتا لە نێوان خەو و بێداریدا بووم. هیچ تێنەدەگەیشتم.

- ئارمین هەستە.

لە سەر جێگاکەم هەستام.

---

[٩]- تەهـ چین: خواردنێکی ئێرانییە کە لە برینج و گۆشت (مریشک زیاتر باوە) ماست، زافەران و هێلکە لێ دەنرێت.

- هەستە و بەرەو لام وەرە. ئەوە ئێمەین کە بانگت دەکەین.
نەمدەزانی چی بکەم. کەس لە ژوورەکەمدا نەبوو. بەڵام دەنگەکەی زۆر ئاشکرا بوو.
- درەنگە هەستە. خۆر ئاوا بوو هەستە و وەرە.
دەنگەکە تا دەهات زەقتر دەبوو.
- هەستای؟ دەک بمری.
دەنگی بابەک بوو. لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە. بابەک ئامێری تۆمارکردنی حەل کردبوو و مایکێکی پێوە لکاندبوو و حاڵەتی ئێکۆی پێدا بوو و خەریک بوو پێدەکەنی.
- هەستە و لێکمان مارە بکە. دڵمان لەو دنیا ڕزا. لانیکەم ئەگەر ئەوەت پێناکری دە گیانت داوەشی لێکمان سیغە بکە گەواد.
- بابەک زۆر بێتامی.
بابەک – تۆ بۆ لێرەی؟ مەگەر بڕیار نەبوو کاتێک لەو دنیا بانگت دەکەن بێئیزن وەرگرتن هەستی و لە ژوورەکەت بچیتە دەرەوە؟ وتم لەوێ مارەمان بکە.
- شتێکی هیچ و پووچ و بێتامی. ترساندمت ماڵتە. ماڵتە دەنگت کەم بکردایە.
دادە زێڕە چوو لە سەر مۆبلەکە دانیشت و پێکەنی. بابەک لە پشت مایکەکە وتی:
- ڕوودار، بێئەدەب، عەمرت نەمێنی بەو ڕفتارە ناشیرینەی هەتە بە کیلۆیەک هەنگوینەوە ناتلێسنەوە نەخوازەڵا بشتخۆن. بیسەرانی ئازیز ئێستا گوێ بۆ گۆرانییەکی داواکراو بگرن. شانۆنامەی کۆمێدیایی مۆزیکاڵی شیرین و ئارمین کۆتایی هات. شیرن ئای شیرین شیرین گیان شیرین گشت کەسم نەخۆش نەکەفی شیرین گیان نەبڕی نەفەسم.
گۆرانییەکی تر گوێ بگرن.
بەهار هاتەوە گیانە بەهار هاتەوە
دۆست و دەزگیران دەی دەی ڕۆ ئاشت ئەکاتەوە.
بە داوالێبووردن لە بیسەرانی ئازیز بەهار خان فتۆکۆپی شیرین خانە.

داده زیرە کە لەبەر پێکەنین ژانی کردبوو. خۆشم پێکەنینم هات. چوومە سەر مۆبلەکە دانیشتم و سەیرم کرد.

- کاتژمێر هەڤدە و بیست خولەک بوو. ئێستا پاش پەیامێکی بازرگانی سەرنجتان بۆ بەرنامەیەکی خێزانی ڕادەکێشم.

پەیامی بازرگانی شیرینە! شیرینە! زۆر شیرینە. ئەری. هاوسەرگیری لەگەڵ شیرین شیرینە. هەڵبەت هەتا چەند ڕۆژی تر پاش هاوسەرگیری کە ماوەی ئێکسپایەری دادە شیرین تەواو نەبووە، چوونکە پاش ئێکسپایەربوونی دەترشێ وەکوو هەڵووچە.

بەرنامەی خێزان.

سڵاو بیسەرانی ئازیز. باسی ئەمڕۆمان سەبارەت بەو بەڕێزانەیە کە دوو ژنیان هەیە. خوا بدا بە پەناملیاندا. داوا لە میوانە بەڕێزمان کاکی دووژن دەکەین بفەرموونە ئێرە و ڕای کارناسیی خۆیان بدەن.

زۆر سوپاس کە بانگهێشتی ئەم بەرنامەتان کردم. هەڵبەت بە بۆچوونی من دووژنی زۆر بەسوودە چوونکە هەر کامیان بە جیا نازی مێرد دەکێشن. مێرد هەر ڕووشیان پێنادا و دەچێتە لای ژنەکەی تر.

سوپاس بۆ بۆچوونی کارناسانەتان. ئێستا بەرنامەی داهاتوومان بەڕێز سێ ژنەیە.

بەڵێ. بەڕێزم. خزمەتی ئاغای خۆم بکەم هەموو شتێک دەبێ زیادەیەکی هەبێت. مرۆڤ ئاوا مەحتەل نابێ. وەکوو تەگەری ئۆتۆمبێل کە پەنچەر بوو با سپێریکمان هەبێت.

سوپاس. تکای میوانەکەی ترمان پیاوی چوارژنە تەشریف بێنن.

وەڵا بوونی پارچەی زیادە زۆر پێویستە. داوا لە بەرپرسان دەکەین کە بەرهەمهێنانی زیادە زۆر بکەن یا هاوردە کردنی زۆر بکەن هەڵبەت ئەورووپی بێ باشترە.

بە ڕای جەنابتان ماوەی بەسوودی ژنی زیادە زۆرە؟

وەلا ئەگەر ئینگلیزی بێ باشترە. ئەلمانییەکەی هەر زۆر باشترە.
بە ڕای ئێوە بەرهەمی ناخۆیی چۆنە؟ ئێرانی چۆنە؟
وەلا ئەویش خراپ نییە، بەلام دەنگە دەنگ و بۆڵە بۆڵی زۆرە.
بیسەرانی هێژا بەرنامەی خێزان کۆتایی پێهات. بەلام لە بیرتان نەچێ هاوسەرێکی زیادە بۆ ژیانتان دابین بکەن. بە چوار ژن دڵنیاتر سەفەر دەکەن و ئەوەشتان لە بیر نەچێ دادپەروەرییان لە نێواندا بپارێزن و زەختیان لێ مەکەن. بە پێی یاسای فیزیا.
- ئەرێ دە مێشکمان چوو. دەنگ هەڵمەهێنە.
بابەک – تۆ پێویست ناکا قسە بکەی بەرنامە خۆی تەواو بوو. وردە وردە هەستە و خۆت گورج بکەرەوە تەلەفۆنم بۆ دووان لە گەورەترین و بە ناوبانگترین مامۆستایانی زانستە مەتافیزیاییەکان کرد. بە قوربان ئەم دووانە وانەبێژی باشن. بە هەزار بەدبەختی کەمێک کاتم لێیان وەرگرت کە بچین پشکنینێکی مانگانە بکەین. هەستە هەتا کەس جێگاکەمانیان نەگرتۆتەوە.
- جارێ تاقەتم نییە. دادە زێڕەش تەنهایە. من نایەم.
دادە زێڕە – نا ئارمین گیان من دەبێ سەردانێکی کابارە بکەم. بە ڕاست دەچنە کوێ؟
بابەک – هیچ برا. دوو هاوپۆلی کۆلێژمان دایمە سەریان لە ناو کتێبە. ئێمە هەر کات دڵمان دەگیرێ دەچینە لایان کەمێک خەمیان لە دل دەردەکەین و دڵمان دەکرێتەوە. چوونکە کچی چاکن.
دادە زێڕە – بابەک گیان خۆت کەرێ. منت پێ گێلە؟
بابەک – کە متمانە نەما ئیتر چی دەمێنێتەوە؟
دادە زێڕە – بەهەر حاڵ من دەچمە کابارە. ئێوە خۆتان دەزانن. ئاگاتان لە خۆتان بێ نەخۆش نەکەون.
بابەک – باوەڕکە ئەو شوێنانەی کە دەچین ئیستریلە کراون. وەکوو شیری پاستۆریزە، سپی و خاوێن.

- بڕۆ من نایەم.

بابەک – دەی بە جەهەندەم نایەی.

کە ئەمەی وت لە دەرگایان دا. من ئایفۆنەکەم هەلگرت. ڕۆیا بوو. بە بێ هیچ قسە کردنێک دەرگای خوارەوەم کردەوە.

بابەک – کێیە؟

- کاریان بە نهۆمی خوارەوەیە. بە هەڵە لە دەرگایان دا.

بابەک – دە هەتا کەس نەهاتووە بچم جلەکانم لەبەر بکەم و بچم بە دوای چارەنووسمدا.

هەتا بابەک چوو جلەکانی گۆڕی من چووم دەرگای ئاپارتمانەکەم کردەوە. هەر لەو کاتەدا ڕۆیا هاتە سەر. بە ئاماژە پێم وت کە بێدەنگ بێ و قسە نەکات. ئینجا هێنامە ماڵەوە. بابەک لە ژوورەکەیدا گیزەی گۆرانی دەهات ئەویش چ گۆرانییەک. ئەیوەی لەرزانە ... هاوار لەرزانە

لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و چاوی بە ڕۆیا کەوت وتی:

- دەک بە قوربانی خوا گیان بم ئێستا لە ژوورەکەمدا بە خۆمم دەوت بڵێی حەوت جار لە دڵمدا ناوی ڕۆیا بێنم و لە ناکاو بێتە بەرچاوم؟ تۆخوا تۆ دەنگی دڵمت بیست؟ گیانی من بیستت؟

- دەنگی دڵتم نەبیست، بەڵام هی گۆرانییەکەتم بیست. لەرزانەکانت لەرزاندمی.

بابەک – ڕاستیش دەکەی. دەڵێن بەشی کەس بە کەس ناخورێت. ئەوە دەچووم دوو قوتوو شیر بکرم دادە زێرە ئەوشەو شیربرنج و فرنیمان بۆ ساز بکات. چاک بوو ئێوە هاتن دادە ڕۆیا. ئێستا فرنی ساز دەکەین و دەخۆین. ببێتە گۆشتی ناوشانمان.

لەم کاتەدا تەلەفۆن کرا. خۆم وەڵامم داوە. بەهار بوو پێی وتم ئەگەر پێم خۆش بوو کاتژمێر ١٢ بچینە شوێنێک لە دەرەوەی شار کە بەرنامەی ئایینی و دوعای تێدا بەڕێوە دەچێت. واتە کۆمەڵەکەیان لەوێ کۆ دەبنەوە. تەنیا وتی نەیەی بۆ ئەوێ و خۆمان نەناسێنین. تەلەفۆنەکەم داخست لای بابەک و دادە زێرە و ڕۆیا

باسم کرد و وتم:

بابەک - بەخ بەخ. چ ژیانێکی پاک و تاهیرت هەیە. هەستم تەلەفۆنێکم بۆ دایک و باوکم بکەم کە ئەرخایەن بن کە کوڕەکەیان لێرە زۆر داوێنپاکە. هەر دەڵێن ئەوروپا گەندەڵی و بەڕەڵاییە. وەڵا ئێمە هیچمان نەبینی. شوکر بۆ خوا شەوی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئاینییان هەیە و دەچین بۆ نوێژ و دوعا و نزا و شەویش دێینەوە بۆ ماڵەوە دادە زێڕە هەقایەتی منداڵە باشەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە و چاومان گەرم دادێ و دەچین دەخەوین. ئیتر دایک و باوکمان چییان لە کوڕێکی بیست و هەشت ساڵەی ئاوا هێمن دەوێ؟

ئەگەر دادە بەهار پیاوەتی بکا و بەیانیانیش خولی وانەی ئاینیمان لە ئامێرەکەیدا دابنێ هەر شەش مانگ جارێ دوو دانە زاهید ڕادەستی باوکەکانمان دەکەین. بە ڕاستی ئێمە بەخت یارمانە کە لەو دنیا ئاگایان لە ڕفتارمانە. دادە شیرین باسی ئەو دنیات بۆ دەکا، پووریشت لەم دنیا کۆنترۆڵی دەکات. بەرنامەی ئەدەبکردن لەوە باشترمان نییە. بچینەوە ئێران خەڵاتمان دەکەن پاک چووین و پاک گەڕاینەوە.

هەموومان پێکەنین.

بابەک - برا ئەمانە شەیتانپەرستن گومڕامان دەکەن و تۆسقاڵە ئیمانەشمان هەیە لێمان دەستێنن. باشە ڕێوڕەسمەکەیان لە کوێیە؟

پێم وت و بابەکیش وتی:

- دەزانی ئەوێ کوێیە؟ دەرەوەی شارە، لای کێوە. کوڕە شتێکت لێ دەکەن. من نایەم.

- دەی تۆ مەیە بۆ خۆم دەچم.

بابەک - ئارمین گیان ئاینەکەی خۆمان چ عەیبێکی هەیە کە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە؟

- دەمەوێ بزانم ئەوێ چ خەبەرە. جیا لەوەش بەهار وتی ئەوێ کچی زۆر لێیە! کەمێک نەرم بووە و وتی:

شیرین

- ئەوی کۆمەڵی خەلکی بێدین و ئیمانی شیتی لێیە، دەترسم لە دین هەڵمانگەڕێننەوە.

ئینجا بیری کردەوە و وتی:

- ئیستا کاتژمێر چەندە؟

- ١٢ی شەوە.

بابەک – بەخ بەخ. کاتژمێرێکی پڕپیت و بەهاتە. لەم کاتەدا پڕخێرەدا ڕێوەڕسم بەڕێوە دەبەن. کاتژمێری هەوەسە. دیارە ئەم ئایینە لە سەر مەعنەوییات چڕ بۆتەوە. دێم بەشکەم بتوانم دوو کەس بخەمە سەر ڕێی ڕاست.

ڕۆیا – مینش دێم.

بابەک – برا ئێوە بۆچی دێن؟ ئەوێ مەترسیدارە.

دادە زێڕە – منیش دێم.

بابەک – ئێوە مەیەن لێرە دۆعامان بۆ بکە لە ڕێی ڕاست دەرنەچین.

کاتژمێر نزیکەی یازدە و نیوی شەو بووی هەر چوارمان سواری ئۆتۆمبێلەکەی بابەک بووین و چووین. نزیکەی بیست خولەک لە شار دەرچووین و گەیشتینە ئەو شوێنەی کە بەهار وتبووی. بابەک ئەوێی باش دەناسی. وتی پەرستگەیەکی کۆنە و زۆریش جوانە. ئەو شوێنەی بەهار وتبووی جۆرێک بوو کە کاتێک ئۆتۆمبێلەکەمان لە سەر جادە ڕاگرت هەموو ئەو کەسانەی کە هاتبوون لە ژێر قاچمان بوون و ئێمە لەو سەرەوە هەموو شتێکمان لێ دیار بوو. ڕەنگە بە جەسارتەوە بتوانم بڵێم نزیکەی چوار پێنج هەزار کەس لەو شوێنە کۆ ببوونەوە.

زەوییەکی زۆر گەورە بوو، دەتکوت ئەو دۆڵە سێ چیا لە ئامێزیان گرتووە. هەتا چاو هەتەری دەکرد هەر سەوزەلانی و چیمەن و گژ و گیا و دەوەن و دارستان و دار و درەخت بوو. تریفەی مانگەشەو ئەو دۆڵەی ڕوون کردبۆوە و دیمەنێکی قەشەنگی دروست کردبوو. بۆ چوونە ناو ئەو دۆڵە دوازدە پلەی دەخوارد و دەلکا بە هەیوانێکی گەورەوە کە پشتەوەی پەرستگەیەکی زۆر کۆن بوو، کە کۆڵەکەی بەردیی بڵیندی هەبوو. ژمارەیەکی ئۆتۆمبێلی پۆلیس لەوێ ڕاوەستابوون. هەموو

ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون یەکی مۆمێکیان بە دەستەوە بوو کە شوێنەکەی ڕووناک کردبۆوە.

بابەک – جا ئەو هەمووە کچە! چەند مۆم هەڵگیرساوە. لە بەیانییەوە دێمە ئێرە و دووکانێکی مۆم فرۆشی دادەنێم.

- کەس لێرە مۆم لە تۆ ناکڕێت.

بابەک – بۆچی نایکڕن؟ هەر ڕیکلامێک بکەی سێ چوار هەزار دانە مۆم دەفرۆشرێت. پێیان دەڵێم شەوی هەینییە، مۆمی نەزری بکڕە. شەرت بێ نەهێڵێن بکووژێتەوە. ئێمە ئاهەنگیشمان هەیە. پێغەمبەرەکەمان هاوڕێمانە. هەر داوایەکی لێ بکەین کۆڵی مۆممان لێ دەکڕێت.

ڕۆیا – تەماشا بەهار چەندە مریدی هەیە! دەڵێی ڕاست دەکا هەموو کەسی شیفا داوە و مریدیشی زۆرن.

بابەک – ئەوانەی لێرەن هەموو شەیتان فریوی داون.

- ئەم عالەمە شەیتان فریوی داون؟ شەیتان فریای چەند دانەیان دەکەوێت.

بابەک – دەڵێن کابرایەک شەیتانی لە خەونەدا بینیبوو، کە حەوت هەشت دانە زنجیری بە دەستەوەیە و دەڕوات. لێی دەپرسن بۆ کوێ دەچی؟ شەیتان دەڵێ دەچم خەڵک لە ڕێی خوا لا بدەم و بیانخەمە زنجیری گوناحەوە. لێی دەپرسن بەم چەند زنجیرە بە تەمای هەموو کەس بخەیتە داوەوە؟ شەیتان دەڵێ کوڕە نا. ئەم حەوت هەشت زنجیرە بۆ ئەو حەوت هەشت کەسەیە وا ئیماندار و لە خواترسن دەنا ئەوانی دیکە بە بێ زنجیر وەشوێنم دەکەن.

- بابەک عەمرت نەمێنێ ئەوە قسەیە تۆ دەیکەی؟

بابەک – تۆ سەیری ئەم خەڵکە کە. ماقووڵێکیان تێدا بەدی دەکەی؟ ئێمە هەتا ئێستا کەسمان نەبینیوە لە ڕێوڕەسمی ئاینیدا ژن و پیاو بە مینیژۆپ و دەرپێی کورتەوە ئامادە بن. ئەمانە خوانەناسن. شەیتان کاری بەمانە نییە. شەیتانی داماو هەر ناوێرێ توخنیان کەوێ. بەز نییە شەیتان خوای قبووڵە ئەمانە ئەو تۆسقاڵە باوەڕەی شەیتانیش دەفەوتێنن.

بەڵام با لای ناحەقیش نەگرین من کوڕی ئایینی ئاوام نەبینیوە. بە ڕاستی زۆد

دڵپاکانە و یەکڕووانە دەچنە خزمەتی. بە خودا هەر کەس ئەم جەماعەتە دینپەروەر و ئیماندارە ببینێ دەچێتە ناویان. بەتایبەت لەبەر جلی ئەم دادە خانمانە. لە کۆتالدا زێدەڕۆییان نەکردووە. بە جلی کچەکانیاندا دەبێ بزانین ئەم ئایینە دژی زێدەڕۆییە. ئەوە من دەچمە ناو ئەم ئاینە. ئیتر چی دەبێ با ببێت. ئەگەر دەمزانی ئێرە ئاوایە لە جیاتی مۆم مەشغەڵم دەهێنا.

بابەک وەڕێکەوت و ڕۆشتە خوارەوە و ئێمەش بە دوایدا. چووینە ناو حەشیمەتەکە و لە سووچێکدا ڕاوەستاین. بابەک گلۆدۆرێکی بوو بۆ ئەوەی مۆمێک بدۆزێتەوە و کچێک زانی ئێمە مۆممان نییە لە ناو جانتاکەی مۆمێکی دەرهێنا و دای بە بابەک. بابەک بە ئینگلیزی پێی وت:

- ئەیەڕۆ ئێوە چ ئیماندارێکی دلۆڤانن! لەم ئاینەدا چەند دانە کێشەی بچووکمان هەیە. ئەگەر دەکرێ هەموو ڕۆژێ بەیانیان بێن و کەمێک پێکەوە ئیش بکەین، با من گرفتەکانم چارەسەر بکەم و ئاوا هەمیشە دوعای خێرت بۆ دەکەم؟ بیبوورە ئێوە لە مێژە شانازیی ئەوەتان هەڵگرتووە کە لەم ئاینەدان؟

کچە بە پێکەنینەوە سەیری کرد. دەستی بابەکم کێشا و بردمە شوێنێکی تر.

- بابەک لێرەش واز ناهێنی؟

بابەک – دەی دەمهەوێ ئیمانەکەم تازە بکەمەوە. لاچۆ تۆ دین و ئیمانەکەت داو و دامەزراو نییە مەمدوێنە. من بە دڵ ئیرادەتم بۆ ئەم ئیماندارانە هەیە. بەتایبەت ئەو کچەی وا مۆمی پێدام. وازم لێبێنە با لە خزمەت ئیمان و ئاییندا بم. قسە بکەی دەڵێم خەڵکە ئەمە کافرە هاتووە ئاژاوە ساز بکات. جا دەڕژێنە سەرت ئەنجن ئەنجنت دەکەن. بڕۆ با من برێک ڕۆحم پاکژ بکەمەوە. باوەڕکە لەو کاتەوە هاتوومەتە ئێرە هەست دەکەم دڵ و دەروون پاک بووەتەوە. گەوجەی نەفامە من و تۆ ئەگەر بەینە ناو ئەم ئاینە، دەبینە کەسایەتییە ناودارەکانیان و کۆڵی پارە دەست دەخەین. لای ناخێر تۆ دەزگیرانی پێغەمبەرەکەیانی. بەهار ناوبژیوانییەک بکا تۆ دەبیتە پۆپ و منیش دەبمە کاردینالەکەیان. نازانم ئەم دوعایە چۆنە؟ ئەرێ ماتەمینەکەیان چۆنە؟ هەڵبەت سەرۆکەکەیان زیندووە، نەمردووە. خوا بکا بەهار تەمەنێکی درێژی هەبێ و هیچی لێ نەیەت و هەمیشە دڵخۆش و کەیفساز بێ و

شێرین

ماتەم نەگێڕێت.

هەر وا پێدەکەنین کە لە ناکاو دەستیان کرد بە سرودی شادخوێندنەوە.

بابەک – بەخ بەخ لەم نوێژە. پێموا کەمێک نوێژکەیان توند بێ، دەبێ مایکل جاکسون لە سەر بخەن.

- بابەک ئەری دە گوو مەخۆ بزانین چ باسە؟

بابەک – وەڵا پێغەمبەرەکەیان بەهار بێ دەبێ مادۆنا بێ نووحەکەیان بۆ بخوێنێتەوە.

ڕۆیا لەبەر پێکەنین ژانی کردبوو وتی:

- بابەک یەکێ بزانێ باسی چی دەکەی هەر چوارمان لەت و کوت دەکەن.

بابەک – چی بکەین ئێستا؟ خۆ لە سروودەکەیان تێناگەم. ئارمین دا بزانە لەم دەوروبەرییانەدا بروشووری شێوازی نوێژەکەیان نافرۆشێت؟!

لەم کاتەدا لە ناکاو دەنگی سروودەکەیان بەرز بۆوە و هەندێکیشیان دەستیان کرد بە گریان. لەبەر ئەو هەیوانەی کە لەبەر پەرستگە بوو پڕ بوو لە کەسانێک کە جلی تۆخی وەکوو کۆڵوانەی کڵاوداریان لەبەر کردبوو، کڵاوەکانیان لە سەر کردبوو و دەموچاویان پێداپۆشیبوو. نزیکەی سی چل کەسێک دەبوون. کە ئەمانە هاتن لە ناو ئەو جەماوەرەدا سێ چوار دانە نەخۆشیان لە سەر قەرەوێڵەیەک خەواندبوویان و هەندێکیان سیرۆمی ئۆکسیژنیان لێدا بوو، هەندێکیشیان ئامێری پزیشکیان لێدرا بوو. هێنایانن و لە پلیکانەکانەوە بردیانیانە سەرەوە و لەبەر دەم پەرستگە دایاننان.

هەر هەموو جەماوەرەکە بێدەنگ بوون و چاویان لە پەرستگە بوو. چەند دانە پزیشکیش بە جلی سپییەوە دەوروبەری نەخۆشەکان بوون. هەمووشیان یەکی دەفتەرێکیان پێبوو، هەندێ شتیان تێدا دەنووسی. دوو سێ دانە کامێرای فیلمگرتن کە دیار بوو لە لایەن کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانەوە هاتبوون، فیلمیان لە ڕێوڕەسمەکە دەگرت. هەواڵنێرەکان هەموویان کامێرای ڤیدیۆیی و بچووکیان پێ بوو.

کەس مته‌قی لێ نەدەهات و هەموویان سەیری پەرستگەیان دەکرد، یان سەیری نەخۆشەکانیان دەکرد کە بە چەند پەرستارەوە لە ژوور سەریان ڕاوەستابوون. لە

ناکاو بینیمان ئەوانەی وا زووتر لە ئێمە هاتبوون لە پلیکانەکانی پێشەوە دەستیان کرد بە قیژاندن و گریان. ئێمە لە پەرستگەوە دوور بووین و بەردەوام لە سەر پەنجە ڕادەوەستاین بۆ ئەوەی شتێکمان لێوە دیار بێت. لەم کاتەدا نزیکەی پەنجا پۆلیس بە ڕاکردنەوە لە سەر پلیکانەکانەوە ڕیزیان بەست. خولەکێکی نەخایاند کە دەنگی قیژەی جەماوەرەکە هەستا و لە دوورەوە سپیاییەک دەرکەوت.

ورده ورده بینیمان بەهار بە هەنگاوی بچووک بچووکەوە خەریکە دێتە پێشەوە. جلێکی سپی لە بەر کردبوو کە چەند لۆ حەریر بوو. ئەوەندە درێژ بوو کە عەرزەکەی ڕادەماڵی.

قۆڵی درێژ بوو و یەخەکەی داخستبوو. قژی زۆر سادە بەردابووە. لە دوورەوە دەموچاویمان بە وردی نەدەبینی، تەنیا خۆیمان دەبینی کە هێدی هێدی هاتە پێشەوە و لە بەردەم نەخۆشەکان ڕاوەستابوو. چوار دەوری پیاوە جلڕەشە کلاوداەرەکان بوون. هەرچی هەوڵم دەدا نەمدەتوانی دەموچاوی ببینم. هیلاک بووم و دادە زێڕە لە ناو جانتاکەی کامێرایەکی بچووک و ناسکی دەرهێنا و دای بە دەستمەوە و وتی:

- تماشا بەهارە.

دەڵێی دنیایان پێمدا بوو. کامێراکەم لێ وەرگرت و لەبەر چاوم ڕامگرت. بەهار بوو، بەڵام نەک بەهارە شادەکەم بەهارێکی غەمبار بوو. سەیرێکی جەماوەرەکەی کرد. ئەوان دەیانویست هوورژوومی بۆ ببەن، بەڵام پۆلیس قۆڵیان خستبووە ناو قۆڵی یەکەوە و پەرژینێکیان دروست کردبوو و نەیاندەهێشت. ئینجا سەری داخست و سەیری نەخۆشەکانی کرد و دەستێکی هێنا بە سەر یەکەم نەخۆشدا و چاوەکانی نووقاند. هەموو کامێراکان چوونە پێشەوە و لە بەهار نزیک بوونەوە. خولەکێکی نەخایاند کە ئەو دکتۆرانەی وا لە سەرەوە بوون ولولەیان تێکەوت. بەهار هەنگاوێک کشا دواوە و دکتۆر چووە پێشەوە و دەستی کرد بە پشکنینی نەخۆشەکە. هەر دەیانپشکنی و هەر سەریان بۆ دەلەقاند و هەندێ شتیان بە یەکتر دەوت. ئیتر ڕاست و درۆکەی نازانم، بەڵام نەخۆشەکە وردە وردە هەستا و لە سەر تەختە دانیشت هەرکە نەخۆشەکە لە سەر جێگاکەی هەستا جەماوەرەکە

رایانکرد و له ناکاو هەموویان ئەو سروودەیان چرییەوە وا یەکەم جاریان وتیان. بەلام زۆر جوانیان چڕی. ئەو کێوەیان دەلەرانددوه.

لەم کاتەدا پەرستارێک کە ئاگای لە دوایین نەخۆش بوو، لە پڕ دەستی کرد بە فشاردانی سینگی نەخۆشەکە و لەگەڵ ئەوەی فشاری دەدا هەندێ شتی بە پزیشکەکە دەوت کە هەموویان ڕژانە سەر ئەو نەخۆشە. یەکیان ئامێرێکی لێدا کە شۆکی ئەلیکتریکی بوو، هەر جارێک کە لە جەستەی نەخۆشەکەی دەدا بە ئاستەم جووڵەیەکی دەکرد و ئینجا شلپ دەدرا بە سەر عەرزدا. چەند جارێک ئەم کارەیان کرد کاتێک بێهیوا بوون ئامێرەکەیان داناوە. دکتۆرەکان جارێکی تریش پشکنینیان و ئینجا هەموو لە بەهاریان ڕوانی کە لە سەر جێگاکەی ڕاوەستابوو و چاوەکانی نووقاندبوو. لەم کاتەدا یەکێکیان کە کوڵوانەکەیەکی کڵاوداری لە سەر بوو بە ئەسپایی هاتە لای بەهار و شتێکی بە گوێدا سرتاند. بەهار چاوەکانی کردەوە و سەیرێکی نەخۆشەکەی کرد ئینجا بە هێمنییەوە چووە لای. ئیتر ئەوە جیا لەوە کە دکتۆر و پەرستار و کامێرا و هەواڵنێرەکان، ئێمەش چاومان لێ نەدەترووکاند.

کەس مته‌قی لێوە نەدەهات. بە جۆرێک کە ئەو جەماوەرە بێدەنگ ببوون بە جۆرێک دەنگی باڵی مێشیان دەبیست. نەخۆشە مردبوو دکتۆرەکان دەستیان لێ شتەوە.

کاتێک بەهار هاتە ژووری سەیرێکی کرد و پاشان سەری بەرەو لای ئاسمان هەڵبڕی و لەگەڵ ئەوەی هەر وا ڕاوەستابوو چاوی لە نەخۆشەکە دەکرد، بە ئارامی دەستی بەرەو لای سەری برد. هەر کە دەستی لە سەر ئەو نەخۆشە دانا نەخۆش دەتکوت لە کارەبایان داوە لە ناکاو لە سەر جێگاکەی هەستا. دکتۆرەکان هەنگاوێک کشانە دواوە، دیسان بەهار دەستی لە سەر سەری داناوە. کچە کاڵ بوو. ئەمجارەیان هەستا و لە سەر جێگاکەی دانیشت. ڕەنگە چەند چرکە هەر وا بوو، بەلام لە ناکاو لە سەر قەرەوێلەکەی هەستا و بەرەو لای جەماوەرەکە رایکرد کە پۆلیس و دکتۆر و پەرستارەکان ڕژانە سەری و گرتیان.

لە دوورەوە بە کامێرا دەمبینی کە کچە، یان لە خۆی دەدا و یان دەگری و یان دەویست هەڵبێت. دەستبەجێ دەرزییەکیان لێدا و پاش کەمێک هێور بوویەوە.

ئیتر بە هەر بەدبەختییەک بوو پۆلیسەکان پێشیان بە خەڵک دەگرت. خەڵک لەگەڵ ئەوەی دەیاقیژاند و دەگریان بەرەو لای هورژوومیان دەبرد. لە پڕ ئەو پیاوە جلڕەشانە دەورەی بەهاریان دا و بردییانە ناو پەرستگە و چەند کەسیش هاوکاریی پزیشک و پەرەستارەکانیان دەکرد، ئەو کچە و دوو نەخۆشی تر کە یەکیان چاک ببووەوە و لە سەر عەرزەکە لە سەر چۆک دانیشتبوو و دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕیبوو و دەگریا، هەڵیانگرت و بردیانە ناو پەرستگە و چەند کەس دەرگای پەرستگەیان داخست. لە ناکاو نزیکەی پەنجا پۆلیسی تر لە لایەکەوە هاتن بە دەنگ ئەوانی ترەوە و پێشی ئەو خەڵکەیان دەگرت کە وردە وردە لە پلیکانەکانەوە دەیانویست بەرەو پەرستگە سەر بکەون. هەتا ئەو کاتە نە شتی وام بینیبوو و نە بیستبووم ئەگەر بە چاوی خۆم نەمبینیبایە باوەڕم نەدەکرد. ئەگەرچی هەر لەو کاتەشدا باوەڕکردنی بە لامەوە ئەستەم بوو.

ئیتر شوێنەکە قەرەباڵغ بوو، جەماوەرەکە کۆمەڵێکیان حاڵەتی ئیستریسی عەسەبییان هەبوو، هەر لە خۆڕاوە دەیانقیژاند و هۆڕ هۆڕ دەگریان. هەندێکیان لە هۆش خۆیان چووبوون، خەڵک هەڵیاندەگرتنەوە و دەیانبردنە ئەو لا. هەندێک کەوتنە ژێر پێ. کۆمەڵێکیان لە سووچێکدا دانیشتبوون و سەرسامانە لەو جەماوەرەیانم دەڕوانی. ئەم لا کە ئێمەی لێ بووین چۆڵتر بوو و زیاتری جەماوەرەکە لە بەردەم پەرستگەکە بوو.

پۆلیسەکان بە ئەستەم وروژانی ناسروشتیی خەڵکیان بۆ کۆنترۆڵ دەکرا. پەیتا پەیتا لە مایکەکەوە داوایان لە خەڵک دەکرد، کە لە دۆڵەکە بچنە دەرەوە و بڵاو ببنەوە، بەڵام خۆ خەڵک بڵاوەیان نەدەکرد. یەکێک لە جل ڕەشەکان کە کڵاوەکەی هەتا بەرچاوی هاتبوو، هاتە سەربانی پەرستگە و بە مایکێک وتی هێلێنای پیرۆز وەزعی باش نییە و داوای لە خەڵک کرد کە بڵاوەی بکەن. بەڵام دەنگی مایکەکەی بە هۆی ژاوە ژاوی جەماوەرەکە نەدەبیسترا. لە پشت سەرمانەوە حەوت هەشت دانە ئامبلانس بە ئاژیر لێدانەوە هاتن و ژمارەیەک پزیشک و پەرەستار لێی هاتنە دەرەوە و چوون بە هاواری ئەو کەسانەوە وا کەوتبوونە ژێر دەست و پا. دەستبەجێ چەند دانە ئۆتۆمبێلی گرووپی فریاکەوتن هاتن. ئێمە خۆمان خزاندە

سووچێک بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر دەست و پێ. ئەوی ڕێی ڕێدار نەبوو. هەر هەموو جەماوەرەکە بەرەو پێشەوەی پەرستگە هورژوومیان دەهێنا. پۆلیس ئیتر دەرەقەتی هورژوومی ئەو خەڵکە نەدەهات. خەریک بوو لە دەرگای پەرستگە نزیک دەبوونەوە، کە لە دواوە دەنگی تەقە هات و گازی فرمێسکڕێژیان خستە بەر دەرگای پەرستگە. لەو لاشەوە پۆلیس بە مایک داوای لە خەڵک دەکرد کە ئەمان بە هۆی ئەوەی گیانی هێلێنای پیرۆزە کە ئێستا حاڵی باش نییە.

هەرچی زیاتر وایان دەکرد دۆخەکە خراپتر دەبوو، خەڵک زیاتر بەرەو پەرستگە هورژوومیان دەهێنا. ئەو شوێنەی وا گازی فرمێسکڕێژیان بڵاو کردبۆوە خەڵک ڕۆژنامە و کاغەزیان دەسووتاند، بۆ ئەوەی چاویان نەسووتێتەوە. لەم کاتەدا جلوبەرگی یەکێ ئاگری گرت کە زوو کووژاندیانەوە. پاش دوو سێ خولەک ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکووژێنەوە هاتن و سۆندەی ئاوی ساردیان لە خەڵک گرت و لەم کاتەدا دەنگی هەلیکۆپتەر هەستا و هەلیکۆپتەرێک هاتە ژوور سەری خەڵک و چوونە ناو پەرستگە و هاتە سەر خەڵک. خەڵک کە تەڕ ببوون وردە وردە بە هۆی بای توندی باڵەکانی هەلیکۆپتەر لای پەرستگەیان چۆڵ کرد و ئەو پێشە کەمێک چۆڵ بوو.

بابەکم بینی کە دەستماڵێکی پێدام.

بابەک – با پێت بێ فرمێسکەکانت بسڕە. هی ئەو گازی فرمێسکڕێژەیە.

دەستماڵەکەم وەرگرت و فرمێسکەکانم سڕی. بەڵام هی گازی فرمێسکڕێژ نەبوو. بابەک باسکی گرتم و وتی ئەمانە بۆ ئەوەیە خەڵک بڵاوەی پێ بکەن و بڕۆن. هیچم نەوت و بە دوای بابەک و ئەواندا ڕۆشتم و سواری ئۆتۆمبێل بووین. لە درێژەی ڕێگا و لە ناوماڵیشدا کەس تەنانەت بابەکیش کە هیچکات ناتوانێ بەر قسەکردنی بگرێ هەچی نەوت.

## بەشی پازدەهەم

که گەیشتینە ماڵەوە بابەک بە زۆری منی نارده گەرماو بۆ ئەوەی خۆم بشۆم و کەمێک حاڵم باش بێت. کاتی هاتمە دەرەوە و جلەکانم گۆڕی، کەمێک وەزعم باش بوو، لەو حاڵەتە عەسەبییە هاتبوومە دەرەوە. چا ساز بوو و ڕۆیا چایەکی بۆ هێنام و هەمووومان لە ناو هۆڵەکەدا دانیشتین، بابەک جگەرەی پێ فەرموو کردین و یەکی جگەرەیەکی بە هەموومان دا، خۆشی دانیشت و مژێکی لە جگەرەکەی دا و چاکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە خواردنەوە.

چاکەی کە تەواو بوو کووپەکەی لە سەر جێگاکەی دانا و بە ئیمەی وت:

- ئەوانەی من ئەوشەو بینیمان ئێوەش بینیتان خۆ؟ واتە دەمەوێ بڵێم خەون و خەیاڵ نەبوو؟

کەس هیچی نەوت و دادە زێڕە لە ژێر لێوەوە وتی:

- بابەتەکە جیدیتر لەوانەیە. ئەم بەهارە بەستەزمانە کاتێک ئەو ڕۆژە وتی خەڵک شیفا دەدا ئەوەی ڕاستی بێ من باوەڕم نەکرد. لای خۆم وتم گەنجە و خەیالاتی بووە. بەڵام ئەوەی ئەوشەو بینیم شتێکی تر بوو. قسە لە سەر تەنیا شیفادان نییە. ئەم کـچە بـۆ ئەم جەمـاعەتە وەکـوو پێغەمـبەر وایە. لەبەر چـاوی هەمـووان مردووەکانی زیندوو کردەوە. ئەمە چییە؟ مۆجیزەیە.

بابەک – پێغەمبەری چی و شتی چی دادە زێڕە؟ دواپێغەمبەر پێغەمبەری ئێمەیە کە دوای خۆی کەس نایە.

دادە زێڕە – ئێمەش ئەمانە دەزانین ئەوانەی لەوێ بوون نازانن.

ڕۆیا – دەی ئەم هەموو خەڵکە لەوێ چییان دەکرد؟ هێشتا من لەوێ بیستم کە دەیانوت ئەمانە تەنیا مریدەکانی هێلێنای پیرۆز لەم شارەدان. لە هەموو شـارەکاندا

مریدی هەیە.

بابەک – هێلینای پیرۆز.

دادە زێڕە – چووزانی لە وڵاتانی دیکەشدا مریدی نەبێت؟!

بابەک – هەر شتێک بێ دەوڵەت پشتیوانیان لێدەکات. ئاگاتان لەو هەموو پزیشک و پەرەستار و هەلیکۆپتەر و ئامبوولانس و پۆلیسانە بوو؟ ئەگەر ئەم ڕێبازە دەوڵەت لەگەڵیان نەبێ هەرگیز نەیاندەتوانی لە شوێنێکدا کۆ ببنەوە.

ڕۆیا – باشە ئەمانە چ سوودێکیان لە دروستبوونی ئایینێکی نوێ پێدەگات؟

بابەک – هیچ سوودێکی لەم ئایینە نوێیە نابینن، بەڵام هەستی خەڵک بە کار دەبەن. ئەگەر ئەم ئاینە نوێیە ببێتە حیزب زۆر کەس قازانجی لێ دەبینن. بە لای ئەمانەوە ئاین و حیزب هیچ فەرقێکی نییە.

ڕۆیا – لێت تێناگەم.

بابەک – نازیسمت لە بیر نییە؟ حیزب بوو، بەڵام نە حیزبێکی ئاسایی. حیزبێک بوو کە کەڵکاوەژۆیی لە خەڵک کرد و دنیای وێران کرد. جا چاو لێکە لە هەموو وڵاتێکدا کۆمەڵێک خەڵکی ئایینی و دەمارگرژ دروست دەکەن. ئیتر ئاوا هەر شوێنێکیان پێ خۆش بێ دەتوانن وێرانی بکەن. خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ چوار دانە سیاسەتمەداری ملهوڕ ئەم ئایینە قبووڵ بکەن. ئیتر جەنگی جیهانیی سێیەم دەست پێدەکات.

کارمان بەوانە نییە من ئەمشەو کەسانێکم بینی کە بە ئاماژەیەک ئامادەن گیانیان بۆ بەهار بەخت بکەن. بە فەرمانێکی هەر کەسێک کە بیهەوێ دەتوانن تیرۆری بکەن، وەکوو بەسەرهاتەکەی حەسەن سەباح. ئەویش هەر وا بوو ئیتر. فیدائییەکانی لە پێناویدا هەموو کارێکیان دەکرد.

دادە زێڕە – بابەک ڕاست دەکا. داخوا بە هیوای چین؟!

بابەک – تۆ چی دەڵێی؟

سەیرم کرد و وتم:

– من هیچم نەوت.

بابەک – دەڵێم تۆ ڕات چییە؟

- سەبارەت بە چی؟

بابەک – هەر ئەو قسانەی کە کردمان.

- من حەقم بە سەر ئەمانەوە نییە. نە حەزم لە سیاسەتە و نە هیچی تر.

بابەک – چی؟ مەگەر تۆ ئەو کچەت خۆش ناوێت؟

- با.

بابەک – مەگەر پێت خۆش نییە زەماوەندی لەگەڵ بکەی؟

- با. بەڵام ئەمە چ دەروەستی بە سیاسەت و ئەم شتانەیە؟ نا ئەمە چ دەروەستی بەوانەیە؟

بابەک – تۆ دەتهەوێ بچیتە خوازبێنی پێغەمبەرەکەیان. ئێستا دەڵێی چ دەروەستی بەوانە؟ ئەم جەماوەرەی کە بینیت لە پشت سەر ئەم خاتوونە نوێژ دەکەن. لەگەڵ دەوڵەتە. ئێستاش هەر دەڵێی چ دەروەستی بەوانە؟ شوێنکەوتووەکانی دین ئەنجن ئەنجنت دەکەن. بزانن پێغەمبەرەکەیان دەزگیراندارە دین دەتکەنە قیمە. ئیتر ئەمە خەونی شیرین نییە بێتە خەونت و بەیانی لە خەو هەستی دەبینی هەمووی خەون بووە و هیچی تر.

لە دەست و قاچی خۆی کوتا و وتی:

- ئای دل ماڵت کوێر بێ؟ چ بوو؟ شیرین قوڕی کرد بە سەرماندا. ئەم ئاورە لە گۆڕی ئەم زایفە هەڵدەستێت. هەزار و چوار سەد پێنسەد ساڵە خەوتووە و چاوی نەکردۆتەوە، شەڕەکەی داوێنی گرتین. لەوە دەچی ماوەمان لەم دنیا کۆتایی هاتبێ. ئەی هاوار.

دادە زێڕە – چی دەڵێی؟

بابەک – بۆچی تێناگەن؟ ئەمانە پیلانە. هەموویان شەریکە دزن، بۆ ئەوەی ماڵمان برووتێننەوە. ئەوە لە نەخەوتنی ئارمین. ئەوە لە دکتۆرچوونی. ئەوە چوونە لای فاڵگیر. ئەوە لەو لەتە چەرمە و ئەوەش هاتنە خەوی شیرین. ئەمەش لە دادە بەهار.

ئاورم تێبەر بووە ئەم کوڕە بەستەزمانەی لە خشتە بردووە و شێت و شەیدای خۆی کردووە، لای کابڕەکەدا لە بەر دەمی قوت بووە. ئەمەش خۆی پێ نەگیرا و ئەویش هات خۆی پێوە نووساند. ئەمانە هەمووی پیلان بوو.

جارێکی تر بەهار بێنە ئەم لا هەمووان دەیناسن و وەدوای دەکەون و دێن بە دوای ئارمیندا. سەری ئارمین دەکەن بە پەتدا و سەری بنەماڵەکەشی دەپەڕێنن. جارێ ئەو دووانەتان بچن با بنەماڵەکانتان نەگرن. ئای دایە گیان بە گەنجێتی لە سێدارە دەدرێم. خوا ئارمینمان لێ بستێنێ. مار بدا بە دڵیەوە.

سەری دەلەقاند و قسەی دەکرد.

بابەک – چەندەم پێ وتی وەرە و چی زۆرە کچ، ئەوانەی خۆمان دانەیەکت بۆ جێبەجێ دەکەم و واز بێنە؟ ئاسوودە بووی؟ دۆی نەخواردوو لە سمێڵدا مەیووە. قوڕ بە سەرت وا هیچت پێ جێبەجێ نابێت. هەر بێنا ئەم کۆڵوانە ڕەشانە برژێن بە سەرماندا و ئەنجن ئەنجنمان بکەن. چەندە کاڵ و کرچیش بوون. ئارمین کرم بدا بە دڵتەوە بۆ عەشقت. هیچت لە بنیادەم ناچێت.

هەموومان پێکەنین.

– عەمرت نەمێنێ بۆ قسەکردنت.

بابەک – من ئەگەر بێن لەقاوی دەدەم دەڵێم لە کابڕە پێغەمبەرەکەیانم بینیوە. تماشا ئەو پێغەمبەرە خەریکی بەزم و ڕابواردنە. مریدەکانی سەری بۆ دار و بەرد دەدەن و خۆشی دەچێتە کابڕە. شەوانە مریدەکانی دۆعا و نوێژی بۆ دەکەن و خۆشی لە کابڕە پان بۆتەوە و خەریکی کەیف و خۆشییە.

ئارمین گیان بە حەیرانت بم. وەرە و تۆش تۆبە بکە و لەگەڵ ئەم کچە مەبە. ئەگەر پێتخۆشە تۆش بچۆ ناو ئەم ئاینە. ئەوانەی لەم ئایینەن خۆشی ڕادەبوێرن. کلیسا و ملیسایان نییە. لە بری ئەوە دەچنە کابڕە. ئای شیرین خوا لە ناوت ببات. ئەم ئافرەتە چ نەگبەتیکە. هەتا زیندوو بوو کاسەی خوێن بوو، ئێستاش کە مردووە هەر کاسەیەک خوێنە. بزانە چی لە گۆڕی خەسرەو پەروێزدا خوێندووە، کە ئەم دوو کوڕەی داوە بە شەڕ. ناوی کوڕەکەی خەسرەو پەروێز چی بوو؟

شێرۆ.

شیرین دەبوو بە زڕدایکی شێرۆ. ئەوەندەی لەم منداڵە دەدا و هەتا خەسرەو پەروێز لە سەر کار ماندوو و هیلاک دەهاتەوە. شەیتانیی شیرۆی کرد و خەسرەو پەروێزیش بە قایشەکەی لەم کوڕەی دا هەتا ئەوەی کە کوڕەکەی بەرهەڵستی باوکی کرد. لە کۆتاییدا شێرۆ خەسرەو پەروێزی باوکی کوشت. ئەوە ئێستاش نۆرەی ئێمەیە.

دادە زێڕە کە هەر پێدەکەنی وتی:

- ئیتر لە فشە و گەنجەفە ترازاوە. دەبێ لە نێوان ئەم خەوانە و بەسەرهاتی بەهار پەیوندییەک هەبێت.

بابەک – دەستتان خۆش بێت. شیرین چەند ڕۆژی تر دەمانکوژێ ئێستا تۆ دەڵێی دەبێ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دووانەدا هەبێت؟ بریا هەر ئەو مەهتابە ورچەت دەهێنا و دەچوویتە سەر ماڵ و حاڵی خۆت. ئەرێ بەهار نەیکوت کەی دێت؟

- نا هیچی نەوت.

بابەک – وەڵامی ئەم پرسیارانە لای بەهارە. هەستە تەلەفۆنی بۆ بکە بزانە کەی دێت؟

- ژمارەکەیم نییە.

بابەک – دەی تەلەفۆن بۆ موبایلە سەربەخۆکەی بکە. ژمارە تەلەفۆنی میشکی نازانی؟

- ئەرێ دە گوو مەخۆ. من دەچم دەخەوم. زۆرت کەری کەری کرد. شەوخۆش.

بابەک – قوڕ بە سەرت بچۆ ژوورەکەت ئەوە دەچێتە ژوورەکەی خۆی تەلەفۆن بۆ بەهار دەکا کە نەکا ئێمە ژمارەکەی بزانین.

هەموومان پێکەنین و من هەستام و شەوباشم وت. ڕۆیا هەستا و وتی:

- منیش دەڕۆم.

ڕۆیا هەستا و ماڵاوایی کرد و ڕۆشت.

ئەوشەوە بە خەیاڵی عەشقی بەهار خەوتم، بەو هیوایەی کە بەیانی بێتە لام. بە درێژایی ئەوشەوە بانگی بەهارم کرد، بەڵام بەیانییەکەی نەهات هیچ، هەتا دوو ڕۆژیش دیاری نەبوو. ئەخلاقم زۆر خراپ ببوو. خۆشم تاقەتی خۆمم نەبوو چ بگا بەوانی تر.

هەندێ جار لە پشت پەنجەرە بووم و لە شەقامم دەڕوانی، هەندێ جاریش دەچوومە ناو پارک و لەو شوێنەی کە بەهارم بینیبوو دادەنیشتم و بیرم لێ دەکردەوە.

بۆ ڕۆژی سێیەمیش هیچ خەبەرێکم لێی نەبوو. ماندوو بووم. دوو سێ جار حاشاولی بابەکم دا. دوو شەو هیچم نەخوارد. ئارەزووی خواردنی هیچم نەبوو. لە سەر نانی نیوەڕۆش کە بابەک نانی بۆ دادەنام و بە زۆری دەیهێنامە سەر مێزی نان خواردن. نەمدەتوانی هیچ بخۆم و دەچووم دەخەوتم.

کە هەوا تاریک دادەهات بابەکم بە زۆری لە خەو هەڵدەستاندم، لە کاتێکدا کە پەرداخێک شیری بە دەستەوە بوو، دەیویست بە زۆری بیکا بە گەروومدا. منیش شەرم لەگەڵی کرد و لەبەر بێتاقەتی پەرداخە شیرەکەم شکاند. خۆم لە هەموویان وەڕەزتر بووم و پێم عەیب بوو و لە ماڵەوە چوومە دەرەوە.

لە ناو شەقامەکاندا پیاسەم دەکرد. لە ناکاو دای لە سەرم کە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و ئۆتۆمبێل هەڵگرم و بچمە هەر ئەو پەرستگە، بەشکەم بەهار ببینم یان هەواڵێکی لێ بزانم، بەڵام وەبیر قسەکانی بابەک کەوتمەوە. ڕاستی دەوت، لەوانە بوو دەوروبەرییەکانی بەم کەینە و بەینەی ئێمە بزانن، ئیتر نەهێڵن لە ماڵەوە بێنە دەرەوە. تازە زانیم من هیچ لە ژیانی بەهار نازانم هەڵبەت ژیانی ئێستای.

خوایە چی بکەم؟ بە تەنها چیم لە دەست دێت؟ چۆن دەکرا بەهار لە ناو ئەم هەمووە خەڵکە کە خۆشیان دەوێ و بۆیان وەکوو بت وایە بیکەمە هی خۆم؟ خۆی دەیویست؟ ئەگەر نەیدەویست بۆچی هاتە لام؟ ئەی بۆچی ئێستا نایە؟ بەهار کێیە؟ بۆچی دێ بە دوای مندا؟

ئەو خەونانەی وا شیرینی تێدابوو هێنامە پێش چاوی خۆم. شیرین چی لە من

دەویست؟ چ کۆمەکێکیم لە دەست دەهات؟ بریا ئێستا شیرین دەهات و دەیکوت چی بکەم. خوایە گیان بۆچی بەهار نەهات؟ نەکا ڕۆشتبێت؟ نەکا بە زۆری بردبێتیان؟ بەلام ئەوانە کێن؟ بۆچی ئێرانییەک بۆتە پێغەمبەریان؟

دەمتوانی بەهار فەرامۆش بکەم؟ شیرین دەیهێشت بەهار فەرامۆش بکەم؟ خۆم دەمویست فەرامۆشی بکەم؟ نا، نا. نە دەمەوێ و نە دەتوانم. خۆشم دەوێ جا هەر چییەک دەبێ با ببێت. هەموو شتێک مردنە. ئەگەر پێی خۆش بێ بە دوایدا دەچم جا هەر جێیەک بێت.

کە وەخۆم هاتمەوە بینیم لە پارکم و شەوە. لە سەر کورسییەک دانیشتم و بیر و خەیال هەڵیگرتم. سەرم لە سەر ئەژنۆم بوو و بیرم دەکردەوە. دڵم پڕ بوو. سەرەتا پێم عەیب بوو دەمویست پێش خۆم بگرم، کە لەم تەمەنەدا نەگریم، دەموت ئەگەر یەکێ بمبینێ دەڵێ چی؟ بەلام بینیم کەس لەوێ نییە من بۆچی پێش بە گریانەکەم بگرم؟ بە ئەسپایی فرمێسکم لە چاو هاتنە خوار. تووشی چی هاتبووم؟ چیم بە سەر دەهات؟ هیچ فەرقێکی بۆ من نەدەکرد. من خەریکی کاری خۆم بووم. لە کەس نەدەترسام. تەنیا خەمەکەم ئەوە بوو کە بەهار بۆچی نایە. لەوە دەترسام بەهار ئیتر نەیە. کە بیرم لەوە دەکردەوە زیاتر گریانم دەهات. لە ناکاو هەستم کرد دەستێک لە سەر شانمە. سەیرم کرد بابەک بوو. شەرمم کرد.

بابەک – ئەوە لێرەی و منیش وەکوو شێت و دەلوو بەو شەقامانەدا بە دواتدا دەگەڕێم؟ هەتیو زراوم ڕژا.

ڕووم وەرگێڕا بۆ ئەوەی فرمێسکەکانم نەبینێ وتی:

- بگری، گریان چارەسەری هەموو دەردێکە. بە گریان سووک دەبی.

- بابەک بڵێی ئیتر نەیەتەوە؟

بابەک – دەیدۆزینەوە خەم مەخۆ.

- ئەی ئەگەر نەهێڵن بێت چی بکەم؟

بابەک – دەیهێنم.

- ببوورە بابەک گیان. ئەم چەند ڕۆژە خوو و خدەم باش نییە. بەلام بە خۆم

نییه. گێژ و وڕ بووم.

بابەک – تۆ ئاوا خۆشەویستی گێژە گیان. هەستە دەی، دادە زێڕە پەرۆشتە. دڵنیابە بەهار بەیانی دێ ئەگەر نەهات سوێند بە خوا لە بن بەردیش بی دەیدۆزمەوە. بەڵێنت پێ دەدەم. بۆیە پێت دەڵێم هەمیشە سێ چوار دانە سپێری هەبێ بۆ ئەم ڕۆژانەیە.

هەردووکمان هەستاین و گەڕاینەوە ماڵەوە و بابەک بە زۆری شیر و هەنگوینی پێدام و حەبێکیشی پێدام خواردم. پاش کەمێک چاوم گەرم داهات و خەوم لێکەوت و چوومە ناو پێخەفەکەم.

کاتژمێر نزیکەی ٩ی بەیانی لە خەو هەستام. دەنگێکم بیست. چاوەکانم کردەوە بینیم بابەک سینییەکی بە دەستەوەیە و وەکوو تەپڵ لێی دەکوتێ و هاتۆتە ژوور سەرم و گۆرانی دەڵێ.

گۆرانی خۆش خۆشی دەوت. گۆرانی وتنی تەواو بوو هاتە سەرم و کردی بە زۆران. سەرەڕای ئەوەی وەڕەز بووم بەڵام دڵیم نەشکاند و وەکوو منداڵ کەوتینە گیانی یەکتر. لەم کاتەدا دادە زێڕە بە پێکەنینەوە هاتە ژوورەکەمان و وتی:

– ئێوە برای دووانە بووایەن ئاوا بەیەکتان خۆش نەدەبوو.

هەستام و سڵاوم لێکرد و ئینجا چووم بۆ گەرماو. فشە و گەنجەفەکانی بابەک و گەرماو برێک حاڵی باشتر کردم. دواتر لە سەر پێداگریی بابەک چوومە سەر مێزی بەرچایی. هەر سێکمان دانیشتین و دەستمان کرد بە خواردن. لە پارووییەک زیاترم بۆ نەخورا. خەریک بووم چام دەخوارد کە دەنگێک لە ناو گوێمدا دەدزرینگایەوە.

کووپەکەم دانا و چوومە هۆڵ لای پەنجەرەکە.

دادە زێڕە – ئەوە چبوو؟

بابەک – دوێشەو شیری خواردووە سکە شۆڕەی گرتووە. ئارمین بچۆ توالێت با بە سەر مافوورەکاندا تەقەفیرە نەکەی.

لە پشت پەنجەرەوە سەیری شەقامەکانم کرد. بەڵام کەس دیار نەبوو.

چاوەکانم نووقاند و ئیتر ئاوا باشتر دەنگیم دەبیست. شیعری بۆم دەخوێندەوە.

ئەگەر ئەم پەنجەرانە بکرێنەوە

ئاسمانی نیلی

دێتە ناوەوە

و من لە هەر هەورێک

شیلەیەک هەڵدەگرم

پەڕی قوو، پەڕی قاز، پەڕی مریشکی دەریا

ماڵێکت بۆ دەکەم

لە سپێتی، پاکی

سەقفەکەی تریفەیە

پەنجەرەکانی لە نوور

پەردەکانی لە گوڵی سوور

فەرشەکەی لە سۆز، ڕەنگەکەی لە جۆش

شمەکەکانی لە عەشق

و هەوای تۆ

کە چاوەکانم کردەوە بینیم بەهار لە بەر دەرگای ماڵی ئێمە لە ئۆتۆمبیلەکەی دابەزیوە و سەیری من دەکا و پێم پێدەکەنێت. ئیتر نازانم چۆن خۆم گەیاندە خوارەوە. کاتێک کە گەیشتم ڕاوەستا بوو و پێم پێدەکەنی.

بە هێمنییەوە پێم وت:

- خۆ من مردم هەتا تۆ هاتی.

بەهار – ئەگەر وا نەبا خۆ نەدەهاتم.

- دەبێ بۆ دیداری تۆ بمرم؟

بەهار – عەشق ئەوەیە. دەبێ بمری هەتا عاشق بیت. دەبێ بە عەشق بمری و بە عەشق زیندوو ببیتەوە.

پێی پێکەنیم. پێم پێکەنیم.

بەهار - چاوت چووە بە قوولدا.

- خەریکم پرۆڤەی ئەوە دەکەم کە بە عەشقەوە بمرم.

دەستی گرتم.

- بە دل و دەروونەوە بانگم کردی.

بەهار - هەمووم بیست.

- دەی بۆچی نەهاتی؟

بەهار - دەبێ هەر لێرە وەلامت بدەمەوە؟

- دەیتە ژوورەوە؟

بەهار - ئەری ئەوانی دیکە لە کوێن؟

- لە سەرن.

بەهار - وەرە با بۆت باس بکەم.

لەگەل ئەوەی دەستی گرتبووم بەرەو بیناکە چووین و سواری ئاسانسۆر بووین و چووینە سەرەوە. بابەک و دادە زێڕە لە سەرەوە دەرگاکەیان کردەوە و چاوەڕێمان بوون. کە لە ئاسانسۆر دابەزین بابەک دەستی پێکرد.

- سلامو عەلەیک خاتوو پێغەمبەر. ئەوە ئەم مەڕانەی شوێنکەوتووت بۆچی بەڕەلا کردووە؟ مالتە خەمی مریدەکانت ناخۆی، خەمی ئێمە بخۆ لە دووریتان دلمان نەما. خوا بمانگرێ وا هیچمان لە بەر پێتا نەکردە قوربانی.

بەهار ڕاوەستابوو و پێدەکەنی.

- بابەک لاچۆ با بێینە ژووری.

بابەک - ئەی بە چاوان. کوا مۆم و گولاو؟ ئەو تۆنگە شەراوە کوا؟ ببوورە لە ئاینەکەی ئێوەدا شەراو قەدەغە نییە؟

بە پێکەنینەوە چووینە ژوورەوە و بەهار لەگەل دادە زێڕە ماچ و موچی کرد، بابەک چوو تەلەفۆنی بۆ ڕۆیا کرد و کاتێک ڕۆیا وەلامی داوە وتی:

- ڕۆیا گیان هەستە وەرە پێغەمبەرە نوێکەمان هاتووە. هەستە وەرە. لە سەرە ڕێدا مەڕێک بکڕە و قەساوێکی باشیش لەگەل خۆت بێنە. مەڕەکە کێشی پەنجا

شەست کیلۆ نەبێت لای پێغەمبەر حەیامان مەبە. خۆت داپۆشە چوونکە هێشتا لێمان ڕوون نییە ئایینەکەی چۆنە.

ئەمانەی وت و تەلەفۆنەکەی داخست و ئینجا هاتە لای بەهار کە لە سەر چۆک دانیشتبوو و وتی:

- ئەی پێشەوای گەورە ئەوە وتم ئەم کچە پێم وتووم جلی قورس لەبەر بکات. ئەگەر هات و ئێوە تێبینیتان بوو پێی دەڵێم دایکەنێت.

هەموومان پێکەنین.

بابەک - ئەی شوانی مەڕە سەرلێشێواوەکان، باوەڕکەن ئێوە ئەم ماوە وا نەبوون لەگەڵ ئارمین یاریی دایە مەمدە بە گورگەمان دەکرد، بۆ ئەوەی سەری قاڵ بکەم و گرووی ئێوە نەگرێت. ئینجا هەستا و سینییەک چای هێنا و فەرمووی بە بەهار و ئینجا من و دادە زێڕە کرد، دیسان هاتەوە و لە بەر دەم بەهار لە سەر چۆک دانیشت و وتی:

- گەورەم ببوورن ئێوە بۆ ئاینەکەتان جێگری، ڕاوێژکاری، بانگخوازێکیتان ناوی با ئەم بەندە ڕووسیایە بێتە خزمەتتان و کار بکات؟ ئەگەر منتان بە باش زانی کاروباری خانمان بخەنە ئەستۆی من با ڕێکیان بخەم.

بەهار پێکەنی و وتی:

- ئەم ماوە ئاگات لە ئارمین نەبووە بۆیە ئاوا کز بووە.

بابەک - ئەو قسانە چییە گەورەم! کەمتەرخەمی لە منەوە نییە. خۆ لە خوارەوە ناتوانم عیمالەی بکەم و بیخەمە ناو گەدەی. بۆ وێنە لە خزمەت جەنابتان بیڵێم کە نانی نیوەڕۆ باینجانمان خوارد، هەرچییەکمان کرد نەماندەزانی چۆن باینجانەکان یان میوە لە خوارەوە بیخەینە ناو گەدەی.

ئەم هەتیوە ڕووداره میوەی نەدەخوارد. من و دادە زێڕە بیرمان خستە سەر یەک و بڕیارمان دا ئەگەر ئێوە ئەوڕۆ نەهاتن، هەر چۆنێک بوو دوو سێ دانە مۆز و هەرمێ و خەیاری عیماله بکەین. بۆ ئەوەی کەمێک ڤیتامین بە لەشی بگا ئیتر وابوو خۆتان هاتن. هەڵبەت کەمێک کز بووە. ئەم ماوە ئێوەیان نەبینی نانی

نەخواردووە.

پێدەکەنین کە لەم کاتەدا لە دەرگایان دا. بابەک وتی:

- هەستە بچۆ دەستی پێغەمبەر ماچ بکە و کەلک لە کراماتەکەی وەربگرە.

ڕۆیا و بەهار یەکتریان ماچ کرد و ڕۆیا هەر وا سەیری بەهاری کرد و لە سەر مۆبلەکە دانیشت و وتی:

- بە ڕاستی مۆعجیزەی بەهار بوو.

بەهار – نا، مۆعجیزە نەبوو. کارێکی زانستییە.

بابەک – ئێوە گەورەن بەڕێزم، ئەمە مۆعجیزە بوو؟

بەهار – نا بە ڕاستی کارێکی زانستی بوو.

بابەک – برا ئێمە کە دەڵێین مۆعجیزە یانی مۆعجیزەیە. ئیتر ئێوە لە سەری مەچن گەورەم. پێغەمبەری باش کەسێکە کە هەرچی شوێنکەوتووانی وتیان بە دڵ و گیان گوێیان بۆ بگرێت.

ئەرێ بە ڕاست ئێوە چۆن دەوێرن بە ڕۆژی ڕۆشن لە ماڵ بێنە دەرەوە؟ ئەگەر یەکێ لە مریدەکانت ئێوە بناسێ چی دەکەی؟ بۆ تەبەرەکیش بێ لەتێ لە گۆشتی لەشت دەبڕێ و دەیبات.

ڕۆیا – ڕاست دەکا زۆر مەترسیدارە؟

بەهار – ئەگەر من ئەوشەوە جلەکانم گۆڕیبایە و بهاتبایەمە ناو ئەو خەڵکە نە کەس دەیتوانی بمناسێتەوە و نە دەیانتوانی سەرنجم بدات. ئەو جەماوەرە هێڵێنایان ئەو جۆرەی کە هەیە خۆش دەوێ و دەیناسن. واتە بە جلی حەریری سپی و لە ناو کۆمەڵێ خزمەتکار و پۆلیس.

- دەی کەوایە بۆچی هاتنت ئەوەندەی خایاند؟

بەهار بە میهرەبانی و جوانییەوە سەیری کردم و وتی:

- نەمدەتوانی ئارمین گیان. ئەگەر بمتوانیبایە هەر ئەو کاتە دەهاتمە لات. هەر کاتێک ئەم کارە دەکەم تەواو بێهێز دەبم و دەبێ پشوو بدەم.

- بۆچی ئەوەندە بێهێز غەمگین بووی؟

دیسان پێکەنی و وتی:

- تۆ چووزانی من غەمگینم؟

- بە چاوت، بە ڕوخسارتدا، ڕەنگە هەر وا زانیبێتم.

بەهار – تۆ تاکە کەسێکی کە لە خەمی من تێدەگەی.

بابەک – بەخ بەخ. مێردی پێغەمبەرەکەمان چەند زیرەکە. تۆخودا دادە بەهار ئارمین بکە بە جێگرەوەت. زۆر کوڕی چاکە.

- بەهار گیان چۆن ئەم کارە دەکەی؟ واتە چۆن شیفای خەلک دەدەی؟

بەهار – بە هێزی خودا.

بابەک – دەی پیرۆزبایی هاتنتان بۆ ناو ئاینی پیرۆز لی دەکەین شوکر بۆ خودا توانیمان ئەم جەماوەرە کافرە بێنینە سەر ڕێ.

بەهار – بابەک ئەرێ ئەوە دەڵێی چی؟ مەگەر من نەموت موسلمانم؟ ئێوە هیچ نازانن. ئەمانە یارییەکی مەترسیدارە. سیاسەتێکی پیسە.

دادە زێڕە – بابەک با بزانین جەرەیان چییە؟

ئینجا ڕووی کردە بەهار و وتی:

- بەهار گیان یەک یەک بۆمان بگێڕەوە. چۆن خەڵک شیفا دەدەی؟ نەکا ئەمانە درۆیە و ئەو نەخۆشانە ساختەچین.

بەهار – نا هیچی درۆ نییە. نەخۆشەکانم هەمووی ڕاستەقینەن. تەنانەت ئەو کچەشی کە ئەو شەوە دڵی ڕاوەستا و مرد.

دادە زێڕە – یانی تۆ بە ڕاستی شیفات دا و زیندووت کردەوە؟

بەهار سەری لەقاند.

دادە زێڕە – چۆن چۆنی؟

بەهار – زۆر سادەیە. ئەمە بە لامەوە سادە و ساکارە.

ڕۆیا – باشە چۆن کاری وات لە دەست دێت؟

بەهار – پێویستە پەیوەندیت لەگەڵ ئەم دنیا بپچڕێنی. لەگەڵ ئەم دنیا و ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرتە. نابێ بیر لەوانە بکەیتەوە وا هی ئەم دنیایەیە. دەبێ

لێی دەرباز بێت. دەبێ لێی دابڕێت. دەبێ لە هەموو شتەکانی ئەم دنیایە بێزێت.

ئینجا گەڕاوە و سەیری منی کرد و وتی:

- ئەو شەوە تۆ کەمێک تەرکیزت تێک دام. نەمتوانی لەم جیهانە دابڕێم. لە ناکاو بیری تۆ هاتە مێشکمەوە. بیرم لەوە دەکردەوە تۆ لە ناو ئەو جەماوەرەدا لە کوێی؟

بابەک - ئارمین گوو دەخوا تەرکیزت دەشێوێنێت. دەنگت بکردایە دەمدا بە ناو دەمیدا هەر سێ و دوو دیانەکەیم ورد و خاش دەکرد. هەتیوەی خوانەناسەی کافرە.

هەموومان پێکەنین. وردە وردە دادە زێڕە و بابەک و ڕۆیا لە سەر مۆبلەکانیان هەستان و هاتنە بەر پێی بەهار و لە سەر عەرزەکە دانیشتن و سەیری بەهاریان دەکرد کە باسی چی دەکات.

داە زێڕە - دەی بڵێ.

بەهار - کاتێک کە توانیت بیر لە هیچ شتێکی ئەم دنیایە نەکەیتەوە و دڵت بە هیچ شتێکی ئەم دنیایە خۆش نەبێ، کاتێک هیچ شتێکی ئەم دنیایە نەیتوانی سەرنجت ڕابکێشێ ئەو کاتە ئیتر زەینت هی ئەم دنیا نییە و هیچ کام لەم هێزانە ناتوانن یەخسیرت بکەن. ئەو کاتەیە کە ڕزگار دەبێ. ئەم کاتەیە کە ئیتر سەر بە هیچکام لەم یاسایانەی ئەم جیهانە نیت.

خەڵسەیەکی خۆشە. خەونێکی جوانە. سەرکەوتنێکی فریشتە ئاسایانە. هەڵفڕینێکی ئەوپەڕ سنووری.

ئیتر خەم و پەژارەکانی ئەم جیهانە بە لاتەوە فشە دەبێت. وەکوو هەقایەتی منداڵان. ئیتر تۆ نیت. تۆ دەبیتە وزە، وزەیەکی زۆر بەهێز.

دەتوانی بچیتە هەموو شوێنێک. دەتوانی هەموو شتێک ببینی. دەتوانی ناوەوەی خۆت ببینی. دەتوانی ئەو کێشە گاڵتەجاڕییانەی کە خەڵک پێوەی دەناڵێنن چارەسەری بکەی. دەتوانی مێشکی خەڵک بخوێنیتەوە. دەتوانی بیچتە ناو خەیاڵیان و خەونیان بۆ ساز بکەی. دەتوانی مەرگیان بۆ بخولقێنی. دەتوانی ڕزگاریان

شێرین

بکەی. دەتـوانی خۆشـحاڵیان بـکەی و دەتـوانی غەمـی ئەم دنیـایە بـرژێنیتە نـاو هەناویانەوە.

ئەمانەی وت و بێدەنگ بوو و سەری داخست. هەستام و پەرداخێک ئاوم بۆ هێنا و پێمدا. پەرداخەکەی لە دەستم ساند و بە دەممەوە پێکەنی. بابەک جگەرەی بە هەمووومان فەرموو کرد و بۆی داگیرساندین و بەهار پێی وتم:

- پێت خۆشە کارێکی وا بکەم کە ڕشانەوەت بە جگەرە بێت و ئیتر نەیکێشی؟ شتێکی باش نییە. بۆت چاک نییە.

پێکەنیم و وتم:

- نا من ئەوەم لە تۆ ناوێ.

سەیری کردم.

دادە زێڕە – بەهار گیان ئەو کچەی وا مردبوو هەر وا زیندووت کردەوە؟

بەهار – ئەو نەمردبوو. تەنیا دڵی لە وەستان کەوتبوو. مێشکی هێشتا کاری دەکرد هەڵبەت زۆر باشیش نا.

ڕۆیا – دەی چت لێکرد؟

بەهار – چوومە ناو مێشکی و بوومە مێشکی. ئینجا فەرمانم بە دڵی دا کە ئیش بکات.

دیسان گەڕاوە و سەیری کردم و دەستی گرتم و وتی:

- هەر ئەو کاتە مێشکی تۆ کەوتە دڵمەوە. بۆیە نەمتوانی جاری یەکەم بچمە ناو مێشکی.

کەمێک لە چاوەکانی ورد بوومەوە. دەتکوت تەواوی دنیای من لە ناو چاوەکانی بەهاردایە بابەک دوو سێ جار کۆکی و وتی:

- لێرە چوار کەس دانیشتووە. ئێمەش دڵمان هەیە. تکایە دیمەنی ژێر هەژدە ساڵ بڵاو مەکەنەوە.

هەمووومان پێکەنین و ڕۆیا چوو چا و میوەی بۆ هێناین.

خەریک بووم میوەم بۆ چاک دەکرد کە ڕۆیا وتی:

- بەهار تۆ دەتوانی هەمووان شیفا بدەی؟

بەهـار - نە هەمـوو کەس. مـن کـاری خـۆم دەکەم. ئەگەر خـوا بـیهەوێ چاک بیتەوە ئەوە چاک دەبێتەوە. خوا نەیهەوێ کە هیچ.

دادە زێڕە - بەهار گیان ئەوندە پرسیارمان لێکردووی ماندوو بووی؟

بەها - نا. چیت پێخۆشە بیپرسە.

دادە زێڕە - چۆن بوو کە هاتیتە ئێرە؟ چۆن بوو کە دەستت کرد بە شیفادانی خەڵک؟ ئەو هەمـووە خەڵکەت چۆن لەوێ کۆ کـردۆتەوە؟ ئەمـانە چـۆن بوو کە قبووڵی ئەوەیان کرد کە وەک بابەک دەڵێ تۆ بکەنە پێغەمبەر، لێت کۆببنەوە و ئیمانت پێ بێنن؟

بەهار - بەسەرهاتێکی دوور و درێژی هەیە. کەمێکیم بۆ ئارمین گێڕاوە. تەنیا ئەوەتـان بۆ دەڵێم کە بە بێ ئەوەی خـۆم بمـهەوێ وردە وردە ئەم بابەتـانە هـاتنە پێشەوە.

میوەکەم نایە بەر دەستی و بە بزەوە لێی وەرگرتم و خواردی. ئینجا وتی:

- کاتێک کە هـاتمە ئێرە دیپلۆمم نەبوو. یەکەم جار لە نۆرینگەیەکی پسپۆڕی منیان پشکنی. ماوەیەکم ئاوا تێپەڕاند. کاتێک بەسـەرهاتی ئەم پەلەوەرەیان بیست. چەنـد دانە ئـاژەڵی نەخۆشـیان هێنـا بـۆ لام. یەکیـان مەیمـوون بـوو و دوانیـان کەروێشک. پێیان وتم ئەم ئاژەڵانە ماوەیەکی تر دەمرن. پێیان وتم چیت لە دەست دێ بۆیان بکە.

مـن هەوڵـی خـۆمم دا. بەتـایبەت بـۆ ئەو مەیمـوونە. زۆر بەزەیـیم پێدا دەهات. منداڵێکی شیرەخۆرەی هەبوو، خۆی بە دایکییەوە دەنووساند. زۆرم هەوڵ بۆ دا. حاڵی باش بوو. واتە مـاوەیەک لە ئـامێزم دەگرت و سـەیری چاوە هیوابڕاوەکانیم دەکـرد. دەگریـام. ئەو ئـاژەڵە تێگەیـشتبوو کە خەریـکە دەمرێـت. لە چاوەکانیـدا خەمخۆریم بۆ بێچووەکەی بەدی دەکرد.

توانیم ئەو سارێژ بکەمەوە، بەڵام کەروێشکەکان مردن. پاش ئەوە منیان برد بۆ نۆرینگەیەکی نهێنی لە دەرەوەی شار. نزیکەی شەش مانگ لەوێ بووم، ژمارەیەک

پزیشک ئیشیان لە سەرم کرد. ئینجا فێریان کردم کە چۆن پەی بە هێزی خۆم بیەم و بتوانم کۆنترۆلی بکەم.

ورده ورده فێر بووم. کاتێک کە ڕاهێنانەکەم کۆتایی هات، نەخۆشێکی تووشبووی شێرپەنجەیان هێنایە لام کە زۆر سادە چارەسەرم کرد. لەو ماوەدا لەم بوارەدا دەستم کرد بە خوێندن و دکتۆراکەیم وەرگرت.

بابەک – لە چ بوارێکدا؟

بەهار – مەتافیزیا. هەڵبەت کەمێک پێشکەوتووتر.

دادە زێڕە – دەی.

بەهار – هەر شتێکم بویستایە لەبەر دەستمدا بوو. پارە، ئۆتۆمبێل، ماڵی گەورە، ئیتر هەموو شتێک. هەڵبەت پاش ئەوەی ڕاهێنانم کۆتایی هات. پێیان وتم لەم بارەوە لای کەس هیچ مەڵێ و لەگەڵ ئێرانییەکانیشدا لە پەیوەندیدا مەبە. باوکیشم کە لە پێشدا لەگەڵم هاتبوو، پاش مانگێک گەڕاوە بۆ ئێران، واتە ئەرخایەن بوو کە کچەکەی ئاسوودە و پارێزراوە، لەوەشی کە من شێت نیم و دیاردەیەکی ئاوارتەم زۆر کەیفخۆش ببوو. بڕوانامەی دکتۆراکەم بۆ نارد. بە هەموو خزم و کەسی پیشان دا و تۆڵەی هەموو ئەو تیر و توانجانەی کە لێیان دابوو کردبووەوە.

فشە نەبوو. دکتۆرای مەتافیزیا. لە ماوەی نزیکەی ساڵێک و بگرە کەمتر لە ساڵێکیش. ئەویش لە بە ناوبانگترین زانکۆی دنیا. ئیتر ماڵێکی خۆش و جوانیان پێدام. یانی کردیان بە ناومەوە. پارە، ئۆتۆمبێل، کەرەسەی ناوماڵ، هەموو شتێکیان بۆم ئامادە کردبوو. ساڵی جارێکیش بە خەرجی خۆیان دایک و باوکمیان دەهێنایە ئێرە و مانگێک لە لام دەمانەوە. هەموو شتێک باش بوو. تاکە بەربەستێک کە بووم دووری لە ئێرانییەکان بوو، کە ئەویش لە خودام بوو. زۆریان لێ نارەحەت ببووم.

سەرەتاکان داوایان لێ دەکردم کە تەنیا نەخۆش و دەردەدارەکان سارێژ بکەم. ئەمە ئارەزووی من بوو. پێم خۆش نەبوو کەس بە خەمباری ببینم، هەر لەبەر ئەوەش بە گیان و دڵ بەم کارە هەستام.

پێیان وتبووم ناوی خۆم بە کار نەبەم. ناویان نام هێلینا. مانگی جارێک

نیوەشەوان دەیانبردمە ئەو پەرستگە و چەند دانە نەخۆشیان دەهێنا بۆ لام. هەمیشە جلێکی حەریری سپی و قەشەنگیان لەبەرم دەکرد. پێیان دەوتم ئاوا کاریگەریی هێزەکەم لە سەر خەلک زیاتر دەبێت. پێیان دەوتم قسە لەگەل کەس نەکەم. تەنیا شیفام دەدان و دەچوومە دەرەوە. واتە لە دەرگای پشتەوەی پەرستگە دەیانبردمە دەرەوە. کاتێ ئەم کارەم دەکرد ئیتر دواتر زۆر لاواز دەبووم.

وردە وردە بەرنامەکان گۆڕان. لەگەل نەخۆشەکان هەندێ کەس دەهاتن و تا دەهات ڕێژەشیان زیاتر دەبوو. دەیانوت ئەمانە بۆ تەماشاکردن هاتوون. بە لای منیشەوە فەرقی نەدەکرد.

نزیکەی چوار پێنج سال ئەم بەرنامانە بەردەوام بوو، هەتا ئەو کاتەی کە کاتی هاتنی دایک و باوکم بوو، بەلام نەهاتن. کاتێک لێیانم پرسی کە بۆچی دایک و باوکم نایەن، ماوەیەک بیانوویان بۆ هێنامەوە. ئینجا من پێداگریم کرد کە دەمەوێ بچم بۆ ئێران. هەستم پێی دەوەتم ئیتر باسی شیفادانی نەخۆشەکان لە ئارادا نییە.

کاتێک پێم وتن دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ ولاتی خۆم، ئیتر هەموو شتێک ئاشکرا بوو. بە درۆ بە دایک و باوکمیان گوت کە من لە ڕووداوی هاتوچۆدا تیداچووم.

ئەوەندە تووڕە بووم کە خەریک بوو شێت بم. هەڕەشەم لێکردن کە پەیوەندی بە بەرپرسانی بالوێزخانەی ئێرانەوە دەگرم و هەموو شتێکی بۆ دەگێڕمەوە.

یەکیان کە ئافرەت بوو و هەمیشە لەگەلم میهرەبانی هەلسووکەوتی دەکرد، زۆر قسەی لەگەل کردم و ڕازی کردم کە ئەمە چاکترە. دەیگوت بڕە پارەیەکی زۆریان وەک دییە داوە بە دایک و باوکم و بۆ ئەوەی بڕوایان پێ بکەم کاغەزێکیان پێ نیشان دام. ئینجا منیان بردە گۆڕستان بۆ ئەوەی گۆڕی خۆمم پێ پیشان بدەن. سەیرە نا؟! نزیکەی سالێک لە مردنم تێپەڕیبوو.

دەیانگوت تەنانەت دایکم و باوکیشم لە مەراسیمی ناشتنمدا بەشدارییان کردووە. دەیانگوت کچێکیان کە ئەندام و جەستەی لە من دەچوو پێ نیشان داو ئینجا باوەڕیان کردووە. گوایا سەر و سەکتی ئەو کچە بە تەواوەتی لە ناو چووبوو و

نەدەناسراوە. کاتێک دیسان هەڕەشەم لێکردنەوە کە هەموو شتێک لەقاو دەدەم و دەچمە باڵوێزخانە، ئەوانیش هەڕشەیان لێکردم کە دەمکوژن.

دیسان هەر ئەو ژنە هاتەوە لام و قسەی لەگەڵ کردم. دەیانوت ئەوان بە نیازن کەڵکت لێ وەرگرن. دەیگوت من دەبێ مەمنوونیان بم. دەیگوت ئەوان لە من تێگەیشتوون و یارمەتیان داوم، دەنا لە وڵاتی خۆم فشەیان پێدەکردم و دەیانخستمە شێتخانە و هەتا ئێستا هەر لە هەرد و هەوێڵدیشدا نەمابووم.

قسەکانیشی خراپ نەبوو. کاتێک کە دایک و باوکم کە نزیکترین کەسانێک بوون کە دەمتوانی قسەی دڵمیان لە لا بدرکێنم باوەڕیان پێم نەدەکرد و پێیان دەوتم دراکوولا.

بابەک – بۆچی وەک لەگەڵ ئارمین پەیوەندیت سازکرد، لەگەڵ دایک و باوکیشت هەر ئاوا پەیوەندیتان ساز نەکرد و هەموو شتێکت لایان باس نەکرد؟

بەهار سەیرێکی کردم و ئینجا وتی:

– چ سوودێکی بوو؟ ئەوە گرتم حەقیقەتیشیان زانی و هەستان هاتنە ئێرە. ئەمجارە بە ڕاستی جەنازەکەمیان دەبینی. ئەمانەش نکوڵیان لە هەموو شتێک دەکرد.

هەر ئەوەی کە دەمزانی باری ئابووریان باشە و لای خەڵک سەربەرزن، کە کچەکەیان دکتۆرای مەتافیزیای وەرگرتووە هێوری دەکردمەوە. زۆر بە لامەوە فەرقی نەبوو. لە بیرمە ئەو کاتانە دایک و باوکم ئارەزووی مەرگی منیان دەکرد، چوونکە وەک خۆیان دەیانوت بە هۆی ڕفتارمەوە لای دەر و دراوسێ سەرشۆڕم کردوون.

یەک دوو خولەک بێدەنگی باڵی بە جەوەکەماندا کێشا و ئینجا دادە زێڕە وتی:

– ئێستا ئەگەر بزانن لەگەڵ ئێمەی ئێرانییەکان لە پەیوەندیدای چت لێدەکەن؟

بەهار – ئیتر متمانەیان پێمە. هەموو شتێکم هەیە. ئێستا ماڵێکم هەیە لە دەرەوەی شارە و دەڵێی کۆشکە. گرانبەهاترین ئۆتۆمبیلم هەیە. چەندەم پارەم بووێ ئەوە لە بەر دەستمە. ئەوان پێیان وایە کە پیاو دەبێ زۆر گەوج بێ کە لەقە

له بەختی خۆی بدات. دوای ئەوەش من بەهارەکەی جاران نیم. هێزم زۆر زیاتر بووە. زۆر کارم لە دەست دێ کە ئەوان لێی بێ ئاگان. بچووکترین کارێک ک بیانهەوێ لە دەستم دێت.

ڕۆیا – ئەوان مەبەستیان لەم کارانە چییە؟ ئەوەی کە ئەم عالەمە تویان قبوڵە چ سوودێکی بۆیان هەیە؟

بەهار گەڕاوە و سەیری منی کرد و وتی:

- ئەگەر ئەوانەی دیکە بگێڕمەوە ڕقت لێم دەبێ؟

بە دەمییەوە پێکەنیم و دەستیم خستە ناو دەستم ئینجا ڕوویکردە ڕۆیا وتی:

- ئەوان کەڵکاوەژۆییم لێدەکەن. ئەو حەشیمەتەی ئێوە بینیتان تەنیا شوێنکەوتووانی من لەم شارەن. من لە هەموو شارەکاندا شوێنکەوتووم هەیە. لە شارەکاندا هیچ لە هەموو وڵاتاندا شوێنکەوتووم هەیە. هەندێکیان ئەوەندە دەمارگرژن کە بە ئاماژەیەک لە پێناومدا گیانیان بەخت دەکەن.

بابەک – وەکوو شوێنکەوتووانی حەسەن سەباح.

بەهار – ڕێک وایە. ئینجا ئەوان کەڵکاوەژۆییم لێدەکەن. پیاوکوژی، تیرۆر، قاچاغی مادەی هۆشبەر، وێرانکاری لە وڵاتان، هەموو شتێک. هۆکاری هەر هەموو ئەمانە منم.

ئینجا سەری داخست و گریا.

ڕۆیا چوو ئاوی بۆ هێنا. بابەک کلینیکسێکی پێدا و فرمێسکەکانی سڕی. پێمخۆش بوو بمتوانیبایە و ئەمانەم بکوشتایە. فرمێسک لە چاومدا قەتیس مابوو، بابەک بە ئاماژەی پێی وتم چاوەکانم بسڕم.

پاش کەمێک بەهار وتی:

- ئیتر نەمدەویست ببمە هۆی ئەم هەموو تاوانانە، بەڵام هیچ دەرەتانێکی ترم نەبوو. واتە دەترسام. هەتا ئەوەی کە شەوێکیان لەبەر دەم ئەو کابارە ئارمینم بینی و بانگم کرد.

ئینجا پێکەنی و بابەک وتی:

- ئارمین دەستی پێغەمبەرت شکاند. وازی لێ بێنە دەی.

تازە زانیم دەستی لە ناو دەستمە. بە شەرمەوە دەستم لە ناو دەستی هێنا دەرەوە. ڕۆیا دیسان چای بۆ هێنام. کاتێک خواردمانەوە بەهار پێی وتم:

- ئەم دۆخە بۆ تۆ زۆر مەترسیدارە. ئەگەر بزانن کە پەیوەندیم لەگەڵ تۆ هەیە بێگومان دەتکوژن. زۆر سادە.

پێی پێکەنیم.

بەهار – پێتخۆشە دیسانیش هەر بێمە لات؟

- ئیتر ناهێلم لە لام بڕۆی.

چاوی لە چاوم بڕی و ئینجا دەستی کردە ناو جانتاکەی و چەند گەڵا پارەی دەرهێنا و پێیدام و وتی:

- با ئەمانە لای تۆ بێت.

- بۆچی؟

بەهار – دوایی پێت دەڵێم. سەد و ئەوەندە پاوندە. پێویستت پێی دەبێت.

ئینجا هەستا و وتی:

- من دەبێ جارێ بڕۆم. دێمەوە.

- بۆ کوێ دەچی؟ دەچیتەوە بۆ لای ئەوان؟

بەهار – جارێ لە هیچ نازانن. مەترسییەک لە ئارادا نییە. هەڵبەت ئێستا مەترسییەک لە ئارادا نییە. ئەرخایەن بە.

- مەڕۆ. هەر لێرە بمێنەوە. کارەکانمان دەکەین و پێکەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئێران. لەوێ پارێزراوی. پشتیوانیت لێ دەکەن.

بەهار – دەزانم بەڵام جارێ نا.

ئینجا چووە لای دەرگاکە و ئێمەش لەگەڵی ڕۆشتین کە لەوێ پێی وتم:

- کەی هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکەی؟

ئەوەندە بەستەزمانانە ئەم قسانەی کرد کە هەموو چاویان پڕ بوو لە ئاو.

- هەر ئێستا.

بەهار – ئێستا نا. پاشنیوەڕۆ دەگەڕێمەوە ئێرە. کەست پێ شک نایە لێکمان مارە بکات.

دادە زێڕە – من دەناسم. خۆم ئەوە جێبەجێ دەکەم.

لە ناکاو هەموویان دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان. بابەک دەستی کرد بە وتنی مبارەک بێ مبارەک بێ مبارەک بووک و زاوا و وتی:

– قوربانت بم. پێغەمبەرێکی جوانی. بریا هەندێ فێر دەبوون.

مەبەستی ڕۆیا بوو و ڕۆیاش سەیری کرد.

بابەک – ئاخری نەمانزانی جەنابتان موسلمانن یان نا.

بەهار – ئەگەر دەتهەوێ با شایەت ئیمانت بۆ بێنم. من لە ئاینی خۆمان شتی وا وا فێر بووم کە خەلکی ئاسایی نایزانن.

بەهار ماڵئاوایی لە هەموومان کرد و هەر دووکمان پێکەوە چووینە خوارەوە. ک گەیشتینە لای ئۆتۆمبێلەکەی پێی وتم:

– قسەیەکت نییە پێم بڵێی؟

– نا هەر ئەوە دەڵێم ئاگات لە خۆت بێت.

بەهار – چی تریش؟

– چی بڵێم. بریا هەر نەدەڕۆشتی. خۆم هەموو ئەمانە جێبەجێ دەکەم. هەر دووکمان دەچینە باڵوێزخانەی ئێران و هەر لەوێ ساغ و تەندروست دەگەڕێینەوە بۆ ئێران.

دەستی گرتم. لە ناکاو دەنگێک لە ناو سەرمدا زرینگایەوە. تا دەهات بەرزتر دەبوو. خەریک بوو شاگەشکەم بکەم. پێکەنیم و پێم وت:

– زۆرم خۆش دەوێی. زیاتر لە گیانم. بۆیە نەموت چوونە هەموو شتێک کتوپڕ بوو. ماوەیەکە دەمەوێ پێت بڵێم بەلام پێم عەیبە. خۆشم دەوێی بەهارەکەم.

بەهار – ئەوە باشە. ئەوە ئەو قسەیە کە دەبێ لە پێشدا پیاو بە ژنەکەی بڵێ.

– تا ئێستا هەزار جارم بیستووە، بەلام دەبێ بە زمانت ئەوەت پێ کوتبام. بەهار تۆ زۆر جوان و ژیکەلەی چۆنە هەتا ئێستا کەس شەیدات نەبووە؟ واتە مەبەستم

ئەوەیە کە چۆنە تـا ئێستا کەس نەهـاتۆتە لات و پێشنیاری هاوسـەرگیری پـێ نەداوی؟ واتە نازانم چۆن بڵێم دەمەوێ بڵێم ...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و بە پێکەنینەوە وتی:

- پێت خۆشە بزانی هەتا ئێستا دەزگیران، دۆست یان کەسێکم بووە یان نا؟ ئەوەت پێخۆشە؟

سەیرم کرد. بە ئەسپایی دەستی هێنا بە ڕوومەتمدا و وتی:

- ڕۆژی دە جار دەچووم و دەچمە هەر شوێنێک دەنگی خۆشویستنم دەبیسم. هەستم بە بۆنی خۆشی عەشق دەکەم. بەڵام هیچ دەنگێکم پێ خۆش نەبووە. هیچ بۆنێک نەبووە کە دڵم پێی خۆش بێت. هەموو ئەو پیاوانەی کە بەرکەوتنم لەگەڵیان دەبێ عاشقم دەبن، بەڵام من نا. هەموو مریدەکانم خۆشیان دەوێم و دەتوانم بڵێم عاشقمن خۆ خۆت بینیت. بەڵام هیچیان ئەوە نەبوون وا من دەمویست. جگە لە عەشقی تۆ. هیچ دەموچاوێک وەکوو دەموچاوی تۆ جوان و پیاوانە نییە. چۆنت پێ بڵێم؟ عەشـقی تـۆ بەم دنیـا سنووردار نـابێتەوە. هەم ئەم دنیایە و هەم هـی ئەو دنیایە. خۆشەویستییەکی ئەوپەڕ زەمەنییە. هەر بۆیە دێتە ناو ئەو حاڵەتە خەڵسەی وا من سەرنجی هیچ نادەم. هەر بۆیە نەمتوانی لە ئاستت خۆڕاگری بنوێنم و کۆڵم بۆ عەشقی دا.

ئینجا پێم پێکەنی و ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕی و ڕۆشت. هەر لەوێ ڕاوەستام و سەیری ڕۆشتنیم دەکرد و ئەویش بایداوە بۆ شەقامەکەی دیکە. چوومە پیادەڕەو و پـاڵم بەو درەخـتەوە دا، کە بەهـار کـاتێ کە یەکەم جـار هـات پـاڵی پێـوە دا. نەمدەزانی بۆچی هیچی پێم نەوت؟ نەکا لەبەر ئەوە هاتۆتە لام کە منی زۆر خـۆش دەوێ؟ ئەگەر وابـێ ئەوە بـۆ مـن دژوارە. دەنگێـک لە نـاو سـەرمدا زرینگـایەوە. چاوەکـانم نووقاند. هـیچ دەنگێک لە دەنگی بەهـار خۆشـتر نییە. گـۆرانی بـۆم دەچڕی.

ئەمشەو نیگات تارماییە

لە ژوور سەرم سەما دەکا

ئەوەیە کە چۆنە تـا ئێستا کەس نەهـاتۆتە لات و پێشنیاری هاوسـەرگیری پـی نەداوی؟ واتە نازانم چۆن بڵێم دەمەوی بڵێم ...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و بە پێکەنینەوە وتی:

- پێت خۆشە بزانی هەتا ئێستا دەزگیران، دۆست یان کەسێکم بووە یان نا؟ ئەوەت پێخۆشە؟

سەیرم کرد. بە ئەسپایی دەستی هێنا بە ڕوومەتمدا و وتی:

- ڕۆژی دە جار دەچووم و دەچمە هەر شوێنێک دەنگی خۆشویستنم دەبیسم. هەستم بە بۆنی خۆشی عەشق دەکەم. بەڵام هیچ دەنگێکم پی خۆش نەبووە. هیچ بۆنێک نەبووە کە دڵم پێی خۆش بێت. هەموو ئەو پیاوانەی کە بەرکەوتنم لەگەڵیان دەبێ عاشقم دەبن، بەڵام من نا. هەموو مریدەکانم خۆشیان دەوێم و دەتوانم بڵێم عاشقمن خۆ خۆت بینیت. بەڵام هیچیان ئەوە نەبوون وا من دەمویست. جگە لە عەشقی تۆ. هیچ دەموچاوێک وەکوو دەموچاوی تۆ جوان و پیاوانە نییە. چۆنت پێ بڵێم؟ عەشـقی تـۆ بەم دنیـا سـنووردار نـابێتەوە. هەم ئەم دنیـایە و هەم هـی ئەو دنیایە. خۆشەویستییەکی ئەوپەڕ زەمەنییە. هەر بۆیە دێتە ناو ئەو حاڵەتە خەڵسەی وا من سەرنجی هیچ نادەم. هەر بۆیە نەمتوانی لە ئاستت خۆراگری بنوێنم و کۆڵم بۆ عەشقی دا.

ئینجا پێم پێکەنـی و ئۆتـۆمبێلەکەی لێخـوڕی و ڕۆشـت. هەر لەوێ ڕاوەسـتام و سەیری ڕۆشتنیم دەکرد و ئەویش بایداوە بۆ شەقامەکەی دیکە. چوومە پیادەڕەو و پـاڵم بەو درەخـتەوە دا، کە بەهـار کـاتێ کە یەکەم جـار هـات پـاڵی پێـوە دا. نەمدەزانی بۆچی هیچی پێم نەوت؟ نەکا لەبەر ئەوە هاتۆتە لام کە منی زۆر خۆش دەوێ؟ ئەگەر وابـێ ئەوە بـۆ مـن دژوارە. دەنگێـک لە نـاو سـەرمدا زرینگـایەوە. چاوەکـانم نووقانـد. هـیچ دەنگێـک لە دەنگـی بەهـار خۆشـتر نییە. گـۆرانی بـۆم دەچڕی.

ئەمشەو نیگات تارماییە

لە ژوور سەرم سەما دەکا

دڵم دەروێشی تەکییەتە و
لە خانەقات دۆعا دەکات.
گۆرانییەکە تەواو بوو، بەڵام دەنگە ناسک و خۆشەکەی هەر لە گوێمدا بوو. لەگەڵ ئەوەی پاڵم بە درەختەکە دا و چاوەکانمم نووقاندبوو کەیفم دەکرد و پێدەکەنیم. دەتکوت هەر لەم دنیایەشدا نیم. لە ناکاو یەکێ پاڵی پێوە نام. خەریک بوو بکەوم بە عەرزدا. چاوەکانمم کردەوە.
بابەک – ئەوە چی دەکەی شێت بووی؟
- بۆچی وا دەکەی؟
بابەک – ڕاوەستاوی چاوت نووقاندووە و پێدەکەنی؟ دراوسێکان دەتبینن وا دەزانن شێت بووی؟
- بەهار گۆرانی بۆمن دەوت.
بابەک – خۆزگەم بە خۆت. ئەگەر پێکەوە هاوسەرگیری بکەن، نە پارەی تەلەفۆن دەدەی نە پارەی ڕادیۆ نە پارەی واکمەن. خواپێداوی. گۆرانی داواکراو بوو؟
- گوو مەخۆ بابەک.
بابەک – باشە گۆرانی چی بۆت دەوت؟
- زۆر خۆش بوو، دەنگی و گۆرانییەکەی. دەنگی ڕۆیایە.
بابەک – ڕۆیای خۆمان؟
- گەوجە گەوج.
بابەک – بێرێزی بە ژنی من دەکەی؟ ژنەکەت دەبێ زۆر مەمنوون بێ کە دەنگی لە دەنگی ژنی من دەچێت.
- دیسان گەوجە گەوجت کردەوە؟
بابەک – باشە دەی. گیرم ژنەکەت تەلەفۆن و ڕادیۆی سەربەخۆیە. بە ژنی من ناگاتەوە. وەرە با ژنەکانمان بدەینە شەڕ با بزانین کامیان دەیبەنەوە.
- بابەک خۆزگەم بە عەقڵت.

بابەک – دەڵێم ئێمە هەتا ئێستا وامانزانیبوو ڕۆیا کچێکی بێدەنگ و هێمنە. ئێستا شتێکم پێ وت بە سەرمدا زیقاندی دەتکوت هەورە دەیگرماند. لە ترسا دەرپەڕیمە دەرەوە.

- من لە جیاتی ڕۆیا بوایەم هەر لە پەنجەرەوە دەتمخستە خواری و لە کۆڵتم دەکردەوە. ئێستا بۆ کوێ دەچی؟

بابەک – هاتم بتمەبە گەرماوی زاوایەتی. وەلی چوون وات وت دەتبەمە تانەشۆر کە بتشۆن بۆ ئەوەی بتنێژن. بەشکەم کەمێک بزانی حەیا و شەرم چییە.

- ئەری ئەو کەری کەرییەت لە چییە؟ دەڵێم دەتویست بچیتە کوێ؟

بابەک – بازاڕکردن. دەمویست بچم بۆ بازاڕکردن. هیچ لە ساردینگدا نییە.

- وەرە با بڕۆین. منیش دێم.

بابەک – ئەری شتی. ئەو کات کە هەر خۆمان بووین چەند خۆش بوو. نە ڕۆیا بوو، نە بەهار. نە دادە زێڕە. هەر خۆم و خۆت بووین و ئەو پوورە ورچەت و دوو بێچووەکەی. ئەوانیش دەستەمۆ بوون چ کەیفێکمان دەکرد.

- بێ ئەدەب.

## بەشی شازدەهەم

دادە زێڕە نیوکاتژمێر ڕۆشت و گەڕاوە. زۆر بێتاقەت بوو. ناوچاوی گرژ بوو. دوو سێ خولەک دانیشت و ئینجا چوو سێ چای هێنا و هاتە ناو هۆڵەکە. لە سەر مۆبلەکە دانیشت و لە ئێمەی دەڕوانی و وتی:

- کوڕەکان کەمێک ئیشم پێتانە.

هەر دووکمان چووین دانیشتین. هەستم کرد بە نیازە بابەتێکی گرنگمان پێ بڵێ. چای بۆ هەر دووکمان دانا و وتی:

- ئێوە وەکوو کوڕی خۆم وان، لەو ڕۆژەوە وا منتان هێنایە ماڵەوە پێتان وابەستە بووم، وەکوو منداڵی خۆم خۆشم دەوێن و پێم خۆش نییە هیچ ڕووداوێکتان بۆ بکەوێتەوە.

- چی بووە دادە زێڕە؟

دادە زێڕە – جارێ هیچ نەبووە. بەڵام لەوانەیە دواتر بکەوێتەوە.

بابەک – دادە زێڕە ڕاست دەکات. ئەگەر وابێ داماو دەبین.

- چی ببێ داماو دەبین؟

بابەک – ژن بێنین. تۆ قوڕ دەکرێ بە سەرتا دواتر منیش. دادە زێڕە ئەزموونی زۆرە ئەوە هۆشداریمان پێدەدا.

دادە زێڕە – بریا ئەمەیان گاڵتە بایە. بەڵام گاڵتە نییە.

- چی بووە دادە زێڕە؟

دادە زێڕە – تماشا ئارمین گیان ئەمەی وا هات بە دوامدا سیخوڕە. هەواڵی هەموو شوێنێکی هەیە. پارە وەردەگرێ و هەواڵم بۆ دێنێت. ئەو شەوەی وا

چووینە دەرەوە بۆ ئەو ڕێوڕەسمە، بۆ بەیانییەکەی چووم بە دوای ئەمە و بەسەرهاتەکەم لێپرسی. هەڵبەت هیچم پێ نەوت. تەنیا وتم کچێک لەم شارەدا هەیە کە نەخۆشەکان شیفا دەدات. داوام لێکرد لە بنج و بنەوانی بابەتەکە بکۆڵێتەوە. ئێستاش هەواڵی بۆ هێناوم، بەڵام هەواڵەکان لە باش ناچن.

- چی بووە دادە زێڕە؟

زێڕە – نازانم چی بڵێم؟ دەترسم بیڵێم و تۆ لێم زیز بی.

- خاترجەم بە چی هەیە مەیشارەوە.

دادە زێڕە – ئارمین گیان هاوسەرگیریکردن لەگەڵ بەهار بۆت مەترسیدارە. واتە دۆستایەتی لەگەڵ ئەم کچە باش نییە. ئەمە شەڕ و شۆڕی لێ دەبێتەوە.

- خۆشی وتی بۆم مەترسیدارە.

دادە زێڕە – ئەری فەقیرە خۆشی وتی، بەڵام تۆ گوێت پێنەدا.

- چوونکە بۆم گرنگ نییە.

دادە زێڕە – دەی ئێستا بۆت گرنگ نییە دەبا بۆت بگێڕمەوە. تۆ بە نیازی بێیتە ناو ئەم ڕێبازەوە لانیکەم لە مەترسییەکانی ئاگادار بە. ئەمانە زۆر کەسیان بێ سەروشوێن کردووە. کوشتن بە لایانەوە لە ئاوخواردنەوەش ئاسانترە. چەند ساڵە بەرنامەیەک دەستی پێکردووە. ئەمانە بەهاریان بە ناوی هێلینا پیرۆز کردووە. ئەم تاقمە هەموو جۆرە کەسێکی تێدایە. لە نەخوێندەوارەوە بگرە تا دەگاتە خوێندەوار و زانا. لە وەرزشوانەوە بگرە تا پزیشک و پارێزەر و وەزیر.

ئەمانە کۆمەڵی کەسیان ڕاهێناوە و ناردوویانن بۆ وڵاتە جیاجیاکان. لەم ئاینەدا لە هەر وڵات و هەر زمانێک مریدیان هەیە، ئەویش مریدی کەللە ڕەق. ئەمانە دەنرێنە وڵاتانی دیکە و بە هەر فرت و فێڵێک دەچنە ئەو وڵاتە و دزە دەکەنە ناو دەزگا دەوڵەتییەکان. ئینجا هەر پیلانێکیان بێ بەم مریدانەی دەکەن. یاسا دەگۆڕن، پیاو دەکوژن، شەڕ دەنێنەوە، مادەی هۆشبەر قاچاغ دەکەن، ئیتر هەر چییەک بە مێشکیاندا بێ دەیکەن.

- مریدەکانیان بۆچی جەنگ دەنێنەوە؟

داده زێڕە – شەڕ دەنێنەوە بۆ ئەوەی چەکەکانیان بفرۆشرێت. ئیتر جەنگ کە هەڵگیرسا دەبێتە ئاخۆران و بخۆران و لەم کەس لە کەسییەدا هەر چییەکیان بووێ دەیکەن. جا بزانە چ ملهوڕگەلێک لە پشت ئەم ماجەرایەن. تۆ بە تەمای پێش بەمانە بگری، وەک بابەک دەڵێ پێغەمبەرەکەیان لێ بستێنی. ئەوەی کە هەتا ئێستاش ئەمەیان نەزانیوە بەخت یارت بووە.

بابەک – دەی ئێستا دەڵێن چی؟ چی بکەین؟

داده زێڕە – من دەڵێم ئارمین واز لەم ڕەوتە بێنێت. هەتا ئێستاش کە زیندووی ئەوە خوا خۆشی ویستووی. ئەم کابرا سیخوڕە بۆ هەر هەواڵێک بیست پاوەند، بیست و پێنج پاوەند پارە وەردەگرێت. تۆ بزانە ئەم ڕەوتە چەند مەترسیدارە کە هەتا دووسەد پاوەندی لێم وەرنەگرت دەمی نەکردەوە.

بابەک – واتە هیچ ڕێگایەکی تر نییە؟

داده زێڕە – ڕێگایەکی ئەوەیە کە بچینە باڵوێزخانەی ئێران و هەموو شتێکیان بۆ بگێڕینەوە. مەگەر ئەوەی کە ئەوان پاڵپشتی بکەن. جا خۆ ئەوەش بکەین دەنگ دەداتەوە و گۆڵمەزێک ساز دەبێت.

ئەمانەی وت و جگەرەیەکی لە بابەک وەرگرت و دایگیرساند. بابەک دوو جگەرەی بۆ خۆی و من داگیرساند و دای بە دەستمەوە و چوو دانیشت.

چەند خولەک بیرم کردەوە و ئینجا وتم:

– من بڕیاری خۆمم داوە. بەهارم خۆش دەوێ. جا چی دەبی با ببێت. لە کەسیش ناترسم. دەمێنێتەوە ئێوە. ئەوە داده زێڕە ئەوە لە ئێستاوە هیچی نەدیوە و ئیتر ئێمە ناناسێت. ئەمە لە داده زێڕە. دەمێنێتەوە بابەک، لە ئێستاوە من لێرە دەڕۆم. دەچمە هۆتێل. بەهار مارە دەکەم و دەستی دەگرم و دەچینەوە بۆ ئێران. ئەوێ وڵاتی خۆمانە و دەستیان بە هیچ کوێ ناگات.

داده زێڕە – دەڵێم لە هەموو وڵاتێکدا شانەی نوستوویان هەیە. دەستی چییان بە هیچ کوێ ناگات؟

– دەی گەیشتیش، خودا گەورەیە. ئەگەر پێتان وایە من واز لە بەهار دێنم، ئەوە

دەبێ بڵێم خەیاڵتان خاوە. گیانی منە بەهار. بەهار لە ناو دڵ و دەروونمدایە هەتا ئەوان بزانن ئەوە ئێمە لە ئێرانین و هیچیان پێ ناکرێت.

بابەک – ئێستا بۆچی دڵت پڕە؟

- ئێوە لە من تێناگەن. بەهارەکەی من دۆس، دەزگیران یان هاوسەر نییە. ئەو کەسێکە کە بۆم براوەتەوە. بەهار چارەنووسمە. هەم لە خەودا داوای لێکردم ڕزگاری بکەم، هەمیش خۆم پێمخۆشە ڕزگاری بکەم. کەس ناتوانی ڕێگریم لێ بکات. ئێوە حەقتان بە سەر هیچەوە نەبێت. لە ئێستاوە ئێوە من ناناسن. کەس حەقی بە سەر ئێوەوە نییە. منیش پێم خۆش نییە ئێوە لەبەر من تووشی نەگبەتی بن. بەتایبەت بابەک کە لە برا بۆم زیاترە.

بابەک – کۆی کەوە داشقەی توورت. پێت وایە من چ جۆر هاوڕێیەکم؟ پێت وایە هەر وا بە جێت دێڵم؟ ئیتر نازیش مەکە. بۆ دادە زێڕە قسەکەت جوانە دەبێ بچێتەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆی. خۆمان ئەمانە دەیخەین بە لایەکدا.

دادە زێڕە پێکەنی و وتی:

- ئێوە وادەزانن من ئەمانەم لەبەر خۆم وت؟ وادەزانن لە مردن دەترسم؟ من لەوانە دەرچووم. ئێوە هێشتا بەسەرهاتی منتان نەزانیوە. من شتی وام بە سەرهاتووە ئەمانە لە بەر چاوم فشەیە. تەنیا ویستم بەسەرهاتەکەتان بۆ بگێڕمەوە، بۆ ئەوەی چاو و دڵتان بکرێتەوە. من تەمەنی خۆمم کردووە و ئیتر هیچی تر نەماوە دڵم پێی خۆش بێت. سەریشم بەم کارانە دێشێ. منیش لەگەڵتانم. لەوانەیە زۆر شتم لە دەست بێت. ئیتر خوا چی بووێ هەر ئەوەیە. تەواو.

بابەک – بە تەمای چی بکەی؟

- دەمەوێ دوو دانە بلیتی فڕۆکە بۆ ئێران وەربگرم. ئیتر بزانین هەتا بەهار دەتوانی بێتەوە بۆ ئێران.

بابەک – نا سوودی نییە. دەتوانن سۆراغی فڕۆکەکە بگرن. دەتوانین بلیتی فڕۆکە وەربگرین، بەڵام جۆرێکی تر دەڕۆین. لە پێشدا بە کەشتی ئینجا زەوینی دەڕۆین.

داده زێڕه – ڕاست دەکات. ئاوا بە ئاستەم دەیدۆزنەوە. دەبێ جۆرێ سەرەداوێ پێ نەدەین. بلیتی زەوینی چەند وڵات وەردەگرین. بۆ هەندێ شوێنیش من دەتوانم یارمەتیتان بدەم. بەهار نابێ هەر وا لە وڵات دەرچێت. دەبێ پاسپۆرتی ساختە دروست بکەین. دەبێ ناو و ناسنامەی دیکە بۆ بەهار دروست بکەین و لێرە بیکەینە دەرەوە بۆ ئەوەی زوو نەیدۆزنەوە. من کەسێک دەناسم ئەم کارە دەکات.

بابەک – دەی شوکر بۆ خوا. ئەمەش جێبەجێ بوو. بچم چایەک دەم کەم. ئێستا ڕۆیا و بەهار دێن. بە خوا چای کۆنیان پێ بدەین سبەی بۆڵە بۆڵ دەکەن دەڵێن ئێوە شپرزە بوون ئێمە ئێوەمان کردە بەشەر.

پاش نیوکاتژمێر ڕۆیا هات و چارەکێکیش دوای ئەوە بەهار هات. کۆت و دامەنێک و بلووزێکی جوانی لەبەر بوو، قژی لە دواوە بەستبوو، هەتا سەر کەلەکەی هاتبوو. دەتکوت خۆر و مانگە. لەگەڵ ئەوەی لە ئاسانسۆرەکەی هاتە دەرەوە سڵاوی کرد و منیش هەر وا سەیرم کرد. بە ڕاستی خەسرەو پەرویز ناحەقی نەبووە عاشقی ئەم کچە بووە. داماوی فەرهاد حەقی بووە کە پاش بیستنی هەواڵی مەرگی شیرین خۆی کوشتووە.

لەگەڵ ئەوەی ڕاوەستا سەیریم کرد و بەهاریش پێمپێدەکەنی و بابەک وتی:

– ئیشاڵڵا پاش هاوسەرگیرییەکەتان من گۆرەوییەکی واریستان بۆ دەکڕم.

بەهار – گۆرەوی واریس؟

بابەک – ئا ئێتر. ئارمین کاتێ ئێوە دەبینێ نیوکاتژمێر ڕادەوەستێ و سەیرتان دەکات. برا پێغەمبەرەکەمان تەواو بوو ئەوەندەت سەیرکرد. زۆری چاو لێ مەکە با تەواو نەبێت دەنا لەشی دەسوێتەوە و وردە وردە دەرزێت.

پێکەنین و چووین دانیشتین. بابەک چا و میوەی بۆ هێناین و ئەویش دانیشت و بەهار لە ناو جانتاکەی دوو قوتووی دەرهێنا و دای بە دەستمەوە و وتی:

– سەرەڕۆیانە کارێکم کردووە ئارمین. چووم دو دانە ئەنگوستیلەم بۆ هەر دووکمان کڕی.

ئینجا یەکێک لە قوتووەکانی کردەوە و پیشانی دام. ئەنگوستیلەیەکی پیاوانە

بوو. زۆر جوان و گرانبەها بوو. ئەوەی دیکەشیان ئەنگووستیلەیەکی زێڕی زۆر جوان بوو کە نگینی ئەڵماسی پێوە بوو.

- ئەمە من دەبێ بۆتی بکڕم.

بەهار – چ فەرقێک دەکا؟ دواتر چیت پێخۆش بوو بۆم بکڕە.

بـابەک – شـوکر بـۆ خـوا هاوسـەرگیریش لەگەڵ تەکنەلۆژیـا پێشکەوتووە و ئۆتووماتیک بووە. ژن هەموو کارێک دەکات. مێرد هەر پێویستە بڵێ بەڵێ.

دادە زێڕە – هەستە بڕۆین درەنگە. بۆ کاتژمێر پێنج و نیو سەرەدم گرتووە.

هەر پێنجمان لە ماڵ هاتینە دەرەوە. ئۆتۆمبێلەکەی بەهارمان لە پارکینگ دانا بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت. ئینجا بە ئۆتۆمبێل وەڕێکەوتین و پاش دە خولەک لەبەر دەم ئەو بینـایەی کە دادە زێـڕە پیشانی دایـن ڕاوەسـتاین و دابەزیـن و چـووینە ژوورەوە.

نووسـینگە بـوو. دادە زێـڕە تەلەفۆنی کـرد و پیرەمێردێـک دەرگـاکەی کـردەوە. بەهار بە دادە زێڕەی وت ئێوە بچنە ژوورەوە. دەیویست بە تەنیا لەگەڵ من قسە بکـات. کاتێـک ئەوان چـوونە ژوورەوە دەرگـای نووسـینگەکەی داخسـت و بە منـی وت:

- تماشـا ئـارمین هێشتا هـیچ نەبـووە، دەمەوێ بزانـی ئەوەی دەیـکەی زۆر مەترسیدارە. ئەوان بە دوامانـدا دێن و تووشی چەرمەسەری دێیت. ئەوان بە نیازی کوشتنی تۆ دێن. هێشتا هیچ نەبووە. دەتوانی لێرەوە بگەڕێیتەوە و هەمـوو شـتێک فەرامۆش بکەی و منیش دەچمە سەر ماڵ و حاڵی خۆم. بیری خۆتی بکەرەوە و ئینجا بڕیار بدە. ئێستا چی دەڵێی؟ دەزانی چێشت لێ بنێی؟

سەیرم کرد و پێم پێکەنی و وتی:

- ئارمین خۆشم دەوێی؟

دەستی یەکترمان گرت و چووینە ناو نووسینگەکە.

دادە زێڕە و بـابەک و ڕۆیـا بـوونە شـایەتی هاوسـەرگیرییەکەمان و لێـک مـارە کراین. ئەو ئەنگووستیلەی کە لە لایەن خۆیەوە بۆ منی کڕیبوو پێی دام و منیش

لیم وەرگرت و لە دەستیم کرد. پەنجەکانی ئەوەندە ناسک بوون کە دەترسام قامکی لە دەستمدا بشکێت.

کاتێک کە بەهار ئەنگووستیلەکەی لە قامکم کرد وتی:

- بۆ هەمیشە عەشقە کووژاوەکەی من.

هەموو چەپڵەیان بۆ لێداین و پیرۆزباییان لێکردین. کاتێک کە هاتینە دەرەوە دادە زێڕە وتی:

- ئەوەشەو هەمووتان میوانی منن. دەچمە کاباڕە.

بەهار لە ناکاو بێتاقەت بوو و بابەک وتی:

- گرنگ نییە. وەخت بۆ ئەمانە زۆرە. باشترە ئاهەنگەکە خراپ نەکەین. ئەوان نابێ بە هیچ بزانن.

دادە زێڕە – ڕاست دەکات. ئەمانە بۆ شەوێکی تر.

بەهار – لەو شوێنانەی کە قەرەباڵغە وەکوو کاباڕە نابێ دەربکەوم. خەتەرە.

دادە زێڕە – قسەکەت جوانە. دەی با لێرە بڕۆین.

سواری ئۆتۆمبێل بووین و گەڕاینەوە بۆ ماڵ. بابەک ئۆتۆمبێلەکەی بەهاری لە پارکینگ دەرهێنا و بەهار ماڵئاوایی لە هەمووان کرد و دادە زێڕە و بابەک. ڕۆیا چوونە سەرەوە.

بەهار سواری ئۆتۆمبێل بوو و دەرگاکەی دیکەی بۆ من کردەوە و بە منی وت سوار بم. هەر دووکمان سوار بووین و چووینە پشت ماڵی خۆمان. لە لای پارکەکە دابەزین و چووینە ناو پارک. هەوا تاریک داهاتبوو و بارانیش بە لێزمە دەباری. هەر دووکمان لە بن درەختێکدا لە سەر کورسییەک دانیشتین، بێ ئەوەی قسە بکەین. گوێمان بۆ دەنگی باران هەڵخستبوو. کەس لە پارک نەبوو. ئەوەی ڕاستی بێ کەمێک بێتاقەت بووم. پێم خۆش نەبوو بەهار لە لام بڕوات. پاش کەمێک بەهار دەستی گرتم و وتی:

- بۆچی ئیتر سەیرم ناکەی؟ لێم تۆراوی؟

پێی پێکەنیم.

بەهار – من زیاتر لە تۆ پێمخۆشە لە لات بمێنم. بەتایبەت ئەمشەو. بەلام نابێ. تۆخودا خۆت بێتاقەت مەکە. کە تۆ بێزاری منیش خەم دەخۆم.

- پێم خۆش نییە ئیتر بە جێم بێڵی.

بەهار – منیش پێم خۆش نییە.

- تۆ تازە هی منی.

بەهار – تۆش تازە هی منی. بۆ من ڕۆشتن ناخۆشە، بەلام چارە چییە. یانی چارەمان نییە. دان بە خۆتدا بگرە. ئاوا باشترە. من پێم خۆشە بە جلی بووکەوە بێمە ماڵی تۆ. نەک ئاوا تێدەگەی؟

- دەزانم.

بەهار – زۆرم خۆش دەوێی ئارمین.

- بۆچی بە عەشقی من دەڵێی عەشقە کووژاوەکە؟

بەهار – عەشقی تۆ عەشقێکی بێدەنگ و کپ و بەتینە.

دەموچاوی ماچ کردم و هەستا.

- کەی دێی؟

بەهار – زۆر زوو.

هەر دووکمان هەستاین و بەهار سواری ئۆتۆمبێل بوو و وتی:

- بیرم لێ بکەرەوە. بەردەوام بیرم لێ بکەرەوە.

وەرێکەوت. گەڕامەوە لە سەر کورسییەکە دانیشتم و سەیری ئەنگوستیلەکەمم کرد. چوو بۆ کوێ؟ بۆچی ئەوەندە زوو ڕۆشت. لە دڵمدا دۆعام بۆ کرد.

- شەوی پەردە زۆر خۆشە دڵ پرکەیف و خرۆشە ...

بابەک بوو. لە پشت سەرم ڕاوەستا بوو و پێدەکەنی.

- ئەرێ ئەوە بۆچی دەچمە هەر شوێنێک وەک مەیموون بە دوامەوەی.

بابەک – دە چی بکەم تۆیان بە من سپاردووە.

- دەرد.

بابەک – دڵت بەم شەو خۆش کردبوو؟ داماوی بەدبەخت. هەستە خۆم دەتکەمە

زاوا. تا منت هەبی خەم مەخۆ. منەتی ئەم ئافرەتانە مەکێشە.

ئەمەی وت و هاتە سەر کورسییەکە لە لام دانیشت و وتی:

- یاخوا من بمرم. هاواری عاشقان لە من. خۆت لە دار و دیوار دەدەی ژن دێنی دواتر خانم لێی دەدا دەڕوات. خۆ ئاگری هیچیشی پێ بڵێی. خوا دەزانی هێزی دیکەی چی هەیە لای ئێمە نایدرکێنێت. هەر دڵی بشکێنی دەبینی لە بەر خۆیەوە دۆعایەک دەکا دەمانکا بە مێش. جا هەر بگێزێنە. کێ گوێت بۆ دەگری کەس. جا زۆریش بگێزێنی مستێک دەدا بە سەرتدا دەتفلیقێنێتەوە.

- ماڵتە بێژم هاتەوە بابەک.

بابەک هەستا و جگەرەیەکی دەرهێنا و پرسی:

- چەرخت هەیە؟

- نا.

بابەک – ئاگرت پێیە؟

- نا.

بابەک – بەردی چەخماخەت هەیە؟

- گوو مەخۆ.

هەستا و لە بن درەختەکانەوە چووە ژێر باران و ڕاوەستا. جگەرەکەی نا بە لێویەوە و دەستی خستە گیرفانی.

- وەرە ژێر ئەم درەختە، لە ژێر ئەم بارانە خوڕەدا تەڕ دەبی.

بابەک – خۆم دەشۆم. تاقەتم نییە لە ماڵەوە بچمە گەرماو. هەر لێرە سەر و قژم خاوێن دەکەمەوە. دوای ئەوەش هەتا یەکێ جگەرەیەکم بۆ دانەگیرسێنی لاناچم. ئاواتێکیش لە دڵمدایە هەتا نەیەتە دی نایەم.

- چاوت دەرێ. ئەوەندە ڕاوەستە هەتا هەڵامەتەکە دەگری.

چەند خولەک هەر وا ڕاوەستا.

- وەرە ئەم لاوە کورە. سینە پاڵوو دەگری.

دیسانیش گوێی پێنەدام. پاش کەمێک لە دوورەوە دوو کچ دەرکەوتن و لەگەڵ

ئەوەی دەهاتن سەیری بابەکیان دەکرد و پێدەکەنین. بابەکیش هەر وا ڕاوەستابوو و لە جێی خۆی نەدەجوولا.

لەم کاتەدا کچەکان بە پێکەنینەوە هاتنە لامان و سلاویان کرد. یەکێکیان بە ئینگلیزی وتی:

- من ناوم ئانتەیە. ئەمەش هاورێمە.

بابەک – منیش ناوم بابەکە ئەمەش ئارمینە سەگەکەمە.

کچەکان پێکەنین و یەکیان وتی:

- ئێوەش وەکوو ئێمە بێتاقەت بوون هاتنە پارک؟

بابەک – ناوەلا ئەوە جار جار سەگەکەم دێنمە پارک.

دیسان کچەکان پێکەنین و وتی:

- بۆچی لەبەر ئەو بارانە ڕاوەستاون؟

بابەک – وەلا دەمویست فزوول بیبوورە ئاگرەکە تاقی بکەمەوە.

دیسان کچەکان پێکەنین و یەکیان لە ناو جانتاکەی چەرخەکەی دەرهێنا و جگەرەکەی بابەکی داگیرساند. بابەک سەیرێکی چەرخەکەی کرد و وتی:

- چەرخێکی جوانە، لە کوێ کڕیوتانە؟

کچە ئادرەسی دووکانەکەی دا و بابەک وتی:

- دەتوانم داواتان لێ بکەم پێکەوە بچینە ئەو دووکانە و پێم پیشان بدەن؟ من لێرە غەریب و ناشارەزام.

کچەکان سەیرێکی یەکتریان کرد و ئینجا سەیرێکی ئێمەیان کرد و ئینجا وتیان:

- ئەو دووکانە لە سەر ڕێمانە. خۆشحاڵ دەبین کە یارمەتیتان بدەین.

بابەک سەیرێکی منی کرد و زوو وتی:

- بابەک من لەگەڵت نایەم. بە ڕاستمە.

سەیرێکی منی کرد و بە فارسی وتی:

- قوڕ بە سەرت بێ بوخار. ئەو دەم ژنت نەبوو چی بوو ئێستا کە هەتە دەبێ چی بێ؟

ئینجا گەڕاوە بە کچەکانی وت:

- ببوورن خانمەکان. ئەمە کاتی کە دەبی جگەرە بکێشی دەچێتە تەرکەوە و کاتێک کە نابی جگەرە بکێشی سەویلەشی بۆ دابنێی دەیکێشێت.

کچەکان کە لە مەبەستەکەی تێگەیشتبوون پێکەنین و وتیان:

- دەی کەوایە ئێمە دەڕۆین. لە ئاشناییتان خۆشحاڵ بووین. کاتتان باش.

بابەک هەر وا کە ڕاوەستابوو و جگەرەکەی کێشا. کاتێک جگەرەکەی تەواو بوو و لە بەردەمم ڕاوەستا و بە تووڕەییەوە سەیری کردم.

- چییە؟

بابەک – هیچ.

- دەی بۆچی ئاوا سەیرم دەکەی؟

بابەک – دەمویست بزانم کەر چەند دانە گوێی هەیە و گوێی چەندە درێژە.

- دەچم بە ڕۆیا دەڵێم.

بابەک - بچۆ بیڵێ دایک سەگ.

- عەمرت نەمێنێ ئەوە قسەیە؟ پێت عەیب نییە ئەم کەری کەرییانە دەکەی؟

هەر وا کە ڕاوەستابوو سەیری کردم و منیش ڕووم کردە ئەو لا، دەستی کردە ناو گیرفانی بۆکسێک جگەرەیەکی دەرهێنا و دانەیەکی لە سەر لێوی دانا و وتی:

- دیسانیش بە دوای چەرخدا دەگەڕێم. بەڵام ئەگەر ئەمجارەیان یەکێ ویستی بمانباتە ئەو دووکانەی کە چەرخ دەفرۆشی لەگەڵم نەیەی باوکت دێنمە بەرچاوت.

کە ئەمەی وت بۆکسی جگەرە و جگەرەکەی لای لێویم لێ وەرگرت و وتم:

- ئیتر هیچ گوویەکت پێ ناخورێت.

بابەک – ئیتر دەستم بۆ هیچ ناچێ، هەتا کەسێکی سارد و سڕی وەکوو تۆ لەگەڵم بێت.

دانیشتبوو و سەیری درەختەکانی دەکرد. هەتا ئەوەی کە سێ دانە کچ لە دوورەوە هاتن. بابەک هەستا و چووە لای کچەکان و وتی:

- ببوورن خانمەکان تکایە یارمەتیم بدەن.

ئینجا دەستی کردە ناو یەکێ لە گیرفانەکانی و ڕیمێلێکی دەرهێنا و پیشانی کچەکانی دا و وتی:

- من کەرەسەی ئارایشتی ناناسم، ئەمەم بۆ دایکم کڕیوە، ئێوە لێی شارەزان سەیری بکەن بزانن مارکەکەی چییە؟

کچەکانی سەیری ڕیمێلەکەیان کرد و یەکیان وتی:

- بێگومان ئەمە مارکێکی باش و گرانبەهاشە. ڕەنگەکەشی سرووشتییە.

بابەک – خۆ فێڵیان لێ نەکردووم؟

- نا من خۆم پێمخۆشە لەم مارکە بکڕم بەڵام پارەم نییە.

بابەک – دەی ئەوە پێشکەشی ئێوە.

- بە ڕاستتە؟ بۆ من؟

هەر وا چاوم لێدەکردن و بابەک بە پێکەنینەوە سەیری دەکردم. یەکیان وتی:

- ناتاشا خۆزگەم بە خۆت. بریا ئەوە دەبووە هی من.

بابەک – تۆ خەفەت مەخۆ ئەوەتا بۆ تۆش.

دیسان دەستی کردەوە ناو گیرفانی ماتیکێکی دەرهێنا و دای بەو کچە و وتی:

- من کۆڵێکم لەمە لە ماڵەوە هەیە. ئەگەر بێن هەمووتان پێشان دەدەم.

کە ئەمەی وت یەکێک لە کچەکان وتی:

- باشە ماڵەکەتان لە کوێیە؟

بابەک هات قسە بکات هەستام و وتم:

- بابەک ئەوە من دەڕۆم.

بابەک – ماڵتە دە ڕاوەستە بۆ کوێ.

من ڕۆشتم و بابەک بە دوامدا هات و دیسان گەڕاوە و ڕمێل و ماتیکەکەی لەو کچانە وەرگرت و پێی وتن:

- ببوورن کچەکان. ئەمە خاڵمە. زانی دیاریی دایکم داوە بە ئێوە زیز بوو. ئەوە ئێستا دەچێتە لای دایکم گلەییم لێ دەکات.

ئینجا لە کاتێکدا بە دوامدا ڕای دەکرد پێم وت:

- سبەی شەو وەرنە ئێرە کولێکتان بۆ دێنم.
گەڕامەوە سەیرم کرد. پێدەکەنی و بە دوامدا هات. کچەکان هەر وا سەیریان دەکرد و لە ئێمەیان دەڕوانی. کاتێک کە گەیشتە لام وتی:
- یاخوا دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکا ئارمین. تماشا چۆن گاڵتە بە ژیانی من دەکەی؟
- بابەک – بە ڕاستی تۆ چیت؟ ئەمانەت لە کوێوە هێنا؟
لە کاتێکدا پێدەکەنی وتی:
- ئەمانە دیارییە بۆ ڕۆیام کڕیبوو.
- بۆیە دەتدا بەو کچانە؟
بابەک – چ فەرقێک دەکا؟ هەموو خێر و بێری خوان.
لەبەر پێکەنین ژانم کردبوو.
- گوو مەخۆ تۆ پیس بووی.
بابەک – تماشا داخوا بڵێ ئەو کچانە چەندت جوێن پێ بدەن، کە نەتهێشت ئەو ڕمێل و ماتیکە بۆ ئەوان بێ؟ باشە ئەوە پێم ناڵێی بۆ ئاوا توند توند دەڕۆی؟
- دەترسم ئەم جار چوار کچمان تووش بێت.
بابەک – کوڕە مەترسە هەتا ئارەزوو نەکەم نایەتە دی. منیش ئیتر ئارەزوو ناکەم. هەموو ئاواتەکانمت بە با دا. من ئارەزوو دەکەم تۆ دەیکەی بە هیچ.
ئینجا ئاوڕێکی داوە و لە ناکاو بە منی وت:
- ئارمین هەڵێ. ئەو کچانە بە دوامانەوەن دەیانهەوێ بزانن ماڵکەمان لە کوێیە بێن، کەرەسەی ئارایشییەکانمان لێ وەربگرن. هەڵێ من هەمیشە بە ئاواتەکانم دەگەم ئەمجارەیان ئاواتەکانم بە من دەگەن. هەڵێ پێمان گەیشتنەوە.
بە پێکەنینەوە گەیشتینەوە ماڵ. ڕۆیا ڕۆشتبوو. بابەک بە دادە زێڕەی وت:
- دەی خۆ ڕۆیا ڕۆشت. ئێوەش وەک کچێکی چاک شەوباشێکمان پێ بڵێن و ددانەکانت بشۆ و بچۆ بخەوە. چوونکە من و ئەم کوڕە هەتا بەیانی چالاکیمان هەیە.
دادە زێڕە پێکەنی و وتی:

- ناتانهەوێ پاشماوەی بەسەرهاتەکەمتان بۆ بگێڕمەوە؟

بابەک – دیسان بە تەمای شەوانە هەقایەتمان بۆ بگێڕیتەوە و لە کار و ژیانمان بخەی؟! بووینەتە زاهید و تۆبەکاری تۆ. لەم چەند ڕۆژەدا هیچ تاوانێکمان نەکردووە. هەموو ئەو وزەی لەم چەند ساڵەدا کۆمان کردبۆوە فەوتا.

دادە زێڕە پێکەنی و وتی:

- بابەک شلۆوغە. هەر وایە یان هاتووەتە ئێرە وای لێ هاتووە؟

- هەر لە منالییەوە وابووە. زۆرم ئەزیەت دەکا. ئەگەر بزانی ئەمشەو لەو پارکە چی کرد؟

بابەک – ئەوە واکسینێ لێ دەدەم با ئەگەر دووسبەی ژنی هێنا هیچی لێ نەیەت.

ئینجا ڕۆشت و چەند دانە چای هێنا و یەکیانی دا بە دادە زێڕە و یەکیانیشی دا بە من و وتی:

- بیخۆ کاکە گیان با هێزت بێتەوە بەر. هەرچی ئەزیەتت بکەن حەقتە.

دادە زێڕە – بۆچی ئەوەندەی ئەزیەت دەکەی؟

بابەک – چوونکە زۆرم خۆش دەوێ. پیاوی بەستەزمان دەبێ بدەی بە سەریدا با هەر گەوج بێت. باشم لە بیرە لە قوتابخانە من شلۆوغیم دەکرد یەخەی ئەمەیان دەگرت.

دادە زێڕە – بۆ لەگەڵ یەکتر بوون لە قوتابخانە؟

بابەک – قوتابخانە و پۆل هیچ، لە سەر مێزێکیش دادەنیشتین. ئەمە دەرسخوێن بوو. من بزۆزیم دەکرد و نەمدەهێشت هۆشی لە سەر دەرسەکەی بێ ئەمەش لای باوکی باسی دەکرد. باوکیشی هەر سێ ساڵ جاری پۆلەکەی دەگۆڕی بۆ ئەوەی لای من نەبێت. منیش دەچووم بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم دەوت، مامۆستا ئەم پۆلەی من کوڕی بێ‌ئەدەبی تێدایە منیش وەکوو خۆیان لێ دەکەن. ناکری پۆلەکەم بگۆڕن؟

بەڕێوەبەری داماو هیچی نەدەوت و منی دەنارده پۆلەکەی ئارمین. ئیتر لە

دەستم دەرنەدەچوو. دەچووە هەر کوێ وەکوو سێبەر بە دوایەوە بووم. ئەمە دەرسی دەخوێند من دەرەجەی ٢٠ وەردەگرت. لە کاتی تاقیکردنەوەکانیدا دەچوومە لای دادەنیشتم و لە ڕوویەوە کۆپیم دەکرد. ئەمیش بە هۆی منەوە کەس نەیدەوێرا لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێت. باشم لە بیرە مامۆستایەکمان هەبوو خەڵکی شیمال بووم. پێموایە خەڵکی ڕەشت بوو. فەقیرە پیاوی چاکیش بوو، باشیش دەرسەکەی دەوتەوە، بەڵام زاراوەی شیمالی هەبوو. منیش هەمیشە لە سەر پۆلەکەی ئەو چەند دانە مێشم دەگرت و دەمهێنایە قوتابخانە. ئینجا لە سەر پۆل ڕیقنەی مێشەکانم دەردەهێنا و لەتە کاغەزێکی بچووکم پێوە دەنووساند بە قوونیانەوە. ئینجا هەڵمدەفڕاند. ئیتر قوتابییەکان بە هەواوە سێ لەتە کاغەزیان دەبینی. هەندێ جار پەتێکی سپیم بە قاچی مێشەکان دەبەست و بەرەڵام دەکردن. مامۆستا داماوەکەمان سەیری دەکرد و دەیبینی چەند دانە پەتی سپی بە هەواوەیە، کە بەم لا و ئەو لای پۆلەکەدا هاتووچۆ دەکەن. مێشەکان پاش ئەوەی ماندوو دەبوون لە شوێنێکدا دادەنیشتن منداڵەکان دیسان هەڵیاندەفڕاندن. دواتر کە دەیزانی ئەمە فێتی منە پێی دەوتم توخمی سەگ.

جارێکی تر چەند دانە مێشم لە ماڵەوە هێنا و هەر کامیانم دەخستە توێ لوکە و هێنامە سەر پۆل. کە سەرەی ئەم مامۆستایە دەهات لوکەکانم تەڕ دەکرد و فڕێم دەدایە سەقفی پۆلەکە. لولەکان دەنووسان بە سەقفەکەوە. پاش چارەکێک لوکەکان وشک دەبوونەوە و دەنگی گیزە گیزی مێشەکان دەهات. خۆ یەک و دووان نەبوون. دە دوازدە دانە مێش بوون. سەمفۆنیایەکیان سازکردبوو، کە چایکۆفسکی دەبا بهێنایە و کەیفی بکردایە. پۆل کە بێدەنگ دەبوو و مامۆستا کاتێک کە دەیویست وانەکەی بڵێتەوە یەکیان کەمانی لێدەدا یەکیان ساکسیفۆنی لێدەدا یەکیان ترامپێتی لێدەدا و ئەوانی تر گۆرانیان دەوت. منداڵەکان بە قەستی بێدەنگ دەبوون، بۆ ئەوەی دەنگەکەی خۆشتر بێت.

مامۆستاکەمان نیوکاتژمێر بێدەنگ دەبوو، هیچی نەدەوت و بە سەر خۆی نەدەهێنا. منداڵەکان کەمێک بێدەنگ دەبوون و کاتی مێشەکان پێکەوە ویزە و

گیزەیان دەهات دەتریقانەوە. مامۆستا کاتیک کە دەیزانی دەرسی بۆ ناوتریتەوە، کەچەکەی توورڕ دەدا و ئینجا بە منی دەوت ستوودە وەرە ئیرە. منیش لە سەر خۆیانە دەچووم بەر تەختە ڕەش بە ئەسپایی دەستی لە سەر شانم دادەنا و دەیوەت: "من پرسیارت لی دەکەم پیاوانە وەلامم بدەرەوە. ئەگەر راستەکەم پی نەلیی ئەوە بە سلامەت، ئەگەر نا شەقەزللەیەکت لی دەدەم."

وتم فەرموو مامۆستا. وتی: "خۆ من دەزانم ئەم لۆکە و میشانە بەزمی تۆیە، بەلام ماومەتەوە چۆنت لەو سەقفە نووساندووە؟"

خۆم لەبەر پیکەنین قرتام. هاتم بلیم مامۆستا من وام نەکردووە، وتی: "ستوودە حاشا مەکە سەگباب." زانیم توورەیە. ئەگەر بلیم نا تیمهەلدەدا. ئەوە بوو کە راستەکەم پی وت و خۆم بۆ تیهەلدان ئامادە کرد، کە خۆشی پیکەنی و وتی: "شەیتانیش تەکنەلۆژیی ئاوای بە میشک ناگات." ئەو ڕۆژە مامۆستای دەرسی نەوتەوە و ئەو ڕۆژە گویمان بۆ سامفۆنیای گیزە گیزی میشەکان راگرت و پیکەنین. یادی بە خیر ڕۆژیکی خۆش بوو. لە بیرتە ئارمین؟

- شاکارەکانتم لە بیرە.

بابەک – مامۆستایەکی چاک بوو و ئەوساڵە دوو نمرەم کەمتر گرت چووم بۆ لای و ئەویش چووە لای مامۆستاکە بۆم پاراوە و دوو نمرەی بۆ وەرگرتم.

دادە زیرە لە بەرە پیکەنین ژانی کردبوو.

- ئەری بابەک دیلی دادە زیرە بەسەرهاتەکەی بگیریتەوە؟

بابەک – ئیستا نا. با نانی شیومان بخۆین و ئینجا بچین بۆ گەرماو و بچینە ناو پیخەفەکەمان. بچۆ میزەکەت بکە با لە کاتی بەسەرهاتەکەدا ئەگەر خەوت لیکەوت تاقەتم نییە هەستم بە پاوە ڕاتکرم.

- بی ئەدەب.

**بەشە حەڤدەهەم**

نانی شێومان خوارد و کارەکانمان کرد، چەند دانە چامان هێنا و بردمانە ناو هۆڵەکە، دادە زێڕە لە فکردا بوو. هێدی هێدی چاکەی خواردەوە و هیچی نەوت. پاش کەمێک دادە زێڕە جگەرەکەی داگیرساند و دەستی کرد بە کێشانی جگەرەکەی. ئینجا دەستی کرد بە قسە کردن.

- ئەوانەی بۆم گێڕانەوە لە بیرتان ماوە؟

بابەک – هەمووی. بەتایبەت سێکانسە فێرکارییەکانی. ئەوانەمان لێ بپرسی وەک بلبل هەمووی دەڵێینەوە. پەنجا جارم دەور کردەوە. بەڵام ئەم ماوە کاتمان نییە بە شێوەی کردەیی بچینە تاقیگە فێر بین. دیمەنەکانمان لەبەرە وەلی کردەییەکەی نازانین.

دادە زێڕە – باش کەم درۆ بکە.

بابەک – مامۆستا بە گیانی تۆ دەرگای تاقیگە داخرابوو دەنا ئیمە تەمەڵ نین. بەڵام لە سبەی شەوەوە دەرسە دواکەوتووەکانمان دەور دەکەینەوە.

دادە زێڕە پێکەنی و وتی جا گوێ بگرن.

دوامژی لە جگەرەکەی داوە و جگەرەکەی کووژاندەوە و لەگەڵ ئەوەی دووکەڵی جگەرەکەی لە لووتییەوە دەدا دەرەوە وتی:

- هەتا ئەوەم وت کە ئەو پیاوە پاش خوازبێنی لەماڵمان چووە دەرەوە. خوشکە گەورەکانم قەڵس بوون، بەڵام باوکم فێڵەباز بوو. دایکم چای بۆ تێکرد. چاکەی هەڵقووڕاند وتی: "نەماندەتوانی وەڵامی نای پێ بدەینەوە. ناکرێ کچ بهێڵدرێتەوە. هاتوو بەختی خوشکە گەورەکانی نەکراوە. خۆ ناکرێ ئەم داماوە بەختی رەش

بێت."

بەم قسانە ویژدانی خۆی حەساندەوە و هەمیش شەقێکی لە داب و نەریتەکان هەڵدا.

بۆ بەیانییەکەی پاش نانی بەرچایی چوومە ژوورەکەی حاجی. کە چوومە ژوورەوە پرسی دوێنێ چ بوو؟ هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. چووە فکرەوە. ئینجا هەستا لە ناو قاسەکەی دوو سێ دانە گەڵای پێنج تمەنی پێدام و وتی زێڕە گیان شتێکت پێ دەڵێم نا مەڵێ و دڵم مەشکێنە. ئەوە تۆ جیازیشت دەوێ. ئەم دە تمەنە بگرە و کارێکی بچووکم بۆ بکە." وتم: چی بکەم. وتی: "دانیشە با پێت بڵێم." دانیشتم و وتی: "ئەم دە تمەنە مووچەی دوو مانگی باوکتە. زێڕە پارەیەکی زۆرە ها!" سەیرم کرد وتی: "جا جوان گوێ بگرە بزانە چیت پێ دەڵێم" سەری داخست و لە گوێمدا سرتاندی. دەستی کرد بە گەوجە گەوجە و هەندێ شتی لێم ویست کە لە جێی خۆم ڕاچڵەکیم. کە زانی خەریکم دەڕۆم وتی: "بە جەهەندەم پێنج تمەنی تریشی پێوە زیاد دەکەم."

گوێم پێنەدا هاتمە دەرەوە. کە قاچم خستە ئەو دیوی ژوورەکە بینیم ئەوە ڕۆژی حەشرە. دادە کوبرا دەستی گرت بە گوێیەوە و هەتا هێزی تێدا بوو قیژاندی.

لە پڕ خوشکەکانم ڕژانە سەری و باشیان لێدا. یەکیان قژی دەکێشا، یەکیان گازی لێگرت. یەکیان چنگی لێدەگرت. ئیتر بە هەر لایەکدا دەسووڕاوە دانەیەکیان تێهەڵدەدا. دەر و جیرانەکان ڕژانە ژوورەکەمان و دادە کوبرایان لە دەستی خوشکەکانم دەرهێنا، دادە کوبراش دەستی کردن بە جنێودان و جوێنی واوای دەدا پیاو لە تەرێقیدا دادەڕزا. پێم خۆش بوو دانەیەکی لێدەم. بەڵام قسەکانی هەموو ڕاست بوو. چاوەکانی نووقاند و بە قیژە بە دراوسێکانی وت "قوڕ بەسەرەکان ئەوە کوێرن نازانن کچی ئەم دێڵە قاحبە گەرەکیان حەساندوتەوە؟ ئێرەیان کردووە بە قاحبەخانە. سەد ڕەحمەت بە گەرەکی .... ئەگەر لە دەرەوە سۆزانییان بکردایە قەیناکە. هەموو ڕۆژێ دەخزێنە باغەڵی مێردەکانمان. خۆ یەک و دوانیش نیش هەموویان خەریکن شوکر."

ئینجا دەمی کردەوە و جوێنێکی بە دایکم دا و وتی: "بوویەتە بەڕێوەبەری قاحبەخانە. نانی ... چاک بە دڵتەوە دەنووسێت؟ بە مێردە گەوادەکەت بڵێ ملی بەرز بگری. هەر کات لە ژوور دەچێتە دەرەوە هەر کام لە دادە ... دەخزێنە ناو ژوورێک. دەچمە لای کۆمیسێر شکات دەکەم.

ئەمانەی وت خوشکەکانم ڕژانەوە سەری. دراوسێکان لێکیان کردنەوە و دووان لە پیاوەکانیش کە نەچبوونە سەر کار هاتنە پێشەوە و چوون پێشی دادە کوبرایان گرت. هەر یەکەو شتێکی پێ وت. یەکیان وتی "کچێ حەیا بکە، شوورەییە" یەکیان وتی "دەمت داخە. ئەوە نیرەیی بە کچەکەیان دەبەی کە شوو بە کەسێکی باش دەکات؟" لە پڕ حاجی نیعمەت لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و ئەویش پەرییە سەر دادە کوبرای داماو! بە تانە و توانجەوە وتی "قەحبە بۆچی وا دەڵێی؟ ئەم ماڵە ماڵێکی باش و نەجیمن و هاتوونەتە ئەم ماڵە. چاکە نەبێ هیچمان لێ نەدیون. هەموویان چاکن. هەموویان میهرەبانن. هەستە سمت و قونەت کۆ کەوە پیاوانە نەتبینن."

ئەمانەی وت و بزەیەکم بە لێوی ئەو دوو پیاوەی دراوسێوە بینیوە. خوشکە گەورەکەم سەیرێکی کرد و پێکەنی. ئینجا حاجی بە دایکم و ئێمەی وت: "ئێوە تەشریف بەرنە ژوورەوە دێلە لە بەیانییەوە خوا بە گژیدا چووە و هەر گوویەک لە دەمی دەرهات کردی. فەرموون من دوایی سزایەکی باشی دەدەم."

بە بیستنی ئەم قسانە سەرم سووڕما. دادە کوبرا قسەکانی درۆ نەبوو، بەڵام هەموو دەمکوتیان کرد. دواتر زانیم ڕووداوەکە چی بووە و بۆچی پیاوەکان لانی ئێمەیان گرت. حاجی ئەوە دیار بوو جەرەیان چییە. خوشکەکانیشم ئیشیان بۆ دەکرد و پارەیان بۆ دەگەیاند. ئەو دوو دانە پیاوە دەترسان ئەگەر هەموو شتێک لەقاو بدری ئەوە لەوانەیە ئێمە لەو ماڵە بکەنە دەرەوە و هیچیان پێ نەمێنێت. بە چاوی خۆم دەمبینی کە چۆن حەقیان دەکردە ناحەق. دادە کوبرای داماو هیچی نەوت و چارشێوەکەی بە خۆیەوە ئاڵاند و بەرەو ژوورەکەی وەڕێکەوت. کاتێک لە لای من تێپەڕی سەیرێکی کردم کە بە ڕاستی شەرم گرتمی. ئیتر ئەوێم لە بەر

چاو کەوت. خوا خوام دەکرد ئەو کابرا بێ ماردم بکا و بمگوێزێتەوە و بمبات. ئیدی تاقەتی بیستن و بینینی ئەمانەم نەبوو. بەتایبەت ئەوەی هەموو شتێک ئاشکرا ببوو. خوا باوکم عافوو بکا لە دیوە هەڵمانیگرت و هێنامانییە ئێرە.

بە کورتی کابرا بە دوو پۆلیسەوە هاتە بەر دەرگای ماڵمان. باوکم پێی سەیر بوو. کابرا دەیویست هەڵمگری و بمبات. باوکم دەیویست لە پێشدا ماردم بکا و پاشان لەگەڵ یەکتر بچین. بەڵام ئەو کابرا وتی: ئەرەکەی وەپێش کەوتووە و دەبێ هەر ئێستا بڕوات. وتی کاری دەوڵەت قسەی لەگەڵ نایە. باوکم هات بیکاتە منگە منگ کابرا کۆتەکەی لادا و باوکم چاوی بە پارابلۆمەکەی کەوت. باوکم بە بینینی ئەم تفەنگە ڕازی بوو.

سەرتان نەهێشێنم. دایکم پڕیسکەیەکی بۆ پێچامەوە و بیست تمەنی پارە پێدام و بەرەو ماڵی مێرد بەڕێی کردم. ئەمە بووە خوازبێنی و شیرینی خوران و دەزگیرانداری و مارەبڕین و بووکێنیی ئێمە.

ترسم لێ نیشت. گریانم هات. لە ترسی بنەماڵەکەم نەمدەوێرا جیا ببمەوە. هەر چییەک بێ بوومە خاوەن بنەماڵە. ڕەنگە بۆ یەکەم جار یان دواجار بوو کە باوکمم لە باوەش کرد. هێشتا بۆنی عارەقەی ماندوویتی و ڕەنجەکەیم لە بیرە. کاتێک باوەشم پێدا کرد حاڵەتێکم لێهات ئامادە نەبووم بە هیچ شتێکی بگۆڕمەوە. پێم خۆش نەبوو لە باوەشی بێمە دەرەوە. خۆ شۆخی نییە پاش چواردە پازدە ساڵ باوکمم لە باوەشی کردم. ئێوە نازدارن لە من تێناگەن. لەوەتەی لە بیرتانە خۆشەویستی دایک و باوکتان بوون و لە هیچتان کەم نەبوو. ئێمە ئەوکات ئەگەر پێکەنینمان بە سیمای باوکمانەوە ببینیبایە ئەو ڕۆژە شاییمان بوو.

ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە ئەم خەڵکەی ئێمە چ ڕۆژانێکیان تێپەڕاندووە، کە گەیشتوونەتە ئێرە و هەندێ شتیان لێ ئاشکرا بووە.

ئەگەر بمانویستایە کەمێک ئاسایشمان هەبێ، ئەگەر بمانویستایە کەمێک ڕێزمان لێ بگرن، ئەگەر بمانویستایە چوار دانە قوتابخانەمان هەبایە، ئەگەر بمانویستایە چەند دانە پزیشکمان هەبێ، ئەگەر بمانویستایە ئاوی خاوێنمان هەبێ، ئەگەر داوای

یاسایەکان کردبایە، ئەگەر رابواردنمان بە مافی خۆمـان بزانیبایە، ئەوە چوار پێنج دانە کەڵەگـا بە ســەرمانەوە بـوون و فەرمـان و ڕێکرییـان لـێ دەکـردین، ئەگەر بمانویستایە لە پیری و کوێریدا ئەرخایەن بین و لە برسێتیدا نەمرین تووشی چ داماوییەک دەبووین.

ئێستاش کە خانەنەشین دەبین دەبێ بچین بە دوای ئیشێکی دیکەدا، چوونکە خەرج و داهاتمان یەک نییە. لای ناخێر ژێر قوونیشمان هەر نەوتە. تۆ سەیری ئەم بیانییانە بکە. کە ئیشەکەیان تەواو دەبێ لە پشوو و ڕابواردنی خۆیان خۆش نابن. کە لە سـۆزی دایکـی چاپۆشـی بکـا لە گەڕان و ســەیرانی خـۆی خـۆش نـابێ. کە خانەنشینیش دەبـێ سەفەر و گەڕانـی دەستەبەرە. کە نەخۆشـیش دەکەوێ بیمە هەمـــوو خەرج و مەســـرەفەکانی دەداتەوە. هەتـــا ئەو ڕۆژەی مـــاوە ژیـــانی دەستەرەبەرە.

چوونکە وەکوو مرۆڤێک قبوولیان کردووە، چوونکە خۆشیان خۆیان وەکوو مرۆڤ قبوولە. لە مافەکانی خۆیان ئاگادارن. جا ئێستا ئێمە دەچینە قوتابخانە دەبێ زمـانئامـان بـین، کە نەکـا شتێک بڵێین جەنـابی بەرێوەبەر پێـی نـاخۆش بـێ و منداڵەکەمان ناونووس نەکا، یان ئەگەر کردیشی لەگەڵیان بە خراپی هەڵسووکەوت بکات. ناو ئیدارەکانیش هەر ئەم بەزمەیە.

بابەک – دادە زێڕە بە قوربانت بم. ئێمە سەرەتای گەنجێتیمانە. دێن دەمانگرن. ئەم قسانە مەکە.

دادە زێڕە پێکەنی و جگەرەیەکی تری لە بابەک وەرگرت و دایگیرساند و وتی:

ئیتر لە باوەشی باوکم هاتمە دەرەوە و سەیرێکم کرد. دوو دڵۆپە فرمێسک لە چاوەکانی تکانە خوار و ڕیشی تەڕ کرد.

لێرەدا کەمێـک چاوەکـانی نووقانـد و کاتێـک چـاوی کـردەوە فرمێسـکەکانی ڕوومەتیان تەڕ کرد.

ئینجا مژێکی لە جگەرەکەی دا و وتی:

- دەی لەوانە گەڕێین. سەرتان نەیەشێنم بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە ماڵاوییم کرد.

دوایین کەسێک کە ماڵاواییم لێ کرد خوشکە گەورەکەم بوو. لە ئامێزی گرتم و وتی یاخوا زێڕە بەختەوەر بی. خۆ ئێمە کەوتینە ڕێگەی چەوت. بەڵام ئینشاڵا تۆ تووشی ئاکامێکی باش دێیت."

ئەمەی وت بە گریانەوە چووە ژوورەوە. هیچم بۆ نەوترا و دڵێکی پڕ لە خەمم بوو، کە پێم خۆش بوو بقیژێنم. جا ئەوە قیژاندیشم کێ دەیبیست. ئەو کابرا دوو سێ کۆکەی کرد وەک شتێک کە درەنگە. ئینجا هاتە پێشەوە بە بە قوربان و ساقە وتنەوە بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکە بردمی. ئەو بە قوربانت بم و بە ساقە بمانەی دڵگەرمی دەکردم. بە خۆمم وت بەز نییە مێردێکی باشم گیر کەوتووە و دەتوانم پاڵی پێوە بدەم.

دایکم قورئانی بە سەرمدا گێڕا و سواری ئۆتۆمبێل بووین و ڕۆشتین. لە شووشەی ئۆتۆمبێلەکەوە سەیری دواوەم کرد. دایکم بینی کە خەریکە دەگری. دەفرێک ئاوی بە دوای ئۆتۆمبێلەکەدا ڕژاند. باوکم دەستی گرت بە چاوییەوە کە نەکا ببینرێت. خوشکەکانیشم بە گریانەوە دەستیان بۆ ڕادەتەکاندم و دراوسێکانیش دەورەیان دابوون. کە ئۆتۆمبێلەکە بای داوە بۆ ناو کوڵانێکی تر ئیتر ئەم دیمەنانە نەمان. دەستم کرد بە گریان. یەکەم جار بوو کە لە بنەماڵەکەم جیا دەبوومەوە ئەویش ئەو جیابوونەوە. لە لایەک لەم لاوە دابراوم و لە لایەکەوە لەو لا دابڕام و نەمدەزانی چی بە چییە.

بە هەر جۆرێک پێشی گریانی خۆمم گرت، نەکا مێردەکەم پێی ناخۆش بێت. کەمێک چووینە پێشەوە یەکێک لە پۆلیسەکان دابەزی و ئێمە وەڕێکەوتین. من و مێردەکەم لە دواوە دانیشتبووین و پۆلیسەکەی دیکە لە پشت فەرمان بوو. چارەکێکی پێنەچوو لە تاران هاتینە دەرەوە و چووینە سەر جادە. جادەیەکی تارێک و تۆزاوی. کاتتان نەگرم پاش دوو ڕۆژ گەیشتینە باشوور و سەفەر کۆتایی هات.

شەوێک لە ڕێگادا بووین. تەواوی سەفەرەکەم ئەوە بوو کە لە ناو جادەدا بووین جار جار کامیۆنیشمان دەبینی. ئیتر لە ناو ڕێگا زۆرم ئازاری ڕۆحی چەشت. ئەو

منی بە ژنی خۆی دادەنا، بەلام من نارەحەت بووم چوونکە لە رووی شەرعییەوە ژنی نەبووم، دلم خراپ ببوو و نەمدەتوانی هیچی پی بلیم. ئەویش وازی لیم نەدەهینا.

نزیکەی نیوەڕۆ گەیشتینە شوێنێک کە شار نەبوو، بەلام لە دیکەی خۆمان گەورەتر بوو دێیەکی ئاوەدان بوو و بە ناو شار بوو.

ئۆتۆمبیلەکە ڕۆشت و گەیشتە ناو باغێک و ئەو ئاجانە هوڕنی لیدا و پیرەمێردێک دەرگاکەی کردەوە و سەیرێکی کردین، تاکەی تریشی کردەوە و ئێمە چووینە ناوەوە و دەرگای باغەکەی داخرا. لە ناو ئەو ئۆتۆمبیلەدا دەورووبەرم سەیر کرد. باغێکی گەورە بوو و پڕ بوو لە درەختی خورما. مەلەوانگەیەکی زۆر گەورە ئەولاتر لە بەر بینایەکی سپی و گەورە بوو. هەلبەت دواتر زانیم پێی دەلێن مەلەوانگە. پێشتر ئەمانەم نەمبیستبوو. لە ناو ئەو باغەدا سێ دانە بینای تێدا بوو. یەکیان زۆر گەورە و دووانەی دیکەیش گەورە بوو.

چکۆلەکان لە خوارەوەی باغەکە بوون و گەورەکە لە ناوەڕاست بوون. شوێنێکی زۆر جوان بوو. وتم: کاک جەلال ناوی جەلال بوو. ئیتر پاشناوەکەی نالیم. وتم کاک جەلال ئێرە کوێیە؟ خەلکەکەی لەگەل خەلکی دەرەوە فەرقیان هەیە. پێکەنی و وتی: "ئێرە هۆتێلێکی گەورەیە. هەر پیاوماقوولەکان دێن بێتە ژوورەوە." ڕاستیشی دەکرد لە ناو شار کە تێپەڕ دەبووین خەلکەکەی وەکوو خەلکی گوندەکەی خۆمان ژنان چارشێو و ڕووبەندی عەرەبی و پیاوەکانیش دەشتاشە. هەلبەت لە دێکەی ئێمە پیاوان دەشتاشەیان لەبەر نەبوو. بەلام لێرە ئەو پیاوانەی کە لە بەر دەم بینا هاتوچۆیان دەکرد کات و پانتۆلیان لەبەر بوو، ژنانیش بێ حیجاب و بە جلی ڕووتەوە هاتووچۆیان دەکرد. وتم کا جەلال ئەوە ئەو ژنانە بۆ ئاوا ڕووتن؟ وتی "ئەمانە بیانین خۆ ئێرانی نین."

ئۆتۆمبیلەکە گەیشتە بەر بینا گەورەکە و ڕاوەستا. کاک جەلال بە منی وت تۆ لێرە لە ناو ئۆتۆمبیلەکە دانیشە ئەوە من دەچم ژوور دەگرم. دابەزی و ڕۆشت. پاش دە خولەک لەگەل پیاوێکی قەلەو و نیوە ئێرانی نیوە عەرەب کە بنزاراوەی

هەبوو گەڕاوە. ئەو کابرایە لە پشت شووشەکەوە کەمێک منی سەیر کرد و ئینجا دەستی کرد بە قسە کردن لەگەڵ کاک جەلال. ئینجا هەر دووکیان چوونە ژوورەوە. لە ئاژانەکەم پرسی ئەمانە چییان وت؟ وتی "کاجەلال خەریکە لە سەر ژوورێکی هەرزان بایی چەرم و چوونی لەگەڵ دەکات." پاش کەمێک کاک جەلال هاتەوە و هات دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی کردەوە و بە منی وت: "دابەزە هەموو شتێک جێبەجێیە." شتەکانمم هەڵگرت و چارشێوەکەم ڕێک کرد و دابەزیم. چەند دانە ژن ڕاوەستا بوو و سەیریان کردم. منیش ملم بەرز گرت. خۆ هیچم لەوان کەمتر نەبوو. لای ناخێر مێردەکەم پیاوی دەوڵەت بوو و ئۆتۆمبێلی دەوڵەتیش لە ژێر پای بوو. هیچمان کەمتر نەبوو.

کاک جەلال دەستی گرتم و لە پلیکانەکانەوە بردمییە ناو بیناکە. شوێنێکی خۆش بوو. دەتکوت گوڵە. تەرکی بیناکە مزاییک، دیوارەکانی سپی دەتکوت بەفرە. دیوارەکانی تابلۆکاری کرابوون. هەموو شوێنێ پڕ بوو لە گوڵدانی گەورەی گوڵ. ئاکواریۆمێکی ئاوێنەئاسای هەبوو و ماسی تێدا بوو. سەرسام بووم و سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد و کاجەلال وتی ئەو بیست تمەنەی وا دایکت پێیدای بمدەیە ئێرە جێی متمانە نییە نەکا ون ببێت.

دەستم کردە ناو پرێسکەکەم و بیست تمەنەکەمم دەرهێنا و پێمدا، دیسان سەیری ئەو دار و دیوارەم دەکرد. کا جەلال وتی تۆ بچۆ لە سەر مۆبلێک دانیشە هەتا شتەکان دێنم.

من هەتا ئەو کاتە مۆبلم نەبینیبوو. کورسیم بینیبوو. بە هێمنییەوە لە سەر یەکیان دانیشتم و پرێسکەکەم لە لای خۆم دانا. ئەوەندە ژێرم نەرم بوو. لە گەرمای باشوور پەنکەکان کاری دەکرد و ئەو شوێنە ببوو بە زمهەریر. پێمخۆش بوو دانەوێمەوە ئەو عەرزە ماچ بکەم کە خوا مێردێکی ئاوای بە قسمەتم کردووە.

لەگەڵ ئەوەی دانیشتبووم سەیری ئەم لا و ئەو لام دەکرد، ژنێکی باڵابەرز و جوانی بیانی هاتە ژوورەوە و بە فارسییەکی خوار و خێچەوە پێی وتم: هەستە بزانم.

زانیم بەڕێوەبەری ئەو شوێنەیە. هەستام و وتی: "ناوت چییە؟" پێم وت. وتی: "تەمەنت چەندە؟" ئەوەشم پێ وت سەیرێکی کردم و سەیرێکی لەقاند و ڕۆشت. هاتم دانیشم ئەو کابرا عەرەبەی کە لەگەڵ کاک جەلال قسەی دەکرد لەگەڵ ژنێکی قەڵەو هاتە لام. دیسانیش هەر وا کە ڕاوەستابووم. هەر دووکیان سەیریان کردم و پێکەوە قسەیان کرد. بە عەرەبی یەکتریان دواند. ژنە بە پێداگرییەوە وتی: "عەباس". کە ئەمەی وت پیاوێکی زل هاتە ژوورەوە و وتی: "بەڵێ دادە حیشمەت؟" پێی وت "ئەم شڕ و شیتاڵانە لە دەستی بستێنن و فڕێی دەنە دەرەوە".

ئەوە من دەڵێی؟ سەیرێکی دەوروبەرمم کرد کە شڕ و شیتاڵ چییە ئەو دێلە دەیڵێ؟ تۆ مەڵێ ئەمە بە چارشێو و پڕێسکەکەی من دەڵێ. بە هۆی ئەوەی کاجەلالم دەناسی هاتم جوێنێکی پێ بدەم، کە دانەیەکی لێدام لووتم پڕ لە خوێن. دەستم بە لووتمەوە گرت و هەر وا سەیرم کرد. بە لاچاوێکەوە سەیری کردم و ئینجا لەگەڵ عەرەبەکە ڕۆشت. نەمزانی لە چ وەزع و دۆخێکدام، کە یەکێ لەو کچە قژکاڵە بیانییانە هاتە لام و وتی: "خەڵکی کوێی؟" دیسان سەرسام بووم. ئەم بیانییانە هەموویان بە فارسی قسە دەکەن؟ لێم پرسی ئێرە کوێیە؟ وتی "پێتخۆشە کوێ بێ؟" وتم هۆتێلە؟

وتی: "ئەرێ هۆتێلە". وتم کا جەلالەکەم لە کوێیە ئەوە چوو بۆ کوێ؟ وتی: "لێرە جارێ ئەو پڕێسکە و چارشێوەت بدە بە عەباس با پێت بڵێم." وتم نایدەم. وتی دەبێ زللەیەکی دیکە بخۆی جا باوەڕ دەکەی؟ سەیرم کرد هەر ئەو ژنە قەڵەوە لەو لاوە ڕاوەستاوە و بە لاچاوەوە سەیرم دەکات. خوێنی لووتم هەر دەهات.

لە ترسان پڕێسکەکەم دا بەو کوڕە. بەڵام چارشێوەکەم دانەکەند. هاتم بچمە دەرەوە بۆ ئەوەی کا جەلال بدۆزمەوە، کە کوڕە دای بە سینگمدا و فڕێی دامە سەر مۆبلەکە و توند چارشێوەکەی لە سەرم داکەند. هاتم بقیژێنم کە کچە وتی: "مەقیژێنە دەنا لێدت دەدەن." پرسیم باشە بۆچی؟ وتی "لەبەر خۆت". وتم کاک جەلال دەدۆزمەوە و گیانتان دەکێشم. خۆ ئاسمان سەری بە دەلق نەگیراوە. پارابلۆمی هەیە. کچە پێکەنی و وتی: "قوڕ بە سەرت هێشتا نەتزانیوە ئێرە کوێیە و

چی بە سەرت هاتووە؟" وتم چیم بەسەر هاتووە؟ وتی "کاک جەلال تۆی فرۆشت و لێیدا ڕۆشت." وتم چوو بۆ کوێ؟ "وتی سەر قەبری دایکت. چووزانم." وتم باشە بۆچی منی فرۆشت؟

وتـی: "ئەم گەوادە ئەمە ئیـشیەتی. هەر چەنـد جـاری لە تـارانەوە بە هەوای مـارەکردن و گواسـتنەوە هەنـدی کـچ هەڵـدەگری و دەیـانهێنێ لێـرە دەیفرۆشـێ بەمانە." وتم بۆ کارەکەری دەمانفرۆشێ؟ وتی "نا بۆ لەشفرۆشی."

هەر وا سەیرم کردن. دوو سێ دانە کچی بیانی هاتنە لام و بە فارسی دەستیان کرد بە سڵاو و چاکوخۆشی. نەمدەزانی چی بووە یەکێک لە کچەکان وتی: "جوانی تێبگەیەنن." پرسیم چیم تێبگەیەنن؟ وتی: "کاجەلال و چەند کەسی تر ئەمە ئیشیانە. بە هیـوای مــارەکردن لە دایــک و باوکمــان دادەبــڕن و دەمــانهێننە ئێــرە و دەمانفرۆشن. ئەمانە ئێمە بۆ لەشفرۆشی ڕادێنن. ئێرە وەکوو قوتابخانەیە. تەنیا قوتابخانەی لەشفرۆشییە. لە تاران و شارەکانی ترەوە کچە ژێکەڵەکان هەڵدەگرن و دەیـانهێننە ئێـرە و فێـری سـەما و نـازکردن و سـۆزانێتیان دەکەن. ئینجـا یـان دەمانفرۆشـن بە دەوڵەمەنـدەکان یـان شـێخەکانی ئەودیـو ئـاو و یـان کـاتێ کە ڕاهێنانمان تەواو دەبێ دەمانبەنەوە بۆ تارن و دەبینە خانم ..."

بە چەپۆک دام بە سەرم خۆمدا. تازە زانیم تووشی چی هاتم. ئەگەر بمویستایە سۆزانێتی بکەم بـۆ ئەم هەمـوو ڕێگـام کوتـاوە و لە وڵات و بنەمـاڵەکەم دوور کەوتمەوە و لێرەدا یەخسیر بووم؟ دەی هەر لە تاران لە ماڵەکەی حاجی و لەگەڵ خوشکەکانم خەریک دەبووم. گریام.

یەکێک لە کچەکان چوو دەستماڵێکی بۆ هێنام و خوێنی لووتی خاوێن کردمەوە. ئەوانیش دانیشتن و دەورەیـان دام و مێهرەبانـانە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کردم. باش لێم تێگەیشتن چوونکە خۆشیان ئەمەیان بە سەر هاتبوو.

ئیتر وردە وردە زەمەن تێپەڕی و لەو حـاڵەتی سەرسـامی و گێژی دەرهـاتم و هەستام لە بیناکە بچمە دەرەوە، کە لەبەر دەرگا کا عەباس پێشمی گرت. کچەکان هاتن منیان بردە ژوورەوە بە پاڕانەوە بە عەباسم وت تۆ گیانی دایکت تۆ گیانی

ئەوەی خۆشت دەوێ بیڵە با بچمە دەرەوە. ئێوە هەڵەن. کاک جەلال منی خۆش دەوێ. مارەمی کردووە. عەباس سەیرێکی کردم و سەیرێکی دادە حیشمەتی کرد. گەڕامەوە و لەو ژنە قەڵەوە کە ئارایشتێکی خەستی کردبوو پاڕامەوە. ئەویش ئاماژەی بە کاعەباس کرد و عەباس ڕێگەی بۆم کردەوە. چوومە دەرەوە. بەلام نە کاک جەلال لەوێ بوو نە ئاژەکانی لێ بوو و نە ئۆتۆمبێل. بێهیوایانە هەستام و گەڕامەوە ناو بیناکە. دڵم پڕ بوو، بە یەکێک لە کچەکانم وت هەر بە ڕاستی منی فرۆشت و ڕۆشت؟ وتی "ئەری لە سەر نرخەکەشت چەنەی لێ دەدا. لە کۆتاییدا هەزار تمەنی وەرگرت و ڕۆشت." لەوێ لە سەر عەرزەکە دانیشتم و تێر گریام.

دواتر پێموایە دادە حیشمەت بە ئاماژە پێی وتن ئەوانیش منیان هەستاند و لەو بینایە منیان کردە دەرەوە و چووینە بینایەکی تر کە باغی خوارەوە بوو. باغەکەی دیکە بوو بە زیندان و قەفەسی من. کە گەیشتمە ئەو بینایە ئەو ژنە بیانییە لەگەل دادە حیشمەت هاتنە ژوورەوە. ژنێکی قەڵەو و ڕەشی لەگەل بوو.

ژنە بیانییەکە ناوی ئالیس بوو، کەمێک سەیری کردم و ئینجا بە زمانێکی نیوە فارسی بە حیشمەتی وت: "ڕەنگی قژی باشە، چاو و برۆشی جوانە. هەر ئارایشتی کەمە." ئینجا دادە حیشمەت بەو ژنە ڕەشەی وت: "دادە بیبە بۆ گەرماو و جلێکی جوانی بۆ لەبەر بکە و بیهێنا بۆ لام." هەتا هات بچێتە دەرەوە چوومە بەر پێی وتم دادە تۆخودا بە تەمان چیم بە سەر بێنن؟ وەلا من لەوانە نیم. تۆ ئەو کەسەی دەیپەرستن بیڵێ با من بڕۆم ...

نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم، وتی چا کچەکە گیان، ئێمەش ڕۆژانێک وەکوو تۆ بووین ئێستاش هیچ نەگۆڕاوە. هیچمان لێ کەم نەبۆتەوە. هەر کەسەو ژیانی خۆی و چارەنووسی خۆی هەیە. لە تۆش زیاتر هەزار تمەنم داوە و هەتا پەنجا شەست قاتم بۆ نەگەڕێنیتەوە وازت لێ ناهێنم. ئێرە هێلی کۆتاییە. خۆشت زیز مەکە. خۆت دواتر دەزانی ژیانت لە جارانت خۆشتر دەبێت. هێشتا تۆ بەخت یارت بووە کە جەلال تۆی بە من فرۆشت. زۆر کەس لەم شانسانە ناهێنن. ئەگەر جوان نەبای جەلال دەتیفرۆشت بەو باجگرانەی قەلا و دەبوویتە داهۆلیان. بە ڕۆژدا

کارت دەکرد و بە شەویشدا ...'

زانیم ئەو زۆر لە من زیرەکترە. هاتم قسە بکەم. وتی 'بیری ڕاکردن لە میشکت بکە دەرەوە. لێرە ئاگام لێت دەبێ ناتدەمە دەست هەر کەسێک. هەموو شەوێ دەچیتە باغەڵی پیاوێکی باش. لێرە قاچ بترازێنی هەتا تاران دەبێ وەڵامی پەنجا دانە مشەخۆر بدەیتەوە و جا ئەگەر بشتوانی بگەیتەوە تاران تووشی هەزار نەخۆشی و بیماری دێیت و ئیتر بە کەڵکی هیچ نایەی. بیری هەڵاتن لە مێشکت فڕێ دە.'

ئەمانەی وت و ڕۆشت. ژنە ڕەشەکە دەستی گرتم و بردمییە خوارەوەی بیناکە و بۆ ئەوەی لە گەرماو بمشوات.

ئیتر سەر و ملی شتم و هاتمە دەرەوە و جلێکی جوانی پێ لەبەر کردم. لە ئاوێنەدا سەیری خۆمم کرد خۆمم نەناسییەوە. پاش کەمێک ژنێکی بیانی و دوو ژنی دیکە هاتن و ئارایشتیان کردم. برۆ و دەموچاویان هەڵگرتم و ئینجا یەکیان قژی بۆم جوان کرد و یەکیان نینۆکی دەست و قاچی چاک کردم و لاکی بۆ لێدام. زنجیرێکیان لە مەچەکی قاچم دا و ئیتر نزیکەی دوو کاتژمێر بە دەورمدا هاتن هەتا کارەکەم تەواو بوو دواتر ڕۆشتن. کاتی ئەوان ڕۆشتن چوومە بەر ئاوێنە خۆمم بینی. خۆمم نەناسییەوە. دەتکوت خۆر و مانگم.

لەگەڵ ئەوەی لە ئاوێنەدا سەیری خۆمم دەکرد و کەیفم دەکرد، لە ناکاو لە ئاوێنەکەدا دادە حیشمەتم لە پشت سەرم بینی. پێم پێدەکەنی. ئاوڕم داوە و وتی: 'ڕازیت؟ تماشا چەند جوان بووی!' ئینجا زنجیرێکی زێڕی کردە ملم و وتی: 'ئەمەش هی تۆیە. نانی نیوەڕۆ و شێوت پێ دەدەین. باشترین جلەکانت بۆ دەکڕین بە مەرجێک لاسار نەبی. ئێستا وەرە با بڕۆین.' پێم وت دادە حیشمەت ئەم دامەنەم زۆر کورتە پێم عەیبە. هەتا ئێستا لە ماڵی خۆمان بە بێ چارشێو نەهاتوومەتە دەرەوە، چ بگا بەم جلانە کە هەتا ئەژنۆم دێت. وتی 'ئیتر واز لەمانە

بینە. بەم جلانە ڕادێی. شەرم خراپ نییە. شیرینتر دەکا. بچۆ ئۆریسەکانت[10] لە پێ کە بزانم.'
لە بەر دەرگا جووتێک پێڵاوی ئۆریسی پاژنە بەرز و زۆر جوانم بینی، کە لە ژیانمدا هەمیشە ئارەزوویم کردبوو. لە پێم کرد و لەگەڵ دادە حیشمەت وەڕێکەوتم. کە لە بیناکە هاتمە خوارەوە تەواوی پیاوەکان فیکەیان بۆم دەکرد. زۆر کەیفخۆش بووم. لە لایەک لەوە دەترسام کە چیم لێ دەکەن و چیم بە سەر دێ و لە لایەک لەم جلوبەرگانە و ئازادبوون و ئارایشتەکەم خۆشحال بووم. لەگەڵ ئەوەی بەرەو بینا گەورەکە دەچووین وتم دادە حیشمەت ئێستا چیم لێ دەکەن؟ وتی: 'جارێ کەس کاری پێت نییە. دەبێ زۆر شت فێر بی. ماوەیەکی پێ بچێ خۆت پێت خۆشە ئیش بکەیت. دەبێ ئەوەی پێتی دەڵێن بە جوانی گوێ بدەی و فێر بی. زۆر کەس لەم ڕێگەوە گەیشتووەتە شوێنێ باش. وریابە چیم پێ وتی. ئێرە هەر چییەکیان پێت وت دەبێ فێر بی.' وتم چیم فێر دەکەن؟ وتی: 'لە پێشدا فێرت دەکەن کە چۆن دڵی پیاوێک ڕاو بکەی. ئەمە خۆی هونەرە. ئینجا فێرت دەکەن چۆن سەما بکەی.' وتم لای هەموویان بڕەقسم. وتی: 'ئا ئێتر.' وتم دادە حیشمەت من کاری وا ناکەم. ڕاوەستا و سەیری کردم وتی 'تماشا لەگەڵت خراپ نەبووم، چوونکە وامزانی تۆ وەکوو ئەوانی تر نیت. وام مەبینە کە خراپ بم لە شمر خراپترم. دەمتوانی هەر لە هەوڵەوە بدەمە دەست کاعەباس و سێ چوار دانە نێرەکەری تر حاجیلەت پێوە بکەن و ڕووت بکرێتەوە کە بزانی دنیا بەری بە کوێوەیە.' کاتژمێرێک لایان بی ڕەقس و سەما هیچ لای هەموویان بە ڕووت و قووتی هاتوچۆ دەکەی. بۆیە لەگەڵت خراپ نەبووم لەبەر ئەوە بوو وەکوو ئەوانی تر گریان لە گیرفانتدا نییە. وامزانی عاقڵی و چارەنووسی خۆتت قبوول کرد. هەموو ئەوانەی وا لە ژیانتدا بینیوتە هەموویان لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە دەڕەقسن، بۆ ئەوەی پاروە نانێ دەست بخەن. جا ئێمە جۆرێک دەڕەقسین و ئەوانیش جۆرێک. تەمەنت چەندە؟' وتم تەمەنم پازدە ساڵانە.

[10] - پێڵاوی پاژنە بەرز

وتی: "هەموو ئەوانەی وتم دەبێ فێر بی و زۆر کاری تریش."

جا بە زمانی خۆش ئەم کارانە دەکەیت و دەبیتە گوێرایەڵم یان کاعەباس و هەتیوەکانیت بۆ بانگ بکەم؟

لای خۆم بیرم کردەوە کە تووشی چ چارەنووسێکی شووم بووم. ئەگەر قسەیەک لار بکەم تووشی هەزار بەدبەختی دەبم. ئەوە بوو کە بڕیارم دا هیچ نەڵێم تا بەشکەم خوا خۆی دەرووی خێرم بۆ بکاتەوە. وتم من ملکەچی ئێوەم. وتی "ئافەرەم، من لە کاری خۆمدا شارەزام. من هەڵە ناکەم. تۆ باش دەناسم. سەرەڕۆ نیت. چوار کەسی ماقووڵ و تێروپڕ دینە لات. لەنجە و لارەکەتم بە دڵ نەبێ مشخۆرەکان بەر دەدەمە گیانت. ئێستا وەرە با بتبەم بۆ لای کچەکان کە چی فێر بوون فێرت بکەن."

هەر دووکمان چووینە ناو بینا گەورەکە و دادە حیشمەت وتی: "بچۆ لە سەر ئەو مێزە چیت پێ خۆشە هەڵیگرە و بیخۆ." سەیرم کرد لە سووچێکی هۆڵەکەدا مێزێکی گەورە دانراوە، لە سەری هەرچی خواردەمەنی هەبوو دانرابوو. لە مریشکەوە بگرە تا دەگاتە ماسی و کەباب و برینج و چی چی و چی کە هەتا ئێستا لە ژیانمدا نەمبینیبوو. قاپێکم هەڵگرت و چوومە سەر مێزەکە و لە هەر کامیان دانەیەکم خستە ناو قاپەکەم و قاپێکیشم برنج هەڵگرت و چووم لە سەر مۆبلێک دانیشتم و دەستم کرد بە خواردن و دادە حیشمەت بە پەرداخێک لیمۆنادەوە بە پێکەنینەوە هاتمە لام و وتی: "وەکوو یەکەم ڕۆژەکانی خۆمی. فەرموو ئەوە بیخۆ بیکە بە نۆشی گیانت." پەرداخەکەم لێ وەرگرت و وتم دەستت خۆش بێ دادە حیشمەت، چێشتەکانتان زۆر خۆشە. ئەمەم وت دەستم کردەوە بە خواردن.

بە سەرسوورمانەوە لێم پرسی:

- بەو خەم و ئازارانەوە نانتان بۆ دەخورا؟

دادە زیرە – ئا ئیتر دەمانخوارد.

- واتە نارەحەت نەدەبوون؟

داده زێڕە – با نارەحەتیش دەبووین.

- چۆن لە گەرووتان دەچووە خوار؟ لە جیاتی ئێوە بام هەتا چەند ڕۆژیش نانم نەدەخوارد و کەسیشم نەدەدواند و بیرم لە هەڵاتن دەکردەوە.

بابەک – ئاخە تۆ کەری بە قوربان. هەستیاری. دادە زێڕە عاقڵ و لۆژیکی بووە.

دادە زێڕە پێکەنی و وتی:

- ئافەرم.

بابەک – ئافەرم بۆ من؟

دادە زێڕە – بەڵێ. ئارمین بێتاوانە. دڵی پاک و ناسکە. ڕۆژهەڵاتییەکان هەموومان واین. هەر ئەوەشە ناهێڵێ پێش بکەوین.

- دڵناسکی شانازیمانە. ئەوە ڕۆژئاواییەکانن سۆز و هەستیان نییە. سۆز و هەست و پێگەیشتن و لە حاڵی یەکتررزانین دەبێ لە سەر دەستی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی فێر بن و بێنە لای ئێمە بیدۆزنەوە.

بابەک – بۆیە شوکر بۆ خوا هیچ کێشەیەکمان نییە. ڕەچەتە بە دەستمانەوەیە وێڵ وێڵ بۆ دەرمان دەگەڕێن. لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکاندا نەخۆش خەریکە دەمرێ بە لایدا ناچن. ئەوە هی ئەوەیە هەستمان پاکە.

- تۆ دەمت داخە.

بابەک – ئەم بیانییانە هەستیان نییە، کاتێ سەریان دێشێ کافرێکی خوانەناس بە ئامبلانسێکەوە دێتە بەر دەرگای ماڵیان و سواریان دەکا و دەیانبا بۆ نەخۆشخانە. دکتۆر و پەرستاری نەخۆشخانە کە زۆر ستەمکار و زاڵمن دێنە سەری و چارەسەری دەکەن. پاشان چەند ڕۆژ لەو نەخۆشخانە دەخەوێ و پەرەستارە نامێهرەبان و دڵڕەقەکان خزمەتی دەکەن و ئیدارەی بیمە کە کارمەندەکانی کە شەیتانپەرستن، هەموو خەرج و بەرجەکەی دەدەن و نەخۆشەکە بە چارەسەرکراوی دەڕواتەوە ماڵەوە. گوو بە گۆڕی بابی ئەم دڵڕەقانە.

دادە زێڕە لەبەر پێکەنین مردبوو.

بابەک – دەبێ ئەمانە بێن لە سەر دەستی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی فێر بن. کە ماوەی

بیمەکەمان تەواو دەبێ مانگێکی پێ دەچێ هەتا تازە دەبێتەوە. ئێمە نەخۆشەکە دەخەینە ناو بەفرگرەوە کە نەکا هیچی لێ بێ هەتا بیمەکەی دێتەوە. ئێنجا داوا لە دکتۆر دەکەین بە دەفتەرچەی بیمە پشکنینی نەخۆش بکا. کە ئەویش نەگەر بیکا. دەبێ نەخۆشەکە بنووسێنین بە بیمەکەوە و بیبەین بۆ دەواخانەی مانگی سووری جیهانی. ئێنجا پێمان دەڵێن دەرمانەکە لە هیچ کوێ نییە. دەبێ دیسان نەخۆشەکەمان هەڵبگرین بیبەینە شەقامی ناسر خەسرەو. لەوێ نرخی دەرمانەکان بە پێی ڕۆژانی سەفەری جەنابی حەکیمە. کە لەتێ نان و دەفرێ ئاوە. ئیتر خوا دەزانێ ئەم حەکیمە چەند ساڵ سەفەری کردووە.

داوای خوێنی باوکیان دەکەن. نەخۆشی داماویش بە هەزار چەرمەسەری لە کاتێکدا کە لە خۆشیدا دەگری، دەرمانەکان دەکڕێ کە دەگاتەوە ماڵەوە و دەچێ ئاوێ بۆ بێنێ بۆ ئەوەی دەرمانەکانی بخوا دەبینێ ئاو نییە. تەلەفۆن دەکەی بۆ ئیدارەی ئاو، ئەویش بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە دەڵێ چییە؟ دەڵێی ئەوە ئاو بۆچی نییە، دەڵێ چووزانم. شتێکی لێ هاتووە. دەڵێی برا ئاوم پێویستە. دەڵێ دەی سەعاتێ ئاو مەخۆوە خۆ نامری. ئێنجا پاش دوازدە کاتژمێر ئاو دێتەوە دەچی ئاو بێنی کە نەخۆشەکەت ئاو بخواتەوە دەبینی لە جێی خۆی ناجوولێتەوە و سەیر دەکەی ئەوە مردووە. ئیتر نۆرەی کفنکردن و ناشتنە.

- ئەرێ دە ڕاوەستە با دادە زێڕە بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە. چەندە قسە دەکەی؟ من ئەوەم بە لاوە سەیرە کە چۆن توانیت بەو هەموو نارەحەتییەوە نان بخۆی؟

دادە زێڕە – تماشا بە قوربان دڵناسکی باشە، بەڵام ئەگەر لۆژیکی بێت. تۆ پێت وایە ئەم ڕۆژاواییانە هەست و سۆزیان نییە. ئەی بۆچی هەموو شتێکیان بەجێیە؟ چوونکە باوەڕیان بە بەرپرسایەتییە. حسێب و کتێبیان هەیە. یەکێ لە ئەرکەکەیدا کەمتەرخەمی بنوێنێ باوکی دێننە بەرچاوی. هیچ دەروەست بە هەست و دڵناسکیش نییە. منیش ئەو ڕۆژە دانیشتم و نانم خوارد لەبەر ئەوە بوو کە دەبا ئەو کارەم کردبایە. واتە عەقل و ئەست و لۆژیک پێیان وتم کە دەبێ ئەم کارە

بکەم. ئێستا پرسیارێک لە خۆم دەکەم ئەگەر ناچار بی لە مالێکدا لەگەڵ ملهورێک کە دەرەقتیشی نایەی بژی چی دەکەی؟ بەردەوام پەلاماری بدەی ئەویش لێت دەدا و ئەنجن ئەنجنت بکا یان لەگەڵ ئاشت دەبیتەوە و گوێ بۆ قسەی رادەگری. هەتا دەرفەتی هەلاتن یان تۆلەت بۆ هەلدەکەوێت. ئیتر نازانی کە کابرا ئەگەر باج دەدا باج بە شێر بدات چاترە نەک باج بە چەقەل و کەمتیار بدات.

- بۆچی؟

دادە زێرە – خەبات و خۆراگری چەند جۆری هەیە. یەکیان شەر کردنە. دەبی ئەو کاتە شەر بکەی کە هیوایەکت بۆ سەرکەوتن هەیە. من ئەگەر هەلەم کردبایە ئێستا جەنازەکەم لە کەلاوەکان بوو. خۆ بە پای خۆم نە چووبوومە ئەوێ. بە زۆری منیان بردبوو دەبوایە بە سیاسەتەوە رفتارم کردبایە. دادە حیشمەت بەرنامەی بۆم هەبوو، ئەگەر لاساریم کردبایە و نانیم ببریبایە، دەکەوتمە ژێردەست کاعەباس و تاقمەکەی. دەبوایە لەگەڵ دادە حیشمەت هەلبکردایە هەتا هەلێکی گونجاوم دەست دەکەوت. جەنگی من ئاوا بوو. خۆ من دەرەقەتی حیشمەت نەدەهاتم. دواتر زانیم چەندە قسەی دەروا. ئەم لا و ئەو لا پیاوی هەبوو. دە کەس لە ولات لە ژێر دەستی کاریان دەکرد، ئەویش ئەو کارە. منی مندال دەرەقەتی دەهاتم؟ قسەم کردبایە گۆرستان مالم بوو. جا گوێ بگرن با پاشماوەی بەسەرهاتی خۆمتان بۆ بگێرمەوە. نانی نیوەرۆم خوارد لە یەکێ لە بینا بچووکەکانی خوارەوەی باغەکە ژوورێکی پێدام، کە لە ژیانمدا شتی وام نەبینیبوو. فەرش، قەرەوێلە، کۆمێد، مێز، توالێت و گەرماو.

بۆ من وەکوو کۆشک وابوو. پێی وتم "بچۆ سەرخەوێک بشکێنە هەتا پاشنیوەرۆ." منیش چوومە ژوورەکەم و هەتا شەو خەوتم. شەوی کە لێهات ژنە رەشەکە هات هەلیساندم و دەموچاوم شت و چوومە یەکێ لە بیناکان کە رامینانی وانە و ئارایشتی لێبوو. دادە حیشمەت راوەستا بوو و لەگەڵ ئەو ژنە بیانییە، کە دواتر زانیم دوورەیە قسەی دەکرد. کە منی بینی بانگی کردم. چوومە پێشەوە و سلاوم کرد. وەلامی داوە و وتی: "لە ئەوشەوەوە دەبێ فێر بی برەقسی." وتم من

ڕەقس دەزانم. وتی: "لە کوێ فێر بووی؟" وتم: "باوکم کە نەبوو خوشکەکانم بە سینی تەپڵیان لێدەدا و هەموومان دەرەقسین." وتی: "ئەوە سوودی نییە. دەبێ بە شێوەی دروست فێر بیت." ئینجا ئاماژەی بە ئالیس کرد کە بڕوا و بە منی وت: "پێت خۆش بوو ببیتە چی؟" وتم "پێم خۆش بوو دەرس بخوێنم و خزمەتی وڵاتەکەم بکەم." وتی: "ئێستا دەبێ فێری ڕەقس بی و خزمەتی کۆمەڵگاکەت بکەی؟" وتم: "بە ڕەقس خزمەتی وڵاتی خۆم بکەم؟" وتی: "ئا ئیتر دەیجا چییە؟" پێکەنیم و وتم "دادە حیشمەت چۆن بە ڕەقس خزمەتی وڵاتی خۆم بکەم؟" وتی: "وڵات دکتۆری دەوێ، ئەندازیاری دەوێ، کارمەندی دەوێ، کارەکەری دەوێ، سەماکار و ڕەقاسیشی دەوێ، گۆرانیبێژی دەوێ، ژەنیاری دەوێ، پاریزەر و وەزیری دەوێ، .... دەوێ، چی و چی دەوێ."

بابەک – دادە حیشمەت فەرمایشتێکی زۆر جوانی فەرموو. ئەگەر ئێمە لەمانەمان هەبایە ئێستا هەسارەی مەریخمان گرتبوو. تۆ سەیر کە ئەندازیارێک هەم زانستی خۆی بزانی و هەمیش برەقسێ و بتوانێ گۆرانی بڵێ دەبێ چ ئەندازیارێک بێت. باڵاخانە بینا دەکا پێنسەد نهۆمی، دەڵێی کێوی قافە، گۆرانییەکیش بە سەر بیناکەدا دەڵێ و قوونیشی بۆ با دەدا و بەنا و کرێکارەکانیش خۆش دەبن و خشت هەوا دەدەن بۆ دە نهۆمی سەرتر. جا ئەگەر بتوانێ بە ئەستەنبوڵییەکەش تەپڵ لێ بدا هەر زۆر چاک دەبێ، کرێکارەکان وەکوو ڕۆبۆت کار دەکەن و بە مانگێک تاوەرێکی سی نهۆم دروست دەکەن. کرێکار خۆ دەزانی چۆنن؟ هەر ئەوەندەیە دەستیان گەرم بێ بە ڕۆژێ بینایەکی سێ نهۆمی ساز دەکەن. خوا فەردین عافوو بکا لە فیلمەکانیدا لە هەر دەورێکدا بوایە گۆرانییەکی دەوت، کرێکارەکان مەتەقیان لێوە نەدەهات و کاریان دەکرد و ئەو کارگە قازانجێکی باشی دەکرد.

– ئەرێ دە بابەک بیلە با بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە.

دادە زێڕە – ئیتر وتی هەموو وڵاتێک ئەمانەی دەوێ، نەبوونی یەکیان دیارە. ئیتر زانیم خەریکە گەوجە گەوج دەکا. وتم دادە حیشمەت شتێک بڵێم دڵت نایێشێ؟

وتی "بیلێ." وتم ئەوەندەی من تا ئێستا بیستوومە ئەوانەی دێنە ناو ئەم کارەوە داماو دەبن. وتی "ئەری خۆ هەر ئەمە نییە، تۆ تووشی شۆفێرێکی ناشی و نەزانی بـی تووشـی ڕووداوی هـاتوچۆ دەبـی، تووشـی پزیـشکێکی نەزان بـی و نەشتەرگەریت بکا ناقیس دەبی. تووشی دایک و باوکی نەخوێنەدەوار و نەفام بی و منداڵەکەیان بە باشی پەروەردە نەکەن بێچارە دەبی، ئەمەش وەکو ئەوانەی تر وایە. خـوا خۆشی ویستووی کەوتوویەتە بەر دەستی من. ئەگەر گـوێڕایەڵ بی هیچت لێ نایە."

بـابەک – دادە حیشمەت زۆر زانـا بـووە. مـن ئەگەر ئەو کـات بـووایەم دەمکردە شتێک. بە مانگی هەموو شوێنێ ئاوەدان دەبوو.

- بابەک یاخوا زمانت بە برین چی.

دادە زێڕە سەیرێکی بابەکی کرد و وتی:

- من نەهامەتییەکی زۆرم بە سەر هات. تۆ نازانی ئەوی چ دۆزەخێک بوو.

جا گوێ بگرە. پێی وتم هەموو ئەم کچانەی کە لێرەن تووشی کەسانێک هاتوون کە لە کاری خۆیاندا شارەزا نەبوون. هەمویان یان دایک و باوکیان نەبووە، یان ئەگەر بوویـان تـوور و گێژەریـان لە یەکتر نەدەکردەوە و تووشـی ئێرە هـاتوون. هەموویـان بەدبەخـت و هەژار بـوون. کـابرا پـارەی ببـێ نـایەتە ئەم شـوێنانە. لە کۆنەوە وتوویانە عەیبی دەوڵەمەند و مەرگی هەژار کەس پێی نـازانی. ئینجا وتی تۆ سەیری ناوەکانی ئێستایان مەکە میترا و مەرجان و پەروانە و چی و چی. ئەوە لێرە ئەم ناوانەیـان لـێ نـاون. دەنـا نـاوی خۆیان عیفەت و عیسمەت و عەشرەت بووە. هەمووشیان کاتێک لای دایک و باوکەکانیان بوون ئاواتی پێلاوێکی پاژنە بەرز و لاکی نینۆک یان جلوبەرگێکی درێژ هەتـا سـەر ئەژنـۆ و جـووتێ گـۆرەوی نایلۆن لە سەر دڵیان بیووە گرێ."

کە ئەمەی وت وتم وەکوو من. وتـی "ئـافەرم بـۆ تـۆ. دەی ئێستا هەستە فێری ئیشەکەت بە."

وتم بە سەرچاو.

هەر دووکمان چووینە ئەو لای هۆڵەکە کە چەند کچی تریشی لێ بوو. سەیرم کرد ئامێرێکیان لە سووچێکی هۆڵەکەدا داناوە. وتم ئەمە چییە؟ دادە حیشمەت وتی "ئەمە زەبتە هەتا ئێستا شتی وات نەبینیوە؟" وتم نا. ئالیس هەڵی کرد و ڕۆشت.

سەرسامانە ڕاوەستام و گوێم بۆ دەنگەکەی ڕاگرت. هۆشم بە هیچەوە نەبوو. لە پڕ بینیم دادە حیشمەت قاقا پێدەکەنێ. خەجاڵەت بوومەوە. وتی: "چاکە پێت عەیبە سەما بکەی و بڕەقسی ئەگەر پێت عەیب نەبووایە چیت دەکرد؟"

سەرتان نەیەشێنم دوو مانگی پێچوو ڕاهێنانم تەواو بوو. هەموو شتێکیان فێر کردم. بەردەوام وەرزش و خۆنەرم کردنم ئەنجام دەدا. ئەوانەی دیکە کە لە سەر دەستی ئەو ژنە بیانییە فێر دەبوون بە من نەدەگەیشتنەوە. من بە دڵ فێر دەبووم.

ڕۆژانە ڕاهێنانمان دەکرد و بە شەویشدا لە ناو ژوورێکدا سەیری هۆڵەکەم دەکرد. دادە حیشمەت پێی وتبووم نابێ بچمە ناو هۆڵەکە.

ئەوێ هۆڵێکی گەورە بوو نزیکەی پێنسد شەشسەد مەتر بوو. سەردەوەشی بیست سی دانە ژوور بوو. ناو هۆڵەکە مێز و مۆبل و زۆر شتی تری تێدا بوو. هەمووشی جوان و گرانبەها. کە شەوی لێ دەهات ئەوێ پڕ دەبوو لە خەڵکانێک کە هەر یەکەو لە شارێکەوە هاتبوون و هەمووشی دەوڵەمەند.

ڕاهێنانم کۆتایی هات و دادە حیشمەت ڕۆژێکیان پێی وتم: زێرە گیان ڕاهێنانت کۆتایی هات ئیتر دەبێ وەخۆ کەوی." سەیرێکم کرد و چوومە فکرەوە. هەتا ئەو کاتە نێوانمان لەگەڵ دادە حیشمەت خۆش ببوو. واتە هەر چییەکم گوتبایە دەیکوت بە چاوان و هەر کارێکیشی گوتبایە دەمکرد. ئەویش خۆشی لێم هاتبوو. نەمدەویست کارێکی وا بکەم کە لە بەرچاوی ڕەش بم و ئەویش ئازارم بدات. گەرامەوە پێم وت دادە حیشمەت ڕاستییەکەی دەترسم. وتی "جا خۆ ناحەقیشت نییە، بەڵام تۆ بیر لەوە بکرەوە لێرە بەرەڵات بکەم دەچیتە کوێ؟ دەبێ بچیتەوە لای دایک و باوکت. یان دەبێ بەم ژیانە ڕازی بی یان باوکت بە زۆری بتدا بە پیاوێک لە خۆی ماڵوێرانتر." لە دڵمدا وتم هەر ئەم ژیانەم دەوێ. ئینجا زانی هیچ نالێم وتی: "تۆ هەتا ئێرە هاتووی ئەوەی دیکەشی بڕۆ."

نەمویرا هیچ بڵێم. ئیتر چەرمەکە ئاو بردبووی. شتێکی زیاترم بکوتبایە دەیدایە دەست عەباس و دەست و دایەرەکەی. خۆ دەمزانی قسەکانی تووڕێک ناهێنێت. چەند ڕۆژ پێشترەکەی کچێک لەوی ڕای کردبوو. دوای سێ ڕۆژ گرتیانەوە. ئەویش بە چ دۆخێک. تیزابیان کردبووە دەموچاوی. هیچم نەوت و سەرم داخست و وتی: "ئاغەرم لەم شەوەوە ئەرکی تۆ دەست پێدەکات. جا بزانم چ دەکەی."

دڵم پڕ بوو کەس گریانی منی نەدەبینی و لێم تێنەدەگەیشت. چیم لە دەست دەهات؟ پەنام بۆ کێ ببردایە. پێم خۆش نەبوو داوێنپیس بم. نەمدەویست حەیام بچێ. شەرمم لە خوا دەکرد.

ئاخە باشە چۆن دەمتوانی بە جلوبەرگێک کە هەتا ئێستا لە بەرم نەکردبوو بچمە سەر شانۆ و لە بەر چاوی ئەو هەموو پیاوە برەقسم؟ بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کە چی بکەم؟

شەو هات و هاتن بە دوامدا و دەستێک جلوبەرگی ئالاوالایان لە بەر کردم و دەموچاویان ئارایشت کردم و منیان بردە لای دادە حیشمەت. دادە حیشمەت لە پشت پەردەی شانۆکە ڕاوەستا بوو کە منی بینی وتی: "ئەوە چیتە؟" وتم دادە حیشمەت قاچم لە شوێنم نایە. سەیرێکی کردم و وتی: "شەوێک لەو شوێنەی کە تۆ ڕاوەستاوی ڕاوەستابووم. منیش ئەو شەوە زۆر ترسابووم. ئەو کەسەی وا لە جێی ئێستای من بوو قژی کێشام و فڕێی دامە ناو هۆڵەکە. بۆیە لێرە ڕاوەستاوم." ئەمەی وت گەڕاوە پشت سەری سەیر کرد. عەباس و دەست و دایەرەکەی ڕاوەستابوون. منیش سەیرێکی ئەوانم کرد و ئیتر ڕانەوەستام. پێم خۆش نەبوو دەستی کەسم لێ بکەوێت. چوومە ناو هۆڵەکە و ئیتر نەمزانی چ بوو. مردن زۆر خۆشتر بوو. بە گریان و فرمێسکەوە چوومە ژوورەوە. سەمام کرد. دەگریام و سەمام دەکرد.

وامدەزانی ڕەنگە یەکیان لە مانای فرمێسکەکانم بزانی و فریام بکەوێت. لە ناو هۆڵەکەدا درام بە عەرزەکەدا و ئیتر هیچم لێ حالی نەبوو. هەر ئەوەندە دەزانم تۆزم کردبوو.

داده زێڕه كه گەیشتە ئێرەی بەسەرهاتەكەی سەری داخست و بێدەنگ بوو. بابەک جگەرەیەكی پێدا و دای بە دەستییەوە. منیش چووم كووپەكانم هەڵگرت و چووم چەند دانە چام هێنا. داده زێڕه زۆر زیز بوو. پاش پێنج خولەک جگەرەكەی كووژاندەوە و وتی:

- ئاوا ئیتر. یەكەم كارم ئەو شەوە دەستی پێكرد. بە گریانەوە چوومە ناو هۆل و بە بێهۆشییەوە منیان هێنا دەرەوە. نازانم چ كاتێكی شەو بوو، كە لە ناكاو راچڵەكیم. خۆمم بینی لە ناو ژوورەكەی خۆم لە سەر قەرەوێڵەكەم خەوتووم و داده حیشمەت لە ژوور سەرم دانیشتووە. سەیرم كرد و بە پێكەنینەوە وتی: "ئەو پیاوە گەوادانەت خستە جۆش." چاوم نووقاند و لە سەر قەرەوێڵەكەم راكشام. پاش كەمێک وتی: "لەوێ حاڵت چۆن بوو؟ چاوەڕێ بووی قارەمانێک بێ رزگارت بكا؟" چاوەكانمم كردەوە وتم: تۆ چووزانی؟ وتی: "چوونكە خۆشم ئەو فكرە لە مێشكمدا بوو بەڵام هەمووی خەیاڵی خاوە."

ئیتر هیچم نەوت و چاوەكانمم نووقاند و خەوتم. هەستم كرد ئیتر بەتاڵ بوومەوە. نە حەیام بۆ مابوو نە نەجیمی. كابرا كاتێک ئەمانە لە دەست دەدا تازە دەزانێ چ گەوهەرێكی بووە. پێم خۆش نەبوو چاوم بكەمەوە. ئارەزووم دەكرد بەیانی هەڵنەستمەوە و لە خەودا بمرم. داوای مەرگم لە خوا دەكرد. بەڵام بەیانی رۆژ بۆوە و منیش زیندوو بوومەوە. لەو كاتەدا بوو كە ئیتر ژیانم كۆتایی هات. ژیانم دەكرد، بەڵام ئیتر زێڕتاک نەبووم. ببوومە شتێكی دەستكردی و بێرۆح.

هەتا دوو ساڵ و نیو ئیشی من تەنیا سەما و رەقس بوو. داده حیشمەت هەر ئەوەی لە من دەویست. زۆرێک لە دەوڵەمەندەكان داوای منیان لێدەكرد، بەڵام داده حیشمەت رەتی دەكردنەوە و دەیكوت جاری منداڵە. هەتا تەمەنی هەڤدە هەژدە ساڵان ئەمە بەردەوام بوو. گەورە بووم و بوومە كچێكی تەواو. جوان ببووم. رۆژێكیان داده حیشمەت پێی وتم: "زێڕه لە ئەمشەوەوە ئیشكەتە دەگۆردرێت." ئاسمان بە سەرمدا رووخا. ئەو باسی ئەو كارانەی دەكرد كە دەبوایە لە ئەمشەوەوە ئەنجامم بدابایە كە من هیچیم لێ نەدەزانی. شتی وا وای لێ دەویستم

که هی ڕۆژهەلاتی خۆمان نەبوو و باسی چوونە لای عەرەبەکانی دەکرد. ئەوە منیش هەر دۆعا و نزام لە خۆم دەکرد. ئیتر زانیم لە ئەمشەوەوە دەبێ ئیشی چی بکەم.

هەرچی ڕۆژ کورتتر دەبۆوە تەمەنی منیش کورتتر دەبۆوە. شەو هات و دادە حیشمەت وتی: "دەبێ بچیتە ئەودیوی ئاو. چاوەڕێتن. لەگەڵ عەباس دەچی و لەگەڵ عەباسیش دەگەڕێیتەوە. کەمییەک چاوەڕێتە." پرسیم دادە حیشمەت دەبێ بچمە کوێ؟ وتی: "یەکێک لە دوورگەکانە."

دوو جار جلوبەرگیان بۆ هێنام و ئارایشتیان بۆ کردم و لەگەڵ عەباس وەڕێکەوتم. سواری پاپۆڕ بووین و چووینە ئەو بەری ئاو. پاش کاتژمێرێک گەیشتین و دابەزین. چەند دانە پیاو بە جلی عەرەبییەوە لە لای ئاوەکەوە ڕاوەستابوون و کاتێ گەیشتین لەگەڵ کاعەباس بە عەرەبی قسەیان کرد و هەمووومان ڕۆشتین.

ئیتر لە ڕووم هەڵنایە شتی زیاتر بۆ بگێڕمەوە. خۆتان دەزانن دەبوایە چیم بکردایە.

که گەیشتینە ئێرەی بەسەرهاتەکە دادە زێڕە بێدەنگ بوو و سەری داخست. من و بابەک هەستاین و بە بیانووی چا هاتینە چێشتخانە. لەوێ گوێمان لە دەنگی گریانی بوو. خۆشمان ناڕەحەت بووین. چارەکێک لەوێ ڕاوەستاین و ئینجا بە سینییەک گەڕاینەوە ناو هۆڵەکە. دادە زێڕە کەمێک ئارام بوویەوە و نەدەگریا. کاتێ چاکەی خواردەوە جگەرەیەکم بۆ داگیرساند و پێمدا. مژێکی لێدا و وتی:

- چەند ساڵ ئەمە بەرنامەی من بوو. چەندین جار چوومە ئەو بەری ئاو و لێرەش لە ژوورەکەی خۆم پیاویان بۆ دەهێنامە ژوورەوە. نامەوێ بیر لەو کاتانە بکەمەوە هەر کات دەچوومە ئەو بەری ئاو کوڵێ زێڕ و گەوهەریان پێ دەدام. منیش هەمووم دەدا بە دادە حیشمەت. ئەویش ئەمەی زۆر بە کەیف بوو.

دیسان دادە زێڕە بێدەنگ بوو و پاش کەمێک وتی:

- من ئەم بەشەی ژیانی خۆمم فەرامۆش کردبوو ئیتر نەمدەویست بیریان لێ

بکەمەوە.

دیسان بێدەنگ بوو پاش کەمێک وتی:

- ئیتر هیچی تر لەوێ نەبوو کە بۆتان بگێڕمەوە. تەنیا ئەمە بەرنامەی من بوو. حەوت هەشت جار چوومە ئەوبەری ئاو و دوو سێ جاریش لێرە. پاشماوەکەیتان بۆ بگێڕمەوە یان بیهێڵمەوە بۆ شەوێکی تر؟

بابەک – دەی تازە کاتژمێر ١ شەوە. شەو زۆری ماوە.

دادە زێڕە – دەی گوێ بگرن زوو زوو دەیڵێم خۆم خەوم دێت.

دواشەوێک کە بەرنامەم هەبوو ژیانی گۆڕیم. باشم لە بیرە بە پارەی ئەو کات دەچـوومە بـاغەڵی هەر پیاوێـک حەوت هەشـت تـمەن دەچـووە گیرفـانی دادە حیشمەت. یەک دوو جاریش بازنە و دەستەوانەی زێڕیان پێدام منیش دام بە دادە حیـشمەت هەر ئەوەش وایکـرد کە دادە حیـشمەت نەیهێـشت ژیـانم ڕەش بێـت. جارێکیـان دەبوایە بچووبایەتمە لای کـارگەدارێکی ئێرانـی. پیـاوێکی تەمەن پەنجـا، پەنجا و پێنج ساڵان بوو.

ئەوشەوە پاش سەماکردن چوومە ژوورەکەی خۆم و سەرخەوێکم شکاند، هەتا ئەوەی کە بوو بە کـاتژمێر دوازدەی شـەو. بانگیـان کـردم ئارایشتیان بـۆ کـردم و جلەکانم گۆڕی و چوومە ژوورەکان سەرەوە.

شەوێکی زۆر سەیر بوو. کاتێک کە چوومە ژوورەوە پیاوێک بوو کە قژی ماش و بـرنج بـوو و لە سـەر مـۆبلەکە دانیـشتبوو. قـات و پـانتۆڵێکی لەبەر بـوو و کراواتیـشی بەسـتبوو و بـۆنێکی خۆشیـشی لە خـۆی دابـوو. منیش چـوومە سـەر مۆبلەکە دانیشم و چاک و خۆشیم لەگەڵ کرد. میوە و شیرینی و چا و خۆشـاویان هێنـا. کاتژمێرێـک پێکەوە دانیشتین. بەڵام هـیچ دەنگـی نەبوو. کـاتژمێرێکی تـریش پێکەوە دانیشتنی دیسان دەنگی نەبوو. پێم وت ناتهەوێ لەگەڵت برەقسم؟ وتی: "نا. ڕەقسەکەتم لە خوارەوە بینی." پاش کەمێک ئیتر وەڕەز بووم. پێم وت کارت بە من نییە. وتی "نا". نەمدەزانی چی لێم دەوێ. لە ژیانمی پرسی. لە منداڵییەکانم، لە بـاوکم، لە دایکـم و لە خوشـکەکانم. منـیش لە مێـژ بـوو لەگەڵ کەس گازنـدەم

نەکردبوو. دانیشتم باسی ژیانی خۆمم بۆ کرد و ئەوەی کە چۆن هاتمە ئێرە. ئینجا دڵم پڕ و دەستم کرد بە گریان ئەویش هات و ناز و نەوازشی کردم. فرمێسکەکانی سڕیم و داوای لێبووردنی لێکردم کە ناڕەحەتی کردبووم. ئیتر هەتا بەیانی پێکەوە دانیشتین و پێکەوە قسەمان کرد. من باسی ژیانی خۆمم کرد و ئەویش باسی ئیش و کاری خۆی.

بەرەبەیانی بوو کە یەکێ لە دەرگای دا و منیش هەستام وماڵئاواییم لێکرد و چوومە خوارەوە، چوومە ژوورەکەی خۆم و خەوتم. هەستم دەکرد سووک بووم چوونکە دەردی دڵم لای کەسێک هەڵڕژاندبوو.

پاش دوو ڕۆژ دیسان هەر ئەو پیاوە هاتەوە و دادە حەشیمەت منی بانگ کرد. چوومە لای وتم بۆچی لە خۆڕا پارەی خۆت سەرف دەکەی؟ خۆ تۆ نافیلی من بۆت بڕەقسم و لەگەڵیشم ناخەوی. دەی بۆچی پارەی خۆت دەڕژێنیتە گیرفانی ئەمانە؟ وتی "دانیشە کارم پێتە." دانیشتم. پاش کەمێک وتی: "من هەندێ شت لە سەری داوم. بەڵام جەسارەتم نییە بیدرکێنم. ئەوەی ڕاستی بێ کە بیر لە جێبەجێکردنی دەکەمەوە دڵم دەلەرزێ." وتم دەی بۆچی هاتوویەتە لام و پێم دەڵێی؟ وتی: "نازانم بۆچی هاتووم. بەڵام شتێ لە دڵما پێم دەڵێ بێم و لای تۆ باسی بکەم." وتم دەی من ئێستا چی بکەم؟ وتی: "پێم خۆشە تۆ شتێک بڵێی یان کارێکی وا بکەی کە ترسم نەمێنێ و دڵم بەهێز بێت." وتم من نازانم باسی دەکەی ﺝ بکا بەوەی قسە بکەم. وتی: "ئەوەی ڕاستی بێ خۆشم دەوێی. دەمەوێ لێرە بتبەمە دەرەوە و بتبەمە ماڵی خۆمان. بەڵام دەترسم." وتم یانی تۆی پیاو لە منی ئافرەتێکی لەچک بە سەر کەمتری؟ من چواردە پازدەساڵان بووم سەگبابێک هێنامیە ئێرە. گەوادێک بە قەستی لای باوکم وتی مارەی دەکەم و منی هێنا و لێرە منی فرۆشت بەمانە. ماڵی وێران کردم بەڵام ئێستاش نەدۆڕاوم و ناترسم. ئێستا تۆی پیاو پێت عەیب نییە دەڵێی دەترسم؟

پاش کەمێک بیری کردەوە و وتی: "ڕاست دەکەی. بەڵام پێم ناڵێی منت خۆش دەوێ یان نا؟" وتم نە عاشقتم و نە خۆشیشم دەوێی. سەیری تەمەنی خۆت بکە

ماوتەمەنی باوکمی. بەلام ئەو شەوەی وا دانیشتی گوێت بۆ قسەکانم هەلخست خۆشم لێت هاتووە. بەلام ئەوەش بزانە هەر کەس لێرە بمباتە دەرەوە و رزگارم بکا وەکوو فریشتە دێتە بەرچاوم و هەمیشە خۆم بە قەرزداری دەزانم. وتی 'دەمەوێ شتێکت پێ بلێم من دوو مندالم هەیە کە هی ژنی یەکەممن. ئێستا لێرە نین. گەورە بوون و چوونەتە هەندەران. ژنەکەم پازدە سال لەمەوبەر مرد. پاش چەند سال کچێکی عازەبم مارە کرد. دواتر زانیم ناپاکی لەگەل کردم و لەگەل چەند پیاوی تره. منیش تەلاقم دا. ئێستا بە چیدا بزانم تۆش وەکوو ئەو نیت و ناپاکیم لەگەل ناکەی؟ هێشتا ئەو کچی بنەمالەیەکی نەجیم و خاوەن وەج و رێز بوو.' وتم تۆ ئێستا داوای من لە کوێ و کێ دەکەی؟ لێرە خراپترمان نییە و لە رەش ئەولاترمان نییە. ئەوسەرەکەی ناپاکیت لەگەل دەکەم. بەلام ئەمجارەیان جەرگت ژان ناکات. وەبزانە کەسێکت کڕیوە و لە رێی خودا رزگارت کردووە. بۆ ئەوەی دلت ئاهۆن بێتەوە بەو ئابڕووەی وا رژاندیان، بەو نامووسەی وا لە دەستم چوو، بەو شەرەفەی وا لەکەداریان کرد، بەو داوێنپاکییەی وا نیمە، سوێند دەخۆم ئەگەر لێرە بمبەیتە دەرەوە هەتا ئەو رۆژەی ماوی پێت وەفادار دەبم ئێتر هیچ نالێم. چەرمەکە ئاو بردی. ئەگەر دەمتهەوێ بمبە و ناشتهەوێم سەرچاوم.

پاش کەمێک وتی: 'خۆشم لە قسەکانت هات. باوەڕیشم بە سوێندەکانت کرد. ئەگەر بتکوتبایە خۆشم دەوێی و عاشقتم یان سوێندت بە شتێکی تر بخواردایە باوەڕم نەدەکرد. بەلام ئێستا دلنیام. هەر جۆرێک بێ دەتکڕم و لێرە دەتبەمە دەرەوە.' کە ئەمەی وت فرمێسک لە چاوم هات و هەستام دەستیم ماچ کرد و وتم من ئافرەتم و هیچم لە دەست نایە. بەلام ئەگەر کەمێک رێزم لای خوا مابی ئارەزوومە دایک و باوکت ببەخشی کە رۆلەکەیان خەریکە بێدەسەلاتێک رزگار دەکات.

سەرتان نەیەشێنم ئەو پیاوە خوا ببەخشی هەر ئەو کاتە ناردی بە دوای دادە حیشمەتدا. جەرگم جەرگی دەخوارد کە چی دەبی؟ دادە حیشمەت ئازادم دەکا؟ رێگری ناکا؟ هەموو ژیانم، رزگاریم، داهاتووم، ئازادیم، هەمووی بە ئەری یان نای

داده حیشمەت بەسترابۆوە.

هەتا داده حیشمەت گەیشت ڕۆحم هاتە سەر لووتم. هاتە ژوورەوە پرسی "چی بووە؟" خوالێخۆشبوو هەمووی بۆ گێڕاوە دادە حیشمەت کە ئەمەی بیست وتی "نا شتی وا نابێ". وتی "ئەو چرای ئێرەیە. ئەگەر شەوێک نەبێ ئێرە بێدەنگە. جیا لەوەش چەند پیاوی عەرەب هەن کە لە ئێستاوە لە سەر زێڕە سەرەیان گرتووە. ئەگەر ماوەیەکی تر زێڕەیان بۆ نەنێرم لێم عاجز دەبن." ئینجا وتی "تۆ بە تەمای چەندەم پارە پێ بدەی؟ دە هەزار تمەن؟ بیست هەزار تمەن؟ ئەمە شەوێک دەچێتە لای عەرەبەکان حەوت هەزار تمەنم بۆ دێنێتەوە. تۆ دەتوانی سەد هەزارم زیاتر پێ بدەی لێمی بکڕی؟" ئەو کابرا وتی "نرخەکەی زۆرە. تا دە هەزار تمەن دەدەم." دادە حیشمەت پێکەنی و وتی: "نا کەمە. فەرموون بڕۆن." کابرا سەری داخست. دادە حیشمەت هات بڕوا ڕووم وەرگێڕا و وتم خوایە شوکرم بە بەشت ئەوە یەکێک ویستی ڕزگارم بکا. دڵمت چزاند.

کە ئەمەم وت دادە حیشمەت ڕاوەستا. کەمێک سەیری کردم. ڕەنگی سپی هەڵگەڕا دەستی دەلەرزی. چاوی لێکردم و وتی: "... قاحبەم، سۆزانیم، بەڕێوەبەرم، بەڵام ئەوەندە غیرەتم هەیە کە ناهێڵم کەس شک لە ڕەحم و بەزەیی خوا بکات. هەستە هەتا ڕام نەگۆڕاوە کاروبارەکەت جێبەجێ بکە و بڕۆ."

باوەڕم نەدەکرد کە ئەوانەی دەیبیستم ڕاست بێت. لەگەڵ ئەوەی دەگریام دانەویمەوە زەویم ماچ کرد و هەستام و دادە حیشمەتم لە باوەش کرد و ماچم کرد. ئەویش گریا جا شتێک دەڵێم باوەڕ ناکەن کاعەباس کە وەک دادە حیشمەت دەیکوت داڵێکی فێڵەباز بوو لە لای دەرگاکە ڕاوەستا بوو و دەگریا. پێم خۆشە بڵێم خوا ئەوەندە گەورەیە کە پیسترین مرۆڤەکانیش هەستیان تێدایە. هەموویان خراپ نەبوون. بەڵام ئیتر وایان لێهات و تەنانەت ئەوانیش ئەو کاتە کەمێک هەستی مرۆڤایەتیان چرۆی کرد.

تیژ چوومە ژوورەکەی خۆم و جانتایەکم هەڵگرت و چارشێوەکەم دا بە سەرمدا و هاتمە لای دادە حیشمەت. دادە حیشمەت ڕەگەزنامەکەی دا بە

دەستمەوە و وتی: "لە هەموو شتێک ئاگادارم بکەرەوە نامەم بۆ بنووسە." ئینجا چەند دانە لەتە کاغەزی پێدام. وتم ئەمانە چییە؟ پێکەنی و وتی: "ئەمانە ئەو سفتانەیە کە لە تۆم هەبوو. کاتێک کە خەوتبوو پێمان واژۆ کردی. ئینجا خۆی هەمووی دڕاند. دیسان باوەشم پێدا کردەوە و ماچم کرد. کاعەباس ئۆتۆمبیلێکی بۆمان گرت. بە گریان و دڵخۆشییەوە لەو باغە هاتمە دەرەوە و سەیری ئەوێم کرد. شوێنێک کە ماوەیەکی تەمەنم لەوێ بە لەشفرۆشی رابواردبوو. دادە حیشمەت وتی سوار بە و برۆ و ئیتر لەم شوێنانە نەتبینمەوە.

منیش سوار بووم و وەڕێکەوتین. لە بیرمە هەتا دوو کاتژمێریش لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا دەگریام.

کە گەیشتە ئێرە دادە زێڕە جگەرەیەکی لە بابەک وەرگرت و دایگیرساند و پاش کەمێک وتی:

- ئازادی زۆر خۆشە. هیچ شتێک لەو دنیایەدا لە ئازادی شیرینتر و جوانتر نییە. هیچ شتێک بە بێ ئازادی مانا و چەمکی نییە. وەکوو پەلەوەرێک لە ناو قەفەز. وەکوو ماسی لە دەبەیەک ئاو. وەکوو هەناسەیەکی قەتیسماو. وەکوو مرۆڤ لە ناو زیندان. هیچ کامیان مانایان نییە. هیچیان ئەوەی کە دەبێ ببن نین. تەنیا ئەوەی وا لە زیندانە دەزانێ ئازادی چییە.

ئینجا پێکەنی و سەیرێکی بابەکی کرد کە سەرسام مابوو و چاوی لێ دەکرد و وتی:

- چییە؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟ خەریکی لە ژیانی من وانە وەردەگری؟ دەتهەوێ بزانی شوێنێکی خۆشی ژیانم کامەیە؟

بابەک – نا ئادرەسی ئەو باغەی جنووبم دەوێ؟ ئادرەسەکەت لە بیرە؟

دادە زێڕە پێکەنی و وتی:

- لە ئێران ئەمانە کۆ نابنەوە خوا دەزانێ چی بە سەر خەڵک دێت.

بابەک – ئەگەر ئادرەسەکەم پێ بدەی بچمەوە ئێران چەند دانە لەم کۆترە دیلانە لە قەفەز رزگار دەکەم. هەڵبەت زیاتر لەبەر خێرەکەی.

داده زێڕە – هەستن کاتژمێر دووی نیوە شەوە.

بابەک – لە شۆخی دەرچێ بەسەرهاتێکی سەیرت هەیە. دەزانی هەر کەسێک بەسەرهاتێکی هەیە؟ ئەگەر داوایان لێ بکەی بەسەرهاتی خۆیان بگێرنەوە شتێکی بێتام دەکەنە بەسەرهاتێکی خۆش و لەبیرنەکراو، کە کابرا بیزی نایە ببیستێت. بەڵام ئەوەی تۆ گێڕاتەوە پیاو دەشڵەژێنێت.

داده زێڕە – ئیتر شانسە. یەکی خوا بۆی دەگری ژیانێکی خۆش دەست پێدەکا و پیر دەبێ دەمرێت. بەڵام هی وایە ژیانێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی هەیە و لە پای دەخات.

- پێت وایە چی وا دەکا ئەم کێشانە دروست بێن؟

داده زێڕە – هەر شتێک کە لە جێی خۆیدا نەبێت. تۆ پێلاوێک کە بە پاتەوە تەنگ لە پێی کەی چیت لێدی؟ هیچ، باوکت دێتە بەرچاوت. بەسەرهاتی منیش ئاوایە. باوکم جووتیار بوو. زەوی و کێلگە و مووچە و مەزرا و خزم و کەسی بە جێهێشت و هاتە شار هاتە ناو خێڵی گورگ. هەموو ئەو بەڵایانەی کە بەسەرم هات لەبەر ئەم ناشارەزاییە بوو. ئێمە دەبوایە لە گوند بوایەین. ئەگەر لەوێ بمابایینەوە شوومان دەکرد و وەکوو خەڵکی دیکە ژیانی خۆمانمان دەکرد و دەمردین. بەڵام ئێمە تووشی چی هاتین؟ بەسەرهاتی هەر کام لە خوشکەکانم لە من باشتر نەبوو. هەستن بخەون چاوتان هەڵنایە، بەڵام شتێکتان پێ دەڵێم بێ شەرم و ڕاحەتانە بیڵێن من لێرە مزاحیم نیم؟

بابەک – کورە شتی وا مەڵێ. ئێمە بە بوونت کەیفخۆشین و ئەزموون وەدەست دێنین. بەڵام بەسەرهاتی ئەم بەری ئاو زیاتر درێژ بکەنەوە با زیاتر بۆمان ڕوون بێتەوە. بەتایبەت هێرشی عەرەبەکان باشتر پیشان بدەن کە چۆن پەلاماریان دای و چ چەکێکیان بە کار دەهێنا؟

داده زێڕە – هەستە هەتیوە زۆڵە.

بابەک – ئەوە من دەرۆم دەخەوم. بەڵام ئارمین گوناحە ئەوشەو شەوی پەردەیەتی.

- تۆ حیز و پاتۆلپیسی. من بیر لەمانە ناکەمەوە.

بابەک – دەی بچۆ خۆت بە دکتۆر پیشان بدە وادیارە نەخۆشی.

بەیانی پێش لە هەموویان هەستام و بەرچاییم ساز کرد و پەرداخێک چام خواردەوە، چوومە بەر پەنجەرە و بیر و خەیاڵ هەڵیگرتم. بیری بەهارم کردبوو. ئەم ڕووداوانە وەها خێرا و تیژ تێدەپەڕی کە خۆشم بە زۆری باوەڕیم دەکرد.

هەستم نەدەکرد کە ژنم هێناوە. چەند کەس چوونە نووسینگەیەک و پیاوێک شتێکی لەبەر خۆیەوە وت و ئینجا وتی ئێوە ژن و مێردن. نە ژنەکەم بە تەواوەتی دەناسی و نە بنەماڵەکەی. نەشمدەزانی لە کوێ دەژی. بەهار نەیە من چی بکەم؟ ئەم بیر و خەیاڵانە وەکوو ڕەشک و ئەسپێ هەموو گیانی منیان تەنیبوو. بەڵام ئەوەندە بەهارم خۆش دەویست کە هیچ یەک لەمانە بە لامەوە گرنگ نەبوو، ئەگەر بەهار بێ نە هاوینم دەوێ نە پاییز و نە زستان. بیرم لەمانە دەکردەوە کە بابەک هاتە پشت سەرم و وتی:

بیستوومە بەهەشتێ هەیە حۆری تێدا

ڕووباری شەرابی پاکی دەڕوا پێدا

من لێرە مەی و یاری پەیاکەم چ دەبێ؟

دەسکەوتەکە هەر یەکن، بە هەردووک ڕێدا

کەمێک عەقڵت بوو ئەوەشت لە دەست چوو. وەکوو هەتیو لەبەر پەنجەرە ڕاوەستاوی و خەریکی دەیلیسیتەوە.

- بیری من و تۆ فەرقی هەیە.

بابەک – نەکا تۆ بیری خۆشتر بە مێشکت دەگا؟ ئەگەر هەیە بە منیش بڵێ.

- ئەری دە گوو مەخۆ بەو بیر و خەیاڵە شەیتانییەت. تۆ داوێنپیسی.

لە کاتێکدا کە پێمپێدەکەنی و وتی:

- چوونکە من داوێنم نییە. ئەگەر داوێنم هەبایە بە خوا نەمدەهێشت پەڵەی لێ بنیشێ. داوێنەکەمم بە خاوێنی ڕادەگرت. بە خوا من کچ بووایەم شتی وا وام بە سەر کوران دەهێنا. بە ئینوویەتی دەیانبردمە سەر کانی و بە ئینوویەتی

دەیانمهێناوە. حەوت هەشت دانەیانم دەبردە سینەما. جا لەوێ هەموویان یەکتریان دەبینی و دەکەوتنە گیانی یەکتر و منیش بۆ خۆم دەڕۆشتم.

- خوا پشیلەی دەناسی بۆیە باڵی پێنەدا.

بابەک - داوێنم لە پێ دەکرد هەتا سەر چۆکم. خۆم دەکردە چەپکە گوڵ. گۆرەوییەکی نایلۆنم لە پێ دەکرد. یا گۆرەوییەکی پانتۆلیم لە پێ دەکرد ئاوا ئەمنترە.

- ئەرێ دە گوو مەخۆ نێرەکەر.

بابەک - جانتایەکم لە کۆڵ دەکرد و بنێشتێکیشم دەخستە دەمم. قژیشیم بەر دەداوە. جووتێک پێڵاوی پاژنە بەرزیشم لە پێ دەکرد بۆ ئەوەی تەقە تەقی پێڵاوەکانم سەرنجی هەمووان ڕابکێشێ و سەیرم بکەن. هەموو پاشنیوەڕوان لە ماڵ دەچوومە دەرەوە.

- دەی ئەو کات چیت بە دایک و باوکت دەکوت؟ خۆ ئەوان نەیاندەهێشت بچیتە دەرەوە.

بابەک - کەرە پێم دەوتن دەچمە خولی زمانی ئینگلیزی. جا بۆنێکیشم لە خۆم دەدا کە هەموو شوێنێک بگرێتەوە. جا لەگەڵ هەر هەنگاوێ کە هەڵمدەهێنا چەپ و ڕاست بە حەیرانم دەبوون. جا ئەو کات ترافیک ساز دەبوو مەپرسە.

- تۆ بە ڕاستی جرپنی. کچی نەجیم جۆرێک جلوبەرگ لە بەر دەکا کە هەموو ئەندامانی لەشی دیار بێت؟

بابەک - ئەرێ بە تۆ چی؟ لەشی خۆمەوە دەریدەخەم. خۆ من ناڵێم نەجیمم.

- من لە جادەدا کچی وا ببینم سەیری ناکەم.

بابەک - چوون کەری. خۆ سەیریشی بکەی ئەو سەیری تۆ ناکات.

ئەمانەی وت لاسایی کردمەوە. لە بەر پێکەنین مردبووم.

بابەک - دەچوومە بەر دووکان و شت و لەگەڵ ئەو دووکاندارانە قسەم دەکرد. سڵاو کاعەباس، گۆشتی ئەوڕۆ چۆنە؟ سڵاو کاک ئەکبەر، ئەوڕۆ سەوزەتان نەهێناوە؟ سڵاو کا جەعفەر ماستی شیرینت نییە؟ جا لەنجەم بۆیان دەکرد.

- باشە بۆچی لەنجە بۆ قەساب و سەوزە فرۆش دەکەی؟
بابەک – ئەی لەنجە بۆ چوار پێنج دانە لات و بەرەلا بکەم، کە پارەی گیرفانیان لە باوکیان وەردەگرن. ئێستا پارە لای قەساب و سەوزە فرۆشە.
- وەلا کچ بوایەی حەیات بە بنەماڵەکەت نەدەهێشت، بە دوو ڕۆژ تەواوی تاران دەتیانناسی.
بابەک – دەی جا چییە؟ ئیرەییت برد سەگباب؟
- بەو ئەدایانەی کە تۆ دەریدێنی ماقووڵ و نەجیم لە سەر عەرز نامێنێت.
بابەک – وەلا خۆ ڕاست دەکەی. ئەگەر من کچ بوایەم سەری باوکمم شۆڕ دەکرد. دەی وازی لی بێنە. منیش جاری نەبوومەتە کچ کە بزانم ئەری ماقووڵ بم یان نا. بێینەوە سەر باسی خۆمان. ژنە گۆلمەزییەکەت دەنگی نییە ... کاغەزێکیان دا بە دەستتەوە و وتیان سەرچاوم. وەرە گوێ بۆ منی ڕیش سپی بگرە و ئەمشەو وەرە عاقڵت کەم. شەرت بێ بتبەمە شوێنێ کە پێت خۆش نەبێ لەوێ بێیتە دەرەوە. جا بەهار نەبوو هاوین. هاوین نەبوو، کەوکەب، دەی کەوکەبیش نەبوو ئەوە باربارا بارباراش نەبوو جین. جین نەبوو ...
لە ناکاو دەنگێک لە گوێمدا زرینگایەوە چاوم نوقاند و سەرم خستە نێوان هەر دوو دەستم.
بابەک – ئەوە چییە؟
- بەهارە بانگم دەکات.
بابەک – قوڕ بە سەرم. نەکا قسەکانمانی بیستبێ. تۆبە تۆبە. گووم خوارد دادە بەهار.
- ئەری دە دەنگ بزانم چی دەڵێ.
بابەک – نەچی قسەکانی منی بۆ بگێڕیتەوە.
- بێدەنگ بە.
دەنگەکە تا دەهات ڕاشکاوتر دەبوو. شێعری بۆم دەوت. کە هاتیتە لام بە ئەسپایی وەرە نەکا چینی هەستی ناسکم بشکێ ...

ڕاپەڕیم و قەمسەڵەکەم لە بەر کرد و چوومە دەرەوە. بابەک بانگی کردم، بەڵام وەڵامیم نەداوە و لە پلیکانە چوومە خوارەوە.

کە گەیشتمە سەر جادە سەیری دەوروبەرمم کرد کەسی لێ نەبوو. زانیم لە پارکی جاری پێشوو چاوەڕێمە. دەستم کرد بە ڕاکرن. لە دنیا هیچ چێژێک بەوە ناگاتەوە کە مرۆڤ دەچێ بۆ لای ئەو کەسەی وا خۆشی دەوێ. بە ڕاست ئەو چرکە ساتانە قەت وەسف ناکرێت.

چوومە پارک و ڕاستەوخۆ چوومە ئەو شوێنەی کە گوڵباخیان ڕواندبوو. لە دوورەوە بینیم. پانتۆڵێکی جینی جوانی لەبەر بوو لەگەڵ بلووزێکی شین. قەمسەڵەیەکی زۆر جوانیشی لەبەر کردبوو. کە منی بینی هاتە لام. هەر دووکمان ڕاوەستاین و ئەو پێم پێکەنی.

دوو خولەکێک هەر وا سەیری یەکترمان کرد. دوو خوولەک هەر وا سەیرم کرد زۆر جوان بوو. دەتکوت هەموو جوانییەکانی دنیا لەودا کۆ بیووەوە. بە قوربانی خوا بم وا ئەوەندە ئافرێتراوەکانی جوانن. بە ڕاستی هەم ناوی شیرین و هەم ناو بەهاری لێ دێت.

بەهار – ناتهەوێ هاوسەرەکەت لە ئامێز بگری و ماچی بکەی؟

- لێت دڵمەندم بەهار.

بەهار – بۆچی؟

- من تاکەی دان بە خۆمدا بگرم و ژنی خۆم لە لا نەبێت؟ من تاقەتم نییە ژنەکەم بانگم بکا دوای نیوکاتژمێر بچمە پارک و پاش ماڵئاوایی هەر کاممان بچینە سەر ئیشی خۆمان؟

ئەمانەم وت و چووینە لای درەختێک و پاڵم پێوە دا. بە ئەسپایی دەستی هێنا بە گۆنامدا لە حاڵێکدا کە پێم پێدەکەنی وتی:

- سەیرم کە بزانم.

چاوم بڕییە ناو چاوی و وتی:

- چاوت پڕە لە عەشق. ئارمین لە تۆدا عەشقێکی بێکۆتا بەدی دەکەم. ڕەنگە من

ئاقە کچێک بم کە تێیدەگا چەندە مێردەکەی خۆش دەوێ.
- ئەمانە دەڵێی و فریوم دەدەی؟
بەهار - من هەتا زیندووم هەرگیز فریوت نادەم. ئارمین زۆرم خۆش دەوێی.
- بریا منیش هێزێکم هەبایە و بمزانیبایە تۆ چەندەمت خۆش دەوێ.
بەهار - ئەگەر بتوانیبایە بزانی زۆر چێژت دەبینی. وەکوو چۆن من کاتێک بیر لە تۆ دەکەمەوە یان سەیری ناو چاوت دەکەم چێژێکی وەها هەموو گیانم دەتەنێ، کە ئامادە نیم ئەو چێژە بە هیچ کام لە خۆشییەکانی ئەم جیهانە بگۆڕمەوە.
پێی پێکەنیم.
بەهار - دەی مەتۆرە وەرە.
شوێنی گلەیی و سکاڵا نەبوو. هەموو شتێک بە لامەوە وەکوو خەون وابوو.
وەکوو کۆتایی هاتنی خەمەکان. وەکوو گەنجبوونی دڵی پیاوێکی تەمەن هەزار ساڵە. هەموو شتێک وەکوو خەون وابوو. وەکوو گەیشتن بە هەموو ئاواتەکان. وەکوو نەمانی خەم و خەفەت. وەکوو چرۆکردنی دڵی پیاوێکی تەمەن هەزار ساڵە.
ئینجا دەستیم گرت و کەمێک ئەولاتر چووینە سەر کورسییەک دانیشتین.
بەهار - تۆ یەکەم عەشقی منی. دواعەقیشی. دەمەوێ ئەمە بزانی. تۆ تاقە کەسێکی کە توانیت من عاشقی خۆت بکەی و تەنیا کەسێکی کە منت گیرۆدەی خۆت کرد. ئەوە ماوەی چەند ساڵە بۆ ئەنگیزەیەک دەگەڕام بۆ ئەوەی بڕیارێکی گرنگ بدەم. تۆ ئەو ئەنگیزەی. عەشقی تۆ بێداری کردمەوە. دەنگت وەهۆشی هێنام. ئیتر ئامادە نیم تۆ لە دەست بدەم ئارمین.
- نارەحەتی یان هەست بە پەشیمانی دەکەی؟
بەهار - نا تەنیا داخی ئەوە دەخۆم کە هەتا ئێستا بوومەتە دەستخەرەی کۆمەڵی کەسی بێباوەڕ کە کەڵکاوەژوویيم لێ دەکەن. واتە کەڵکاوەژوویيان لە هێزی من دەکرد.
- تۆ چت بۆیان دەکرد؟
بەهار - هیچ. خەڵکم لە خشتە دەبرد. واتە خەڵک کە دەیانبینی لە بەرچاویان

شێرین

خەڵک شیفا دەدەم ئیدی ئیمانیان پێ دەهێنام و ئەوانیش کەڵکاوەژوویان لێ دەکردن.

- بۆچی هەتا ئێستا لە دەستیان رات نەکردووە؟

بەهار – بچمە کوێ؟ کێم هەیە پەنای بۆ ببەم؟

- ئەی ئێستا؟

بەهار – ئێستا تۆم هەیە. عەشقی تۆم هەیە. و تەنیا عەشقێکی قووڵە کە دەتوانێ رزگارم بکات. دەزانی ئارمین؟ بۆ کەسانێکی وەکوو من عەشق مانایەکی تری هەیە، دڵی ئێمە لە عەشق و خۆشەویستیی ئاسایی تەژی نابێت.

ئەگەر کەسێک یەکێکی وەکوو منی خۆش بووێ دەبێ عەشقێکی زۆر قووڵ و گەورە و زۆری هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ بێتە ناو دڵ و دەروونمانەوە. عاشقی من دەبێ زۆر دڵسووتاو بێ بۆ ئەوەی دڵگەرمم بکات. هەموو کچ و کورێک هەتا ئەو کاتەی کە پێکەوەن پێیان وایە عاشقن.

بەڵام ئەوان خەریکن عەشق بە ئەزموون دەکەن. خەریکن پرۆڤەی عاشقبوون دەکەن. بەڵام زۆریان تەنیا ئەلف و بێی عەشق فێر دەبن و هەر لەو قۆناغەشدا دەمێننەوە. وانەی عەشق سنووری نییە. دەگەیتە هەر شوێنێکی شتێکی تازەی بۆ فێربوون پێیە.

مرۆڤەکان دەبێ فێری خۆشەویستی بن ئەگەر فێری عەشق بن ئەوە ئیتر ستەم نامێنێت. دڵێک کە عەشق تێیدا حەوابێتەوە تەنیا سۆز و خۆشەویستی و دۆستایەتی تێیدا جێی دەبێتەوە نەک غەدر و کینە و ستەم.

- بەهار بۆچی واز لەمانە ناهێنی و لەگەڵم نایەیتەوە بۆ ئێران؟

بەهار – جاری زووە ئارمین. من دەبێ بزانم ئەمانە کامە شوێنکەوتووی منیان ناردووەتە وڵاتانی تر. چ مەترسییەک هەڕەشە لە خەڵک دەکات؟ دەزانم هەندێکیان چوونەتە ناو دەزگا حکوومەتییەکانەوە و هەر سات لەوانەیە لە سووچێکی ئەم جیهانەدا ئاژاوە و جەنگێک بنێنەوە. هەر ئێستا لە هەندێ لە سووچ و ناوچەکانی جیهان شەڕ و ناکۆکی هەیە هەر بینا کاری ئەمانە بێت. من چاوەڕێی زانینی

ئەمانەم.

- مەگەر تۆ ناتوانی بە زەینت ئەمانە تێبگەی؟

بەهار – نا. من ناتوانم زەینی کەس بخوێنمەوە. مەگەر ئەوەی خۆی بیهەوێت.

ئینجا چاوی لێم کرد و وتی:

- دیسان چاوم لێ بکەوە. هەرکات بەو چاوە پڕ لە عەشقەت لێم دەڕوانی گەرم دادێم.

- من تەنانەت لە خەویشدا تۆ دەبینم.

هەستا و دەستی گرتم و وتی:

- ئێرە گۆمێکی لێیە وەرە با بچین. ئاوی ڕۆشناییە.

هەر دووکمان وەڕێکەوتین چووینە لای گۆمەکە کە لایەکی پارک بوو. شان بە شانی من دەڕۆشت و منیش تەنیا لێم دەڕوانی و چاوم لە هیچی تر نەدەکرد پێم خۆش نەبوو لەم ماوەدا کە بەهار لە لامە چرکەیەکیشی لە کیس بدەم.

هەر دووکمان بە بێ ئەوەی قسە بکەین هەتا لای گۆمەکە ڕۆشتین و ئەو وتی:

- ئەوە چییە لە ناوەڕاستی ئەو گۆمەدایە؟

- هۆتێلە.

بەهار – بە چی بچینە ئەوێ؟ بە بەلەم؟

سەرم لەقاند. پێکەنی و وتی:

- تۆ بووکت بە بێ جلی بووکی دەوێ؟

پێی پێکەنیم.

بەهار – دەی وەرە با سواری بەلەم بین.

## بەشی هەژدەهەم

نزیکەی کاتژمێر دوازدە و نیو بوو کە لەگەڵ بەهار لە هۆتێلەکە هاتینە دەرەوە و بە بەلەم لە گۆمەکە تێپەڕین، هاتینە ناو پارک و ئینجا بەهارم گەیاندەوە لای ئۆتۆمبێلیەکەی و سوار بوو کاتێ ویستی بڕوا وتی:

- ئارمین دیسان بیرم لێ بکەوە. بەردەوام بیرم لێ بکەوە هەتا دێم. کاتێ بیر لە یەکتر دەکەینەوە بەهێز دەبین.

- دڵنیا بە ساتێکیش لە یادم ناچی. هەمیشە تۆ و عەشقی تۆ لە یادمدایە. ئاگات لە خۆت بێ زۆرت بیر دەکەم. زوو بگەڕەوە لام ... ئازاریان مەدە با تووشی کێشە نەیەی.

بەهار – خاترجەم بە.

ئینجا بزەیەکی هات و وتی:

- بیرەوەریی ئەم هۆتێلەم لە بیر ناچی، خۆشحاڵم کە تۆ مێردمی. ئارمین خۆشم دەوێی تۆش خۆشت بوێم.

- زوو بگەڕەوە لام، لە ئێستاوە تاسەت دەکەم.

پێکەنی و ڕۆشت. من خولەکێک ڕاوەستام و سەیری ڕۆشتنیم کرد، ئینجا هێور هێور بەرەو ماڵی خۆمان چوومەوە و پاش چەند خولەک گەیشتمەوە کە چوومە ناو ئاپارتمان، بابەک هاتە بەردەمم و لە کاتێکە کە زۆر وەڕەز بوو وتی:

- ئەوە تۆ لە کوێی؟ هەتا ئێستا لە کوێ بووی؟

- لە پارک. لەگەڵ بەهار لە پارک بووم.

بابەک – گووت خوارد. دە جار چوومە پارک گەرام لەوێ نەبوون. ئۆتۆمبێلی

بەهار، لە شەقام، لە لای پارکەکە بوو، بەلام خۆتان دیار نەبوون. نالیی ئەم پوورزایەم خەم دەخوات. لە کاتژمێر ٩ی بەیانییەوە ڕۆشتووی هەتا ئیستا نەهاتوویەتەوە. ئەوە کاتژمێر نزیکەی ١ی نیوەڕۆیە.

- باشە دەی هەرا هەرا مەکە.

بابەک – زۆر منداڵی. هەر باڵات بەرز بووە، دەنا مێشکت هێندەی بێچووە وشترێکە. ماڵتە تەلەفۆنت کردبایە. وەڵا ئەوەندە لە خەمتدا بووم. باشە چوونە کوێ؟

پێکەنیم و لە کاتێکدا پێڵاوەکانم دادەکەند چوومە ژوورەوە وتم:

- هەر لەوێ بووین.

بابەک – کەرە خۆت کوێری. تەواوی ئەو پارکەم سەر و بن کرد. یاخوا دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکا. بێئەدەب چووبوونە هۆتێل؟ وتم ڕەنگە لەگەڵ یەکتر چووبێتنە هۆتێل. ئای ئاوری بن کا. چووی زاوایێت کرد؟

پێکەنیم و وتی:

- عەمرت نەمێنێ وا ناتوانی خۆت بگری، چووی خۆتت ئاشکرا کرد؟

- بابەک زۆر بێئەدەبی.

بابەک – چوویتە ژووری پەردە؟

- ئەرێ دە بیبڕەوە ماڵتە لای دادە زێڕە عەیبە. دواتر پێکەوە قسە دەکەین.

بابەک – وەرە دانیشە بزانم. دواتر قسە دەکەین چی؟ دەبێ سەر و بنیم بۆ بگێڕیتەوە. وەرە دانیشە با چایەکت بۆ بێنم گەرووت بکرێتەوە، قوڕ بە سەرم نازانم کاچییەکیش دروست بکەم دەنا کاچییەکم لێ دەنا و پێم دەدای بیخۆی.

ئینجا دەستی کرد بە چەقەنە لێدان و گۆرانی وتن:

- مبارەک بێ مبارەک مبارەک بووک و زاوا

ڕەش بەڵەک و گۆڤەندە هەموو بڵێن ماڵاوا.

...

کاتێ بووک و زاوا دێنین دەسرە و دەسماڵ دەرێنین

نووقل و گوڵ و شیرینی بە سەریان بباریێنین

- برا لای دادە زێڕە حەیامت برد.

بابەک – دادە زێڕە لە گەرماوە. بەیانی لێرەوە ڕۆشتی ڕاست چوون بۆ هوتێل؟

- نا برا. لە پێشدا کەمێک قسەمان کرد.

بابەک – چیتان دەوت؟ وشە بە وشەیم بۆ بڵێ. بزانم تۆی گەوج و لەوچ و پەخمە چۆن بووکت بردە هوتێل؟ چیت پێ وت ڕازیت کرد بردت بۆ هوتێل؟

- من هیچم نەوت. ئەو وتی.

بابەک سەیرێکی کردم و وتی:

- دەمزانی تۆ گووی وات پێ ناخورێ، باشە دەی قسەی چیتان کرد؟

- هیچ باسی عەشق و خۆشەویستی و ئەم شتانەمان کرد.

بابەک – جوان بۆم بگێڕەوە. دەنا نانی نیوەڕۆت پێ نادەم.

- چەندە لە سەر شت دەچی ماڵتە. بەهار وتی عەشق دەبێ زۆر قووڵ بێت.

بابەک – بە قوربانی عەشقی قووڵ بم، هەرچی قووڵتر بێ مەلەی خۆشترە.

پێکەنینم هات. بە حەسرەتەوە قسەی دەکرد و دەیدا بە دەستی خۆیدا و لە سینگی دەکوتا.

- دەیکوت ئێمە لە ئەلف و بێی عەشقدا ماوینەتەوە.

بابەک – یا خوا بە قوربانی ئەلف و بێی عەشق بم. من هەتا جیم و چەکەی دەزانم.

- تۆ بڕوانامەکەشت وەرگرتووە.

بابەک – قسە مەکە من تازە لە سەرەتای ئەم زانستەدام. ئەی ئەوانی تری بڵێ.

- ئەری دە ماندووم کەرووم وشکە.

بابەک – تۆ قسە بکە من شیرینی و خۆشاو و ساردیت بۆ دێنم. تۆ هەر قسە بکە.

- دەیکوت ئەم کچ و کوڕانە ڕاهێنانی عەشق دەکەن.

بابەک – بە قوربانی ئەم ڕاهێنانە چڕ و پڕەم بم وا بە جیدییەتەوە ڕاهێنان

دەکەن.

- ئەری دە گوو مەخۆ ماڵتە چەندە لێی دەڵێی؟!

هەستام چوومە چێشتخانە بۆ ئەوەی چایەک بۆ خۆم تێکەم، کاتێ گەڕامەوە بینیم بابەک هەر لەوێ دانیشتووە و خەریکە سینگی دەکوتێ.

- خــوا مــن بگــرێ چەنــدە لە ڕاهێنانەکانمــدا دواکەوتــووم، بە خــوا لە تاقیکردنەوەکانـدا دەرنـاچم، جـا لای دایـک و بـاوکم چـی بڵـێم. بە چ ڕوویەکەوە بگەڕمەوە بۆ ئێران؟

- هەستە خۆت لووس مەکە. باسی ڕۆیا چی؟ دیار نییە.

بابەک – تۆ نەبووی ئێمە لە سەر ئەلف ب پ ت و ج ڕاهێنمان دەکرد. ئەویش هـات، بەڵام دەستی بۆ کتێب نەبرد. دەفتەر و کتێبی نەهێنابوو، منیش قەڵەمم نەهێنابوو. ئەویش ماڵاوایی کرد و ڕۆشت.

- ماڵاوایی کرد؟ بۆچی؟

بابەک – لەبەر یەکەم قارەمان.

- جوان قسە بکە دەی.

بـابەک – هـیچ هـات داوای لێبووردنی کـرد و وتـی لە ئێران کەسـی نییە، جیا لەمەش بابەتەکە کەمێک مەترسیدارە ناتوانێ هاوکاریمان بکات، دەترسی شتێک بێ و لێرە بیکەنە دەرەوە. فەقیرە ناحەقیشی نییە لێرە بیکەنە دەرەوە بچێتە کوێ؟

- تۆ نارەحەت نیت؟

بابەک – دەی من بۆچی نارەحەت بم؟

- ئاخە تۆی خۆش دەوێ.

بـابەک – دەی چـی لێبکەین؟ کـاتێ لەگەڵـم نەبێ بـۆ چیمە. ئەگەر منی خۆش بویستایە لەگەڵم بۆ هەموو شوێنێک دەهات.

- دەی سەرەخۆشیت لێ دەکەم.

بابەک – کەرە پیرۆزباییم لێبکە. من وەکوو تۆ نیم، کە کچە خولەکێک درەنگ بێ بیوورینمەوە بدرێم بە عەرزدا. باشتریش ئەگەر شتێکی لێ بهاتبایە ئۆباڵی دەکەوتە

ئەستۆی من و ویژدانم ئازاری دەدام. دەستیشی خۆشبێ دەتکوت هەر ئێرانیش نییە ڕاست قسەی خۆی کرد.

- هەمووی خەتای منە. ئەگەر تۆ نەتویستایە لەگەڵ من بێی ڕۆیا وازی لێت نەدەهێنا.

بابەک - جا تۆ بۆ؟ هیچ شتێکی گرنگ ڕووی نەداوە. من و ڕۆیا ماوەیەک پێکەوە بووین و هیچیش ڕووی نەدا. ئەخلاقی یەکترمان بۆ دەرکەوت، ئەو چوو بە دوای ژیانی خۆیدا و منیش بە دوای ژیانی خۆمدا. ئەگەر لە ئێران باین، ئەگەر دایک و باوکم ڕۆیایان بۆ من دەستنیشان کردایە، تەواوی خزم و کەس دەستیان دەدایە دەست یەک و بە گۆپالیش بێ مارەمانیان دەکرد. سەری نۆ مانگ دەبا لە سەر داوای پشکدارانی کارگە منداڵێک دروست بکەین و ڕادەستی کڕیاری بکەین، دەڵێی پارە دەخەنە حسێبی کارگەی ئۆتۆمبیلسازییەوە. دەبێ منداڵێکی فابریک بە کوالێر و کەرەسەی زیادیان پێ بدەین، جا ئیتر لە نیوەی ڕێگادا هەر لە کارگەوە هەتا شار خراپ دەبێ نابێ بۆیان هیچ گرنگ نییە. ئینجا لە سێ مانگەی سێیەمدا دەبێ منداڵی دووهەم، لە کۆمپانی بێنینە دەرەوە، چوونکە داخوازی زۆرە دەبێ دەفرایەتیی کارگە زۆر بکەین. جا ئەوە منی ئەندازیاری دەست تەنیا و ئەم کارگەش بەم گەورەییە قوری کوێ بکەم بە سەرمدا. جا ئەمانە چۆن بەرێوە ببەم؟

- ئەرێ باسی چی دەکەی؟

بابەک - جا ئەگەر چوار پێنج دانە منداڵ تەنگیان پێ هەڵچنی، تازە ئەندازیار دەزانێ کارگەکە هەڵە هاتووە و هیچ شارەزایی تێدا نییە.

- کابرا دوو سەعات لەگەڵ تۆ قسە بکا بە قەت دوو خولەکی لێ تێناگا ئەوە دەڵێی چی؟

بابەک - جا هەواڵێکی تریشم بۆت هەیە. کە تۆ لە ماڵەوە نەبووی باوکە خوالێخۆشبووەکەم تەلەفۆنی کرد. هەموو کاروباری ڕۆشتنەوەی بۆمان ئامادە کردووە.

- بابەک بۆچی ئاوا قسە دەکەی؟ کابرا چۆن بە باوکی خۆی دەڵێ

شیرین

خوالیخۆشبوو؟!

بابەک – دەی کابرا چی بە باوکی خۆی بڵێ چی؟ دەبێ بڵێ گوڕ بە گوڕ؟

- نا ئەم قسانەش مەکە.

بابەک – واتە ئەگەر هاتوو ڕۆژێک باوکم مرد هیچ نەڵیم. هەڵپەرم کە هیچ ڕووی نەداوە؟

- برا هیچ تۆ بۆ قسە نابی. باشە دەی چی تری وت؟

بابەک – تۆ نەبووی باوکە گوڕ بۆ نەهاتووەکەم تەلەفونی کرد. هەڵبەت باوکە بێ گوڕەکەی تۆش، بڕیارە شەو تەلەفون بکات.

- زمانت بە بڕین چی بابەک.

بابەک – برا من یەکلایی کەوە. دەمەوێ بڵێم چیان وت و ناهێڵی هەر ڕەخنە لە پێشوتار و پێشەکی دەگری. بێڵە با قسەکەم بکەم.

- باشە دەی بیڵێ.

بابەک – ئەری. تۆ نەبووی باوکی کۆچکردووم تەلەفونی کرد. ئەوی ترم لە بیر چۆتەوە. لە بیرم نییە تەلەفونی کرد چی وت. ماڵتە هۆش بە پیاوەوە ناهێڵێ.

سەیریکم کرد و وتم:

- باشە بابەک ئەوە تۆ بۆچی ئاوات لێهاتووە؟

بابەک – کۆنترۆڵی کووالیتییەکەم باش نەبووە ئارمین گیان.

- بە ڕاستمە. لەو دایک و باوکە چی کەوتەوە.

بابەک – دەمەوێ حەیایان بۆ کۆ بکەمەوە.

- بەم کارانەت؟

بابەک – دەزانی چییە؟ لە سەردەمانی کۆندا کوڕیک هەبووە باوکی مردووشۆر بووە. ئەخلاقێکی خراپی بووە. هەر مردوویەکی کە دەشت لە کۆتاییدا کفنەکەی دەدزی. ڕۆژی گیانەڵاکەی بە کوڕەکەی دەڵێ من کارێکی ناشیرینم دەکرد. ئەویش ئەوە بوو کفنی مردووەکانم دەدزی، من ئەگەر مردم تۆ کارێک بکە کە هەر هەموو خەڵک پێم بڵێن خوالیخۆشبوو. باوکە دەمرێ و کوڕەکەی دەبێتە مردووشۆر. ئەم جارە کوڕە هەر مردوویەکی کە دەشت جیا لەوەی کفنەکەی

دەدزی لە کواییدا داریکیشی دەبرییە ... مردووەکە.

- عەمرت نەمینی بابەک بۆ بەسەرهات گێرانەوەت.

بابەک – جا گوێ بگرە. پاش چەند ڕۆژ خەڵک دەرگای ماڵی پێ دەگرن و دەیهێننە دەرەوە، کە برا بۆچی وا دەکەی؟ باوک خوالیخۆشبووت هەر کفنەکانمانی دەدزی. ئیتر داری نەدەبڕییە مردووەکانمان. ئەمەی وت کوڕەکە وتی من وەسیەتی باوکم بە جێ دێنم و خوالیخۆشبووم بۆ کریوە، هەتا ئێوە هەموو بەیانانێک فاتیحا بۆ باوکم نەنێرن و نەڵێن خوالیخۆشبوو، من هەر دار دەبڕمە مردووەکانتان. ئەمە بەسەرهاتی منە. من خەریکم خوالیخۆشبوو بۆ باوکم دەکڕمەوە. وابێ هەر کەس منی بینی بڵێ باوکی خوالیخۆشبووت. باوکم بە گەنجێتی زۆری شەیتانی کردووە، کە پیر بووە تۆبەی کردووە و ئێستا ئامۆژگاری من دەکات. دۆسییەکەی لە بەر دەستمە. دەزانم کچێکی دراوسێیان بە دەست باوکمە وەڕەز بووە.

- باشە دەی تەلەفۆنی کرد چی وت؟

بابەک – ئەها وەبیرم هاتەوە. تەلەفۆنی کرد وتی دووکانێکی فرۆشتنی جلوبەرگی ژێرەوەم بۆت داناوە، کە هاتیتەوە بۆ خۆت لە سەری بێ. زوو وەرەوە کار و کاسپی بکە. ئەمەش بوو بە چەند ساڵ خوێندنی ئێمە. لێت ناپرسن کوا بڕوانامەت چیت خوێندووە؟

- تۆ چیت پێ وت؟

بابەک – باوکمە نەمتوانی بە باشی قسەی لەگەڵ بکەم. ڕێزم لێگرت. وتم باوکە گیان دوای چەند ساڵ خوێندن و خۆکوێرکردن بێم دووکانی کۆتاڵ فرۆشی دابنێم؟

- دەی ئەو چی وت؟

بابەک – هەر چییەکی وت وەڵامەکەی بەجێ بوو.

- باشە دەی چی وت؟

بابەک – وتی گوو بە بڕوانامەکەت.

- بێئەدەب.

بابەک – هەڵبەت سەبارەت بە توش قسەمان کرد. باوکم وتی دایک و باوکت چ تەگبیریکیان بۆ کردووی. کارەکەی تۆ لە هی من باشترە، لە بڕوانامە و کەسایەتیت دەکالیتەوە. چوونکە باوکت لە باوکی من ڕووناکبیرترە.

- چ بەرنامەیەکیان بۆ دارشتووم؟

بابەک – باوکت چووە بایەخی خوێندەواری بۆت وەرگرتووە.

- بە ڕاستتە؟

بابەک – ئەرێ بایەخی بڕوانامەی تۆ لە هی من زۆر باشترە! نمرەکانی تۆ لە هی من زیاترە. بواری خوێندنەکەشت لە هی من چاکترە.

- بۆیە دەموت دەرسەکانت بخوێنە بۆ ئەم ڕۆژە بوو. هەر خەریکی بەرەڵایی و کاری قوڕی.

بابەک – هەڵەم کرد. خۆزگەم بە خۆت. بایەخی خوێندنی تۆ هەر ئەوەیە وا دوای میز دێ. ئەو زلەکەی وا دەبێ سیفۆنی بۆ بکێشی.

- ئەرێ دە دەمت داخە. دەزانم چی دەڵێی درێژی مەکەوە.

بابەک – ماڵتە شۆخیش نازانی.

- ئاخە شۆخییەکانت قوڕن. باشە دەی بیلێ چییان بۆم کردووە.

بابەک – بایەخی خوێندنەکەت ئەوە بوو وا وتم. بەڵام کارەکەت شتێکی ترە. قەرارە هەر لە فڕۆکەخانەوە ڕاست بچی بۆ مردووشۆرخانە. کامیۆنێکیان داری وشک ئامادە کردووە دەبێ بچی خوالێخۆشبوویی بۆ باوکت بکری.

- کەی بچینەوە بۆ ئێران من لە دەست تۆ نەجاتم ببێت؟!

بابەک – داماو خۆت پێ چییە؟ پێت وایە بەم بڕوانامەوە پات بگاتە ئێران دەتکەنە بەرێوەبەری فلان ئیدارە. ئەوسەرەکەی داتدەمەزرێنن بە مووچەیەکی کەم. هەر ئەو ئیشەی وا باوکت بۆتی دۆزیوەتەوە لە هەمووی چاکترە. پەیکانێکی مۆدێلی ٤٨ی بۆت کڕیوە. پاشنیوەڕوان دەچی بۆ مسافرکێشی. ئەم کارە دوای ئەوەیە کە ژنت هێنا. جا دەبێ دەستی باوکیشت ماچ بکەی وا ناهێلی برسیتی بکێشی.

هەڵبەت تۆ دەتوانی هونەری ژنەکەشت بقۆزیتەوە. لەگەڵی بچۆ بۆ پارک میز و

کورسییەک دانی بۆ کار و کاسپی. ئەوانەی وا گری کوێرەیان هەیە دینە پارک. یەکی چاوی نییە، یەکی گوێی نییە، یەکی پای ئیفلیجە، یەکی دەستی کولە. ئەمان شیفا بدە شەو بە کوڵی پارەوە دەچیتەوە ماڵ و ئیتر شەوانە بە سکی برسی ناخەون. هەڵبەت ئەگەر جلی قەرەج لەبەر بکەی داهاتی باشترە.

- پیاو لەگەڵ تۆ قسە بکا کەسایەتی دەچیتە ژێر پرسیارەوە.

بابەک – لە کوڵ بەیدی بەیدی بەوە. من بەز نییە دەم و زمانم هەیە، دەتوانم دوو کەس بە کەر بزانم. تۆ ئەوەشت پێ ناکرێت.

- نانی نیوەڕۆ چیمان هەیە؟

بابەک – دەرد و هەلایەهەل، دایمە برسیتە.

وڵامیم نەداوە لەم کاتەدا دادە زێڕە هاتە دەرەوە و وتی:

- بابەک ئەوە دیسان ئەزیەتی ئارمین دەکەی؟

- دادە زێڕە لەوەتەی هاتوومەتەوە یەکتەکان کەری کەری دەکا. بیوورە سڵاو، خۆ بابەک هۆش بە پیاوەوە ناهێڵێت.

دادە زێڕە پێکەنی و وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە و وتی:

- زۆر بۆت بە پەرۆش بووین. بابەک هات بە دواتدا. ئۆتۆمبیلەکەی بەهاری دی ئیوەی نەدی. زۆر ترسابوو. وایزانی تووشی ڕووداوێک هاتوون.

بابەک – پیرۆزت بێ دادە زێڕە.

دادە زێڕە – قوربانت ڕۆلە گیان. چووبوویتە کوێ؟

بابەک – چووبوون بۆ دۆشەکی خەوخۆش لەگەڵ قەرەویلەیەک.

دادە زێڕە – ئەیەڕۆ. جا بۆ دۆشەک و قەرەویلە بۆ؟

بابەک – بۆ ئەوەی بە جووتە لە سەری بخەون.

دادە زێڕە – دەک خوا لێت هەڵنەگرێ ڕۆڵە بۆ ئەوەندە بێنەدەبی؟!

- هەر بە ڕاست بابەک دەبێ بە مایکرۆسکۆپ لە تۆ ڕەوشت و شەرم و حەیا بدۆزینەوە.

بابەک – لە خورا زەحمەت مەکێشە من زۆر ستریلم. هەموو خانەکانی لەشم بگەری ئەو بوونەوەرە وردانەی وا وتت نابینی.

- من نامەوێ لەگەڵت قسە بکەم.

دادە زێرە بە پێکەنینەوە بە بابەکی وت:

- ئەزیەتی مەکە بچۆ ماچی بکە.

بابەک - خۆ من هەرگیز لە کورە پووری خۆم ناتۆرم. وەرە با ماچت بکەم، بێنە ئەو دەموچاوە ناشیرینەت بێنە.

هاتە پێشەوە ماچی کردم و وتی:

- بەخ بەخ. بۆنێکی خۆشی ژنانەت لێدی. ماڵە وەختێ هاتیتەوە دەموچاوت بشۆ با ئاسەواری تاوانت پێوە نەمێنێت. کابرا دەچێ لای ئافرەت کە دێتەوە زوو دەموچاوی دەشوا و جوان لە بەر ئاوێنە سەیری خۆی و جلەکانی دەکا، کە نەکا شتێکی پێوە دیار بێ. تماشا گەوجە هەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە بە کەرم بزانێ.

هەر سێکمان پێکەنین و چووینە چێشتخانە و نانی نیوەڕۆمان خوارد. ئینجا دادە زێرە جلەکانی گۆڕی و وتی سەردانێکی ماڵەوە دەکا و دەگەڕێتەوە. من و بابەک پێکەوە یەکترمان دواند و ئینجا خەوتین. لای پاشنیوەڕۆ بوو کە هەستاین. هەر دووکمان چووینە گەرماو و بابەک چای دەم کرد و خواردمانەوە. لەم کاتەدا دەنگی تەلەفۆن هات خۆم هەڵمگرت کە وتم ئەلۆ؟ دەتکوت کارەبام لێ دەدەن. دەنگی خۆشی بەهار بوو.

بەهار - سڵاو.

- سڵاو لە کوێی؟

بەهار - بووکێکی جانتا بە دەستت ناوێ؟

- لە کوێی ئەوە.

بەهار - دەتهەوێ یان ناتهەوێ؟

- چی بووە؟

بابەک بە سەرسوورمانەوە هاتە لام و زوو زوو پرسیاری لێ دەکردم.

- پووری گیان مردووە.

- ئەرێ دە گوو مەخۆ.

بابەک - کچە پوورەکان تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون؟

- لاچۆ.

بابەک – مێردی پوورت دیسان فیتقی هەیە.

- بابەک.

بەهار – کێ لەوێیە؟

- بابەکە.

بەهار – دەڵێ چی؟

- هەر گەوجە گەوج نییە.

بابەک – پوورت زایوە؟

بە لاچاوێکەوە سەیرم کرد.

بابەک – دە ئەوە کێیە؟ نەکا دۆستەکانی منن؟ دا ئەو تەلەفۆنم دەیە حەیا بکە شوورەییە، لەگەڵ کچی خەڵک دەگەڕێ. ماڵتە ژنیشت هەیە هێشتا هەر حیزی.

تەلەفۆنەکەی لێ وەرگرتم وتی:

- دا بچۆ لەو دانیشە حیزە پیاو.

پێکەنینم دەهات. وەکوو ئاور خۆ ناکوژێتەوە. تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و نای بە گوێیەوە و لەگەڵ ئەوەی وتی ئەلۆ و دەنگی بەهاری بیست و خولەکێک دەستی نا بە سینگییەوە و وتی:

- سـڵاو ڕەحمەتـولا گەورەم. تۆخـوا ئەو دنیـا چ خەبەرە؟ میـوەی بەهەشـتی چۆنن؟ گەیشتوون یان کاڵن؟ ئاگری جەهەندەم چۆنە؟ هەر گڕەی دێ؟ بە ڕاستی دەستت خۆش بێ ئەم کافرانە دێنیتە سەر ڕێ.

تەلەفۆنەکەم بە زۆری لێ وەرگرت و سەیرم کرد بەهار لەبەر پێکەنین مردبوو.

- ئەلۆ ببوورە. ئەم هەتیوە ئەوەندە قزوولە گاڵتە بە هەموو کەس دەکات.

بەهار – ئارمین بابەک زۆر خوێن شیرینە.

- چی بووە؟

بەهار – دەمەوێ بەر لەوەی بێم لێت بپرسم، ئایا هێشتا لە سەر قسەی خۆت سووری؟

- بۆچی چی بووە؟

بەهار – نا، بەڵام جلەکانم کۆ کردوتەوە و ئامادەی هاتنم.

- هەر ئێستا؟

بەهار – ئەری تەنیا تەلەفۆنم بۆ ئەوە کرد کە لێت دڵنیا بم.

- بۆچی متمانەت پێم نییە؟

بەهار – بۆچی، بەڵام ئارمین هێشتا کاتی بیرکردنەوەت هەیە.

- هەستە زوو وەرە. چاوەڕێتم.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئینجا وتی:

- هەتا نیو کاتژمێری تر لەوێم.

- زوو وەرە. ئاگات لە خۆت بێ کەس پێت نەزانێ. چاوەڕێتم.

ماڵئاواییمان کرد و تەلەفۆنەکەم داخست و سەیرێکی بابەکم کرد و وتم:

- ئەری بابەک ئەوە بۆچی وا دەکەی؟ من چی بکەم بە دەست تووە؟!

بابەک – ویستم بزانم نەکا ناپاکی بە پێغەمبەر بکەی. ئەگەر ناپاکی لە سەرتدایە، ئێمەی شوێنکەوتووەکانی لەگەڵی ڕوو ڕاستێن چاوت دەردێنین. ڕاوەستە بزانم چی بووە؟ دێ بۆ ئێرە؟

- بابەک تۆخودا هاتە ئێرە برێک قورس و ماقووڵ بە. لای ئەم کچە حەیام مەبە.

بابەک – بە تۆ چی؟ پێغەمبەری خۆمە. هەزاران پرسیارم لێی هەیە لێی دەکەم.

تەنیا سەیرم کرد.

بابەک – با تەلەفۆن بکەم دوو دانە لە مریدەکانیشم بێنە ئێرە. با بەهار بزانێ ئێمەش مریدمان هەیە. لای بەهار ئابڕوومان نەچێ، دەنا دەڵێ قوڕ بە سەریان تەمەنیان ژوور بیست ساڵە هێشتا مریدیان نییە.

هەتا بەهار هات ماڵمان خاوێن کردەوە و بابەک کەمێکی تر گەوجە گەوجی کرد و مێشکی سەری خواردم. نیوکاتژمێر تێنەپەری بەهار لە دەرگای دا. چووم ئایفۆنەکە هەڵگرم قاچم لە مێزەکە گیری کرد و خراپ درام بە عەرزدا. هەر من درام بە عەرزدا بابەک لەو لاوە خۆی دا بە عەرزدا.

- بۆچی وا دەکەی شێتە؟

بابەک – تۆ بۆ لە سەر عەرزەکە ڕاکشاوی؟

- من پام لە میزەکە گیری کرد درام بە عەرزدا.

بابەک - ... دە من وامزانی دوژمن هێرشی کرد و چوومە خۆم فڕێ بدەمە ناو سەنگەر.

پێکەنینیشم دەهات و پاشم زۆر دەییشا. بە شەلە شەل چوومە لای ئافونەکە و دەرگاکەم کردەوە و بە پێکەنینەوە بە بابەکم کە لە سەر عەرزەکە ڕاکشاو و بە هەر دوو دەستی سەری گرتبوو وت:

- بابەک تۆخودا کەمێک خۆت بگرە. بەهار هێشتا ناتناسی لێت دڵمەند دەبێ. ئافەرم کوڕی چاک، کەمێ کەمتر گاڵتە و قشە بکە.

درگاکەم کردەوە و ڕاوەستام هەتا ئاسانسۆرەکە بێتە سەر. پاش خولەکێک گەیشت و دەرگاکە کراوە.

بەهار بوو بارانییەکی لە بەر بوو و جانتایەکیش بە دەستییەوە لە ناو ئاسانسۆرەکە بوو. دڵم لەرزی نەمدەتوانی لە جێی خۆم بجووڵێمەوە.

بە دەممەوە پێکەنی و سڵاوی کرد و لە ناو ئاسانسۆرەکە هاتە دەرەوە. من تەنیا سەیرم دەکرد. بابەک دەرپەڕییە پێشەوە و سڵاوی کرد و جانتاکەی بەهاری لێ وەرگرت و وتی:

- جانتاکە لە خاتوون وەربگرە. ببوورە خاتوون. ئەمە خزمەتکاری نوێی هۆتێلە، هێشتا ئەرکی خۆی باش نازانێ چییە. فەرموون بە خێر بێن.

وەخۆ هاتم و چوومە لای. بابەک بە جانتاکەیەوە هاتە ژوورەوە.

- بە خودا هۆشم نەبوو دادە بەهار. باشە خوا بۆچی تۆی ئاوا جوان دروست کردووە کە هۆش و بیر بە منەوە ناهێڵێت. وەرە ژوورەوە. بە خێر بێ بۆ ماڵی مێردەکەت.

بەهار – ئەمە باشترین بەخێرهاتن کردنم بوو. سوپاس ئارمین.

- بە خودا ڕواڵەتبازی ناکەم. نازانم بۆچی تۆ دەبینم دەست و دڵم دەلەرزێت.

بەهار – پێویست ناکا ئەم قسانە لای من بکەی. چاوەکانت قسەی لەوە جوانترم بۆ دەکات.

- ئەی هاوار. مەودای ئاسانسۆر هەتا ئاپارتمان کۆتایی نەهات دادە بەهار بێتە

ژوورەوە. ئەم دوو هەنگاوە چەند دوور و درێژە.

هەر دووکمان پێکەنین و چووینە ژوورەوە. باڵتاوەکەیم لێ وەرگرت و هەڵمواسی، ئینجا بردم لە سەر مۆبلەکە دامنیشاند و بابەک زوو چای بۆ هێنا.

بەهار – زۆر سوپاس کاک بابەک. لە ئەمڕووە دەبێ ئیتر من لێرەم و ئێوەش دەبێ تابشتی بوونی من بێنن.

بابەک – شتی وا مەڵێ دادە بەهار. ژنی ئارمین خوشکی منە. بە خودا ئەگەر من خوشکم هەبایە بە قەت تۆم خۆش نەدەویست. بە خێر بێێ بۆ ماڵی مێرد و برای خۆت.

سەیری بابەکم کرد خۆشم سەرسام بووم.

بابەک – چییە بۆچی ئاوا چاوم لێ دەکەی؟

– دوای چەند ساڵ تەمەن قسەیەکی جوانت کرد.

بابەک – لە دەمم دەرچوو ببوورە. بەلام پیرۆزبایت لێ دەکەم کاکە ئارمین. بەهارخان بە خوشکم بێ زۆر جوانە. ئیشاڵا بمێنن بۆ یەکتر.

هەتا ئێستا نەمبینیبوو بابەک تاریفی کەس بکات. پێکەنیم و هەر سێکمان دانیشتین و یەکترمان دواند و پێکەنین. بابەک قسەی دەکرد ئێمە پێدەکەنین. پاش کەمێک بەهار وتی:

– ئارمین ئەرێ دەکرێ من کەمێک بخەوم.

– چی بووە؟ نەخۆشی؟ سەرت دێشێ؟ با بچینە دکتۆر؟

بەهار – نا، نا. کەمێک ماندووم.

– نەکا هەلامەتت گرتبێت. با حەبی هەلامەتت بۆ بێنم.

بەهار – نا. هەلامەتم نەگرتووە. ماندووم.

– لەوانەیە هەلامەتت گرتبێ، پەرداخێ ئاوپرتەقاڵ بخۆیتەوە باش دەبێ. ئەوە بۆت دێنم.

بابەک – ئەرێ دە وازی لێ بێنە ژن زەلیل. بۆچی وا دەکەی؟ دادە بەهار ماندووە و خەوی دێت. خۆی پزیشکە ڕۆژی سەد کەس چارەسەر دەکات دەرمانی چی پێ دەدەی؟

من و بەهار لەبەر پێکەنین ژانمان کردبوو. بەهارم بردە ژوورەکەی خۆم و لە سەر قەرەوێڵەکە رامکشاند و پێڵاوەکانیم لە پای داکەند. سەیری کردم و پێکەنی و وتی:

- سەرەتای ژیانم نازنازیم مەکە.

- زۆر خۆشحاڵم بە هاتنت. نازانم چیبکەم کە تۆ دڵخۆش بێت.

بەهار – من زۆر خۆشحاڵم ئارمین گیان. لە ژیانمدا قەت ئاوا خۆشحال نەبووم. خۆشم دەویی ئارمین. شانازی بە عەشقی تووە دەکەم.

- بخەوە. ئەگەریش کارت بوو بانگم کە زوو دێم. ئاسوودە بە. ئێرە ماڵی خۆتە. هەتا ئیشالا پێکەوە دەچینەوە بۆ ئێران و ماڵێکت بۆ جێبەجێ دەکەم.

- من لە ماڵێکی قوڕیشدا لەگەڵ تۆ بەختەوەرم.

بە هێوری هەستا و بەرامبەرم ڕاوەستا و هەموو عەشقی دنیای ڕژاندە ناخمەوە. ئینجا پێکەنی چووە ناو پێخەفەکەی و خەوت. بە ئەسپایی بەتانییەکەم خستە ملی و گڵۆپەکەم کووژاندەوە و پەردەکانم داداوە. چوومە ژوور سەری و ڕاوەستام و چاوم لێکرد. باوەڕم نەدەکرد ئەمە بەهارەکەی منە و لە سەر قەرەوێڵەی من خەوتووە.

لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە. دەرگاکەم سووک داخست. بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ نەکات. بابەک لە هۆڵەکە دانیشتبوو. دوو دانە چای لە سەر مێزەکە دانابوو. یەکیانی بۆ من دانابوو. چوومە لای دانیشتم.

- بۆ نانی شێو چی بکەین؟

بابەک – تەلەفۆن دەکەین لە دەرەوە شتێک بێنن. خەوت؟

- ئەری. ئەری شتی بڵێی هیچی لێ نەهاتبێت؟

بابەک – نا بەڕێز میهرەبانی. هیچی لێ نەهاتووە. خەوی دێت.

- کاتژمێر چەندە؟ ئەی دادە زێڕە بۆ نەهاتەوە؟

بابەک – نزیکەی هەشتە. ئێستا وردە وردە دێتەوە.

- من هەتا بەهار خەوتووە بچم بڕێک شت بکرم. تۆ لە ماڵەوە بە هەتا دێمەوە.

بابەک – نا تۆ لە ماڵەوە بمێنەوە. من دەچم تۆ نازانی چی بکری.

بابەک هەستا و قەمسەڵەکەی لە بەر کرد.

- دە بابەک چوکلێت و شیرینیش بکڕە. میوەش بکڕە.

بابەک – شیرینی و میوە و چوکلێت بە بەهار دەدەی؟ وەڵا خۆ بیریکی خراپیش نییە. دوای مانگێک بەهار بە دەست تووە دەبێتە باڵۆن. ئەو کاتە لە جادەدا دڵسۆزترین شوێنکەوتووەکانیشی نایناسنەوە.

- ئەرێ دە گوو مەخۆ.

بابەک چوو شت بکڕێ و منیش کتێبێکم هەڵگرت و دەستم کرد بە خوێندنەوە. پاش نیوکاتژمێر بابەک بە کلیل دەرگاکەی کردەوە و لەگەڵ دادە زێڕە هاتنە ژوورەوە. چووم و سڵاوم کرد و دادە زێڕە بە ئەسپایی وتی:

- سڵاو پیرۆزە. ئیشاڵا بۆ یەک بمێنن.

- زۆر سوپاس. دەی بۆچی ئاوا بە ئەسپایی قسە دەکەن. خەمتان نەبێ دەنگ نایەتە ژوورەکەی من. بۆچی درەنگ هاتنەوە؟

دادە زێڕە – با جلەکانم بگۆڕم. هەموو شتێکتان بۆ باس دەکەم.

دادە زێڕە چوو جلەکانی بگۆڕێ و منیش یارمەتی بابەکم دا، تا ئەو شتانەی وا کڕیبووی بیخەمە ساردینکەوە. پاش چەند خولەک دادە زێڕە هاتە هۆڵەکە و منیش چەند دانە چام هێنا و چوومە لایان. بابەک هات.

- دەی دادە زێڕە دەنگ و باس؟

دادە زێڕە – با چاکەم بخۆمەوە.

بە هێوری چاکەی خواردەوە و کەمێک بیری کردەوە و ئینجا وتی:

- ئەوەی ڕاستی بێ کچێکی جوانم تووش بوو لەگەڵی قسەم کرد. جوانترین کچێکم کە پێ شک دەهات بیرم کردەوە بیخەمە جێی بەهار. ئاخە ئادرەسی بەهار جوانییەکەیەتی. ماشەڵا کاری خوا چەند جوانە. ئەو کچە عەیبی تێدا نییە. بۆیە دەچێتە هەر شوێنێک لە بەر چاوە. منیش هەوڵم دا کچێک پەیدا بکەم کە جوان بێ و لە جیاتی بەهار لەم وڵاتە بیبەینە دەرەوە.

- بیبەینە دەرەوە؟!

دادە زێڕە – ئەرێ. پارەم پێدا. هەر کات من بڵێم بە پاسپۆرتی ساختە بلیتی

فڕۆکە وەردەگری لەم وڵاتە دەڕوات. لەگەڵ کەسێکیش کە کاری ساختەکردنی پاسپۆرت دەکا قسەم کرد. بڕیار وایە وێنەی ئەو کچە بە ناوی بەهار لە پاسپۆرتەکەدا بنووسێت. ئەو کات ئێمە ماوەی چەند ڕۆژ دەچینە ماڵی من. ماڵەکەم لە دەرەوەی شارە. ماوەیەک لەوێ دەبین هەتا قرم و قاڵ دادەمرکێت. دواتر بە پاپۆڕ لێرە دەچینە دەرەوە. ئیتر ئاوا ناتوانن بماندۆزنەوە.

بابەک – زۆر باشە. ئەم کچە کە هاوتەمەنی بەهارە کێیە؟

دادە زێڕە – هەم هاوتەمەنیەتی هەمیش لە بەهار دەچی. هەڵبەت جوانییەکەی ناگاتەوە بە بەهار. بەهار بە تایبەکاری ئافرێنراوە.

بابەک – دەی ئێوە پێکەوە بڕۆن من لەگەڵ ئەم کچە لە وڵات دەچمە دەرەوە.

– تۆ بۆچی؟

بابەک – پێمخۆشە سەرەداو ون بکەین.

– ئەری ناکری بابەک کەمێ جیدی بی؟

بابەک – برا منیش دڵم هەیە. خۆی ژنی هێناوە و منیش بە توون. دەڵێ پیاوی عازەب و بێژن لەگەڵ هەر هەنگاوی کە هەڵیدێنێ فریشتەکان بە لەحنەتی دەکەن. ئەو دنیا خۆ بە تەما نیم لەحنەتخانە بۆ خۆم دروست بکەم.

– مەترسە بەو تاوانانەی لەم چەند ساڵەدا تۆ کردووتە لە نامەی کردارەکانتدا وەک پیاوی عازەب نەنووسراوی. تۆ ئەگەر عەزەبایەتیشت کردبێ لە مانگ و نیوێک زیاتر نییە.

بابەک – گووت خوارد. چاو لە شۆخی و گەنجەفەکانم مەکە. من لە وڵاتی هەندەراندا تووشی هیچ گوناحێک نەبووم. نامەی کردارەکانم دەڵێی بەفرە ئەوەندە سپییە. لەگەڵ فریشتەکانم دۆست و هاوڕێم. هیچ ڕاپۆرتی خراپم لە سەر نانووسن.

– ئەو دنیا ئاشکرا دەبێت.

بابەک – داخەکەم تۆ لە بەهەشت لەگەڵم نیت پێکەوە کەیف و سەفا بکەین. تۆ لە جەهەندەمی جار جار سەردانت دەکەم. کە هاتم سەهۆڵ لەگەڵ خۆم دێنم با برێک فێنک بیتەوە.

- ئەری دە بییرەوە. دادە زێرە فەرموو قسەکانت بکە.

دادە زێرە سەیری بابەکی کرد و پێدەکەنی.

بـابەک – ئەری فریـشتەی شـانی ڕاسـتمان کـارە باشـەکانمان دەنووسـن و فریشتەی شانی چەپمان تاوانەکانمان؟

- ئەری فریشتەی شانی ڕاستت بێکار دانیشتووە و فریشتەی سەر شانت سێ شیفتەی خەریکی کارە.

بابەک سەیرێکی شانی ڕاست و چەپی کرد و ئینجا وتی:

- مانـدوو نەبـی فریـشتە خـاتوونی ژیـکەڵە. هەزار ماشـەڵا لە جوانیـدا تاقـانەی. باوەرکە ئەگەر لە بنیادەم بچووبای دایک و باوکم دەناردە خوازبێنیت. وانەزانی تاوانەکـانم دەنووسـی فشەت لەگەڵ دەکەم. ئەوە خۆشـم دەوێـی بۆیە لەو قسانە دەکەم. تماشا من چەند کوری چاکم. تەواوی کارەکانم خستۆتە ئەستۆی فریشتەی لای ڕاست. تۆ بێکار و بێبار دانیشتووی. هەرچەند خۆم دەزانم وا نییە. ئەگەریش تاوانێک دەکەم تۆ زوو مەینووسە. ئافەرم کچی جوان. هـا من دەتبەمە شوێنی خۆش خۆش. بەمانە بزانە.

ئینجا سەیری شانی ڕاستی کرد و وتی:

- لەگەڵ هەر دووکتـانمە. بە چاکییەکـانم بـزانن. ئەمە ژیـانێکە کە هەر کەسـێک بۆتان جێبەجێ ناکات. ئێوە سەیری فریشتەکانی سەر شانی ئارمین بکەن. فەقیرانە لە ناو ماڵدا رزان. ئەوەندە ئەم هەتیوە دانیشت خەریکی دەرس و وانە بوو. چاوی فریشتەکان لاواز بووە و چاویلکە لێ دەدەن. ئای بۆ پردی تەجریش. قەت بووە دەسـتی ئەم دوو فریـشتە بگـری و بیـانبەی بـۆ ئەوێ بـرێ دڵیـان بکـرێتەوە. دە ئێوەش قەدرم بزانن و نمەک بە حەرام مەبن. فریشتەی شانی چەپ تۆ هەر پشوو بدە و لە شـەو و ڕۆژدا زیـاتر بـخەوە. ئەوە تـۆ بـۆچی جـار جـار لە مـاڵ نـاچیتە دەرەوە بۆ خۆت دەورێکی ناو شار بدەی؟

برۆ بە قوربـان. بە خـوا بەڵێنت پـێ دەدەم کە هـاتمە ئەو دنیـا بێمە خوازبێنیت. ئافەرم خانمە جوانەکەم.

جاری سەرخەوێک بشکێنە چاوت سوور بووە ئەوەندە نەخەوتووی. بخەوە با

نەخۆش نەکەوی. بخەوە بە قوربانت بم. منیش دەچمە دەرەوە هەتا ئێوە تێرخەو دەبن منیش دێمەوە.

ئینجا سەیرێکی منی کرد و وتی:

- دەردم پێدان قەڵەم و دەفتەرم لێ وەرگرت، بینیوتە چەندە بێکار دانیشتووە و هیچ نانووسێت.

- ئەری بە گیانی پوورت. خەیاڵت خاوە. ئەگەر فریشتەی شانی چەپت هیچ نانووسێ ئەوە کاغەزی کەم هێناوە.

بابەک - گووت خوارد دەفتەرێکی چل لاپەرەییان پێداوە، تا تاوانەکانی هەموو تەمەنم بنووسێ. لە ناوەڕاستەوە دوو لاپەڕەی لێ کردۆتەوە و سێ و نۆ گەڵاکەی تری داوە بە فریشتەی لای ڕاست، هەر یەکەم ساڵی پەڕەی لێ نەهێشت. هەرچەند من پێم وتن ئیتر لە ناوەڕاستەوە پەڕە لێ مەکەنەوە وەلێ بە قسەیان نەکردم. ئیتر منداڵن بۆ ئەوە نابێ زەختیان لێ بکەین. جا بەو پەڕانە مووشەک ساز دەکەن بۆ یەکتری فڕێ دەدەن.

- دەک ماڵت نەشێوێ چەندە قسە دەکەی. دە بێڵە بزانین دادە زێڕە قسەی چیمان بۆ دەکات.

بابەک - جا دوێنێشەو فریشتەی شانی ڕاستم هاتە خەوم و وتی: "برا ماندوو بووم ئەوەندە کارە باشەکانتم نووسی، ئەنگووستم ماندوو بووە. بەیانی بچۆ ئامێری تایپم بۆ بکڕە با کەمتر ئەزیەت بکێشم."

من و دادە زێڕە لەبەر پێکەنین ژانمان کردبوو.

بابەک - هەستم هەتا فریشتەی شانی چەپ خەوتووە بچم دەورێک لێدەم و بێمەوە.

- دانیشە بۆ کوێ دەچی؟

بابەک - برا ئەم دوو فریشتە هەناسە ساردە دەبەمە دەرەوە با کەمێک خەم بە با بدەن.

وڵامیم نەداوە و بە دادە زێڕەم وت:

- ئێستا ئێمە چی بکەین.

داده زیرە – پشت بە خوا بەیانی لێرە دەڕۆین. دەچینە ماڵی ئێمە. ئەوێ پارێزراوترە. چەند ڕۆژێک لەوێ دەمێنینەوە ئینجا دەتانێرمەوە بۆ ئێران. ئیشاڵا هەموو شتێک جێبەجێ دەبێت.

- بۆچی ئێوە لەگەڵمان نایەنەوە بۆ ئێران؟

داده زیرە سەیرێکی کردم و ئینجا لە سەر مێزەکە جگەرەیەکی هەڵگرت و بە چەرخ دایگیرساند، ئاخێکی هەڵکیشا و وتی:

- خەریکە دڵم بۆ ئێران دەتۆقی. هەموو شەوێک خەونی ئێران دەبینم. هەندیجار دەیدا لە مێشکم هەموو شتێک کۆ بکەمەوە و بیفرۆشم بچمەوە بۆ ئێران. ئەو سەرەکەی لە سێدارەم دەدەن. خۆ لە ڕەش ئەولاترمان نییە. بەڵام جاری ئامادەییم نییە.

بابەک – دەی بۆچی لە سێدارەتان دەدەن؟ چیتان کردووە؟

داده زیرە – هی زۆر لە مێژ ساڵە. نازانم بە خودا. ڕەنگە من وا بیر بکەمەوە ڕەنگە ئەگەریش بگەڕێمەوە کەس کاری پێم نەبی. ئەگەر بابەک نەچێتە دەرەوە و هەتا بەهار نوستووە پاشماوەی بەسەرهاتی خۆمتان بۆ دەگێرمەوە.

- بابەک گوو دەخوا دەچێتە دەرێ. فەرموون بیگێرنەوە.

داده زیرە – دەگەر وایە بچۆ چەند دانە چا بێنە با بیگێرمەوە.

من چووم چا بێنم و بابەکیش کە دەیویست پاشماوەی بەسەرهاتەکە ببیستێ، چوو جلەکانی گۆڕی و هاتەوە دانیشت و چاکەمان خواردەوە و داده زیرە دەستی پێکرد.

## بەشی نۆزدەهەم

- کوڕی خۆم ئەوە بوو کە بە ئۆتۆمبێل بەرەو تاران وەڕێکەوتین. لە ڕێگادا بەردەوام دەگریام. هەموو ئەسرینەکانم هی ئەو چەند ساڵە بوو کە لە کۆگای چاوەکانمدا کەڵەکە ببوو. دەتکوت سەرڕێژ ببوون. داماو کافەتحوڵا زۆر قسەی لەگەڵ کردم و سووکنایی دەدامەوە. پێی دەوتم خۆ خەتای تۆ نەبووە. وتی چەند ساڵی تەمەنت لە زەینت بسڕەوە. قسەکانیم پێ خراپ نەبوو. لەوەی کە ئەم بیرەوەرییانە بە خۆم بکەمە دێوەزمە و هەر جارەو وەبیری دەکەومەوە هەموو گیانم بلەرزێ، چ سوودێکم پێ دەگات؟ ئەوە بوو کە ئەم چەند ساڵەی ژیانم لە مێشک و ئاوەزم سڕییەوە و خستمە لاوە. نزیک تاران بوو، کە بە کافەتحولام وت بمبە بۆ مەشهەد، قووم، شوێنێ کە لەوێ تۆبە بکەم و پاک ببمەوە.

پێکەنی و وتی: "تۆبە بۆچی؟ تۆبە بۆ کەسێکە کە خۆی بە پای خۆی چوویێتە ناو داوی تاوانەوە. کاتێک کە کۆمەڵێ کەسی گەواد وڵات بەڕێوە دەبەن، هەموو کەس یان دەکەنە دز یان حیز و یان لەشفرۆش و یان سەماکار و بەرتیلخۆر، تاوانی من و تۆ چییە؟ کاتێ کە دەوڵەت خۆی هۆکاری ئەم گەندەڵییانەیە، تاوانی من و تۆ چییە؟ ئەگەر دەوڵەت کارێکی وەهای بکردایە کە باوکت لە دێدا بمابایەتەوە و بیتوانیبایە سکی ژن و منداڵی خۆی تێر بکا و جلوبەرگێکی جوانی لە بەرتان بکردایە و بیانیناردبایەتە بەر خوێندن، کاتێ خۆشی جیازی بۆ دابین بکردایەن خۆ شێت نەدەبوو بێتە شار و لە بری جووتیار ببایەتە دەرگاوانی کارگە. من دەزانم ئەوانەی کە لە گوندەوە دێنە شار و مەڕ و ماڵاتی خۆیان دەفرۆشن، دەبنە فرۆشیاری مادەی هۆشبەر و هێرۆیین و تریاکفرۆش. هەر

ئەوەیە دەبێتە هۆی گرانی و هەڵاوسان. برنجی مەنی تمەنێک بووەتە کیلۆی تمەنێک. جەوهەری هیچ کەس خراپ نییە، ئەوە بارودۆخە کە مرۆڤەکان خراپ دەکات. هەشن کەسانێک کە خۆیان خراپن. هەرکە شتێک دەبی دەچنە ناو کاری گەندەڵییەوە. هەندێکیش ناچاریان دەکەن. جاری یەکەم دەیکەی بۆ جاری دووهەم دەبێتە خوو و خدە.

تۆ ئەم چەند ساڵە لە تاران نەبووی. ئێستا بزانە چەندە قەرەباڵغ بووە. کۆمەڵێکیان خەڵکی ئێرەن سک و زایان کردووە و هی واشە لەبەر بێکاری دەستی و ژن و منداڵی گرتووە هاتۆتە تاران، خۆ زەوی وەگیر ناکەوێ. تارانییەکان دەبی بەو ناو شارەدا بگەڕێن خزم و کەسی خۆیان بدۆزنەوە. ئەوەندە قەرەباڵغە گیاچاڕ نادۆزیتەوە."

کاتێک کافەتحولا ئەو قسانەی کرد کەمێک هێور بوومەوە. پاش چەند کاتژمێر گەیشتینە دەروازەی تاران و شاری تاران و ڕاست چووینە ماڵی کافەتحولا، کە لە سەرووی شار بوو، ماڵێکی گەورە و خۆش بوو. کاتێک کە گەیشتینە بەر دەرگای ماڵ جانتاکانمان لە ناو ئۆتۆمبێل داگرت و ئۆتۆمبێلەکە ڕۆشت. کا فەتحولا دەستی گرتم و وتی: "زێرە متمانەم پێکردووی. لای هاوسەر و منداڵەکانم سەرم شۆڕ مەکە."

وتم ژنم بەڵام بەڵێنم لە سەد پیاو قایمترە. سەرم بچی بەڵێنم ناچی. پێکەنی و لە دەرگای دا. کرێکارێکی پیر هات دەرگاکەی کردەوە و چووینە ژوورەوە.

ئیتر زۆری لێ نەڵێم. کورت و پوختە بیڵێم با وەڕەز نەبن. کافەتحولا پیاوێکی چاک بوو. هەتا خۆی مابوو ژیانێکی خۆشم هەبوو. بە بوونی ئەو من ئافرەتێکی خاوەن مێرد بووم، ئەویش دایمە لە ژوور سەرم بوو. ڕاستە لە جێی باوکم بوو و لە سێکس‌کردن لەگەڵی چێژم نەدەبرد، بەڵام چێژم لە میهرەبانی و سۆزەکەی دەبینی. کە دەڵێم سێکس دوو مانگ جارێک بوو. پیر بوو و لە پیاوەتی کەوتبوو. بەڵام خۆشی دەویستم. منیش پێی وەفادار بووم.

کارێکی خراپی کرد ئەویش ئەوە بوو کە مارەی نەکردم. پاش چەند ڕۆژ کە لە لای بووم منی بردە لای مەلایەک و سیغەی کردم. هەر ئەمە دواتر کێشەی بۆم دروستکرد.

هەڵبەت بە سیغە ڕازی بووم. ئەوەندە چەرمەسەریم کێشا بوو، کە ئەمانە بە لامەوە هیچ گرنگ نەبوو. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەشی کە لەگەڵی بووم هیچ ڕووداوێکی گرنگ ڕووی نەدا، کە پێویست بە وتنی بکات. هەر لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ کافەتحولا چووم سەردانی بنەماڵەکەم بکەم، بینیم لەوێ نین و کەسیش هەواڵی لێ نەدەزانین. مانگێک بە شوێنیاندا گەڕام، بەڵام هیچ سەرەداوێکم دەست نەکەوت. زۆر ئارام و هێمن پێکەوە ژیانمان دەکرد. ئەوەی دەیکوت دەمکوت بە سەرچاو و لە جێی باوکم بوو، ڕزگاربەخشم بوو و ڕێزی بە لامەوە واجب بوو. ماڵەکەشی گەورە بوو و جگە لە من و ئەو کرێکارە پیرەی کە چێشتی لێ دەنا کەس نەدەهاتە ئەو ماڵە. پاک و خاوێنیی ماڵ خۆم دەمکرد. هەتا دوو ساڵیش بۆم نەبوو بە تەنیا لە ماڵ بچمە دەر، هەڵبەت بە ئاشکرا نەیدەکوت بەڵام بە جۆرێک پێی ڕادەگەیاندم کە نابێ بە بێ ئەو پا لەو دیو دەرگا بترازێنم. بە لامەوە ناخۆش بوو. بەڵام مافی خۆشی بوو. منیش لە جێی ئەو بام هەر ئەو کارەم دەکرد. ئەم بەزمە هەتا دوو سێ ساڵی یەکەم بەردەوام بوو چوونکە شەوێکیان دانیشتم و پێم وت من بەڵێنم بە تۆ داوە کە ناپاکیت لەگەڵ ناکەم. دەی تۆ بۆچی منت زیندانی کردووە؟ کەمێک بیری کردەوە و وتی: "ڕاست دەکەی، بەڵام ڕاستییەکەت دەوێ من ئەرخایەن نیم." وتم ژن ئەگەر ناپاکی لەگەڵ مێرد بکا لە شووشەدا بێ دەیکا. هەر شتێک پێشت پێ گرت خراپتر دەبێت. ئەگەر ئاوی جۆلاو پێشی پێ بگرن دەڕژێتە ناو کووچە و کۆڵان. ئەگەر بمبەسیتەوە دەبمەوە بە ئافرەتەکەی جاران. جا ئێرە لەو بەرنامانەی ئەوێی لێ نییە. ئەگەر من پەست و خراپ و بەدڕەوشت بایەم ئەوێم پێ خۆش دەبوو. خۆ هەموو شەوێ سەما و گۆرانی نەبوو، هەبوو. ماڵ و باغی خۆش و جوانی لێ نەبوو، هەبوو. خواردن و خۆراک و پۆشاکی تەواوی لێ نەبوو، هەبوو. شەواشەو یەکێک دەهاتە لام هەتا بەیانی بە قوربان و ساقەم دەبوو، چی چی

چی ...! دەی بۆچی دەمویست لەوی ڕا بکەم؟ خۆ شێت نەبووم. ئەگەر ویستم لەوی نەبم لەبەر ئەوە بوو بێڕێزی بە جەوهەرم دەکرا لەبەر ئەوە بوو کە بێڕێزی بە مرۆڤبوونم دەکرا. لەوی جۆری ئازار دەدرام و لێرە جۆری. ئێمەی ئافرەتیش مرۆڤین. خۆ ئاکری هەمیشە خاوەنمان هەبێت. ئێوەی پیاو وەک کاڵا سەیرمان دەکەن کە بۆتان هەیە بچنە شوێنێک و بمانکڕن. پێت خۆشە ئاواش لەگەڵ خۆت هەڵسووکەوت بکەن؟ پێم خۆشە بزانم تۆ بەم عەقڵ و کەمالات و بەم تەمەن و ئەزموونەوە، دەتهەوێ بڵێی ئێمەی ئافرەت بۆ ئەوە دروست کراوین کە کۆیلەی ئێوەی پیاو بین؟ خۆتان سەربەست بن و ئێمە لە ماڵەوە زیندانی بکەن و بڕۆن؟ ئێوە ئازاد و ئێمە زیندانی بین.

کەمێک بیری کردەوە و وتی: "دەزانی چییە زێرە تۆ قسەکانت جوانە. بەڵام من لە شتێکی تر دەترسم."

وتم قسەی دڵت بکە. وتی : "من هاوتەمەنی باوکتم. هەندێ جار کە دێمە لات چێژم لێ نابینی و بە زۆر تامووڵم دەکەی. ترسی من ئەوەیە چۆنت پێ بڵێم؟ چووزانم شەیتان لە خشتەت ببا و قەرار و پەیمانت لە بیر بچێتەوە." کەمێک سەیرم کرد و پێکەنیم. وتی: "بۆچی پێدەکەنی؟" وتم: ئەگەر هەر شتێک لە جێی خۆی بایە هیچ کێشەیەک دروست نەدەبوو. خۆت باش دەزانی کە کاتێک کە دێیتە لام چێژت لێ نابەم. ڕۆژی یەکەم ئەمەم پێت وت. ئەگەر لە بیرت مابێ پێم وتی نە عاشقتم و نە خۆشم دەوێی. خۆشت پێت خۆشبوو کە ڕاستەکەم پێ وتی. ئێستاش با ڕاستەکەت پێ بڵێم. من پێم خۆشە پیاوێک مێردم بێ و لە باغەڵیدا بم، کە ئەوسەرەکەی حەوت و هەشت ساڵ لە خۆم گەورەتر بێت نە سی ساڵ. تۆ خۆت بڵێ ئەگەر پیاوێکی تەمەن بیست ساڵە لەگەڵ ژنێکی تەمەن شەست ساڵە بێ ئایا چێژ لە سێکسکردن لەگەڵی دەبات. ئەگەر خۆت لە بری من بایەی و من لە جێی تۆ بایەم دەهاتیتە لام؟ کەمێک بیری کردەوە و سەری داخست و ئینجا وتی: "نا."

وتم بەڵام من تۆ لە تەمەنی پیاوێکی شەست ساڵەدا نابینم. من تۆ وەکوو پیاوێکی بە ویژدان و جوامێر دێتە بەرچاوم، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان چەند ساڵ بەر لە ئێستا

کچێکی داماوی ڕزگار کرد. من عاشقی ئەو جوامێرییەتم. هەر لەبەر ئەوەشە ناپاکیت لەگەڵ ناکەم. ئەمانەم وت و وتی: 'دیسانیش وەکوو چەند ساڵ لەمەوبەر ڕاستییەکەت وت.' وتم من تازە لە دەست چووم، بەڵام ئەم وڵاتە ژنەکانی پاکن. هەر بۆیە بەو مێردە پابەندە. دیسان سەری داخست و پاش کەمێک وتی: لە ئەورۆوە ئازادی. خۆت و خوای خۆت. لە ئەمڕۆوە بچیتە هەر کوێ ئازادی.

ماوەیەک تێپەڕی. ڕۆژێک بە پێکەنینەوە هاتە لام و وتی: 'ئەوە بۆچی لەم ماوەدا نەچوویتە دەرەوە؟ خۆ تۆ ئاوا هەڵوەدای ئازادی بووی ئەی بۆچی ناچیتە دەرەوە؟' پێی پێکەنیم و وتم: تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە؟ وتی: 'چوونکە دەرگای دەرەوەشت سەیر نەکردووە' وتم من تامی ئازادی چێژم پێ دەدا و بە کاری دێنم. چێژ لە بۆنی ئازادی دەبەم. کاس و وڕانە سەیری کردم. دیار بوو لە قسەکەم تێنەگەیشتبوو. پێم وت من ساڵ بە ساڵیش لە ماڵ ناچمە دەر، بەڵام لەوەی کە ئازادم و بۆم هەیە هەر کات پێم خۆشبوو لە ماڵ بچمە دەرەوە بۆ من بەسە. ئیتر هەست ناکەم زیندانیم. من کێم هەیە بچمە لای؟ کوێم هەیە بچم؟ سەرێکی لەقاند و ئیتر هیچی نەوت کاتێک کە دەرۆشت پێم وت دەمەوێ ئیزنت لێ بخوازم. وتی چی: 'چی؟ خۆ ئازادیم پێداوی.' وتم دەمەوێ نامە بۆ دادە حیشمەت بنووسم ئەگەر تۆ ڕازی بی. وتی: 'پێت وا نییە خراپە ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ کەسێکی ئاوا لە پەیوەندیدا بێ؟'

وتم ئەو کەسێک بوو کە لە سی چل هەزار تمەن بگرە زیاتریش خۆش بوو. تەنیا لەبەر ئەوەی ناوی خوا خراپ نەبێ. پێکەنی و وتی: 'دەی بینووسە.' ئیتر وا بوو یەکەم نامەم بۆ دادە حیشمەت نووسی. وەڵامی نامەکەی زۆر سەیر بوو. سەرەتای نامەکەی بە بێ سڵاو و حەواڵپرسی نووسیبوو. 'کچی ئەمدەزانی کاتێ لێرە بڕۆی بیرم دەکەی. ئەو نامەی تۆ بۆت نووسیم، زۆر شتی لە مندا گۆڕی. ئێستا لە خۆم ڕازیم. ڕازیتر بووم کە لێرە ڕزگارم کردی.' پاشماوەی نامەکەی بە سڵاو و حەواڵپرسی بوو. دەمەوێ پێتان بڵێم ژنێک لە خراپترین شوێن و لە ناو پیسترین کار و شوێندا چەندە دەتوانێ بگۆڕدرێت. ئیتر لەگەڵ دادە حیشمەت

دەستمان کردن بە نامە گۆڕینەوە. هەمیشەش نیوەی نامەکەی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیکردنم بوو، بۆ ئەوەی ژیانم خۆش بووی و منیش بو کا فەتحولام دەخوێندەوە و ئەویش پێی خۆشبوو. چەند سال تێپەڕی. ژیانی منیش تێپەڕ دەبوو. وەکوو بابەک دەڵی ژیانی یەکدەست شایەنی وتن نییە. ئەگەرچی لە زۆرێک لەو چێژانەی کە مافی سەرەتایی خۆم بوو بێبەش بووم.

ڕۆژێکیان کافەتحولا لە سەر کار گەڕاوە و وتی هەستە با بچینە دەربەند. ئەگەر هەڵە نەبم ئەو کات تەمەنم بیست و پێنج شەش سالان بوو. هەستام و جلەکانم گۆڕی و هەر دووکمان سواری تاکسییەک بووین و گەیشتینە دەربەند. هەوا خۆش بوو کافەتحولا چوو نانی شێوی هێنا و شاتووی بۆم کڕی و هێنای پێکەوە خواردمان. چەند مەتر ئەولاتر دەنگی ساز و دەهۆل دەهات. کافەتحولا وتی: 'هەستە با بچین سەیری بکەین ڕەنگە عەنتەریان هێنابێت.' هەستاین و چووینە پێشەوە. کوڵی خەڵک کۆ ببوونەوە. کافەتحولا پالی بە هەموویانەوە ناو ڕێگای کردەوە هەر دووکمان چووینە پێشەوە. ئامێری زوڕنایان لێ دەدا و کچێکیش کە جلی قەرەجەکانی لەبەر کردبوو لە سووچێکدا ڕاوەستابوو و لە بەرەڵایەک داوای کووپێک عارەقی دەکرد. زۆر نارەحەت بووم. وەبیر خۆم کەوتمەوە کە چەند سال بەر لە ئێستا ژیانم چۆن بوو. سەیری چینی داوێنەکەیم کرد کە ڕۆژی خۆشم ئەمانەم لە پێ بوو. کچۆلەکە کووپە عارەقەکەی نا بە سەرەوە. یەکێک لە دواوە دەستێکی لێدا. هات بگەڕێتەوە جوێنێکی زۆر ناشیرینی پێبدا کە چاوم بە دەموچاوی کەوت. سەرم سووڕ ما. قیافەی ئاشنا بوو. سەیری دەموچاویم کرد دەستماڵێکی نا بوو بە دەموچاویەوە و گەڕاوە و ڕووی وەرگێڕا. خوا خوام دەکرد ڕووی بەرەو لای مـن وەرگێـڕێتەوە بەلام ئەو قەرەبـالغە نەیهێـشت؟ لە ناکـاو جەماوەرەکە دەوریان دا و زوڕناژەنەکان کە ئەمەیان بینی وازیان لە ژەنین هێنا و یەکیان کە پیرتر بوو چووە پێشەوە و وتی: 'عەمرتان نەمێنی دێلن کارەکەمان بکەین یان نا؟ دەنا ئاژان بانگ دەکەم.' کە ناوی ئاژانی هێنا بلاوەیان کرد. بە کورتی دەستی کچۆلەی گرت و کێشایە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە وتی: 'دادە ئەدادار.

مەمكت بە برین چی. سەد جار وتم بۆ كووپێک شیر خۆت لەقاو مەدە. دەتبەن هەڵتدەتلیشێنن."

پیرەمێردەكە ئامێرێكی مۆسیقا بە دەستیەوە بوو وتی: قەحبە خانم شەو بۆ دایک و باوكت شیلەت ناوی؟ ئاخر شەو وەڵامەكەت لە ... دابێت." ئەمەی وت و كچەوڵەكە هیچی نەوت و هاتە ناوەڕاستی گۆرەپانەكە. خەڵک چەپڵەیان بۆ لێدا و داوێنەكەی هەڵدراوە كە ژاوە ژاو كەوتە ناو جەماوەرەكە و پیرەمێردەكە بە پێكەنینەوە وتی: "ئۆڵەتە زینا دەڵێین سەد ساڵە خەریكە." كچە هەستا و دەستی كرد بە سەماكردن و بە ناو گۆرەپانەكەدا دەسووڕاوە و خۆی با دەدا. جاری یەكەم جۆرێک بە بەردەممدا هات كە لایەكی دەموچاویم بینی بەڵام جاری دووهەم تەواو دەموچاویم بینی. چاوی پڕ ببوو لە فرمێسک. وادیارە ئێمە هەموومان قوڕ كرا بە سەرماندا. خوشكە چكۆلەكەم بوو. قیافەی زۆر گۆڕا بوو، بەڵام ئیتر واش نەگۆڕابوو كە نەیناسمەوە. لە لایەک دڵخۆش بووم كە توانیبووم سەرەداوێک لە خووشكەكانم و دایک و باوكم بدۆزمەوە، بەڵام لەوەی كە خوشكەكەم تووشی ئەم وەزع و دۆخە هاتبوو دڵم شكا. خۆمم لە گۆرەپانەكە كشاندە دواوە. كافەتحولا كە ئەمەی بینی ئەویش خۆی كشاندە دواوە و پرسی: "چی بووە زێرە؟ بۆچی وات كرد؟" وتم هیچ مەڵێ با بڕۆین. دەستم گرت و بە دوای خۆمدا كێشام و چووینە گۆشەیەكی تر و هەموو شتێكم بۆ گێڕاوە. وتی "دڵنیای؟" وتم ئەری. وتی: "دەی ئێستا چی بكەین؟"

وتم تۆ بای چیت دەكرد؟ بێدەنگ و ڕاوەستا. كاتژمێرێک ڕاوەستاین هەتا بەزمەكە تەواو بوو و خەریک بوون كۆیان دەكردەوە لەم یەک كاتژمێرەدا پەرۆشی هەموو گیانی تەنیم. ئیتر ڕۆشتن و خوشكە چكۆلەكەم چارشێوەكەی دا بە سەریدا و چووە سووچێک لەگەڵ چەند پیاو قسەی دەكرد. هاتم بچمە پێشەوە كافەتحولا دەستی گرتم و وتی: "زێرە ئێستا نا. با بچنە شوێنێكی چۆڵ. لێرە ئاشنا و ڕۆشنا دیار بن دەبێتە حەیاچوون." قسەكەیم پێ جوان بوو. پاش كەمێک لەگەڵ كافەتحولا چووینە پێشەوە كە لە ناكاو ئاژان چووە لای خوشكەكەم و پێی وت:

"بەزمت ساز کردووە چاوت دەری، سەمات کرد بە جەحەندەم، کریی ئیرە نادەی بە توون، هەستە لێرە برۆ دەی." خوشکەکەم وتی "بۆچی لێرە قسە کردن لەگەڵ پیاو لە سەر جادە حەرامە؟" ئاژان وتی: "نە قسە کردن قەدەغە نییە، بەلام ... لێرە قەدەغەیە. ئەگەر بە نیازی ئەم کارانەی بچۆ قەلا. قەلایان بۆ ئەم شوێنانە دروست کردووە. برۆ دەی دادە." خوشکەکەم وتی: "کێ دەڵێ؟" ئاژان وتی: "یاسا دەڵێ" خوشکەکەم وتی: "... یاسایەک کە هەمووانی کردووە بە لەشفرۆش، بەلام ناهێلێ لە سەر شەقام ئیش بکەین؟ بچۆ رێگە بەو کەسە بگرە وا دوێنەو ژنەکەی لێی توراوە. ئەگەر پیاوی بچۆ پێشی گرانی و بەدبەختی بگرە کە کچی تەمەن ٩ سالان دەبێتە سۆزانی." ئاژانەکە باتوونەکەی دەرهێنا و وتی: "دەدەم بە ناو دەمت پڕی دەکەم لە خوێن". خوشکەکەم وتی "سەگی کێی؟ لە جیاتی ئەوەی لە من بدەی برۆ دەستێک بە ولاتدا بێنە، کە هیچ کچێک وەکوو منی لێ نەیە. کار و ژیانتان لە بیر چۆتەوە بیر و زیکرتان ئەوەیە کە لە کوێ ژن و پیاوێک پێکەوە دەبینن بچن بیانگرن. قوڕ بە سەر ئەگەر یاسایەکی رێک و پێکت هەبایە داوای کرێت لێ نەدەکردم."

خوشکەکەم ئەمەی وت و ئاژانەکەی تووڕە کرد و دەستی کرد بە قسەی ناخۆش کردن. دیسان خەلک کۆبوونەوە و ئاژانەکە دەستی خوشکەکەمی گرت و وتی دەبێ لەگەڵم بێیتە ئاسایش. شەڕ و هەرایەک ساز بوو هەر مەپرسە. بە ئاماژە بە کافەتحولام وت شتێک بکات. کافەتحولای داماویش چووە پێشەوە و ئاژانەکەی کێشا ئەم لاوە و کەمێک قسەی لەگەڵ کرد و دوو تمەنی پێدا و رازی کرد و شەڕەکەی کووژاندەوە. ئەو ژەنیارانەش دەستی خوشکەکەمیان گرت و زوو رۆشتن. من و کافەتحولاش بە دوایاندا رۆشتین. پاش کاتژمێرێک گەیشتینە شوێنێکی چۆل و ئیتر خۆمم پێ نەگیرا و دەگریام و خوشکەکەمم بانگکرد. کە دەنگمی بیست راوەستا ئاوڕی داوە و سەیری کردم. چوومە پێشەوە و بەرامبەری راوەستام. هەر وا سەیری کردم و وتم سپلە خوشکی خۆت ناناسی. لە پڕ باوەشی پێداکردم و وتی زێرە خۆتی؟

کاکە تێر تێر بە سەر یەکتردا گریاین. ئینجا کافەتحولا هاتە پێکەوە و وتی: "لێرە رامەوەستن." لەو دەوروبەرانەدا قاوەخانەیەکی لێ بوو و خوشکەکەشم ئەو ژەنیارانەی کە هەر وا لەوێ ڕاوەستابوون ڕەتی کردن. لەگەڵ کافەتحولا چووینە ناو قاوەخانەکە. لە سەر قەرەوێڵێک دانیشتین و من و خوشکەکەم چاومان لە یەکتر دەکرد. دیسان دڵمان پڕ بوو و تێر تێر گریان. کافەتحولا ژێری کردینەوە. کاتێک هێور بووینەوە خوشکەکەم وتی: "تماشا زیرە گیان کەوتینە چ ڕۆژێک؟ دەزانی ئەوانی تر چیمان بە سەرهات؟ قەت لێمانت پرسی تووشی چی هاتین؟ ماوین مردووین؟ هاتی لە دەرگای ماڵمان بدەی و دوو نان بدەی بە دەستمانەوە؟ دوای ئەوەی تۆ ڕۆشتی بە چەقۆ لە خوشکە گەورەکەمانیان دا و جەنازەکەیان لەو لاوە فڕێدا؟ هاتی لە سەر گۆڕەکەی کەمێک بگری؟ خوشکە سپلەکەم؟ مێردی خۆتت کرد و ئێمەت لە بیر چووە؟ قەیناکە. ئێستاش کە بینیتم هەر زۆرە. بە قوربانی پەلکەکانت بم بە قوربانی بەژن و باڵات بم."

هیچم بۆ نەدەکوترا. بە ئەسپایی وتم: "ڕەیحانە مرد؟ گوڵبو مرد؟" ئیتر نەمزانی چ بوو؟ هۆشم نەما. کە چاوم کردەوە بینیم کافەتحولا و دادەم خەریکن گوڵاوم پێدا دەکەن و خوشکەکەم هەر دەیدا بە سەر و ڕوومەتی خۆیدا و دەگریا. کە چاوم کردەوە وتم: "کێ؟ بۆچی؟ باشە بۆچی مردن؟" ئەمانەم وت و گریام و دادەم دەیکوت بریا لاڵ دەبووم و هیچم نەکوتبایە. وامدەزانی زانیوتە و لێت نەپرسیوین.

دادە زیرە کە گەیشتە ئێرە ئاخێکی هەڵکێشا و جگەرەیەکی داگیرساند. من و بابەک سەرمان داخست و هیچمان نەوت.

پاش کەمێک بابەک هەستا و چوو چەند دانە چای هێنا و لە سەر مێزەکەی دانا و پاشان وتی:

- دادە زیرە ئەوانەی کە دەیڵێم بە ڕاستمە. شوکر ئەمانە لە ئێران هەڵپێچرانەوە. ئەتو کە ئەمانە بۆ من باس دەکەی هەموو گیانم مووچڕکی پێدا دێت. دڵم پڕە. باوەڕ ناکەم کە سەردەمانێک ئەم شتانە لە ئێراندا بووە.

دادە زیرە فرمێسکێکی قەتیسماوی سەر ڕوومەتی سڕی و وتی:

- ئەی ئەگەر بەسەرهاتی خوشکەکانی دیکەمت بۆ بگێڕمەوە چی دەڵێی؟ ئەوان سەد پلە لە من بەدبەختتر بوون.

مژێکی لە جگەرەکەی دا و ئینجا کووژاندییەوە و چاکەی هەڵگرت و خواردییەوە و پاشان وتی:

- ئەوانی ترتان بۆ دەگێڕمەوە چوونکە کاتێک ئەمانەم وەبیر دێتەوە دەڵێی تەواوی خەمی دینا دەڕژێتە دەروونمەوە لای ئاخێر ئەوشەو شاییمانە. باش نییە باسی خەم و ناڕەحەتی باس بکەین. ئیشالا هەرچی خەم و ئازارە بار بکا و نەمێنێ و ولات دایمە شادی و خۆشی بێت.

هەر ئەو کاتە زانیم خوشکە گەورەکەمیان بە چەقۆ کوشتووە. کۆمەڵی بەرەڵای باجخۆر شەوێک دەبیەنە دەرەوە و پاش کاری بێڕەوشتی و عارەقخۆری مەست دەبن و دەکەونە گیانی یەکتر، لەم نێوەندەدا خوشکەکەشم چەقۆی لێ دەدرێ و هەر لەوێ بەرەڵای دەکەن و دەڕۆن. ئەمەش ئەنجامی کارە قێزەونەکانی. دڵنیا بن لەم جیهانەدا هیچ شتێک بێفەلسەفە نییە و هەر وا بێ وەلامیش نامێنێتەوە. خوشکەکەی دیکەم کە لەو چکۆلەتر بوو و هەر ئەو کاتە خوشکە گەورەکەم خستییە ناو ئەم بەزمەوە، ئەو کات ئەو تووشی نەخۆشییەک دەبێ و دەمرێ. گەورەکە ڕەیحانە بوو و چکۆلەکە گوڵبۆ بوو. خوا بیانبەخشێ. ئەگەرچی بە هۆی داماوی تووشی ئەو نەهامەتییە هاتبوون بەڵام خۆ خوا عەقڵی پێدا بوون. بۆ بڕە پارەیەکی زۆر کەم خۆی تووشی ئەو قوڕبەسەرییە کرد.

ئەو خوشکەم وا ناوی گەندۆمبۆ بوو، هەر هەموو بەسەرهاتی بنەماڵەی بۆ گێڕامەوە. دووان لە خوشکەکانم مردبوون و سییانیان لە قەلا بە فەرمی ببوونە سۆزانی و لەوێ کاریان دەکرد. ئەوی تریان گەندۆمبۆ بوو، کە دۆخی لەوانی تر باشتر نەبوو، تەنیا یەکی لە خوشکەکانم لە ماڵاندا کارەکەری دەکرد و ئامادە نەبوو داوێنی بۆ ناپاکی پیس بکات. ئەو جۆرەی کە گەندۆمبۆ وتی پاش شووکردنی من باوکمیان لەو کارگە کردە دەرەوە و ئەویش ماوەیەک ئاوەڕۆی خاوێن دەکردەوە و ئەویش پاش کەمێک چووە سەر هێڵی تریاکفرۆشی و ئەم بەزمانە.

وەک دەڵێن ڕۆژێکیان پۆلیسێک لە کاتی فرۆشتنی تریاک دەکەوێتە دوای و لەو کاتەدا ئوتومبیلێک لێی دەدا قاچێکی فەلەج دەبی و لە سووچی ماڵدا دەکەوێت. گەندومبو دەیکوت دایکم ئەوەندە کارەکەری دەکرد و لە چلەی زستاندا سەهۆلی سەر هەسیل و شتی دەشکاند و جلی خەڵکی دەشت تووشی ڕوماتیزما بوو و ئەویش لە گۆشـەی مـاڵـدا لە جێـدا دەکەوێـت. خەرج و سـەرفیان لە ڕێـگەی سـوزانێتی خوشـکەکانم و خوشـکە کـارەکەرەکەم دەردێـت. ئەو سـێیانە نـوقمی بەدرەوشتی ببوون. هیچمان چارەنووسێکی باش لە ئامێزی نەگرتین. نەمدەزانی چیبکەم، کەسێکیش نەبووم کە دانیشم و لە گۆشـەی ماڵاندا بگریم. پێم وت تۆ جاری برۆ خۆم دێم بە دواتاندا و ماڵئاواییمان لە یەکتر کرد. کاتێک کە لەگەڵ کافەتحولا گەڕامەوە پێم وت لە بارودۆخی بنەماڵەکەم ئاگادار بووی. منیش ناتوانم هەر وا وازیان لـێ بێنم. ئێستا بۆ ڕزگـارکردنی ئەم کەسـانە کە قـوڕ کـراوە بە سەریاندا چیت لە دەست دێت. بیری کردەوە و وتی:

"خەرجیان دەکێشم بەڵام نەیەنە ئێرە. من لەم گەڕەکەدا ڕێز و وەجم هەیە. بەڵام لەبەر چاوە جوانەکانی تۆش بێ ئاگام لێیان دەبێت." وتم ئەی ئەوانەی وا لە قەڵان چییان لێبکەم؟ وتی "بۆ ئەوان نازانم. دیارە کوڵی چەک و سفتەیان داوە کە لەوێ بوونەتە ئەسیر دەنا وەکوو ئەمە لە دەرەوە ئیشیان دەکرد."

بەیانی زوو پارەم لە فەتحولا وەرگرت و چووم بە دوایاندا. ئیتر با باسی ئەوە نەکەم لە کوێ دەژیان و چ دۆخ و وەزعێکیان بوو، کاتێک یەکترمـان بینی چیمان بە یەکتر وت چوونکە زیاتر ئازارم دەدات. با باسی قسەکانی باوکم بکەم کە لە سووچێکدا دانیشتبوو. پاش ئەوەی گەیشتم و تێر و پڕ گریـام. بـاوکم دەسـتی پێکرد: "خوایە گیان چیم کردووە وا ئاوات لێکردم؟ چ تـاوانێکم لـێ وەشاوە کە تووشی ئەم نەگبەتییەت کردم؟ کەی سـەیری نامووسـی خەڵکم کرد کە نامووسـم چوو؟ لە نـاو دێدا پیاوی نـاو پیاوان بووم. ڕێـز و حـورمەتم بـوو. پێیان دەوتم مەشـەدی. ئەی ئێـستا؟ هەمـوو پـێم دەڵـێن تریـاککـێش. ئەمە لە ژنـم، ئەمە لە کچەکانم. دووانیان ئەوە ئاوایان لێهات، سێیان نازانم بچم لە کوێ بیانهێنمەوە و

شەرمین

ئەمەش لەوانی تر. چوو حەیام چوو. ئەگەر کوڕێکم هەبایە وەکوو شێر بە سەر خوشکەکانیەوە بووایە ئێستا ئاوام لێ نەدەهات. تف لە ڕۆژگار.

تفەکەی وا کرد کە کەوتە سەر دەموچاوم. پێم خۆشبوو پێی بڵێم تۆ کوڕیشت ببایە دەبووە قاچاغچی و لە سێدارەیان دەدا. پاش ئەم چەند ساڵە کچەکانت کردە قوربان کوڕێک و هەموومانت ئاوارەی ئەم کاولبووە کرد. هێشتا دڵی لە لای کوڕە. لە گەندۆمبۆم پرسی ئەی کوا سێ خوشکەکەی ترم. وتی لە ماڵێکدان کە ناوی بەڕێوەبەرەکەی مەهین چشم بلبلییە. ئیتر پارەم پێدان و پێم وتن لەم ماڵە بێنە دەرەوە و بچنە گەڕەکی سەرتر. بێنە گەڕەکێکی ماقوڵتر وابێ کەس نەیانناسێ و لە گەڕەکی خوارەوە کەس هاتوچۆیان نەکات. هاتمەوە ماڵەوە نامەم نووسی بۆ دادە حیشمەت و هەمووم بۆ گێڕاوە. خوا چاکی بۆ بکا ئەویش وەکوو جەلالی گەواد هەموو کەسی داماو کردبوو. خوا عافووی کا کاتێ نامەکەی بە دەست گەیشت عەباسی ناردە تاران بۆ قەلا. عەباسیش چووە ماڵی مەهین چشم بلبلی و هەر سێ خوشکەکەمی کردە دەرەوە، هەموو چەک و سفتەکانیشی دڕاندبوو. ئاخە دادە حیشمەت کەبکەبە و دەبدەبەی هەبوو. هەزار ملهوڕ ئیشیان بۆ دەکرد.

کاتێ ئەمەم زانی نامەیەکی چوار لاپەڕەییم بۆ نووسی. لە پێشەدا نووسیم یاخوا قەزات لە هەرچی پیاوە کەوێ و تاڵە قژێکت هەزار پیاو دێنێت.

ئاوا هەر سێ خوشکەکەمم بردە لای ئەوانی تر. خوا هەڵناگری ئەوانیش وازیان لەم کارە هێنا و ماڵێکم بۆ بە کرێ گرتن و سکم تێر کردن. تۆ سەیر کە پیاو بە چی دەبێتە نەجیم و بە چی دەبێتە نانەجیم.

پێم وتن ئەگەر مێردیان بۆ دۆزراوە هەموو جیاز و شتەکان خۆم دەیدەم. بەم شێوە هەر سێکیانم بە وەچ و ڕێزەوە دا بە شوو. هەموو شتێک خەریک بوو بە باشی دەچووە پێش. بەڵام دوو ساڵی تر بەڵایەکی تر بە سەرمان هاتەوە.

ماوەیەک بوو کافەتحولا بێتاقەت بوو. ڕۆژێکیان پێی وتم قوڕ کرا بە سەرمدا. هاوڕێیەکی هەبوو کە ساختەچی بوو. گوایا بە ناوی کافەتحولا و برەندی ئەو لە کۆمەڵێ کەس پارە و کەلوپەلی وەرگرتبوو و خۆی حەشار دابوو و شانی

کافەتحولای ئاردایی کردبوو.

کافەتحولا کەسێکی هێژا و بەڕێز بوو. هەموو ماڵ و ملکەکەی دەفرۆشی و قەرزەکەی دەداتەوە. ڕۆژێکی هاتەوە ماڵەوە و وتی: "لە ئێستا بە دواوە بێچارە بووین. هەر ئەم ماڵەم بۆ ماوەتەوە." ئەمەی وت و چووە ژوورەکەی و لە سەر دوشەکەکەی ڕاکشا و بەتانییەکەی دا بە سەریدا. هەتا ئێستا گریانی ئەوم نەبینیبوو. لە ژێر بەتانییەکەوە گوێم لە هەنسکەکانی بوو و زۆرم بەزەیی پێدا هات. ڕاوەستام هەتا باش باش گریا و شەو بۆ نانی شێو هاتە دەرەوە. نانی شێوی خوارد و پێم وت: کابرا دەرد و بەڵای خۆتی بردوە. ئیتر بەڵایەکەو بە سەرت هاتووە. بە دەرد و خەم هیچ پێک نایە. بۆچی تۆ لە من کەمتری؟ دەبێ بیر بکەیتەوە و پشت بە خوا بچیتە پێش. تۆ دایمە دەستت لە ناو خێرە باش دەزانم خوا فەرامۆشت ناکات. منیش چاکەکانی تۆم لە بیر نەچووە. پشت بە خوا نامەیەک بۆ دادە حیشمەت دەنووسم. ڕەنگە دیسان خوا کاروبارمان ڕێک بخاتەوە.

هیچی نەوت و هەستا و ڕۆشت و خەوت. بەڵام خەم و خەفەت هەراسانیان کردبوو و لە خەودا جەڵتە لێی دا. بەو جەڵتە نیوەی لەشی لە کار کەوت و کەوت بە سەر دەستمدا. زێڕەکانم فرۆشت و خەرجی دەوا و دەرمانەکەیم کرد و سەرەڕای ئەوەی شەرمم لە دادە حیشمەت دەکرد، بەڵام نامەیەکم بۆ نووسی: "دەزانم دەبێتە ڕووداری بەڵام ئێوە نەبێ کەسم نییە. ڕۆژێک منیان هێنایە ژێر دەستت و بوومە دیلی دەستتان. ڕۆژێک لە ڕێی خوا ڕزگارت کردم. ڕۆژی سێ خوشکەکەمت کڕی و ئازادیت پێدان. خوا و ئێوە نەبێ پەنا بۆ کێ ببەم. ڕووم ڕەش بێ بەڵام چی بکەم ئێوە لە جێی دایکمن."

هەمووم شتێکم بۆ گێڕایەوە و ئینجا وتم "چ یارمەتیم بدەی چ نەدەی بۆ من هەر دادە حیشمەتی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەقەیەکت لە سوود و داهاتی خۆی دا و ژیانت پێ بەخشیم. هیچ لە ڕێز و سۆزی تۆ کەم نابێتەوە. ئەگەر نەتانتوانی بە هەر هۆکارێک یارمەتیم بدەن وەڵامی نامەکەم مەدەنەوە." ئەمانەم نووسی و نامەکەم تەواو کرد و چاوەڕێی نامە بووم. پاش بیست ڕۆژ پیرەمێردێک هات لە

دەرگای دا و جانتایەکی چکۆلەی پێبوو و نامەیەکیشی دا بە دەستمەوە و وتی: "خاتوون ئەوەی بۆ ئێوە ناردووە" ئەمەی وت و ڕۆشت.

بردمە ماڵەوە و نامەکەم کردەوە.

خوایە گیان ڕۆحی ئەم ژنە بە بەهەشت شاد بکەی کە چەندە مرۆڤێکی دڵسۆز و چاک بوو. دەزانن لە نامەکەدا چی نووسیبوو: "ئیتر قسەی وا نەکەی. وەڵامی نامە نەدەمەوە چییە؟ من نەمامێک نیم بەم زریانانە بچەمێمەوە. لەگەڵ نامەکە جانتایەک پارەم بۆ ناردووی. هەر کات تووشی دەردەسەری و کێشە هاتی نامەم بۆ بنووسە و ئاگادارم بکەرەوە. حیشمەت."

جانتاکەم کردەوە پڕ بوو لە پارە. چوومە ژوورەکەی فەتحوڵا. باوەڕی نەدەکرد. دەیگوت چۆن شتی وا دەبێ کابرا بە بێ هیچ بەڵگەیەک ئەم هەمووە پارە بۆ تۆ بنێرێت. دانیشتین و بە جووتە تێر و پڕ قسەمان کرد. پێی وتم "من ئەوە زەلیلم و توانای هیچ کارێکم نییە. و تۆش ئافرەتی هیچت لە دەست نایە. وەرە ئەم پارە بدەین بە حاجی فلان کەس کە لە بازاڕە متمانەم پێیە کاری پێوە بکات." وتم من باوەڕم بە کەس نییە. وەک خۆت دەڵێی هەڤدە هەژدە ساڵ لەگەڵ ئەو هاوبەشەت کارت کرد، دەی دواتر زانیت بوو بە چی. چووزانی حاجیش دەبێتە چ کەسێک. دوای ئەوەش تۆ لە بازاڕ چت دەکرد؟ دا فێرم کە با منیش بچم. وتی "تۆ ناتوانی. ئەوێ دەبێ گورگ بی نەکا بتدڕن." وتم لە بازاڕ چیت دەکرد؟ وتی: "کاڵامان لە دەرەوە هاوردە دەکرد و یان لە ناوەوە کاڵامان دەستاودەست دەکرد و نرخێکمان لە سەر دادەنا و دەمانفرۆشت و شتێکمان دەست دەخست." سەیرم کرد و وتم ئەمە کەی کارە لە جێیەک دانیشی و دەڵاڵی بکەی؟ من هیچ خۆشم لە دەڵاڵی نایە. پیاو دەخاتە بیر دەڵاڵانی خۆشەویستی. بۆیە ئاوامان لێ هاتووە. وتی: "دە چی بکەم بەم لەشە ناساغ و زەلیلەمەوە؟" وتم کارێک کە هەم خوا ڕازییە و هەم خەڵک. هەر وا سەیری کردم و وتم: ئەو کات کە لە باشوور بووم لە ماڵی دادە حیشمەت کەسێکم دەناسی کە جار جار دەهاتە ئەوێ. ئێرانی بوو، بەڵام لە دەرەوەی وڵات دەژیا. ئیشەکەی گۆرەویچنین بوو و بلووزیشی دەچنی.

ڕۆژێکیان باسی ئیشەکەی بۆ من کرد. تۆ شوێنێکم پێ بڵێ مەکینەی گۆرەوی‌چنین لە ئێران دادەنێن. وتی: "ژنەکە ئەم کارانە بە زمان خۆشە. ئەمە چۆن بە تۆ دەکرێت؟ ئەو کەلە کەلەکان لە ژێریدا پشتیان شکاوە چ بگا بە تۆ." وتم تۆ هەستت دەکرد من ئەم برە پارە جێبەجێ بکەم؟ کەمێک بیری کردەوە و وتی: "نا هەستم نەدەکرد". وتم دەی لەم کارەشدا سەر دەکەوم. پشت بە خوا دەبەستم و دەچمە پێشەوە. کەمێک بیری کردەوە و وتی: "بە خوا هەموو شتێکت لە دەستت دێت. تازە چەرمەکە ئاو بردی، چی دەبێ با ببێت."

بە کورتی نامەم لەگەڵ دادە حیشمەت دەست پێکرد و بابەتەکەم بۆ گێڕاوە پاش هەفتەیەک پێموا ئەو کەسەی دۆزیبوۆوە و ئەویش وتبووی ئەگەر زیرە بیهەوێ لەگەڵی دەبمە شەریک. منیش لە دەرەوەی شار پارچە زەوییەکم کڕی و چوار دیوارم تێدا بینا کرد بڕیار وا بوو مەکینەی گۆرەوی‌چنینم بۆ بنێرێ، بەڵام لەو بارەی وا ناردی پلاستیکیشی ناردبوو. منیش خۆ سەرەندەری هیچم نەدەکرد. بەڵام وتیان دەتوانی بەمانە شتی پلاستیکی ساز بکەیت. شەش مانگی خایاند هەتا هەموو شتێک جێبەجێ بوو. پێتان وا نەبێ هەر وا ئاسان بوو. باوکم هاتە بەر چاوم هەتا ئەم شەش مانگە تێپەڕی، ئەوە باش بوو من نە لە کار دەترسام نە ماندوو دەبووم. ماندوو نەدەبووم چوونکە کچی لادێ بووم و فێری جووت و کشتوکاڵ بووم. لەو ماوی کە لەگەڵ دادە حیشمەت بووم ترسم لە زۆر شت نەما.

ئەو کابرا وا دەڵێم ناوی کاسادق بوو. لێتان ناشارمەوە چەند جارێک هاتبووە باشوور بۆ ماڵی دادە حیشمەت ئەو چەند جارەشی کە هاتبوو داوای منی دەکرد. پیاوێکی خراپ نەبوو پیاوێکی زۆر چاک بوو. کاتێک کە پاش چەند ساڵ هات بۆ بینیم بۆیم گێڕامەوە، کە چۆن وازم لەو کارە هێنا و چۆن پاکداوێنم زۆر کەیفخۆش بوو، وتی: منیش یارمەتیت دەدەم. بە ڕاستیش شانی دا بەر قسەکەی. بە بێ گرێبەست و ئەمانە مەکینە و جیازی پێدام. پاش ماوەیەک بیانییەک کە پسپۆڕی ئەو چەشنە مەکینانە بوو، لەگەڵ وەرگێڕێک ناردی بۆ ئێران. کە هات دەستم کرد بە دامەزراندنی کرێکار. بیانییەکە شێوازی کارکردنی لەگەڵ ئەم

مەکینەی بە کرێکارەکان فێرکرد و پشت بە خوا دەستمان کرد بە کارکردن. ٩ مانگی خایاند هەتا یەکەم بەرهەممان دایە بازار. بەلام کارەکەمان بە باشی چووە پێش. ئەویش زۆر بە باشی. ئەو کات لە ئێران کالا نەبوو. بۆیە کالاکانمان زۆر بە باشی دەفرۆشرا. ئەو مەکینەیە شتی دیکەی وەکوو شانە و قرتیلە و دەفری پلاستیکی و پەرداخی پلاستیکی و قاپی پلاستیکی لەمانەی ساز دەکرد. کارەکەمان بە باشی دەچوو بەرێوە. سەری یەک سال هەموو قەرزەکانم دا بە دادە حیشمەت. وەکوو ئەو پارەی کە پێیدا بووم پارەم لە سەر دانا و خۆم رۆژێک چوومە باشوور و پێم دا. زۆر لە سەری ناچم. هەر ئەوە بزانن کە ئەم دادە حیشمەتە ژنێکی مەزن بوو. کە گەیشتمە ئەوێ و لە ئۆتۆمبیل دابەزیم و جانتاکەمم دەرهێنا و لە پڕ دەرگاوانێک دەرگای باغەکەی کردەوە. پێی وابوو کە مشتەری هاتووە. کە منی بینی سەرسام بوو. وتی بۆچی هاتووی؟ وتم کارم بە دادە حیشمەتە. پێی بلێ زینەرە هاتووە. ئەویش رۆشت و بە دادە حیشمەتی راگەیاند. پاش خولەکێک حیشمەتم بینی چووم لە باوەشم کرد و گریام. ئینجا جانتاکانمم هەلگرت کە بچمە ژوورەوە. وەرێکەوتم پێشی پێ گرتم و بە پێکەنینەوە وتی:

وتی: "بۆ کوێ؟" وتم: "بچینە ژووری ئیتر." پێکەنی و وتی: "ئێرە شوێنی ژنانی نەجیم نییە. نابێ لێرە کەس بتبینێ بەتایبەت لەگەل من." وتم: "دادە حیشمەت ئەو قسانە چییە؟" وتی: "وەک وتم من و تۆ دەبێ دووراودوور یەکترمان خۆش بووێت." هاتە پێشەوە و باوەشی پێدا کردم و ماچی کردم و دەستی بە سەر و قژمدا هێنا و ئینجا یەکێ لە کرێکارەکانی بانگ کرد و پێی وت: "خزمەتکار ئەم خاتوونە بە هەلە هاتۆتە ئێرە شۆفێرێکی بەمتمانە بانگ بکا با ئەم خاتوونە بباتەوە بۆ تاران."

هەتا خزمەتکارەکە چوو ئۆتۆمبیلێک بێنێ جانتای پارەکەم پێدا. باسی ئەوەم بۆ گێراوە کە کارگە باش بووە و لەم کاتەدا خزمەتکارەکە ئۆتۆمبیلی هێنا و من سوار بووم و گەرامەوە بۆ تاران.

پاش چەند رۆژ کەسێکی نارد ئەو پارە زیادەی بۆم ناردبوو بۆی ناردمەوە.

تەنیا پارەکەی خۆی هەلگرتبوو. ئەمە جوامێرییە، ئەمە پیاوەتییە.

جگەرەیەکی تری داگیرساند و ئینجا وتی:

پاش چەند ساڵ هەموو کەم و کورییەکانی ژیانم قەرەبوو بووەوە. تەنیا هەڵەیەک کە کردم بە هۆی نەفامی و بێ ئەزموونیم بوو کە دواتر بۆتان دەگێرمەوە. هەموو کاروبارەکان بە باشی بەڕێوە دەچوون. ئەو کالایانەی کە بەرهەممان دەهێنا دەمانفرۆشت زۆر بە باشی دەفرۆشرا و ژیانمان زۆر بە باشی بەڕێوە دەچوو، دەمتوانی بە دایک و باوکم و خوشکەکانیشم رابگەم. بارودۆخەکە ئاوا دەچووە پێشەوە هەتا ئەوەی کە نامەیەکم بۆ دادە حیشمەت نووسی وەڵامی نەداوە. وتم رەنگە نەگەیشتبێتە دەستی. نامەیەکم بۆ کاعەباس نووسی. ئەویش نووسی دادە حیشمەت مرد. خوالێخۆشبوو تووشی نەخۆشی شێرپەنجە هاتبوو و بەو ئەوەشەوە مرد.

کە گەیشتە ئێرە دادە زێرە فاتیحایەکی بۆ دادە حیشمەت نارد و پاشا وتی:

خوا عافووی کات. راستە کارەکەی خراپ بوو، بەڵام هەمیشە پێی دەوتم زێرە من لێرە تەنیا بەڕێوەبەرم. سەری مارەکە شوێنێکی ترە.

بێگومان ئەویش یەکێک خستبوویە ئەو داوەوە و بە ناچاری ببوو بە دیلی ئەوی.

کە ئەم هەواڵەم پێگەیشت زۆر بێتاقەت بووم. منێک کە قەت نەدەگریام ئەو رۆژە نەچوومەوە کارگە و هەتا شەو گریام. ئیتر هەر کەس لەم دنیا ماوەیەک دەژی.

گەیشتینە کۆتایی بەسەرهاتەکە با هەمووی بگێرمەوە.

ساڵێک لەم بەسەرهاتە تێپەڕی. نزیکەی سی و ئەوەندە ساڵ بووم کە شەوێک کافەتحولا لە ناو پێخەفەکەی حاڵی خراپ بوو، هەتا دکتۆر هات مرد. نەمدەزانی بۆچی ئەم هەموو نەهامەتییە بە سەرم هاتووە. بەیانی کفنپۆشمان کرد و ناشتن و تەواو.

ناچار بووم بەشەماڵ و میرات بەش بکەین و لە رۆژنامەدا بلاوم کردەوە. پاش سێ مانگ منداڵەکان لە هەندەران هاتنەوە و دەستیان بە سەر هەموو شتێکدا گرت.

بابەک – کافەتحولا خۆ هیچی نەبوو.

دادە زێرە – ئا ئیتر خۆ هیچی نەمابوو. بەلام منی کەری نەفام هەر هەموو کارگەکەم کردبوو بە ناویەوە و تابۆکەشیم بە ناوی ئەو کردبوو. خوشی رازی نەبوو، بەلام من زەختم کرد. دەمویست قەرەبووی ئەو چاکییەی بکەم کە ئەو رۆژە لەگەلم کردی، منی لە باشوورەوە هێناوە بۆ تاران. ئەوەندەم نەزانی خۆم مامەوە و جلەکانی بەرم و دوو خوشک لە ماڵ و دایک و باوکێکی زەلیل.

بابەک – لەو میراتە هیچت نەکەوت؟

دادە زێرە – نا ئیتر. خۆ مارەبراوی نەبووم سیغەی کردبووم.

زەبرێکی وەهام پێگەیشت کە هەتا هەفتەیک سەرم گێژ بوو. بە جۆرێک شوێن و جێم بۆ خەوتن نەبوو، هەفتەیەک هەلات هەلاتم کرد و دەستم لە هیچ کوێ گیر نەبوو، دەنگم لە دادگا بری نەکرد. لە کۆتاییدا منداڵەکانی برە پارەیەکیان پێدام و وتیان سەرچاوم. منیش پارەکەم فری دایە بەر دەمیان و لە ماڵ چوومە دەرەوە. ئیتر دادە حیشمەت نەبوو کە پەنای بۆ ببەم. هەتا ئێوارە بەو ناو شەقامانەدا دەخولامەوە و لە کۆتاییدا بریارم دا بچمەوە ماڵی خۆمان وتم بەز نییە سەرپەنایەک هەیە رووی تێبکەم.

ماندوو و هیلاک گەیشتمەوە ماڵی باوکم. کە چووم خوشکەکانم وتیان: "زێرە ئەوە لە کوێی؟" وتم: بۆچی؟ وتیان: "لە بەیانییەوە هەتا ئێستا چەند جار یەکی بە ئۆتۆمبێلەوە هات بە دواتدا." وتم: "نەتانزانی کێ بوو و چی دەویست؟" وتیان: "نا. هەر وتی بەیانی دێتەوە." منیش هیچم نەوت. سەرەرای ئەوەی نە نانی نیوەرۆم خواردبوو نە نانی شێو، چووم لە سووچێکدا پەتانیم دا بە ملمدا و خەوتم. بەیانی بوو کە خوشکەکانم لە خەویان هەلساندم. تاقەتی هەستانم نەبوو. بە زۆری لە خەو هەستام و بەرچاییم خوارد و چوومە حەوشە و لە لای هەسیلەکە دانیشتم. دەستم خستە ناو هەسیلەکە و ئەو رۆژەم وەبیر هاتەوە وا هەمووومان لە دێوە هاتین بۆ تاران. سەیری ئەو وردە شەپۆلانەم دەکرد وا بە راژاندنی من دروست ببوو، ژیانم تێدا بەدی دەکرد. نازانم چەندەی پێچوو کە لە دەرگایان دا.

خوشکەکەم چوو دەرگاکەی کردەوە و هات پێی وتم: "هەر ئەو پیاوەی دوێنێیە وا چەند جار هات". هەستام و چوومە بەر دەرگا. پیاوێکی کۆت و پانتۆل و کراوات لەبەر بوو. قیافەی لە پۆلیسی شاراوە دەچوو. بە ڕێزەوە سڵاوی کرد و وتی: "دادە زێڕە خۆتانن؟" وتم بەڵێ. وتی: "ئێوە دەبێ لەگەڵم بێن." وتم بێمە کوێ؟ وتی: "شتێکی وا نییە." وتم ئەگەر شتێکی گرنگ بایە من نەدەترسام. دەبێ بێمە کوێ؟ وتـی: "کەسـێک دەیـهەوێ بتبینێـت." چـوومە مـاڵەوە و جانتـاکەمم هەڵگـرت و پێڵاوەکانمم لە پێکرد و هـاتمە دەرەوە و سـواری ئۆتۆمبێل بووین و وەڕێکەوتین. پـاش نیوکـاتژمێر گەیـشتینە نزیـک بـاکووری تـاران لە بەر دەم بینـایەکی گەورە ڕاوەستاین و هەر دووکمان دابەزین و چووینە ژوورەوە.

هەر لەو چـوونە ژوورەوە زانـیم ئێـرە شـوێنێکە کە نـاهێڵن هەر کەسـێک بێتە ژوورەوە. سێ چوار کەس دەهـاتنە بەر دەممـان، بەڵام کـاتێ کە ئێمەیـان دەبینی پێشمانیان دەگرت، بەڵام کە ئەو پیاوەیان دەبینی ئێزنیان پێ دەداین. بەهەر حاڵ چووین و ڕۆشتینە نهۆمی دووهەم، چووینە ژوورێک کە ژووری سکرتێر بوو، هەمووان ڕێزیان لێ دەگرت. ئەو کابرا منی لەوێ دانا و خۆی ڕۆشت و پاش دوو خولەک گەڕاوە و پێی وتم: "ئێوە فەرموون وەرنە ژوورەوە" ئینجا بە سکرتێرەکەی وت: "تکایە خاتوون ئێوە بێنە دەرەوە، لە پشت دەرگاکە ڕاوەستن با کەس نەیەتە ژوورەوە". سـکرتێرەکەش کە کچێکـی بیـست و حەوت و هەشـت سـاڵان بـوو، لە پشت مێزەکەی هەستا و لەگەڵ ئەو کابرایە چوونە دەرەوە. نەمدەزانی ئەوە کێیە بە نیازە من ببینێ تەنانەت سکرتێرەکەشی کردە دەرەوە.

چوومە ژوورەوە و لە دەرگام دا. وتی: "فەرموون" چوومە ژوورەوە و سەیرێکی نووسـینگەکەم کـرد. زۆر گەورە بـوو و لە سـووچێکی نووسـینگەکەدا پیاوێـک ڕاوەسـتابوو. دیـسان وتـی: "فەرمـوون وەرنە ژوورەوە" پـاش چەنـد هەنگـاو کە چوومە ژوورەوە واقم وڕما. کەمێک بێدەنگ بووم. ماندوو بووم و وتـم: "گوو بە گۆڕی باوکت جەلال. دەزانـی چەنـدە بە دواتەوەم دەمەوێ بتـدۆزمەوە و وەکوو بەرخ سەرت ببڕم." لەگەڵ ئەوەی پێدەکەنی هاتە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست و

وتی: "دادە زێڕە من لێرە ڕێز و وەجم هەیە." وتم: بۆیە سکرتێرەکەت لە ژوورەکە کردە دەرەوە؟ دەزانی هەتا باوکت نەهێنمە بەرچاوت لە کۆڵت نابمەوە. دەزانی بە نیازی چیم؟ وتی: "باش. باشە دەتهەوێ باوکم بێنیتە بەر چاوم. بیهێنە. بەڵام لە پێشدا گوێ بۆ قسەکانم بگرە. ئینجا چی دەکەی بیکە. ئینجا هاتە پێشەوە و لە قایشی پانتۆڵەکەیەوە تفەنگێکی دەرهێنا و وتم: "ئەوە دانێ. لەوانەم زۆر بینیوە. ئیتر ترسم ڕژاوە." تفەنگەکەی بەرەو لام ڕاگرت وتی: "ها بیگرە. قسەکانم تەواو بوو ئەگەر ویستت لێرە بمکووژە." پێکەنیم و وتم: "جەلال خۆت کەری. ئەو شوێنەی کە منت پێ فرۆشت زۆر شتیان فێرکردم. پێش هەموو شتێک ئەم تفەنگە فیشەکی تێدا نییە. دووهەم ئەوەی کە خۆشت دەزانی من پیاوکوژ نیم. سێیەم من لێرە ناتکوژم. چوارەم باش بزانە من زیرەکتر لەوەم کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە و پێت وا نەبێ من بەمانە خاو دەبم. گوێ بگرە بزانە دەڵێم چی." قاقا پێکەنی و وتی: "بڵێم سکرتێر بێ و چامان بۆ بێنێ حەیام نابەی؟ من ئیتر جەلالەکەی جاران نیم زێڕە. لای ناخێر بوومەتە گوویەک. هەرا هەرا مەکە." پێکەنیم و وتم: "مەترسە بەڕێز سەرۆک وەزیر من دەمهەراش نیم." چوو سکرتێرەکەی کە لە دەرەوە بوو بانگ کرد و وتی بێت و قاوەمان بۆ بێنێت. ئینجا خۆشی هات و دەستی گرتم و لە سەر مۆبلەکە دایینیشاندم و خۆشی بەرامبەرم دانیشت و وتی: "لە مێژە دووراودوور ئاگام لێتە. ئێستا دوو ساڵە. زانیم کارگەکەت خەریکە بە باشی بەڕێوە دەچێ و دۆخی کارگەکەشت باشە. نەهاتم و مزاحیمت نەبووم." وتم: دەی ئێستا هاتووی ئاگات لێم بێت؟ پێکەنی و وتی: "نا بە گیانی تۆ من لە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بە سەرت هاتووە ئاگادارم. زانیومە کارگەکەیان لێ داگیرکردووی." وتم باشە دەی ئێستا دەڵێی چی؟ وتی "دەمەوێ قەرزەکەت قەرەبوو بکەمەوە." وتم دیارە بێگومان ئەمجار بە نیازی بمبەیتە باکوور و بمفرۆشی بە ڕووسەکان. خۆ خراپیش نییە. ئەوێ فێنکە و وەکوو باشوور گەرم نییە. وتی: "سسسس. حەیام مەبە." ئینجا پێکەنی و وتی: "تۆ گیانی خۆت ڕاستەکەی بڵێ." وتم: بە گیانی تۆ ئەوێ خۆش بوو. تۆ نەبووی ئیشاڵا ئەگەر تەمەن باقی بوو

ڕۆژی هەلتدەگرم و دەتبەمە ئەوێ و دەتدەمە دەست ئەو عەرەبانە. جا عەرەب پیاوی سپی و چەرمۆلەیان پێ جوانە. دیسان پێکەنی و وتی: "دەی گەنج بووین و هەرزەکار بووین و کەریەتییەکمان کرد. گوێ بگرە بزانە دەلیم چی. دەمەوێ چوار قسەت بۆ بکەم. یان نێواننناخۆشیمان کەم دەبێتەوە و یان هەر کارێک ویستت لەگەلم بکە." وتم قسە بکە فەرموو. وتی: "من تەواو لە ژیانی تۆ و خوشکەکان و دایک و باوکت و باسی دادگا و مردنی فەتحولای مێردت و ئەوەی کە چۆن مندالەکانی هەموو شتێکیان لێ زەوت کردی و تۆ چیت بۆ خوشکەکانت کرد و چی و چی و چی ئاگادارم. ڕاستە لە گەنجێتیدا لە پێناو پارە هەموو کارێکم دەکرد، بەلام ئێستا پیر بووم و پوختە بووم. ئەوەی ڕاستی بێ دلیشم بەوە ڕازی نەبوو کە پاش ئەوەی تۆ ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەریت تێپەڕاندووە و پاش دە دوازدە سال مێرداری، ئەویش ئەو مێردە پیرە ئاوا بە چۆکەوە بکەویت. بەتایبەت ئەوەی کە تۆ خەرجی بنەمالەکەت دەکێشی." وتم دەی ئێستا هاتووی قەرەبووی ئەوانە بکەیتەوە؟ وتی: "ئەو کارەی لەگەل تۆ کردم بەشێک بووە لە چارەنووس و قسمەتی تۆ." وتم چارەنووسی من ئەوە بوو کە مێردەکەم بێ و بمبا بمفرۆشێ بە قاحبەخانەیەک لە پاشوور؟ وتی: "دەی من ئەم کارەم نەکردایە پێت وابوو لەو مال و خانەوادەدا چارەنووست لە خوشکەکانت باشتر دەبوو؟" هیچ وەلامم پێ نەدراوە. وتی: "ئیتر لە ژیانی هەر کەسێکدا جۆرێک بەدبەختی هەیە. ئیتر ژیانی تۆ ئەوە بوو. داوات لێدەکەم لێم ببووری و ڕابردوو فەرامۆش بکەی. لە بەرامبەردا منیش یارمەتیت دەدەم." بە خۆمم وتم بۆچی دەبێ تۆلە بکەمەوە؟ خۆ ناکرێ خوێن بە خوێن بشۆردرێتەوە. ڕەنگە لەم دۆخە نالەبارەدا بتوانێ یارمەتیم بدا، بۆ ئەوەی قەرەبووی کارە خراپەکانی بکاتەوە. ئەوە بوو کە پێم وت من ڕقئەستوور نیم. پێم بلێ چۆن دەتوانی یارمەتیم بدەی؟ وتی: "ئافەرم بۆ تۆ ژنی چاک. جا گوێ بگرە بزانە دەلێم چی. من دەستم دەڕوات. دۆخی ئابووریيم باشە. دەمەوێ کارێک بکەم و تەواوی بەرنامەکانم جێبەجێ کردووە هەر ماوە دەستی پێبکەم." وتم کارەکە چییە؟ وتی: "کابارە. دەمەوێ کابارەیەک دابنێم و تۆ ببیتە بەڕێوەبەری

ئەوی." کە ئەمەی وت جانتاکەم هەلگرت و وتم سلاوەکەشت بێ مەبەست نییە. تۆ بە خێر و من بە سلامەت. کاجەلال لە مێژ ساڵە وازم لە سەماکاری و سوزانیتی هێناوە. خوات لەگەل. گەردنت ئازا بێت. هەستام بچمە دەرەوە هاتە بەردەمم و وتی: "ڕاوەستە برا." کە ئەمەی وت یەکێ لە دەرگای دا. کە لە دەرگایان دا زوو چوو لە پشت مێزەکە دانیشت و قیافەی بەڕێوەبەرەکانی گرتە خۆی و ئینجا بە تۆکمەییەوە وتی: "فەرموون." لە بەر پێکەنین قرتام. سکرتێرەکەی بە سینییەک هاتە ژوورەوە و قاوەی بۆ لە سەر مێزەکە دانا و ڕۆشت. هەتا ئەو ماوەی کە ئەو ئەم کارەی کرد جەلال بە چاو و برۆ ئاماژەی پێکردم کە پێنەکەنم. کاتێک سکرتێرەکەی ڕۆشت هەستا و هاتە ئەم لا و بە پێکەنینەوە وتی: "چیبکەم دادە زیرە؟ هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە هەزار جۆر ئەدا و بەزم دەردێنم بۆ ئەوەی پاروە نانێک دەست بخەم." وتم تۆ لێرە چکارەی؟ وتی: "پیاوکرم. پیافرۆشم. پیاوگرم، پیاوکوژم." وتم: کەواتە کەوتوویەتە ناو کاری قەسابییەوە؟ لە بەر پێکەنین مرد؟ وتی: "دانیشە قاوەکەت بخۆرەوە با پێت بڵێم." وتم لە کەیەوە بوویەتە قاوەخۆر؟ وتی: "ئێستا هەر کەس بیهەوێ خۆی پیاوماقوول پیشان بدا لە جیاتی چا قاوە دەخواتەوە." وتم: من قاوەخۆر نیم. وتی: "تۆ دانیشە دەڵێم چات بۆ بێنن." وتم نامەوێ قسەکەت بکە. وتی: "زیرە نامەوێ لە خشتەت ببەم و ناشمهەوێ تووشی نەگبەتیت بکەم. من کاروباری ئەم کابارەم جێبەجێ کردووە کە دروستی بکەم. خۆ تۆش نەبێ یەکێک هەر دەبێ کە بیکەمە بەڕێوەبەری ئەوێ. بەلام بە گیانی هەر دوو منداڵەکەم دەمەوێ ڕابردوو قەرەبوو بکەمەوە." بیرم کردەوە کە ئەگەر جەلال فریام نەکەوێ هەم خۆم و هەم خوشکەکانم و هەم دایک و باوکم قوڕ دەکرێ بە سەرماندا. ئەوە بوو کە دانیشتم و وتم: وەرە جەلال تۆ پارەم پێ بدە من کارگەیەک دابنێم. وتی: "هەموو کارەکانی کابارەم کردووە، دووهەم ئەوەی کە هیچ شتێک بارتەقای کابارە داهاتی نییە. سێیەم ئەوەی کە لە سەرەوە بڕیار دراوە ئەم شارە ببێتە خاوەن کابارەیەکی گەورە و باش. شوخی نییە. تاران بۆتە شارێکی گەورە. کۆلێ بیانی تێیدا هاتوچۆ دەکەن. خۆ پایتەخت

ناکری بی کابارە بی.' ئینجا وتی بە گیانی تۆ زیرە هەم دۆخی تۆ باش دەبی هەم منیش نانم دەکەویتە ڕونەوە. وتم جیا لە بەڕیوەبەری کابارە بوون چی دیکەت لیم دەوی؟ وتی 'بە گیانی منداڵەکانم هیچی ترم لیت ناوی.' وتم کاتی دیدارم پی بدە. بڕیار درا کە دوو سێ ڕۆژی تر خۆی بێ بە دوامدا. ماڵئاواییم لیکرد. کاتی ڕۆشتن لە ناو کەشەوی میزەکەی پێنج هەزار تمەنی هەلگرت و پیی دام و وتی: 'بیگرە زیرە. دەزانم وەزعی ئابووریت باش نییە.' وتم: نامەوی. وتی: 'بیگرە هی خۆتە. زۆرم خراپە لەگەل کردی. گەردنم ئازا کە. وەرمگرت و وتم گەردنم ئازا کردی. تۆش زۆر ئاوانبار نەبووی. سەردەمەکە خراپە.'

ئەو سێ ڕۆژە هەموو دەرگایەکم کوتا بۆ ئەوەی ئیشیک ببی کە ئیتر بە لای ئەم جۆرە کارانەدا نەچم. بەلام نەبوو. تەنانەت چوومە لای حاجییەکەی هاوڕێی کافەتحولا. بۆ ئەوەی بەشکەم یارمەتیم بدا و کاریکم بۆ جیبەجی بکا کە بەشکەم بیکەم. بەلام ئەو حاجییە هیچ یارمەتی نەدام بگرە سیغە بوونەکەشمی درکاند. ئیتر ناچار بووم لەگەل کاجەلال کار بکەم. سەرتان نەیەشینم ساڵ و بڕیکی زۆرتر نەخایاند هەتا کابارەیەکی گەورەمان بینا کرد. لەم ماوەدا جەلال پارەی پی دەدام و ژیانی دابین دەکردم. کاتیک زەویی کابارەکەی کڕی و کابارەکە بینا کرا هەمووی کرد بە ناومەوە. وتی پیی خۆش نییە ناوی ئەوی بە سەرەوە بیت. کارەکەمان بە باشی بەڕیوە دەچوو. شەوانە ئەوی قەرەباڵغ دەبوو. هەڵبەت ڕیگای هاتنە ژوورەوەمان بە هەرچی و پەرچی نەدەدا. کارەکەمان دەستی پیکرد هەڵبەت دلم هەر لیخن بوو. لەم کارە ڕازی نەبووم. بەلام چار چییە؟

هەوت هەشت ساڵ دواتر هەواڵیان هینا کە کاجەلال بە ئۆتۆمبیل لە ڕیگەی باکوور کەوتۆتە ناو دۆل و مردووە. منیش نەمکردە ناپیاوی و هەتا دوو ساڵیش خەرجی ژن و منداڵەکەیم دا. کارەکەمان خۆی لە خۆیدا حەلال نەبوو چ جای ئەوەی پارە و مافی یەکیکی تر بخۆین.

ئەو ڕۆژانەش وەکوو ڕۆژەکانی تر تیپەڕی. کابارەکە کاری دەکرد و پارەی منی دەردەهیناوە.

ئەگەر هەڵە نەبم تەمەنم پەنجا و برێک بوو کە شۆڕشی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. منیش کە زانیم دوخەکە نالەبارە پارەکانمم کرد بە دۆلار و کابارەکەم بە یەک لە سەر سێی نرخ فرۆشت و هەڵاتم هاتمە ئێرە. ئەوەی ڕاستی بێ ئیتر توانای نەگبەتبوونم نەبوو. خۆم دەمزانی خاوەن کابارەبوون چ دەردەسەرییەکە. وتم بێتوو شۆڕش بکری دێن ئێمەش دەگرن. دۆسییەی منیش تا بڵێی ڕەشە. ئەمە بوو کە ماڵ و ژیانم فرۆشت و هاتمە ئێرە. کە هاتمە ئێرە ویستم بچمە ناو کاری بەرهەمهێنانەوە، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدام. ئیتر منیش پیر ببووم و هیچ کارێکی ترم پێنەدەکرا. ئەوە بوو کە کابارەیەکم لە کەسێک کری. ئەوە ئێستاش لای ئێوەم. خۆتان بەرنامەی ئەو شەوەتان بینیم.

جار جار دڵم دەگیرێت و ئەو گووە دەخۆمەوە و بەو ناو جادە و شەقامانەدا دەسووڕێمەوە و لە بەر خۆمەوە جوێن بە هاونیشتمانی دەدەم و لە دووریشەوە ماچیان دەکەم و بۆنیان پێوە دەکەم. خەریکە دڵم بۆ ئێران بتوقێت. بیری کاکی بە کاکی ئێرانم کردووە. لە ماڵەکەی خۆمدا لە ژووری خەوەکەم نەخشەی ئێرانم داناوە. هەموو شەوێک دەچم بەرامبەری ڕادەوەستم و بە قوربان و ساقەی دەبم. یاخوا بە حەیرانی بم. ئارەزوومە هەر هیچ نەبی جەنازەکەم لە ئێران بنێژن. خاکی هەندەرانم ناوێ. گەر سەگیش دەتخوا با سەگی وڵاتی خۆت بتخوا باشترە. ئاماژەیەکم بۆ بکا بە سەر دەچمەوە.

- چووزانی ئەگەر بێیتەوە بۆ ئێران تووشی کێشە دەبی؟

دادە زێڕە – ناوە ناوە هەندێ شتم لە ئێرانەوە بە گوێ دەگات. لە ئێران هەر چییەک بێ بە کۆڵی پیازداغەوە و هەندێ شتی تریشی پێوە دەنێن پیمان دەگەیەنن. خۆ خۆتان لێرەن دەزانن چ خەبەرە.

من لە مردن ناترسم تەمەنی خۆمم کردووە و ژیاوم. بۆیە ناگەڕێمەوە بۆ ئێران دەترسم بەم سەرە سپییەوە ئابڕوم ببەن. دەترسم بمشێکێننەوە. ئەگەر ناگەڕێمەوە بۆ ئێران لەبەر ئەوەیە کەس گوێم بۆ ناگری و ئێناگا چۆن تووشی ئەم داوە بووم. دەترسم هاونیشتمانییەکەم دڵی بووبێتە بەرد و ئەو سۆز و خۆشەویستییە ئێرانییەی نەمابێتەوە. پێم خۆش نییە ئێرانی و ئێران بە خراپی ببینم. کوێر بێ ئەو

چاوەی وا نیشتمان و هاونیشتمانیی خوی بە ناشیرینی و خراپی ببینیت. دەنا ئەو ئاماژە بکا من بە سەر دەرومەوە بو ئیران.

لە ترسان هاتینە ئیرە. ئیوەش بزانن مروڤی بی ولات لە هیچ کوی ژیانی نییە. پیویست بە وتنیشی ناکا لیرە بیست دانە خویندکاری زانکو بە خیو دەکەم. جیازم بو بیست دانە کچی عازەب لە ئیران کریوە و بوم ناردوون. یاخوا ئەو روژە نەیە کە ئیرانییەک لیی بقەومی ئەوە من لیرەوە بە گیان و دل لە خزمەتیدام.

بابەک – دادە زیرە ئەی بنەماڵەکەت چییان لیهات؟

دادە زیرە – هەر ماون. هەلبەت دایک و باوکم مردن، بەلام ئەوانی تر ماون و لە سەر مال و حالی خویانن.

لە ریگەی ئەوانەوە پارە دەنیرم بو ئیران. هەر ئەوەندە هەوالم پیدەدەن کە کچیک دەیهەوی شوو بکا جیازی نییە یان خانەوادەکەی دەستتەرون زوو پارەیان بو دەنیرم ئیتر راست و دروکەی خویان و خوای خویان. من لیرەم و دەستم بە ئیران ناگا. من جیا لە کابارە کارگەیەک و کولی مال و حالم لیرە هەیە. ئەگەر پیم خوش بی هەمووی دەفروشم و دیمەوە بو ئیران.

بابەک – هیچ بیرەوەریتان لەو سەردەمانە نییە وا لە ئیران کابارەتان هەبوو؟

دادە زیرە – چون نیمە. بەلام ئەگەر بوتان بگیرمەوە دەبیتە کتیبی مەسنەوی. هەر ئەوەندە بزانن من لە دادە حیشمەت زور شت فیر بووم. زور شتم لەو کچانە دەبیست وا لە کابارە بوون و درویان لەگەل کرابوو و بە هیوای ناوداربوون دەهاتنە ئەوی. ئاموژگاریم دەکرد و پارەم پیدەدان و دەمناردنەوە مالی خویان. نەمدەهیشت بینە ئەوی. کابارە شوینی عارەقخواردنەوە و سەما و ئەو شتانەیە. لەوی هەر ئەو شتانە دیتە سەر ریت کە پەیوەست بەوییین. بو وینە فلان گورانیبیژ ناودارە، فلان سەماکار لەشی جوانە. فلان کچ ژیکەلەیە. لەوی هەر دەستروێشتوو و دەولەمەندەکان دین. کاتی ئەفسەریک ژیردەستەکەی دەنارد بو سەماکاریک، خو من نەمدەتوانی بلیم نا. چەند دانەم بە دزییەوە رەت دەکرد، بەلام خو نەمدەتوانی بە هەموویان بلیم نا. دەچووم بە کچەم دەوت ئەگەر پیی خوش نەبایە نەدەچوو.

هەندی لەم کچانە خویان پییان خوش بوو بچن و شەویک لەگەل کافلان کەسیک

بن. لە بەرامبەردا پایان دەچووە ناو تەلەڤیزیۆن. ئیتر من حەقم بە سەر ئەوەوە نەبوو. خۆم ئەوەندە خەمم بوو، کە فریای ئەوان نەدەکەوتم. لە رووم هەڵنایە زۆر شت بڵێم. خۆ ئێوەش لە جێی کورمن، بەڵام کەرتی و پەرتی دەیڵێم رەنگە لێم تێبگەن. من ئەو سەردەمانە چ ئەو کات کە لە باشوور بووم و چ ئەو کاتەی مێردم هەبوو خێرم لە ژنێتیم نەدی. ئەو کات کە لە باشوور بووم ئیشم ئەوە بوو کە بە ترس و لەرزەوە دەچوومە لای پیاوان و کاتێکیش مێردم بوو مێردەکەم لە جێی باوکم بوو، کاتێک دەخزایە ناو جێگاکەم حسێبی ئەوەی نەدەکرد کە من مرۆڤم. دەی سەری بنێینەوە. تەمەنێکم بەم کارانە رابوارد، بەڵام چێژم لێ نەبینی.

کاتێک کە تەنیام لای خۆم بیر دەکەمەوە دەبینم کارەکەم خراپ بووە، بەڵام بە ناچاری چوومە ناوی. راستە ناچار بووم، بەڵام ئێستا پەشیمانم. دەڵێم بیفرۆشم و وازی لێ بێنم. تازە دەزانم تەواوی تەمەنم هەڵە بووم. تەمەنم بە فیرۆ چوو. بەدبەختی و نەهامەتی نەبێ هیچم لە ژیان نەبینی. خوا لە گوناحم خۆش بێت.

دادە زێڕە ئەمانەی وت تێکچوو و جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگیرساند و ئیتر هیچی نەوت. جگەرەکەی کە تەواو بوو هیچ قسەی نەکرد چووە ژوورەکەی تر و دەرگای لە خۆی داخست. من و بابەک لەم دیوەوە گوێمان لە هەنسکی گریانەکانی بوو.

هەر دووکمان گەڕاینەوە ناو هۆڵ و بابەک دوو جگەرەی داگیرساند و یەکیانی پێدام.

- بڕا ناکێشم. هەر بە فشە کردمت بە جگەرەکێش. دوو سبەی تووشی شێرپەنجەی سی دەبم و دەمرم.

بابەک - نا نا بەوی ناگات. هەتا شێرپەنجە بێ بە لای تودا تۆ لە مێژە بە دەست بەهارەوە مردوویی.

- ماڵتە دیسان فشەت کرد؟ ئەری ئەوە بەهار بۆچی هەڵناسێت؟ کاتژمێر یازدەیە. نەکا نەخۆش کەوتبێ؟ بۆچی لە ژوورەکەی نایەتە دەرەوە؟

بابەک - خەریکە ناز دەکا کە تۆی نەگبەت بچی بە دوایدا؟ هێشتا ئەم کچەت نەناسیوە؟

به‌ خه‌وی هه‌لده‌ستێنم.

- به‌ تۆچی؟ نازیش بکا خۆم ده‌چم به‌ نازکیشانه‌وه‌ له‌ خه‌وی هه‌لده‌ستێنم.

بابه‌ک - قوڕ به‌ سه‌رت ژن زه‌لیل. به‌ چوار ده‌ست و پێ بچۆ ژووره‌که‌ی بیکه‌ به‌ هه‌په‌ هه‌پ.

- ئه‌ری ده‌ ده‌مت داخه‌. فه‌قیره‌ نانی شێویشی نه‌خواردووه‌. بریا ته‌له‌فونمان ده‌کرد شتێکیان بهێنابایه‌ با ئه‌گه‌ر له‌ خه‌و هه‌ستا شتێ بخوات. ده‌ترسم زه‌ختی دابه‌زێت.

بابه‌ک - ئه‌وه‌ تۆی زه‌خنت دابه‌زیوه‌. وه‌ره‌ له‌ ژیانتدا جاری گوێ بگره‌.

- که‌ چی بکه‌م؟

بابه‌ک - تماشا به‌ قوربان من پوورزاتم خه‌می تۆمه‌. به‌دبه‌ختیی تۆ هی منیشه‌. وه‌کوو برای خۆمی. خۆشم ده‌وێی.

- باشه‌ ده‌ی چی بکه‌م؟

بابه‌ک - ئارمین له‌ ئێستاوه‌ خۆتی پێ نیشان ده‌. له‌ ئێستاوه‌ تۆ ده‌بێ بچی له‌ خه‌وی هه‌ستێنی و به‌ ده‌نگی به‌رزه‌وه‌ بلێ 'هه‌سته‌ بزانم. خه‌وه‌که‌ی مالی باوکتت هێناوه‌ بۆ ئێره‌. بچۆ چێشتخانه‌ له‌ برسیدا قرم هات. به‌ تووره‌یی و ده‌نگی به‌رزه‌وه‌ ئه‌مانه‌ بلێ. نه‌رم و نیانانه‌ نه‌یلێی. چوون هیچ نییه‌. کچی ئه‌ورۆ قوت و له‌ قسه‌ دانه‌ماون. نه‌رم و نیان بی له‌گه‌لت توند ده‌بێت.'

هه‌ر وا سه‌یرم کرد.

بابه‌ک - چییه‌؟ قسه‌که‌مت پێ خراپه‌؟ من لێره‌ له‌ جێی دایک و باوکتم. ده‌بێ ئامۆژگاریت بکه‌م. ئه‌گه‌ر باوکیشت لێره‌ بایه‌ هه‌ر ئه‌مه‌ی پێت ده‌کوت.

- کونسێرڤ له‌ ساردینکدا هه‌یه‌؟ هه‌ستم شتێکی بۆ ساز بکه‌م بیخوات.

بابه‌ک - ئه‌ری ئارمین به‌ راست تۆ ژنت هێناوه‌ یان شووت کردووه‌؟ هه‌سته‌ بچۆ بانگی که‌ بلێ کاک بابه‌ک ده‌لێ برسیمه‌ هه‌سته‌ نانی شێومان بۆ ساز که‌.

- به‌ راستی درنده‌ی بابه‌ک. ده‌لێی مرۆڤی چاخی به‌ردینی.

بابه‌ک - بۆ کوێ؟ من ته‌نیام.

- برۆ له‌گه‌ل مریده‌کانت خۆش به‌. شه‌وخۆش.

هه‌ستام بچمه‌ ژووره‌که‌م له‌ پشت سه‌رمه‌وه‌ کاکه‌ نه‌علییه‌کی تووڕ دا و وتی:

- دەک بە دەردت بێت.

پێکەنیم و بە ئەسپایی دەرگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە و بە ئەسپایی دەرگاکەم کردەوە بۆ ئەوەی بەهار لە خەو هەڵنەستێت. چوومە ژوور سەری و سەیرم کرد. دەتکوت مانگی چواردەیە. دڵم نەهات هەڵیبستێنم.

بە ئەسپایی جلەکانم گۆڕی و لە ناو کومێدەکەم دوو دانە پەتانیم هێنا و یەکیانم وەکوو دۆشەک لە خوار قەرەوێڵەکەی بەهار راخست و سەرینێکم هەڵگرت و خەوتم. لە پڕ چاوم بە ڕووخساری کەوت و هاتمە ژوور سەری. قژی زۆر جوان و درێژ بوو و بە سەر سەرینەکەدا بڵاو ببۆوە. ڕاوەستام و سەیرم کرد. پەیتا پەیتا بە قوربان و ساقەی دەبووم، دڵم نەهات ماچی بکەم. ترسام هەستێ. بە ئەسپایی بەتانییەکەم کێشا بە سەریدا و دانەویمەوە قاچیم ماچ کرد. کە هەستام دیتم هەستاوە و سەیرم دەکات. شەرمم کرد. بە بزەیەکی شیرینەوە وتی:

- ئارمین ئەوە چ دەکەی؟

- هەڵمساندی؟

پێم پێکەنی و وتی:

- ئەرێ بەڵام نە بە دەنگ. بە عیشقەکەت. ئەوەندە عیشقەکەت پاک و قووڵە کە تەنانەت لە خەویشدا شەپۆلەکانی پێم دەگا و درکی دەکەم.

پێی پێکەنیم و وتم:

- برسیت نییە؟

بەهار – با ڕۆحم برسییەتی. هەستە وەرە لام دانیشە لە سەر عەرزەکە گیانت دێشێت.

- ئاخە قەرەوێڵەکەم تاکەکەسییە. هەر دووکمان جێمان نابێتەوە.

بەهار – زەویی خوا بەشی هەر دووکمان دەکات.

هەر دووکمان لە سەر عەرەزەکە دانیشتین.

## بەشی بیستەم

بەیانی کاتژمێر ٩ بوو کە بابەک لە دەرگاکەمانی دا و وتی:

- کەس رووت نەبی دەمەوی بێمە ژوورەوە.

- بەم کەرەی بەیانییە هاتووی بۆ چی؟ لیمان گەرە با بخەوین. تۆش بچو بخەوە بابەک.

بابەک - تۆ هەر ئەوە نیت جاران کاتژمێر ٧ هەڵدەستای کتێبت دەخوێندەوە؟

- با بەڵام ئێستا تاقەتی کتێب خوێندنەوەم نییە. دە برۆ واز بێنە.

بابەک - گووت خوارد. نابی کتێب خوێندنەوەت لە بیر بچێ. هەستە کتێبی ژنانی ڤینووسی و پیاوانی مەریخیم بۆ هێناوی. خۆت داپۆشە ئەوە دێمە ژوورەوە.

- تۆ چ کەرێکی؟

بابەک - بە بەهار بڵێ سەردەمی پێغەمبەرایەتییەکەی تەواو بووە. هەستە نانی بەیانیان سازکە با زەحتی دانەبەزێ.

بە توورەییەوە هەستام و چووم دەرگاکەم کردەوە کە قسەی پێ بکەم، بینیم سینییەک بە دەستییەوەیە و نانی بەرچایی لە سەر دانابوو هێلکە و رۆن، شیر و هەنگوین و چادانێک چا و کەرە و مرەبا و پەنیر و هێلکەی نیوەکوڵ کە من زۆرم پێخۆشە.

بابەک - لەشت ساغ بێت.

- دەرد.

بابەک - دەرد تەواو بووە ئێستا هەر کەرەکە ماوە لەگەڵ دیشلەمە.

بەرچاییەکە زۆر خۆش بوو. بەهار هەستا چووە گەرماو پاشان هاتە دەرەوە و

جلەکانی لەبەر کرد و منیش دەموچاوم شت و بینیم بابەک قاپ و کەوچکەکان دەشوا و چێشتخانە خاوێن دەکاتەوە.

- کا بابەک چاک کار دەکەی.

بابەک - کەرە ئەورۆ پاکردنەوەتانە. ئێوە ئازادن. بگەڕن، خۆشی رابوێرن دەست لە هیچ مەدەن. کارەکان من دەیکەم. بەلام لە بەیانییەوە دەبێ کار بکەن. یەکتان کاری ماڵ بکا و یەکتان کاری دەرەوە.

لەم کاتەدا بەهار هاتە چێشتخانە و بە بابەکی وت:

- کاک بابەک من چی بکەم؟ لە ماڵەوە کار بکەم یان لە دەرەوە؟

بابەک - جارێ تۆ ڕاوەستە بزانم لەوەتەی شووت کردووە ئەو هێزانەت هەر ماوە؟

بەهار - ئەرێ بۆچی؟

بابەک - واتە ئێوە جیا لە شیفادان هێزی دیکەتان هەیە؟

بەهار - ئەرێ تواناییەکی تریشم هەیە.

بابەک - گووم خوارد. ئێوە هەر کار مەکەن. من هەموو کاری ناو ماڵ دەکەم.

بەهار - ئەی ئارمین ئەویش دەتوانێ وەکوو من کار نەکا؟

بابەک - بۆ ناتوانێ؟ ئەویش لە لات دانیشێ و پشوو بدات. گوو بە قەبرم. هەموو کارەکان خۆم دەیکەم چێشت لێدەنم، ولات خاوێن دەکەمەوە. لەحنەت لە دایک و باوکی کە لەگەڵ شیفابەخش جەماعەت وەسڵەت بکات.

دادە زێڕە لە هۆڵەکەدا دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

- ئەوە بە هەر دووکتانەوە سەر دەخەنە سەر ئەو کورە فەقیرە.

بابەک - سسس دادە زێڕە هیچ مەڵێ من هێشتا نازانم دادە بەهار چەند دانە هێزی هەیە. هەر بینا بە دەم شیفادانەوە زەلیل و کوێرمانی کرد.

بەهار بە پێکەنینەوە وتی:

- ئەرخایەن بە کا بابەک. من لەم کارانە ناتوانم بکەم. ئەم چەشنە سزایانە تەنیا خوا دەتوانێ بیکات.

بابەک – دەگەر وایە هەستە گسک هەلگرە و دیوەکان گسک بدە. خۆشت زۆر ماندوو مەکە. کە کسگت دا پەڕویەکیشی پیدا بینە. پەڕۆی سڕین لە ناو کەشەوی چێشتخانەیە.

هەموومان پێکەنین و چووین لە هۆڵەکە دانیشتین و بابەک چای بۆ هێناین و لە پێشدا بردی بۆ بەهار و وتی:

- لە پێشدا بووکە خانی جوان.

بەهار پێکەنی و چاکەی هەلگرت و لە سەر مێزەکەی دانا و چووە ژووری خەو و پاش کەمێک گەراوە و سێ قوتووی دیاری لەگەڵ خۆی هێنا و یەکیانی دا بە بابەک و یەکیانی دا بە دادە زێڕە و وتی:

- پێشکەشتان بێت.

بابەک – دیاری بۆ مالی خەزوورانمان بیستبوو، بەلام بۆ مالی مێردی پوورمان نەبیستبوو. برا دەستت خۆشت بێت.

ئینجا روویکردە من و پێی وتم:

- نێرەکەر ئەوە دەبوایە تۆ بتکردایە.

- دەنا تۆ ئەوەندە دیاریی بووکێنیت پێداوین؟

بابەک – دیاریی من زۆری ماوە. دواتر پێت دەدەم. کاتێک کە قوڕ کرا بە سەرتدا و بە چاوی گریانەوە هاتی بۆ لام هەڵدەستم دیم بۆ تەلاقەکەتان.

- عەمرت نەمێنێت بابەک وا ئەوەندە زمان رەشی.

بابەک – قوڕ بە سەر. دادە بەهار ژنێکی ئاسایی نییە. رووی لێ گرژ کەی و نقەت لێوە بێ بە بزەمارەوە هەڵدەواسێ. ئەیرۆ چەند جوان دەبێ؟!

دەستت خۆش بێ بەهارخان. دیارییەکەشت گرانبەهایە. تۆخودا بۆچی زەحمەتت کێشا؟

دادە زێڕە – بەهار گیان بۆچی وات کرد؟ دەستت خۆش بێ زنجیرێکی جوانە.

بەهار پێکەنی و وتی:

- ئەمەش بۆ رۆیا. ئەری رۆیا لە کوێیە؟

بابەک – لە ناو جلەکانیەتی. چووزانم کچە تیوە لە کوێیە؟ ڕۆشت. یاخوا دایکی کچم ڕۆی بۆ بکات.

- ئەری دە بیبڕەوە. پێت عەیب نییە؟!

بابەک – چییە؟ ڕۆیا پوور زاتە؟ پێم خۆشە دۆعای دەکەم. یاخوا جلی ڕەشی بۆ لەبەر کەم. یاخوا کرم بدا بە لەشی.

بەهار هەر وا سەیری بابەکی دەکرد و منیش ڕوداوەکەم بۆ باس کرد.

بەهار – ڕۆیا کچی چاکە هەر ئەوەی کە هاتووە ڕاستییەکەی وتووە دیارە کچێکی ڕاستگۆیە.

بابەک – یاخوا مار و مێروو بدا بە لەشیەوە. کوندە بۆ. ناشیرینە. یاخوا مێردێکی کەچەڵ ببێتە بەشی. خۆ دەمویست داوای بکەم.

دادە زێڕە – تماشا دەڵێی پیرەژنە دۆعا دەکات.

بابەک – ئەی چی بکەم؟ ئاگری تێم بەردا ئاگری تێچی. تماشا چۆن لای ئێوە سووکی کردم و لەوێ فڕێی دام. ناشیرینەی گلاوە.

دادە زێڕە – ڕۆیا ناشیرین نەبوو. زۆریش جوان بوو.

بابەک – جوانییەکەی دەبا بۆ خوازبێنە کەچەڵەکانی.

لەبەر قسەکانی بابەک پێکەنینمان دەهات. لەم کاتەدا دەنگی تەلەفون هات و بابەک هەڵیگرت و هەر وتی ئەلۆ زوو تەلەفونەکەی داخست. دەنگی ڕۆیا بوو. بابەک دوگمی note لێدا بۆ ئەوەی دەنگی ئێمە نەبیسرێ و دەستی گرت بە بیستۆکی تەلەفونەکەوە و بە منی وت:

- ئاوات لە زمانم دەرنەچووە دێتە دەر. ڕۆیایە.

- دە وەڵامی دەوە عەیبە.

بابەک – بەڵێ.

ڕۆیا – خۆتی بابەک؟

بابەک – بەڵێ فەرموون.

- سڵاو منم ڕۆیام.

بابەک – ببوورن ناتانناسم.

ڕۆیا – منم ڕۆیا.

بابەک – وەلا ئێمە لە ئێران کارەکەرێکی ناشیرین و دیزمان بوو، کە جلە پیسەکانمانی دەشت، بەلام ئەو ناوی زۆیا بوو نەک ڕۆیا.

لەبەر پێکەنین مردبووین.

- بابەک عەیبە.

ڕۆیا – حەقتە لێم توورە بی، کارێکی خراپم کرد.

بابەک – لەبەر ئەوەی جلە پیسەکانمانت نەشت و ڕۆشتی؟

ڕۆیا – کە بە تەنها بە جێمهێشتی.

- کە بە تەنها بە جێتهێشتم؟ تاکە هێزێکی خوا توخنم نەکەوتووە تەنهاییە. فەرموو وەرە مالمان.

ڕۆیا – دەمەوێ بتبینم.

بابەک – وەلا جاری کاتم نییە. هەفتەکەی تر تەلەفۆن بکە ڕەنگە لە ناو نەخۆشەکاندا پشکنینت بۆ بکەم.

ڕۆیا – ئەری دە گەوجە گەوج بابەک. من جیدی قسە دەکەم.

بابەک – بە خوا ئەمە بۆ گزە نابێ. ئێرە پرە لە کچ. شەهێن دەروا مەهین دێ پووران دەڕوا سۆزان دێت. لەبەر قەرەباڵغی فریای سەرخوراندنیش ناکەوم.

ڕۆیا – هەر چییەکم پێ بڵێی حەقتە.

بابەک – کچی ئەوە تۆ نازانی بە ڕۆشتنت دڵم شکا؟ تۆ وادەزانی من کەسێکی قسەخۆشم ئێتر دڵم بەردە؟ شکا دادە دڵم شکا. لەتێکی چووە ژێر پای ئارمین قاچی بریندار بوو. پای سێ تەقەڵی خوارد.

ڕۆیا – بابەک بیرم کردووی.

بابەک بە حاڵەتی توورەییەوە وتی:

- لەو ڕۆژەوە وا ڕۆشتی بزە لە سەر لێوم توراوە دادە دلڕەق.

بە پێکەنینەوە وتم:

- ئەری گیان باوکت دەنگی هیلک و هوردەکەت چەند کولان ئەو لاتر دەچیت.

بابەک – دەستی لە سەر بیستوکەکە دانا و پیی وتم:

- تو فزوولی؟

- بیئەدەب.

دیسان بە رۆیای وت:

- بریارم داوە ئیتر سەیری هیچ کچیک نەکەم. بیوەفا، زالم، دلرەق، عاشقکوژ، وازم لیبینە با بە دەردی خومەوە بتلیمەوە. چیت لیم دەوی؟ من دەمویست بیم بو خوازبینیت و هاوسەرگیریت لەگەل بکەم.

لە پر رۆیا دای لە پرمەی گریان و وتی:

- خوشم دەوییی بابەک. لەم ماوەدا تیگەیشتم کە بە بی تو ژیانم بو ناکریت.

کە ئەمەی وت بابەک بیستوکی تەلەفونەکەی دانا و پیی وتین:

- ئیتر فزوولی مەکەن. وتوویژەکەمان نهینییە.

ئیتر نەمانزانی رۆیا چی دەوت کە بابەک هەر دەیکوت:

- خوا بمکوژی.

- دایکم لە سەر گورەکەم دانیشی.

- بە قوربانی خەمەکانت بم.

- وەبەر گوللەی ویل کەوم. وەرە دەی مەگری.

- نا وەرە. دەلیم زووتر بەریت کەن.

- وەرە دەی لە دەرس و دەور زور لە دواین.

- ئەری خوات لەگەل. وەرە زوو کە دەی.

ئەمانەی وت و تەلەفونەکەی داخست. ئیمە هەر سیکمان لەبەر پیکەنین مردبووین.

بابەک – تەمبی بوو. ئیتر کاری وا ناکا. خوی زانی هەلە بوو.

- بەلام توش ناپاکیت لەگەل نەکرد.

بابەک – ئەی، من پاتولپیسیم؟

- نا برا هی پارکەکەم وەبیر هاتەوە.

بابەک – کامە دەڵێی؟

- ئەوەی وا ڕمیل و ئەو شتانەت دەویست بدەی بەو کچانە؟

بابەک – هیچم وەبیر نایە.

- ئەوەی وا دەتویست کچەکان بێنیتە ماڵەوە و کەرەسەی مەکیاژ و ئارایشتیان پێ بدەی؟

بابەک – هیچم لە بیر نییە. ئەری هاتن یان نا؟

- گوو مەخۆ ئەوە بۆچی کچی خەڵک ئازار دەدەی؟

بابەک – هێشتا چاکەم لەگەڵ کرد. کوڕێکی جوانچاک و ڕێکوپێک و باڵابەرزی وەکوو منی لە کوێ وەدەست دەکەوێت؟ من پیا دەخەمە ئەو دیو دەرگا ئێرانی و بیانی خەریکە بۆم بمرن. چاکە خۆشت ئەم چەند ساڵە بووی و زانیت.

- ئەو قسەتم بە دڵە چوون کەردڵی.

بابەک – بە گیانی تۆ دەبێ هەمیشە قوتووی فریاکەوتنە سەرەتاییەکانم پێ بێت. کچە پێی عەیب نییە. یاری لەگەڵ ئاگر دەکات. ئەوە یەکەم جار بوو نایان پێ وتم بە خوا بێ دەیکوژم. دێلە ڕشکنە. دەڵێ دەترسم لەگەڵت بێمەوە بۆ ئێران دەرم بکەن. یاخوا شەو بخەوی لە ناو جێگاکەت هەڵنەسیتەوە. یاخوا ...

- مەگەر پێکەوە ئاشت نەبوونەوە؟

بابەک – با.

- دەی بۆچی ئاوای پێ دەڵێی؟

بابەک – هەر دەمزانی ماڵی دڵم بار دەکات. هەستم وڵات خاوێن بکەمەوە بۆ سێ ساڵی تر. کچەکە عەمرت نەمێنێت.

ئەمەی وت هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

- ئۆخەی دڵم خاوێن بووەوە. دەڵی گوڵە. نەورۆز هاتەوە گیانە نەورۆز هاتەوە. دۆست و دەزگیران هاوار ئاشت ئەکاتەوە.

دادە زێرە - بەهار هاتەوە گیانە بەهار هاتەوە. گورانییە مەشێوێنە.

بــابەک – چ فەرقێـک دەکــات خــۆ لەگەڵ یەک دێــن. دادە زێــرە تــۆ هەمــوو گۆرانیبێژانت دەناسی؟

دادە زێرە – ئەری. ئەوانیش منیان دەناسی. هەندێکیان بەسەرهاتی سەیریان بوو. بۆ وێنە .... دەزانن بە منداڵی چ نەگبەتییەکی کێشاوە هەتا بوتە کەسێکی ناودار و دڵخوازی خەلک؟ ئەگەر بتهەوێ بچیتە ناو دڵی خەلکەوە دەبێ عارق و خوێن تێکەڵ بێت.

بابەک – ئەم نەوە نوێیەش دەناسن؟

دادە زێرە – ئا ئیتر. ئیشی من ئەوەیە کە سەروکارم لەگەڵ گۆرانیبێژانە. بەلام ئەوانەی کۆن خۆشتر بوون.

بابەک – بە خوا راست دەکەی. سی سال بەر لە ئیستا گۆرانی وتووە هێشتا ئەگەر گوێی لێ دەگری سەرخۆش دەبی و فاتیحای بۆ دەنێرین.

دادە زێرە – هەندێکیان زۆر پیاو بوون. دەست بە خێر و خێرات بوون. ئەگەر بتکوتبا فلان کەس لە فلان شوێن هاوکاری دەوێ دەستبەجێ هاریکاریان دەکرد. هەندێکیان بە شاراوە جیازی چەند کچیان دابین دەکرد.

بابەک – خوا عافوویان کات. دادە زێرە سەرمایەگوزاریش لە سەر من بکە با بە ناوبانگ بم. جلێکی جوانم بۆ لەبەرکە و دەستەوانەیەک بکە دەستم و وەکوو مایکل جاکسۆنم لێبکەن.

ئینجا دەستی کرد بە گۆرانی وتن و خۆبادان. ئێمە لەبەر پێکەنین مردین.

- بە خوا بابەک شێتی.

بابەک – چوون گۆرانی و شێعر دەزانم ئیتر شێتم؟ ئەگەر ناوچاوم گرژ بێ و کەس نەوێرێ چاو لە چاوم ببرێ ئیتر ئەوە دەبمە مرۆڤێکی عاقڵ؟ تەواوی پزیشکانی دنیا دەڵێن ئەوەی پێناکەنێ نەخۆشە.

- مەبەستت ئەم کارانەیە؟ ئەم کارە سووک و چرووکانەت.

بابەک – من چیم لە بەشەر دەچی کە ئەمەم لە بەشەر بچی؟ هەستە دەستی ژنت بگرە برۆن ئەوە بووکی تازە هات.

- عەمرت نەمێنێ بابەک.

بەهار و دادە زێڕە هەر پێدەکەنین. پاش بیست خولەک لە دەرگایان دا و من دەرگاکەم کردەوە. ڕۆیا بوو، بە ئاسانسۆر هاتە سەر و هاتە ناو ئاپارتمانەکە. چاوی دەتکوت گۆمی خوێنە. دیار بوو زۆر گریابوو. کە هاتە ژوورەوە سڵاوی کرد و بابەک هەستا و وتی:

- پێی بڵێن جارێ بچێتە چێشتخانە، تا من حاڵم باشتر دەبێت. جارێ زۆری لێ تووڕەم. نامەوێ چاوم بە چاوی بکەوێت.

- تۆ هەتا خولەکێک لەمەوبەر ...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بێ و وتی:

- تکایە ئارمین گیان مەیە ناو باسەکەمان.

- من کەی هاتوومەتە ناو باسی ئێوە؟

بابەک – هەر ئەوەی وا ویستت بیڵێی.

- دەمویست بڵێم هەتا کەمێک لەمەوبەر چەقەنەت لێ دەدا و خۆت بۆ با دەدا و هەرا هەرات ساز کردبوو ئێستا بۆچی تووڕەی؟

بابەک – تۆ پوورزای منی یان ئەم زایفە؟

- بابەک تۆ زۆر بێحەیا بووی.

ئێمە پێکەنین و هەموومان چووینە ناو هۆڵەکە دانیشتین و بەهار دیاریی ڕۆیای دا بە دەستییەوە.

زنجیرێکی زێڕی جوانی بۆ ڕۆیا کڕیبوو. بە دەوری یەکەوە دانیشتین و بابەک قسەی قۆڕی دەکرد و پێدەکەنین کە لە ناکاو بەهار چاوی نووقاند و ڕووی تێکچوو.

وامزانی سەری دێشێ. دەستیم گرت بە ڕوومەتمەوە و چاوەکانی کردەوە و پێم پێکەنی، بەڵام پێکەنینێکی تاڵ بوو.

- چی بووە بەهار؟ سەرت دێشێ؟

بەهار – نا هیچ نەبووە.

پاش کەمێک هێور بوویەوە وتی:

- زانیان؟

- چییان زانی؟

بەهار – ڕۆشتنم.

هەموو بێدەنگ بووین. جەوێکی ترسناک باڵی بە سەرماندا کێشابوو. من هەر چاوم لە چاوی بەهار دەکرد کە ترسی لێ دەباری. چەند چرکە تێنەپەڕی کە بابەک وتی:

- زانیان زانیان. بۆچی نابێ بزانن؟ خۆ لە ڕەش ئەولاترمان نییە. مەگەر ئێمە چشمان لە هەموو شتێک نەکرد. لە خۆڕا خۆشت نارەحەت مەکە. پێش هەموو شتێک پشت بە خوا دەبەستین. دووهەم ئەوەی کە هەموومان پەنا دەبەینە بەر باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە پامان بچێتە ناو باڵوێزخانە هیچیان پێ ناکرێت.

ئینجا گۆرانی بە سەر ئێراندا وت:

- ئەی دوژمن ئەگەر تۆ بەردی من ناسنم     گیانی من لە پێناوتە ...

باوەڕ کەن کاتێک باسی باڵوێزخانەمان کرد و ئینجا بە عەشقەوە ئەو گۆرانییەی وت ئەو جەوە نەما و هەموومان هەستمان بە بوێری کرد.

بابەک – بینەرانی ئازیز پاش بڵاوکردنەوەی مارشی ئێران درێژە بە بەرنامەکانمان دەدەین.

لە کاتژمێر دە و پازدە خولەک بەڵگە فیلمی کوشتاری شار سەیر بکەن. کاتژمێر یازدە و سی خولەک زنجیرە درامای خۆشی جەستەی سەیر و سەمەرتان بۆ بڵاو دەکەینەوە و پاش چەند دانە پەیامی بازرگانی بە فیلمی سینەمایی هەڵاتنی کوشندە لەگەڵتانین، پێشنیارتان پێ دەکەین ئەم فیلمە ببینن. پاش ئەوە و لە کۆتایی بەرنامەدا هەواڵەکان بڵاو دەکەینەوە، کە ڕاپۆرتێکە لە سەر چەند جەنازە لە دەرەوەی وڵات کە بە شێوەی گوماناوی کوژراون. هیواداریین بەرنامەکانی ئەوشەومانتان بە دڵ بوو بێ و ئارەزووی ورەیەکی بەرزتان بۆ دەکەین. تکایە

هەتا دەستپێکردنی بەڵگە فیلمی کوشتار لە شار کوێ بۆ گۆرانی بە ناوی مەرگ بکرن کە لە لایەن هونەرمەندێکی گەورەوە وتراوە کە ماوەیەک لەمەوبەر بە هۆی رووداوی هاتوچووە مرد.

– عەمرت نەمێنێ بابەک بۆ سوکنایی‌دانت. بەرنامەکانی ئەوشەو هەر باسی قەتڵ و کوشتن بوو.

بابەک – نا برا. دڵت خراپ مەکە. تەلەڤیزیۆنی ئێستا هەر باسی جینایەت و کوشتنە. شەو زنجیرە درامای خاتوو مارپێلتان بۆ لە سەر دەخەم ناویشی شەوی تاوانە.

بە گاڵتە و قشەکانی بابەک ورەمان گۆرا و ئێنجا دادە زێرە وتی بریارە کچێک لە بری بەهار لێرە دەرباز بکات. بۆ بەهاری گێراوە و بەهاریش ئەمەی بە دڵ بوو. وەکوو فیلمە پۆلیسییەکانی لێ هاتبوو. دادە زێرە هەستا و تەلەفۆنی بۆ یەکێک کرد و وتی:

– ئەوشەو کاتژمێر ٦ یان ٧ کچە بە پاسپۆرتی ساختەوە کە ناوی بەهاری لە سەر نووسراوە، لەم وڵاتە دەرچێتە دەرەوە.

هەموومان هووتاقمان کێشا و دیسان دادە زێرە وتی:

– ئێستاش کارەکانتان بکەن با لێرە برۆین. ئێرە بۆ مانەوە نابێت. ماڵەکەی من ئەمنترە. نانی نیوەڕۆ لەوێ دەبین.

من و بابەک هەستاین و جلوبەرگ و شمەکەکانمان خستە ناو جانتایەک و بەهاریش جانتاکەی هەڵگرت و هەر پێنجمان لە ماڵ دەرچووین و بە ئۆتومبیلەکەی من چووینە ماڵی دادە زێرە.

پاش نیوکاتژمێر گەیشتین. ماڵی دادە زێرە ماڵێکی ڤیلایی بوو نزیکەی هەزار و سێسەد چوارسەد مەتر، کە لە دەرەوەی شار و کەمێک لە ژوور شار بوو. لە سەر تاشەبەردێک هەڵکەوتبوو کە ئەو بەری هەڵدێر بوو، لایەکیشی دەریا بوو. دیمەنێکی زۆر جوان بوو. دەوراندەوری وەکوو جەنگەڵ بوو. ماڵەکەی دووبلێکس بوو. ناوەراستەکەی حەوشەیەکی گەورە بوو، کە پڕ بوو لە دار و درەخت و گوڵ

و گیا. هەر چوار دەوری چیمەن و سەوزەلانی بوو، لایەکیشی کێلگە بوو. گەیشتین و دابەزین بابەک سەیرێکی ماڵەکەی کرد و وتی:
- دادە زێڕە وەزعتان خۆشە. ماڵی خۆتانە یان کرییە؟
دادە زێڕە – ماڵی خۆمە بابەک گیان پێشکەشتە.
بابەک – پیرۆزی خاوەنەکەی بێت. ئەری کارەکەر و شتت هەیە؟
دادە زێڕە – چۆن نیمە.
ئینجا دەنگی هەڵێنا.
- ڕاینا، ڕاینا.
بابەک – ناوەکەی خۆشە. ئیشالا خاوەنی ناوەکەش کۆپی ناوەکەی بێت.
کە ئەمەی وت لە ماڵ دادە زێڕە ژنێکی ڕەشپێستی قەڵەو کە نزیکەی پەنجا ساڵان بوو هاتە دەرەوە. هەر کە چاوی بابەک بە ڕاینا کەوت گەراوە سەیری دادە زێڕەی کرد کە پێدەکەنی و پێی وت:
- دەست خۆش بی دادە زێڕە. خۆ ئەمە دەڵێی بەرمیلی قیری ڕەشە.
دادە زێڕە – ئەی وادەزانی ئەلکە زومر دێ و دەبێتە کارەکەرم؟
بابەک – ئاخە نە بالایەکی جوان و ڕێکوپێکی هەیە، نە گەنجە ئاخە دڵمان بە چی خۆش بێ؟
- دەی سەیری مەکە، بتەقی. لە کارەکەریش نابووری.
بابەک – ئێوە بۆچی ئەوەندە دڵتان خراپە؟! کابرا پێی خۆشە شتەکانی دەوروبەری جوان بن. تۆ پێت خۆش بێ دیواری ژووری خەوتنەکەت وێنەی ئارنۆڵد شوارتزنگێر بێ یان وێنەی مارلین دیتریش؟
ڕۆیا – دەی ئاشکرایە وێنەی ئارنۆڵد شوارتیزنگێر.
بابەک – ئای ناپاک. خۆ لە بەر چاوی من باسی جوانی گولە پیاوێک دەکات.
ددە زێڕە – بە ئارنۆڵد دەڵێی گولە پیاو؟
بابەک – بەڵێ. ماسیوە. بێتە ئێران نایکەنە گاوانیش.
- با بچینە ژوورەوە دەی. جانتاکانی داوە بە دەست منەوە و خەریکی قسەی

زل زلە.

بابەک چووە پێش ڕاینا و وتی:

Oh my god! what abeauty girl!-

Hello Reina. How dare you no sye! dont

guess Let my Fourty. self yes

I aml ucky to see you!

ئینجا بە دوای ڕاینا کە بە پێکەنین و سەرسوورمانەوە سەیری دەکرد وەرێکەوت و هەر دووکیان بەرەو لای ماڵەوە وەرێکەوتن. لە بەر دەرگا گەڕاوە و سەیری کردین و پێی وتین:

- ئەوە چاوەڕێی چی دەکەن؟ کەرەسەکانتان هەڵگرن وەرنە ژوورەوە.

بەهار لە بەرە پێکەنین درا بە عەرزدا. دادە زێڕە پێدەکەنی و دەیگوت بابەک خوا لێت هەڵنەگری. ئەوە لە جێی دایکتە. ڕۆیاش ڕاوەستابوو و پێی پێدەکەنی و سەیری دەکرد. من لە لایەکەوە توورە بووم و لە لایەکیشەوە پێم خۆش بوو، کە هیچ کات و لە هیچ حاڵەتێکدا بابەک خۆی نەدەدۆڕاند.

ئیتر شتەکانمان هەڵگرت و چووینە ماڵەوە، دادە زێڕە وتی هەر کەس هەر ژوورێکی پێخۆشە هەڵیبژێرێت. ئەو ماڵە حەوت هەشت دانە ژووری هەبوو. چەند دانە لە خوارەوە بوون و ئەوانەی دیکە لە سەرەوە بوون.

دادە زێڕە بە ڕاینای وت کە نانی نیوەڕۆ ساز بکات. من و بەهار چووینە ژوورێک و جانتای خۆم و بەهارمان لە سەر کومێدەکە دانا و بەهار وتی:

- دیمەنێکی زۆر جوانە. دارستانەکەی زۆر خۆشە. ڕاست هاوشێوەی ئەو ماڵەیە وا من بووم.

- بۆ لە ماڵێکی ئاوادا ژیانت دەکرد؟

بەهار – ئەری. هەڵبەت لێرە گەورەتر بوو، بەلام کەمێک لێرە دەچوو. وەرە ئارمین هەتا نانی نیوەڕۆ ساز دەبی هەر دووکمان لە ناو ئەو دارستانەدا پیاسە بکەین و بگەڕین.

12:32 61%
شیرین 481/519 12:32 pm 61%

بکەین و بگەڕین.



CamScanner

بە دەمیـیەوە پێکەنـیم و هەر دووکمـان لە ژوورەکە چـووینە دەرەوە، بە دادە زێرەم وت دەچین لە ناو جەنگەڵدا پیاسە دەکەین.

پێی وتین زۆر لە ماڵ دوور نەکەوینەوە. ئیتر وابوو هەر دووکمان لە ماڵ هاتینە دەرەوە و بەرەو لای دارسـتان وەڕێکەوتـین. پەنجا شەسـت هەنگـاو ئەولاتـر جەنـگەڵەکە دەسـتی پێکرد. زۆر جـوان و سەرسـوورهێنەر بـوو. هەر دووکمـان دەسـتی یەکترمـان گـرت و بە ئەسـپایی بە نـاو درەخـت و دەوەن و لـق و پـۆ و گەڵاکاندا پیاسەمان دەکرد.

بەهار – پێت خۆش نییە سەیری جەنگەڵ بکەی؟

– نا پێم خۆشە هەر چاو لە تۆ بکەم.

بەهار – درەختەکان ناهێڵن جەنگەڵ ببینی؟

پێی پێکەنیم. ئەویش پێکەنی. پێکەنینەکانی دەتکوت خونچە گوڵە دەپشکوێت.

– بەهار پرسیارێکت لێ دەکەم.

بەهار – چی؟

– لەوەی کە ئاوا جوان و قەشەنگی چ هەستێکت هەیە؟

پێکەنی و بە جووڵەی سەری قژە جوانەکەی بە لایەکدا خست و وتی:

– ڕاستەکەی بڵێم یان خاکەڕا بم؟

– نا ڕاستەکەی بڵێ.

بەهار – هەستێکی زۆر خۆشم هەیە.

دەستم بە قژیدا هێنا و وتم:

– پرچ هاورێشم کە دەڵێن ئەمەیە.

چاوەکانی نووقاند و کەمێک لەو حاڵەتدا مایەوە و ئینجا وتی:

– کە تۆ تاریفم دەکەی هەست بە جوانی دەکەم.

– زۆر خۆشەکە کچێکی جوانی وەکوو تۆ ژنمە.

بەهار – یەکێک لە نیعمەتەکانی خوا ئەوەیە. بەڵام جوانی و قەشەنگیی کچ ئەو کاتە دەردەکەوێ کە لەگەڵ عەشق بێت. ئەم جـوانییە کاتێک قەشـەنگە کە لەگەڵ

پیاوێک بێ و ئەو ژنە هەمووی پێشکەشی ئەو پیاوە بکات. ئەو پیاوەش دەبێ عەشقی خۆی پێشکەشی ژنەکەی بکات. ئەو کاتە ئەم قەشەنگییە دەبێتە جوانیی ڕاستەقینە.

هەر وا سەیرم کرد. قۆڵم گرت و دەستم گرت. دەستمان کرد بە ڕێگا ڕۆشتن و وتی:

- بەر لەوەی تۆ ببینم لە نیعمەتی خوا تێنەدەگەیشتم، بەڵام لەو ڕۆژەوە وا عاشقی تۆ بووم هەموو ئەمانە بە لامەوە مانایان هەیە. مانایەکی ناسک و جوان. بۆ وێنە کاتێ بیر لە تۆ دەکەمەوە هەست دەکەم دەبێ خۆم بۆ تۆ برازێنمەوە. دەچمە بەر ئاوێنە دەستێک بە سەر و قژمدا دێنم. ئارایشت دەکەم چەندین جار لەبەر ئاوێنە لە خۆم ڕادەمێنم، ئینجا کاتێک کە دێمە لات چاوەڕێی ئەنجامم. وەکوو کەسێک دەرسەکانی زۆر بە باشی خوێندووە و چووەتە سەر تاقیکردنەوە و ئێستا چاوەڕێی دەرەجەی ٢٠ە.

- ئیتر لەم دەرەجە کە تۆ گرتووتە زیاترمان نییە.

بەهار – بەمە دەڵێن هێمای جوانی. هەمیشە بۆ کچێک کە لە لای پیاوێک کە هەڵیبژاردووە مانا و چەمک دەگرێتە خۆی.

هەر وا سەیرم دەکرد و بە ڕێگاوە دەڕۆشتم کە کەوتمە ناو قوڵکەیەکی یەک مەتری.

بەهار – خوا بمگرێ. باشە بۆچی هەر لێم دەڕوانی؟ ئێرە شتێکی مەترسیداری لێ بووایە من چم بکردایە؟ دەستی خۆت بدە بە دەستمەوە؟ بە ئەسپایی وەرە دەرەوە بزانم چت لێ هات.

- هیچ نییە دەی. لە چاو بینینی تۆ ئەوانە هیچ نییە.

سەیرم کرد و وتی:

- یا خوا من بمرم وا تۆ ئاوا بەستەزمانی.

دەستی بەهارم گرت و لە ناو قوڵکەکە هاتمە دەرەوە. قاچێکم زۆر ئێشی پێگەیشت. ئەژنۆم زۆر خراپ لە لێواری قوڵکەکە کەوتبوو و زۆر دێشا. بە شەلە

شەل چووم لە بن درەختێکدا دانیشتم.

- کەمێک ڕاوەستە چاک دەبێ.

بەهار – پانتۆڵەکەت هەلکە بزانم چی بووە.

- هیچ نییە. خۆی چاک دەبێتەوە.

خۆی پانتۆڵەکەی هەلکردم. هەلماسیبوو.

سەرەڕای ئەوەی قاچم دەیئێشا، بەلام بە سەر خۆمم نەدەهێنا و بە دەمییەوە پێدەکەنیم. چاوی بڕییە چاوم و پێکەنی و ئینجا چاوەکانی نووقاند و دەستی لە سەر ئەژنۆم دانا. هەستێکی سەیر کەوتە دڵمەوە. وەک بڵێی شتێکی قورس دێتە ناو لەشمەوە. لەشم گەرم داهات. لە پڕ هەستم کرد کە قاچم هی خۆم نییە. گیانم کەوتە لەرزە. وەکوو فەنەر لە سەر جێی خۆم هەڵبەزیمەوە.

- ئەوە بۆچی وام لێهات؟

هەستا و پێکەنی. هەر وا سەیرم کرد. تازە زانیم چی بووە.

- بەهار شیفات دام.

دیسان پێکەنییەوە و وتی:

- بە ڕێگاوە برۆ بزانم هەر دێشێت؟

باوەڕم نەدەکرد. هەر وا سەیرم کرد. پێکەنی و وتی:

- بە ڕێگاوە برۆ دەی.

دوو سێ هەنگاوم هەڵێنا. هەر دەتکوت نەشدراوم بە عەرزدا. سەیری چۆکم کرد. نە ماسین و نە هیچ شتێ. پژیی پانتۆلکەمم داداوە و چوومە پێشەوە و وتم:

- بە ڕاستی ئەوانەی وا ئیمانت پێ دێنن و تۆ دەکەنە ڕابەری خۆیان ناحەقیان نییە. پیاو باوەڕ ناکات. باشە چۆن شتی وا دەبێت؟

بە هێورییەوە دەستی بە دەموچاومدا هێنا و ئینجا دەستی گرتم و ماچی کردم و وتی:

- خۆشم نازانم چۆن دەبێ، بەلام دەتوانم ئەم کارە بکەم. تازە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەشدا زۆر هێزم بۆ دەرکەوتووە و ناسیومن.

- به قوربانی خوا گیان بم وا ئاوا کاری جوانە. بەهار تۆ زیاتر لەوەی کە من بیرم لێ دەکردەوە. دەمەوێ پێت بڵێم تۆ زۆر لە من زیاتری. ڕاشکاوانە وتم با باش تێبگەی. کاتێ بیر لە ئەو هەمووە جوانی و بەهرە و هێزەت دەکەمەوە چۆن بڵێم؟ زیاتر هەست بە چکۆلەیی خۆم دەکەم.

دەستی گرتم و دیسان دەستی کردەوە بە پیاسە کردن. لە پڕ دەستی کرد بە گۆرانی وتن. ئەویش ئەو دەنگە خۆشەی. دەتوانم بڵێم دەنگی لە باشترین گۆرانیبێژانی دنیا خۆشتر بوو. دەنگێکی خەیاڵی کە زایەڵەیەکی خۆشی هەبوو.

- ئەگەر سەوزم ئەگەر جەنگەڵ ئەگەر ماسی ئەگەر دەریا

ئەگەر ناوم لە سەر زمان لە ناو کتێبەکان

ئەگەر ڕووبارم وەکوو گەنگ وەکوو مریەم پاکم

ئەگەر نووری سەر خاچم گەنجی ژێر خاکم

لای تۆ خوێنی جەرگم ئامادەی مەرگم

ڕاوەستام و سەیرم کرد.

بەهار – دەنگم ناخۆشە؟ ئەم گۆرانییە و گۆرانیبێژەکەیم پێ خۆشە.

- پێم خۆشە لێرە دانیشم و بگریم.

بەهار – باشە بۆچی؟

- وەڵا بە ڕاستمە. من لە ئاست ئەم هەمووە بەهرە و هونەر و هێز و جوانییەی تۆ هیچ نیم. کە دەڵێم لە من سەرتری ڕاستییەکەم پێ وتووی. هەر ئەم قسەش هەڵەیە. تۆ لەگەڵ من شیاوی هەڵسەنگاندن نیت.

دیسان پێم پێکەنییەوە.

- هەر پێکەنینەکەت. ئەوەندە جوان و شیرینە کە نازانم لە بەرامبەریدا چیت پێ بدەم کە پێی بگاتەوە. بە ڕاستی پێم وایە بە هاوسەرگیریی من لەگەڵ تۆ غەدر لە تۆ کراوە.

بەهار – وا مەڵێ. تۆ پیاوی منی. تۆ خۆت نازانی چۆن ژیانی منت گۆڕی. ئارمین خۆشم دەوێی؟ ئازیزمی. هەموو ئەو شتانەی کە وتت تەنیا لای

عەشقەکەی تۆ خۆیان دەنوێنن.

- ئاخە من نازانم ئەگەر ڕۆژێک بمەوێ کارێکی وا بکەم کە تۆ دڵخۆش بی، دەبێ چی بکەم؟ نە پارەت دەوێ نە هیچ. ئەم هەمووە هێزەت هەیە. دەی من دەبێ چی بکەم؟

بە ئەسپایی هاتە پێشەوە و سەری لە سەر شانم دانا و وتی:

- تەنیا بە دڵ و گیانەوە خۆشت بووێم و پشتیوانیم لێ بکە. هەر ئەوەندە.

دیسان دەستم بە قژیدا هێنا و وتم:

- بە خوا تۆ گوڵی منی. تۆ بەهاری منی.

دیسان پێکەنی و وتی:

- لەوە ناچێ ڕاینا هەتا کاتژمێرێکی تر نانی نیوەڕۆ ساز بکات.

- برسیتە؟

بەهار – ڕۆحم برسییەتی.

- لێرە؟

بەهار – سەیری درەختەکان بکە. وەکوو کەپری گەورە گەڵاکانیان کۆ کردۆتەوە. تماشا لە پشت ئەو دەوەنانە.

## بەشی بیست و یەک

کاتی گەراینەوە ماڵەوە بابەکم بینی لە سەر تاشەبەردێکی گەورە کە لە حەوشەی دادە زێڕە بوو دانیشتووە و گوڵە یاسەمینەکانی لە بەر دەمی داناوە و بە دەرزی و دەزووەوە گوڵەکانی لێک دەدوورییەوە.

بەهار – کا بابەک ئەوە خەریکی بۆ ڕۆیا ملوانکەی گوڵی یاسەمین دەهۆنیتەوە؟

بابەک – ناوەڵا. ملوانکەیەکی جوان بۆ ئەم کارەکەرە دروست دەکەم.

من و بەهار هەر وا سەیرمان کرد و ڕۆیا لە ماڵەوە هاتە دەرەوە و وتی:

- تماشا خەریکی چییە؟

- ئەوە شێت بووی بابەک؟ ئەوە چییە؟

بابەک لەگەڵ ئەوەی خەریکی لێکدوورینەوەی گوڵەکان بوو وتی:

- ئەوە لە کوێ بوون؟ بۆچی ئەوەندەتان پێ چوو؟

- پیاسەمان دەکرد. دەڵێم ئەوە خەریکی چی؟

هەر لە سەر ئەو تاشەبەردە سەیرێکی کردم و وتی:

- پشتم لێ بکە بزانم.

بۆچی؟

بابەک – تۆ بیکە پێت دەڵێم.

بە دەور خۆمەوە سووڕامەوە بابەک وتی:

- جەرگت سەگ بیخوا نەتتوانی هەتا شەو خۆت ڕاگری؟

- عەمرت نەمێنێ بابەک.

بابەک – لەو پشتە گژ و گیا بوو. پشتەوقەپا بە ڕێگاوە دەڕۆشتی؟

بەهار لە شەرمان سەری داخست و رۆیا دای لە پرمە پێیکەنین.
- بابەک زۆر بێ ئەدەبی. گوو لە دەمت دەباری ماڵتە. باشە بە تۆ چی؟
بابەک – خۆ من حەقم بە سەر تووە نییە، بەلام پشتت بتەکێنە.
- دەڵێم عەیبە ئەمانە بۆ راینا دروست دەکەی؟ عەیبە وا مەکە.
بابەک – بۆچی کاری تۆ عەیب نییە؟ خەریکم ملوانکەی بۆ دروست دەکەم بۆ ئەوەی رازی بێ لەگەڵم بێتە دارستان کە پشتەوقەپا پیاسە بکەین.
هەر سێکمان پێکەنین.
بابەک – ئێوە ژن باش ناناسن. دەڵێ میوان خۆشی لە میوان نایە خانەخوێ لە هەر دووکیان. نە کارەکەر چاوی بە ئێمە هەڵدێ نە خانەخوێ. منیش ئەوە خەریکم بەشکەم دڵیان بە دەست بێنم، نەکا ئەو نانەی پێمان دەدەن سکە شۆرەمان پێبکات.
پاشان لە سەر تاشە بەردەکە هاتە خوارەوە و وتی:
- راینا. راینا.
راینا لە ناو چێشتخانەوە هاتە ئەم لا و پەنجەرەکەی بەرەو لای ئێمە کردەوە و وتی:
- (من لێرەم بابی. Im here baby).
بابەک – راینا. راینا. لە کوێی بە قوربانی بەژن و باڵا تەسکەلەکەت بم. وەرە دەی. دڵم بۆت نەما.
راینا لە پەنجەرەکەوە سەری هێنا دەرەوە و وتی:
- ئەوە چییە؟ کارم زۆرە.
whats the matter babim busy.
بابەک – come here
راینا – wait aminute. im coming!
بابەک – وەرە. تۆ لە ڕێگادا لە دیوار و شت نەکەوی.
ئینجا گەڕاوە و بە ئێمەی وت:

- هەزار ماشەلا دەڵێی کێوە.

هەموومان پێکەنین.

- بابەک ئەزیەتی مەکە. ئەم ڕەشتپێستانە دڵناسکن.

بابەک – ئەرێ دە برۆ گوو مەخۆ. ئێمە جووتین. دەڵێی چل ساڵە ژن و مێردین.

لەم کاتەدا ڕاینا هاتە ئەم بەری ماڵەوە و چووە لای بابەک و وتی:

- what shappening

بابەک چووە پێشەوە و ملوانەکەی لە ملی نزیک کردەوە و وتی:

- دا دانەوە بە قوربانت بم تەسکەڵە گیان. دەستم بە ملت ناگا.

ڕاینا - what are you saying

بابەک ملوانکەکەی پێدا و وتی:

- for you wiht the best wishes.

ڕاینا سەیرێکی بابەک و ئینجا ملوانکەکەی کرد و وتی:

- (وەی خوایە گیان! ئەمە زۆر جوانە! چۆنت چی کرد؟)

oh my god! it svery beautiful!

How can you make it !

ئینجا ملوانکەکەی وەرگرت و کردییە ملی و بۆنی پێوە کرد و وتی:

you are agent I emanbab! Thanks for you kindness

جەنابتان زۆر بەڕێزن. سوپاستان دەکەم.

بابەک برۆی هەڵتەکاند و سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی:

- من و دادە ڕاینا لە ماڵەوەین. ئەگەر ئێوە ئیشتان هەیە با پێکەوە برۆین.

ئینجا ڕاینا بابەکی لەگەڵ خۆی بردە ماڵەوە. ئێمەش ڕاوەستابووین و پێدەکەنین.

بەهار – ڕۆیا ئاوا دڵی تۆشی وەدەست هێنا؟

ڕۆیا پێکەنی و ئێمەش چووینە ماڵەوە. ئەو ڕۆژە ڕاینا لە کەمی دانەنا. نانی نیوەڕۆکەیمان کە خوارد لێی تێر نەدەبووین. بابەک خۆی دەگرت و دەیکوت لە سای سەری من ئێوە هەتا لێرەن چێشتی خۆش خۆش دەخۆن.

پاش نانی نیوەڕۆ چووین سەرخەویکمان شکاند و کاتژمێر ٣ بوو کە بەهار وتی:

- نایەن بچینە لای دەریا؟ دیمەنێکی جوانی هەیە.

ڕۆیا - با من دیم. بابەک هەستە با بڕۆین.

بابەک - برا خۆ نەهاتووین بۆ پیکنیک. لای ناخێر هاتووین ماوەیەک لێرە شاراوە بین. دنیا زانی لێرە چوار دانە کچ و کوڕ لەم ماڵەن.

ڕۆیا - هەستە دەی ناز مەکە.

بابەک - جارێکی تریش وام پێ بڵێ.

ڕۆیا پێکەنی و هیچی نەوت و بابەک وتی:

- ئەگەر ئەو قسەی وا لە پشت تەلەفۆن کردت بیلێیتەوە جا دیم.

- کام قسە؟ هەر ئەوەی وا وتم "ئەلۆ بابەک خۆتی؟"

بابەک - تکایە دەست مەخە ناو ژیانی منەوە. با لە سەرەتاوە جێی خۆم بکەمەوە با ئەگەر دادە بەهار لە ماڵ تۆی کردە دەرەوە بتوانم شەوێک تو لە ماڵەکەی خۆمدا ڕابگرم قوڕ بە سەر.

ڕۆیا - هەستە با بڕۆین.

بابەک - تۆ بیڵێ با بێم.

ڕۆیا - وەرە دوایی پێت دەڵێم.

بابەک - من نایەم. هەتا ئێستا دوو جار چەک و سفتەم گەڕاوەتەوە.

بە هەر حاڵ هەر چوارمان هەستاین و لە پشت ماڵ دادە ژێرەوە بەرەو خوارەوە بووینەوە و چووینە ڕۆخی دەریا. پاش دە خولەک گەیشتینە لای دەریا و ئەویش چ دەریایەک بوو!

پاک و زووڵاڵ. بنی دەریا دەبینرا.

بابەک - بەخ بەخ. دەریایەکی خۆشە! دەڵێی ئەسرینی چاوە.

- پیاو دەباتەوە بۆ شیماڵی خۆمان. لە بیرتە بابەک، لەگەڵ پوورم و ئەوان چووینە شیماڵ. ناو دەریا چ خۆش بوو مەلەمان دەکرد.

بـابەک – ئەری کوڕاڵمـان دەکـرد. پێستی کـاڵەک درا لە دەموچاومـان. بـوق و کلینیکسی منداڵ دەچووە ناو چاومان. کە لە ناو ئاوەکە میزمان دەهات ...

- ماڵتە ئاکری من قسە بکەم و تۆ نەکەیتە گەوجە گەوج. بێئەدەب.

بابەک – بەڵام ماڵەکەی دادە زیرە خۆشە. لایەکی دەریایە و لایەکی جەنگەڵ لایەکی تاشەبەرد و هەڵدێرە. دەڵێی ئەو فیلمانەیە کە ماڵێک لە سەر تاشەبەردێکە و تاوانێکی ترسناکی تێدا کراوە. یان ڕۆح و تارمایی و شتی تێدا هاتوچۆ دەکەن. ئەی هاوار. لە ناکاو یەکێ لەم تارماییانە بچنە ناو لەشی ڕاینا و نیوەشەو بێتە ژوور سەرم چی بکەم. چ گوویەکم خوارد بە دەمییەوە پێکەنیم.

- ماڵتە دەقەیەک گوو مەخۆ. کەمێک خۆت ڕاگرە.

بـابەک – مـن ئەگەر خـۆمم ڕاگرتـایە لە تەمەنـی هەقـدە هەژدە سـاڵاندا خـۆم ڕادەگرت و باوکمم سەرشۆڕ نەدەکرد، کە بمنێرێتە ئێرە. لە بیرمە تازە باڵق ببووم کە فریوم خوارد و حەیای باوکمم برد.

لە بەر پێکەنین ژانمان کردبوو.

- عەمرت نەمێنی بابەک ئێستا ئەمانە وادەزانن چت کردووە؟

بابەک – کوڕە نا ئەمانە دەزانن هەمووی قشەیە. بەڵام دیمەنێکی جوانە.

- دەڵێم خۆم ڕووت کەمەوە و بچمە ناو ئەو ئاوە.

بابەک – نـا نـا نەکەی. خـۆت ڕووت نەکەیتەوە. لەم ژینگەدا جۆرێک مارماسی دەژی کە هەر ئەوەندەیە کوونێک بدۆزێتەوە دەخزێتە ناوی. ئاگات لە خۆت بێ ئەمانە زۆر بە قورسی دێنە دەرەوە.

بەهار و ڕۆیا لەبەر پێکەنین قڕتابوون.

- خوا بتکوژێ بابەک.

بابەک – ئێستا بچن دار و چیو کۆ بکەنەوە هەوا ساردە بۆ ئاگرکردنەوە خۆشە.

- کوا هەوا ساردە؟ هەوا فێنکە.

بابەک – دەی چیو کۆ بکەنەوە با کارێکی باش بکەین.

هەر سێکمان چووین بۆ چیو کۆکردنەوە و بابەک چووە ئەو لای دارستانەکەوە.

پاش کەمێک چیومان کۆ کردەوە و گەڕاینەوە لای ئاوەکە کە لە دوورەوە دەنگی بابەکمان بیست کە هاواری کرد: "ئاگرەکە داگیرسێنن هەتا دێم."

پاش کەمێک چیو و پرپووشمان کۆ کردەوە و بە هەر جۆرێک بوو ئاگرەکەمان داگیرساند. پاش کەمێک ئاگرەکە خۆش بوو. هەر سێکمان بە دەورییەوە دانیشتین و بێ ئەوەی قسە بکەین سەیرمان دەکرد. زۆر جوان بوو. هەر یەکەو بیرمان لە شتێک دەکردەوە و من لە ژێرەوە سەیری بەهارم دەکرد. کە زۆر لە فکردا بوو. تیشکی بڵێسەی ئاگرەکە لە دەموچاو و قژی دەدرا. ئەوەندە جوان ببوو پێم خۆش بوو هەر لەوێ لە ئامێزی بگرم.

دۆخێکی زۆر خۆشم هەبوو. دیمەنێکی جوان، لای دەریا، بڵێسەی ئاگر.

کەس دەنگی لێوە نەدەهات. تەنیا دەنگی شەپۆلی دەریا و قرچە قرچی سووتانی دار و پرپووشەکان بوو. نازانم چەندەی خایاند کە بابەک هات و وتی:

- کەمێک لە لاتان نەبووم ئەوە دەمولووتتان بۆچی ئاوا تێک ناوە؟ هەستە مۆغی مەزن وەرە بۆ یارمەتی.

ئاوڕم داوە بینیم بلووزەکەی داکەندووە و قۆڵەکانی گرێداوە و وەکوو توورەکەی لێکردووە و هەندێ شتیشی تێخستووە و داویەتی بە کۆڵیدا و خەریکە بەرەو لامان دێت.

- ئەوە چییە؟

بابەک – هیچ مەڵێ. قرم هات لە سەرماییدا. بەخ. بەخ. لەو ئاگرە خۆشە. ئەمە بگرە با خۆم گەرم بکەمەوە. وەرە ئەوانە دەربێنە لای ئاگرەکەی دابنێ. ببوورن من ناوقەدم ڕووتە. چوومە ناو ئاوەکە ڕزق و ڕۆزیم بۆ هێناون. ئارمین گیان دەری بێنە و بیدە بە من.

بلووزەکەم هێنا لای ئاگرەکە و شتەکانی ناویم دەرهێنا. نزیکەی حەوت هەشت کیلۆ پەتاتەی تێدا بوو کە نازانم لە کوێ هێنابووی. بەهار و ڕۆیا هەڵهەڵەیان کێشا و پەتاتەکانیان خستە ناو ئاگرەکە.

- ئەمانەت لە کوێ هێناوە؟

بابەک – لە ناو حەوشەی یەکی لەم ڤیلایانە.

- ئیزنت لە خاوەنەکەی وەرگرت؟

بابەک – ئیتر پەتاتە ئیزنی ناوێ.

- دزیت کرد؟

بابەک – ئەری بۆ حەرامی دەکەی؟ زیادەی ناو کێلگەکە بوو منیش کەمێکم هەلگرت. دوو سێ دانە مراویشی لێ بوو، هاتم دانەیەک هەلگرم بەلام وتم با پێم نەزانن. ئەگەر مراوییەکان هات و هاواریان نەکردایە ئێستا کەبابێکی خۆشم ساز دەکرد.

- بابەک کارێکی زۆر ناشیرینت کرد.

بابەک – تۆ پەتاتەکەت بخۆ. چت داوە لە کوێوە هاتووە. برا گوناحەکەی لە پای من. بیانییانە کۆلی ولاتی ئێمە دەڕووتێننەوە دەبا ئێمەش دوو کیلۆ پەتاتەیان لێ بخوین. بەلام خۆشە. وەلا خۆ بە نەپیشاویش خواردمان.

بابەک قسەی قۆڕی دەکرد و ئێمەش پێدەکەنین و پەتاتەمان دەخوارد.

پاش کاژمێر، کاتژمێر و نیوێک بەهار هەستا و چووە لای ئاوەکە. منیش لەو شوێنەوە کە دانیشتبووم سەیرم دەکرد. پاش یەک دوو خولەک ئاوڕی داوە و سەیری کردم و پێم پێکەنی. لە ناکاو دەنگێک لە ناو سەرمدا زرینگاوە. ئینجا بۆم روون بۆوە کە بەهارە. لەگەل ئەوەی بە دەممەوە پێدەکەنی بە زەینی قسەی لەگەلم دەکردم.

بەهار – ئەگەر دەنگم دەبیسی زوو وەرە بۆ لام ئیشم پێتە.

چاوەکانم نووقاند و ڕۆیا وتی:

- بۆچی وات لێهات ئارمین؟

بابەک – هیچ نییە. لە تەلەفۆنخانەوە پەیوەندییان پێوە گرتووە. هێلەکان شێواون.

پێکەنیم و هەستام چوومە لای بەهار. کە گەیشتم پێکەنیم و قۆلی گرتم و پالی دا بە منەوە و سەری نووساند بە شانمەوە. ئیتر ئەو کاتە هیچم لە خوا نەدەویست. هەموو شتێکی پێدا بووم.

بەهار – چەند خۆشە کە دەتوانم پاڵت پێوە بدەم. زۆر کەیفسازم نارمین.

- لەوەی کە ژنی منی یان لەوەی کە لە دەست ئەوان رزگار بووی؟

بەهار – لەوەی کە ژنی تۆم و تۆ مێردمی. دوایی لەبەر ئەوەی لە دەست ئەوان رزگار بووم. ئەوە تۆ بووی کە بوویتە هەوێنی ئەمە. تۆ و عەشقەکەت. هەر هەموو ناخت شڵەژاندم. لە ناکاو هەموو شتێک لە مندا گۆڕا. شێوازی بیرکردنەوەم، ڕوانگەم، ئایدیاکانم، هەموو شتێک. هەموو شتێک. بەر لەوەی کە تۆ ببینم ئەو ژیانە شکۆدارە بۆم گرنگ بوو. نەمدەزانی خەریکی چیم. پێموا بوو ئەگەر مرۆڤ ماڵێکی زۆر گەورەی لە ئەورووپا هەبێ و کوڵی پارەی نەختی لە بانکەکاندا هەبێ و ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێل، لە ژێر قاچیدا بێ، هەموو شتێکی هەیە. ئێستا دەزانم ئەو کات هیچم نەبوو. ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە کە بڵێی چ کەڵکاوەژووییەکیان لە هێزەکەم کردووە، هەموو گیانم دەلەرزێ و بێزم لە خۆم دێتەوە. پێم خۆشە بچمەوە بۆ ئێران و هەموو شتێک بڵێم. بڵێم خەریکە چ ڕووداوێکی مەترسیدار دەکەوێتەوە. پێم خۆشە هەر هەموو زانست و هێزی خۆم پێشکەشی وڵاتی خۆم بکەم.

- بۆچی تۆ هێزی دیکەشت هەیە؟

بەهار – زانست. من لەم ماوەدا زۆر زانستم وەدەست هێناوە. دەزانی؟ من بیرێکی وێنەییم هەیە. واتە من لاپەڕەی کتێبێک دەتوانم بە سەیرکردنێک لە زەینمدا ڕاگرم.

تەنیا سەیرم کرد.

بەهار – لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا زۆرم خوێندووەتەوە. ئێستا دەتوانم بە جەسارەتەوە بڵێم نیمچە بیرمەندم. دەزانی من جیا لە زمانی فارسی پێنج زمانی تریش دەزانم؟

دیسانیش سەیرم کرد. پێکەنی و خۆشی زیاتر بە منەوە نووساند و وتی:

- کە بگەمەوە ئێران زۆر شت لەوێ دەکەم. من بۆ وڵاتی خۆم زۆر بە کەڵکم. با پشت بە خوا بگەمەوە ئێران ئەو کات دەزانی چیم لە دەست دێت.

- نازانم چیت پێ بڵێم.

بەهار – هیچم پێ مەڵێ. تەنیا خۆشت بوویم و هەمیشە لە لام بە. من دەمەوێ بە جۆرێک رابردوو قەرەبوو بکەمەوە. زۆر زووش دەبێ ئەم کارە بکەم.

بە هێوری دەستم بە قژە جوان و درێژەکەیدا هێنا و لە ناکاو بابەک لە دواوە گوڕاندی.

- وای ئەوە چی دەکەی؟ خەڵک لێرەیە. عەمرت نەمێنێ، داینێ بۆ شەو لە ژوورەکەتان ئەم کارە بکەن. لای ئاو لەبەر چاو خەڵک نابێت.

هەر دووکمان پێکەنین و بەهار وتی:

- دەڵێن تاقمێک هەیە کە نەریتێکی جوانیان هەیە. دەڵێن کاتێک یەکیان بزانێ کارێکی خراپ دەکا دەچێتە لای رووباری گەنگ و دەچێتە ناو ئاوی رووبارەکە، بۆ ئەوەی ئاو هەتا تەوقی سەری بێت. کاتێک کە دێتە دەرەوە ئیتر پاک بۆتەوە و ئیتر ئەو کارە دووپات ناکاتەوە.

ئەمەی وت و قۆڵی بەردام و پێڵاوەکانی داکەند و بەرەو لای ئاوی دەریاکە چوو. بابەک بەرەو لای هەڵات، بەڵام من پێشم پێ گرت و خۆشم پێڵاوەکانم داکەند و بەرەو لای چووم.

کاتژمێر نزیکەی حەوتی شەو بوو. بەهار پاش چوونە گەرماو هاتە ناو هۆڵەکە و منیش تازە لە گەرماو هاتمە دەرەوە و خەریک بووم جلەکانم لەبەر دەکرد کە بچمە خوارەوە. سەرم وشک کردەوە هەتا هاتم دەرگاکە بکەمەوە بچمە خوارەوە لە ناکاو بەهار هاتە ناو ژوورەکە.

- خەریک بووم دەهاتمە خوارەوە. تۆ بۆچی هاتیتە سەرەوە؟

بەهار سەیرێکی کردم و دەستی گرتم و منی هێنایە ناو ژوورەکە. چاوم لە چاوی بڕی هەر هەموو گیانم غەم دایگرتبوو.

- چی بووە بەهارەکەم؟ بۆچی عاجزی؟

پێم پێکەنی و وتی:

- هیچ نییە.

- کێ چی وتووە؟ لە گاڵتەجارییەکانی بابەک قەلس بووی؟

بەهار – نا.

- پێت خۆشە لێرە بڕۆین؟

بەهار – بۆچی؟

- دەی بۆچی بێزاری؟

بەهار – چۆنت زانی؟

- بە چاوتدا. دنیایەک غەمی تێدایە. پێم بڵێ چی بووە.

بردم لە سەر قەرەوێڵەکە دامنیشاند و پێم وت:

- ئێستا بە ئاسوودەییەوە قسەی خۆت بکە. هەرچی هەیە بیڵێ.

بەهار – بە خوا هیچ نەبووە. خۆت بێتاقەت مەکە. هەر لە ناکاو دڵم گیرا. نازانم بۆچی هەستێکی ناخۆش هاتە دڵمەوە.

- هەستێکی ناخۆش؟ خۆ شوکر بۆ خوا هیچ شتێک ڕووی نەداوە.

بەهار – نازانم بە پەرۆشم.

- دڵەخورپەتە. بۆیە بە پەرۆشی. ماوەیەکە دەمەوێ شتێکت لێ بپرسم. ئەمانە کێن کە ئەم بەرنامەیان ساز کردووە. ئەوانەی وا جلوبەرگی سەیر و سەمەریان لەبەرە و دەموچاویان دیار نییە.

بەهار – چووزانم. کۆمەڵێ شێتی بەهێز. ڕۆژی دوایی هەندێ شتم بۆ دەرکەوت. ئەوان هەر کەسێک بن بە ناوی مرۆڤدۆستی و ئەم شتانەوە لە خشتەیان بردم، بەڵام دواتر بە دزییەوە زۆر شتی تریان دەکرد. لەوانەیە دەستی زایۆنیزمەکانیشی تێدا بێت.

- ئەوان بۆ؟

بەهار – هەر هەموو ئەم گەندەڵییانە هی ئەوانە. چەندە پێم خۆشبوو ئێستا لە ئێران بووایەم.

- دەچینەوە بۆ ئێرانیش دەچینەوە. ئەم کاتژمێرانە هەمووی تێدەپەڕن و دەبنە یادەوەری.

بەهار – زۆر وەڕەزم. دەڵێی ئەو دار و دیوارە دەمخۆن.

- پێت خۆشە بچین پیاسە بکەین؟ کاتژمێر ٨ نانی شێو ئامادە دەبێت.

بەهار – ئەری. برسیشم نییە. با بچین رەنگە کەمێک ئارام ببمەوە.

هەر دووکمان هاتینە خوارەوە و بە دادە زیرەمان وت، کە دەچین لە دەرەوە پیاسە دەکەین. دادە زیرە داوای کرد کە زور لە ماڵ دوور نەکەوینەوە. بابەک هات و پێلاوەکانی لە پێکرد و بە رووبای وت:

– هەستە با ئێمەش بچین.

– بۆ کوێ؟ رەنگە من بمهەوێ لەگەڵ ژنەکەم تەنها بم و دەردەڵی لەگەڵ بکەم. دەچمە هەر شوێنێ دەبێ ئێوەش بێن؟

بابەک – تۆ هێشتا پێنەکەیشتووی؟ ئێزنت بە منە. ئیتر لە بەر چاوی دایک و باوکت نیت خۆ ناکری هەر شتێکت ویست بیکەی. جاری دەچنە کوێ بەم شەوە؟ ئێوە وادەزانن هاتوونەتە مانگی هەنگوینی؟ خۆ ئێوە لە هەنگوینەکە هیچتان نەهێشتووە. بەڵام توخوا بەم شەوە لە ماڵ مەچنە دەرەوە. بە خوا هەنگیش ئەوەندە حەزی لە هەنگوین نییە ئێوە حەزتان لە مانگی هەنگوینییە.

– حیزە دەچین پیاسە دەکەین.

بابەک – پشتەوقەپا؟

– قوزەلقورت.

دادە زیرە لەبەر پێکەنین قرتابوو.

بابەک – بە خوا بە راستمە. پارووە نانی دەخۆن، هەر دووکیان بەرەو دارستان دەکەونە رێ و پێشمان دەڵێن دەچین بۆ پیاسە کردن. دێین چا بخۆینەوە هێشتا چاکە تێنەکراوە هەر دووکیان هەڵدەستن بۆ دەرێ. بۆچی وا دەکەن. برا ئێمەش دێین بۆ پیاسە کردن. منیان پێ گێلە. کاکە گیان پیاسە بە پا دەکری نە بە شوێنێکی تر.

– عەمرت نەمێنێ بابەک، دەک زمانت بە برین چێ. باشە شەرم لە دادە زیرە بکە.

بابەک – تۆ دەچیتە دەرەوە من شەرم بکەم؟ دنیا خراپ گۆڕاوە. ئەمانە دەچنە دارستان پیاسە دەکەن من دەبێ شەرم بمگرێ. ئەوان لێواری دەریایان لەگەڵ ژووری خەو لێ تێک چووە، من دەبێ شەرم بکەم. ئەمانە وەکوو غەواس بە

جلەوە دەچنە ناو ناو من دەبێ حەیا بمگرێ.

- باشە دەی وەرە. ئابرووومان مەبە. ببوورە کە پێم وتن دەمەوێ کەسێک لەگەڵ ژنی خۆم بم، گووم خوارد. ببوورن.

بابەک - ئیتر گووێ وا نەخۆی.

- زۆر ڕوودار بووی.

بابەک - چیت وت؟

- هیچم نەوت. فەرموون با بڕۆین.

بەهار و ڕۆیا و دادە زێڕە پێدەکەنین. ئیتر هەر چوارمان لە ماڵ هاتینە دەرەوە. کەمێک لە حەوشە دوور کەوتینەوە بەهار وتی:

- ئەری بچینە لای تاشەبەردەکان؟ مانگەشەوە. ئەوێ زۆر خۆشە.

بابەک - بەهارخان ڕاستە کە ئێوە پێغەمبەری ئێمەن و هەرچی فەرمان بدەن ئێمە دەبێ جێبەجێی بیکەین. ڕاستە دەچنە هەر کوێ ئەم بەرخە گومرایانە ڕێنوێنی دەکەن، ئێمەش وەکوو مەڕ دەبێ بارە بار بە دواتاندا بدەینە دەشت، بەڵام هەست ناکەن لە سەرۆکایەتیتاندا هەندێ کێشە ساز بووە و فەرمانی لێکدژ دەردەکەن؟

ئەوەندە جیدی و بەستەزمانانە قسەی دەکرد کە ئەگەر کەسێک نەیزانیبایە وایدەزانی بە ڕاستی بەهار مرادە و بابەک یەکێ لە مریدەکانیەتی. هەر سێکمان ڕاوەستابووین و پێی پێدەکەنین. هەر بەو حاڵەتە جیدی و پارانەوەوە وتی:

- درووودی ئێوە لە مریدان و شوێنکەوتووانت بێ، بەڵام وەرن واز لەم فەرمانە بێنن کە بچینە ئەو سەرە برا سەد سەد و بیست مەتر بەرزە. ئەگەر قاچی یەکێ لەم بەرخە تاوانبارانە بچێتە ناو یەکێ لەم قوڵکانە، ئەوە مێشکی سەد و بیست مەتر بەر دەبێتەوە. بە قوربانی مۆعجیزەکانت بم تۆ پێغەمبەری یان شاخەوان؟ خۆ شاخەوانان ئەم دەمانەی شەو دەخەون. لە کەراماتی ئێوە ناکاڵێتەوە کە ئەم مەڕە بەستەزمانانە لە هیچ و خۆڕایی بدەی بە ...

- خوا بتباتەوە بابەکە بێئەدەب.

بەهار و ڕۆیا لەبەر پێکەنین قرتابوون. منیش پێکەنینم دەهات و لە بابەکیش قەڵس بووم.

- بابەک خەریکە لە تامی دەردەکەی.

بابەک – دادە بەهار ئەوە نابێ دانیشتنی وتاردان و ئامۆژگاری لێرە بەڕێوە بەبەین؟ ئا وانەزانن من دەترسم. بە خوا ئامادەم لە پێناو فەرمانەکانتدا گیانم بەختکەم و بچمە بەهەشت. وەلێ پێم وا نییە ئەگەر ئاوا بمرم دەرگای بەهەشتم لێ بکەنەوە. جا ئیتر خۆت چۆنی دەبینی؟ ئیتر تۆ پێغەمبەری و فەرمانەکانت دەبێ جێبەجێ بکرێت.

بەهار بە پێکەنینەوە وتی:

- وەرن با بڕۆین بابەک. ئەو سەرە مانگەشەوەکەی جوانە و جیا لەوەش وەرزشێکیشە.

بابەک – بڕۆین، بە چاوان. بە قوربانی ئەم ئاینە نوێیە بم وا بە زۆری وەرزشیشی تێدا گونجاندووە. ببوورە گەورەم. لە فەرمانەکانتدا تەنیس و پاسکیل سواریشی تێدایە؟

بە پێکەنین و جەفەنگەوە بەرەو سەرەوەی تاشەبەردەکە سەر کەوتین. بابەک قسەکەی ڕاست بوو بەرزییەکی هەفتا هەشتا مەتر بوو، لەو لاوە دەیڕوانییە ڕۆخی دەریا. لەگەڵ ئەوەی سەر دەکەوتین چەند دانە بۆق و مارمێلک لە ژێر پاما فرتەیان کرد و پێستیان لە ژێر تریفەی مانگەشەو بریسکەی دەهات.

بابەک – دادە بەهار ئێمە پشتت بەر نادەین و لەگەڵتین، بەڵام بە مۆجیزەکانت سوێندت دەدەم، چەند دانە لە فەرمانەکانت بڵێوە و با ئەم جڕ و جانەوەرانەمان لە کۆڵ بینەوە.

ئەمانە دین و ئیمانیان دامەزراو نییە. هاکا زانی وەکوو مار گەستمانیان. ئەگەر ئاوڕێک بدەیتەوە دەبینی چەند دانە تووتکە سەگ بە دوامانەوەن. ئەگەر بێتوو دۆعا نەکەی پەلامارمان دەدەن و قاچ و قولمان بریندار دەکەن. بەهار و ڕویا لەبەر پێکەنین قرتابوون. دەستی بەهارم گرت بۆ ئەوەی نەخزێ و بە بابەکم وت:

- ئەری بابەک گەوجە گەوج مەکە. ماڵتە ئەمانە بیر و هۆشیان لای تۆیە هەر بینا لاقیان هەڵخلیسکا و کەوتن.

بابەک – باشە دەی من قسە ناکەم. بەڵام دەبێ بچین ئەو سەرە زیارەت بکەین؟

ناکرێ ئەو بیست مەترە نەچینە سەر و لێرەوە فاتیحا دادەین؟

بەهار – ئاخە ئەو سەرە ولات دیارە و دەریا باشتر دەبینرێت؟ خۆ ئێرە هیچمان لێ دیار نییە.

بابەک – ئەها ئاینە نوێکەتان شوێنی زۆر دەوێ.

ئینجا هاواری کرد و وتی:

– کورە وەرن با بگەڕینەوە. ئەم ئاینە نوێیە فەرمانەکانی مەترسیدارە. بە قوربانی ئاینی خۆمان بم کە تاشەوانی و شاخەوانیی شەوانەی تێدا نییە. دادە بەهار تکایە پاشگەز ببەوە و با بگەڕێینەوە خۆشت وەرە سەر ئاینی ئێمە بەز نییە هیچتان لێ نایە. خۆ چرایەکی ڕێنوێنیشت بۆ ئەم خەڵکە گومڕایە نەهێناوە بەرچاویان ببینن. خۆ ماڵتە هیچ بەرچاومان نابینین. چاو چاو نابینی بە قوربانی ئەو شان و شکۆیەتان بم. خوا بەو ڕۆژ نەکا هەر وا بڕۆین مەرەکان لە ئاینەکەت لا دەدەن. دوایی پێت دەڵێن تماشا ئەم پێغەمبەرە لاسارە.

ئیتر پێکە خۆمم پێ نەگیرا و لە بەر پێکەنین لە سەر عەرزەکە دانیشتم. هەر سێکمان پێکەنین. بەڵام بابەک خۆی پێنەکەنی.

بابەک – تۆ دوو دانە دۆعای نوێمان فێر کە ماڵتە با نەچینەوە سەر دۆعا کۆنەکانی خۆمان.

– بابەک تۆخوا ئیتر قسە مەکە ئەوەندە پێکەنیم ژانم کرد دەنا دەکەومە خوارەوە.

بابەک – باش ئیتر من دژی فەرمانە نوێکان نیم، با دواتر لە مێژوودا نەنووسن بابەک ستوودە لە خانەدانی ئەبووسوفیان و عەمروعاس بووە.

ئینجا لە ژێر لێوەوە وتم:

– ترسەنۆک بڕۆ خوارەوە. پێویست ناکا بێیتە سەر.

بابەک – دەتەوێ خۆت بی و ببیتە جێگرەوەی پێغەمبەر؟ هەستن هەستن وەخۆ نەکەوین یەکێکی تر جێگاکەمان دەگرێتەوە.

ئیتر بە گەنجەفەوە و شۆخییەوە ئەو بیست سێ مەترە سەر کەوتین و گەیشتنە سەرەوە. لەو سەرەوە هەر هەموو دەریا و دارستانمان لێ دیار بوو. تریفەی

مانگەشەو لە ئاوەکە درا و شەپۆلەکانی زیوین کردبوو. دەریا بریسکەی دەهات. جار نە جاری چەند دانە پەلەوەر بە بەر مانگدا تێدەپەڕین و سێبەریان دەکەوتە سەر مانگ، دەتکوت وێنەیەکی جوانی کارت پۆستاڵ بوو.

دەنگی شەپۆلەکانی دەریا و بۆنی نمیی ئاو و بەرامەی سەوزەکان تێکەڵ ببوو، ئێمەی سەرمەست کردبوو. تەنانەت بابەکیش کە ناتوانی قسە نەکا بێدەنگ بوو. بەهار هەنگاوی چووە سەرتر و منیش دەستم گرت. گەڕاوە و بزەیەکی هاتە سەر لێو و وتی:

- جوانە نا؟

چاوم بڕییە چاوی و پێی پێکەنیم.

بەهار – سەیری دەورووبەرم بکە. هەر سەیری من مەکە.

- تۆ لە هەموویان جوانتری.

بە ئەسپایی هاتە لام و دەستی بە سەر دەموچاومدا هێنا و وتی:

- ئەو چاوانەی کە قەت درۆ ناکات.

بابەک – ئەو فیلمەی هەرگیز خۆشترتان لێی نەبینیوە. رۆمیۆ و ژوولیێت لە سەر کێو.

لۆژ ۱۵ قران، خواردنی چەرەز و توو لە ناو فیلم قەدەغەیە. تکایە قرتە قرتە توو مەترووکێنن. با هۆشمان نەپەڕێت.

بابەک – برا مەکەن. ئارمین جەرگت سەگ بیخوات. خۆت دەقەیەک ڕاگرە. ژوولیێت پای هەڵخلیسکی هەتا خواری ڕاناوەستی.

هاتم شتێ بڵێم کە لە ناکاو بینیم دوو سێ دانە سێبەر خەریکن لە تاشەبەردەکەوە دێنە سەرەوە.

- بابەک تماشا ئەو لا.

بابەک گەڕاوە سەیرێکی خوارەوەی کرد و بە هێمنی وتی:

- هیچ نییە. ڕەنگە پۆلیس بێ، هاتوون بزانن بەم شەوە ئەم چوار شێتە چی دەکەن.

بەهار خۆی نووساند بە منەوە و توند توند قۆڵی گرتم. پاش چەند خولەک دوو

پیاو کە جلی تایبەتیان لەبەر بوو هاتنە سەرەوە و هاتنە لامان و یەکیان بە هەناسە برکێوە بە ئینگلیزی وتی:

- شەوێکی خۆشە.

بابەک – بەڵێ. خۆشە. ئێوەش هاتوون لەم سەرەوە ئەو پشتە سەیر بکەن.

پیاوەکە – ئەی چی.

بابەک – دە دەستت بدە بە دەستمەوە با نەکەوی.

پیاوە پێکەنی و وتی:

- ئێمە هاتووین بە دوای ئەم خانمەدا.

بە ئەنگووست ئاماژەی بە بەهار کرد. بە ئەسپایی بە بەهارم وت:

- دەیناننناسی؟

بەهار – نا.

بابەک شەقاوێک هاتە پێشەوە و وتی:

- چتان لەو ئافرەتە داوە؟

پیاو – خۆی دەزانێ. ئێوە حەقتان بە سەر ئەم بابەتەوە نەبێت.

بابەک – ئەو خاتوونە هاوسەری هاوڕێکەمە. ئەگەر شتێک هەیە بە ئێمە بڵێن.

بە ئەسپایی پێی وتم:

- ئەوەی پێشەوە بۆ تۆ و دواوە بۆ من. بە وتنی هەڵدەکوتینە سەریان.

ئامادە بووین کە هەڵکوتینە سەریان کە پێمانیان زانی و لە ژێر کۆتەکەیانەوە دوو دانە تفەنگیان دەرهێنا، بەرەو رووومان ڕایانگرت و ئەوەی پێشەوە وتی:

- بێعەقڵی مەکەن. ئێمە ئەو کچە دەبەین جا یان بە زۆری یان بە خۆشی.

سەیرێکی بەهارم کرد کە هەر سەیری ئەو دووانەی دەکرد. بە ئەسپایی قۆڵی لە ناو قۆڵم هێنا دەرەوە و منیش بەو دوو کەسەم وت:

- مەگەر جەنازەکەم لێرەدا کەوتبێ دەنا من ئەم کچە نادەم بە دەستەوە.

یەکیان پێکەنی و وتی:

- ئاواش دەبێت.

ئینجا چەکەکەی پڕفیشەک کرد و بەرەو رووم ڕایگرت. منیش بەهار لە پشتمەوە

بوو و ئامادە بووم هەڵبکوتمە سەری کە لە ناکاو بینیم دەستی هەر دووکیان هاتە خوارەوە و سەرسامانە سەیری پشت سەر منیان دەکرد. ئاوڕم داوە بینیم بەهار نییە. ڕوپا قیژاندی و دەستی گرت بە دەموچاویەوە. بابەک دای بە سەر خۆیدا و لە سەر عەرزەکە دانیشت. نەمدەزانی چی بکەم سەیری ئەم لا و ئەم لام کرد بینیم بەهار لە هیچ کوێ نییە.

- خۆی فڕی دا.

سەیری بابەکم کرد کە هەر وا لە سەر عەرزەکە دانیشتبوو. یانی بەهار خۆی فڕی دا خوارەوە؟

بابەک هەستا. دەگریا. چووە سەر هەڵدێرەکە و خوارەوەی چاو لێکرد و لە ناکاو گوڕاندی و وتی:

- خواااا.

سەیرم کرد. دەیدا بە سەر خۆیدا. ڕوپا دەیقژیاند و بە هەر دوو دەستی قژی دەکێشا. یەکێک لە پیاوەکان وتی: "خراپ بوو. نەدەبا وامان بکردایە."

بەهار خۆی فڕی دایە خوارەوە. بۆ چرکەساتێک هەستم بەمە کرد. بەهار بۆ ئەوەی کێشە بۆ ئێمە ساز نەبێ و خۆشی ناچار نەبێ لەگەڵ ئەوان بڕوا خۆی فڕێ دایە خوارەوە.

من بۆ ئەوەی بە دوای بەهاردا بچم. چوومە سەر لێواری هەڵدێرەکە. بەڵام بابەک خۆی دا بە سەرمدا و دراین بە عەرزدا. سست بووم. بابەک لاچوو و دانیشتم و بە هەر دوو دەستم سەرم گرت. چرکەیەک، دوو چرکە.

سەرم هەڵبڕی و سەیری ئەو دووانەم کرد، کە لەوێ هەر وا ڕاوەستابوون. بەرەو لای دانەیەکیان چووم کە بیکوژم بەڵام دەنگێک هات و کەلەکەم سووتاوە. دەستبەردار نەبووم و دیسان چوومەوە پێشەوە، دەنگێک هات و لایەکی شانم ئاگری گرت.

ئیتر هیچم لێ حاڵی نەبوو.

## بەشی بیست دووهەم

نەمزانی چ کاتێک بوو کە هاتمەوە هۆش خۆم. کە چاوم کردەوە دەوروبەرم پڕ بوو لە دەزگا و سیم و بۆریی ئۆکسیژن و سیرۆمێکیان لە دەستم دابوو. چەند جار چاومم ترووکاند هەتا ئەوەی کە زانیم لە نەخۆشخانەم. دڵم پڕ بوو و گریام.

دەنگی دەرگا هات و بابەک بە شووشە دەرمانێکەوە هاتە ژوورەوە، کاتێ زانی چاومم کردۆتەوە دانەوییەوە زەوییەکەی ماچ کرد و وتی:

- خوایە گیان شوکر بۆ تۆ.

ڕیشی زۆر هاتبۆوە. دیار بوو چەند ڕۆژ بوو نەیتاشیبوو. کە چاوم پێی کەوت وتم:

- تۆ باشی؟

بابەک – ئەرێ بە قوربان خۆ ئێمە باشین باوکمان لەبەر تۆ هاتە بەرچاومان.

دیسان چاوم نووقاندەوە و وتم:

- بۆچی نەتهێشت هاشاوڵی بۆ ببەم؟

بابەک – هاشاوڵ بۆ کێ ببەی ڕۆحەکەم؟

- بۆچی من دەبێ چاک بیمەوە؟ ئەمانە لە دەستم بکەوە.

بابەک – ئەمانە سیرۆم و ئامێر و دەزگای پزیشکین چیت لە دەست بکەمەوە؟

- ئێوە تەقەلاتانە من چاک بکەنەوە، بەڵام بێفایدەیە من لێرە بێمە دەرەوە خۆم دەکووژم.

بابەک – بۆچی؟ ئەوە شێت بووی؟

- بە بێ بەهار دنیا هیچە بۆ من.

بابەک – ئا ئیتر. بۆچی خۆ بەهار هیچی لی نەهاتووە؟

– کە ئەمەی وت دەتکوت دنیایان پێم داوە. وەک فەنەر دەرپەڕیم و بە گریانەوە وتم:

– تۆخودا بەهار باشە؟ لە کوێیە؟ گیانی من بیلێ، بابەک گیان بەهار لە کوێیە؟

بابەک – لە گیرفانمە. چی بەهار لە کوێیە؟ لە جێی خۆیەتی. تۆ جاری پشوو بدە. دکتۆر وتی پەشۆکاوی. ئیستا پەرستار بانگ دەکەم بێ ئازاربەخشێکت لێدا.

– نا بابەک تۆخودا وا نەکەی. دەمەوێ لە سەر خۆم بم. دەمەوێ بەهار ببینم ئیتر دوایی چی دەکەن بیکەن. ئیستا لە کوێیە؟ زیندووە؟ حاڵی باشە؟ تۆخوا بمبەنە لای با بیبینم. خوایە گیان لە تەمەنی من بگرە و بیدە بە بەهار. هاتم لە سەر تەختەکە بێمە خوارەوە بابەک بە زۆری خەواندمی و وتی:

– ئەوە شێت بووی؟ بچم دکتۆر بانگ کەم. دکتۆر وتی لەوانەیە پەشۆکابیتی. بەڵام نەیزانی پاک شێت بووی. بخەوە بزانم.

– فشەم لەگەڵ دەکەی. من دەزانم بەهار باشە ئەوە تۆ فشەم لەگەڵ دەکەی.

بابەک – ئەری باشە. بەهار حاڵی باشە. تۆ هەر بخەوە هەتا دکتۆر دێ و دەتپشکنێت.

دەستم کرد بە گریان. دڵم پڕ بوو.

بابەک – بگری ئازیزەکەم. بە گریان سووک دەبی. بەڵام زۆر مەگری. دەبێ پشوو بدەی.

– ئەگەر پێت خۆشە هێور ببمەوە بمبە لای بەهار. چاوێکی لێ بکەم ئارام دەبمەوە. ئافەرم بابەک گیان. دەی بمبە بۆ لای بەهار با بیبینم.

بابەک – لاحول و لا قوّةَ إلاّ باللّه. باشە ئەوە تۆ چۆنە ئەوەندە بەهارت خۆش دەوێ و بوویەتە بەهار پەرست؟ خۆ تۆ هەمیشە عاشقی پاییز بووی، قوتابخانە زوو بکرێتەوە و بچی دەرس بخوێنی. بیانهێشتایە هاوینانیش دەچوویتە قوتابخانە.

– چیت پێخۆشە بیڵێ بەڵام تۆ هەر بەهارم پێ نیشان دە.

بابەک – ناتوانی ئیستا بەهار ببینی. ڕۆژی دوو مانگی دیکە دێتەوە. دوو مانگی

دیکە خۆی دیتەوە. هەر چاو لیک بنێی دوو مانگیش تەواو دەبێت.

- باشە. هەر چەند بڵێی ڕادەوەستم. هەر جارێکی تر بیبینم.

بابەک – چی ببینی؟ چۆن لە زستاندا بەهارت پی پیشان بدەم؟ قسەی وا دەکەی! چەند خۆش بوو وا هۆشت بە خۆتەوە نەبوو. بچم تەلەفۆن بۆ پوورت و ئەوان بکەم، باوکیان هاتە بەرچاویان. هاتین تەلەفۆن بۆ دایک و باوکت بکەین ئیتر وا بوو لە نیوەی ڕێگادا عیزرایلت ڕەتکرد.

- بابەک نەکا بەهار شتێکی لی هاتبێ و لیمی دەشاریتەوە.

بابەک – بیسمیلا ناو خوا. کوڕەکە تۆ جندۆکەت هەیە.

- بابەک تۆخوا ڕاستەکەی بڵی بەهار چی لیهاتووە؟ بەهار ماوە؟

بابەک – وەڵا بەهار زیندووە. بەڵام جاری بۆت نییە بیبینی.

- ئەوە چۆنت ڕزگار کرد خۆ ئەو کەوتە خوارەوە؟

بابەک هەر وا سەیری کردم.

- وەرە پیاوەتی بکە و من ببە بۆ لای بەهار.

بابەک – برا یەکی من لە دەست ئەمە ڕزگار بکات. نەکا ئەوەندەی من چووم و هاتمەوە ئەم پزیشک و شتە بەڵایەکیان بە سەرت هێنابێتی چووزانم دووگیانی و مەگیرانی بە بەهار دەکەی؟

- ئیتر قەڵسم مەکە. زوو کە بڵی بەهار بێ دەنا دەمم دەکەمەوە و ئەوەی لە دەمم دەربێ دەیلێم.

بابەک حاڵەتی گریانی گرتە خۆی و وتی:

- دایکیشم مردبێ بەهار نەچۆتە هیچ کوێ. بە قورئان لە جێی خۆیەتی و خۆی دێت.

- کەی دێت. بیلێ دەی.

بابەک – پاش نەورۆز. هەر ئەوەندە ئاگری نەورۆز بکرێتەوە بەهاریش دێت.

- گوو. ئەوە شێتم دەکەی. با دەمم نەکەمەوە.

بابەک دیسان حاڵەتی گریانی گرتەوە خۆی و وتی:

- برا تۆ نەخۆشی. بە گیانی دایکم ڕاستەکەت پێ دەڵێم. باوەڕ ناکەی با ڕۆژژمێرت بۆ بێنم خۆت سەیری بکە.

لە سەر قەرەوێڵەکەم هەستام و یەخەم گرت و وتم:

- کارێک مەکە توورە بم، چوون من پیس توورە دەبم. پێم بڵێ بەهار لە کوێیە؟

بابەک - بە ئیمام عەلی من بێتوو دەستم لی نەداوە. وەڵا دەستم لی نەکەوتووە.

دەستم بەرز کردەوە و وتی:

- لێم دە چەندەت پێخۆشە لێم دە، تۆ ئیستریست هەیە. لێم دە سووک لێمدە.

مستێکی توندم دا بە سەر خۆمدا و چووم لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتم. دەگریام و دەمدا بە سەر خۆمدا. خوێن لەو شوێنە هات وا سیرۆمی لێدرا بوو. بابەک هات و تەلەفۆنی کرد و ئینجا لە باوەشی کردم و وتی:

- مەدە بە سەر خۆتدا. بە هەزار بەدبەختی باش بوویتەوە. وەرە لە من بدە.

لەم کاتەدا پەرستار هاتە ژوورەوە. کە منی ئاوا بینی پەرستارێکی تری بانگ کرد و هەر سێکیان منیان لە سەر قەرەوێڵەکە خەواند و دەرزییەکیان لێدام و سەرەڕای ئەوەی دەستمیان گرتبوو، دەمویست لە خۆم بدەم. کارێکی ترم بۆ نەدەکرا. وردە وردە دەرزییەکە کاری خۆی کرد و هەموو گیانم سڕ بوو و چاوم بەسرا.

دروود بۆ تۆ کە سیمایەکی پیاوانەت هەیە.

- شیرین.

شیرین - بە خێر بێی قارەمان.

- شیرین! شیرین! قوڕت کرد بە سەرمدا. ئەوە چ بوو لەگەڵت کردم.

دانیشتم و گریام. بە هەر دوو دەستم دەموچاومم کرد و گریام. بە هێورییەوە هاتە لام و لە لام لە سەر چۆک دانیشت و دەستی بە سەرمدا کێشا. سەرم هەڵێنا و سەیرم کرد و وتم:

- تۆ شیرینی یان بەهار؟

پێکەنی و وتی:

- من بەهارم، من شیرینم، من تۆم، من هەزاران کەسی ترم.

- ئەوە دەڵێی چی؟ من نامەوێ ئیتر گوێم لەم قسانە بێت. من بەهارم دەوێ.

سەیری کردم و بە هێوری فرمێسکێک لە چاوی هاتە خوار.

- مەگری شیرین. من بەرگەی گریانی تۆ ناگرم. بەرگەی نارەحەتی هیچتان ناگرم. من بەهارم دەوێ. یان تۆم دەوێ یان بەهار.

شیرین – دەزانم چی لە دڵتدایە. سەرفراز بێ. تاقیکردنەوەیەکی قورس بوو.

- من ئەمانە نازانم شیرین. ئەم بەڵایە تۆ بە سەرمت هێنا. ئێستا من بە بێ تۆ یان بەهار چی بکەم؟ بۆ وات لێکردم؟

هیچی نەوت و سەیری کردم.

- بۆچی وەڵامم نادەیتەوە. بۆچی ئەم بەڵایەت بە سەر هێنام؟

شیرین – بۆ ئەوەی ڕزگارم کەی لە بەند، لە زنجیری غەم. گوێ رادێرە، لەمەو بە دوا دەنگی قوولینگەکەی فەرهاد نابیستی. دڵ و دەروونی فەرهاد ئاسوودەیە.

- واتە فەرهاد ئاسوودە بووە؟

- ئەری.

- تۆش ئازاد بووی؟

- ئەری.

- ئەی من؟ من ئێستا ئەسیرم؟ خەمی منت نەخوارد؟ یان تۆ دەبێ لەگەڵم بێی یان بەهار.

چاوی بڕییە چاوم و گریا.

- مەگری. هەر ئەوەی کە ئەم نەگبەتیم کێشا زۆرە. ئیتر زیاتری مەکە.

دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی بردمی و لە سەر سەکۆیەک دایئیشیاندم و وتی:

- بەهار لە سەر خۆشەویستیی خۆی سوور بوو. لەو ئەزموونە قورسە بە سەربەرزی دەرچوو و منی ڕزگار کرد. بەهاری من، ئێستا دەتوانم ئازاد بم.

هیچی نەوت و منیش دەستم کرد بە گریان. دیسان دەستم بە دەموچاومەوە گرتەوە و وتی:

- خۆت زیز مەکە. تۆش تاقیکردنەوەیەکت لە پێشە.

- چ تاقیکردنەوەیەکی ترم لە پێشە؟

- دان بە خۆداگری.

- ئەی من لە بەینەدا چ کارە بووم؟

- تۆ ئەنگیزەی سۆز و خۆشەویستی بووی.

- واتە بەهار دەبوایە عاشقی من بایە بۆ ئەوەی عەشقی خۆی بسەلمێنێ و کاری تۆ قەرەبوو بکاتەوە؟

- وایە.

- ئێستا هەموو شتێک جێبەجێ بوو؟

هەر سەیری کردم.

- ئێستا بخەوم یان هاتووی ماڵئاواییم لێبکەی؟

دیسان هەر سەیری کردمەوە.

- باشە برۆ. سەرچاو. بەلام منیش لەم دنیا ئیشێکی وا نییە زوو دیمە ئێرە.

- وا مەڵێ. ئەگەر سۆزی من یان بەهارت لە دڵدایە، دەبێ دڵ و دەروونێکی پیاوانەت هەبێت. ئارەزووی بینینی من با خەمبارت نەکات. من بەهارم بەهارەکەی خۆت.

دیسان گریام و وتم:

- باشە دەبێ چی بکەم کە ئێوە ئاسوودە بن؟

- دان بە خۆتدا بگرە.

سەرم داخست و هیچم نەوت. کەمێک سەیری کردم و بە هێوری فرمێسکەکانی سڕیم و پێم وت:

- دەزانی تۆ هەم شیرینی و هەم بەهار، بەلام تۆ مێردت هەبوو، بەلام من هاوسەرم نەبوو. دەکرێ دەقەیەک بەهارەکەم ببینم؟

چاوەکانی نووقاند و ئینجا بزەی هات و وتی:

- بۆ کەمێک چاوەکانت بنووقێنە.

چاوەکانم نووقاند و پاش کەمێک هەستم کرد کە دەستێک بە سەر دەموچاومدا هات. چاوەکانم کردەوە. بەهار بوو. بەهارەکەی خۆم. هەر بەو جلوبەرگەی وا دواجار لەبەریدا بوو. کە چاوەکانم کردەوە پێم پێکەنی و وتی:

- هەر ئەو چاوی وا عەشق نەبێ هیچی تێدا نییە.

- بەهار. بەهار. بەهارەکەی من. بۆچی؟ باشە بۆچی؟

لەبەر گریان قسەم بۆ نەدەهات. بە هەنسکەوە قسەم دەکرد.

- من بێ تۆ چی بکەم. ئەمە زاڵمانەیە. من فەوتام بەهار.

- خۆشم دەوێی ئارمین. هەمیشە خۆشم ویستووی.

- بۆچی وات کرد؟ بۆچی خۆتت فڕێ دایە خوارەوە؟

- پێم خۆش نەبوو تۆ هیچت لێبێ؟

- ئەوە دەڵێی چی بەهار؟

- دەزانم دوای من چیت کرد. هەموو شتێک دەزانم. تۆ پیاوی منی. خۆشم دەوێی ئارمین.

- منیش دێمە لات بەهار. دڵنیا بە بەهار.

- نا، نابێ بێی. دەبێ سەبرت بێ دەنا پێک ناگەین. گوێت لێیە چی دەڵێم؟

- نا، من ئیتر گوێ ناگرم.

- مەگەر ناتهەوێ بە یەک بگەین؟

- با.

- دەی سەبر کە. دان بە خۆتدا بگرە.

- دڵنیا بە دەتوانی.

- چۆن؟

- خۆت دواتر دەزانی؟

سەیرم کرد و گریام و وتم:

- دەتوانم لە باوەشت کەم؟

- من و تۆ هێشتا ژن و مێردین.

بە هیورییەوە لە باوەشم کرد و لەگەڵ ئەوەی سەری لە سەر شانم دانا و قژە درێژ و جوانەکەیم نەوازش دەکرد وتم:

- بەهار خۆشم دەویی. بەهارە ژیکەڵەکەم خۆشم دەویی. پێم دەڵێی دان بە خۆتدا بگرە، باشە پێم ناڵی چۆن؟ چۆن دەتوانم بەرگەی دووریی تۆ بگرم. پێم بڵێ ئەوانە کێ بوون؟

سەری لە سەر شانم لابرد و وتی:

- ئەوانە هەر چییەک بوون خەریکی کارێکی مەترسیدار بوون، ئەوە ئێستا هەموو شتێک کۆتایی هاتووە.

- هەموو شتێکیش لای من کۆتایی هات.

- ئارمینەکەم وا مەڵێ. تۆ ژیانت لە پێشتە.

- بە بێ تۆ ژیانم ناوێ.

دیسان گریام و بە هێمنییەوە فرمێسکەکانی سڕیم و خۆشی دەستی کرد بە گریان. پێم وت:

- تۆ ئەمانەت پێشتر دەزانی؟

- نا بە قوربان منیش وەکوو خۆت هیچم نەدەزانی.

- ئێستا زانیومە کە چۆن دەبوایە یارمەتی شیرینم بدایە.

- تاکە ڕێگە ئەمە بوو.

- تۆخوا ئەمە کەی ڕێگایە؟

- ئەوەندەم خۆش دەویستی کە ئامادە بووم لە پێناوتا دەست لە ژیان بشۆمەوە.

- منیش ئەوەندەم خۆش دەویی کە هەر ئەو کارەت بۆ دەکەم.

- تۆ کردت. ئەوە نەبوو لە پێناومدا گیانت خستە مەترسییەوە؟

- دیسانیش دەیکەمەوە.

- ئەگەر منت خۆش دەوێ و پێت خۆشە کاتی خۆی بێیتە لام نابێ وا بکەی؟

- خۆ دەزانی من ناتوانم بەرگەی ئازار و نەهامەتی بگرم؟ تۆ نەبێ کێی دیکە بانگم دەکات؟ تۆ نەبێ کێ ڕوخسارم نەوازش بکات؟ دوای تۆ لەم دنیا دڵ بە چی

خۆشکەم؟

دیسان دەموچاومی نەوازش کردەوە و فرمێسکەکانی سڕیم و وتی:

- هەمیشە و هەموو کات لەگەڵتم. بچیتە هەر کوێ ڕۆح و عەشقم لەگەڵتە؟

- ئەی خۆت؟ خۆت دەچیتە کوێ؟

- لە نـاو چاوتـدام. هەر کـات ویـستت مـن ببینـی بچـۆ بەر ئـاوێنە و سـەیری چاوەکانت بکە. من لە ناو چاوەکانتدام.

- من ناتوانم ڕاوەستم بەهار. ئاخە چۆن بە قوربانت بم؟ باشە تۆ مەگری. من نەگبەت بووم. ئیتر لەوە زیاتر ئازارم مەدە بە قوربانی ئەو ئەسرینانەت بم.

- لەبەر من دان بە خۆتدا بگرە بەقوربان. هەمیشە خۆشم ویستووی. هەتا ئەو کاتەی تۆ خۆشت بوویم من زیندوو و ئاسوودەم. تەنیا دان بە خۆتدا بگرە. با منیش لێرە ئاسوودە بم.

- بەهـارە چـاکەکەم خۆشـم دەوێی. بەهـارە جوانەکەم. هەر چەندە بێ سـەبری دەکەم.

دیسان لە باوەشم کردەوە و منیش دەستم کرد بە نازکردنی و وتم:

- بڵێی کەی بێ بێمە لات؟

- زۆر زوو. زووتر لەوەی کە بیری لێ دەکەیتەوە.

بۆنم بە پرچی کرد و نەوازشـم کـرد ئیتـر هـیچم نەوت. لە باوەشـم کردبوو و دەگریام. ئەویش دەگریا.

بابەک – ئارمین. ئارمین.

چاوەکانم کردەوە و بابەک بوو. خەریک بوو بە ترسەوە بانگی دەکردم.

بابەک – ئارمین. چیتە؟ هەستە بزانم.

- وازم لێ بێنە بابەک. بۆچی لە خەوت هەڵساندم. باشە بۆچی ئازارم دەدەی؟

دیسان چاوەکانم نووقاندەوە و فرمێسکیان لێ هاتە خوار.

بابەک – برا بۆچی وا دەکەی؟ باشە بۆچی وات لێهاتووە؟

- خەریک بووم خەونی شیرینم دەبینی.

بابەک – خەونی شیرین. شوکر بۆ خوا.

- خەونم بە شیرینەوە دەبینی. شیرین و بەهار.

بابەک – خەونی شیرین و بەهارت دەبینی؟

- وازم لێ بێنە بابەک بە دەردی خۆمەوە بنالم.

بابەک – دیسان دەستی پێکردەوە. پەرستار بانگ بکەم؟

- ئەری دە برۆ وازم لێ بێنە. بەهار رۆشت من ژیانم بۆچییە؟

بابەک – ئەگەر بتهەوێ رۆژژمێری بشوێنی و بەهار دوو مانگ بێنیتە پێشەوە دەرۆم بە جێت دێلم.

بە لاچاوەوە سەیرم کرد.

بابەک – بۆچی ئاوا سەیرم دەکەی؟

- پێویست ناکا بیشاریتەوە خۆم دەزانم بەهار کوژراوە.

بابەک – لاحول و لا قوّة إلاّ باللّه. دیسان دستی پێکردەوە. تۆ کامە بەهار دەڵێی؟ تۆ وەرزی بەهار ناڵێی؟ شێت بووی یان فشەم پێ دەکەی؟ چاوەڕێی بەهاری چی؟ بەهار چی لێدێ وا ئاوا لە خەمیدای؟

- فشە دەکەی؟

بابەک – کەرەکەری دەست پێکردەوە.

- تۆ نازانی من کامە بەهار دەڵێم و بەهار کێیە؟

بابەک – نا بە گیانی دایکم.

- برۆ لە بەر چاوم ون بە.

بابەک – تۆ وەک بەشەر قسە ناکەی بەهار بەهاری چیتە؟

- کوا جەنازەی ژنەکەم؟ هەر وا بێدەنگ ناشتت؟ گوو بە دۆستایەتیت باشە.

بابەک – جەنازەی ژنی تۆ؟ بۆ تۆ ژنت هێنابوو؟ چی روویداوە و من نەمزانیوە. تۆ ژنت هێنا و کوشتیشت؟؟

- بابەک ئەم جار هەڵدەستم لەو پەنجەرەوە خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە.

بابەک – باشە تۆ توورە مەبە. دەچم جەنازەی ژنەکەت لە ژێر گۆرەکەی دێنمە

دەرەوە. دیسان بە سلاو و فاتیحاوە دەینێژم. ئەمجارەیان پێنسەد هەزار کەس بانگهێشت دەکەم. رازی بووی؟ تۆ ئارام بە. هەمووی لە ئەستۆی خۆم. من باوکم وەختی خۆی مردووشۆر و گۆرکەن بوو. لەم کارە باش شارەزام. ئێستا دەڵێم بێن دوو سێدانە دەرزیت لێدەن با هەتا بەهار لە خەو هەڵنەستی. چ ژنێک بوو خوا عافووی کات. چەندە ژنێک دەستپێوەگر بوو. بە هەشت شێواز باینجانی بە بێ رۆن سوور دەکردەوە.

- دەمت داخە بابەک. کەرە فشە بە هەموو شتێک مەکە.

بابەک - هیهۆ. دڵپیسیشە.

- پێم خۆش نییە کەس فشە بە خێزانم بکات.

بابەک - ئەرێ ئەوە گەوجە گەوجی چیتە تۆ کەی ژنت بوو؟

هەر سەیرم کرد و فرمێسکم لە چاو دەهاتنە خوار و بەتانییەکەم دا بە سەرمدا.

بابەک - زلە ئەوە چییە؟ پێت عەیب نییە؟

ئینجا هاتە لای قەرەوێڵەکەم و بەتانییەکەی لابرد و ماچی کردم و وتی:

- خەونت دیوە چاوەکەم. پەشۆکاوی. ئیشالا بەیانی چاک دەبیتەوە.

- بابەک بەهارەکەم مرد. لەبەر ئەوەی من نەکوژرێم لەو سەرەوە خۆی توور دا خوارەوە. زۆرم پێ ناخۆش بوو. نازانم لای کێ باسی بکەم؟ دڵم لەت لەت بووە.

بابەک - دەی مەگری کزە لە جەرگم هەستا. ئەوە دەڵێی چی؟ پێم بڵێ چی بووە؟ شێتمت کرد بە قورئان.

- چۆنت ناشت؟ بە خوا هاورێیەکی بێ قیمەتی. ماڵتە کەمێک راوەستایی کەمێک بمبینابایە. با دڵم ئاهۆن بێتەوە. چۆن دڵت هات؟ ئەو دەموچاوە جوانەی هەر ژیکەڵە بوو یان شێوا بوو؟ بەستەزمانە خوێناوی بوو؟ یاخوا بۆی بمرم. غەریبانە مرد. ژنە خاتوونەکەم.

ئیتر هیچم پێ نەوترا و گریام. بابەکیش گریا و سەیری دەکردم.

- ئێستاش هاتە خەونم. ئەویش خەمین بوو. وەکوو خۆی جوان و رووماننک بوو. جلی هەر ئەو شەوەی لەبەر بوو. بۆچی نەتهێشت منیش خۆم فڕێ دەمە

خوارەوە بابەک؟ بریا وازت لێ دەهێنام. ئێستا من تەنیا چی بکەم؟ پێت وابوو ئەوە پیاوەتییە دەیکەی؟ قوڕت کرد بە سەرمدا.

بابەک - دە مەگری با شتێکت لێ نەیە. باشە ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟ خۆ تۆ ژنت نییە. بە خوا هەمووی خەونە. هەستە قومێک ئاو بخۆوە با پێت بڵێم چی بووە.

فرمێسکەکانی سڕیم و خۆشی چوو دەموچاوی شت و هات پەرداخێک ئاوی دا بە دەستمەوە و وتی:

- تۆ هیچ دەزانی چی بووە و بۆچی تۆمان هێناوەتە نەخۆشخانە؟

بە هێوری سەرم لەقاند و وتم:

- ئەری تەقەم لێکرا. ئەو دوو کەسە تەقەیان لێکردم.

بابەک - تەقەت لێ کرا؟ کەی؟

- هەر ئەو شەوە. خۆ خۆشت بووی.

بابەک - لە کوێ بووم؟

- سەر تاشەبەردەکە.

بابەک - کام تاشەبەرد؟

- هەر تاشەبردەکەی لای ماڵ دادە زێرە. ئەری دادە زێرە و ڕۆیا لە کوێن؟

بابەک - ڕۆیا هەتا نیوکاتژمێر لەمەوبەریش لێرە بوو. بەڵام دادە زێرە کێیە؟

سەیرم کرد. بە جیدی قسەی دەکرد. وتم:

- بابەک بە ڕاستتە یان خەریکی فشە دەکەی؟

بابەک - بە گیانی خۆت بە ڕاستمە. دادە زێرە کێیە؟

- بابەک شێتمت کرد.

بابەک - جاری ڕاوەستە تۆ وادەزانی تەقەت لێکراوە بۆیە تۆمان هێناوە بۆ نەخۆشخانە؟

- پێموایە؟ ها یەکیان درا لە کەلەکەم و یەکیشیان درا لە شانم. ها جێگاکەی.

بابەک - کوا؟

دەستم لە کەلەکەم دا ساغ بوو. شانیشم هیچی لی نەهاتبوو. هەر وا سەیری بابەکم کرد. دیسان جلی نەخۆشخانەکەم هەلداوە و سەیری لەشی خۆمم کرد هیچم نەبوو. ڕووشانێکیشی لە سەر نەبوو.

- بابەک وەڵا من تەقەم لێکرا.

بابەک – ئارمین گیان هەموو ئەوانەی دەیڵێی خەونت دیوە.

- باشە بۆچی منت هێناوەتە ئێرە؟

بابەک – ئەوشەوەی وا لەگەڵ ڕۆیا لە ماڵی مامۆستاکەی دەگەڕاینەوە کە هاتینە سەر شەقامەکە و ویستمان سواری ئۆتۆمبێل بین. ئۆتۆمبیلێک بە خێراییەکی زۆرەوە هات، لە ناکاو لایدا و بەرەو لای تۆ بای داوە. خوا بەوە ڕەحمی کرد ئەو تورمیزی گرت و هەمیش ئۆتۆمبیلەکەمان دەرگاکەی کرابۆوە.

لە پێشدا لە دەرگاکە درا و خێراییەکەی گرت و ئینجا دای لە تۆ. تۆش بێهۆش بووی و تۆم هێنایە نەخۆشخانە. وامانزانی تووشی زەربەی مێشکی بووی.

هەر وا سەیرم کرد. گێژ و وڕ بووم.

بابەک – ئێستا جەرەیانی ئەو شەوەت وەبیرت هاتەوە؟ هەر ئەو شەوە وا بڕیا بوو وێنەی پیرەژنەکە مەبەستم قوتابی یەکەمی پۆلی ڕۆیا بنێرم بۆ باوکم، بۆ ئەوەی یەک بناسن و هاوسەرگیری بکەن. لە بیرتە؟

ئیتر هیچم نەوت. هیچم نەبوو بیڵێم. هەر وا گێژ و وڕ سەیرم دەکرد. بۆ بەیانی لە نەخۆشخانە هەڵیانساندم. لەگەڵ بابەک و پوورم و کاک فەرزاد و مەهتاب و مریەم چووینە ماڵی ئێمە. ئەوان دوو کاتژمێر لەوی بوون، ئینجا ڕۆشتنەوە. کاتێک من و بابەک تەنیا ماینەوە دامنیشاند هەموو ڕووداوەکەم بۆ گێڕاوە. بەڵام تەنانەت خەونەکانیشی لە بیر نەبوو. تەنانەت کاتێک کە پێم وت شیرین هاتۆتە خەوم باوەڕی نەکرد و وتی ماوەیەک لەبەر دەرسی خوێندن زۆر شەکەت بووم و خەونم باش نەبووە. ئینجا چووینە لای پزیشکێک و ئەویش دەوا و دەرمانی پێدام و دواتر باشتر بووم. دواتر کە لای ڕۆیا هەندێ شتم گێڕاوە ئەویش هیچی لێ نەدەزانی. زۆر بە لامەوە قورس بوو. ئەگەر لانیکەم بابەک ئەمانەی لە بیر بووایە

خۆی ئازارشیکێن بوو. هەر ئەوەی کە بمتوانیبایە قسەی لەگەڵ بکەم و ببایەتە هاوبەشی بیرەوەرییەکانم کەمێک ئارام دەبوومەوە. تازە زانیم کاتێک بەهار وتی بە جۆرێک دەکری ئابشتی غەمی دووری بێنم مەبەستی چی بوو.

ئەم دەردە وەکوو گوڵێتی خەریک بوو جەستە و دەروونمی دەخوارد. بۆ دوو بەیانییەکەی نەمتوانی دان بە خۆمدا بگرم و جلەکانمم لە بەر کرد هاتم لە ماڵ بچمە دەرەوە. بابەک پێشی پێگرتم و وتی:

بابەک – بۆ کوێ؟

- لە دەرێ کارم هەیە.

بابەک – دەچیتە کوێ؟

- بابەک وازم لێ بێنە. کارم هەیە.

بابەک – باشە دەچیتە کوێ؟

- دەمەوێ بچم لانیکەم شتێک بسەلمێنم. دەمەوێ بچمە ئەو پەرستگەیە.

بابەک – ئەو لەتە چەرمەی وا وتت نەماندۆزییەوە ئەرێ؟ دەی ئەوانەی تریش هەر خەونە و هیچی تر.

- دەبێ برۆم.

بابەک – باشە. پێکەوە دەڕۆین. بەڵام ئەگەر ئەو شتەی دەیلێی بوونی نەبوو ئیتر واز لەم قسانە دێنی؟

- ئەرێ. بەڵام ئێستا دەڕۆم.

هەر دووکمان سواری ئۆتۆمبێل بووین و ڕۆشتین. پاش چل و پێنج خولەک گەیشتین و لەوێ دابەزین. ڕاست هاوشێوەی ئەو شوێنە بوو وا جارێک چووبووین.

- تماشا کاکە بابەک؟ خۆ من هەتا ئێستا نەهاتبوومە ئێرە. باوەڕت کرد؟

بابەک خۆشی گێژ و وڕ ببوو. چووینە خوارەوە و لەوێ لەبەر دەم پەرستگە ڕاوەستاین و بابەک وتی:

بابەک – چووزانم؟ پیاو لەم خەونە سەری سووڕ دەمێنێت.

- وەرە با بچینە بەر دەم پەرستگە. ڕەنگە لەوێ یەکێکی لێ بێ کە شتێ بزانێ.

هەر دووکمان چووینە بەر پەرستگە و لە پلیکانەکان چووینە خوارەوە. پەرستگەکە هی سەد، سەد و بیست ساڵ بەر لە ئێستا بوو، کە چەند دانە لانەوازی تێدا ژیابوون. کاتێک لێمان پرسی لێرەدا مەراسیم بەڕێوە دەچێ وتی ئەوان ماوەی ساڵێکە لێرە دەژین، بەڵام هیچ مەراسیمێکی تێدا بەڕێوە نەچووە.

دووبارە سواری ئۆتۆمبێل بووینەوە و وەڕێکەوتین. ئیتر بابەک نەیکردە لاساری ئەویش وەکوو من پێی خۆش بوو هەموو شتێکی لێ ڕوون بێتەوە.

نزیکەی کاتژمێر و چارەکێک گەیشتینە ئەو بەری شار و چووینە نزیک ماڵ دادە زێڕە. جەرگم جەرگی دەخوارد کە بلێی ئەو ماڵە بوونی هەبێ یان نا. کاتێک لە دوا پێچی جادە تێپەڕین چاوم بەو ماڵە کەوت. هاوارم کرد و وتم:

- خۆیەتی بابەک. خۆیەتی بچۆ پێشتر.

بابەک چووە بەر دەرگای ماڵەکە و ڕاوەستا. دابەزین. لەچەرسماندا، بەڵام کەس لە ماڵەوە نەبوو.

بابەک – ئێستا چی بکەین؟

- ئەو تاشەبەردە دەبینی؟ هەر ئەوە بوو وا چوویتە سەری و ملوانکەیەکت لە گوڵ بۆ ڕاینا دروست کرد.

کاس و وڕ سەیری کردم.

- وەرە بڕۆین. وەرە با بچینە سەر ئەو تاشەبەردە.

بابەک – هاتوو شتێکم لێ هاتبێ. ئەوێ هیچی لێ نییە.

- وەرە با بڕۆین پێت دەڵێم.

دڵم ترپە ترپی دەکرد. هەر هەنگاوێکم هەڵدەهێنا دڵم خەریک بوو بێتە دەرەوە. زۆر دەترسام کە بگەینە ئەو سەرە چاوم بکەوێ بە تاشەبەردەکەی خوارەوە لای ئاوەکە جەنازەی بەهار ببینم. ئەگەر وا بووایە خۆم پێ نەدەگیرا و خۆم دەخستە خوارەوە.

زوو زوو سەر دەکەوتم و لەبەر خۆمەوە دەگریام. بابەک شان بە شان لەگەڵم

دەهات. وەک شتێ ئەویش ترسابوو. دەترسا لەو سەرە شتێک بکەم.

گەیشتین. زۆر بە لامەوە قورس بوو، کە لەو سەرەوە لە ڕوخی دەریا بنوارم. هەر ئەو جێگایەی کە بەهار خۆی فڕێ دابووە خوارەوە. بەڵام دەبووایە ئەم کارەم کردایە. هەر هەموو توانای خۆمم چڕ کردەوە و چوومە سەر سەرەوە. بابەک توند توند مەچەکی دەست و قوڵی گرتم. لە پڕ دانەویمەوە و ئەو لام سەیر کرد. هیچ نەبوو. بابەک هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

بابەک – ها هیچ لەوێ نییە.

گەڕامەوە دواوە. هەر ئەو شوێنەی کە بەهار بەر لە خۆفڕێدانی ڕاوەستابوو. نەمدەزانی ئێستا چی بکەم؟ دانیشتم و شتێک لە بەر چاوم بریقەی دەهات. ئەنگووستیلەیەک بوو. ئەو ئەنگووستیلەی وا بەهار بۆی کڕیبووم.

- بابەک! بابەک! تەماشا کە ئەوە ئەنگووستیلەکەی منە. هەر ئەوەی وا بەهار بۆی کڕیبووم. بە خوا خۆیەتی. ئەمە بەهار بۆی داناوم، بۆ ئەوەی خەم نەخۆم. ئەمە نیشانەیەتی. ئەمەی لێرە داناوە بۆ ئەوەی چاوڕێی بم. تەماشا بابەک درۆ ناکەم؟

ئەنگووسیتەلەکەم هەڵگرت و ماچم کرد و کردمە پەنجەم. هێزی ئەژنۆم نەبوو هەستم. هەر لەوێ دانیشتم و دەستم کرد بە گریان. بابەک بێتاقەت ببوو. زوو زوو چاوی لە من و دەوروبەری دەکرد. ئەویش لە لام دانیشت.

کەواتە بەهار ڕاستی وت ئەو هەمیشە و هەموو کاتێ لە لامە.

سالآنێکە شێتێکی بێ زەڕ
هەموو پاشنیوەڕوانێک
لە سەر کورسی پارکێک لە پاڵ گوڵباخییەکان
دادەنیشێ و بە چاوی بەستراوەوە
چاوەڕێی دەنگێکە،
بۆ ئەوەی بانگی بکات.

**کۆتایی**

دوێشەو هێشتا بە ڕاستی بیرت نەکردبووم. چوونکە تازە یەکترمان بینیبوو. بەڵام لای بەیانی زۆرت بیرکردبووم. تاسەمت کردبوو و بانگت دەکردم. لە کانگای دڵەوە. دەزانی وەکوو چی وایە؟ وەکوو ئاخ و زریکەی ئازارچەشتوویک. زۆر کەس بانگی خوا دەکەن، بەڵام تەنیا بە دەنگ ئەوانەوە دێ کە بە دڵ بانگی دەکەن. کاتێک کە هەموو دەرگاکان لە کەسێک دادەخرێ و هیچ پەنایەکی نەبێت. ئەو کاتەی کە ئیتر هیچ هیوایەکت نامێنێت. کاتێک کە کەس ناتوانێ یان نایهەوێ کارێکت بۆ جێبەجێ بکا و ئینجا وتی:

– کاتێک کە ناتهەوێ داوای یارمەتی لە کەس بکەیت. کاتێک دەستت بە هیچ کوێ ناگا و بێهیوای. جا ئەو کاتەیە کە بە دڵ دەگری. ئەو کاتەیە کە بە دڵ بانگی دەکەیت. ئەو کاتەیە کە وەڵامت دەداتەوە.

ئەمەی وت و سەری خستە سەر ئەژنۆی و گریا.



کتێبخانەی گۆڵدن بووک
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701596762 - 07501444434
Goldenbook